خۆلاصەی
تەفسیری نامی

مەلا عبدالکریمی مدرس

خزمەتگوزاری عیلمو دین
لە بارەگای حەزرەتی گەیلانی لە بەغدا

مەعنای ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزی
پێ لێکداوەتەوە

بەرگی یەکەم

چاپی یەکەم

بەغدا

١٤٢١ی هیجری - ٢٠٠٠ی میلادی

جوزئی یەکەم

سوورەتی (الفاتحة)

مەککەیی‌یەو حەوت ئایەتە

بِسْمِ اللّه الرَّحْمـــنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خودای میهرەبان‌و بەخشندەی نیعمەتی گەورەو بچووك .

الْحَمْدُ للّهِ ربِّ الْعَالمِينَ {٢}

هەرچی ستایش‌و سوپاسە بۆ ئەو خودایە کە ناوی (الله) یەو پەروەردگاری هەموو عالەم خۆیەتی .

الرَّحْمـــنِ الرَّحِيمِ {٣}

خوای میهرەبان‌و بەخشندەی نیعمەتی گەورەو بچووك .

مَـــالكِ يَوْمِ الدِّينِ {٤}

کە خاوەنی جەزاو پاداشی بیروباوەڕو کردەوەیە لە ڕۆژی قیامەتدا .

إِيَّاكَ نَعْبُدُ و إِيَّاكَ نَسْتَعِينُ {٥}

خودایا ، هەرتۆ ئەپەرستین‌و بەندەیی بۆ تۆ ئەکەین‌و هەر لە تۆ داوای یارمەتی ئەکەین

اهدِنَا الصِّرَاطَ المُستَقِيمَ {٦}

بمانخەرە سەر ڕێگای ڕاست‌و داد؛ ڕێگای بەختیاریی هەردوو جیهان.

صِرَاطَ الَّذِينَ أَنعَمتَ عَلَيهِمْ غَيرِ المَغضُوبِ عَلَيهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ{٧}

ڕێگای ئەوانەی نیعمەتت پێ داون ، نەك غەزەب لێ گیراوان و ڕێ ونکردوان .

هەندێ لە زانایانی عیلمی قورئان لایان وایە (مەککەیی) ئەو ئایەتەیە لە شاری مەککەی موکەڕڕەمە هاتبێ بۆ پێغەمبەر (د.خ) و(مەدینەیی)یش ئەو ئایەتەیە لە شاری مەدینەی مونەووەرە بۆی هاتبێ . هەندێکیشیان لایان وایە ئەو ئایەتەی پێش کۆچ کردنی بۆ مەدینە بوی هاتبێ مەککەیییەو ئەو ئایەتەی پاش کۆچەکە بۆی هاتبێ مەدینەیییە بێ گوێدانە شوێنی هاتنەکە . ئەم ڕای دووەمە بەهێزترەو گەلێ لە زانایانی عیلمی قورئان پەسەندیان کردووە . من لێرەدا تەنها مەککەیی و مەدینەیییەکە ئەنووسم و ، ڕای دووەم هەڵئەبژێرم .

عبدالکریم

سوورەتی (البقرة)

مەدینەیی یەو (٢٨٦) ئایەتە

بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمـــنِ الرَّحِيمِ

الم {١}

ڕەمزێکە لە بەینی خوداو پێغەمبەری خودادا .

ذَلِكَ الْكِتَابُ لاَ رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ {٢}

ئەو قورئانە کە هاتووە بۆ پێغەمبەر گومان نی‌یە لەوەدا کە لای خوداوە هاتووەو هۆی شارەزایی‌یە بۆ ئەوانە کە لە خودا ئەترسن .

الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِالْغَيْبِ وَيُقِيمُونَ الصَّلاةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ{٣}

کە باوەڕیان بە خوداو بە ڕۆژی قیامەت هەیەو نوێژەکانیان بە ڕاستو ڕەوانی‌و ڕەسایی بەجی‌دێنن‌و لەو ڕزق‌و ڕۆزی‌یەی پێمان داون لە ڕێگای خودادا صەرف ئەکەن .

والَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنــزِلَ مِــن قَبْلِــكَ وَبِالآخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ {٤}

ئەوانەی باوەڕیان هەیە بەو کتێبەی نێرراوەتە خوار بۆ تۆ کە قورئانەو ، بەو کتێبانەیش نێرراونەتە خوار لەپێش تۆدا بۆ

پێغەمبەرەکان و ، باوەڕێکی ساغ و تەواویان بە ڕۆژی دوایی هەیە کە ڕۆژی قیامەتە .

أُوْلَـئِكَ عَلَى هُدًى مِّن رَّبِّهِمْ وَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ{٥}

ئەوانەن دەستیان گیر بووە لەو شارەزایی‌یەی خودا پێی‌داون و ئەوانەن کە لە سزای ڕۆژی قیامەت ڕزگارن .

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ سَوَاءٌ عَلَيْهِمْ أَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ{٦}

بێگومان ئەوانەی باوەڕیان بە خوداو پێغەمبەری خودا نی‌یە یەکسانە لایان بیانترسێنی یا نەیانترسێنی ئیمان ناهێنن .

خَتَمَ اللّهُ عَلَى قُلُوبِهمْ وَعَلَى سَمْعِهِمْ وَعَلَى أَبْصَارِهِمْ غِشَاوَةٌ وَلَهُمْ عَذَابٌ عظِيمٌ {٧}

خودا بە غەزەبی خۆی مۆری ناوە بەسەر دڵو بەسەر گوێچکەیانداو بەسەر چاویانەوە پەردەی عەناد هەیە ، لە قیامەتیشدا سزایەکی گەورەیان هەیە .

وَمِنَ النَّاسِ مَن يَقُولُ آمَنَّا بِاللّهِ وَبِالْيَوْمِ الآخِرِ وَمَا هُم بِمُؤْمِنِينَ{٨}

لە بنیادەمە کافرەکان هی وا هەن بە زمان ئەڵێن ئیمانمان هەیە بەخوداو بە ڕۆژی قیامەت ، کەچی درۆ ئەکەن ئیمانیان نی‌یە.

يُخَادِعُونَ اللّهَ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَمَا يَخْدَعُونَ إِلاَّ أَنفُسَهُم وَمَا يَشْعُرُونَ {٩}

ئەوانە فێڵ ئەکەن لەگەڵ خوداو لەگەڵ خاوەن ئیمانەکاندا ، بەلاَم لەراستیدا فێڵەکەیان هەر بۆ سەر خۆیان ئەگەرێتەوەو نافامن .

فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ فَزَادَهُمُ اللّهُ مَرَضاً وَلَهُم عَذَابٌ أَلِيمٌ بِمَا كَانُوا يَكْذِبُونَ {١٠}

ئەمانە لە دڵیانا نەخۆشیی دووڕوویی هەیەو خودایش نەخۆشییەکەی زیاتر کردوون ، ئەمانە بەهۆی درۆو نیفاقو دووڕووییەوە سزای نالەبار ئەدرێن .

وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ قَالُواْ إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ{١١}

ئەم جۆرە بنیادەمانە ئەگەر پێیان بڵێن دووڕوویی مەکەنو ئاژاوە مەنینەوەو کافرەکان پڕ مەکەن لە موسوڵمانەکانو ، مەبنە هۆی خراپەکاری لەسەر زەوی ، ئەڵێن قسەی وەها چۆن لەگەڵ ئێمە ئەکرێت ؟ ئێمە کارو کردەوەمان تەنها چاکەکردنو ناوبەین خۆش کردنە.

أَلا إِنَّهُمْ هُمُ الْمُفْسِدُونَ وَلَـكِن لاَّ يَشْعُرُونَ {١٢}

ئەی موسوڵمانینە وریا بن لێیان . بەراستی ئەمانە خۆیان بەدکارنو ئاژاوە ئەنێنەوە ، بەلاَم شعووریان نییەو نازانن بەدکاری چییەو ، خراپەیان لێ گۆڕاوە بە چاکەو سەریان لێ تێکچووە .

وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ آمِنُواْ كَمَآ آمَنَ النَّاسُ قَالُواْ أَنُؤْمِنُ كَمَا آمَنَ السُّفَهَاء أَلا إِنَّهُمْ هُمُ السُّفَهَاء وَلَـكِن لاَّ يَعْلَمُونَ {١٣}

ئەگەر پێیان بلێن وەرن ئێوەیش وەك ئەو خەڵكەی ئیمانیان هێناوە ئیمان بهێنن ، ئەڵێن ئێمە چۆن وەك ئەو سەفیهانە ئیمان ئەهێنین؟ ئاگادار بن ئەوانە خۆیان سەفیهن بەڵام بە خۆیان نازانن كە سەفیەو نەزانو عەقڵ سووكن .

وَإِذَا لَقُواْ الَّذِينَ آمَنُواْ قَالُواْ آمَنَّا وَإِذَا خَلَوْاْ إِلَى شَيَاطِينِهِمْ قَالُواْ إِنَّا مَعَكْمْ إِنَّمَا نَحْنُ مُسْتَهْزِؤُونَ {١٤}

ئەو دووڕووانە كە بە موسوڵمانەكان ئەگەن ئەڵێن ئێمە ئیمانمان هێناوەو موسوڵمانین ، كە ئەیشڕۆنەوە بۆ لای شەیتانەكانیانو هەر خۆیان بن ئەڵێن ئێمە لەگەڵ ئێوەینو ئێمە هەر گاڵتە ئەكەین بە موسوڵمانەكان .

اللّهُ يَسْتَهْزِىءُ بِهِمْ وَيَمُدُّهُمْ فِي طُغْيَانِهِمْ يَعْمَهُونَ {١٥}

لە ڕاستیدا خودا گاڵتە بەوان ئەكاتو درێژە ئەدا بەو حاڵەیانو بەهۆی ئەو ڕێگا چەوتەوە كە گرتوویانەتەبەر لەو گومڕاهییەیاندا ئەیانهێڵێتەوە .

أُوْلَـئِكَ الَّذِينَ اشْتَرُوُاْ الضَّلاَلَةَ بِالْهُدَى فَمَا رَبِحَت تِّجَارَتُهُمْ وَمَا كَانُواْ مُهْتَدِينَ {١٦}

ئەوانە کەسانێکن گومڕایی‌و سەرلێشێواوییان بە شارەزایی‌و خوداناسی کڕیوەو مامەڵەکەیان هیچ قازانجی نەکردووەو نایکات‌و شارەزا نەبوون بۆ لای خوداو شارەزایش نابن .

مَثَلُهُمْ كَمَثَلِ الَّذِي اسْتَوْقَدَ نَاراً فَلَمَّا أَضَاءَتْ مَا حَوْلَهُ ذَهَبَ اللّهُ بِنُورِهِمْ وَتَرَكَهُمْ فِي ظُلُمَاتٍ لاَّ يُبْصِرُونَ {١٧}

حاڵی ئەم بنیادەمە دووڕووانە ، کە لە سەرەتاوە بە هاتنی پێغەمبەر دەم بەموژدە بوون‌و لەپاشاندا پەشیمان بوونەوەو سوودیان لە هیدایەتی پێغەمبەر وەرنەگرت‌و بەدەم‌شتێ ئەڵێن‌و بە دڵ شتێکی‌ترن ، وەك حاڵی کەسێکە بیەوێ ئاگرێ بکاتەوە بۆ ڕووناکی دەوروبەری‌و کە ئاگرەکە کرایەوەو دەورو بەری ڕووناك کردەوە خودای گەورە ڕووناکی‌یەکەیان لابباو لە تاریکی‌یەکی وەهادا جێیان بهێڵێ چاو چاو نەبینێ .

صُمٌّ بُكْمٌ عُمْيٌ فَهُمْ لاَ يَرْجِعُونَ {١٨}

ئەمانە کەڕو لاڵو کوێرن‌و واز لەو گۆمڕایی‌یە ناهێنن .

أَوْ كَصَيِّبٍ مِّنَ السَّمَاءِ فِيهِ ظُلُمَاتٌ وَرَعْدٌ وَبَرْقٌ يَجْعَلُونَ أَصْابِعَهُمْ فِي آذَانِهِم مِّنَ الصَّوَاعِقِ حَذَرَ الْمَوْتِ واللّهُ مُحِيطٌ بِالْكافِرِينَ {١٩}

یا لە دڵەڕاوکێ‌و ترس‌و لەرزو خۆحەشاردانی بێ‌سوودیاندا بەدیمەن پۆشاکی ئیمانیان لەبەر کردووەو لە ناخی دڵیانەوە کافرن‌و دیوی دەرەوەی خۆیان بە فڕوفێڵ ڕازاندووەتەوە لە ترسی کوشتن‌و تووشی زیان بوون . حاڵیان وەك حاڵی ئەوانەیە لەژێر باران‌و

ڕەهێڵەیەکی تاریك و نووتەکی پڕ لە تریشقەو برووسکەدا بن و لە ناخۆشی دەنگی هەورەتریشقەو چەخماخەی هەورە برووسکە پەنجە بخەنە گوێیان و لە مەرگ و لەناوچوون بترسن . خودا گەمارۆی ئەمانەی داوەو بە هیچ جۆرێ لە غەزەبی ڕزگار نابن و تۆڵەیان لێ دەسەنرێتەوە .

يَكَادُ الْبَرْقُ يَخْطَفُ أَبْصَارَهُمْ كُلَّمَا أَضَاء لَهُم مَّشَوْاْ فِيهِ وَإِذَا أَظْلَمَ عَلَيْهِمْ قَامُواْ وَلَوْ شَاء اللّهُ لَذَهَبَ بِسَمْعِهِمْ وَأَبْصَارِهِمْ إِنَّ اللَّه عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ {٢٠}

ئەوانە لە کاتی ئەم لێزمەی باران و هەورەهەلایەدا لەوانەیە هەورە برووسکە ئاوی چاویان بەرێ ، کە ڕێیان بۆ ڕووناك ئەکاتەوە ملی ڕێگا ئەگرن و دەڕۆن و کە لێی تاریك کردن لە شوێنی خۆیاندا ئەمێننەوە ، نازانن ئەگەر خودا مەیلی لێ بێ بە بێ برووسکەو هەورە تریشقەیش بێ کەڕو کوێریان ئەکات و چاوو گوێیان ئەباتەوە .

بێگومان خوا دەستی بەسەر هەموو شتێکدا ئەڕوات و توانایە .

يَا أَيُّهَا النَّاسُ اعْبُدُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ {٢١}

ئەی ئادەمزادەکان ! بەندەیی پەروەردگاری خۆتان بکەن ، ئەو پەروەردگارەی ئێوەو خەڵکی پێش ئێوەیشی دورست کردووە بەڵکو خۆتان لە ئازار بپارێزن .

الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الأَرْضَ فِرَاشاً وَالسَّمَاءَ بِنَاءً وَأَنزَلَ مِنَ السَّمَاء مَاءً فَأَخْرَجَ بِهِ مِنَ الثَّمَرَاتِ رِزْقاً لَّكُمْ فَلاَ تَجْعَلُواْ لِلّهِ أَندَاداً وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ {٢٢}

ئەو پەروەردگارەی زەوی بۆ کردوون بە ڕایەخ و ئاسمانی بۆ کردوون بە خێوەت بەسەر سەرتانەوە یا بە باڵەخانەو ، لە ئاسمانەوە ئاوی باراندووە بەسەرتاناو بەو ئاوە بەروبوومو ڕزقو ڕۆزی بۆ دەرکردوون ، کەواتە هاوڕێو هاوچەشن بۆ خودا دامەنێن کە زۆر باشیش ئەزانن بێوێنەیە .

وَإِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَى عَبْدِنَا فَأْتُواْ بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِ وَادْعُواْ شُهَدَاءكُم مِّن دُونِ اللّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ{٢٣}

ئەگەر دوودڵن لە ڕاستیی ئەو قورئانەی ناردوومانەتە خوار بۆ سەر بەندەی خۆمان کە (محمد)ە (د.خ)و ، بە وتاری ئادەمزادی ئەزانن ، دەی ئەگەر وایەو ئازان تاقە سوورەتێ لە وێنەی ئەو قورئانە بێننو بێجگە خودا ، هەموو ئەوانەیش بانگ بکەن کە بە یاریدەدەری خۆتانیان ئەزانن ، تا یارمەتیتان بدەن . بێگومان بە هەمووتانەوە ناتوانن وێنەی بێنن .

فَإِن لَّمْ تَفْعَلُواْ وَلَن تَفْعَلُواْ فَاتَّقُواْ النَّارَ الَّتِي وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ أُعِدَّتْ لِلْكَافِرِينَ {٢٤}

ئەگەر ئەمەتان پیٚنەکرا ، کە بێگومان پێشتان ناکرێت ، دە خۆتان لەو ئاگرە بپارێزن کە سووتەمەنییەکەی ئادەمزادو ئەو بتە بەردانەیە لە دنیادا ئەیانپەرستن‌و بەتەمای قازانجیانن . ئەو ئاگرە بۆ کافران ئامادە کراوە .

وَبَشِّرِ الَّذِين آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ كُلَّمَا رُزِقُواْ مِنْهَا مِن ثَمَرَةٍ رِّزْقاً قَالُواْ هَـذَا الَّذِي رُزِقْنَا مِن قَبْلُ وَأُتُواْ بِهِ مُتَشَابِهاً وَلَهُمْ فِيهَا أَزْوَاجٌ مُّطَهَّرَةٌ وَهُمْ فِيهَا خَالِدُونَ {٢٥}

موژدە بدە بەوانەی ئیمانیان هێناوەو چاکەیان کردووە کە لە قیامەتدا ئەبنە خاوەنی باغو باغاتی وەها جۆگا بەناویانا ئەڕوات ، کە لە بەری ئەو باغو بەهەشتانە ڕزقێکیان بۆ بێت ئەڵێن : ئەمە ئەو خواردەمەنی‌یەیە کە لە دنیادا بۆمان ئەهێنراو ئەمانخوارد چونکە ڕزقیان لەسەر وێنەی هی دنیا بۆ ئەهێنرێ . یاخۆ مەعنای ئەوەیە هەر لە بەهەشتدا هەر جاری خواردنێکیان بۆ ئەهێنن کە بە وێنە لە خواردەمەنی پێشوو ئەکات‌و لە تام‌و لەزەتدا لە یەك جیان . ئەم خاوەن ئیمانانە لە بەهەشتدا خێزانی پاك‌و پوختەو بێخەوشیان هەیەو هیچ شتێ ئەو خۆشی‌یەیان لێ تێك نادات‌و هەتا هەتایە لەو بەهەشتەدا دەمێننەوە .

إِنَّ اللَّهَ لاَ يَسْتَحْيِي أَن يَضْرِبَ مَثَلاً مَّا بَعُوضَةً فَمَا فَوْقَهَا فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُواْ فَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ وَأَمَّا

الَّذِينَ كَفَرُواْ فَيَقُولُونَ مَاذَا أَرَادَ اللَّهُ بِهَـذَا مَثَلاً يُضِلُّ بِـــهِ كَثِيراً وَيَهْدِي بِهِ كَثِيراً وَمَا يُضِلُّ بِهِ إِلاَّ الْفَاسِقِينَ {٢٦}

بێگومان خودا باكی لەوە نییە بۆ تێگەیاندنی ئێوە مێشوولەیێك یا لە مێشوولە گەورەترێ بكاتە نموونەو حاڵیتان بكات. جا ئەوانەی باوەڕیان بە خوداو پێغەمبەری خودا هەیە بە دڵ باوەڕیان هەیەو ئەزانن ئەو نموونەیە ڕاستەو ئەو باسكردنە جوانە لای خوداوە هاتووە . ئەوانەیش كە كافرو بێ باوەڕن ئەڵێن : ئەوە ئەبێ خودا مەبەستی لەم نموونە هێنانەوە چی بێ ؟ خودا بەم نموونە هێنانەوە زۆر كەس گومڕا ئەكات كە لە ڕێگای ڕاست لائەدەنو لە یاسای ئیسلام دەرئەچن .

الَّذِينَ يَنقُضُونَ عَهْدَ اللَّهِ مِن بَعْدِ مِيثَاقِهِ وَيَقْطَعُونَ مَـــا أَمَرَ اللَّهُ بِهِ أَن يُوصَلَ وَيُفْسِدُونَ فِي الأَرْضِ أُولَـئِكَ هُـــمُ الْخَاسِرُونَ{٢٧}

ئەوانەی پەیمانی خودا هەڵئەوەشێننەوە ، ئەو پەیمانەی خودا لە جیهانی ئەرواحدا لەگەڵی بەستوونو بە ناردنی پێغەمبەرانو كتێبەكانو بە پێدانی هێزی عەقڵو بە دروست كردنی ئەو جیهانە فراوانە دووپاتی كردووەتەوە ، ئەوانەی ئەوەی خودا ئەمری كردووە بە ڕاگرتنی ئەیبڕنو بەجێی ناهێنن ، وەك صیلەی ڕەحمو چاكەو خۆشویستنی خوداو پێغەمبەرو بەگوێكردنیانو ڕاگرتنی ئاینو خێرخواهی ، ئەوانەی خراپە دەكەنو لە ڕێگای ڕاست لائەدەن ،

بێگومان ئەوانەی ئەمە حاڵیان بێ ماڵوێرانو ڕەنجبەخساری هەردوو دنیان .

كَيْفَ تَكْفُرُونَ بِاللَّهِ وَكُنتُمْ أَمْوَاتاً فَأَحْيَاكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ {٢٨}

ئێوە لە چ حاڵێکداو بە چ ڕوویەکەوە ئینکاری بوونی خودا ئەکەن کە سوور دەیشزانن ئێوە لەمەوپێش مادەیێکی بێگیان بوون و خوا گیانی بەبەراکردنو دواییش ئەتانمرێنێ ، پاش مردنیش زیندووتان ئەکاتەوە ؟ دیارە ئەوی بتوانێ لە نەبوونەوە ئینسان دروست بکا لەپاش نەمانیشی چاکتر ئەتوانێ دروستی بکاتەوە ، ئەنجا پاش ئەو زیندووکردنەوەیە ئەبرێنەوە بۆ بەردەمی خودا بۆ حیسابو کیتاب .

هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي الأَرْضِ جَمِيعاً ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاءِ فَسَوَّاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ {٢٩}

خودا ئەو خودایە پاش ئەوەی ئێوەی لە نەبوونەوە دروست کرد زەوییشی دروست کرد بۆ هەمووتان ، بۆ ژیانو مانەوەتانو بۆ ئەوەی لەپێناوی قازانجی ئەمڕۆو سبەینێتان ، دنیاو قیامەتتاندا بەکاری بێننو سوودی لێ وەربگرن ، دوایی ڕووی خواستی کردە دروست کردنی ئاسمانو شتە شوێنبەرزەکانو حەوت ئاسمانی دروست کرد، ئەو خودایە هەموو شت ئەزانێو لە هەمووی ئاگادارە .

وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلاَئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُواْ أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاء وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لاَ تَعْلَمُونَ {٣٠}

باسی ئەوە بکە کە خودا فەرمووی بە فریشتەکان : من دەمەوێ لەسەر ڕووی زەوی جێنشینێ بۆ خۆم دروست بکەم کە خاوەنی هێزی زانیاریو ئارەزووی نەفسو ڕقو قین بێ . ئەوانیش عەرزیان کرد : جۆرە مەخلووقی وەهات بۆچییە کە لەوێ ئاژاوە بنێتەوەو خراپەکاری بکاتو خوێن برێژێ ، لە حاڵێکدا کە ئێمە سوپاسو ستایشت ئەکەینو تەقدیست ئەکەینو بە گەورەت ئەزانین؟ خوا لە وەڵامیاندا فەرمووی : ئەوەی من ئەیزانم ئێوە نایزانن .

وَعَلَّمَ آدَمَ الأَسْمَاءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلاَئِكَةِ فَقَالَ أَنبِئُونِي بِأَسْمَاءِ هَـؤُلاء إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ {٣١}

جا لەبەرئەوە کە خودای گەورە ئادەمی هەڵبژاردبوو بۆ جێنشینیی خۆی ، ناوی هەموو شتە پێویستەکانی فێر کردو تێیگەیاند . پاش ئەوە وێنەی ئەو شتانەی پیشانی فریشتەکان داو پێی فەرموون : ئادەی ئەگەر ڕاست ئەکەن ئێوە شایانی جێنشینیی منن ، یا ئەگەر ڕاست ئەکەن دروست کردنی ئادەمو ئادەمزاد کە ئەمە حاڵیان بێ بۆ شانی خودای گەورە ناشێ ، ناوی ئەم شتانەم پێ بڵێن .

قَالُواْ سُبْحَانَكَ لاَ عِلْمَ لَنَا إِلاَّ مَا عَلَّمْتَنَا إِنَّكَ أَنتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ{٣٢}

که فریشتەکان ناوی شتەکانیان نەزانیو دامان وتیان : خودایا تۆ پاكو بێخەوشیو ئێمە هیچ نازانین ئەوە نەبێ کە تۆ فێرت کردووین ، هەر تۆ خۆت زانای بەهەموو شتێكو هەر خۆت لەهەموو کارێکدا خاوەن حیکمەتیتو هەر خۆت ئەزانی چی ئەکەیت .

قَالَ يَا آدَمُ أَنبِئْهُم بِأَسْمَآئِهِمْ فَلَمَّا أَنبَأَهُمْ بِأَسْمَآئِهِمْ قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ إِنِّي أَعْلَمُ غَيْبَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَأَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ {٣٣}

ئەنجا خوای گەورە فەرمووی : ئادەی ئادەم ناوی ئەو شتانەیان پێ بڵێو حاڵییان بکە . کە ئادەم تێیگەیاندن خودا فەرمووی : ئەی پێم نەوتن من پەنامەکییەکانی زەویو ئاسمان ئەزانمو هیچم لێ ون نابێو، ئەوەی دەریئەبڕنو ئەوەی ئەیشارنەوە هەمووی پێ ئەزانم ؟

وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلاَئِكَةِ اسْجُدُواْ لآدَمَ فَسَجَدُواْ إِلاَّ إِبْلِيسَ أَبَى وَاسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ {٣٤}

یادی ئەو کاتە بکەرەوە کە فەرمانمان بە فریشتەکان دا سوجدەی قەدرگرتن بەرن بۆ ئادەم، هەموو گورج سوجدەیان بۆ برد ئیبلیس نەبێ ، ئەو لە فەرمانی ئێمە دەرچوو خۆی لە ئادەم بە گەورەتر داناو بوو بە یەکێ لە کافرە بێئیمانەکان .

وَقُلْنَا يَا آدَمُ اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ وَكُلاَ مِنْهَا رَغَداً حَيْثُ شِئْتُمَا وَلاَ تَقْرَبَا هَـذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الْظَّالِمِينَ{٣٥}

جا وتمان به ئادەم : خۆتو حەوواى هاوسەرت لە بەهەشتا دانیشنو لە هەر شوێنێ ئارەزووتان لێیەتی بە ڕەسایی لە خواردەمەنی بەهەشت بخۆنو ، هەرگێز نزیکی ئەم دارگەنمە مەکەونەوە : ئەگەرنا دەچنە ڕیزی ستەمکارانەوە .

فَأَزَلَّهُمَا الشَّيْطَانُ عَنْهَا فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ وَقُلْنَا اهْبِطُواْ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي الأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ{٣٦}

پاش ئەوە شەیتان خەڵەتاندنیو هەڵێخلیسکاندنو لە بەری دارگەنمەکەی دەرخوارد دانو لەو ژیانو نازو نیعمەتەی کردن . جا ئێمەیش پێمان وتن : لە بەهەشت دەرچنو دابەزنە خوار بۆ سەرزەوی . هەندێکتان دوژمنی هەندێکتان ئەبنو زەوی ئارامگاو شوێنی ژیانتان ئەبێ تا کاتی دیاریکراو .

فَتَلَقَّى آدَمُ مِن رَّبِّهِ كَلِمَاتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ إِنَّهُ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ{٣٧}

ئەنجا ئادەم چەند کەلیمەیەکی لەخوداوە وەرگرتو کەوتە سەر ڕێگای پەشیمان بوونەوەو لە خودای گەورە پاڕایەوە . ئەویش

نزاو پاڕانەوەو پەشیمان بوونەوەکەی پەسەند کردو لێی خۆش بوو . بێگومان خودا تەوبە وەرگرەو زۆر میهرەبانە .

قُلْنَا اهْبِطُواْ مِنْهَا جَمِيعاً فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّي هُدًى فَمَن تَبِعَ هُدَايَ فَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ {٣٨}

جا وتمان بە ئادەمو حەووا : هەمووتان لە بەهەشت داپەڕنە خوار ، لەپاشاندا ئەگەر لەلایەن منەوە ڕێنومایتان بۆ هات هەرکەسێ پەیڕەویی ئەو ڕێنوماییە بکات لە پاشەڕۆژیدا نە ترس ڕوویان تێئەکاتو نە خەفەت ئەخۆن ، واتە بەختیار ئەبنو لەوانە ئەبن کە خودا لێیان ڕازییە .

وَالَّذِينَ كَفَرواْ وَكَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا أُولَـئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ {٣٩}

ئەوانەیش کە کافرنو ئایەتەکانی ئێمە بە درۆ دائەنێنو باوەڕیان پێ ناکەن ، ئەوانە هاوڕێو برادەری ئاگری دۆزەخنو هەتا هەتایە لە سزادا ئەبنو تیایا ئەمێننەوە .

يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اذْكُرُواْ نِعْمَتِيَ الَّتِي أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ وَأَوْفُواْ بِعَهْدِي أُوفِ بِعَهْدِكُمْ وَإِيَّايَ فَارْهَبُونِ {٤٠}

ئەنجا خودا قسە لەگەڵ بەنیئیسرائیلدا ئەکاتو پێیان ئەڵێ : ئەی بەنی ئیسرائیل یادی ئەو نیعمەتانەم بکەنەوە کە ڕژاندوومە بەسەرتاندا ، وەك ئەوەی کە پێغەمبەرانمان لە خۆتان بۆ ناردنو لە سزای فیرعەونو هامان ڕزگارمان کردنو گەزۆو پەلەوەریشەلاقەمان

بۆ ناردن‌و نیعمه‌تی زۆرمان به‌سه‌رتانا ڕژاند . ئـه‌و په‌یمانـه‌ی له‌گـه‌ڵ من به‌ستتان ، که‌ بمپه‌رستن ، بیهێننه‌جێ تا منیش په‌یمان‌و بـه‌ڵێنی خۆم به‌جێ‌بهێنم ، هه‌ر له‌ من بترسن . به‌ڵێنی ئـه‌وان خوداپه‌رستن‌و به‌گوێ‌کردنی پێغه‌مبه‌رانه‌و . بـه‌ڵێنی خـودای گـه‌وره‌یش به‌هه‌شـت‌و ژیانی پڕ له‌ به‌خته‌وه‌ریی پاشه‌ڕۆژه .

وَآمِنُـــواْ بِمَا أَنزَلْتُ مُصَدِّقاً لِّمَا مَعَكُمْ وَلاَ تَكُونُـــواْ أَوَّلَ كَافِرٍ بِهِ وَلاَ تَشْتَرُواْ بِآيَاتِي ثَمَناً قَلِيلاً وَإِيَّايَ فَاتَّقُونِ {٤١}

ئیمان بێنن و باوه‌ڕ بکه‌ن به‌و قورئانـه‌ی ناردوومه‌تـه‌ خـوار بـۆ سه‌ر (محمد) . دروودی خوای لێ بێ ، ئه‌و قورئانـه‌ی تـه‌صدیقی ئـه‌و کتێبانه‌ ئه‌کات که‌ بۆ پێغه‌مبه‌رانی ئێوه‌ نێرراون . ئێوه‌ یه‌کـه‌م کـافر مه‌بن به‌و قورئانه‌ چونکه‌ خۆیشتان خاوه‌ن کتێبن . ئه‌و ئایه‌تانی منه‌ که‌ له‌ ته‌وراتـدان و نیشانه‌کانی (محمد) بـاس ئه‌کـه‌ن مه‌یانگۆڕنـه‌وه‌ به‌ ماڵێکی که‌م و نرخێکی ناچیزو ، بـه‌ بـه‌رتیل و دیـاری لـه‌ خـه‌ڵکی نـه‌خوێنده‌واری مـه‌گۆڕن . خۆتـان له‌سـزام بپـارێزن و تـه‌نـها لـه‌ مـن بترسن .

وَلاَ تَلْبِسُواْ الْحَقَّ بِالْبَـــاطِلِ وَتَكْتُمُـــواْ الْحَـــقَّ وَأَنتُـــمْ تَعْلَمُونَ{٤٢}

ئـه‌و ئامۆژگـاری‌و ڕاسـتی‌یانه‌ی لای خـوداوه‌ پێتـان گـه‌یێنراون له‌گه‌ڵ درۆو ده‌له‌سه‌ی خۆتان تێکه‌ڵیان مه‌که‌ن ، ڕاستی لـه‌ خـه‌ڵکی مه‌شارنه‌وه‌ که‌ خۆیشتان سوور ئه‌زانن کامه‌ ڕاسته‌و کامه‌ درۆیه .

وَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ وَآتُواْ الزَّكَاةَ وَارْكَعُواْ مَعَ الرَّاكِعِينَ{٤٣}

ئەو نوێژەی لەسەر موسوڵمانان فەرز کراوە بیکەن ، ئەو زەکاتەی لەسەر ئەوان فەرزکراوە بیدەن ، لەگەڵ جەماعەتیاندا نوێژ بکەن‌و کورنووش بۆ خودا بەرن .

أَتَأْمُرُونَ النَّاسَ بِالْبِرِّ وَتَنسَوْنَ أَنفُسَكُمْ وَأَنتُمْ تَتْلُونَ الْكِتَابَ أَفَلاَ تَعْقِلُونَ {٤٤}

ئەی زاناکانی بەنی ئیسرائیل ئەوە چۆن ئەمر ئەکەن بە خەڵك کە کرداری چاك بکەن ، کەچی خۆتانتان لە بیر ئەچێ ؟ خۆ ئێوە لای خۆی تەورات ئەخوێننەوەو شت ئەزانن ؟ ئایا هۆشێك ناکەنەوە لە کاری خۆتان‌و عەقڵ ناخەنە کار لەم شتانەدا؟

وَاسْتَعِينُواْ بِالصَّبْرِ وَالصَّلاَةِ وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلاَّ عَلَى الْخَاشِعِينَ{٤٥}

بە نوێژکردن‌و خۆگرتن‌و بوردەباری‌و لە بیرنەکردنی نیعمەتەکانی خودا داوای یارمەتی لێ بکەن بۆ زاڵبوونتان بەسەر نەهامەتی‌و کۆسپی ژیانتانداو بۆ جێبەجێ بوونی پێویستییەکانتان، چونکە نوێژو خۆگرتن‌و شوکرانەبژێری پوختەی ڕوولەخودا کردنەو لووتکەی بەندەییە . ئەم نوێژکردن‌و خۆگرییەیش بارێکی گرانەو هەڵگرتنی لە وزەی شانی هەموو کەسدا نییە ئەوانە نەبێ کە بەڕاستی لەخوداترسن .

الَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلاَقُوا رَبِّهِمْ وَأَنَّهُمْ إِلَيْهِ رَاجِعُونَ{٤٦}

ئەوانەی دڵنیان ئەگەنە خودای خۆیان‌و لە بەردەم ئەودا حەشر ئەکرێن.

يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اذْكُرُواْ نِعْمَتِيَ الَّتِي أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ وَأَنِّي فَضَّلْتُكُمْ عَلَى الْعَالَمِينَ {٤٧}

ئەی بەنی ئیسرائیل یادی ئەو نیعمەتانە بکەنەوە کە من پێم داون ، یادی ئەوە بکەنەوە کە گەورەییم پێ‌دان بەسەر ئەهلی جیهاندا لە چەرخی خۆتاندا.پێغەمبەرانم لێتان هەڵبژارد بۆتان ، پادشام بۆ دانان ، کتێبم بۆ ناردن‌و ، لە دەستی ستەمکار ڕزگارم کردن .

وَاتَّقُواْ يَوْماً لاَّ تَجْزِي نَفْسٌ عَن نَّفْسٍ شَيْئاً وَلاَ يُقْبَلُ مِنْهَا شَفَاعَةٌ وَلاَ يُؤْخَذُ مِنْهَا عَدْلٌ وَلاَ هُمْ يُنصَرُونَ {٤٨}

خۆتان لە ئازاری ڕۆژی قیامەت بپارێزن کە ڕۆژێکی وەهایە کەس سوودی بۆ کەس نی‌یەو فریای ناکەوێ‌و ، کەس تکای لێ وەرناگیرێ بۆ کەسێکی‌ترو ، کەس فیدیەو برێتی لێ وەرناگیرێ کە ببێتە هۆی ڕزگار بوونی لە سزاو ، یارمەتی نادرێن . جا ئەم سەختگیرییە هەموو بۆ کافرانە، ئەگەرنا بە ئیجماعی ئوممەت شەفاعەت‌و تکاکردن بۆ ڕزگارکردنی موسوڵمانی تاوانبار هەیە .

وَإِذْ نَجَّيْنَاكُم مِّنْ آلِ فِرْعَوْنَ يَسُومُونَكُمْ سُوءَ الْعَـــذَابِ يُذَبِّحُونَ أَبْنَاءَكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَاءَكُمْ وَفِي ذَلِكُم بَـــلاءٌ مِّـــن رَّبِّكُمْ عَظِيمٌ {٤٩}

بیری ئەوە بکەنەوە کە چۆن ڕزگارم کردن لە چنگی دەستەو بەستەی فیرعەون کە بە سزای نابار سزایان ئـەدان‌و تالاٚویـان ئـەکرد بە قورگتاندا ، کە منداڵێکتان لەدایك‌دەبوو کـوڕ بوایـە ئەیانکوشـت‌و کچ بوایە ئەیانهێشتەوە .ئا لەم نەگبەتی‌و تووشی سزابوونەدا یا لـەم ڕزگار کردنەدا یا لە هەردوکیاندا تاقی کردنەوەیەکی گەورەیە لە لایەن خوداوە بۆ ئێـوە : ئـاخۆ شـوکرانەبژێر ئـەبن لەسـەر نـازو نیعمـەت‌و ئازادی ، یا خۆگر ئەبن لەبەر باری سزاو ئـازاری دژوار ، کـە هـەردوو حاڵەکە، شوکرو سەبر ، نیشانەی بڕواداارانن ؟

وَإِذْ فَرَقْنَا بِكُمُ الْبَحْرَ فَأَنجَيْنَاكُمْ وَأَغْرَقْنَـــا آلَ فِرْعَـــوْنَ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ {٥٠}

یادی ئەوە بکەنـەوە کـە چـۆن دەریـای نیلمـان دوولـەت کـردو ڕێگای هاتوچۆمان پێیدا کردەوە تا ئێوە بەسەلامەتی تێپەڕن ، دارو دەستەی فیرعەونیشمان نوقمی ئاو کردو بە بەرچاوتانەوە خنکان .

وَإِذْ وَاعَدْنَا مُوسَى أَرْبَعِينَ لَيْلَةً ثُمَّ اتَّخَذْتُمُ الْعِجْلَ مِـــن بَعْدِهِ وَأَنتُمْ ظَالِمُونَ{ ٥١}

یادی ئەوە بکەنەوە کە چۆن وەعدەی چل شەومان دا بە

مووسا خۆی تەرخان بکات بۆ ئەوە تەورات وەربگرێ ، بەڵام کە ئەو هات بۆ (میقات)و ماوەیەك بەجێی هێشتن ئێوە گوێرەکەتان کرد بە خودای خۆتان. ئێوە بەم کارە ناڕەوایە ستەمتان لە خۆتان کردو زیانتان لە خۆتان دا .

ثُمَّ عَفَوْنَا عَنكُمِ مِّن بَعْدِ ذَلِكَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ {٥٢}

پاش ئەو کردەوە نالەبارە عەفومان کردن بە هیوای ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ڕاستەڕێو سوپاسی خودا بکەن .

وَإِذْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ وَالْفُرْقَانَ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ {٥٣}

هەروەها یادی ئەوە بکەنەوە کە پاش ئەو کارەساتانە تەوراتمان دا بە مووساو لەو تەوراتەدا شتی حەق‌و ڕاستمان لە شتی ناڕەواو ناڕاست جیاکردەوە چ لە بیروباوەڕو چ لە کردەوەو گوفتارو شتی‌تر ، تا ئێوە ئاگایی پەیدا بکەن‌و بکەونە سەر ڕێی ڕاست‌و چاکە بکەن‌و لە خراپە دوور بکەونەوە .

وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ يَا قَوْمِ إِنَّكُمْ ظَلَمْتُمْ أَنفُسَكُمْ بِاتِّخَاذِكُمُ الْعِجْلَ فَتُوبُواْ إِلَى بَارِئِكُمْ فَاقْتُلُواْ أَنفُسَكُمْ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ عِندَ بَارِئِكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ إِنَّهُ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ{٥٤}

باسی ئەوە بکە کە مووسا وتی بە ئوممەتەکەی : ئەی پەیڕەوانی من بێگومان ئێوە بەهۆی پەرستنی گوێرەکەکەوە ستەمتان لە خۆتان کردو تاوانبار بوون : دە لە گوناهەکەتان پەشیمان بنەوەو بگەڕێنەوە بۆ لای خودای خۆتان . نەفسی خۆتان

بکوژن به مه‌نع کردنی له ئاره‌زووی به‌دو کرداری ناڕه‌وا ، یا هه‌ر به‌ڕاستی یه‌کتری بکوژن چونکه ڕیوایه‌ت کراوه خودای گه‌وره له که‌ففاره‌تی ئه‌و تاوانه‌دا ئه‌مری پێ کردوون یه‌کتر بکوژن، یا ئه‌وانه بکوژن که گوێره‌که‌یان په‌رستووه . ئه‌مه بۆ ئێوه باشتره لای خودا. خودا ته‌وبه‌ی لێ قبوول کردن . خودا زۆر ته‌وبه وه‌رگره‌و زۆر میهره‌بان‌و ده‌هه‌نه‌یه .

وَإِذْ قُلْتُمْ يَا مُوسَى لَن نُّؤْمِنَ لَكَ حَتَّى نَرَى اللَّهَ جَهْرَةً فَأَخَذَتْكُمُ الصَّاعِقَةُ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ {٥٥}

یادی ئه‌وه بکه‌نه‌وه که وتتان به مووسا : ئیمان ناهێنین به‌وه‌ی که خودا قسه‌ت له‌گه‌ڵ ئه‌کا تا خودا به ئاشکراو به‌ره‌وڕوو نه‌بینین . ئه‌نجا له تۆڵه‌ی ئه‌م داوا ناڕه‌وایه‌دا تریشقه‌مان لێ دان‌و خۆتان چاوتان له یه‌کتره‌وه بوو که ئه‌مردن .

ثُمَّ بَعَثْنَاكُم مِّن بَعْدِ مَوْتِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ {٥٦}

له‌پاشاندا به نزاو پاڕانه‌وه‌ی مووسا پاش مردنتان زیندووم کردنه‌وه به‌شکم باوه‌ڕتان به‌هێز ببێ‌و سوپاس‌و ستایشی خودای خۆتان به‌جێبهێنن .

وَظَلَّلْنَا عَلَيْكُمُ الْغَمَامَ وَأَنزَلْنَا عَلَيْكُمُ الْمَنَّ وَالسَّلْوَى كُلُواْ مِن طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ وَمَا ظَلَمُونَا وَلَـكِن كَانُواْ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ{٥٧}

یادی ئه‌وه بکه‌نه‌وه که چۆن له ته‌یهدا هه‌ورمان کرده سێبه‌ر

بە ڕاسەری باوباپیرانتانەوە بۆ دەفعی گەرما لێیان‌و لە ئاسمانەوە گەزۆمان بۆ باراندن کە وەك هەنگوین شیرین بوو . هەروەها پەلەوەری شەلاقەیشمان باراند بەسەرتاناو پێمان وتن : دەی بخۆن لەو ڕۆزییە پاکە کە بۆمان ئاسان کردوون . کەچی سوپاسی خودایان نەکردو شوکرانەبژێر نەبوون . ئەو سپڵەیی‌و سوپاس ناگوزارییەیان زیانی لە ئێمە نەدا بەڵکو بۆ خۆیان خراپ بوو زیانیان لە خۆیان دا .

وَإِذْ قُلْنَا ادْخُلُواْ هَـذِهِ الْقَرْيَةَ فَكُلُواْ مِنْهَا حَيْثُ شِئْتُمْ رَغَداً وَادْخُلُواْ الْبَابَ سُجَّداً وَقُولُواْ حِطَّةٌ نَّغْفِرْ لَكُمْ خَطَايَاكُمْ وَسَنَزِيدُ الْمُحْسِنِينَ {٥٨}

یادی ئەوە بکەنەوە کە لەپاش مردنی مووسا بە یووشەعی پێغەمبەرمان وت پێتان بڵێ بڕۆنە ناو (بیت المقدس)و لەوێ بە فراوانی لە هەرچی ئەتانەوێ بخۆن‌و بە سوجدەوە بڕۆنە ناو دەرگاکەیەوەو سوپاسی خودا بکەن‌و بڵێن : خودایا ئەم کڕنووش بردنەمان بۆ ئەوەیە لێمان خۆش بی‌و گوناهمان بپۆشی ، ئەنجا لێتان خۆش ئەبمو پایەی ئینسانە باشەکانیشتان زیاد دەکەم .

فَبَدَّلَ الَّذِينَ ظَلَمُواْ قَوْلاً غَيْرَ الَّذِي قِيلَ لَهُمْ فَأَنزَلْنَا عَلَى الَّذِينَ ظَلَمُواْ رِجْزاً مِّنَ السَّمَاءِ بِمَا كَانُواْ يَفْسُقُونَ {٥٩}

کەچی ئەو ستەمکارانە فەرمانەکەی خودایان گۆڕی بە غەیری ئەوەی پێیان وترابوو ، ئێمەیش لە تۆڵەی ئەوەدا لە ئاسمانەوە

سزاو ئازارمان نارده سەر ستەمكارەكان چونكە لە سنووری فەرمانی خودا دەرچووبوونو فەرموودەی خودایان گۆڕیبوو .

وَإِذِ اسْتَسْقَى مُوسَى لِقَوْمِهِ فَقُلْنَا اضْرِب بِّعَصَاكَ الْحَجَرَ فَانفَجَرَتْ مِنْهُ اثْنَتَا عَشْرَةَ عَيْناً قَدْ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٍ مَّشْرَبَهُمْ كُلُواْ وَاشْرَبُواْ مِن رِّزْقِ اللَّهِ وَلاَ تَعْثَوْاْ فِي الأَرْضِ مُفْسِدِينَ{٦٠}

یادی ئەو نیعمەتەیش بكەنەوە كە مووسا داوای ئاوی لێ كردین بۆ قەومەكەی ، ئێمەیش پێمان وت بە عاساكەت لەو بەردە بدە. كە لێیدا بە ئەمری ئێمە دوانزە كانیی لێ هەڵقوڵی بۆ دوانزە تیرەی بەنی ئیسرائیلو هەر تیرەیێك چاوگەی ئاوی خۆی ئەزانی . ئەنجا پێمان وتن : دە بخۆنو بخۆنەوە لە ڕزقو ڕۆزیی خوداو بەدكاری مەكەن لەسەر ئەرز .

وَإِذْ قُلْتُمْ يَا مُوسَى لَن نَّصْبِرَ عَلَىَ طَعَامٍ وَاحِدٍ فَادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُخْرِجْ لَنَا مِمَّا تُنبِتُ الأَرْضُ مِن بَقْلِهَا وَقِثَّآئِهَا وَفُومِهَا وَعَدَسِهَا وَبَصَلِهَا قَالَ أَتَسْتَبْدِلُونَ الَّذِي هُوَ أَدْنَى بِالَّذِي هُوَ خَيْرٌ اهْبِطُواْ مِصْراً فَإِنَّ لَكُم مَّا سَأَلْتُمْ وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ الذِّلَّةُ وَالْمَسْكَنَةُ وَبَآؤُوْا بِغَضَبٍ مِّنَ اللَّهِ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانُواْ يَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَيَقْتُلُونَ النَّبِيِّينَ بِغَيْرِ الْحَقِّ ذَلِكَ بِمَا عَصَواْ وَّكَانُواْ يَعْتَدُونَ {٦١}

یادی ئەوە بكەنەوە كە بە مووساتان وت : ئەی مووسا بەتەنها

خواردمەنییەك قنیات ناكەین . لە خودای خۆت داوا بكە لەوەی دەیرووێنێ بۆمان دەربكات وەك پاقلەو خەیارو سیرو نیسكو پیاز ، ئەویش پێی وتن ئەتانەوێ شتی خراپو ئایەخ وەربگرن لەجیاتیی شتێ لەو چاكتر بێ ؟ ئەگەر ئەمەتان ئەوێ داپەڕنە خوارەوە بۆ میسر ، بێگومان لەوێ چێتان بوێ دەستتان ئەكەوێ . ئیتر بەهۆی ئەم كارو ڕەفتارە نالەبارانەوە داماویو زەبوونی درا بەسەر جوولەكەداو خودا غەزەبی لێ گرتن چونكە ئیمانیان بە ئایەتەكانی خودا نەبوو و پێغەمبەرانیان بە ناحەق ئەكوشت . گوناهبار بوونو دەستدرێژییان ئەكردو لە سنووری ئەمری خودا دەرئەچوون .

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَالَّذِينَ هَادُواْ وَالنَّصَارَى وَالصَّابِئِينَ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَعَمِلَ صَالِحاً فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ {٦٢}

ئەوانەی ئەمڕۆ بە زمان ئیمانیان هێناوەو موسولمانن لە ئوممەتی موحەممەدو ، ئەوانەی وەختی خۆی لە سەردەمی ئایینی خۆیاندا یەهوودی یا نەصرانی یا صابیئە بوون ، ئەمانە هەموویان ئەگەر هەروەك بە دەم ئیمانیان هێناوە لە دڵیشەوە ڕاست بووبنو بە ڕاستی باوەڕیان بە خوداو بە ڕۆژی جەزا بووبێو كردەوەی باشیان كردبێ ، ئەوا پاداشیان لای خودای خۆیانەو نە ترسیان هەیەو نە خەم . ئیستەیش كە ئایینی ئیسلام دوا ئایینە ، ئەبێ هەموو موكەللەفێك ئیمانی پێبێنێ چونكە ئایینەكانی لەوەو پێشی

نەسخ کردووەتەوە . پوختەی مەبەست ئەوەیە چوونە بەهەشت و پاداشی چاك تەنها بۆ پەیڕەوانی ئایینێکی تایبەتی نییە، بەڵکو ئەهلی هەر ئایینێ لە ڕۆژو سەردەمی خۆیاندا ئەوی بە ڕاستی بووبێ پاداشی چاکی لای خودایە .

وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَكُمْ وَرَفَعْنَا فَوْقَكُمُ الطُّورَ خُذُواْ مَا آتَيْنَاكُم بِقُوَّةٍ وَاذْكُرُواْ مَا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ {٦٣}

ئەی بەنی ئیسرائیلەکان یادی ئەوە بکەنەوە کە پەیمانم لێ وەرگرتن و بەڵێنتان دامێ کە پەیڕەویی مووسا بکەن ، ئەوەبوو کێوی توورم بەسەردا بەرز کردنەوە تا پەیمانەکەتان قبووڵ کردو ، پێم وتن : ئەو کتێب و پەیمانە توند وەربگرن و بەو حوکمانە وان لەناویدا ڕەفتار بکەن، بەڵکو لە ئازاری ڕۆژی سزا بپارێزرێن .

ثُمَّ تَوَلَّيْتُم مِّن بَعْدِ ذَلِكَ فَلَوْلاَ فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ لَكُنتُم مِّنَ الْخَاسِرِينَ {٦٤}

لەپاشان پشتتان لێ هەڵکردو ڕەفتارتان پێ نەکرد ، جا ئەگەر زیادە میهرەبانیی خودا نەبوایە لەگەڵتان ئەکەوتنە زیانەوە . خودا بە میهرەبانیی خۆی لێگەڕا تا تۆبەتان کردو عەفوی کردن .

وَلَقَدْ عَلِمْتُمُ الَّذِينَ اعْتَدَواْ مِنكُمْ فِي السَّبْتِ فَقُلْنَا لَهُمْ كُونُواْ قِرَدَةً خَاسِئِينَ {٦٥}

بەڕاستی ئێوە بەوانە ئەزانن کە لە فەرمانی خوا لایاندا لە ڕۆژی شەممەداو ، لەباتی ئەوەی عیبادەتی تێدا بکەن چوون بۆ

ڕاو، جا لە تۆڵەی ئەوەدا فەرمانمان داو وتمان دە بڕۆن ببنە مەیموونی بێنرخ . ئەوەبوو بوونە مەیموونو پاش سێ شەوو سێ ڕۆژ مردن .

فَجَعَلْنَاهَا نَكَالاً لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهَا وَمَا خَلْفَهَا وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ{٦٦}

ئەو عقووبەتو سزای مەسخەمان کردە پەندو عیبرەت بۆ ئەو ئوممەتانەی هاوچەرخیان بوونو ئەو ئوممەتانەی پاش ئەوان هاتن . هەروەها کردمانە پەندو ئامۆژگاری بۆ ئەوانەی لە خودا ئەترسنو خۆیان لە گوناه ئەپارێزن .

وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تَذْبَحُواْ بَقَرَةً قَالُواْ أَتَتَّخِذُنَا هُزُواً قَالَ أَعُوذُ بِاللّهِ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْجَاهِلِينَ{٦٧}

بیری ئەوە بکەنەوە کە مووسا بە قەومەکەی وت : بەڕاستی خودا ئەمرتان پێ ئەکا گایێ سەرببڕنو پارچەیێ لە گۆشتی ئەو گایە بدەن لە لەشی کوڕە کوژراوەکەی ناوخۆتان تا بێتە زمانو قاتیلەکەتان بۆ ناونووس بکا . قەومەکەی مووسایش لە وەڵامی ئەمەدا وتیان : ئەی مووسا ئەوە گاڵتەمان پێ ئەکەی ؟ مووسایش فەرمووی : پەنا بە خودا لەوەی ببمە نەفامو گاڵتەتان پێ بکەم .

قَالُواْ ادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لّنَا مَا هِيَ قَالَ إِنَّهُ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ لاَّ فَارِضٌ وَلاَ بِكْرٌ عَوَانٌ بَيْنَ ذَلِكَ فَافْعَلُواْ مَا تُؤْمَرونَ{٦٨}

قەومەکەی مووسا وتیان : ئەی مووسا لە خودای خۆت بپاڕێرەوە تا بۆمان ڕوون بکاتەوە ئەو گایە چلۆنە؟ مووسا پێیوتن : خودا ئەفەرموێ : ئەو گایە پیرێکی وەها نییە لە کار کەوتبێ و جوانێکی وەهایش نییە کاری نەکردبێ ، وا لەو بەینەدا ، ناونجییە . ئیتر ئەوەی ئەمرتان پێ کراوە جێبەجێی بکەن .

قَالُواْ ادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا لَوْنُهَا قَالَ إِنَّهُ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ صَفْرَاءُ فَاقِعٌ لَّوْنُهَا تَسُرُّ النَّاظِرِينَ {٦٩}

وتیان : ئەی مووسا لە خودای خۆت بپاڕێرەوە بۆمان ڕوون بکاتەوە ڕەنگەکەی چۆنە ؟ مووسا وتی : خودا ئەفەرموێت ڕەنگەکەی زەردێکی جوانی وایە تەماشاکەران دڵخۆش ئەکات .

قَالُواْ ادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا هِيَ إِنَّ البَقَرَ تَشَابَهَ عَلَيْنَا وَإِنَّآ ان شَاء اللَّهُ لَمُهْتَدُونَ {٧٠}

وتیان : ئەی مووسا بپاڕێرەوە لە خودای خۆت کە بۆمان بەیان بکا چییەو چۆن گاییکە ؟ بەڕاستی لێمان تێکچووە . ئەگەر خودا مەیلی لێ بێ بۆمان ڕوون ئەبێتەوەو ئەمرەکەی بەجێئەهێنین .

قَالَ إِنَّهُ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ لاَّ ذَلُولٌ تُثِيرُ الأَرْضَ وَلاَ تَسْقِي الْحَرْثَ مُسَلَّمَةٌ لاَّ شِيَةَ فِيهَا قَالُواْ الآنَ جِئْتَ بِالْحَقِّ فَذَبَحُوهَا وَمَا كَادُواْ يَفْعَلُونَ {٧١}

مووسا وتی : خودا ئەفەرموێ : گاییکە تۆڕەو ڕام نەبووە تا ئەرز هەڵبگێڕێتەوەو جووت بکا ، ئاوی کشتوکاڵیش نادا . بێعەیبەو

یەکڕەنگەو ڕەنگی وەهای پێوە نیە لە ڕەنگی پێستەکەی جیا بێ.
وتیان ئا ئیستە ڕاستەکەت هێناو بەتەواوی ڕوونت کردەوە . ئەوە بوو گاییێکی وەهایان سەربڕیو نزیك بوو سەری نەبڕن .

وَإِذْ قَتَلْتُمْ نَفْساً فَادَّارَأْتُمْ فِيهَا وَاللّهُ مُخْرِجٌ مَّا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ{٧٢}

یادی ئەوە بکەنەوە کە نەفسێکتان کوشتو یەکتریتان تاوانبار ئەکرد بە کوشتنی ئەوکەسەو بوو بە هەراو دەمەقاڵێتان . خودایش ئەوەی پەنهانتان کردبوو دەریخستو ئاشکرای کرد .

فَقُلْنَا اضْرِبُوهُ بِبَعْضِهَا كَذَلِكَ يُحْيِي اللّهُ الْمَوْتَى وَيُرِيكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ {٧٣}

جا وتمان پێتان : پارچەیێ لە گۆشتی ئەو گایەی سەرتان بڕیوە بدەن لەو کوژراوە زیندوو ئەبێتەوەو پێتان ئەڵێ کێ کوشتوویەتی . خودا بە هێزو دەستەڵاتی بێ سنووری خۆی وەك ئەم تاقە مردووەی زیندوو کردەوە ، لە قیامەتیشدا هەموو مردووان زیندوو ئەکاتەوەو نیشانەکانی هێزی خۆیتان پیشان ئەدا تا عەقڵ بخەنەکارو بفامن .

ثُمَّ قَسَتْ قُلُوبُكُم مِّن بَعْدِ ذَلِكَ فَهِيَ كَالْحِجَارَةِ أَوْ أَشَدُّ قَسْوَةً وَإِنَّ مِنَ الْحِجَارَةِ لَمَا يَتَفَجَّرُ مِنْهُ الأَنْهَارُ وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَشَّقَّقُ فَيَخْرُجُ مِنْهُ الْمَاءُ وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَهْبِطُ مِنْ خَشْيَةِ اللّهِ وَمَا اللّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ {٧٤}

پاش ئەوە دڵتان ڕەق بوو جا یا وەکوو بەردی لێ هات یا ڕەقتر لە بەرد . بێگومان هەندێ بەردیوا هەیە چەند ڕووباریان لێ هەڵئەقوڵێن . هی وایش هەیە لەت لەت ئەبێو ئاوی لێ دەرئەچێ . هەندێکشیان هەن لە ترسی خودا لە بەرزییەوە دێنە خوارێ یا ڕۆدەچن . خودای پەروەردگار بێئاگا نی‌یە لە کردەوەتان .

أَفَتَطْمَعُونَ أَن يُؤْمِنُواْ لَكُمْ وَقَدْ كَانَ فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَسْمَعُونَ كَلاَمَ اللّهِ ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُ مِن بَعْدِ مَا عَقَلُوهُ وَهُمْ يَعْلَمُونَ {٧٥}

ئایا ئێوە بەتەمای ئەوەن ئەم ناکەسە بەدخووانە ئیمان بێنن بە دینو ئایینی ئێوە ؟ کەچی پێش ئەمانە کۆمەڵێ لە زاناکانیان کەلامی خودایان ئەبیستو پاشان ئەو کەلامەیان لە مەعنا ڕاستەکەی لائەدا بۆ مەعنای ناڕاست ، پاش ئەوەی کە لێی تێگەیشتبوون ، ئەیشیانزانی ئەو کارەی ئەیکەن ناڕەوایە . ئەمە حاڵی زاناکانیان بوو ، ئیتر بەتەمای چیت لە نەزانەکانیان ؟

وَإِذَا لَقُواْ الَّذِينَ آمَنُواْ قَالُواْ آمَنَّا وَإِذَا خَلاَ بَعْضُهُمْ إِلَى بَعْضٍ قَالُواْ أَتُحَدِّثُونَهُم بِمَا فَتَحَ اللّهُ عَلَيْكُمْ لِيُحَآجُّوكُم بِهِ عِندَ رَبِّكُمْ أَفَلاَ تَعْقِلُونَ {٧٦}

جوولەکە منافقەکان کاتێ بە موسوڵمانەکان ئەگەن ئەڵێن باوەڕمان بەوە هەیە کە ئێوە لەسەر حەقنو پێغەمبەرتان لە تەوراتدا موژدە بە هاتنی دراوە ، بەڵام کە لەناو خۆیاندا کۆئەبنەوە

هەندێکیان بە سەرزەنشتەوە بە منافقەکانیان ئەڵێن : ئەوە ئێوە بۆچی ئەو قسە ڕاستانە بۆ موسوڵمانەکان ئەگێڕنەوە کە لە تەوراتدا هەن دەربارەی صیفەتەکانی (محمد) تا بە ئاسانی بیکەنە دەلیل لەسەرتان ، واتە : بڵێن ئێوە بە پێغەمبەرایەتیی (محمد) ئەزانن بەڵام ئەیشارنەوە ، ئاخر نازانن ئەمەی ئێوە ئەیکەن زیانە بۆ خۆتان و پێی قەرزاربار ئەبن ؟

أَوَلاَ يَعْلَمُونَ أَنَّ اللّهَ يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ{٧٧}

ئایا ئەوانە ئەوە نازانن خودا ئاگای هەیە لەوەی ئەیشارنەوەو لەوەی دەری‌ئەبڕن .

وَمِنْهُمْ أُمِّيُّونَ لاَ يَعْلَمُونَ الْكِتَابَ إِلاَّ أَمَانِيَّ وَإِنْ هُمْ إِلاَّ يَظُنُّونَ {٧٨}

ئەم جوولەکانە هی‌وایان هەیە نەخوێندەوارن‌و نازانن شت بخوێننەوە تا بچن سەیری تەورات بکەن‌و بیخوێننەوە ، تەنها باوەڕیان بەوانە هەیە کە دوایان کەوتوون . ئەوانەی قسەی ڕاست ئەگۆڕن ، تەنها گومانیان هەیەو حەقیقەتی شت نازانن .

فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ يَكْتُبُونَ الْكِتَابَ بِأَيْدِيهِمْ ثُمَّ يَقُولُونَ هَـذَا مِنْ عِندِ اللّهِ لِيَشْتَرُواْ بِهِ ثَمَناً قَلِيلاً فَوَيْلٌ لَّهُم مِّمَّا كَتَبَتْ أَيْدِيهِمْ وَوَيْلٌ لَّهُمْ مِّمَّا يَكْسِبُونَ {٧٩}

جا هاوارو خەم‌و خەفەت یا شیوێ لە شیوەکانی دۆزەخ کە ناوی وەیلە بۆ ئەو کەسانە بێ کە ئەو شتە هەڵگەڕاوانە بە دەستی

خۆیان ئەنووسن‌و لەپاشاندا ئەڵێن ئەم نووسـراوە لـە لای خوداوەیـە تا نرخێکی کەمی دنیایی پێ پەیدا بکەن . وەیـل بـۆ ئەوانـە لـەوەی

دەستیان نووسیویەتی ، وەیـل بـۆ ئەوانـە لـەوەی کـە لـەو ڕێگـاوە پەیدای ئەکەن .

وَقَالُواْ لَن تَمَسَّنَا النَّارُ إِلاَّ أَيَّاماً مَّعْدُودَةً قُلْ أَتَّخَذْتُمْ عِنـدَ اللّهِ عَهْدًا فَلَن يُخْلِفَ اللّهُ عَهْدَهُ أَمْ تَقُولُونَ عَلَى اللّهِ مَـا لاَ تَعْلَمُونَ{٨٠}

وتیان : ئاگری دۆزەخ چـەند ڕۆژێکـی کـەم نـەبێ لـە کـەسمان نادا: ئەی (محمد) پێیان بڵێ : ئاخۆ پەیمانتان لە خودا وەرگرتووە ، کە دیـارە خـودا هـەرگیز لـە پـەیمانی خـۆی پاشـگەز نابێتـەوە ، یـا شـتێکتان بـە دەم خـوداوە هەڵبەسـتووە خۆیشـتان نـایزانن‌و درۆو ساختەیە ؟

بَلَى مَن كَسَبَ سَيِّئَةً وَأَحَاطَتْ بِهِ خَطِيـئَتُهُ فَأُولَـئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ {٨١}

نەخەیر وا نی‌یە ، بەڵکو هەر کەسێ کەسبی کاری نابار بکـات‌و تاوان لە هەموو لاوە گەمارۆی بدات‌و سووسەیێ خـێر لـە کردەوەیـدا نـەبێ ، ئـەو جۆرانـە وان لـە ئـاگری دۆزەخـداو هـەتا هەتایـە تێیـدا ئەمێننەوە .

وَالَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَـاتِ أُولَـئِكَ أَصْحَـابُ الْجَنَّةِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ {٨٢}

ئەوانــەیش باوەڕیــان هەیــەو کــردەوەی بــاش ئەکــەن ئەوانــە خاوەنی بەهەشتن‌و هەتا هەتایە تێیدا ئەمێننەوە .

وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَ بَنِي إِسْرَائِيلَ لاَ تَعْبُدُونَ إِلاَّ اللّهَ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَاناً وَذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَقُولُواْ لِلنَّاسِ حُسْناً وَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ وَآتُواْ الزَّكَاةَ ثُمَّ تَوَلَّيْتُمْ إِلاَّ قَلِيلاً مِّنكُمْ وَأَنتُم مِّعْرِضُونَ {٨٣}

یــادی ئــەوە بکەنــەوە کــە وەختــی خــۆی بــەڵێنمان لــە بەنی‌ئیسرائیل وەرگرت بێجگە خودا هیچی تـر نەپەرسـتن‌و ، لەگـەڵ باوک‌و دایکدا چاک بن، هەروەها لەگەڵ خوێشان‌و هەتیوان‌و هەژاراندا چاک بن‌و ، لەگەڵ خەڵکدا قسەتان بـاش‌و خـێرو خۆشـی‌و ڕێنومـایی بـێ، پـەیمانمان لێ وەرگرتـن نوێـژ بکــەن‌و زەکـات بـدەن ، بــەڵام لەپاشان کەمێکتان نەبێ هەمووتان هەڵگەڕانەوەو ڕووتان لەو پەیمان‌و بەڵێنانە وەرچەرخاند .

وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَكُمْ لاَ تَسْفِكُونَ دِمَاءكُمْ وَلاَ تُخْرِجُونَ أَنفُسَكُم مِّن دِيَارِكُمْ ثُمَّ أَقْرَرْتُمْ وَأَنتُمْ تَشْهَدُونَ {٨٤}

بەنی ئیسرائیلییەکان ! یادی ئەوە بکەنــەوە کـە پـەیمانمان لێ وەرگرتن خوێنی یەکتر بە ناحەق نەڕێژن‌و یەکتر نـەکوژن‌و یـەکتر لـە نیشتمان‌وماڵو حاڵی خۆیان دەرنەکـەن . لـەپاش ئـەوەیش دانتـان بەوەدا نا کە پێویستە ئەم پەیمانە بەرنە سەرو خۆتـان ئاگاتـان لـەم کەین‌و بەینە بوو.

ثُمَّ أَنتُمْ هَـؤُلاء تَقْتُلُونَ أَنفُسَكُمْ وَتُخْرِجُونَ فَرِيقاً مِّنكُم مِّن دِيَارِهِمْ تَظَاهَرُونَ عَلَيْهِم بِالإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَإِن يَأتُوكُمْ أُسَارَى تُفَادُوهُمْ وَهُوَ مُحَرَّمٌ عَلَيْكُمْ إِخْرَاجُهُمْ أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ الْكِتَابِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ فَمَا جَزَاءُ مَن يَفْعَلُ ذَلِكَ مِنكُمْ إِلاَّ خِزْيٌ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يُرَدُّونَ إِلَى أَشَدِّ الْعَذَابِ وَمَا اللّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ{٨٥}

پاشان ئێوه خۆتانتان ئەکوشتو ، کۆمەڵێکتان لە خۆتان لە ماڵو حاڵو ولاتی خۆیان دەرئەکردو لەو کوشتنو دەرکردنەدا پشتی یەکترتان ئەگرتو بە هەمووتانەوە تاوانەکەتان ئەکرد کەچی ئەگەر ئەوانە بە دیلی دەستی دوژمن بکەوتنایە فیدیەتان بۆ ئەدانو ڕزگارتان ئەکردن لە دیلی . دیارە ئەم دەرکردنی خەڵکە لە ڕێو شوێنی خۆیان ، کارێکی حەرامەو نابێ بکرێ . ئێوە چ جۆرە بنیادەمێکن ؟ ئیمانتان بە هەندێ لە پەیمانەکە هەیە کە لە کیتابو پەیماننامەکەدا نووسراوەو ئیمانتان بە هەندێکیتری نییە ! بۆ فیدیەو لە دیلی ڕزگارکردنیان حازرن ، کەچی بە بێسووچو گوناه لە ڕێوشوێنی خۆیان دەریانئەکەن یا بەکوشتیان ئەدەن . پاداشی ئەوەتان ئەم جۆرە کارانە بکات هیچ نییە بێجگە لە ڕسوایی لە ژیانی دنیادا. بێگومان لە ڕۆژی قیامەتیشدا سزای سەخت ئەدرێنو باریان سووك ناکرێت . خودا هەرگیز بێئاگا نییە لەوەی ئێوە ئەیکەن .

أُولَـئِكَ الَّذِينَ اشْتَرَوُاْ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا بِالآَخِرَةِ فَلاَ يُخَفَّفُ عَنْهُمُ الْعَذَابُ وَلاَ هُمْ يُنصَرُونَ {٨٦}

ئەوانە ژیانی دنیایان کڕیوەو لەباتی ژیانی ئەبەدیی قیامەت دنیایان پەسەند کردووە بەسەر قیامەتدا . بۆیە سزاو ئازاریان سووك ناکرێتو یارمەتی نادرێن .

وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ وَقَفَّيْنَا مِن بَعْدِهِ بِالرُّسُلِ وَآتَيْنَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ الْبَيِّنَاتِ وَأَيَّدْنَاهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ أَفَكُلَّمَا جَاءكُمْ رَسُولٌ بِمَا لاَ تَهْوَى أَنفُسُكُمُ اسْتَكْبَرْتُمْ فَفَرِيقاً كَذَّبْتُمْ وَفَرِيقاً تَقْتُلُونَ {٨٧}

بەڕاستی تەوراتمان دا بە مووساو ، بە شوێنی ئەودا کومەڵێ لە پێغەمبەرانمان ڕەوانە کردنو موعجیزەو ئایەتی گەورەو ڕووناکمان دا بە عیسای کوڕی مەریەم ، دروودی خودا لەسەر هەموویان بێت ، هەروەها هێزی غەیبمان دایە بەهۆی جیبرەئیلەوە کە ئەمینە لامان. بۆ هەر کاتێ پێغەمبەرێ ڕەوانە بکرێ بۆ سەرتانو ، یاساو شەریعەتێ بهێنێ بۆتان لەگەڵ ئارەزووی نەفستانا ڕێكنەكەوێ ، ئەبێ خۆتان بە گەورە بزاننو کۆمەڵێ لەو پێغەمبەرانە بکوژنو کومەڵێکیتریشیان ئینکار بکەنو بە درۆزنیان دابنێن ؟

وَقَالُواْ قُلُوبُنَا غُلْفٌ بَل لَّعَنَهُمُ اللَّه بِكُفْرِهِمْ فَقَلِيلاً مَّا يُؤْمِنُونَ{٨٨}

ئەڵێن بەرامبەری تۆ دڵمان داخراوەو پەردەی بەسەردا ٢٧

کێشراوەو لە قسەکانت تێناگەین . نەخێر بە هۆی کافرییانەوە خودای گەورە نەفرینی ێ کردوون‌و لە بەزەیی خۆی دووری خستوونەتەوە . ئەمانە زۆر کەمیان ئیمان دێنن‌و دوای ئامۆژگارییەکانت ئەکەون .

وَلَمَّا جَاءَهُمْ كِتَابٌ مِّنْ عِندِ اللَّهِ مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمْ وَكَانُواْ مِن قَبْلُ يَسْتَفْتِحُونَ عَلَى الَّذِينَ كَفَرُواْ فَلَمَّا جَاءَهُم مَّا عَرَفُواْ كَفَرُواْ بِهِ فَلَعْنَةُ اللَّه عَلَى الْكَافِرِينَ {٨٩}

لەکاتێکدا لەسەر دەستی پێغەمبەردا (د.خ) قورئانیان بۆ هات کە باوەڕی بە کتێبەکەی ئەوان بوو تەصدیقی ئەکرد ، ئەمان ئینکاریان کردو باوەڕیان پێ نەکرد کەچی لەوەپێش ، واتە پێش نازڵبوونی قورئان‌و نێررانی پێغەمبەر (د.خ) بە موشریکەکانیان ئەوت : ئەگەر خودا دەرووی لێ کردینەوەو پێغەمبەری ئاخر زەمان هات ئێمە زاڵ ئەبین بەسەرتاندا . بەڵام کە پێغەمبەر نێرراو قورئان نازڵکرا خۆیان بەهۆی ئەوەوە کە ناردنی ئەم پێغەمبەرە لە کتێبەکەیاندا باس کرابوو ، ئەیانزانی دێ ، بەڵێ کە ئەم پێغەمبەرە هات ئەوان پاشگەز بوونەوەو ئیمانیان پێ نەهێنا . لەعنەت‌و نەفرینی خودای گەورە لە کافران‌و بێبڕوایان بێ .

بِئْسَمَا اشْتَرَوْاْ بِهِ أَنفُسَهُمْ أَن يَكْفُرُواْ بِمَا أنَزَلَ اللَّهُ بَغْياً أَن يُنَزِّلُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ عَلَى مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ فَبَآؤُواْ بِغَضَبٍ عَلَى غَضَبٍ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ مُّهِينٌ {٩٠}

شتێکیٚ زۆر خراپو نرخێکی زۆر نالەبار بوو بەختیاریی خۆیان پێ فرۆشت ، ئەوەیش بریتی بوو لە باوەڕپێ نەکردنو ئینکارکردنی ئەو قورئانەی خودا ناردوویەتی بۆ پێغەمبەری ئاخر زەمان . سیڕڕی ئەم فرۆشتنە پڕ لە زیانەیش ئەوە بوو حەزیان نەئەکرد خودای گەورە بەفەزڵی خۆی کتێب بنێریٚ بۆ سەر کەسیٚ کە مەیلی ئەوە بیٚ بەرزی بکاتەوە ، کە حەزرەتی موحەممەدە (د.خ) .

جا بەهۆی ئەم مامەڵە ناشیرینەوە گەڕانەوە بۆ سەر حاڵی خۆیان بە غەزەب لەسەر غەزەب . بیٚگومان کافرەکان سزاو ئازارێکی سەرشۆڕکەرو ئابڕووبەر ئەدرێن .

وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ آمِنُواْ بِمَا أَنزَلَ اللّهُ قَالُواْ نُؤْمِنُ بِمَآ أُنزِلَ عَلَيْنَا وَيَكْفُرونَ بِمَا وَرَاءهُ وَهُوَ الْحَقُّ مُصَدِّقاً لِّمَا مَعَهُمْ قُلْ فَلِمَ تَقْتُلُونَ أَنبِيَاءَ اللّهِ مِن قَبْلُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ {٩١}

کە پێیان بڵێن ئیمان بێننو باوەڕ بکەن بەو قورئانەی خودای گەورە ناردوویە بۆ موحەممەد (د.خ) لە وەڵامدا ئەڵێن : ئیمان دێنینو باوەڕ ئەکەین تەنها بەو تەوراتەی هاتووە بۆمان ئیتر ئینکاری غەیری ئەوە ئەکەن ، کەچی قورئانی پیرۆز ڕاستەو لای خوداوە هاتووەو باوەڕیشی هەیە بە کتێبەکەی ئەوان و ئەڵیٚ : ڕاستە . جا ئەی پێغەمبەر پێیان بڵیٚ : ئێوە ئەگەر ڕاست ئەکەن باوەڕتان بە تەوراتەکەی خۆتان هەیە ئەی بۆچی لەمەوپێش پێغەمبەرە فروستادەکانی خوداتان ئەکوشت ؟

وَلَقَدْ جَاءَكُم مُّوسَى بِالْبَيِّنَاتِ ثُمَّ اتَّخَذْتُمُ الْعِجْلَ مِن بَعْدِهِ وَأَنتُمْ ظَالِمُونَ {٩٢}

لەكاتی خۆیا مووسا هاتە لاتان بە پێغەمبەری‌و بە چەند موعجیزەی دیارەوە ، کەچی هەر کە نەختێ بەجێی‌هێشتن‌و لەناوتانا نەما گورج (سامری) لە خشتەی بردن‌و دەستتان دایە پەرستنی هەیکەلی گوێرەکەیەکی قوڕەکەرو خوای گەورەتان لەبیرچوویەوەو ئێوە بەم‌کارە ستەمکارن .

وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَكُمْ وَرَفَعْنَا فَوْقَكُمُ الطُّورَ خُذُواْ مَا آتَيْنَاكُم بِقُوَّةٍ وَاسْمَعُواْ قَالُواْ سَمِعْنَا وَعَصَيْنَا وَأُشْرِبُواْ فِي قُلُوبِهِمُ الْعِجْلَ بِكُفْرِهِمْ قُلْ بِئْسَمَا يَأْمُرُكُمْ بِهِ إِيمَانُكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ {٩٣}

یادی ئەوە بکەنەوە کە پەیمانمان لێ وەرگرتن‌و کێوی طوورمان بەرز کردەوە بەسەرتانەوەو پێمان وتن : ئەو تەوراتە کە بۆمان ناردوون چی تیایە بەڕاستی‌و ئیمانەوە وەری‌بگرن‌و فەرمانمان ببیسن‌و بێ‌گوێییمان مەکەن . ئەوانیش وتیان ، واتە ئێوەیش وتتان بەڵێ بیستمان بەلاّم بەگوێمان نەکردی . خۆشەویستی گوێرەکەکە چووبووە ناخی دڵو دەروونیان‌و نەیان‌ئەتوانی وازی لێ بێنن چونکە کافر بوون‌و وایان ئەزانی خوا چووەتە لەشی ئەو گوێرەکەوە ، یا خودا جیسمە (والعیاذ باللە) . جا پێیان بڵێ : ئەوەی ئیمانەکەتان

ئەمرتان پێ ئەکات ، ئەگەر ڕاست بێ ئیمانتان هەبێ ، شتێکی زۆر بەدو ناڕەوایە . مەبەستی خوای گەورە ئەوەیە ئەمانە هەر لە بنەڕەتدا ئیمانیان نیـیە ، چونکە ئیمان بەدسروشتیو ئینکارکردنی ئەمری خودا پەسەند ناکات . ئەگەر ئیمانیان هەبوایە باوەڕیان بە پێغەمبەری خوداو کتێبی خودا ئەکردو سەرپێچییان لێ نەئەکرد .

قُلْ إِن كَانَتْ لَكُمُ الدَّارُ الآَخِرَةُ عِندَ اللَّهِ خَالِصَةً مِّن دُونِ النَّاسِ فَتَمَنَّوُاْ الْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ {٩٤}

پێیان بڵێ : ئەگەر ڕاستە خانووی قیامەتو بەهەشت هەر تەنها بۆ ئێوەیەو وەك ئێوە ئەڵێن غەیری جوولەکەو گاوری تێناچێت ، دەی تەمەننای مردن بکەن، چونکە خۆتان واتەنی هەر کەمردن فڕکەوبەهەشتن.

وَلَن يَتَمَنَّوْهُ أَبَدًا بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمينَ{٩٥}

بێگومان هەرگیزاوهەرگیز تەمەننای مردن ناکەن ، چونکە خۆیان چاك ئەزانن چەند کردەوەی بەدیان کردووەو یارای ئەوەیان نییە بەرەوڕووی حیسابو کیتابی ڕۆژی قیامەتو پاش مەرگ ببنەوە . خودای گەورە بە ستەمکارەکان ئەزانێو ئاگادارە چییان کردووەو ، بێگومان تۆڵەیان لێ ئەسێنێتەوە .

وَلَتَجِدَنَّهُمْ أَحْرَصَ النَّاسِ عَلَى حَيَاةٍ وَمِنَ الَّذِينَ أَشْرَكُواْ يَوَدُّ أَحَدُهُمْ لَوْ يُعَمَّرُ أَلْفَ سَنَةٍ وَمَا هُوَ بِمُزَحْزِحِهِ مِنَ الْعَذَابِ أَن يُعَمَّرَ وَاللّهُ بَصِيرٌ بِمَا يَعْمَلُونَ {٩٦}

بەڕاستی ئەو جوولەکانە ئەبینی لە هەمووکەس حەریصترن بـۆ ژیانی دنیا تەنانەت لـە کافرەکـانیش کـە شـەریك بۆ خـودا دائـەنێن هەرکامێکیان حەزئەکا هەزار ساڵ بـژی ، خـۆ ئەگـەر هـەزار سـاڵیش بـژی ئـەو عومـرە درێـژە لـە سـزای ڕۆژی قیامـەت و تۆڵـەی خودایـی ڕزگـاری ناکـات . خـودای گـەورە بینایـەو ئاگـای لـەو کـردەوە ناشیرینانەیە کە ئەیکەن .

قُلْ مَن كَانَ عَدُوًّا لِّجِبْرِيلَ فَإِنَّهُ نَزَّلَهُ عَلَى قَلْبِكَ بِـــإِذْنِ اللّهِ مُصَدِّقاً لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَهُدًى وَبُشْرَى لِلْمُؤْمِنِينَ {٩٧}

بەو جوولەکانە بڵێ : هەرکـەس دوژمنـی جیـبرەئیل بـێ (د.خ) لای خودای گەورە نرخی نی‌یـە چونکـە جیـبرەئیل لـە فریشـتەکانی بارەگایەو خودای گەورە بە قورئانەوە ناردوویەتی بۆ سـەر دڵـی تـۆ ئەی موحەممەد . ئەو قورئانەیش باوەڕی بەو کتێبانە هەیە کـە لای خوداوە هـاتوون ، هـەروەها ئـەو قورئانـــە هـۆی شـارەزایی‌یە بـۆ شارێگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و موژدەی بەختیاریی دواڕۆژ ئـەدات بە موسوڵمانمان .

مَن كَانَ عَدُوًّا لِّلّهِ وَمَلآئِكَتِهِ وَرُسُلِهِ وَجِبْرِيلَ وَمِيكَـــالَ فَإِنَّ اللّهَ عَدُوٌّ لِّلْكَافِرِينَ {٩٨}

هەرکـــەس دوژمنـــی خـــوداو فریشـــتەکانیو پێغەمبـــەرەکانیو جیبرەئیلو میکائیل بێ ئەوە خودا دوژمنیەتی چونکە ئەو کەسە کە ئەمە خووی بێ کافرەو خودایش دوژمنی کافرانە .

وَلَقَدْ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ آيَـــاتٍ بَيِّنَـــاتٍ وَمَـــا يَكْفُـــرُ بِـــهَا إِلاَّ الْفَاسِقُونَ{٩٩}

بەڕاستی ئێمە چەند ئایەتێکی ئاشکراو دیارمـان بـۆ نـاردوویو تەنـها بـەدکارانو لـەڕێلادەران ئینکاریـان ئەکـەنو ئیمانیـان پـێ ناهێنن.

أَوَ كُلَّمَا عَاهَدُواْ عَهْداً نَّبَذَهُ فَرِيقٌ مِّنْـــهُم بَـــلْ أَكْـــثَرُهُمْ لاَيُؤْمِنُونَ{١٠٠}

ئەمانە بۆ ئەوەندە ناپیاون ؟ هەر کاتێ پەیمانێ ببەســتن بـڕێ لەوانە دێن پەیمانەکە تێك ئەدەنو نایبەنە سەر . تـۆ واز لـە پـەیمان بێنە. زۆرتری ئەم جۆرە کەسانە هەر لە بنەڕەتدا باوەڕیان بە خـودا نییە .

وَلَمَّآ جَاءَهُمْ رَسُولٌ مِّنْ عِندِ اللّهِ مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمْ نَبَـذَ فَرِيقٌ مِّنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ كِتَابَ اللّـــــهِ وَرَاءَ ظُـــهُورِهِمْ كَأَنَّهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ {١٠١}

کـاتێ لـەلاین خـوداوە پێغەمبـەرێکی وەهـا دێتـە لایـان ، وەك موحەممەدو عیسا ، کە باوەڕی بە کتێبەکەی ئەوان هەیەو بە ڕاستی

ئەزانیێو قەدری ئەگریێ ، کۆمەڵێ لەوانەی وەختی خۆی لە لایەن خوداوە کتێبیان دراوەتێ کتێبەکەی خودا فڕێئەدەنە لاوەو پشتگوێی ئەخەن‌و بەگوێرەی ئەوەی تیایەتی ناجووڵێنەوە ، وەك بڵێی هیچیان نەزانیبێو هەر کتێبیشیان نەدیبێ .

وَاتَّبَعُواْ مَا تَتْلُواْ الشَّيَاطِينُ عَلَى مُلْكِ سُلَيْمَانَ وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَانُ وَلَـكِنَّ الشَّيْاطِينَ كَفَرُواْ يُعَلِّمُونَ النَّاسَ السِّحْرَ وَمَا أُنزِلَ عَلَى الْمَلَكَيْنِ بِبَابِلَ هَارُوتَ وَمَارُوتَ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّى يَقُولاَ إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلاَ تَكْفُرْ فَيَتَعَلَّمُونَ مِنْهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِ بَيْنَ الْمَرْءِ وَزَوْجِهِ وَمَا هُم بِضَآرِّينَ بِهِ مِنْ أَحَدٍ إِلاَّ بِإِذْنِ اللّهِ وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمْ وَلاَ يَنفَعُهُمْ وَلَقَدْ عَلِمُواْ لَمَنِ اشْتَرَاهُ مَا لَهُ فِي الآخِرَةِ مِنْ خَلاَقٍ وَلَبِئْسَ مَا شَرَوْاْ بِهِ أَنفُسَهُمْ لَوْ كَانُواْ يَعْلَمُونَ {١٠٢}

ئەوانە سەرەڕای ئەوەی کتێبی خودایان خستە لاوەو بەگوێیان نەکرد کەوتیشنە شوێنی ئەوەی شەیتانەکان لە سەردەمی سولەیمان پێغەمبەردا ئەیانخوێندەوە. سولەیمان کافر نەبوو بەڵام شەیتانەکان کافر بوون ، جادوویان فێری خەڵك ئەکرد . هەروەها دوای ئەو جۆرە جادووە ئەکەوتن کە نێررابوو بۆ دوو فریشتە لە (بابل) ، کە ناویان هارووت‌و مارووت بوو ، بۆ تاقیکردنەوەی خەڵك. خودا ناردبوونی . ئەو دووانەش جادوویان فێری کەس نەئەکرد تا پێیان نەوتایە ئێمە فیتنەین فێری جادوو مەبن‌و خۆتان کافر

مەكەن. جا خەڵكی لەوانەوە فێری جادووی وەها ئەبوون پیاوو ژنیان لەیەك ئەكردو ناكۆكییان ئەخستە نێوانیانەوە كە پێكەوە نەیانكرایە . ئەمانە بە ئیزنی خودا نەبوایە نەیانئەتوانی زیان بە كەس بگەیێنن . هەروەها شتی وەها فێر ئەبوون كە سوودی نەبوو بۆیان‌و زیانی پێ ئەگەیاندن . ئەمانە زۆر باشیش ئەیانزانی ئەوەی فێری ئەو جادووگەرییە ببیٚو لە زیانی خەڵكا بەكاری بێنیٚ لە پاشەڕۆژدا لە خێر بیٚبەشەو لە ڕۆژی قیامەتدا هیچ پاداشێكی چاكی دەس‌ناكەویٚ . لەڕاستیدا ئەگەر بەخۆیان بزانن ئەوەی ئەوان خۆیانیان پیٚ فرۆشت شتێكی زۆر بەدو خراپ بوو .

وَلَوْ أَنَّهُمْ آمَنُواْ واتَّقَوْا لَمَثُوبَةٌ مِّنْ عِندِ اللَّه خَيْرٌ لَّوْ كَانُواْ يَعْلَمُونَ {١٠٣}

ئەگەر ئەوانە ئیمانیان بهێنایەو لە خودا بترسانایە بۆیان دەرئەكەوت كە پاداشی خێر لە لای خوداوە چاكترە لەو دنیایە كە دەستیان ئەكەویٚ . ئەگەر ئەمەیان بزانیایە وەهایان نەئەكرد .

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَقُولُواْ رَاعِنَا وَقُولُواْ انظُرْنَا وَاسْمَعُوا وَلِلكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ {١٠٤}

ئەی موسوڵمانینە كە قسە لەگەڵ پێغەمبەر ئەكەن پێی مەڵێن: (راعنا)و پێی بڵێن (انظرنا) . ئەم دوو ڕستەیە یەك مەعنایان هەیە ، واتە تەماشامان بكەو لەسەرخۆ موتابەعەمان بكە ، تا ئەوەی پێمان ئەفەرمووی تێیبگەین‌و لێی حاڵی ببین . بەڵام جوولەكەكان لەگەڵ

پێغەمبەر (راعنا) یان بەکارئەهێنا بە مەبەستی جنێودان و ناتۆرەنان لە پێغەمبەر ، بۆیە خودا مەنعی موسوڵمانانی کرد لە بەکارهێنانی وشەی (راعنا) . هەروەها گوێ لە ئەمری خوداو ئیرشادی پێغەمبەر بگرن و دڵنیا بن کە کافرەکان سزایێکی سەخت ئەدرێن .

مَّا يَوَدُّ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَلاَ الْمُشْرِكِينَ أَن يُنَزَّلَ عَلَيْكُم مِّنْ خَيْرٍ مِّن رَّبِّكُمْ وَاللّهُ يَخْتَصُّ بِرَحْمَتِهِ مَن يَشَاء وَاللّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ {١٠٥}

کافرەکان ، چ کیتابی و چ موشریك ، پێیان خۆش نی‌یە لەلایەن خوداوە خێرو بەرەکەتتان بۆ بێت . خودا بە میهرەبانی خۆی ئەیەوێ بەتایبەتی خێر برژێنێ بەسەر ئەوکەسەدا کە خۆشی ئەوێ ، ئەوان چکارەن ؟ بەهرەی گەورە لای خودای مەزنە .

مَا نَنسَخْ مِنْ آيَةٍ أَوْ نُنسِهَا نَأْتِ بِخَيْرٍ مِّنْهَا أَوْ مِثْلِهَا أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللّهَ عَلَىَ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ {١٠٦}

ئەو ئایەتەی لەفزو مەعنای پێکەوە لاببەین یا یەکێکیان بەتەنها یا لەبیری خەڵکی بەرینەوە ، ئەوە چاکتر لەو ئایەتەو لەو حوکمەی لێی وەرئەگیرێ ، یا وەك ئەو لە جێگەیدا دائەنێین . ئەی نازانی خودا بەسەر هەموو شتێکدا توانایە ؟

أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللّهَ لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ اللّهِ مِن وَلِيٍّ وَلاَ نَصِيرٍ {١٠٧}

ئایا نازانی موڵکی ئاسمان و ئەرز هەر هی خودایەو ، بۆ ئێوە

بێجگە لە خودا سەرپەرشتیکەرێ یا یارمەتیدەرێ نی‌یە ؟

أَمْ تُرِيدُونَ أَن تَسْأَلُواْ رَسُولَكُمْ كَمَا سُئِلَ مُوسَى مِن قَبْلُ وَمَن يَتَبَدَّلِ الْكُفْرَ بِالإِيمَانِ فَقَدْ ضَلَّ سَوَاء السَّبِيلِ{١٠٨}

یاخۆ ئەتانەوێ ئێوەیش داوای ئەو شتانە بکەن لە پێغەمبەری خۆتان کە بەنی ئیسرائیل لەمەوپێش داوایان ئەکرد لە مووسا ؟ نە شتی وا مەکەن با کافر نەبن . هەرکەس ئیمان بگۆڕێتەوە بە کوفر ئەوە ڕێگای ڕاستی ون کردووە .

وَدَّ كَثِيرٌ مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَوْ يَرُدُّونَكُم مِّن بَعْدِ إِيمَانِكُمْ كُفَّاراً حَسَدًا مِّنْ عِندِ أَنفُسِهِم مِّن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ الْحَقُّ فَاعْفُواْ وَاصْفَحُواْ حَتَّى يَأْتِيَ اللّهُ بِأَمْرِهِ إِنَّ اللّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ{١٠٩}

گەلێ لە ئەهلی کیتاب ، پاش ئەوەی ڕاستییان بۆ دەرکەوت ، لە حەسوودیو بەخیلی خۆیانو بەدنیازییان زۆریان پێ خۆشە ئێوە لەسەر ئەم ئایینی ئیسلامە نەمێننو بگەڕێنەوە بۆ کوفرو بێدینی . ئێوە لێیان گەڕێنو چاوپۆشییان لێ بکەن تا ئەمری خودا دێ یا بە ڕێکەوتن لەگەڵیان یا بە جەنگ . خوا بەسەر هەموو شتێکدا دەستەڵاتی هەیەو توانایە .

وَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ وَآتُواْ الزَّكَاةَ وَمَا تُقَدِّمُواْ لأَنفُسِكُم مِّنْ خَيْرٍ تَجِدُوهُ عِندَ اللّهِ إِنَّ اللّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ {١١٠}

نوێژەکانتـــان بـــاش بـــەجێبێنن‌و زەکـــات بـــدەن بـــە موستەحەققان. هـەر خێرو چاکەیەك ئەمرۆ بیکەن‌و پێش مردنی خۆتانی بخەن ڕۆژی خۆی لای خـودای گـەورە بێکەمی‌و بەزیادەوە دەستتان ئەکەوێتەوە . خودا بینایەو ئاگای لە هەموو کردارتانە .

وَقَالُواْ لَن يَدْخُلَ الْجَنَّةَ إِلاَّ مَن كَانَ هُوداً أَوْ نَصَـــارَى تِلْكَ أَمَانِيُّهُمْ قُلْ هَاتُواْ بُرْهَانَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ {١١١}

کیتابی‌یەکان ئەڵێن جوولەکـەو گـاور نـەبێ کـەس ناچێتـە بەهەشت . ئەمە ئارەزوو خەیاڵاتی پڕوپووچی ئەوانە . پێیان بڵێ ئەگەر ڕاست ئەکەن ئیسباتی بکەن‌و دەلیلی لەسەر بێننەوە خـۆ بە تەنها قسەو گەزاف نابێ .

بَلَى مَنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لِلّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَلَهُ أَجْرُهُ عِنـــدَ رَبِّهِ وَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ {١١٢}

نەخـەیر وا نی‌یە بەڵکو ئەوکەسەی ڕوو بکاتـە قـاپیی خـوداو خۆی بداتـە دەسـتی خـوداو کردەوەیشـی چـاك بـێ ئـەوە پاداشـی شایستەی لای خودایەو ئەم جۆرە کەسانە لە پاشەڕۆژا واتە لە ڕۆژی قیامەتدا نە ترسیان هەیەو نە خەم .

وَقَالَتِ الْيَهُودُ لَيْسَتِ النَّصَارَى عَلَـــى شَـــيْءٍ وَقَـــالَتِ النَّصَارَى لَيْسَتِ الْيَهُودُ عَلَى شَيْءٍ وَهُمْ يَتْلُونَ الْكِتَابَ كَذَلِكَ قَالَ الَّذِينَ لاَ يَعْلَمُونَ مِثْلَ قَوْلِهِمْ فَاللّهُ يَحْكُـــمُ بَيْنَـــهُمْ يَـــوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كَانُواْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ {١١٣}

جووەکان ئەڵێن : گاور لەسەر ئایینی ڕاست نین . گاورەکانیش ئەڵێن : جووەکان لەسەر ئایینی ڕاست نین . کەچی کتێبیش ئەخوێننەوە. نەزانەکانی پێش ئەمانیش هەر هەمان قسەیان ئەکرد . جا خودا لە ڕۆژی قیامەتدا حوکم ئەکا لەنێوانیانا لە هەرشتێکدا ئیختیلافیان هەبێ تیایاو ئەو ئەیبڕێتەوە .

ومَنْ أظلمُ ممَّن منَع مساجد اللَّه أن يُذكَرَ فِيهَا اسْمُهُ وَسَعَى فِي خَرَابِهَا أُوْلَـئِكَ مَا كَانَ لَهُمْ أن يَدْخُلوهَا إلاَّ خَآئفِينَ لهُمْ في الدُّنْيَا خزْيٌ ولَهُمْ فِي الآخِرَةِ عَذَابٌ عظيمٌ{١١٤}

کێ ستەمکارترە لەو کەسەی ڕێگای مزگەوتەکانیخودا ئەگرێو نایەڵێ ناوی خودایان تیا ببرێو عیبادەتی تیا بۆ بکرێو ، هەوڵئەدا کاولیان بکات . ئەوانە ئەبوایە بە لەخوداترسانو خوشووعەوە نەبوایە نەچوونایەتە ناو ئەو مزگەوتانەوە ، نەك جورئەتی ئەوەیان هەبێ کاولیان بکەنو ڕێگا لە عیبادەت بگرن تیایانا . ئیستە کە وەها بێشەرمی ئەکەن، توڵەیان لە دنیادا ڕیسوایییەو لە ڕۆژی قیامەتیشدا سزای گەورەو سەخت ئەچێژن .

وللَّه الْمشْرقُ والْمَغْربُ فأيْنمَا تُولُّوا فثَمَّ وجْهُ اللَّهِ إنَّ اللَّهَ واسِعٌ عليمٌ {١١٥}

خۆرهەڵاتو خۆرنشین هەموو موڵکی خودایەو ، بۆ هەر شوێنێك ڕووتان وەرچەرخێنن لەوێدا نیشانەی زاتی پەروەردگار

هەیە ، مزگەوت بێ یا شوێنێکی‌تر . چونکە هێزو توانایی خودا فراوانەو بە هەموو لایەکدا ئەگاتو ئاگای لە هەموو شتێکتان هەیە .

وَقَالُواْ اتَّخَذَ اللّهُ وَلَدًا سُبْحَانَهُ بَل لَّهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ كُلٌّ لَّهُ قَانِتُونَ {١١٦}

جوو ئەڵێن عوزەیر خودایەو گاور ئەڵێن عیسا کوڕی خودایەو موشریکەکان ئەڵێن فریشتەکان کچی خودان . نەخەیر وا نی‌یە ، بەڵکو خودا ئافەریننده‌ی هەموو ئەو شتانەیە کە لە ئەرزو ئاسماندان بە عوزەیرو عیساو فریشتەکانیشەوە ، هەموو ئەم کەونو کائیناتە ملکەچی ئەونو لەژێر دەستەڵاتو خواستی ئەودان . جا شتێ ئاوا موحتاج و ملکەچ بێ چی لەگەڵ خالیق کۆی ئەکاتەوە ؟ ئەولاد ئەبێ هاوجینسی باوک بێ .

بَدِيعُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَإِذَا قَضَى أَمْراً فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُن فَيَكُونُ {١١٧}

خودا ئاسمانو ئەرزی داهێناوەو دروستی کردوون . خودا بۆ دروست کردن دانامێنی‌و هەرکاتێ بیەوێ شتێ ببێ پێی ئەڵێ ببەو شتەکەش یەکسەر ئەبێ .

وَقَالَ الَّذِينَ لاَ يَعْلَمُونَ لَوْلاَ يُكَلِّمُنَا اللّهُ أَوْ تَأْتِينَا آيَةٌ كَذَلِكَ قَالَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِم مِّثْلَ قَوْلِهِمْ تَشَابَهَتْ قُلُوبُهُمْ قَدْ بَيَّنَّا الآيَاتِ لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ {١١٨}

موشریکە نەزانەکان یا کیتابی‌یە خۆبەنەزان کردووەکان ئەڵێن:

بۆ خودا قسەمان لەگەڵ ناكات وەك لەگەڵ مەلائیكەی ئەكات ؟ بۆ دەلیل و بەڵگەیەكمان بۆ نایەت ئیسپاتی ڕاستگۆییت بكات ؟ نەتەوەكانی پێش ئەمانیش هەروەك ئەمان قسەیان ئەكردو ئەیانوت: بۆ خوا بە ئاشكرا قسەمان لەگەڵ ناكات ؟ بۆ خوانێكی پڕ لە خواردەمەنیمان بۆ نابارێنێ ؟ ئەمان و ئەوان دڵیان وەك یەكەو یەك جۆر عەنادو سەركەشییان هەیەو كوێرن . ئێمە گەلێ ئایەت و نیشانەمان ڕوون كردوەتەوەو دەرخستووە بۆ ئەوانەی بەدوای حەقیقەت و ڕاستیدا ئەگەڕێن .

إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ بِالْحَقِّ بَشِيرًا وَنَذِيرًا وَلاَ تُسْأَلُ عَنْ أَصْحَابِ الْجَحِيمِ {١١٩}

ئیمە تۆمان بە ڕاستی ڕەوانە كردووە كە موژدەدەرو ترسێن بی ، ئیتر كە تۆ نامەی ڕاستی خۆت گەیاند كەس حەقی نی‌یە بەسەرتەوەو تۆ بەرپرسیار نیت لە دۆزەخییەكان و سزایان ، بۆ تۆ كە ترساندنت بەگوێیان نەكردی ؟

وَلَن تَرْضَى عَنكَ الْيَهُودُ وَلاَ النَّصَارَى حَتَّى تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ قُلْ إِنَّ هُدَى اللّهِ هُوَ الْهُدَى وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءَهُم بَعْدَ الَّذِي جَاءكَ مِنَ الْعِلْمِ مَا لَكَ مِنَ اللّهِ مِن وَلِيٍّ وَلاَ نَصِيرٍ {١٢٠}

جوولەكەو گاور هەرگیز لە تۆ ڕازی نابن تا نەكەویتە دوای یاساو ڕەوشتی ئەوان ، بەڵام تۆ بە هەموانیدا ڕابگەیەنە كە تەنها هیدایەتی خودا هیدایەتەو ئایین و میللەت ئەوەیە ئەو پەسەندی بكات

بێگومان ئەگەر بکەویتە دوای ئارەزووی ئەوان پاش ئەم زانیاریو یەقینە کە لای خوداوە بۆت هاتووە ، خودا نە سەرپەرشتیت ئەکات و نە یارمەتیت ئەدات.

الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَتْلُونَهُ حَقَّ تِلاَوَتِهِ أُوْلَـئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِ وَمن يَكْفُرْ بِهِ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ {١٢١}

ئەو کیتابییانەی کیتابمان پێ داونو بە جوانی ئەیخوێننەوەو لەفزەکەی ناگۆڕنو لە مەعناکەی ورد ئەبنەوە ، ئەوانە بەڕاستی باوەڕیان پێی هەیە ، نەك ئەوانەی ئەیگۆڕن . بێگومان ئەوانەی باوەڕیان پێی نییەو ئەیگۆڕن ، ئەوانە زیانبارنو تاهومێدی دنیاو قیامەتن .

يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اذْكُرُواْ نِعْمَتِيَ الَّتِي أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ وَأَنِّي فَضَّلْتُكُمْ عَلَى الْعَالَمِينَ {١٢٢}

ئەی بەنی ئیسرائیلییەکان بیر لەو نیعمەتانە بکەنەوە کە وەختی خۆی کردمنە خەلاتتان ، بیریٚ لەوە بکەنەوە کە چۆن گەورەم کردنو فەزڵم دان بەسەر ئەهلی جیهانی سەردەمی خۆتاندا

وَاتَّقُواْ يَوْماً لاَّ تَجْزِي نَفْسٌ عَن نَّفْسٍ شَيْئاً وَلاَ يُقْبَلُ مِنْهَا عَدْلٌ وَلاَ تَنفَعُهَا شَفَاعَةٌ وَلاَ هُمْ يُنصَرُونَ {١٢٣}

لەگەڵ یادکردنەوەی نیعمەتەکاندا خۆیشتان بپارێزن لە سزاو ئازاری ئەو ڕۆژە سەختەی بەهیچ جۆرێ هیچ نەفسێ بەکاری هیچ نەفسێ نایەتو ، فیدیەو باتی لە کەس وەرناگیرێو ، تکابۆکردن فریای ناکەوێو کافرانو خودانەپەرستان یارمەتی نادرێن .

وَإِذِ ابْتَلَى إِبْرَاهِيمَ رَبُّهُ بِكَلِمَاتٍ فَأَتَمَّهُنَّ قَالَ إِنِّي جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا قَالَ وَمِن ذُرِّيَّتِي قَالَ لاَ يَنَالُ عَهْدِي الظَّالِمِينَ{١٢٤}

یادی ئەوە بکەنەوە کە چۆن خودای گەورە ئیبراهیمی تاقی کردەوەو چەند ئەمرو نەهییێکی پێ ڕاگەیاندو ئەویش جێ بەجێی کردن ، بە باوکی وت : بۆچی بت ئەپەرستی ؟ بە نەمروودی وت : خودای تۆ ئەو کەسەیە کە خۆر لە خۆرهەڵاتەوە دەهێنێ ، هەروەها پێی وت : باکم نییە ئەگەر لە ئاگریشدا بمسووتێنی . کە ئەمانەی هەموو تەواو کرد ئەنجا خودا فەرمووی : ئەتکەم بە پێشەوای بەختەوەرانی جیهانی خۆت . ئیبراهیمیش عەرزی بارەگای خودای کردو وتی : لە نەوەکانیشم . خودا فەرمووی : پەیمانی من ستەمکاران ناگرێتەوە .

وَإِذْ جَعَلْنَا الْبَيْتَ مَثَابَةً لِّلنَّاسِ وَأَمْناً وَاتَّخِذُواْ مِن مَّقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى وَعَهِدْنَا إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ أَن طَهِّرَا بَيْتِيَ لِلطَّائِفِينَ وَالْعَاكِفِينَ وَالرُّكَّعِ السُّجُودِ {١٢٥}

یادی ئەوە بکەنەوە کە خانووی کەعبەی پیرۆزمان کردە مەڵبەندو جێحەسانەوەی زیارەتکەران بۆ هەر کەس ڕووی تێبکات هەروەها کردمانە شوێنێکی پیرۆزی وەها کە زیارەت کردنی هۆی پاداش بێو کردمانە شوێنی ئەمنو ئاسایشو هەرکەسێ لەوێ بێ ئەمینە لەوەی دەستدرێژی بکرێتەسەرو ، ئەو بەردەی شوێن پێی

ئیبراهیمی لەسەره یا ئەو شوێنە كە بەردەكەی تیایەو ئیبراهیم لەسەری ڕاوەستاوەو بانگی خەڵكی كردووه بۆ حەج ، یا هەمووی حەرەم بكەنە شوێن نوێژی خۆتانو خودا پەرستی تیا بكەن . یادی ئەو وەختە بكەنەوە كە بە ئیبراهیمو ئیسماعیلمان وت : خانووی من كەعبەی پیرۆز ، پاك بكەنەوە بۆ ئەوانەی بە دەوریا ئەسووڕێنەوەو بۆ ئەوانەی لەوێ ئەمێننەوە بۆ خودا پەرستیو بۆ ئەوانەی لە ڕكووعو سجوددان بۆ خودای گەوره .

وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ اجْعَلْ هَـذَا بَلَدًا آمِنًا وَارْزُقْ أَهْلَهُ مِنَ الثَّمَرَاتِ مَنْ آمَنَ مِنْهُم بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ قَالَ وَمَن كَفَرَ فَأُمَتِّعُهُ قَلِيلاً ثُمَّ أَضْطَرُّهُ إِلَى عَذَابِ النَّارِ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ {١٢٦}

یادی ئەو كاتە بكەنەوە كە ئیبراهیم دوعای كردو وتی : خودایا ئەم شوێنە بكە بە شارێكی هێمنو لە بەش و بارەی ژیواریش ڕۆزیی خەڵكەكەی بدە ئەوانەیان باوەڕیان هەیە بە خوداو بە ڕۆژی قیامەت . خودا فەرمووی تەنانەت كافرەكانیش هەر دڵخۆش ئەكەم بۆ ماوەیەكی كەم كە بریتی‌یە لە دنیا . جا ناچاریان ئەكەم بۆ سزای دۆزەخ . بێگومان دۆزەخ مەئوایەكی ناهەمواره .

وَإِذْ يَرْفَعُ إِبْرَاهِيمُ الْقَوَاعِدَ مِنَ الْبَيْتِ وَإِسْمَاعِيلُ رَبَّنَا تَقَبَّلْ مِنَّا إِنَّكَ أَنتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ {١٢٧}

یادی ئەو کاتە بکەنەوە کە وەختی خۆی ئیبراهیمو ئیسماعیل بناخەی کەعبەیان بەرز ئەکردەوە ، ئیبراهیم بینای ئەکردو ئیسماعیل بەردو شتومەکی ئەدایە دەستو لەگەڵ بەرزکردنەوەی بیناکەیدا لە خودا ئەپاڕانەوەو ئەیانوت : خودایا بە نەوازشی خۆت ئەم کارەمان لێ قبووڵ بفەرموو . بێگومان هەر تەنها تۆی هەموو دەنگێ ئەبیسیو هەر تۆی بە هەموو شت ئەزانی .

رَبَّنَا وَاجْعَلْنَا مُسْلِمَيْنِ لَكَ وَمِن ذُرِّيَّتِنَا أُمَّةً مُّسْلِمَةً لَّكَ وَأَرِنَا مَنَاسِكَنَا وَتُبْ عَلَيْنَآ إِنَّكَ أَنتَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ {١٢٨}

خودایا ، وامان لێ بکە گەردنکەچی تۆ بینو باوەڕمان پێت هەبێ . لە بەرەو نەوەیشمان کۆمەڵێ دروست بکە گەردنکەچی تۆ بنو باوەڕیان پێت هەبێو . ڕێوشوێنی چۆنیەتیی بەندەییو خوداپەرستیشمان پیشان بدەو ، تەوبەو لە گوناه پەشیمان بوونەوەمان لێ قبووڵ بکە . هەر تۆی زۆر تەوبە لە بەندەکانی خۆت قبووڵ ئەکەیتو هەر تۆی بەزەیی بێپایانت دێتەوە پیایاندا .

رَبَّنَا وَابْعَثْ فِيهِمْ رَسُولاً مِّنْهُمْ يَتْلُوا عَلَيْهِمْ آيَاتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ إِنَّكَ أَنتَ العَزِيزُ الحَكِيمُ {١٢٩}

خودایا هەر لە خۆیان پێغەمبەرێکیان بۆ ڕەوانە بکە ئایەتەکانی تۆ بخوێنێتەوە بەسەریانداو قورئانیان فێر بکاتو زانیاریو شتیوایان پیشان بدا کە بگەنە کەماڵو لە هاوڕێ بۆ خودا

دانانو گوناهـ پاكیان بكاتەوە ، هەر تۆ دەستەلاتدارێكی وەهای كەس دەستی نییە بەسەرتاو چیت بوێ ئەیكەیتو چاكیشی ئەكەیت . شایانی باسە ئەو پێغەمبەرەی لە نەوەی ئیبراهیمو ئیسماعیل بێ پێكەوە تەنها حەزرەتی موحەممەدە ، كەوابوو (كتاب)ەكەیش هەر قورئانە .

وَمَن يَرْغَبُ عَن مِّلَّةِ إِبْرَاهِيمَ إِلاَّ مَن سَفِهَ نَفْسَهُ وَلَقَدِ اصْطَفَيْنَاهُ فِي الدُّنْيَا وَإِنَّهُ فِي الآخِرَةِ لَمِنَ الصَّالِحِينَ {١٣٠}

ئەوە كێ بێ لە ئاینو ڕێو شوێنی ئیبراهیم لابدا كەسێ نەبێ كە خۆی بێنرخ بكاتو بە سووكی سەیری خۆی بكات ؟ ئێمە ئیبراهیممان لە دنیادا هەڵبژاردووە بۆ پێغەمبەریو لە ڕۆژی قیامەتیشدا لە زومرەی پیاوچاكانە ، ئیتر چۆن ئەبێ خەڵك لە ڕێی ئەو لادەن ؟

إِذْ قَالَ لَهُ رَبُّهُ أَسْلِمْ قَالَ أَسْلَمْتُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ {١٣١}

ـ ئەوكاتە كە خودا فەرمووی بە ئیبراهیم ملكەچ بە بۆ خوداو لە ئەمری دەرمەچە ئەویش وتی : وا ملكەچو گوێڕایەڵ بووم بۆ خوداو پەروەردگاری هەموو جیهانەكان ، دنیاو قیامەت .

وَوَصَّى بِهَا إِبْرَاهِيمُ بَنِيهِ وَيَعْقُوبُ يَا بَنِيَّ إِنَّ اللّهَ اصْطَفَى لَكُمُ الدِّينَ فَلاَ تَمُوتُنَّ إَلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ {١٣٢}

ئیبراهیمو یەعقووبی كوڕەزاشی هەر بەمە وەصیەتیان كرد بۆ كوڕەكانیان : كوڕەكانم خودا ئەم ئایینەی بۆ ئێوە هەڵبژاردوە ،

ئاگاتان لێی بێو لە کیسی مەدەنو لەسەر غەیری ئایینی ئیسلام مەمرن .

أَمْ كُنتُمْ شُهَدَاءَ إِذْ حَضَرَ يَعْقُوبَ الْمَوْتُ إِذْ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعْبُدُونَ مِن بَعْدِي قَالُواْ نَعْبُدُ إِلَـهَكَ وَإِلَـهَ آبَائِكَ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَقَ إِلَـهًا وَاحِدًا وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ {١٣٣}

ئێوە لەوێ نەبوونو ئاگاتان لێ نەبوو کە لە کاتی سەرەمەرگدا یەعقووب قسەی لەگەڵ کوڕەکانی کردو وەصیەتی بۆ کردن . ئیتر چۆن ئەڵێن یەعقووب یەهوودی بووە ؟ یەعقووب وتی پێیان کە من مردم ئێوە چی ئەپەرستن ؟ وتیان : خودای تۆو باو باپیرت ، ئیبراهیمو ئیسماعیلو ئیسحاق ، کە خودایەکی تاکو تەنیاو بێشەریکە . ئێمە ملکەچی ئەوینو ئەو ئەپەرستین ، بەم جۆرە خودا ڕووی قسەی کردووەتە جوولەکەکان . لەوانەیشە قسەکە لەگەڵ موسوڵمانان بێ ، واتە : ئەی موسوڵمانەکان ئێوە خۆتان لەوێ نەبوونو ئەم کەینوبەینەتان لەڕێگای ئەو وەحیەوە زانیوە کە بۆ پێغەمبەر هاتووە (د.خ) .

تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ وَلاَ تُسْأَلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ {١٣٤}

ئەوانە ئوممەتێ بوون ڕابووردن . کەسبی خێری خۆیان بۆ خۆیانەو ئێوەیش کەسبی خێری خۆتان بۆ خۆتانە ، کەس لە بەشی کەس ناباتو کەس حەقی بەسەر کەسەوە نیەو ئێوە بە تاوانی

ئەوان تاوانبار ناكرێن هەروەك بە چاكەیشیان پاداشتان نادرێتەوە .

وَقَالُواْ كُونُواْ هُودًا أَوْ نَصَارَى تَهْتَدُواْ قُلْ بَلْ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ {١٣٥}

جوولەكەكان وتیان بەخەڵك : وەرن ببنە جوولەكە تا ڕێگای ڕاست بگرنو بگەنە حەق . گاورەكانیش وتیان بە خەڵك : وەرن ببنە گاور تا ڕێگای ڕاست بگرنو بگەنە حەق .. تۆیش ، ئەی پێغەمبەری من ، پێیان بڵێ : نەخەیر ، ئێمە دوای میللەتو ئایینی ئیبراهیم ئەكەوین كە ڕێگای ڕاستی گرتبوو و لە ڕێگای چەوت لایدابوو . بێگومان ئیبراهیم هاوڕێی بۆ خودا بڕیار نەئەدا ، خودای تاكو تەنیای ئەپەرست ، وەك ئێوە نابین كە بە دەم خۆتان بە پەیڕەوی ئیبراهیم دائەنێن كەچی شەریكتان بۆ خودا قەرارداوە !

قُولُواْ آمَنَّا بِاللّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَا أُنزِلَ إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَقَ وَيَعْقُوبَ وَالأسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَى وَعِيسَى وَمَا أُوتِيَ النَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ {١٣٦}

ئەی موسوڵمانەكان بڵێن : ئێمە ئیمانمان هێناوە بە خوداو بەو كتێبانەی نازڵ كراونەتە خوار بۆ ئیبراهیمو لە ڕێگای ئەوەوە گەیشتوون بە ئیسماعیلو ئیسحاقو یەعقووبو كوڕو كوڕەزاكانی . ئیمانمان هەیە بەوەی بۆ مووسا هاتووەو بەوەی بۆ عیسا هاتووە . ئیمانمان هەیە بەو كتێبو صەحیفانەی لای خوداوە بۆ پێغەمبەران

هـاتوون . جیـاوازی ناکـەین لـە نێوانیـانداو ئیمانمـان بـە هـەموویان هەیەو قەدریان ئەگریـن . ئێمە ملکەچو بەندەی خوداین .

فَإِنْ آمَنُواْ بِمِثْلِ مَآ آمَنتُم بِهِ فَقَدِ اهْتَـدَواْ وَّإِن تَوَلَّـوْاْ فَإِنَّمَا هُمْ فِي شِقَاقٍ فَسَيَكْفِيكَهُمُ اللّهُ وَهُوَ السَّـمِيعُ الْعَلِيـمُ {١٣٧}

جا ئەگەر ئەهلی کیتابیش ئیمانیان هێنا بە خودا بـەو شـێوەیە کە ئێوە ئیمانتان هێناوە ئەوە ئەکەونە سەر ڕێی ڕاست . خۆ ئەگـەر ڕوویان وەرچەرخاندو پشتیان هـەڵکرد لـەم ئیمـان هێنانـە ئـەوا بـێ گومان ئەکەونە عەنادو سەرپێچی لەگەڵ خودادا ، ئیتر خودا چاریان ئەکات لەباتی ئێوە . خودا زۆر شنەواو زانایەو ئەزانێ بـە دڵسـۆزیو بە کردەوەتانو پاداشتان ئەداتەوە .

صِبْغَةَ اللّهِ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللّهِ صِبْغَـةً وَنَحْـنُ لَـهُ عَابِدونَ{١٣٨}

ئێمە خودا خستووینیە سەر ڕێی ڕاستو دەلیلی پیشان داوینو دڵو دەروونی پاك کردووینەتەوە . بەڵێ ئێمە ئا وەها خـودا ڕەنگـی کردوویـنو دیـاری کردوویـن ، کـێ لـە خـودا جوانـتر ڕەنـگ ئـەکاتو هیدایەت ئەدات ؟ چ ئایینێ لە ئایینی ئـەو پاکـترە ؟ ئێمـە هـەر ئـەو ئەپەرستین و تەنها ملکەچی ئەوین .

قُلْ أَتُحَآجُّونَنَا فِي اللّهِ وَهُوَ رَبُّنَا وَرَبُّكُمْ وَلَنَا أَعْمَالُنَـــا وَلَكُمْ أَعْمَالُكُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُخْلِصُونَ {١٣٩}

ئەی جوولەکەکان بۆ لە ئیش و کاری خودادا موجادەلەمان لەگەڵ ئەکەن و ئەڵێن پێغەمبەر هەر لە ئێمە ئەبێ و ئەگەر تۆ پێغەمبەر بوویتایە لە ئێمە ئەبووی؟ خودا خودای ئێمەو ئێوەیەو تەنها هی نەتەوەیێك نییە ، هی هەموو جیهانەو ، ئارەزووی خۆیەتی ڕووی ڕەحمەتی بکاتە هەرکەسێك و بیکاتە پێغەمبەر . ئێمە کردەوەی خۆمان بۆ خۆمانەو ئێوەیش کردەوەی خۆتان بۆ خۆتانە ئێمە تەنها خودا ئەپەرستین و عیبادەت بۆ ئەو ئەکەین .

أَمْ تَقُولُونَ إِنَّ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَقَ وَيَعْقُوبَ وَالأسْبَاطَ كَانُواْ هُودًا أَوْ نَصَارَى قُلْ أَأَنتُمْ أَعْلَمُ أَمِ اللّهُ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَتَمَ شَهَادَةً عِندَهُ مِنَ اللّهِ وَمَا اللّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ{١٤٠}

یاخۆ ئەڵێن : ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقووب و کوڕەزاکان جوولەکە بوون یا گاور . سووریش ئەزانن کە تەورات و ئینجیل گەلێ پاش ئیبراهیم نازڵ کراون و مووساو عیسایش زۆر پاش ئەو بوونەتە پێغەمبەر . ئەی موحەممەد پێیان بڵێ : ئایا ئێوە لە خودا باشتر ئەزانن ؟ بێ گومان نا .. دە قسەی ڕاست بکەن . ئەوانە نە جوولەکە بوون و نە گاور . ئێوەیش ئەو ڕاستییانە مەشارنەوە کە لە کتێبەکانتانا باس کراون وەك ئەوەی کە ئیبراهیم حەنیفی بووە، هەروەها وەصفی پێغەمبەری ئاخر زەمان کە موژدەیان داوە بە هاتنی . کێ لەوە ستەمکارترە کە شایەتی ڕاستی نەدات و

بیشارێتەوەو ئەوەی لای خوداوە پیشانی دراوە سەرنگوومی بکات؟ بێ گومان خودا زانایەو بێئاگا نیە لەوەی ئێوە ئەیکەن .

تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ وَلاَ تُسْأَلُونَ عَمَّا كَانُواْ يَعْمَلُونَ {١٤١}

ئەوانە ئوممەتێ بوون ڕابووردن ، کەسبی خێری خۆیان بۆ خۆیانەو ئێوەیش کەسبی خێری خۆتان بۆ خۆتانەو کەس لە بەشی کەس نابات و کەس حەقی بەسەر کەسەوە نیە . ئێوە بەرپرسیار نین لە کردەوەی ئەوانو ، بە تاوانی ئەوان تاوانبار ناکرێن ، هەروەك بە چاکەیشیان پاداش نادرێنەوە .

جوزئی دووهەم

سَيَقُولُ السُّفَهَاءُ مِنَ النَّاسِ مَا وَلاَّهُمْ عَن قِبْلَتِهِمُ الَّتِي كَانُوا عَلَيْهَا قُل لِّلَّهِ الْمَشْرِقُ وَالْمَغْرِبُ يَهْدِي مَن يَشَاءُ إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ{١٤٢}

بنیادەمە نەفامەکان ، ئەوانەی ئینکاری گۆڕینی قیبلە ئەکەن لە جوولەکەو منافقو موشریکەکان ، ئەڵێن بۆ موسوڵمانەکان ڕوویان لەو قیبلە وەرچەرخاند کە ئەوسا ڕوویان تێئەکرد ، واتە (بیت المقدس)؟ ئەی موحەممەد پێیان بڵێ : خۆرهەلاتو خۆرنشین هەردوو هی خودان . خودا ، هەرکەسێ کە ئیرادەی لەسەر بێ ڕێگای ڕاستی پیشان ئەداو ئەیخاتە سەری ، بەپێی حیکمەتی خۆیو جارێ کەعبە ئەکاتە قیبلەو جارێ (بیت المقدس) .

وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُواْ شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا وَمَاجَعَلْنَا الْقِبْلَةَ الَّتِي كُنتَ عَلَيْهَا إِلاَّ لِنَعْلَمَ مَن يَتَّبِعُ الرَّسُولَ مِمَّن يَنقَلِبُ عَلَى عَقِبَيْهِ وَإِن كَانَتْ لَكَبِيرَةً إِلاَّ عَلَى الَّذِينَ هَدَى اللّهُ وَمَا كَانَ اللّهُ لِيُضِيعَ إِيمَانَكُمْ إِنَّ اللّهَ بِالنَّاسِ لَرَؤُوفٌ رَّحِيمٌ {١٤٣}

ئەی موسوڵمانینە ! هەروەك هیدایەتمان دان بۆ ڕێگای ڕاست وەهایش كردمانن بە ئوممەتێكی میانەڕەوی چاك كرداری دادپەروەر، كە بە وردبوونەوە لە قورئان‌و تێفكرین لە بەڵگە ئاشكراكانی خودا بزانن خودای گەورە زوڵمی لە ئوممەتە پێشووەكان نەكردووەو بەخیل نەبووە لەگەڵیانا ، بەڵكو پێغەمبەرانی ناردووەتە سەریان‌و ڕێی پیشان داون ، بەلاَم ئەو ئوممەتانە خۆیان دوای ئارەزووی نەفس كەوتبوون‌و گوێیان نەدابووە قسەی پێغەمبەرەكانیان . بەڵێ ئێوەی كردووەتە ئوممەتێكی ئاوەهایی تا لە ڕۆژی قیامەتدا ببنە شایەت لەسەر ئەو ئوممەتانەو پێغەمبەریش واتە موحەممەد (د.خ) لەوێدا ببێتە شایەت لەسەر ڕاستیی شایەتییەكەتان .

بۆیە وەختی خۆی كەعبەمان كردە قیبلەتان یا بۆیە كە چوونە (مەدینە) قیبلەمان گۆڕی بە (بیت المقدس) تا بزانین كێ دوای پێغەمبەر ئەكەوێ‌و بەگوێی ئەكات‌و كێ‌سەرپێچیی ئەكات‌و لێی پاشگەز ئەبێتەوە ، تا ئەم دوو تاقمە لەناو خەڵكدا لە یەك جیا

بکەینەوە ، ئەگینا خودا ئارەزووی خۆیەتی کوێ ئەکاتە قیبلە .

ئەم گۆڕین و گۆڕینکارییە گرانە لەسەر شانی خەڵك و تەنها لای ئەوانە سەهل و ئاسانە کە خودا ڕێگای ڕاستی پیشان داون و ، لەسەر ئیمان بە خوداو بە حوکمەکانی خودا ئەمێننەوەو ناگۆڕێن . خودا ئێمان و نوێژو عیبادەتی کەس زایە ناکات . چ ئەوانەی وەختی خۆی ڕوو لە (بیت المقدس) نوێژیان کردووەو چ ئەوانەی ئیستە بەگوێی پێغەمبەر ئەکەن و ڕوو لە کەعبە نوێژ ئەکەن . خودا لەگەڵ هەموو خەڵك بە بەزەیی و میهرەبانە .

قَدْ نَرَى تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي السَّمَاءِ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَاهَا فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّواْ وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ وَإِنَّ الَّذِينَ أُوْتُواْ الْكِتَابَ لَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ وَمَا اللّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ {١٤٤}

ئێمە بەڕاستی ئاگادارین کە ڕووت لە ئاسمانەو چاوەچاوتەو نزا ئەکەیت و بەتەمای ئەوەیت وەحیت بۆ بێت و کەعبەی قیبلەی باووباپیرت بکرێتەوە بە قیبلەتان . ئەوا ئێمەیش ڕووت بەرەو مزگەوتی حەرام (کەعبە) وەرئەچەرخێنین ، کەواتە لەم ساتەوە ئیتر ڕووی خۆت لە نوێژدا بەرەو (مسجد الحرام) لە مەککە هەڵسووڕێنە . ئەمە نەك تەنها لە شاری مەدینەوە، بەڵکو لە هەر شوێنێ بوون لە کاتی نوێژکردندا ڕووتان بەرەولای (مسجد الحرام)ی مەککە وەرچەرخێنن .

ئەوانەی تەوراتیان پێ دراوە زۆر باش ئەزانن ئەم وەرچەرخانی ئێوەیە بۆ لای کەعبەی پیرۆزو گۆڕینی قیبلەیە لە (بیت المقدس) ەوە بۆ کەعبە ، حەقە ، چونکە ئەمە لە تەوراتدا نووسراوە . خوا غافل نییە لەو کردەوانەی ئێوە ئەیانکەن .

وَلَئِنْ أَتَيْتَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ بِكُلِّ آيَةٍ مَا تَبِعُوا قِبْلَتَكَ وَمَا أَنتَ بِتَابِعٍ قِبْلَتَهُمْ وَمَا بَعْضُهُم بِتَابِعٍ قِبْلَةَ بَعْضٍ وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءَهُم مِّن بَعْدِ مَا جَاءَكَ مِنَ الْعِلْمِ إِنَّكَ إِذًا لَّمِنَ الظَّالِمِينَ{١٤٥}

ئەگەر هەرچی ئایەتی خودایە بیهێنی بۆ ئەهلی کیتاب شوێنی قیبلەکەت ناکەونو ڕووی تێناکەن . ئەوان خۆیان لەناو خۆیاندا ڕوو ناکەنە قیبلەی یەکتر . گاورەکان ڕوو ئەکەنە خۆرهەلاتو جوولەکەکان ڕوو ئەکەنە سەخرە لە (بیت المقدس)و ، تۆیش هەرگیز ڕوو ناکەیتە قیبلەی ئەوان . ئەگەر پاش زانینو پاش ئەوەی وەحیت بۆ هات ڕووت کردە قیبلەی ئەوان ئەوا دەچیتە ڕیزی ستەمکارانەوە .

الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْرِفُونَهُ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَاءَهُمْ وَإِنَّ فَرِيقًا مِّنْهُمْ لَيَكْتُمُونَ الْحَقَّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ {١٤٦}

زاناکانی ئەهلی کیتاب ، ئەوانەی تەوراتمان پێدان ، پێغەمبەری ئاخر زەمان ، موحەممەد ، زۆر باش دەناسن وەك چۆن

کوێرەکانی خویان دەناسن بە ڕاستی کۆمەڵێ لەوانە حەق و ڕاستی دەشارنەوەو زۆر چاکیش دەزانن حەقە .

الْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلاَ تَكُونَنَّ مِنَ الْمُمْتَرِينَ {١٤٧}

ڕاستی ئەوەیە کە سابت بووە لە خوداوەیە ، ئەوەیە کە تۆ لەسەری دەڕۆی . نەك ئەوەی ئەوان لەسەرینی ، کەواتە هەرگیز دوودڵ مەبە لەوە کە ئەمەی تۆ لە خوداوەیە . دوودڵ مەبە لەوە کە ئەوانە دەیشارنەوە .

وَلِكُلٍّ وِجْهَةٌ هُوَ مُوَلِّيهَا فَاسْتَبِقُواْ الْخَيْرَاتِ أَيْنَ مَا تَكُونُواْ يَأْتِ بِكُمُ اللّهُ جَمِيعًا إِنَّ اللّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ {١٤٨}

هەر ئوممەتێ قیبلەیێکی هەیە . یا موسوڵمانەکان هەر یەك لە لایێکەوە ڕووئەکەنە قیبلە . لە پەیداکردنی خێرو چاکەو ڕوو لە قیبلە کردندا پێشبڕکێ بکەن ، لە هەرکوێ بن و هەرچۆن بن خودا گیانتان ئەکێشێ و لە ڕۆژی قیامەتدا کۆتان ئەکاتەوە . خودا دەستی بەسەر هەموو شتێکدا ئەڕواو ئەتوانێ بیکات .

وَمِنْ حَيْثُ خَرَجْتَ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَإِنَّهُ لَلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ وَمَا اللّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ {١٤٩}

لە هەرشوێنێکەوە دەرچوویت بۆ سەفەر لە نوێژکردندا ڕوو بکەرە (مسجد الحرام) . ڕووکردنە (مسجد الحرام) شتێکی حەقەو لای خوداوەیە . خودا بێئاگا نییە لە کردارتان .

وَمِنْ حَيْثُ خَرَجْتَ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَـــرَامِ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّواْ وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ لِئَلاَّ يَكُـــونَ لِلنَّـــاسِ عَلَيْكُمْ حُجَّةٌ إِلاَّ الَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنْهُمْ فَلاَ تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَـــوْنِي وَلأُتِمَّ نِعْمَتِي عَلَيْكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ {١٥٠}

لەهەر شوێنێكەوە دەرچوویت لــە كـاتـی نوێژكردنـدا ڕووبكـەرە (مسجد الحرام)و لە هەر كوێ بوون لە كاتی نوێژكردندا ڕووتان بەرەو (مسجد الحرام) وەرچەرخێنن تا قسەی جوولەكە ببڕن كە لەمەوپێش دەیانوت لـە تـەوراتی ئێمـەدا نووسـراوە موحەممـەد لـە نوێـژدا ڕوو ئەكاتە كەعبە ، كەچی ئیستە لەگەڵ ئێمە ڕوو ئەكاتە (بیت المقدس).

ئیتر گوێ مەدەنە قسـەی ستەمكارەكان كـە هەمیشـە سەركەشـی ئەكەنو لە ڕووتا ئەوەستن . لەوانە مەترسنو تەعنەو تەشەری ئەوان كارتان تێنەكات . لە من بترسنو بێگوێییم مەكەنو چیم پـێ وتـن جێبەجێی بكەن . ئەمەوێ نیعمەتی تەواوتان بدەمێ چ لە مەسەلەی قیبلەداو چ لە قیامەتو ڕۆژی سـزادا . لـە مـن بترسـن بـەڵكو ڕێگـای ڕاست بگرنو بە پاداشی چاكی خۆتان بگەن .

كَمَا أَرْسَلْنَا فِيكُمْ رَسُولاً مِّنكُمْ يَتْلُو عَلَيْكُمْ آيَاتِنَا وَيُزَكِّيكُمْ وَيُعَلِّمُكُمُ الْكِتَـــابَ وَالْحِكْمَـــةَ وَيُعَلِّمُكُـــم مَّـــا لَـــمْ تَكُونُـــواْ تَعْلَمُونَ{١٥١}

هەروەكو پێغەمبەرێكمان هەر لە خۆتان بـۆ نـاردن ئایەتـەكانی ئێمـەتان بەسـەرا ئەخوێنێتـەوەو ئەتانخاتـە سـەر ڕێگـای پـاكیو

خاوێنیو قورئاننتان فێر ئەکاتو عەقڵو ژیریتان پیشان ئەداتو شتی واتان فێر ئەکات کە ئێوە لەوەپێش نەتانزانیوە ، چونکە ئەو جـۆرە شـتانە لـە ڕێگـای وەحیـەوە نـەبێ نـازانرێن وەك ڕێوشـوێنی ژیـانی پڕبەختیاریو وەك سەرگوزەشتەو بەسەرهاتی ئوممەتە پێشووەکان.

فَاذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ وَاشْكُرُواْ لِي وَلاَ تَكْفُرُونِ {١٥٢}

ئێوە بە زمان باسی من بکەنو بــە دڵ یـادم بکـەنو بێگوێییـم مەکەن تا منیش پاداشتان بدەمەوە . سوپاسی نیعمەتەکانم بکـەنو کوفرانـی ئـەو هـەموو نـازو نیعمەتـە مەکـەن کــە پێـم بەخشـیونو لەبەرچاوتان بێ .

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اسْتَعِينُواْ بِالصَّبْرِ وَالصَّلاَةِ إِنَّ اللّــهَ مَعَ الصَّابِرِينَ {١٥٣}

ئـەی موسـوڵمانینە ! خۆتـان بەسـەر گونـاهدا زاڵ بکـەن ، بـە صـــەبرو خۆگـــریو بـــە نوێژکـــردن ، کـــە ســـەرچاوەی هـــەموو خوداپەرستـیـیەکانەو ، بەرزبوونـەوەی موسـوڵمانە بـــەرەو عالـــەمی قودسـیو پاڕانەوەیـە لـە خـودای گـەورە. بێگومـان خـودا هەمیشـە لەگەڵ خۆگراندایەو یارمەتییان دەدات .

وَلاَ تَقُولُواْ لِمَنْ يُقْتَلُ فِي سَبيلِ اللّهِ أَمْوَاتٌ بَلْ أَحْيَــــاء وَلَكِن لاَّ تَشْعُرُونَ {١٥٤}

ئەوانـەی لـە ڕێگـای خـودادا ئـەکوژرێن پێیـان مـەڵێن مـردوو . ئەوانە زیندوون ، بەڵام ئێوە هەستی پێ ناکەنو نایزانن .

وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ بِشَيْءٍ مِّنَ الْخَوفْ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ الأَمَوَالِ وَالأنفُسِ وَالثَّمَرَاتِ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ {١٥٥}

ئێمە تاقیتان ئەکەینەوەو دوچاری هەندێ ترس و برسێتیو کەمیی دارایی و مردن و کەمیی بەروبوومتان دەکەین ، تا بزانین کێ خۆگر دەبێو کێ بێزاری دەرئەبڕی . ئەی موحەممەد موژدە بدە بە خۆگرەکان کە خودای گەورە ڕووی میهرەبانی لێیانەو ڕەحمەتیان بەسەردا ئەبارێنێ .

الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُواْ إِنَّا لِلّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعونَ{١٥٦}

ئەو خۆگرانەی کاتێ تووشی بەلایەك ئەبن بێزار نابن و ڕەخنە لە کاری خودا ناگرن و ئەڵێن : ئێمە هەموومان موڵکی خوداین و لە پاشەڕۆژیشدا بۆ لای ئەو ئەگەڕێینەوە ، چیمان بەسەردێنێ ئارەزووی خۆیەتی .

أُولَـئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ وَأُولَـئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ {١٥٧}

ئەوانە بەش و بەهرەی پیرۆزیان لەلایەن خودای خۆیانەوە بەسەردا دەبارێ ، ئەوانە شارەزان و ڕێگای ڕاستی ڕەزامەندیی خودایان گرتووەتەبەر.

إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِن شَعَآئِرِ اللّهِ فَمَنْ حَجَّ الْبَيْتَ أَوِ

اعْتَمَرَ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِ أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَا وَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَإِنَّ اللّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ {١٥٨}

كێوانی صەفاو مەروە نیشانەی عیبادەتن‌و سەرەتای حەج‌و عەمرەن. هەرکەس حەج یا عەمرە بکات گوناهی ناگات لە بەینی صەفاو مەروەدا سەعی بکا ، واتە هات‌و چۆ بکات . با چاویان لەوە نەبێ کە ئەوسا پێش ئیسلام لەسەر هەریەك لە صەفاو مەروە بتێك هەبووە موشریکەکان دەچوون دەستیان پیا دەهێنان ، ئێستە ئیسلام هات‌و بت شکێنرا ، ئیتر قەیناکا هاتوچۆ بکەن لە بەینیاندا .

ئەوەی کارێکی خێر بکات ، فەرز یا سوننەت ، هەرکەس زیاد لە فەرز خوداپەرستییەك بکات ، چ حەج چ عەمرە چ هاتوچۆی بەینی صەفاو مەروە ، ئەوە خودا پاداشی ئەداتەوە . خودا بە هەموو شتێك ئەزانێ .

إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنزَلْنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالْهُدَى مِن بَعْدِ مَا بَيَّنَّاهُ لِلنَّاسِ فِي الْكِتَابِ أُولَـئِكَ يَلعَنُهُمُ اللّهُ وَيَلْعَنُهُمُ اللاَّعِنُونَ{١٥٩}

بێگومان ئەوانەی دەلیل‌و نیشانەی پێغەمبەرایەتی موحەممەد دەشارنەوە پاش ئەوەی کە لە تەوراتدا نازل کراو ئێمە بۆ خەڵکمان ڕوون کردەوە ، ئەوانە خودا لەعنەتیان لێ ئەکات‌و هەروەها ئینس‌و جین‌و مەلائیکەیش لەعنەتیان لێ ئەکەن‌و لە ڕەحمەتی خوداوە دوورن .

إِلاَّ الَّذِينَ تَابُواْ وَأَصْلَحُواْ وَبَيَّنُواْ فَأُوْلَـئِكَ أَتُوبُ عَلَيْـهِمْ وَأَنَا التَّوَّابُ الرَّحِيمُ {١٦٠}

ئیللا ئەوانەی لەو پەنهان کردنـەو لـە گوناهـەکانیتر پەشـیمان ئەبنـەوەو بـە لابـردنو نەهێشـتنی کـردەوە خراپـەکان خۆیـان چـاك ئەکـەنو ئـەوەی شـاردوویانەتەوە دەریئەخـەنو ڕاسـتی ئـەڵێن ، ئەوانـە تەوبـەیان لیٚ قوبـووڵ ئەکـەمو ئەیانبەخشـم . مـن تەوبـە وەرگرو میهرەبانم .

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا وَمَاتُوا وَهُمْ كُفَّارٌ أُولَئِكَ عَلَيْهِمْ لَعْنَـةُ اللّهِ وَالْمَلآئِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ {١٦١}

ئەوانەی کافرنو ڕاستی دەشارنەوەو بە کافری ئەمرن نەفرینی خوداو فریشتەو بنیادەمیان لەسەرە ، هی هەموویان .

خَـالِدِينَ فِيـهَا لاَ يُخَفَّـفُ عَنْـهُمُ الْعَـذَابُ وَلاَ هُـمْ يُنظَرُونَ {١٦٢}

هەتا هەتایە لە نەفرینو لە دۆزەخدا دەمێننەوەو سزاو ئازاریان لەسـەر شـان سـووك نـاکریٚو مۆڵـەتیش نـادرێن ، واتـە : سـزایان دوانـاخرێتو عوزریان لیٚ قوبووڵ ناکرێت .

وَإِلَـهُكُمْ إِلَـهٌ وَاحِـدٌ لاَّ إِلَـهَ إِلاَّ هُـوَ الرَّحْمَـنُ الرَّحِيمُ {١٦٣}

خـودای ئێـوە تاقـە خوداییٚکـەو خودایتـر نییـە ئـەو نـەبیٚو بەخشندەو میهرەبانە .

إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِلاَفِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَالْفُلْكِ الَّتِي تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِمَا يَنفَعُ النَّاسَ وَمَا أَنزَلَ اللّهُ مِنَ السَّمَاء مِن مَّاء فَأَحْيَا بِهِ الأرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٍ وَتَصْرِيفِ الرِّيَاحِ وَالسَّحَابِ الْمُسَخِّرِ بَيْنَ السَّمَاء وَالأَرْضِ لآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ {١٦٤}

بێگومان لە دروست کردنی ئەرزو ئاسمانو دوابەدوای یەکاهاتنی شەوو ڕۆژو جیاوازییان لە کورتیو درێژیو قازانجو مەبەستداو ، لە دانی بیرو هۆشدا بە بنیادەم بۆ دروست کردنی کەشتیی هەمەجۆرە کە لە دەریادا هاتوچۆ ئەکەنو قازانج بە خەڵك ئەگەیێنن بە بازرگانیو شتیتر ، هەروەها لەو ئاوو بارانەدا کە خودا لە ئاسمانەوە ئەیبارێنیۆ زەوی پێ زیندوو ئەکاتەوە پاش مردنیو سەوزی ئەکا پاش وشكبوونیو ، ئەو هەمووە گیان لەبەرانەی تێیدا بلاوی کردوونەتەوە ، هەروەها لە ڕامکردنو وەرچەرخاندنی هەورو با لەنێوان ئاسمانو ئەرزدا ، لە هەموو ئەمانەدا نیشانەو دەلیلی گەورەییو دەستەلاتداریو تاقانەیی خودا هەیە بۆ ئەوانەی خاوەن عەقڵو بیرئەکەنەوە .

وَمِنَ النَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ اللّهِ أَندَاداً يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللّهِ وَالَّذِينَ آمَنُواْ أَشَدُّ حُبًّا لِّلّهِ وَلَوْ يَرَى الَّذِينَ ظَلَمُواْ إِذْ يَرَوْنَ الْعَذَابَ أَنَّ الْقُوَّةَ لِلّهِ جَمِيعاً وَأَنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعَذَابِ{١٦٥}

بنیادەمیوا هەن چەند شتێکیان کردووە بە مەعبوودی خۆیان و

هاوڕێیان بۆ خودا داناوە لە بت یا لە سەرەکەکانیان ، ئەم

بنیادەمانە ئەوانەیان بەقەد خودا خۆش ئەوێ بەلام خاوەن

ئیمانەکان لەو خۆشویستنەی ئەوان زیاتر خودایان خۆش ئەوێ ·

خۆشویستنەکەی ئەوان کاتییەو ، هی ئەمان هەمیشەییە . جا

ئەگەر ئەم ستەمکارانە کە هاوڕێیان بۆ خودا داناوە ، ڕۆژی سزایان

ئەدی بۆیان ڕوون ئەبوویەوەو زۆر باش ئەیانزانی هەموو هێزو توانێ

هەر هی خودایەو ، خودا سزای توندو تۆڵەی سەختی هەیە .

إِذْ تَبَرَّأَ الَّذِينَ اتُّبِعُواْ مِنَ الَّذِينَ اتَّبَعُواْ وَرَأَوُاْ الْعَذَابَ وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ الأَسْبَابُ {١٦٦}

ئا لەو کاتەدا کە پەیڕەویکراوەکان لە پەیڕەویکەرەکان تەبەڕا

ئەبن و بە هیچ جۆرێ بەکەڵکیان نایەن و ، بە چاوی خۆیان سزای

توند دەبینن و هیچ جۆرە پێوەندییەك نامێنێ لەنێوان ئەمان و

ئەواندا.

وَقَالَ الَّذِينَ اتَّبَعُواْ لَوْ أَنَّ لَنَا كَرَّةً فَنَتَبَرَّأَ مِنْهُمْ كَمَا تَبَرَّؤُواْ مِنَّا كَذَلِكَ يُرِيهِمُ اللّهُ أَعْمَالَهُمْ حَسَرَاتٍ عَلَيْهِمْ وَمَا هُم بِخَارِجِينَ مِنَ النَّارِ {١٦٧}

جا پەیڕەویکەرەکان لە قووڵایی دڵیانەوە ئاوات ئەخوازن و

ئەڵێن خۆزگا جارێکیتر ئەگەڕاینەوە بۆ دنیا تا لێیان تەبەڕا ببین

وەك ئەوان ئا لەم تەنگانییەدا لە ئێمە تەبەڕا بوون . بەم جۆرە خودا

کردەوەکانیان دێنێتەوە بەرچاویان و ئەیانکا بە مایەی خەم و خەفەت بۆیان و لە ئاگری دۆزەخیش دەرناچن .

يَا أَيُّهَا النَّاسُ كُلُواْ مِمَّا فِي الأَرْضِ حَلاَلاً طَيِّباً وَلاَ تَتَّبِعُواْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ {١٦٨}

خەڵکینە ! لەوشتانەی کە لە ئەرزدا هەن بخۆن ، ئەوەی بە پێی یاسای ئایین ڕەوا بێ و لە گەڵ زەوقی ساغا بگونجێ و مەکەونە دوای گومان و هەنگاوی شەیتان ، ناڕەوای ئایینی و لەگەڵ زەوق نەگونجاو مەخۆن ، شەیتان دوژمنی ڕاستەقینەو ئاشکرای ئێوەیە .

إِنَّمَا يَأْمُرُكُمْ بِالسُّوءِ وَالْفَحْشَاءِ وَأَن تَقُولُواْ عَلَى اللّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ {١٦٩}

شەیتان تەنها فەرمانی ئەوەتان پێ ئەدا خراپە بکەن چ لە بیروباوەڕو چ لە کردەوەدا . هەروەها فەرمانتان پێ ئەدا کاری بێشەرمانە بکەن و درۆ هەڵبەستن دەربارەی خوداو بڵێن : هاوبەشی هەیەو ئەولادی هەیە !

وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّبِعُوا مَا أَنزَلَ اللّهُ قَالُواْ بَلْ نَتَّبِعُ مَا أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا أَوَلَوْ كَانَ آبَاؤُهُمْ لاَ يَعْقِلُونَ شَيْئاً وَلاَ يَهْتَدُونَ{١٧٠}

کاتێ بەو کافرانە بوترێ شوێنی ئەوە بکەون کە خودا ناردوویەتی بۆ پێغەمبەر(د.خ) ، ئەڵێن : شوێنی ئەوە ئەکەوین کە باوك و باپیرمان کردوویانە، ئایا ئەوەندە بێهۆش و نەفامن ئەگەر

باوكو باپیرەكانیان هیچیشیان نەفامیبیّو شارەزا نەبووبن بوّ ڕێگەی ڕاستی ، ئەمان هەر شوێنیان ئەكەون ؟

وَمَثَلُ الَّذِينَ كَفَرُواْ كَمَثَلِ الَّذِي يَنْعِقُ بِمَا لاَ يَسْمَعُ إِلاَّ دُعَاءً وَنِدَاءً صُمٌّ بُكْمٌ عُمْيٌ فَهُمْ لاَ يَعْقِلُونَ {١٧١}

حاڵی ئەو كافرانە كە گوێنادەنە ئاموّژگاریی ڕەهبەرەكانیان وەكو ئەوەتە كە شوانێ هەرا بكات بەسەر گەڵەڕانو گاگەلەكەیدا ، كە هەر دەنگو ئاوازە ببیسنو لە هیچ حاڵی نەبن ، ئەو كافرانە كەڕو لاڵو كوێرنو هیچ نافامن .

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُلُواْ مِن طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ وَاشْكُرُواْ لِلّهِ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ {١٧٢}

ئەی ئەوانەی ئیمانتان بە خوداو پێغەمبەری خودا هەیە لەو ڕزقو ڕوّزییە پاكانە بخوّن كە پێمان بەخشیونو ، ئەگەر خودا ئەپەرستن سوپاسی بكەن .

إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنزِيرِ وَمَا أُهِلَّ بِهِ لِغَيْرِ اللّهِ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلاَ عَادٍ فَلا إِثْمَ عَلَيْهِ إِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ {١٧٣}

بەڕاستی خودا مردارەوەبوو و خوێنو گوّشتی بەرازی لە ئێوە حەرام كردووە ، هەروەها ئەو حەیوانە سەربڕاوەیش كە لە كاتی سەربڕینیدا ناوی غەیری خودای لەسەر برابێ وەكو بڵێن : (بە ناوی فلاّن بت) . جا ئەگەر كەسێ ناچار بوو بوّ خواردنی ئەوانە ، بە

مەرجێ دەستدرێژی نەکاتە سەر ناچارێکیترو لەو سنوورە لانەدات کە خودا دایناوە ، ئەوە گوناهبار نابێ . خودا زۆر بەبەزەیی‌و گوناه پۆشە .

إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنزَلَ اللّهُ مِنَ الْكِتَابِ وَيَشْتَرُونَ بِهِ ثَمَنًا قَلِيلاً أُولَـئِكَ مَا يَأْكُلُونَ فِي بُطُونِهِمْ إِلاَّ النَّارَ وَلاَ يُكَلِّمُهُمُ اللّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلاَ يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ{١٧٤}

بەڕاستی ئەو زانایانەی ئەوەی لە تەوراتدایە ئەیشارنەوە ، مەبەستی نیشانەکانی پێغەمبەری ئاخرزەمانەو ، لە باتی ئەوە نرخێکی کەم‌و بێ‌مایە وەرئەگرن ، ئەوانە لە پاشەڕۆژا پڕبەپڕی سکی خۆیان ئاگری دۆزەخ ئەخۆن‌و خودا لە ڕۆژی قیامەتا قسەیان لەگەڵ ناکات‌و ناویان بە پاك نابات . هەروەها سزایێکی ئێجگار سەختیان هەیە .

أُولَـئِكَ الَّذِينَ اشْتَرَوُاْ الضَّلاَلَةَ بِالْهُدَى وَالْعَذَابَ بِالْمَغْفِرَةِ فَمَآ أَصْبَرَهُمْ عَلَى النَّارِ {١٧٥}

ئەوانە ئەو کەسانەن کە لەباتی شارەزایی‌و هیدایەت گومڕاهی‌و سەرلێشێوانیان کڕیوەو لەباتی تاوانپۆشی‌و لوتفی خودای گەورە سزاو ئازاری قیامەتیان پەسەند کردووە . ئەوانە چ خۆگرییەکیان هەیە بەرامبەر سزای ئاگرو چۆن ئاوەها خەریکی گوناه و شاردنەوەی ڕاستی ئەبن‌و خۆیان تووشی نەگبەتی ئەکەن ؟!

ذَلِكَ بِأَنَّ اللّهَ نَزَّلَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُواْ فِي الْكِتَابِ لَفِي شِقَاقٍ بَعِيدٍ {١٧٦}

ئەو سزایەیش لەبەر ئەوەیە کە خودا قورئانی بە حەق ناردووەتە خوارو ئەوان ئیمانیان پێ نەهێناوە . ئەوانەی باوەڕ بە هەندێ کتێب ئەکەنو باوەڕ بە هەندێکیتر ناکەنو لە ڕێگای حەق لائەدەنو ڕاستی ئەشارنەوە ، زۆر لە ڕاستییەوە دوورن .

لَّيْسَ الْبِرَّ أَن تُوَلُّواْ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَـكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَالْمَلآئِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَى حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّآئِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ وَأَقَامَ الصَّلاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُواْ وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاءِ والضَّرَّاءِ وَحِينَ الْبَأْسِ أُولَـئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَأُولَـئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ{١٧٧}

چاکەو کرداری باش ئەوە نییە ڕووبکەنە خۆرنشین وەک گاورو جوولەکە ئەڵێنو خوویان داوەتە مەسئەلەی قیبلەگۆڕانی موسوڵمانان . بەڵکو چاکەو کرداری باش ئەوەیە ئینسان ئیمان بێنێ بە خوداو ، بە پێغەمبەرو، بە ڕۆژی قیامەتو ، بە فریشتەو ، بەوکتێبانەی خودا ناردوونی بۆ پێغەمبەرانو ، دارایی خۆی ببەخشێ، ئەگەرچی خۆشیبوێ، بەخزمانو هەتیوانو داماوانو ڕێبوارانو سواڵکەرانو بەو بەندانەی موحتاجی پارەوماڵن بەرامبەر

ئازاد کردنیان . کرداری چاك ئەوەیە ئینسان نوێژ بکاتو زەکاتی ماڵ بداتو ، کە پەیمانێکی خێری دا بەجێیبێنێو لە خۆشیو لە کاتی ڕووبەڕووبوونی دوژمنی ئاییندا خۆڕاگر بێت . ئا ئەوانەن لەگەڵ خودا ڕاست ئەکەنو بەئیمانن ، ئا ئەوانەن خۆیان لە کوفرو لە کردەوەو ڕەوشتی بەد ئەپارێزن .

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِصَاصُ فِي الْقَتْلَى الْحُرُّ بِالْحُرِّ وَالْعَبْدُ بِالْعَبْدِ وَالأُنثَى بِالأُنثَى فَمَنْ عُفِيَ لَهُ مِنْ أَخِيهِ شَيْءٌ فَاتِّبَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ وَأَدَاءٌ إِلَيْهِ بِإِحْسَانٍ ذَلِكَ تَخْفِيفٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَرَحْمَةٌ فَمَنِ اعْتَدَى بَعْدَ ذَلِكَ فَلَهُ عَذَابٌ أَلِيمٌ {١٧٨}

ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە بە خوداو بە پێغەمبەری خودا لە دینی ئیسلاما ڕێوشوێنی تۆڵەسەندنەوەو حەق وەرگرتنەوەتان بۆ دانراوە لەکاتێکا کەسێکتان لێ بکوژرێ ، ئەوەیش بەم جۆرە: لە باتی ئینسانی ئازاد ئینسانی ئازادو، لەباتی بەندە بەندە ئەکوژرێتەوە ، مێیینەیش بە مێیینە . پێویستە ئەوەیش بزانین کە مەعنای ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەوە نییە ئازاد لەباتی بەندە یا پیاو لەباتی ژن ناکوژرێن .

جا ئەگەر بکوژ لەلایەن حەقداری کوژراوەوە کە برای دینییەتی، بەرامبەر بە پارەو ماڵ عەفو کرا ، با بەپێی ڕێوشوێنی ئایین بجووڵێتەوەو ئەو حەقە بە پیاوانە جێبەجێ بکات . ئەم

عەفوکردنە بارسووکیو ڕەحمەتە بۆتان لەلایەن خوداوە . ئیتر پاش ئەو عەفوکردنو خوێنبایی وەرگرتنە ئەگەر خاوەن کوژراو دەستدرێژی کردو بکوژەکەی کوشتەوە ئەوە سزای گەورەو توندی ئەدرێ .

وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ يَـا أُولِـي الأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ{١٧٩}

ئەم قیصاص دانانە ژیانە بۆ ئێوە ، چونکە کە قیصاص بوو و ئینسان ترسی کوشتنەوەی هەبوو ، ئیتر ناتوانێ دەست باتەبەرو خەلك بکوژێ . ئەمەش دڵنیاییو ئارامییە بۆ ئەوەی نیازی دەستدرێژی هەبێو بۆ ئەوەی لەوانەبێ دەستدرێژی لێ بکرێو بۆ کەسوکاریانو بۆ کۆمەڵ بە شێوەیێکی گشتی .

كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ إِن تَرَكَ خَيْرًا الْوَصِيَّةُ لِلْوَالِدَيْنِ وَالأقْرَبِينَ بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُتَّقِينَ {١٨٠}

واجب کراوە لەسەرتان بۆ ئەوەتان کە نیشانەی مردنی لێوە دیاری داو ئەسبابەکانی ئاشکرا بوون ، ئەگەر ماڵی زۆری بوو ، وەصیەت بکا بۆ باوكو دایكو خزمە نزیکەکانی بە شێوەیێکی عادلانەو ئەبێ بە دەوڵەتمەند زیاتر نەدا لە فەقیرو وەسیەتەکەی لە سێیەکی ماڵی زیاتر نەگرێتەوە . ئەمە واجبە لەسەر ئەوانەی لە

خودا ئەترسن . شایانی باسە ئەم ئایەتە بە ئایەتی میرات نەسخ بووەتەوە .

فَمَن بَدَّلَهُ بَعْدَمَا سَمِعَهُ فَإِنَّمَا إِثْمُهُ عَلَى الَّذِينَ يُبَدِّلُونَهُ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ {١٨١}

جا هەر کەسێ ئەو وەصیەتە بگۆڕێ پاش ئەوەی بیستیو دڵنیا بوو لە ڕاستی ئەو وەصیەتە ئەوا ئەوباڵی لەسەر ئەوانەیە کە ئەیگۆڕن . خودا بیسایەو زانایە .

فَمَنْ خَافَ مِن مُّوصٍ جَنَفًا أَوْ إِثْمًا فَأَصْلَحَ بَيْنَهُمْ فَلاَ إِثْمَ عَلَيْهِ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ {١٨٢}

جا ئەگەر کەسێ ترسی ئەوەی بوو کە وەصیەتکەر ناعادڵ بێو بەشی هەندێکی لە بەشی هەندێ زیاتر دانابێ ، یا بەجۆرێ وەصیەتی کردبێ کە زیان لە میراتگرەکان بداو ئەوکەسە هاتو ناوبژیی کرد لەنێوان وەصیەت بۆکراوەکاندا ، یا لەنێوان ئەوانو میراتگرەکانداو بەجۆرێ گۆڕی کە حەقو شەرعی بێ ئەوە هیچ گوناهبار نابێ . خودا گوناه پۆشو میهرەبانە .

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ {١٨٣}

ئەی ئەوانەی باوەڕتان بە خوداو پێغەمبەری خودا هەیە ڕۆژووتان لەسەر فەرز کرا هەر وەك لەسەر ئوممەتەکانی پێش ئێوەیش فەرز کراوە لە سەردەمی پێغەمبەرە پێشووەکاندا (د.خ)

بەڵکو بەهۆی ئەو ڕۆژووەوە خۆتان لە عەزابی خـودا بپـارێزن .

أَيَّامًا مَّعْدُودَاتٍ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ عَلَــى سَــفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ وَعَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْـكِينٍ فَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُ وَأَن تَصُومُواْ خَــيْرٌ لَّكُــمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ{١٨٤}

ئـەو ڕۆژووەی لەسـەرتان فـەرز كـراوە چـەند ڕۆژێكـی كـەمی ژمێرراوە كە مانگی ڕەمەزانە . جا ئەگەر یەكێكتان نـەخۆش بـوو یـا لە سەفەردا بوو كە لەگەڵ ئەو نەخۆشیۆ سەفەرەدا ڕۆژوو گران بـوو بۆی ، ئەوا لەو حاڵانەدا بەڕۆژوو نابیۆ چەند ڕۆژێكیتر غەیری مانگی ڕەمەزان بەقەدەر ئەو ڕۆژانەی شكاندوونی بەڕۆژوو ئەبێ ، واتە : لـە كاتی چاكبوونەوەی نەخۆشییەكەیو لە كاتی نێشتەجێبوونیا .

بەڵام ئەوانەی كە ناتوانن بەڕۆژوو بن ، بـە كولەمـەرگی نـەبێ ، لەسەریان فـەرزە لـەباتی هـەر ڕۆژێ لـەو سـیی ڕۆژە فیدیـە بـدەن ، فیدیەكـەیش بریتییـە لـە خواردەمــەنیی میسـكینێ ، ئـەم فیدیــە مشتێكی تـەواوە لـە دانەوێڵـە لای ئیمـامی شـافیعی (ر.خ)و قیمـەتی خواردەمەنی ئینسانێكە بۆ دووجار لای ئیمام ئـەبوو حەنیفـە(ر.خ) . جا ئەگەر یەكێ زیاتر بدا بە میسكین ئەوە چاكترە . خۆ ئەگەر هـەر بەڕۆژوو بن ئەوە ئەگەر بزانن باشترو بەسوودترە بۆتان .

شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِيَ أُنزِلَ فِيهِ الْقُــرْآنُ هُــدًى لِّلنَّــاسِ

وَبَيِّنَاتٍ مِّنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ وَمَن كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ يُرِيدُ اللّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلاَ يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ وَلِتُكْمِلُواْ الْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُواْ اللّهَ عَلَى مَا هَدَاكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ {١٨٥}

ئەو ڕۆژانە ڕۆژانی مانگی ڕەمەزانن کە قورئانی پیرۆزی تێدا هاتووەتە خوار ، ئەو قورئانەی کە هۆی شارەزایی ئادەمزادەو ئایەتی زۆر ڕووناکن‌و هۆی شارەزایی‌و جیاکردنەوەی حەقن لە ناحەق ، جا کەسێ لەو مانگەدا ساغ‌و سەلامەت بوو با بەڕۆژوو بێ . کەسێکیش نەخۆش بێ یا ڕێبوار بێ با چەند ڕۆژێکی‌تر بە ڕۆژوو بێ. خودا ئەیەوێ کارتان ئاسان بکات نەك گران . کە ڕۆژووی مانگەکەتان تەواو کرد با تەکبیری خودا بکەن و بڵێن : (الله اکبر) لەسەر ئەوە کە هیدایەتی داون بۆ ئەو ڕۆژووە . هیوایە سوپاسی خودا بکەن .

وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُواْ لِي وَلْيُؤْمِنُواْ بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ{١٨٦}

ئەگەر بەندەکانم دەربارەی من لێیان پرسیت پێیان بڵێ : من لێیانەوە نزیکم‌و ئاگام لە حاڵو کردەوەیانە ، هەرکەس بانگم لێ بکات ئاگام لێیەو ، وەلامی ئەدەمەوەو فریای ئەکەوم . کەواتە کە بانگم کردن بۆ عیبادەت‌و بەگوێکردنم با ئەوان بەگوێم بکەن‌و ،

ئیمانم پیْبهیْنن بهڵکو بگهنه حهق‌و ڕیْگای ڕاستی بگرنهبهر .

أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ الصِّيَامِ الرَّفَثُ إِلَى نِسَآئِكُمْ هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ عَلِمَ اللّهُ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَخْتانُونَ أَنفُسَكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ وَعَفَا عَنكُمْ فَالآنَ بَاشِرُوهُنَّ وَابْتَغُواْ مَا كَتَبَ اللّهُ لَكُمْ وَكُلُواْ وَاشْرَبُواْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ثُمَّ أَتِمُّواْ الصِّيَامَ إِلَى الَّليْلِ وَلاَ تُبَاشِرُوهُنَّ وَأَنتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ تِلْكَ حُدُودُ اللّهِ فَلاَ تَقْرَبُوهَا كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللّهُ آيَاتِهِ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ {١٨٧}

له شهوانی مانگی ڕۆژوودا چوونه لای ژنهکانتانتان بۆ حهڵاڵ کراوه. ئهوان بهرگ‌و پۆشاکن بۆ ئێوه‌و عهیبتان دائهپۆشن ، ئێوهیش بهرگ‌و پۆشاکن بۆ ئهوان‌و عهیبیان دائهپۆشن . خودا ئهیزانی‌و ئاگای لیْ بوو ئێوه زوڵمتان له خۆتان کردو خۆتان گوناهبار کرد که له شهوانی مانگی ڕۆژوودا پیْش ئهوهی بۆتان حهڵاڵ بکریْ ، ئهچوونه لای ژنهکانتان . جا که تهوبهتان کرد خودا تهوبهی لیْ قبووڵ کردن‌و عهفوی کردن . دهی ئیسته له شهوهکاندا بڕۆنه لایان‌و داوای ئهوه بکهن که خودا بۆی نووسیون له ئهولاد ، ههروهها له شهوهکاندا بخۆن‌و بخۆنهوه تا خهتی سپی ڕووناکی سبهینیْ له خهتی تاریکی ڕهشی شهو جیا دهبیْتهوه . بهلاّم له شهوهکاندا ئهگهر له مزگهوتهکاندا گۆشهنشین بوون بۆ عیبادهت‌و

خوداپەرستی مەڕۆنە لای ژنەکانتان . ئەمانە کە بۆم ڕوون کردنەوە سنووری فەرمانی خودان لێیان نزیك مەبنەوە نەبادا سنوور ببڕن و تەجاوز بکەن . خودا ئاوەها فەرمانەکانتان بۆ ڕوون ئەکاتەوە ، کە چی پەیڕەوەییەو چی سەرپێچییە ؟ بەڵکو خۆتان لە گوناه و سەرپێچی بپارێزن .

وَلاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَكُم بَيْنَكُم بِالْبَاطِلِ وَتُدْلُواْ بِهَا إِلَى الْحُكَّامِ لِتَأْكُلُواْ فَرِيقًا مِّنْ أَمْوَالِ النَّاسِ بِالإِثْمِ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ {١٨٨}

ئەی خەڵکینە لەناو خۆتاندا ماڵو دارایی خۆتان بە ناڕەواو حەرام مەخۆن و ماڵتان مەدەن بە فەرمانڕەواو کاربەدەستەکان بۆ ئەوەی لایەنتان بگرن و ناحەقتان بۆ بکەنە حەق و ماڵی خەڵك بە ناحەق بخۆن و گوناهبار بن ، کە زۆر باشیش ئەزانن ناحەقە .

يَسْأَلُونَكَ عَنِ الأهِلَّةِ قُلْ هِيَ مَوَاقِيتُ لِلنَّاسِ وَالْحَجِّ وَلَيْسَ الْبِرُّ بِأَنْ تَأْتُوْاْ الْبُيُوتَ مِن ظُهُورِهَا وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنِ اتَّقَى وَأْتُواْ الْبُيُوتَ مِنْ أَبْوَابِهَا وَاتَّقُواْ اللّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ{١٨٩}

پرسیارت لێ ئەکەن دەربارەی گەورەبوون و بچووکبوونەوەی مانگ ، کە لە سەرەتاوە یەك شەوەو باریکەو ، دوایی وردە وردە گەورە ئەبێ و ئەبێتە چارەك و ، لە چواردە ڕۆژیدا تەواو گەورە ئەبێ و، دوای ئەوە دووبارە دەست ئەکاتەوە بە بچووك بوونەوە . پێیان بڵێ ئەوە خودا وای لێ ئەکا تا کاتەکانی بنیادەم بۆ حەج

کردن و مامەڵەو کشتوکاڵ کردن دەریکەونو لە سەری بڕۆن . خێرو چاکە ئەوە نیيە لە کاتی دابەستنی ئیحرامی حەجدا لە دەرگای ماڵو خێوەتەوە نەچنە ژوورەوەو لە پشتیەوە بچنە ژوورەوە ، ڕەفتاری چاكو خێر ئەوەتە لە خودا بترسن. لە دەرگای عادەتییەوە بچنە ناو ماڵو لە خودا بترسنو فەرمانی بەجێبێنن بەڵکو ڕزگار ببن.

وَقَاتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلاَ تَعْتَدُواْ إِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبِّ الْمُعْتَدِينَ {١٩٠}

لەپاش صوڵحی (حدیبیە) کە بەپێی ڕێکەوتنی هەردوولا حەزرەت (د.خ) لە ساڵی دواییدا هات بۆ جێبەجێکردنی عەمرەی قەزاو ، موسوڵمانەکان ترسان لەوە کە کافرەکان وەعدەکەیان نەبەنەسەرو لە حەرەمدا یا لە مانگی حەرامدا شەڕیان لەگەڵ بکەن ، ئەم ئایەتە نازڵ کرا واتە : کە چوونە حەرەمو کافرەکان هاتن شەڕتان لەگەڵ بکەن ، ئێوە دەستدرێژی مەکەن بەوەی پێشدەستییان لێ بکەنو شەڕیان لەگەڵ بکەن، بەلآم ئەگەر ئەوان پێشدەستنیان کرد ئەوا ئێوەیش لێیان مەوەستنو شەڕیان لەگەڵ بکەن ، خودا بنیادەمی دەسدرێژکەری خۆش ناوێ .

وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ وَأَخْرِجُوهُم مِّنْ حَيْثُ أَخْرَجُوكُمْ وَالْفِتْنَةُ أَشَدُّ مِنَ الْقَتْلِ وَلاَ تُقَاتِلُوهُمْ عِندَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ حَتَّى يُقَاتِلُوكُمْ فِيهِ فَإِن قَاتَلُوكُمْ فَاقْتُلُوهُمْ كَذَلِكَ جَزَاء الْكَافِرِينَ {١٩١}

لــه هــەركوێ بەردەســتتان كــەوتن‌و زاڵبــوون بەســەرياندا بيانكوژن. لە مەككە دەريانبكەن وەك ئەوان ئێوەيان دەركرد ، ئينسان دەربەدەر كردن‌و بێحاڵ‌وماڵ لە وەتەن دەركردنی ئازاری زياترە لە كوشتنی ، يا ئەو ئاژاوەو كوفرە كە ئەوان بەرپای ئەكەن لە كوشتنەكە توندترو خراپترە ، بەلاّم ئێوە لە (مسجد الحرام)دا شەڕيان لەگەڵ مەكەن تا ئەوان دەستپێشخەری نەكەن ، كە كرديان بيانكوژن . ئەمەيە پاداشی كافران .

فَإِنِ انتَهَوْاْ فَإِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ {١٩٢}

جا ئەگەر وازيان لە شەڕكردن‌و كوفر هێنا ئەوا خودا گوناه پۆش‌و ميهرەبانەو لە گوناه و تاوانی ڕابووردوويان خۆش‌ئەبێ .

وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لاَ تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلّهِ فَإِنِ انتَهَواْ فَلاَ عُدْوَانَ إِلاَّ عَلَى الظَّالِمِينَ {١٩٣}

شەڕيان لەگەڵ بكەن تا ئاژاوەی كوفر نەمێنێ‌و، دين هەمووی ببێتە خودا بە يەك ناسين‌و عيبادەت هەر بۆ ئەو بێ ، جا ئەگەر وازيان هێنا لەوەی نەهيی لێ كراوە ئيتر دەسدرێژی نامێنێ بۆ ئەوانە نەبێ كە ستەمكارن ، جوان نی‌يە زوڵم بكرێ لە يەكێ نەبێ كە زوڵم بكات .

الشَّهْرُ الْحَرَامُ بِالشَّهْرِ الْحَرَامِ وَالْحُرُمَاتُ قِصَاصٌ فَمَنِ اعْتَدَى عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُواْ عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَى عَلَيْكُمْ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ {١٩٤}

لەم مانگی (ذی القعدە)دا کە عەمرەی قەزای تیا دەکەن شەڕ بکەن لەگەڵ کافرەکان وەك ئەوان هەر لەم مانگەدا شەڕیان لەگەڵ کردن‌و نەیانهێشت عەمرەکە بکەن . هەتکی حورمەتیش قیصاصی هەیە ، وەك ئەوان هەتکیان کرد .

ئێوەیش درێغی مەکەن ، کەواتە هەرکەس دەستدرێژی لێ کردن ئێوەیش وەڵامی بدەنەوە بە وێنەی ئەو دەستدرێژییەی ئەو . لە خودا بترسن‌و لەو سنوورە لامەدەن کە بۆی دیاری کردوون . زۆر چاك بزانن خودا لەگەڵ لەخوداترسانەو سەریان ئەخات .

وَأَنفِقُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَلاَ تُلْقُواْ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ وَأَحْسِنُوَاْ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ {١٩٥}

ماڵو داراییتان لە ڕێگای خوداو جیهادو بەرزکردنەوەی قسەی خوداداو لە ڕێگای یارمەتیدانی کەسو کارو داماواندا صەرف بکەن . دەستتان مەنووقێنن‌و زیادەڕەوییش مەکەن . خۆتان مەخەنە هیلاکەتەوە بەهۆی جیهاد نەکردنەوە ، کە کافرەکان بەسەرتاندا زاڵ ببن‌و بتانفەوتێنن . هەروەها خۆتان مەفەوتێنن بەهۆی ئیسراف یا دەست گرتنەوەوە ، کە هەردووکیان خراپن . کردارتان چاك بکەن و یارمەتی داماوان بدەن ، خودا چاکەکارانی خۆش ئەوێ .

وَأَتِمُّواْ الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلّهِ فَإِنْ أُحْصِرْتُمْ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ وَلاَ تَحْلِقُواْ رُؤُوسَكُمْ حَتَّى يَبْلُغَ الْهَدْيُ مَحِلَّهُ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضاً أَوْ بِهِ أَذًى مِّن رَّأْسِهِ فَفِدْيَةٌ مِّن صِيَامٍ أَوْ

صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ فَإِذَا أَمِنتُمْ فَمَن تَمَتَّعَ بِالْعُمْرَةِ إِلَى الْحَجِّ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلاثَةِ أَيَّامٍ فِي الْحَجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ ذَلِكَ لِمَن لَّمْ يَكُنْ أَهْلُهُ حَاضِرِي الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ {١٩٦}

کاتێ ئیحرامتان بەست بۆ حەج یا بۆ عومرە تەواویان بکەن‌و لە خۆتانەوە دەرمەچن لێیان . ئەگەر مەنعیش‌کران لەوە کە تەواویان بکەن هەر لەو شوێنەدا حەیوانێ سەرببڕن لەوەی کە دەس ئەکەوێ ، مەڕ یا بزن یا غەیری ئەوانە ، هەروەها سەر مەتاشن‌و لە ئیحرام دەرمەچن تا ئەو فیدیە ئەگاتە شوێنی خۆی‌و دڵنیا ئەبن کە گەیشتووەتە ئەو شوێنەی پێویستە لەوێ سەرببڕرێ واتە : خاکی حەرەم .

جا ئەگەر یەکێکتان نەخۆش بوو یا خۆ سەری برینداربوو یا سپێ تێی‌دابوو پێویستی بە تاشینی سەر بوو و تاشیی ، ئەوە پێویستە فیدیەی بدا کە بریتییە لە ڕۆژوو یا دانی خواردەمەنی بە داماوان ، یا حەیوانێ سەرببڕێ ، جا هەر کاتێ ئێوە هێمن بوونەوەو مانیع نەبوو بەسەرتانەوەو ئیحرامتان بەست بۆ عومرەو ، ویستتان پاش عومرەکە حەج بکەن ، ئەوە بۆ فیدیەی ئەو ئیستیراحەتە کە لە بەینی عومرەو حەجەکەدا ئەیکەن پێویستە ئەوەی بتوانێ حەیوانێ سەرببڕێ‌و، ئەوەی دەستی نەڕواو نەتوانێ حەیوان سەرببڕێ ئەبێ سێ ڕۆژ لە مەککە بەڕۆژوو بێ‌و حەوت ڕۆژێش پاش

گەڕانەوەی بۆ نیشتمانی خۆی . ئەم فەرمانە بۆ ئەوانەیە کە نیشتمانیان لە نزیکی (مسجد الحرام) ەوە نەبێ بە کەمتر لە مەسافەی نوێژ کورتکردنەوە . لە خودا بترسن‌و زۆر چاك بزانن کە خودا سەختگیرە لە سزادنا .

الْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَاتٌ فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ الْحَجَّ فَلاَ رَفَثَ وَلاَ فُسُوقَ وَلاَ جِدَالَ فِي الْحَجِّ وَمَا تَفْعَلُواْ مِنْ خَيْرٍ يَعْلَمْهُ اللّهُ وَتَزَوَّدُواْ فَإِنَّ خَيْرَ الزَّادِ التَّقْوَى وَاتَّقُونِ يَا أُوْلِي الأَلْبَابِ{١٩٧}

کاتی ئیحرام بەستن شەووال‌و (ذی‌القعدە)و دە ڕۆژی (ذی الحجە) یە. کە یەکێ ئیحرامی بەست بۆ حەج ئیتر چوونە لای ژن نی‌یەو قسەی ناشیرین نی‌یەو کاری تاوانباری‌و دەمەدەم‌و وتەی پڕوپووچ نی‌یە . بێگومان هەر کارێکی چاکە بکەن لە ماڵ بەخشین‌و نوێژکردن‌و تەوافی کەعبەو خێراتی‌تر ئەوە خودا پێی ئەزانێ‌و پاداشتان ئەداتەوە ، توێشوو لەگەڵ خۆتان هەڵگرن بۆ دواڕۆژ ، باشترین توێشوو کە ئینسان لەگەڵ خۆی هەڵیگرێ بۆ قیامەت لەخوداترسانە . لە من بترسن ئەی خاوەن عەقڵەکان.

لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَبْتَغُواْ فَضْلاً مِّن رَّبِّكُمْ فَإِذَا أَفَضْتُم مِّنْ عَرَفَاتٍ فَاذْكُرُواْ اللّهَ عِندَ الْمَشْعَرِ الْحَرَامِ وَاذْكُرُوهُ كَمَا هَدَاكُمْ وَإِن كُنتُم مِّن قَبْلِهِ لَمِنَ الضَّآلِّينَ {١٩٨}

گوناهبار نابن ئەگەر لە ڕۆژانی حەجدا کەسبی قازانجێکی

دنیاییو ڕزقیّ بکەنو لە خودای گەورەوە بە تـەمای بـن . جا کاتـیّ ڕاوەسـتانی عـەرفات تـەواو بـوو و بـەرەو موزدەلیفـە کەوتنـەڕیّ لای (مشعر الحرام) ناوی خودا بهیّننو (لبیك لبیك .. الخ) بکـەنو (لا إلـه إلا الله)و دوعاو پاڕانەوە بکەن ، نـاوی خـودا بـهیّننو یـادی بکـەنو شوکرانەبژیّر بن کە ڕیّگەی ڕاستی نیشان داونو خستوونیە سەر ئـەم خوداپەرستییە کـە ئەگـەر بـە دڵسـۆزییەوە بیکـەن ئەبیّتـە هـۆی بەختیاریتان، ئەگەرچی لەمەوپیّش گومڕاه بوون .

ثُمَّ أَفِيضُواْ مِنْ حَيْثُ أَفَاضَ النَّاسُ وَاسْتَغْفِرُواْ اللّـهَ إِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ {١٩٩}

ئەی دانیشتوانی حەرەم ئیّوەش لەگەڵ خەڵکیتر لە عـەرەفات ڕاوەسـتنو لـەویّوە وەك ئـەوان داپەڕنـە خـوارو ، بـە شـیّوەییّکی تایبەتیو جیا لە خەڵك لە موزدەلیفە مەوەستن ، واتـە خـەڵکیتر لـە عەرەفات بنو ، ئیّوە بە بەهانەی ئـەوەی کـە ئـەهلی حـەرەمن ، لـە موزدەلیفە . نا، لەگەڵ ئەوان بوەستنو لەگەڵ ئەوان داپەڕنو داوای لیّخۆشبوونو گوناه پۆشـی لـە خـودا بکـەن ، خـودا گونـاه پـۆشو میهرەبانە .

فَإِذَا قَضَيْتُم مَّنَاسِكَكُمْ فَاذْكُرُواْ اللّهَ كَذِكْرِكُمْ آبَـاءكُمْ أَوْ أَشَدَّ ذِكْرًا فَمِنَ النَّاسِ مَن يَقُولُ رَبَّنَآ آتِنَا فِي الدُّنْيَا وَمَا لَـهُ فِي الآخِرَةِ مِنْ خَلاَقٍ {٢٠٠}

کـە کاروبـاری حـەجتان تـەواو کـرد دەسمەکـەن بـە مـەدحو

پیاهەڵدانی باوكو باپیرتان ، وەك سەردەمی جاهیلییەت ، ئەوە سوودی تێدا نی‌یە بۆتان ، بەڵكو ناوی خودا بهێنن‌و باسی گەورەیی و دەستەڵات‌و بەخشندەیی ئەو بكەن ، وەكو چۆن ناوی باوك‌و باپیرتان بە حورمەتەوە ئەبەن ، بەڵكو لەوەیش زیاترو بەهێزتر .

بنیادەمی وەها هەن ئەپاڕێنەوە ئەڵێن خودایا سامان‌و ماڵی دنیامان بدەرێ‌و ، ئیتر داوای شتێ ناكەن بۆ دواڕۆژیان باش بێ . ئەمانە لە قیامەتدا بەش‌و بەهرەیان نی‌یە .

وَمِنْهُم مَّن يَقُولُ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ {٢٠١}

هی وایش هەن ئەپاڕێنەوە لە خودا ئەڵێن خودایا لە دنیادا چاكەمان پێ ببەخشە لە لەشساغی‌و ئاسایش‌و ماڵ‌و خێزانی باش‌و دراوسێ‌و خزمی باش‌و بەشی حاڵی خۆمان دارایی‌مان پێ ببەخشەو لە ڕۆژی قیامەتیشدا پاداشی چاكمان پێ‌ببەخشەو لە سزای ئاگر بمانپارێزە .

أُولَـئِكَ لَهُمْ نَصِيبٌ مِّمَّا كَسَبُواْ وَاللّهُ سَرِيعُ الْحِسَابِ{٢٠٢}

ئەمانەیان بەشێكی باشیان هەیە لە ئەنجامی كردەوەی چاك‌و پاڕانەوەی بەجێیان‌و داواكردنی چاكەی دنیاو قیامەتیان . خودا گورج موحاسەبەی خەڵك ئەكات‌و زوو پاداشی كرداری چاك‌و سزای كرداری خراپ ئەداتەوە .

واذكروا اللّه في أيّام معدودات فمن تعجّل في يومين فلا إثم عليه ومن تأخر فلا إثم عليه لمن اتقى واتقوا اللّه واعلموا أنكم إليه تحشرون {٢٠٣}

ناوی خودا بێنن له چەند ڕۆژێکدا ، که له سبەینێی عەرفەوەیه تا عەسری ڕۆژی چوارەمی جەژن . ئەمەیش لەپاش نوێژەکانو له کاتی سەربڕینی قوربانیو له کاتی بەردفڕێدانا بۆ سەر کۆگابەردەکانی بەردبارانی شەیتان . تەکبیرەکەیش بەم جۆرەیه : (الله اکبر . الله اکبر. الله اکبر . لااله الا الله والله اکبر . الله اکبر ولله الحمد) .

جا ئەگەر یەکێ پەلەی کردو له دوو ڕۆژدا ڕەجمی کردو گەڕایەوه ئەوه تاوانی لەسەر نیيەو گوناهی ناگات ، خۆ ئەگەر دواکەوت تا سێ ڕۆژ تەواو بوو ئەوەیش هەر گوناهی ناگات . ئەم تەخیرەش بۆ کەسێکه که له خودا بترسێ . له خودا بترسنو دڵنیا بن که له دواڕۆژدا کۆ ئەبنەوەو ئەگەڕێنەوه بۆ لای خودا .

ومن الناس من يعجبك قوله في الحياة الدّنيا ويشهد اللّه على ما في قلبه وهو ألدّ الخصام {٢٠٤}

بنیادەمیوا هەیه دەربارەی کاروباری دنیایی قسەت بۆ ئەکات، قسەکانیت بەدڵه ، چونکه بەدیمەن باش قسه ئەکاتو گفتی شیرینه. هەروەها خودا ئەگرێ به شاهید لەسەر ئەوەی له دڵیایەتی که گوایا ڕاستگۆیەو دڵسۆزه ، کەچی له دڵا بەدترین دوژمنه .

وإذا تولى سعى في الأرض ليفسد فيها ويهلك الحرث وَالنَّسْلَ وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ الفَسَادَ {٢٠٥}

بنیادەمیوا کە پشتی هەلکردو لای تۆ دەرچوو یەکسەر ئەچێت خراپە ئەکات و دەغلودان ئەسووتێنێ و حەیواناتی موسولمانان ئەکوژێ . یا مەبەست ئەوانەن کە ئەگەر کاروباری خەلکیان کەوتە دەست و بوون بە فەرماندار خراپە ئەکەن و زولم و زۆرداری ئەکەن . خودا خراپەکاریی پێ ناخۆشە .

وَإِذَا قِيلَ لَهُ اتَّقِ اللّهَ أَخَذَتْهُ الْعِزَّةُ بِالإِثْمِ فَحَسْبُهُ جَهَنَّمُ وَلَبِئْسَ الْمِهَادُ {٢٠٦}

ئەگەر بەم بنیادەمە بوترێ : لە خودا بترسە و بەدکاری مەکە ، غیرەت و نەفامیی جاهیلییەت ئەیگرێ و تووڕە ئەبێ و ئەو گوناهە ئەکات کە لێی مەنع کراوە . ئەوکەسە سزای دۆزەخی بەسە . شوێنێکی زۆر بەدە ئەو شوێنەی لە دوارۆژدا ئەوی تێدا جێگیر ئەبێ .

وَمِنَ النَّاسِ مَن يَشْرِي نَفْسَهُ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللّهِ وَاللّهُ رَؤُوفٌ بِالْعِبَادِ {٢٠٧}

بنیادەمی وایش هەیە خۆی ئەفرۆشێ و سەرو ماڵی خۆی باخت ئەکا لە پێناوی ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە و ، جیهاد لە ڕێی خودادا ، تا خودای لێ ڕازی بێ . خودا لەگەڵ بەندەکانی خۆی میهرەبانە و پاداشیان ئەداتەوە .

يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ ادْخُلُواْ فِي السِّلْمِ كَآفَّةً وَلاَ تَتَّبِعُواْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ {٢٠٨}

ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە ملکەچ بن بۆ ئاییینی ئیسلام لە هەموو ڕوویەکەوەو لە هەموو کاروباردا . دوای شتیتر مەکەون و ئەحکامی قورئان لە گەڵ ئەحکامی تەورات تێکەڵ مەکەن و دوای هەنگاوی شەیتان مەکەون ، شەیتان دوژمنی ئاشکراو ناحەزی ئێوەیە .

فَإِن زَلَلْتُمْ مِّن بَعْدِ مَا جَاءتْكُمُ الْبَيِّنَاتُ فَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ {٢٠٩}

ئەگەر پاش ئەوەی دەلیلی ئاشکراتان بۆ هات لەسەر ڕاستیی ئاییینی ئیسلام ، هەڵخلیسکان و لە ڕێی ڕاست لاتان داو بێگوێییتان کرد ، زۆر چاك بزانن خودای گەورە بەدەستەڵاتەو حەکیمە لە تۆڵەسەندنەوەداو ، بە حەق نەبێ تۆڵە ناسەنێتەوە .

هَلْ يَنظُرُونَ إِلاَّ أَن يَأْتِيَهُمُ اللّهُ فِي ظُلَلٍ مِّنَ الْغَمَامِ وَالْمَلآئِكَةُ وَقُضِيَ الأَمْرُ وَإِلَى اللّهِ تُرْجَعُ الامُورُ {٢١٠}

وا دیارە ئەو کافرانە چاوەڕوانی ئەوەن و ئەوەیان ئەوێ کە خوداو مەلائیکەکانی خودا لەناو چەند پەڵە هەورێکی سپیدا بێن بۆیان ، کە چاوەڕوانی ڕەحمەتی لێ ئەکرێ کەچی مەلائیکەی سزان و لە دیمەنی هەوری سپیدا دەرئەکەون و غەزەبی خودایان بەسەردا ئەبارێ و هەمووشت ئەبڕێتەوەو حوکمی خودا جێبەجێ ئەکرێ ؟

ئەمە کاری بنیادەمی هوشیار نی‌یە ، باشتر ئەوەیە تەوبە بکەن‌و بێنە سەر ڕێی ڕاست‌و چاوەڕوانی ڕەحمەتی خودا بن ، هەموو شت بۆ لای خودا ئەگەڕێتەوە .

سَلْ بَنِي إِسْرَائِيلَ كَمْ آتَيْنَاهُم مِّنْ آيَةٍ بَيِّنَةٍ وَمَن يُبَدِّلْ نِعْمَةَ اللّهِ مِن بَعْدِ مَا جَاءتْهُ فَإِنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ {٢١١}

پرسیار بکە لە بەنی ئیسرائیلی‌یەکان چەند موعجیزەی دیاری‌و ئاشکرامان دانێ . ئەو کەسانەی خودا نیعمەتیان پێ ئەدات‌و ئەوان ونی ئەکەن‌و سوپاسی ناکەن ، خودا دەربارەی ئەوانە سەختگیرە‌و سزای توندیان ئەدات .

زُيِّنَ لِلَّذِينَ كَفَرُواْ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَيَسْخَرُونَ مِنَ الَّذِينَ آمَنُواْ وَالَّذِينَ اتَّقَواْ فَوْقَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَاللّهُ يَرْزُقُ مَن يَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ {٢١٢}

ئەوانەی کافرن ژیانی دنیایان لە بەرچاو جوان کراوە‌و ڕازێنراوەتەوە.

ئەمانە گاڵتە ئەکەن بە خاوەن ئیمانەکان ، ئەوانە کە لە خودا ئەترسن لە ڕۆژی قیامەتدا لە ژووری کافرەکانەوەن . خودا بۆ هەرکەس بییەوێ ڕۆژی‌و بەهرە بە بێ‌حیساب‌و ژمارە ئەبەخشێت .

كَانَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً فَبَعَثَ اللّهُ النَّبِيِّينَ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ وَأَنزَلَ مَعَهُمُ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ فِيمَا اخْتَلَفُواْ فِيهِ وَمَا اخْتَلَفَ فِيهِ إِلاَّ الَّذِينَ أُوتُوهُ مِن بَعْدِ مَا

جاءتْهُمُ البيّنات بغْياً بينهم فهدى الله الّذيـــن آمنــوا لمـــا اختلفوا فيه من الحق بإذنه والله يهْدي مَـــن يشـــاء إلـــى صراط مُسْتقيم {٢١٣}

بنیادەم لە بەینی ئادەمو ئیدریسدا یەك جۆر ئوممەت بوون هەموو لەسەر حەق بوون ، پاشان لەناوخۆیاندا تێكچوون ، ئەنجا خودا پێغەمبەرانی بە موژدەدەرو ترسێن ناردو كتێبی لەگەڵ ناردن بە ڕاستی ، تا خودا فەرمانی حەق بدا لەو شتانەدا كە خیلافیان تیا هەبوو، كەچی كەس ئیختیلافی نەئەكردو لە ڕێگای ڕاست لای نەئەدا ئەوانە نەبێ كتێبیان بۆ هاتووە لەگەڵ موعجیزەدا . ئەمانە بە ناحەقو زوڵم لایاندا چونكە حەزیان لە ماڵی دنیا ئەكرد . بەڵام خودا موسوڵمانەكانی هیدایەت دا بۆ لابردنو نەهێشتنی ئەو زوڵمو ئیختیلافو لەڕێ لادانانە ، خودا بۆ هەركەس مەیلی لەسەر هیدایەتی بێ شارەزاری ئەكاتو ئەیخاتە سەر ڕێگای ڕاستو ڕەوان.

أمْ حسبْتمْ أن تدْخلوا الْجنّة ولمّا يأْتكم مّثلُ الّذين خلوْا من قبْلكم مّستْهمْ الْبأْساءُ والضّرّاءُ وزلْزلوا حتّى يقول الرّسُول والّذين آمنوا معهُ متى نصْرُ اللّه ألا إنّ نصْر اللّه قريبٌ {٢١٤}

لاتانوایە هەروا بەئاسانی ئەچنە بەهەشت كە هێشتا بەسەرهاتی ئەوانەتان بەسەردا نەهاتووە كە لەپێش ئێوەوە بوونو سەختیو سزاو ئازاری زۆریان تووشبوو لەپێناوی بلاْوكردنەوەی

ئاینو جیهاداو نارەحەتییان گەیشتبوە دواپلە ، بە ڕادەیێکی وەها پێغەمبەرەکەو ئەوانەی ئیمانیان هێنابوو لەگەڵی ئەوەندە لە تەنگوچەڵەمەدا بوونو بەجۆرێ تەنگاو بووبوون ئەیانوت : ئیتر کەی لەلایەن خودای گەورەوە یارمەتیمان بۆ دێ ؟ کەی ڕزگار ئەبین ؟ خودایش وەحیی کرد بۆ پێغەمبەرەکەیان کە پێیان بڵێ : یارمەتی خودا نزیکەو ئەوەندەی نەماوە ڕزگار بن ، واتە : ئەمە ڕەوشتی خودایە لەناو بەندەکانیدا کە لەپاش تەنگانە فەرحانیەو لەدوای خۆڕاگرتن سەرکەوتنە .

ئەم ئایەتە لە غەزای (ئەحزاب)دا هاتووەتە خوار .

يَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ قُلْ مَا أَنفَقْتُم مِّنْ خَيْرٍ فَلِلْوَالِدَيْنِ وَالأَقْرَبِينَ وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ وَمَا تَفْعَلُواْ مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ اللّهَ بِهِ عَلِيمٌ {٢١٥}

لێت ئەپرسن چی لە ڕێگەی خوادا صەرفکەین ؟ پێیان بڵێ : هەرچی صەرف ئەکەن لە ڕێگەی خوادا لەپێش هەموو کەسا بیدەن بە باوکو دایکتانو بە خزمە زۆر نزیکەکانتانو بە هەتیوانو داماوانو ڕێبوارانی بێدەس . هەر خێرێ بکەنو هەر ماڵێ ببەخشن خوا ئاگای لێیەتی .

چەند جوانە ، ئەوان لێی ئەپرسن چی صەرف بکەن ، کەچی ئەو لە وەڵامدا ئەوکەسانە باس ئەکات کە ئەبێ لەپێش هەموو کەسدا یارمەتییان بدەن ، بەڵێ موهیم نیە چی صەرف ئەکەن ،

موهیم ئەو شوێنەیە تیایا صەرف ئەکەن .

كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ وَعَسَى أَن تَكْرَهُواْ شَيْئاً وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَعَسَى أَن تُحِبُّواْ شَيْئاً وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ وَاللّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ {٢١٦}

واجب کراوە لەسەرتان لەپێناوی پاراستن‌و دامەزراندنی ئایینی ئیسلام‌و لە ڕێگەی خوادا شەڕ بکەن ، دیارە شەڕکردن لەسەر شانتان گرانەو پێتان ناخۆشە بەلاّم ئەم پێ‌ناخۆشبوونی ئێوە ئەساس نی‌یە ، لەوانەیە شتێکتان پێ ناخۆش بێ ، کەچی خێری تیا بێ بۆتان ، هەروەها لەوانەیە شتێکتان پێ خۆش بێ ، کەچی زیانتانی تێدابێ .خوا بە نهێنی کار ئەزانێ‌و ئەزانێ چی خێری تیایە بۆتان ، ئێوە نایزانن .

يَسْأَلُونَكَ عَنِ الشَّهْرِ الْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ اللّهِ وَكُفْرٌ بِهِ وَالْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِ مِنْهُ أَكْبَرُ عِندَ اللّهِ وَالْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ الْقَتْلِ وَلاَ يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّىَ يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُواْ وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُوْلَـئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَأُوْلَـئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ{٢١٧}

پرسیارت لێ ئەکەن لە حوکمی جەنگ کردن لە مانگە حەرامەکاندا کە (ذوالقعده)و (ذوالحجه)و (محرم)و (رجب)ن . تۆ لە

وەلأمـدا پێیـان بلّـێ : جـەنگ کـردن لـە مـانگی حــەرامدا تــاوانێکی گەورەیە، بەلاّم ڕێگەی دینی خودا گرتن لە خــەڵكو ئینکـاری خـوداو ئینکاری حورمەتی (مسجد الحرام)و تەجاوزکردنە سەریو دەرکردنی ئەهلەکەی ، کە موسوڵمانەکانن ، لای خــودا ستەمێکی گـەورەترە . مەنعی خەڵك کردن لە دین بە ئازاردانو دەرکردنو شـێوەکانیتر لـە کوشـتنی نـەفس گـەورەترە . ئــەم کافرانــە واز نــاهێننو بــەدەوام جەنگتان لەگەڵ ئەکەن بەهیوای ئەوەی ، ئەگــەر بتوانـن ، لـە دینـی ئیسلام هەڵتانبگەڕێننەوە . نەکەن هەڵخەڵەتێن چونکە هەر کەس لــە ئێوە ئەگەر لە دینی خۆی وەرگەڕێ کە دینی ئیسلامەو ، بــە کـافری بمرێ ، ئەوە کردەوە چاکەکانی بێسـوودو بـێ نرخـن لای خـودا لـە دنیاو قیامەتداو دەبێتە هاوڕێی ئــاگری دۆزەخو هــەتا هەتایە تیایا ئەمێنێتەوە .

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَالَّذِينَ هَاجَرُواْ وَجَاهَدُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ أُوْلَـــئِكَ يَرْجُونَ رَحْمَتَ اللّهِ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ {٢١٨}

ئەوانەی ئیمانیــان هێنـا بـە ئـایینی ئیسـلامو لـەپێناوی ڕەزای خـوادا کۆچیـان کـردو مـاڵو حـاڵو نیشـتمانی خۆیــان جێهێشــتو جیـهادیان کـرد ، ئـەوانــە بـە تـــەمای میــهرەبانیو بەخشــندەیی خـوداندو خـودایش زۆر گوناه بەخشو میهرەبانە .

يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ قُلْ فِيــــهِمَا إِثْــمٌ كَبِــيرٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَآ أَكْبَرُ مِن نَّفْعِهِمَا وَيَسْــــأَلُونَكَ مَــاذَا

يُنفِقُونَ قُلِ الْعَفْوَ كَذَلِكَ يُبيِّنُ اللّهُ لَكُمُ الآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ{٢١٩}

پرسیارت لیٚ ئەکەن دەربارەی خواردنەوەی شەراب و قومارکردن ، لە وەلاٚمدا پێیان بلێ : لە خواردنەوەی شەراب و قومارکردندا گوناهێکی گەورە هەیە . لە هەمان کاتیشدا سوودو قازانجی دنیاییشیان تیا هەیە ، بەلاٚم زیان و تاوانەکەیان لە سوودو قازانجەکەیان گەورەترەو بۆ ئەوە ناشێ بۆ قازانجە دنیاییەکە بنیادەم خۆی تووشی گوناه و سزای دواڕۆژ بکات .

هەروەها پرسیارت لیٚ ئەکەن چی صەرف کەن لە ڕێگەی خوادا؟ بلێ ئەوەی بەئاسانی دەس بدا بۆیان و گران نەبێ لەسەر شانیان . خودا وەها حوکم و فەرمانی خۆیتان تێئەگەیێنێ تا بیربکەنەوە لە فەرمانەکانی خوداو لە ئەنجام و دواڕۆژی خۆتان و ، بۆ دین و دنیای خۆتان بە ڕێکوپێکی هەوڵ بدەن .

فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْيَتَامَى قُلْ إِصْلاَحٌ لَّهُمْ خَيْرٌ وَإِنْ تُخَالِطُوهُمْ فَإِخْوَانُكُمْ وَاللّهُ يَعْلَمُ الْمُفْسِدَ مِنَ الْمُصْلِحِ وَلَوْ شَاءَ اللّهُ لأعْنَتَكُمْ إِنَّ اللّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ {٢٢٠}

کە ئایەتی (ان الذين يأكلون أموال اليتامى ظلماً - النساء ١٠) نازڵ بوو موسوڵمانەکان ترسان و لە هەتیوان دوورەپەرێز بوون . بۆیە ئەم ئایەتە هاتە خوار .

واته : دەربارەی تێکەڵی لەگەڵ هەتیوان پرسیارت لێ ئەکەن ، بڵێ تێکەڵی لەگەڵیان بۆ چاككردنیان و چاككردنی ماڵ و سامانیان چاكترە لەوەی کە لێیانەوە دوور بن . ئێوە ئەگەر تێکەڵیان بن ئەوان براتانن و حەقی برا لەسەر برا ئەوەیە دڵسۆز بێ لەگەڵیا و چاکەیەکی بۆ خۆی ئەوێ بۆ ئەویشی بوێ . خودایش ئاگادارەو ئەزانێ کێ تێکەڵی ئەکا لەگەڵیان بە نیازی چاکەو بە دڵسۆزیەو کێیش تێکەڵی لەگەڵیان ئەکا بە نیازی بەدو دڵپیسی و بە تەمای ماڵخواردنیان . خودا ئەگەر بیویستایە تووشی باری گرانی ئەکردن و نەیئەهێشت تێکەڵییان بکەن . خودا دەستەڵاتدارەو ئەتوانێ تۆڵە لە پیاوخراپ بسێنێ و ، فرمانەکانی پڕحیکمەتن .

وَلاَ تَنكِحُواْ الْمُشْرِكَاتِ حَتَّى يُؤْمِنَّ وَلأَمَةٌ مُّؤْمِنَةٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكَةٍ وَلَوْ أَعْجَبَتْكُمْ وَلاَ تُنكِحُواْ الْمُشِرِكِينَ حَتَّى يُؤْمِنُواْ وَلَعَبْدٌ مُّؤْمِنٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكٍ وَلَوْ أَعْجَبَكُمْ أُوْلَـئِكَ يَدْعُونَ إِلَى النَّارِ وَاللّهُ يَدْعُوَ إِلَى الْجَنَّةِ وَالْمَغْفِرَةِ بِإِذْنِهِ وَيُبَيِّنُ آيَاتِهِ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ {٢٢١}

ژنێ کە شەریك بڕیار بدا بۆ خودا یا ئیمانی بە خودا نەبێ ، تا ئیمان نەهێنێ بە خودای تەنیا مارەی مەکەن . جاریەیەکی موسوڵمانی خاوەن ئیمان چاكترە لە ژنێکی شەریك بۆخودا بڕیاردەر هەرچەند ئەو ژنە موشریکەتان لا پەسەند بێ لەبەر جوانی یا سامان یا نەسەب . هەروەها ژن مەدەن بە پیاوی کافر ، موشریك بێ یا

کیتابی ، تا موسوڵمان نەبی.بەندەییکی موسوڵمان‌و خاوەن ئیمان چاکترە لە کافر هەرچەند کافرەکەتان بەلاوە جوان‌و خاوەن‌ماڵ‌و حەسەب‌و نەسەب بێ . کافرەکان خەڵك بانگ ئەکەن بۆ کارو کردەوەی بەد کە بنیادەم ئەخاتە ئاگری دۆزەخ . خودایش بانگی خەڵك ئەکات بۆ کردەوەو بیروباوەڕی چاك و ڕەزامەندیی خۆی کە بنیادەم دەباتە بەهەشت و ژیانی بەختیاریی ئەبەدی.خودا ئایەتەکان و حەرام و حەڵاڵ بۆ خەڵك ڕوون ئەکاتەوە بەڵکو بیربکەنەوەو ڕێگای ڕاست بگرن .

وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ وَلاَ تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّى يَطْهُرْنَ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ{٢٢٢}

پرسیارت لێ ئەکەن دەربارەی حوکمی حەیزی ژن‌و تێکەڵییان لەگەڵیان . تۆیش وەڵامیان بدەرەوە کەوا حەیز شتێکە بنیادەم تڕێزی لێ ئەکات‌و بە پیسی ئەزانێ . ئێوە لە کاتی حەیزدا جیماع لەگەڵ ژنەکانتان مەکەن‌و صەبر بکەن تا بەتەواوی پاك‌ئەبنەوە ، کە پاك‌بوونەوە لەو ڕێگایەوە کە خودا بۆتانی حەڵاڵ کردووە ، جیماعیان لەگەڵ بکەن . خودا ئەوانەی خۆش ئەوێ کە زۆر تەوبە ئەکەن‌و لە گوناه پەشیمان ئەبنەوەو ئەوانەی خۆش‌ئەوێ کە پاکن‌و لە کاتی حەیزدا جیماع ناکەن لەگەڵ ژنیان‌و لە ڕێگای حەڵاڵ‌و

شەرعییەوە ئەچنە لایان . ئەهلی جاهیلییەت ، کە ژنەکانیان دەکەوتنە حەیزەوە تێکەڵییان لەگەڵ نەئەکردن و نانیان لەگەڵ نەئەخواردن و لەگەڵیان دانەئەنیشتن ، بۆیە بەم ئایەتە پیرۆزە خودای گەورە ڕوونی کردەوە کە چی لەکاتی حەیزدا حەرامەو چی حەلاڵە.

نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُواْ حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ وَقَدِّمُواْ لأَنفُسِكُمْ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّكُم مُّلاَقُوهُ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ{٢٢٣}

ئەی موسوڵمانینە ! ژنەکانتان جێگەی کشتوکاڵی ئێوەن ، جێگەی ئاوس بوون و مناڵبوونن بۆ ئێوە . بچنە لای ژنەکانتان لەو ڕێگایەوە کە دەبێتە هۆی مناڵبوون ، ئیتر کە ڕێگای کشتوکاڵتان گرت هەرچۆن بچنە لایان قەی ناکات ! بە دانیشتنەوە یا لەسەر پشت . مەبەست و نیازی باش بخەنە پێش خۆتانەوە ، واتە ناوی خودای لێ بێنن و دڵخوازتان نەوەی ڕەفتار باش بێ . لەخودا بترسن و ڕێگای ناشەرعی بەکارمەهێنن . دڵنیا بن ڕۆژی پاداش بە خودا ئەگەن. ئەی پێغەمبەر ! موژدە بدە بە خاوەن ئیمانەکان کە لای خودا پاداشی باشیان هەیە.

وَلاَ تَجْعَلُواْ اللّهَ عُرْضَةً لِّأَيْمَانِكُمْ أَن تَبَرُّواْ وَتَتَّقُواْ وَتُصْلِحُواْ بَيْنَ النَّاسِ وَاللّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ {٢٢٤}

ناوی خودا مەکەن بە جێگەی سوێندتان و بەو سوێنەتان ڕێگا

له کاری خێر مەگرن لە خۆتان ، خوا ئەیەوێ خـێر بکـەنو ناوبـەینی خەڵك چاك بکەنو لە خودا بترسن . خـودا شـنەواو زانایـەوئاگای لـە هەمووشت هەیە.

لاَّ يُؤَاخِذُكُمُ اللّهُ بِاللَّغْوِ فِيَ أَيْمَانِكُمْ وَلَكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَـــا كَسَبَتْ قُلُوبُكُمْ وَاللّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ {٢٢٥}

خودا سزاتان نادا لەسەر سـوێنی بێمەبەسـت کـە بـە دەمتانـا دێت ، بەڵام لەسەر سوێنێ کە لە دڵەوە دەربچێو بشکێنرێ سـزاتان ئەدات . خودا تاوانبەخشو خاوەن حیلمە.

لِّلَّذِينَ يُؤْلُونَ مِن نِّسَآئِهِمْ تَرَبُّصُ أَرْبَعَةِ أَشْـــهُرٍ فَــإِنْ فَآؤُوا فَإِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ {٢٢٦}

بۆ ئەو کەسانەی سوێند ئەخۆن نەڕۆنە لای ژنـەکانیان مۆڵـەتی چوار مانگ هەیە کە نەڕۆنە لایانو لەو ماوەدا زۆریان لێ ناکرێ بچنـە لای ژنـەکانیان یـا تـەڵاقیان بـدەن. ئەگـەر پـاش چـوار مانگەکـە گەڕانەوە بۆلایـان ، باشـەو خـودا تاوانبـەخشو میهرەبانـە لـەبارەی دووریی چوار مانگەکەوە.

وَإِنْ عَزَمُواْ الطَّلاَقَ فَإِنَّ اللّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ {٢٢٧}

خۆ ئەگەر هەر عەزمیان لەسەر تەڵاقدانی ژنـەکانیان بـوو ئـەوا با تەڵاقیان بدەن . خودا شنەوایەو بە هەموو شت ئەزانێ .

وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلاَثَةَ قُـــرُوَءٍ وَلاَ يَحِـلُّ لَهُنَّ أَن يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ اللّهُ فِي أَرْحَامِهِنَّ إِن كُنَّ يُؤْمِنَّ بِاللّهِ

وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ فِي ذَلِكَ إِنْ أَرَادُواْ إِصْلاَحاً وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ وَاللّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ {٢٢٨}

ئەو ژنانەی تەڵاقدراون ئەبێ پەلە نەکەنو خۆیان ڕاگرنو لەسەر حاڵی خۆیان ڕاوەستن تا ماوەی سێ حەیزی تەواو یا سێ (طهر) پاکی تەواو. ئەوسا ئەتوانن شوو بکەن. ئەگەر ئیمانیان بە خوداو بە ڕۆژی قیامەت هەیە ئەبێ چی لە منداڵدانیاندایە نەیشارنەوە، چ منداڵو چ حەیز. مێردەکانیان حەقدارترن لە بێگانە بۆ ئەوەی لەو ماوەی ڕاوەستانەدا، پێش تەواوبوونی عیددەکان بیانگێڕنەوە ژێر نیکاحی خۆیان ئەگەر ئەم گەڕاندنەوەیان بەنیازی چاکەو خێرو ڕێکەوتنی نێوانیان بێ، نەك بەنیازی زیان گەیاندن بە ژنەکە. ژنەکان هەر وەك واجباتیان لەسەرە ئەوەندەش حقووقیان هەیە. ئەبێ پیاوانە بۆیان جێبەجێ بکرێ وەك ژیانی ڕێكو ڕێزلێ گرتنو هەموو پێویستییەکانی ژیان. بەڵام پیاوەکان زیادەیان هەیە بەسەر ژنەکانیانەوە، بۆنموونە ژنەکان بە بێ ئیزنی پیاوەکانیان نابێ لە ماڵ دەربچن، چونکە پیاوان سەرپەرشتی کاروباری ژنانیان ئەکەن. خودا بەدەستەڵاتەو فەرمانەکانی پڕحیکمەتن.

الطَّلاَقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ وَلاَ يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَأْخُذُواْ مِمَّا آتَيْتُمُوهُنَّ شَيْئاً إِلاَّ أَن يَخَافَا أَلاَّ يُقِيمَا حُدُودَ اللّهِ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ يُقِيمَا حُدُودَ اللّهِ فَلاَ جُنَاحَ

عَلَيْهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ تِلْكَ حُدُودُ اللّهِ فَلاَ تَعْتَدُوهَا وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ اللّهِ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ {٢٢٩}

ئەو تەلاقەی گەڕانەوەی ژن لە پاش ئەو دروست بێ هەر دوو جارە ، ئیتر پاش ئەم دووجارە تەلاقە یا ڕاگیرکردنی ژنەکەیە بەپێی یاسای ئیسلام کە بەدرێژی باس کراوە، یا تەلاقدانی جاری سێیەمە. جا ئێوە ئەی پیاوەکان! ڕەوا نی‌یە بۆتان ئەو شتانە لە ژنەکانتان بسێننەوە کە پێتان‌داون‌و کردووتانن بە موڵکیان ، چ مارەیی‌و چ غەیری مارەیی ، بۆتان نی‌یە لێیان بسێننەوە نە پێش تەلاقدان‌و نە پاش تەلاقدان ، مەگەر ژن‌و پیاوەکە لەوە بترسن کە نەتوانن بەپێی ڕێو شوێنی ئایین پێکەوە بژین‌و بیانەوێ لە یەك جیا ببنەوەو ، ژنەکە ڕەغبەتی ئەوەی هەبێ بە ماڵدان بە پیاوەکە خۆی ڕزگار بکات‌و لێی جیاببێتەوە . بەڵێ ئا لەم حاڵەتەدا نە ژنەکە بە دانی ماڵەکە گوناهبار ئەبێ‌و نە پیاوەکەیش بە وەرگرتنی.

فَإِن طَلَّقَهَا فَلاَ تَحِلُّ لَهُ مِن بَعْدُ حَتَّىَ تَنكِحَ زَوْجاً غَيْرَهُ فَإِن طَلَّقَهَا فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَن يَتَرَاجَعَا إِن ظَنَّا أَن يُقِيمَا حُدُودَ اللّهِ وَتِلْكَ حُدُودُ اللّهِ يُبَيِّنُهَا لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ {٢٣٠}

جا ئەگەر پاش دوو تەلاقەکەی باسمان کرد پێکەوە نەیانکراو پیاوەکە ژنەکەی تەلاق دا ، ئەوە ئیتر ئەم ژنەی بۆ حەلاڵ نی‌یەو ناتوانێ بیگێڕێتەوە ژێر نیکاحی خۆی تا ئەو ژنە تەلاق دراوە شوو نەکا بە یەکێکی‌تر ، کە شووی کرد بە یەکێکی‌ترو ، پاشان ئەم

مێرده دووهەمەی تەڵاقی دا ، ئەوه هیچ گوناهبار نابن لەگەڵ مـێرده پێشینەکەی بگەڕێنەوه بۆ یەك بە مارەبڕینێکی تازه ، ئەگـەر وایان ئـەزانی سنووری فەرمانـەکانی خـودا ڕائـەگرن و زیـان بـە یـەکتر ناگەیێنن و بە پێی ئەمری خودا لەگەڵ یـەکتر ئەجووڵێنـەوه . خـودا ئەم سنوورانه ڕوون ئەکاتەوه بۆ ئەوانەی تێئەگەن.

وَإِذَا طَلَّقْتُمُ النَّسَاء فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْـرُوفٍ أَوْ سَرِّحُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ وَلاَ تُمْسِكُوهُنَّ ضِرَارًا لَّتَعْتَدُواْ وَمَـن يَفْعَلْ ذَلِكَ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ وَلاَ تَتَّخِـذُوَاْ آيَـاتِ اللّـهِ هُـزُوًا وَاذْكُرُواْ نِعْمَتَ اللّهِ عَلَيْكُمْ وَمَا أَنزَلَ عَلَيْكُـمْ مِّـنَ الْكِتَـابِ وَالْحِكْمَةِ يَعِظُكُم بِهِ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ بِكُلِّ شَـيْءٍ عَلِيمٌ {٢٣١}

کە ژنـەکانتان تـەڵاق داو گەیشـتنە ئـاخر مـوددەی خۆیان بـە چاکە ڕایـان بگـرن ئەگـەر ویسـتیان لاتـان بمێننـەوه، یا بە چاکـەو ڕێکیو بێ زوڵم لێکردن بەرەڵایان بکەن . مامەڵەیان لەگەڵ مەکەن بە جۆرێ کە خیلافی ئایینی ئیسلام بێ بۆئەوه کە زیانیان پێ بگەیێنن بـە بێمـێردی ، واتـە نـە وابکـەن بیانگێڕنـەوه لای خۆتـان بـە ڕەزامەندیو ، نە بەرەڵایان بکەن شـووی‌تر بکـەن . هەرکـەس وەهـا بکـا زیـان بـەخۆی ئەگەیێنیو ستەم لـە خـۆی ئـەکات . ئایـەتو فەرمانەکانی خودا مەکەن بە جێی گاڵتـە. یـادو باسـی‌نیعـمەتـەکانی خـودا بکـەن لەسـەرتان کـە بـە پایـەی ئیسـلام گەیشـتوون.

سوپاسگوزاری خودا بکەن لەسەر ئەو ئایەتانـەی ناردوونیەتـە خـوار بۆ سەرتان‌و پەندو ئامۆژگاریتان ئـەکات پێیـان . لـە خـودا بترسـن‌و بزانن خودا بە هەمووشت ئەزانێ.

وَإِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاء فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَـلاَ تَعْضُلُوهُـنَّ أَن يَنكِحْنَ أَزْوَاجَهُنَّ إِذَا تَرَاضَوْاْ بَيْنَهُم بِالْمَعْرُوفِ ذَلِكَ يُوعَظُ بِهِ مَن كَانَ مِنكُمْ يُؤْمِنُ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ ذَلِكُـمْ أَزْكَـى لَكُـمْ وَأَطْهَرُ وَاللّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ {٢٣٢}

کاتێ ژن تەڵاق دراو عیددەی تەواو بوو و مـێردە پێشـووەکەی ویستی جارێکی‌تر مارەی بکاتـەوەو ، هـەردوو لا ، ژن و پیـاو، ڕازی بوون بەم دووبارە ڕێکەوتنە بەچاکەو لەسەر ڕێوشوێنی ئایین ، ئێوە ئەی خاوەن ژنەکان ڕێگایان لێ مەگرن ، با بگەڕێنەوە بۆ لای مـێردە پێشووەکانیان ، ئەم ئامۆژگارییە بۆ کەسێکە باوەڕی بە ڕۆژی دوایی ببـێ . پەیڕەویکردنی‌ئـەم حوکمانـەو بـە گوێـی ئـەمری خـودا کـردن پاکترو چاکترە بۆ دنیاو قیامەتی ئێوە ، خودا زانایـە ، ئێـوە نـازانن بەختیاری لە چیدایە.

وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلاَدَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ لِمَـنْ أَرَادَ أَن يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ وَعلَى الْمَوْلُودِ لَـهُ رِزْقُـهُنَّ وَكِسْـوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ لاَ تُكَلَّفُ نَفْسٌ إِلاَّ وُسْعَهَا لاَ تُضَآرَّ وَالِدَةٌ بِوَلَدِهَـا وَلاَ مَوْلُودٌ لَّهُ بِوَلَدِهِ وَعَلَى الْوَارِثِ مِثْلُ ذَلِكَ فَإِنْ أَرَادَا فِصَالاً عَن تَرَاضٍ مِّنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِمَا وَإِنْ أَرَدتُّـمْ أَن

تَسْتَرْضِعُواْ أَوْلاَدَكُمْ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِذَا سَلَّمْتُم مَّــآ آتَيْتُــم بِالْمَعْرُوفِ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُـــواْ أَنَّ اللّـــهَ بِمَـــا تَعْمَلُـــونَ بَصِيرٌ{٢٣٣}

ئەو ژنانـەی تـەلاق دراون دوو سالّی تـەواو شـیر ئـەدەن بـە منداڵەکانیان بۆ یەکێ بییەوێ ماوەی شیرپێدان تەواوبکات . لەسـەر خاوەن مناڵەکەیشە بەپێی عادەتو نەریتی وەخـت خـۆراكو بـەرگی ئـەو ژنانـە بـدا ، کەسـیش زیـاد لـە توانـی خـۆی هیچـی لێ داوا ناکرێ.زیان نادرێ لە هیچ دایکی بەهۆی منداڵەکەیەوە بەو جۆرە کـە منداڵەکـەی لێ بسـێنرێتەوە . هـەروەها زیـانیش نـادرێ لـە بـاوکی منداڵەکە بەهۆی منداڵەکەیـەوە بـەوەی منداڵەکـەی لـە شـیرەخۆریدا بدرێتەوە بەسـەریدا . ئـەو حوکمـەی لەسـەر بـاوکی منداڵەکـە هەیـە لەسەر میراتگرەکەیشـی هەیـەو پێویسـتە میراتگرەکەیشـی نەفەقـەو کرێـی ژنـە شـیردەرەکە بـدات. ئەگـەریش بـاوكو دایکەکـە ، بـە ڕەزامـەندی هـەردووکیانو بێئـەوەی زیـان بـە منداڵەکـەیان بگـات ، ویستیان منداڵەکە لە شـیر ببڕنـەوە ، ئـەوە هیـچ تاوانێکیـان نایێتـە سەر . ئەگەریش ویستتان دایەنی شیردەر بۆ منداڵەکانتان بگرنو ، لە لای دایکەکانیان نەمێنن ئەوە گوناهبار نابن ئەگەر ئەو ئوجرەیـە، کە بڕیارتان داوە بیدەن بە شیردەرەکان ، بـە ڕێکوپێکـیو بـە پێـی ڕێـو شـوێنی ئـایین پێیـان بـدەن . لـە خـودا بترسـنو بزانـن خـودا سەختگیرەو ئاگای لە کارو کردەوەتانە چاكو خراپی .

وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجاً يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْراً فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا فَعَلْنَ فِي أَنفُسِهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَاللّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ {٢٣٤}

ئەو كەسانە كە ئـەمرنو ژنـانی خۆيـان بەجێئـەهێڵن ، لەسـەر ژنەكانيان واجبە چوار مانگو دە شەو خۆيان ڕاگرن ، شوو نەكـەن . جا كە گەيشتنە ئاخری عيددەی خۆيان هيچ گوناهێ نايەتە سەرتان، ئەی موسوڵمانەكان ، بـەوەی كـە ژنـەكان بـەپێی ياسـای شـەريعەت بيكەن وەك خوازبێنی لێ كـردنو بـە صەراحـەت جـوابدانـەوەو خـۆ ڕێكوپێك كردن لە سـنووری شـەريعەتدا ، بـەڵام ئەگـەر لـە سـنووری شەريعەت دەرچوون ئەوا ئێوە گوناهبار ئەبن ئەگەر مەنعيان نەكەن؛ چونكـە ئـەمر بـە چاكـەو نـەهی لـە خراپـە واجبـە. خودايـش ئاگـای لەوەيە كە ئەيكەن .

وَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا عَرَّضْتُم بِهِ مِنْ خِطْبَةِ النِّسَاءِ أَوْ أَكْنَنتُمْ فِي أَنفُسِكُمْ عَلِمَ اللّهُ أَنَّكُمْ سَتَذْكُرُونَهُنَّ وَلَكِن لاَّ تُوَاعِدُوهُنَّ سِرّاً إِلاَّ أَن تَقُولُواْ قَوْلاً مَّعْرُوفاً وَلاَ تَعْزِمُواْ عُقْدَةَ النِّكَاحِ حَتَّىَ يَبْلُغَ الْكِتَابُ أَجَلَهُ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ يَعْلَمُ مَا فِي أَنفُسِكُمْ فَاحْذَرُوهُ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ {٢٣٥}

گوناهتان ناگات ئەگەر بە (تعريض) خوازبێنی لەو ژنانـە بكـەن

نەك بە عیبارەتی ئاشکرا ؛ بەڵکو بەجۆرێ کە مەبەستەکە بگەیەنێتو ئاشکرایش نەبێ ، بۆ نموونە پێی بڵێ : ژنی وەك ئێوە باشەو لایقی پیاوی باشە . ئیتر بە مەیلو حەزکردن لە خوازتنیان لە دڵەوە هیچ گوناهتان ناگات . خودا ئەزانێ ئێوە خۆتان پێ ڕاناگیرێو باسیان ئەکەن ، بەلاَم بە پەنامەکی بەڵێنی نیکاحو موعاشەرەیان مەدەنێ ، هەر تەنها قسەی باشو شەرعییان لەگەڵ بکەن . هەروەها تا عیددەکەیان تەواو نەبێ عەزمی مارەکردنیان مەکەن . خودا ئەزانێ چی لە دڵتانایە ، کەواتە لێی بترسن چونکە ئاگای لە هەموو شتتانە . بەڕاستی خودا گوناهپۆشو میهرەبانە.

لاَّ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِن طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ مَا لَمْ تَمَسُّوهُنَّ أَوْ تَفْرِضُواْ لَهُنَّ فَرِيضَةً وَمَتِّعُوهُنَّ عَلَى الْمُوسِعِ قَدَرُهُ وَعَلَى الْمُقْتِرِ قَدْرُهُ مَتَاعاً بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُحْسِنِينَ {٢٣٦}

ئەگەر ژنتان هێناو ، لەپێش ئەوەی بڕۆنە لایانو لە پێش ئەوەی مارەییان بۆ دابنێن تەلاقتاندان گوناهبار نابن . بەلاَم لەسەرتان واجبە بۆ چارکردنی دلگرانیی ژنە تەلاقدراوەکان ، میقدارێماڵیان بدەنێ ، تا دڵیان خۆش ببێ . ئیتر لەسەر داراو دەوەڵەمەند بەپێی خۆیو لەسەر بێدەسەلاَتو نەدارا بەپێی خۆی . ئەمە حەقێکە واجبە لەسەر ئەوانەی پیاوچاکنو ڕەفتاریان موسوڵمانانەیە .

وإن طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِن قَبْلِ أن تَمَسُّوهُنَّ وَقَدْ فَرَضْتُمْ لَهُنَّ فَرِيضَةً فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ إَلاَّ أَن يَعْفُونَ أَوْ يَعْفُوَ الَّذِي بِيَدِهِ عُقْدَةُ النِّكَاحِ وَأَن تَعْفُواْ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَلاَ تَنسَوُاْ الْفَضْلَ بَيْنَكُمْ إِنَّ اللّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ {٢٣٧}

ئەگەریش پێش ئەوەی بڕۆنە لایان تەلاقتان دان ، بەلاّم مارەییتان بۆ دیاری کردبوون ، ئەوە تەڵاقدراو نیوەی ئەو بڕیاردراوەی ئەکەوێو پێویستە بیاندەنێ ، مەگەر ژنەکان چاوپۆشی لە مێردەکانیان بکەنو ئەو نیوە مارەییەی خۆیان نەوێو هیچ وەرنەگرن ، یا ئەوانەی عەقدی نیکاحیان بەدەستە کە پیاوەکانن چاوپۆشی بکەنو هەموو مارەیی تەلاقدراوەکە بدەن ، واتە واز لە نیوەکەی خۆیان بێنن . بێگومان چاوپۆشی لەلایەن مێردەکانەوەو دانی هەموو مارەییەکە بە ژنە تەلاق دراوەکە نزیکترە لە ترس لە خوداوە . هەروەها پایەی شەرافەتو فەزڵتان لەبیرنەچێتەوە . خودا چاوی لێتانەو ئاگای لە هەموو کردەوەتانە .

حَافِظُواْ عَلَى الصَّلَوَاتِ والصَّلاَةِ الْوُسْطَى وَقُومُواْ لِلّهِ قَانِتِينَ{٢٣٨}

ئاگاداری نوێژەکانتان بن لە وەختی خۆیاناو لە سەرەتای وەختا بە هەموو شەرتو ڕوکنەکانیانەوەو بە شێوەیەکی ڕاستو ڕەوان جێبەجێیان بکەن ، بەتایبەتی نوێژی ناوەڕاست ، واتە ؛ نوێژی عەسر کە ئەکەوێتە مابەینی دوو نوێژی ڕۆژو دوو نوێژی شەو.

ڕاوەستن بە عیبادەت کردنەوەو قسەی دنیایی مەکەن .

فَإنْ خِفْتُمْ فَرِجَالاً أَوْ رُكْبَاناً فَإذَا أَمِنتُمْ فَاذْكُرُواْ اللّهَ كَمَا عَلَّمَكُم مَّا لَمْ تَكُونُواْ تَعْلَمُونَ {٢٣٩}

ئەگەر لە کاتی نوێژەکانا ترسی دوژمنتان بوو ئەوا بە پیادەو بە سواری هەرچۆن نوێژ بکەن بۆتان دروستە . ئەنجا کە ئەمین بوونەوەو ترستان نەما ، بەپێی ئەو ئاداب و یاسایە کە لەلایەن خوداوە فێرکراون و ئەوسا نەتانئەزانین نوێژەکانتان جێبەجێ بکەن.

وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجاً وَصِيَّةً لِّأَزْوَاجِهِم مَّتَاعاً إِلَى الْحَوْلِ غَيْرَ إِخْرَاجٍ فَإِنْ خَرَجْنَ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِي مَا فَعَلْنَ فِيَ أَنفُسِهِنَّ مِن مَّعْرُوفٍ وَاللّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ{٢٤٠}

ئەو پیاوانەی ئەمرن و ژنیان لەدوا بەجێئەمێنێ خوای گەورە بڕیاری داوە ئەو ژنانە لە ماڵی خۆیاندا بژین تا ماوەی ساڵێك بێ دەرچوون لەو ماڵە . خۆ ئەگەر ژنەکان خۆیان دەرچوون ئیتر تاوان لە سەر ئێوە نییە ئەوان چی لە خۆیان بکەن بەپێی ڕێوشوێنی ئایین . شایانی باسە ئەم ئایەتە بە ئایەتی (والذين يتوفون منكم ويذرون ازواجا يتربصن بأنفسهن أربعة أشهر وعشرا ..) نەسخ بووەتەوە . خودا غالبەو دەسەڵاتدارەو هەموو کارەکانی پڕ لە حیکمەتن .

وَلِلْمُطَلَّقَاتِ مَتَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُتَّقِينَ {٢٤١}

ژنه تەڵاقدراوەکان بێجگە ئەوانەی وتمان حەقی موتعەیان هەیە بە یاسای دینو لەسەر ئەخواترسەکان واجبە بە چاکی ئەم حەقە جێبەجێ بکەن.

كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ {٢٤٢}

خوا بەم جۆرە حوکمە ڕێوشوێنی تەڵاقو عیددەتان بۆ ڕوون ئەکاتەوە تا لێی حاڵی ببنو هۆشتان بەکاربێنن.

أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ خَرَجُواْ مِن دِيَارِهِمْ وَهُمْ أُلُوفٌ حَذَرَ الْمَوْتِ فَقَالَ لَهُمُ اللّهُ مُوتُواْ ثُمَّ أَحْيَاهُمْ إِنَّ اللّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى النَّاسِ وَلَـكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَشْكُرُونَ {٢٤٣}

ئایا تەماشای ئەوانە ناکەن کە هەزاران کەس بوون لە ماڵی خۆیان دەرچوونو لە ترسی مردن بە تاعوون یا لە ترسی دوژمن ڕایان‌کرد! جا خودا ئەمری فەرموو پێیان کە بمرنو ئەوانیش مردن. پاش مردنەکەیان خودا زیندووی کردنەوەو حاڵی‌کردنو تێیگەیاندن کە کەس لە دەستی خودا دەرناچێو سەرئەنجام هەرلای ئەوە. بێگومان خودا فەضڵو ڕەحمەتی زۆرە بەسەر خەڵکەوە، بەڵام ئەوان گەلێکیان سوپاسی خودا ناکەنو دان بە نیعمەتی خودادا نانێن!

وَقَاتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ {٢٤٤}

ئەی موســولْمانان ! لــەپێناوی ڕەزای خــودادا دژی کــافران بجەنگنو ئـاینی ئیسـلام بـەرز بکەنـەوەو ، زۆر بـاش بزانـن خــودا شنەواو زانایەو ئاگای لە هەموو کەسو لە هەموو شت هەیە .

مَّن ذَا الَّذِي يُقْرِضُ اللّهَ قَرْضًا حَسَنًا فَيُضَاعِفَــــهُ لَــهُ أَضْعَافًا كَثِيرَةً وَاللّهُ يَقْبِضُ وَيَبْسُطُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ {٢٤٥}

کێیە ئەو کەسەی ماڵی خۆی بە قەرز بدا بە خودا ، قەرزێکیوا جوانو بەجێ بێ ، واتە تەنها بۆ ڕەزامەندیی خودا بێ ، تا خودایـش چەند قاتو چەند قــات جـەزای بداتــەوە ؟ هــەر خودایــە مــاڵو ڕزقو ڕۆزی فــراوان ئــەکات و ، هـــەر خودایشــە کـــەمی ئەکاتـــەوەو ، هەموویشتان دوایی بۆ لای ئەو ئەگەڕێنەوەو حیســابو کیتابتــان لای ئەو ئەبێ .

أَلَمْ تَرَ إِلَى الْمَلإِ مِن بَنِي إِسْرَائِيلَ مِن بَعْدِ مُوسَـــــى إِذْ قَالُواْ لِنَبِيٍّ لَّهُمُ ابْعَثْ لَنَا مَلِكًا نُّقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللّهِ قَالَ هَـــلْ عَسَيْتُمْ إِن كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ أَلاَّ تُقَاتِلُواْ قَالُواْ وَمَــــا لَنَــــا أَلاَّ نُقَاتِلَ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَقَدْ أُخْرِجْنَا مِن دِيَارِنَا وَأَبْنَآئِنَـــا فَلَمَّـــا كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقِتَالُ تَوَلَّـــوْاْ إِلاَّ قَلِيـــلاً مِّنْــهُمْ وَاللّـــهُ عَلِيـــمٌ بِالظَّالِمِينَ{٢٤٦}

تەماشـای ئـەو کۆمەڵـە ناکـەن لـە بەنیئیسـرائیلییەکانی پـاش مووسا ، کە بە پێغەمبەرێکی خۆیانیان وت : پادشاییێکمان بۆ بنـێرە با لەژێر سەرکردایەتی ئەودا لەپێناوی ڕەزای خــوداو بەرزکردنـەوەی

ئاییندا جەنگ بکەین . جا پێغەمبەرەکەیان پێیانی فــەرموو : ئەگـەر جـەنگ فـەرز کـرا لەســەرتان خـۆ لەوانـە نیـیـە پەشــیمان بنــەوە ؟ ئەوانیش وتیان : چۆن پەشیمان ئەبینەوە ؟ چـۆن لـەپێناوی ڕەزای خوادا ناجەنگین لەکاتێکا کە ئێمە لە خانوو و بەرەو جێوڕێی خۆمان دەرکراوینو ، لە ماڵو سـامانو منالْمـان دوور خراوینەتـەوە ؟ بـەلاَم کە لە لای خوداوە جەنگیان بەسەردا فـەرز کـرا ، کـەمێکیان نـەبێ ، هەموو پەشیمان بوونەوەو پشتیان لەو واجبە هـەڵگردو فەرمانەکـەی خودایـان ڕەد کـردەوە. خـودا بـە سـتەمکاران ئــەزانیو ئاگــای لــە گوفتارو ڕەفتاریانە .

وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ إِنَّ اللّهَ قَدْ بَعَثَ لَكُمْ طَالُوتَ مَلِكًا قَــالُوَاْ أَنَّى يَكُونُ لَهُ الْمُلْكُ عَلَيْنَا وَنَحْنُ أَحَقُّ بِالْمُلْكِ مِنْهُ وَلَمْ يُــؤْتَ سَعَةً مِّنَ الْمَالِ قَالَ إِنَّ اللّهَ اصْطَفَاهُ عَلَيْكُمْ وَزَادَهُ بَسْطَةً فِي الْعِلْمِ وَالْجِسْمِ وَاللّهُ يُؤْتِي مُلْكَهُ مَن يَشَــاءُ وَاللّــهُ وَاسِــعٌ عَلِيمٌ{٢٤٧}

جـا پێغەمبەرەکـەیان پێـی فـەرموون ئـەوا لەسـەر داواکردنــی خۆتان کە خوا پاد شایەکتان بۆ بنێرێ ، (تالووت)ی کردە پادشـاتان و ئەو فەرمانڕەوا ئەبێ بەسەرتانەوە . وتیان چۆن تــالووت دەکرێتـە پادشاو گەورەو فەرمانڕەوامان ؟ ئێمە لەو لایەقترو شایستەترین کـە ببینە فەرمانڕەوا ؛ ئـەو سـامانو داریـی نیـیـە : پێغەمبەرەکـە پێـی فەرموون : خودا هەڵیبژاردوەو بۆ پادشایەتی پەسەندی کردووە ، لە

ئێوەی زیاتر زانستو هەیکەل داوەتیو لە ئێوەی چاکتر دروست کردووە . بێگومان خودا فەرمانداری بە کەسێ ئەدا کە خواستی خۆی لە سەری بێ ؛ خودا زانیاری فراوانەو لە کارەکانیدا حیکمەتی زۆرە .

وَقَالَ لَهُمْ نِبِيُّهُمْ إِنَّ آيَةَ مُلْكِهِ أَن يَأْتِيَكُمُ التَّابُوتُ فِيهِ سَكِينَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَبَقِيَّةٌ مِّمَّا تَرَكَ آلُ مُوسَى وَآلُ هَارُونَ تَحْمِلُهُ الْمَلآئِكَةُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ{٢٤٨}

پێغەمبەرەکەیان پێیوتن : نیشانەی فەرمانڕەوایی تالووت ئەوەیە صندووقە داگیرکراوەکەتان بێتەوە دەستتان ، کە بەهۆی ئەو صندووقەوە لەلایەن خوداوە ئارامیو دڵ دامەزراویتان دەست ئەکەوێ ، هەروەها لەو صندووقەدا هەندێ پاشماوەی حەزرەتی مووساو هاروونی برای هەیە وەکو کتێبی تەوراتو عەسای مووساو مێزەرو قاپووتی ئەوو هاروونو هەندێ شتیتر . فریشتەکانی خودا ئەو صندووقە هەڵئەگرنو بۆتانی ئەهێننەوە . بەڕاستی لەم ڕووداوەدا دەلیلی ئاشکرا هەیە بۆ ئێوە لەسەر ڕاستیی پێغەمبەرەکەتانو بڕیاری کردنی تالووت بە سەرکردەو فەرمانڕەواتان ، ئەگەر ئێوە ئیماندار بن .

فَلَمَّا فَصَلَ طَالُوتُ بِالْجُنُودِ قَالَ إِنَّ اللّهَ مُبْتَلِيكُم بِنَهَرٍ فَمَن شَرِبَ مِنْهُ فَلَيْسَ مِنِّي وَمَن لَّمْ يَطْعَمْهُ فَإِنَّهُ مِنِّي إِلاَّ مَنِ

اغْتَرَفَ غُرْفَةً بِيَدِهِ فَشَرِبُواْ مِنْهُ إِلاَّ قَلِيلاً مِّنْهُمْ فَلَمَّا جَاوَزَهُ هُوَ وَالَّذِينَ آمَنُواْ مَعَهُ قَالُواْ لاَ طَاقَةَ لَنَا الْيَوْمَ بِجَالُوتَ وَجُنودِهِ قَالَ الَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلاَقُو اللّهِ كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ اللّهِ وَاللّهُ مَعَ الصَّابِرِينَ {٢٤٩}

جا ئەو شتانە هاتنەجێو ، تالووت بوو بە فەرمانڕەواو دامەزراو سوپای ڕێکخست بۆ سەر عەمالیقە لە ولاتی لوبنان . کە تالووت لەگەڵ سوپاکەی ، بە ئیزنی (ئیشمەویل)ی ڕەهبەریان ، لە شاری قودس دەرچوو وتی بە میری سوپاکەی : خودا تاقیتان ئەکاتەوە بە ئاوی ئەو ڕووبارە کە ڕوونە ؛ هەرکەس لێی بخواتەوە لە ئێمە نی‌یەو هەرکەس لێی نەخواتەوە لە ئێمەیە ، مەگەر یەکێ بەلالەوێچی دەستی ئاو هەڵگرێو دەمی پێ تەڕ بکا . جا هەموویان سەرپێچییان کردو لە ئاوی ڕووبارەکەیان خواردەوە ، کۆمەڵێکی کەمیان نەبێ ، کە بەگوێیان کردو لێیان نەخواردەوە . ئەنجا کاتێ کە تالووتو موسوڵمانەکانی هاوڕێی لە ڕووبارەکە پەڕینەوەو ، چاویان بە سوپای جالووتو ، پادشای عەمالیقەکان کەوت ، وتیان : ئێمە ئەمڕۆ چاری جالووتو سوپاکەی ناکەین ؛ ئەوان زۆرنو ئێمە کەم . بەلام ئەوانەی باوەڕیان وا بوو ئەگەنە حزووری خودا وتیان ئەگەر خودا مەیلی لێ بێ زۆر تاقمی کەم سەرئەکەون بەسەر تاقمی زۆردا . خودا لەگەڵ ئەوانەیە کە خۆگرنو یارمەتییان ئەدات .

وَلَمَّا بَرَزُواْ لِجَالُوتَ وَجُنُودِهِ قَالُواْ رَبَّنَا أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وَانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ {٢٥٠}

که چوونه مەیدانەوە بۆ جالووتو سوپاکەی پاڕانەوە لە خواو وتیان: خودایا صەبر بڕژێنە بەسەر دڵماندا، پێمان لە جێی خۆیدا دامەزرێنەو ترسو دوودڵیمان لە دڵ دەرکەو زاڵمان بکەو بەسەر ئەو کۆمەڵە کافرە خودانەپرستانەدا سەرمان بخە .

فَهَزَمُوهُم بِإِذْنِ اللّهِ وَقَتَلَ دَاوُدُ جَالُوتَ وَآتَاهُ اللّهُ الْمُلْكَ وَالْحِكْمَةَ وَعَلَّمَهُ مِمَّا يَشَاءُ وَلَوْلاَ دَفْعُ اللّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَّفَسَدَتِ الأَرْضُ وَلَكِنَّ اللّهَ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْعَالَمِينَ{٢٥١}

ئیتر بە ئیزنی خوا سوپای جالووتیان شکاندو، داوود جالووتی کوشتو، خودای گەورە پاش ئەوە سەرەکیو گەورەییو زانیاری بەخشی بە داوودو کردی بە پێغەمبەر بۆ سەر بەنیئیسرائیلیو، ئەوەی خودا خۆی ویستی پێی نیشاندا . بێگومان ئەگەر خودا هەندێ کەسی ستەمکار بە هەندێ کەسیتر چارنەکاو لەناوی نەبا سەرزەوی وێران ئەبێ. بەڵام خودا خاوەن فەضڵو بەزەییە بەسەر هەموو عالەمدا .

تِلْكَ آيَاتُ اللّهِ نَتْلُوهَا عَلَيْكَ بِالْحَقِّ وَإِنَّكَ لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ{٢٥٢}

ئەو ئایەتانە کە خوێندمانەوە بەسەرتا ئایەتی خودان کە بەڕاستی پێمان گەیاندووی‌و تۆ لەو پێغەمبەرانەی ڕەوانە کراون بۆ سەر خەڵك‌و بۆ تێگەیاندنیان .

جوزئی سێهەم

تِلْكَ الرُّسُلُ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ مِّنْهُم مَّن كَلَّمَ اللّهُ وَرَفَعَ بَعْضَهُمْ دَرَجَاتٍ وَآتَيْنَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ الْبَيِّنَاتِ وَأَيَّدْنَاهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ وَلَوْ شَاءَ اللّهُ مَا اقْتَتَلَ الَّذِينَ مِن بَعْدِهِم مِّن بَعْدِ مَا جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَلَـكِنِ اخْتَلَفُواْ فَمِنْهُم مَّنْ آمَنَ وَمِنْهُم مَّن كَفَرَ وَلَوْ شَاءَ اللّهُ مَا اقْتَتَلُواْ وَلَـكِنَّ اللّهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ {٢٥٣}

ئەو پێغەمبەرانە هەندێکیانمان بەرزکردوونەتەوە بەسەر هەندێکیاندا، هی وایان هەیە خودا ڕاستەوخۆو بە بێ واسیتە قسەی لەگەڵ کردوون وەکو مووسا . هەندێکیشیانمان بە چەند پایە بەرزکردوونەتەوە بەسەر هەندێکیاندا ، وەك حەزرەتی موحەممەد (د.خ) کە بەسەر هەموو پێغەمبەرانی‌تردا بەرز کراوەتەوە بەوە کە کراوە بە پێغەمبەری هەموو ئوممەت‌و نەتەوەکان ، هەروەها بەوە کە موعجیزەیەکی پێدراوە لەپاش خۆیشی پایەدارە ، ئەویش قورئانی پیرۆزە . یەکێکی‌تر لە دەلیلی بەرزکردنەوەی ئەوەتە کە ئوممەتەکەی لە ئوممەتی هەموو پێغەمبەرانی‌تر چاکترە . چەند

موعجیزەی دیاریشمان بە عیسای کوڕی مەریەم دا وەك ئەوەی کە هێشتا لە بێشکەدا بوو قسەی لەگەڵ خەڵك ئەکرد ، یا وەك زیندووکردنەوەی مردوو و چاككردنەوەی کوێری زگماكو بەڵەك .

هەروەها جیبرەئیلمان کرد بە یارمەتیدەرو پشتیوانی کە بە هێزی قودسیی ئێمە یارمەتی ئەدا . دیارە ئەگەر خودا خواستی لەسەر نەبوایە ئوممەتەکان لەناو خۆیاندا جەنگیان نەئەکردو نەئەچوون بەگژی یەکترداو، لەپاش پێغەمبەرەکانو ، پاش ئایەتە ئاشکراکان کە بۆیان هاتبوو ، ئاژاوەو دووبەرەکی نەئەکەوتە مابەینیان . بەڵام ئەوەبوو جیاوازی کەوتە ناویان ، هەندێکیان ئیمانیان هێناو ڕێگای ڕاستیان گرتو ، هەندێکیشیان کافر بوونو ، ڕێگای لاریان گرت . بەڵێ ئەگەر خودا بیویستایە جەنگ نەکەنو، ئیرادەی لەسەر نەبوایە، جەنگیان نەئەکرد . بەڵام خودا هەرچی ویست ئەیکا .

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَنفِقُواْ مِمَّا رَزَقْنَاكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَ يَوْمٌ لاَّ بَيْعٌ فِيهِ وَلاَ خُلَّةٌ وَلاَ شَفَاعَةٌ وَالْكَافِرُونَ هُمُ الظَّالِمُونَ {٢٥٤}

ئەی خاوەن ئیمانەکان لەو ماڵو سامانەی خودا پێی داون لە ڕێگای خوادا صەرف بکەن پێش ئەوەی ئەو ڕۆژە بێت کە نە ماڵ فرۆشتن و مامەڵەی دنیاو ، نە دۆستیو برادەریی دنیا سوودی هەیە، ئەو ڕۆژەی کە تکاو ڕجای تێدا نی‌یە بە ئیزنی خودا نەبێ ، بەڵێ لەو ڕۆژەدا تەنیا کافرەکان بە ستەمکار دادەنرێن .

اللَّهُ لاَ إِلَـــهَ إِلاَّ هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لاَ تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلاَ نَوْمٌ لَّهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ مَن ذَا الَّـــذِي يَشْـفَعُ عِنْدَهُ إِلاَّ بِإِذْنِهِ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلاَ يُحِيطُـونَ بِشَيْءٍ مِّنْ عِلْمِهِ إِلاَّ بِمَا شَاءَ وَسِـــعَ كُرْسِـيُّهُ السَّـمَاوَاتِ وَالأَرْضَ وَلاَ يَؤُودُهُ حِفْظُهُمَا وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ{٢٥٥}

(الله) زاتی (واجب الوجود)ی خاوەن کەماڵە . لە هەموو عەیبو کەمو کووڕییەك پاکە . لە صیفاتو کردەوەیدا هیچ جۆرە کەمو کووڕییەك نییە، کەس نییە شایستەی پەرستن بێو بەندەیی بۆ دروست بێ ئەو نەبێ ؛ چونکە هەر ئەوە زیندوو بە زاتی خۆیو لەو زیندوویەتییەدا موحتاجی کەس نییەو نابێ . ئەوە کە خۆی بە خۆیەوە ڕاوەستاوەو بەڕاستی خاوەنی بوونی خۆیەتیو ئەوە هۆی بوونی غەیری خۆیەتی ؛ واتە هەموو مەوجوودێ ئەو دروستی کردووە . کەوابوو هەرئەو شایانی پەرستنو بەندەیی بۆ کردنەو کوڕنووش هەر بۆ ئەو ئەبرێ . ئەو (الله)یە بە ئان بێئاگایی بەسەردا نایێ ، وەنەوز نایگرێو خەوی لێ ناکەوێ ، هەرچی لە ئاسمانو زەویدا هەیە موڵکی ئەوە ، ئەو دروستی کردوونو بوونو نەبوونو مانو نەمانیان بە دەستی توانای ئەوە . ئەوەندە خاوەن پایەیە کێ بێو کێیە بتوانێ بە بێئیزنی ئەو تکا بۆ تاوانبارێ بکات ؟ زاناو ئاگادارە لە هەرچی لە بەردەستی عالەمدا هەیەو هەرچی لەدوای ئەوان پەیدا ئەبێ . هیچ شتێ لەوەی ئەو ئەیزانێ کەس ناتوانێ

بیزانێو پەی پێ بەرێ ، شتێ نەبێ کە خۆی ڕێگای زانینی پێ بدات، واتە مەعلوماتی غەیری خوداو زانیارییان هی خۆیان نییە ؛ خودای گەورە پێی بەخشیون . کورسیی خودا گەورەو فراوانەو هەموو ئاسمانو زەوی ئەگرێو ، پاراستنی ئاسمانو زەوی خودا ماندوو ناکات . خودا بە پایە بەرزەو بە زات گەورەیە .

لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىَ لاَ انفِصَامَ لَهَا وَاللّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ {٢٥٦}

زۆرکاری نییە لە وەرگرتنی ئاینی ئیسلامدا ، واتە قازانجو چاکیی ئەم دینە ئەوەندە دەرکەوتووە چ لەلایەنی دینو چ لەلایەنی دنیاو خووڕەوشتو کۆمەڵایەتییەوە ، پێویست نییە زۆر لە کەس بکرێ بۆ وەرگرتنی . ڕاستیو ناڕاستیو شارەزاییو گومڕاهی لەیەك جیا بوونەتەوەو قازانجی ئەوو زیانی ئەم دەرکەوتووەو هەموو شت ئاشکرا بووە . ئەوەی ئینکاری ڕێگەی شەیتان ئەکاتو ئیمان بە خودا دێنێ ئەوە بەڕاستی دەستی گرتووە بە دەسووی ڕشتەییێکەوە پچڕانی نییە . خودا عیلمی فراوانەو هەموو شت ئەزانێو هەموو شت ئەبیسێو لە هەموو لایێ ئاگادارە.

اللّهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُواْ يُخْرِجُهُم مِّنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّوُرِ وَالَّذِينَ كَفَرُواْ أَوْلِيَآؤُهُمُ الطَّاغُوتُ يُخْرِجُونَهُم مِّنَ النُّورِ إِلَى الظُّلُمَاتِ أُوْلَـئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ {٢٥٧}

ئەوانەی ئیمانیان هێناوە بە خوداو پێغەمبەری خوداو دوایان کەوتوون ، خودا سەردارو کارهەڵسووڕێنیانە ، لە تاریکیی خامیو نەفامی، تاریکیی چاوکوێریو نەزانیو ، لە تاریکیی کوفرو ئارەزوویەرستی رزگاریان ئەکاتو ئەیانخاتە رووناکیی فامو شعوورو زانیاریو خوداپەرستی . ئەوانەیش کە بێئیمانو خوداو پێغەمبەرەکەی ناناسن سەردارو سەرکردەیان شەیتانو دەستەوبەستەکەینی ، کە بەپێچەوانەی موسوڵمانەکان ، لە رووناکیی فامو زانینو ئیمانو بیرو هۆش دەریانئەکەنو ، تووشی تاریکیی نەزانیو نەفامیو بێئیمانیو بێعەقڵییان ئەکەن ؛ ئەم کافرانە لایقی ئاگری دۆزەخو سزای پڕئازاری دواڕۆژنو لە ئاگردا هەتا هەتایە ئەمێننەوە . شایانی باسە (تاغووت) بە مەعنای زاڵمو لە سنوورلادەرەو ، لێرەدا مەبەست شەیتانە .

أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِي حَآجَّ إِبْرَاهِيمَ فِي رِبِّهِ أَنْ آتَاهُ اللّهُ الْمُلْكَ إِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّيَ الَّذِي يُحْيِـي وَيُمِيتُ قَالَ أَنَا أُحْيِـي وَأُمِيتُ قَالَ إِبْرَاهِيمُ فَإِنَّ اللّهَ يَأْتِي بِالشَّمْسِ مِنَ الْمَشْرِقِ فَأْتِ بِهَا مِنَ الْمَغْرِبِ فَبُهِتَ الَّذِي كَفَرَ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ {٢٥٨}

سەیری ئەو کەسە ناکەن کە لەگەڵ ئیبراهیم کەوتە موجادەلەو غەوغا دەربارەی خودا ؛ چونکە خودا دەسەڵاتی پێ دابوو لە خۆی گۆڕابوو . ئیبراهیم پێی وت : خودای من ئەو زاتە بێوێنەیە کە لە

ڕۆژی قیامەتدا مردوو زیندوو ئەکاتەوەو لە دنیادا ئەیمرێنێ . ئەویش وتی : منیش مردوو زیندوو ئەکەمەوەو زیندوویش ئەمرێنم ؛ واتە : مەحکووم بە ئیعدام عەفو ئەکەم و بەرەڵای ئەکەمو لە مردن ڕزگاری ئەبێ ، هەروەها زیندوو ئەکوژم ! ئەنجا ئیبراهیم وتی : خودای من خۆر لە ڕۆژهەڵاتەوە ئەهێنێ ، تۆ ئەگەر ئازای لە خۆرنشینەوە بیهێنە . کابرای کافری چەنەباز مات بوو و دەمی بوو بە تەڵەی تەقیوو هیچ پێ نەکرا . خودای بەخشندە کۆمەڵی ستەمکار هیدایەت نادات .

أَوْ كَالَّذِي مَرَّ عَلَى قَرْيَةٍ وَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَى عُرُوشِهَا قَالَ أَنَّى يُحْيِي هَذِهِ اللَّهُ بَعْدَ مَوْتِهَا فَأَمَاتَهُ اللَّهُ مِئَةَ عَامٍ ثُمَّ بَعَثَهُ قَالَ كَمْ لَبِثْتَ قَالَ لَبِثْتُ يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ قَالَ بَل لَّبِثْتَ مِئَةَ عَامٍ فَانظُرْ إِلَى طَعَامِكَ وَشَرَابِكَ لَمْ يَتَسَنَّهْ وَانظُرْ إِلَى حِمَارِكَ وَلِنَجْعَلَكَ آيَةً لِّلنَّاسِ وَانظُرْ إِلَى العِظَامِ كَيْفَ نُنشِزُهَا ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْمًا فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُ قَالَ أَعْلَمُ أَنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ {٢٥٩}

ئەی سەیری عوزەیر ناکەی کە بەلای قودسدا ڕابوورد ، هەموو خانووەکانی تەپیبوونو هیچی بەسەر هیچەوە نەمابوو ، عوزەیر سەری سووڕماو وتی خودا چۆن ئەم کاولە وێرانە زیندوو ئەکاتەوە ؟ هەر لەوێدا خودا بۆ ماوەی صەد ساڵ عوزەیری مراندو ، پاش ئەوە زیندووی کردەوەو لێی پرسی : چەند بەو حاڵە مایتەوە، واتە : بە

مردوویی ؟ وتی: ڕۆژێ یا نیوەڕۆژێ . خودا فەرمووی : نەخەیر صەد ساڵە مردووی ، لەگەڵ ئەوەش سەیری خواردەمەنیو ئاوەکەت بکە هیچ نەگۆڕاون ، هەروەها سەیری گوێدرێژەکەت بکە چۆن بووە بە ئێسکو پرووسکو مردووە ، یا سەیری بکە چۆن ئەم ماوە دووردرێژە نەمردووە . ئەمانەوێ بتکەینە عەلامەتو نیشانەی دەسەڵاتمانو بە خەڵکی نیشانبدەین چۆن مردوو زیندوو ئەکەینەوەو ، چۆن وێرانە ئاوەدان دەکەینەوە ؟ سەیری ئێسقانەکان بکە ، ئێسقانی گوێدرێژەکەی یا هی مردوویتر چۆن گیانیان بەبەردا دەکەینو هەندێکیان ئەخەینە سەر هەندێکیانو پاشان گۆشتیان ئەکەینەوە بەبەردا ؟ کە عوزەیر (د.خ) ئەم ڕاستییەو ئەم دەسەڵاتو توانی خودایەی بۆ دەرکەوت وتی وا بە یەقین زانیم خودا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا دەڕواو ئەتوانێ هەر شتێ بیەوێ ، بیکات .

وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِي الْمَوْتَى قَالَ أَوَلَمْ تُؤْمِن قَالَ بَلَى وَلَكِن لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِي قَالَ فَخُذْ أَرْبَعَةً مِّنَ الطَّيْرِ فَصُرْهُنَّ إِلَيْكَ ثُمَّ اجْعَلْ عَلَى كُلِّ جَبَلٍ مِّنْهُنَّ جُزْءًا ثُمَّ ادْعُهُنَّ يَأْتِينَكَ سَعْيًا وَاعْلَمْ أَنَّ اللّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ {٢٦٠}

ئەوە بێنەوە یادت کە وەختێ ئیبراهیم وتی : خودایە پیشانم بدە چۆن مردوو زیندوو ئەکەیتەوە ؟ خوداش پێی فەرموو : ئەی تا ئیستە ئیمانت نەهێناوە؟ ئیبراهیم عەرزی خودای کرد : بەڵێ ئیمانم

بووەو ، هەیە ، بەڵام حەز ئەکەم دڵنیا بمو دڵم ئاو بخواتــەوەو ئـارام بگرێ . خودا فەرمووی دە چوار دانە پەلەوەر بهێنەو ڕایانبکێشە بۆ لای خۆتو سەریان ببڕەو ، لەسەر هەر شاخێك هەندێ لەوانە دانێ ، ئەنجا بانگیان بکە بۆ لای خۆت ، بە ڕاکردن دێن بــۆ لات ، هــەروەها باش بزانە خوا بەسەر کـردەوەی خۆیـا زاڵـەو ئـەتوانێ هـەموو شـت دروست بکاتو ، هەموو کارەکانی پڕ حیکمەتن .

مَّثَلُ الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ كَمَثَلِ حَبَّـــةٍ أَنبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنبُلَةٍ مِّئَةُ حَبَّةٍ وَاللّهُ يُضَـــاعِفُ لِمَن يَشَاء وَاللّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ {٢٦١}

ئەوانەی مـاڵی خۆیـان لـەپێناوی ڕەزامـەندیی خـودادا صـەرف ئەکەن وەکو یەکێکن دەنکە تۆوێ بوەشـێنیو تۆوەکـە سـەوز ببـێو حەوت گوڵی لێ ببێو هەر گوڵێکی صەد دانەی تێدابێ . خودا بۆ ئەو کەسەی بیەوێ مایەی خێرو چاکەی چەند قـات زیـاد ئـەکات . خـودا ڕەحمەتو بەزەیی فراوانەو بە هەموو شت ئەزانێ .

الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ ثُمَّ لاَ يُتْبِعُونَ مَـــا أَنفَقُواُ مَنّاً وَلاَ أَذًى لَّهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلاَ خَوْفٌ عَلَيْـــهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ {٢٦٢}

ئەوانەی مـاڵی خۆیـان لـەپێناوی ڕەزامـەندی خـودادا صـەرف ئەکەنو دوای صەرف کردنەکە منـەت ناخەنـە سـەر ئـەو هەژارانـەی یارمـەتییان داونو ئـازاری دڵیـان نـادەن ، ئەوانـە پاداشـی باشــیان

لەلایەن خوداوە ئەدرێتی‌و ، لە قیامەتدا ناترسن لە مەئمووری سزاو ، دلگران نابن .

قَوْلٌ مَّعْرُوفٌ وَمَغْفِرَةٌ خَيْرٌ مِّن صَدَقَةٍ يَتْبَعُهَآ أَذًى وَاللّهُ غَنِيٌّ حَلِيمٌ {٢٦٣}

قسەیەكی باش‌و شیرین‌و ، چاوپۆشییەك لە تاوان‌و كەم‌و كوورِیی خەڵك ، چاكترە لە صەدەقەو بەخشینێ كە ئازاری دڵ‌و منەتی لەگەڵ بێ ، خودا دەوڵەمەندەو موحتاجی یارمەتی‌و ماڵ نی‌یەو بەحیلم‌و لێبووردووە .

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تُبْطِلُواْ صَدَقَاتِكُم بِالْمَنِّ وَالأذَى كَالَّذِي يُنفِقُ مَالَهُ رِئَاء النَّاسِ وَلاَ يُؤْمِنُ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ صَفْوَانٍ عَلَيْهِ تُرَابٌ فَأَصَابَهُ وَابِلٌ فَتَرَكَهُ صَلْدًا لاَّ يَقْدِرُونَ عَلَى شَيْءٍ مِّمَّا كَسَبُواْ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ {٢٦٤}

ئەی خاوەن ئیمانەكان ! خێرو چاكەی خۆتان بە منەتدانان لەسەر داماوەكان‌و بە ئازاردانیان بەتاڵ مەكەنەوە وەكو یەكێ ماڵی خۆی بە داماوان بدات لەبەر ریاو بەرچاوێنی‌و ، كەچی باوەڕی بە ڕۆژی دوایی نەبێ ئەوە حاڵی وەكو حاڵی بەردێكی سافە كە خۆڵی لەسەر بێ‌و بارانێكی گەورەی دلۆپ زل بدا بەسەریاو بە ڕەق‌و ڕووتی بەجێی بێڵێ‌و خۆڵەكەی لەگەڵ خۆی بەرێت . ئەم ڕیابازە بێ‌ئایینانە

ناتوانن کەموزۆر بڕێتیی ئەو چاکەیان لە خودا وەربگرنەوە .
بێگومان خودا هیدایەتی قەومی کافر نادات .

وَمَثَلُ الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمُ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللّهِ وَتَثْبِيتًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ كَمَثَلِ جَنَّةٍ بِرَبْوَةٍ أَصَابَهَا وَابِلٌ فَآتَتْ أُكُلَهَا ضِعْفَيْنِ فَإِن لَّمْ يُصِبْهَا وَابِلٌ فَطَلٌّ وَاللّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ {٢٦٥}

ئەوانەیش کە ماڵی خۆیان لەپێناوی دەسکەوتنی ڕەزامەندیی خوادا صەرف ئەکەن و هەندێ لە نەفسی خۆیان لەسەر ئیمان دائەمەزرێنن ، کارەکەیان وەك ئەوەیە باخێك لەسەر شوێنێکی بەرز بێ و بارانێکی دڵۆپ گەورە بەسەریا بباریٚ و ئەو باخە دووقات بەر بدات ، یا ئەگەر بارانی قەترە گەورە گەورەش بەسەریا نەبارێ ، لەبەر باشیی و بەپیتیی شوێنەکەی تەنها شەونم لێیبداو پێیبگەیێنێ.
خودای گەورە بە کردەوەتان ئەزانێ و بینایەو هیچی لێ ون نابێ.
(شایانی باسە بەخشینی ماڵی دنیا لە ڕێی خوادا دامەزراندنی هەندێك لە نەفسە لەسەر ئیمان ، بەڵام بەخت کردنی ماڵ و گیان لەپێناوی خوادا دامەزراندنی هەمووی نەفسە لەسەر ئیمان) .

أَيَوَدُّ أَحَدُكُمْ أَن تَكُونَ لَهُ جَنَّةٌ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَابٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ لَهُ فِيهَا مِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ وَأَصَابَهُ الْكِبَرُ وَلَهُ ذُرِّيَّةٌ ضُعَفَاء فَأَصَابَهَا إِعْصَارٌ فِيهِ نَارٌ فَاحْتَرَقَتْ كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللّهُ لَكُمُ الآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ {٢٦٦}

ئایا کەس هەیە لە ئێوە حەز لەوە بکا باخێکی دارخورماو مێوی هەبێو لەبەینی ئەو دارانەدا جۆگا هەبێو باخەکە هەموو جۆرە بەرێکی تێدا بێو ، کابرا پیرو بێهێز ببێو چەند منالێکی وردەلەی هەبێ توانی ئیشو کارو نان پەیداکردنیان نەبێ ، کەچی لەپڕ گێژەلووکەیەکی ئاگرینی بەهێزی تێ بەربێو هەمووی بسووتێ ؟ ئاوەها خودا ئایەتەکانیتان بۆ بەیان ئەکات بەلکو بیر بکەنەوە لە چاکەو خراپەو ڕێی ڕاست گرتن . ئەم نموونەیە کە خودای گەورە باسی فەرمووە بۆ ئەوانەیە کردەوەی چاك ئەکەنو خێرو صەدەقە ئەکەنو کاریوای تێکەڵ ئەکەن وەك ڕیاو ئەزیەتی دڵ دان کە پاداشەکەیان بفەوتێنێو هیچیان لێ دەست نەکەوێو لە قیامەتدا کە پێویستییان بە پاداشە ، دەستیان لە هەمانەی خاڵییەوە دەرچێو ناهومێد ببن .

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَنفِقُواْ مِن طَيِّبَاتِ مَا كَسَبْتُمْ وَمِمَّا أَخْرَجْنَا لَكُم مِّنَ الأَرْضِ وَلاَ تَيَمَّمُواْ الْخَبِيثَ مِنْهُ تُنفِقُونَ وَلَسْتُم بِآخِذِيهِ إِلاَّ أَن تُغْمِضُواْ فِيهِ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ غَنِيٌّ حَمِيدٌ {٢٦٧}

ئەی ئەوانەی ئیمانتان هەیە بە خوداو بە پێغەمبەری خودا ! لەو شتە جوانو مەقبوولانەی لە کاسبیدا دەستتان ئەکەونو، لەو شتە جوانو مەقبوولانەی کە ئێمە لە زەوی بۆمان دەرهێناون ، خێر بکەنو لەپێناوی بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوادا یارمەتیو

دەستگرۆیی داماوان‌و هەژارانی پێ بکەن . مەچن بەلای ماڵە ناشیرینە بێکەڵکەکانتانا بۆئەوەی بە هەژارانی بدەن‌و پیاوەتیی لەسەر بکەن ، کەچی خۆتان بێزتان نەیێ ئەو جۆرە ماڵە لەباتی حەقی خۆتان وەربگرن، مەگەر چاوپۆشی لێ بکەن‌و لەبەر هەندێ هۆ وەریبگرن . بزانن خودا دەوڵەمەندەو موحتاجی ماڵو دارایی ئێوە نی‌یەو ، بۆ خۆتان چاکە لە شتی باش‌و بەنرخ بە موستەحەققان بدەن ، هەروەها خودا حەمدو سوپاس ئەکرێ ، چ لەسەر قبووڵ کردنی کاری خێری ئێوەو ، چ لەسەر پاداش دانەوەتان .

الشَّيْطَانُ يَعِدُكُمُ الْفَقْرَ وَيَأْمُرُكُم بِالْفَحْشَاء وَاللّهُ يَعِدُكُم مَّغْفِرَةً مِّنْهُ وَفَضْلاً وَاللّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ {٢٦٨}

شەیتان ئەتانترسێنێ بە هەژاری ئەگەر ماڵتان لە ڕێگەی خوادا صەرف بکەن‌و ، ئەمرتان پێ ئەکا کە بەخیل بن‌و صەدەقە نەکەن . خودایش وەعدەی عەفوی قیامەت‌و دەوڵەمەندیی دنیاتان ئەداتێ . خودا نیعمەتی فراوانەو زانایەو ئاگای لەو کەسەیە کە ماڵی لە ڕێگەی ئەوا بەخت کردووەو ، نایەڵێ فەقیرو هەژار بکەوێ . شەیتان دوژمنتانەو ڕێگای گەداییتان پیشان ئەداو خوو و کردەوەی ناشیرینتان فێر ئەکات ، بەگوێی مەکەن با لە خشتەتان نەباو ماڵ وێرانتان نەکات .

يُؤتِي الْحِكْمَةَ مَن يَشَاءُ وَمَن يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلاَّ أُوْلُواْ الأَلْبَابِ {٢٦٩}

خودای عالەم زانایی‌و هێزو فامو توانای کردەوەی ڕێك‌و ڕاست ئەدات بە هەرکەسێ خواستی لەسەر بێ . بێگومان ئەوەی ئەو زانایی‌و ژیری‌و حیکمەتەی بدرێتێ ئەوە خێرێکی زۆری پێدراوە . تەنها ئەو کەسانە بیردەکەنەوە لەم مەبەستە وردە بە سوودە بەرزانە کە خاوەنی هۆش‌و بیرێکی دامەزراو بن .

وَمَا أَنفَقْتُم مِّن نَّفَقَةٍ أَوْ نَذَرْتُم مِّن نَّذْرٍ فَإِنَّ اللّهَ يَعْلَمُهُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ {٢٧٠}

ئەوەی لە دارایی خۆتان خەرجی بکەن‌و بیدەن بە موستەحەققان لە واجبات وەکو کەففارەت‌و زەکات ، یا لە سوننەت وەکو خێرات‌و ، ئەوەی نەزری بکەن‌و بیکەنە لازم لەسەر گەردنی خۆتان لە ڕێگای خودادا ، ئەوە خودا پێی ئەزانێ‌و پاداشتان ئەداتەوە . بەڵام ئەوانەی کە ستەمکارن‌و ، پێویستییەکانی سەرشانیان جێبەجێ ناکەن ، ئەوانە هیچ یارمەتیدەرو پشتیوانێکیان نییە .

إِن تُبْدُواْ الصَّدَقَاتِ فَنِعِمَّا هِيَ وَإِن تُخْفُوهَا وَتُؤْتُوهَا الْفُقَرَاء فَهُوَ خَيْرٌ لُّكُمْ وَيُكَفِّرُ عَنكُم مِّن سَيِّئَاتِكُمْ وَاللّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ{٢٧١}

ئەگەر خێرو صەدەقەکانتان بەئاشکرا بکەن‌و بۆ ڕەزای خوداو بێڕیا بێ ، ئەوە کارێکی زۆر باشە . ئەگەریش بە پەنامەکی بیکەن‌و خۆتان‌و خوداو خێرپێکراوەکە نەبێ کەس پێی نەزانێ ، ئەوە

سوودو پاداشی زۆرتره بۆتان لای خودای گەورەو ، تاوانەکانتان دائەپۆشێو لە کۆڵتانیان ئەخات. خودا ئاگادارە لەو کردەوانەی ئێوە ئەیانکەنو هیچی لێ ون نابێ.

لَّيْسَ عَلَيْكَ هُدَاهُمْ وَلَـكِنَّ اللّهَ يَهْدِي مَن يَشَاء وَمَا تُنفِقُواْ مِنْ خَيْرٍ فَلأنفُسِكُمْ وَمَا تُنفِقُونَ إِلاَّ ابْتِغَاء وَجْهِ اللّهِ وَمَا تُنفِقُواْ مِنْ خَيْرٍ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لاَ تُظْلَمُونَ {٢٧٢}

لەسەر تۆ واجب نیە خەڵك بکەیتە هیدایەتدارو ؛ تۆ تەنها ڕێپیشاندانت لەسەرە . خودا هیدایەتی ئەو کەسە ئەدا کە بیەوێ هیدایەتی بدات . هەرچی بە چاکە سەرف بکەن قازانجەکەی بۆ خۆتانە ، ئەگەر تەنها لە ڕێی ڕەزامەندیی خوادا سەرفی بکەن . کەواتە منەت مەخەنە سەر خەڵكو لە ماڵە بەدە بێنرخەکانتان سەرف مەکەنو لە ماڵە باشەکانتان سەرف بکەن . هەر خێرێ کە بیکەنو هەرچی بە فەقیرو هەژار بدەن لە ڕێی خوادا ، پاداشتتان ئەدرێتەوەو ، هەرگیز ستەمتان لێ ناکرێو حەقتان نافەوتێ .

لِلْفُقَرَاء الَّذِينَ أُحصِرُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ لاَ يَسْتَطِيعُونَ ضَرْبًا فِي الأَرْضِ يَحْسَبُهُمُ الْجَاهِلُ أَغْنِيَاء مِنَ التَّعَفُّفِ تَعْرِفُهُم بِسِيمَاهُمْ لاَ يَسْأَلُونَ النَّاسَ إِلْحَافًا وَمَا تُنفِقُواْ مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ اللّهَ بِهِ عَلِيمٌ{٢٧٣}

ئەو خێرو صەدەقانەتان بەو هەژارانە بدەن کە ڕێیان لە ماڵو حاڵو دارایی خۆیان لێ گیراوە چونکە لە ڕێگای خوادا کۆچیان

کردوەو ناتوانن بگەڕێن بە وڵاتا بۆ کاسبی ، یا ئەوانەی کە جیهاد ئەکەن لە ڕێی خواداو لەپێناوی بەرزکردنەوەی ئایینی ئیسلامداو ، ماوەی ئەوەیان نییە کەسابەت بکەن ، یەکێ نەیانناسیێو ئاگاداری حاڵیان نەبێ بە دەوڵەمەندیان ئەزانێ ؛ چونکە نەفسیان بەرزەو دەست لە خەڵك پان ناکەنەوەو موحتاجیی خۆیان دەرنابڕن ، بەلام بە شێوەو حاڵیاندا دیارە کە بێدەرامەتو هەژارن ، بە لەکۆڵنەبوونەوەو یەخەبەرنەدانەوە داوای شت لە خەڵکی ناکەن .

ئێوە هەر خێرێ بکەنو هەر ماڵێ لە ڕەزامەندیی خوادا سەرف بکەن خودا پێی ئەزانێو پاداشتان ئەداتەوە .

الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُم بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ سِرًّا وَعَلاَنِيَةً فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ {٢٧٤}

ئەوانەی لە پێناوی ڕەزامەندیی خوادا ، شەوو ڕۆژ بە نهێنیو بە ئاشکرا ماڵی خۆیان سەرف ئەکەن ، پاداشیان لای خودای خۆیان هەیەو لە ڕۆژی قیامەتدا ترسی سزایان نییەو خەفەت ناخۆن .

الَّذِينَ يَأْكُلُونَ الرِّبَا لاَ يَقُومُونَ إِلاَّ كَمَا يَقُومُ الَّذِي يَتَخَبَّطُهُ الشَّيْطَانُ مِنَ الْمَسِّ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُواْ إِنَّمَا الْبَيْعُ مِثْلُ الرِّبَا وَأَحَلَّ اللّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا فَمَن جَاءهُ مَوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّهِ فَانتَهَى فَلَهُ مَا سَلَفَ وَأَمْرُهُ إِلَى اللّهِ وَمَنْ عَادَ فَأُوْلَـئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ {٢٧٥}

ئەوانەی سوود ئەخۆن هەر وەك ئەوانە ڕاست ئەبنەوە لە قەبر کە شەیتان دەستی لیٚ وەشاندبن‌و شێتی کردبن ، ڕائەوەستن‌و ئەکەون‌و خۆیان پیٚ ڕاناگیریٚ ، ئەمەش پاداشی ئەوەیە کە لە دنیادا ئەیانوت موعامەلەی بیٚسوود وەك موعامەلەی سووددارەو فەرقیان نی‌یەو ، هەردووکیان حەلاڵن ، کەچی خودای گەورە فرۆشتنی شەرعی‌و بیٚسوودی حەلاڵ کردوەو سوودو ڕیبای حەرام کردوە . جا هەرکەس لای خوداوە ئامۆژگاریی بۆ هات‌و حەرامیی پیٚ ڕاگەیێنراو لە سوودخواردن وازی هێناو دەس‌بەردار بوو، ئەوا ئەو سوودەی کە لە زەمانی جاهلی‌و نەزانیدا، پێش ئەوەی حەرام بکریٚ ، وەریگرتوەو خواردوویەتی ، خودا عەفوی ئەکات‌و ئەنجامی کاری‌و پاداشی وازهێنانی لای خودایە . بەلاّم هەرکەس بگەڕێتەرە بۆ سوودخواردن ئەوانە هاوڕێی ئاگرن‌و هەتا هەتایە تیایا ئەمێننەوە .

يَمْحَقُ اللّهُ الْرِّبَا وَيُرْبِي الصَّدَقَاتِ وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ كُلَّ كَفَّارٍ أَثِيمٍ {٢٧٦}

خودا دەستکەوتی ڕیبا بەرباد ئەکات‌و ، صەدەقەو خێر ئەکات بە هۆی زیادبوونی بەهرەو بەرەکەت. بیٚگومان خودا هیچ کافرێکی تاوانبارو ستەمکاری خۆش‌ناویٚ .

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ وَأَقَامُواْ الصَّلاَةَ وَآتَوُاْ الزَّكَاةَ لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ{٢٧٧}

ئەوانەی ئیمانیان بە خودا هێناوەو ، کردەوەی باش ئەکەن‌و ، نوێژەکانیان بە چاکی‌و ڕێکوپێکی بەجیٚ‌دێنن‌و ، زەکاتی ماڵیان ئەدەن بە داماوان ، ئەوانە پاداشیان لای خودا هەیەو ، لەڕۆژی قیامەتدا ترسیان نابیٚ لە سزاو ، دڵگران نابن‌و خەفەت ناخۆن.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ وَذَرُواْ مَا بَقِيَ مِنَ الرِّبَا إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ {٢٧٨}

ئەی ئەوانەی ئیمانتان بەخودا هێناوە ئەگەر بەڕاستی ئیمانتان بەخودا هێناوە لە خودا بترسن‌و دەسبەرداری ئەو سوودە ببن کە بە حیسابی خۆتان ماوتانە لەسەر کابرای مامەڵە لەگەڵ‌کراوو شەرتتان کردوە لەگەڵیا.

فَإِن لَّمْ تَفْعَلُواْ فَأْذَنُواْ بِحَرْبٍ مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ وَإِن تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُؤُوسُ أَمْوَالِكُمْ لاَ تَظْلِمُونَ وَلاَ تُظْلَمُونَ {٢٧٩}

جا ئەگەر وا ناکەن‌و وازناهێنن ، ئەوا بانگەوازی جەنگ بدەن لەگەڵ خوداو پێغەمبەری خودادا . خۆ ئەگەر تەوبەتان کردو پەشیمان بوونەوە لەم سوودخواردنە ئەوا ڕاستە سەرمایەکەتان حەلاڵتانەو وەری‌بگرنەوە ، نە زوڵم لە خەڵك بکەن بەوەی زیادەیان لیٚ وەربگرن‌و ، نە زوڵمتان لیٚ بکریٚ بەوەی قەرزەکانتان دوابخەن‌و سەرڕاستیتان لە گەڵ نەکەن .

وَإِن كَانَ ذُو عُسْرَةٍ فَنَظِرَةٌ إِلَى مَيْسَرَةٍ وَأَن تَصَدَّقُواْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ {٢٨٠}

ئەگەر قەرزارەکە لات بوو مۆڵەتی بدەن تا دارا ئەبێ‌و ئەتوانێ قەرزەکەی بداتەوە. هەڵمەکوتنە سەری‌و تەنگاوی مەکەن . خۆ ئەگەر بتانەوێ ئازادی بکەن‌و پێی ببەخشن ئەوە زۆر چاکترەو خێری زیاتر تیایە بۆتان ئەگەر بزانن .

وَاتَّقُواْ يَوْمًا تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى اللّهِ ثُمَّ تُوَفَّى كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ لاَ يُظْلَمُونَ {٢٨١}

لەو ڕۆژە بترسن کە ئەگەڕێنەوە بۆ لای خوداو پاشان هەموو نەفسێ پاداشی کاری خۆی وەرئەگرێ‌و تۆزقاڵێ ستەمیان لێ ناکرێ

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا تَدَايَنتُم بِدَيْنٍ إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى فَاكْتُبُوهُ وَلْيَكْتُب بَّيْنَكُمْ كَاتِبٌ بِالْعَدْلِ وَلاَ يَأْبَ كَاتِبٌ أَنْ يَكْتُبَ كَمَا عَلَّمَهُ اللّهُ فَلْيَكْتُبْ وَلْيُمْلِلِ الَّذِي عَلَيْهِ الْحَقُّ وَلْيَتَّقِ اللّهَ رَبَّهُ وَلاَ يَبْخَسْ مِنْهُ شَيْئًا فَإن كَانَ الَّذِي عَلَيْهِ الْحَقُّ سَفِيهًا أَوْ ضَعِيفًا أَوْ لاَ يَسْتَطِيعُ أَن يُمِلَّ هُوَ فَلْيُمْلِلْ وَلِيُّهُ بِالْعَدْلِ وَاسْتَشْهِدُواْ شَهِيدَيْنِ من رِّجَالِكُمْ فَإِن لَّمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّن تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاء أَن تَضِلَّ إْحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الأُخْرَى وَلاَ يَأْبَ الشُّهَدَاءُ إِذَا مَا دُعُواْ وَلاَ تَسْأَمُوْاْ أَن تَكْتُبُوْهُ صَغِيرًا أَو كَبِيرًا إِلَى أَجَلِهِ ذَلِكُمْ أَقْسَطُ عِندَ اللّهِ وَأَقْومُ لِلشَّهَادَةِ وَأَدْنَى أَلاَّ تَرْتَابُواْ إِلاَّ أَن تَكُونَ تِجَارَةً حَاضِرَةً تُدِيرُونَهَا بَيْنَكُمْ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَلاَّ تَكْتُبُوهَا وَأَشْهِدُوْاْ إِذَا تَبَايَعْتُمْ وَلاَ يُضَآرَّ كَاتِبٌ وَلاَ شَهِيدٌ وَإِن تَفْعَلُواْ

فَإِنَّهُ فُسُوقٌ بِكُمْ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَيُعَلِّمُكُمُ اللّهُ وَاللّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ{٢٨٢}

ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە بە خودا ، کە قەرزتان دا بە یەکێ یا ماڵێکتان فرۆشت بە پارەیێ تا کاتێکی دیاری کراو ، ئەو مامەڵەو قەرزە بنووسن تا لەبیرنەچێتەوەو کەس زیانی لێ نەکەوێ . با نووسەرێکی باش بە شێوەییێکی ڕاستو عادلانەو بێو کەموزیاد بینووسێ . با ئەو نووسەرە خۆگری نەکات لەو نووسینەو ، وەکو خودا فێری نووسینی کردوە با ئەویش خۆگری نەکات لە نووسینو لە یارمەتیدانی خەڵك . با ئەوکەسە کە حەقەکەی لەسەرە خۆی بە زمانی خۆی قسە بکا تا نووسەرەکە بینووسێت . با نووسەریشو کابرای حەقبەلاوەبوویش لە خودا بترسنو کەمو زیادی تیا نەکەن تا زیان لە کەس نەکەوێ . جا ئەگەر ئەو کەسەی حەقەکەی لەسەرە عەقڵی سووك بوو و قسەی جێی ئیعتیبار نەبوو ، یا بێهێز بوو و نەیئەتوانی بە ڕەسایی قسە بکات ، یا هەر نەیئەتوانی قسە بکات ، وکو لاڵ ، با ئەو کەسەی بەپێی شەریعەت سەرپەرشتی ئەکات ، بۆ نموونە وەك باوکی ، قسە بۆ بنووسەکە بکات تا بینووسێ . لەسەر ئەم بەیانو نووسینەیش دوو شاهید بگرن لە پیاوانی ڕاساڵو دەمڕاست . ئەگەر دوو پیاو نەبوون با پیاوێكو دوو ژن ببنە شاهید لەوانەی کە ڕازی بن لێیان ، تا ئەگەر یەکێ لەو دوو ژنە شایەتییەکەی لەبیرچوو و واقیعەکەی فەرامۆش کرد ئەویتریان

بیخاتەوە بیری . با شاهیدەکان خۆگری نەکەن کە بانگ کران ، چ بۆ بوون بە شاهیدو چ بۆ شایەتی‌دان‌و بەیانی ڕاستی کردن . بێزار مەبن لەوەی بینووسن ، ماددەکە بچووک بێ یا گەورە ، مادام وادەی هەیە.

ئەم نووسینە ڕاسترە لە لای خوداو ، باشتر شایەتییەکە جێگیر ئەکات ، هەروەها باشترە بۆ ئەوەی لە وەختی خۆیا نەکەونە گومانەوە . سا مەگەر مامەڵەکە دەست‌بەدەستییەکی بەرچاوی بێ کە لەناو خۆتانا ڕایبوێرن ، ئەوە ئەگەر نەینووسن تاوانبار نابن . کاتێ کە مامەڵەتان کرد شاهید بگرن لە سەری . پێویستە زیان لە بنووس نەدرێو زیاتر لەوەی پێ‌نەکەن کە بۆی دیاری کراوەو حەقی نووسینەکەی بدەنێ ، شاهیدیش نابێ زیانی پێ‌بگەیێنرێو ئەگەر مەسافەی هات‌و چۆی زۆر بوو با مەسرەفی بۆ بکرێ . ئەگەر زیان لە بنووس‌و شاهیدەکان بدەن ئەوە ئەبێتە هۆی تاوانباریتان . لە خودا بترسن ، خودا حوکمی ئایینتان بۆ ڕوون ئەکاتەوەو ڕێگای ڕاستتان پیشان ئەداتو ، ئەوەی قازانجی هەبێ بۆتان فێرتان ئەکات . خودا زانایەو ئاگای لە هەموو شت هەیە .

وَإِن كُنتُمْ عَلَى سَفَرٍ وَلَمْ تَجِدُواْ كَاتِبًا فَرِهَانٌ مَّقْبُوضَةٌ فَإِنْ أَمِنَ بَعْضُكُم بَعْضًا فَلْيُؤَدِّ الَّذِي اؤْتُمِنَ أَمَانَتَهُ وَلْيَتَّقِ اللّهَ رَبَّهُ وَلاَ تَكْتُمُواْ الشَّهَادَةَ وَمَن يَكْتُمْهَا فَإِنَّهُ آثِمٌ قَلْبُهُ وَاللّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ {٢٨٣}

ئەگەر لە کاتی مامەڵەکـەدا لـە سـەفەردا بـوونو ، بنووسـتان دەس نەکەوت، با لەبـەینی ئێـوەدا ، لـەباتی ئـەو قـەرزە کـە بەسـەر موقابیلەوەیە ، ڕەهنێ ببێو ماڵە ڕەهن کراوەکە وەربگرن. خۆ ئەگەر لەناو یەکدا متمانەتان بە یەکتر هەبوو و ، خاوەن حەق داوای ڕەهنی نەکرد ، با ئەو قەرزارە کە متمانەی پێ کراوەو بە ئەمینو سەرڕاست دانراوە ، ئەو قەرزەی کە وەك ئەمانەت وایـە لای لـە وەختـی خۆیـدا بیداتـەوە بـە خـاوەن حـەقو ، لـە خـودای خـۆی بترسـێو ئینکـاری نەکات . لەناو خۆتاندا شایەتی مەشارنەوە ، هەرکەس شەهادەت ون بکاتو بیشارێتەوە ئەوە دڵی تاوانبارە . خودا لـە هـەموو کردارێکـی ئێوە ئاگادارەو هیچی لێ ون نابێ .

لِّلَّهِ ما فِي السَّمَاوات وما فِي الأَرْضِ وإِن تُبْدُواْ مَا فِي أَنفُسِكُمْ أَوْ تُخْفُوهُ يُحَاسِبْكُم بِهِ اللّهُ فَيَغْفِرُ لِمَن يَشَاءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَاءُ وَاللّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ {٢٨٤}

ئەوەی لە ئاسمانەکاندایەو ئـەوەی لـە زەویدایـە هـەمووی هـی خودایە . هـەر کـارێکی نابـار کـە عـەزمتان کـردوە لەسـەر کردنـی ، دەریببڕنو بیکەن یا هەر لە دڵتاندا بیشارنەوە ، خودا موحاسەبەتان ئەکات لەسەری ، دیارە تاوانی کراوەکە زیـاترە لـەوەی کـە هـەر لـە دڵدا پەنهانە ، جا خودا ئەوەی مەیلی لەسەر بێ گونـاهی ئەپۆشـێو لێی خۆش ئەبێ ، ئەوەیش مەیلی لەسەر بێ سزای بدا سـزای ئـەداو لێی خۆش نابێ . خودا توانایی بەسەر هەموو شـتێکدا هەیـەو شـت

نی‌یه له دەستەڵاتی ئەو بەدەر بێ.

آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللّهِ وَمَلآئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِ وَقَالُواْ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ {٢٨٥}

پێغەمبەری خودا ئیمانی هێناوە بەوەی لە لایەنی خودای خۆیەوە بۆی نێرراوە . خاوەن ئیمانەکانیش هەموو ئیمانیان هێناوە بە خودای پەروەردگارو ، بە فریشتەکانیو ، بەو کتێبانەی کە بۆ پێغەمبەران نێرراون. بەدڵ باوەڕیان هەیەو بە زوبان ئیعتیرافو ئیقرار ئەکەنو ئەڵێن : ئێمە هیچ فەرقو جیاوازی ناکەین لە بەینی پێغەمبەرەکانی خودادا . هەروەها هەموو وتوویانە : ئێمە فەرمانی خودامان بیستووەو وەرمانگرتوەو ملکەچین بۆیو ئەڵێن : خودایا تاوانبەخشی هەر بۆ تۆیەو لە تۆی داوا ئەکەینو ، لە ڕۆژی قیامەتدا بۆ لای تۆ ئەگەڕێینەوەو سەرەنجاممان هەرلای تۆیە .

لاَ يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْسًا إِلاَّ وُسْعَهَا لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا اكْتَسَبَتْ رَبَّنَا لاَ تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا رَبَّنَا وَلاَ تَحْمِلْ عَلَيْنَا إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِنَا رَبَّنَا وَلاَ تُحَمِّلْنَا مَا لاَ طَاقَةَ لَنَا بِهِ وَاعْفُ عَنَّا وَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَآ أَنتَ مَوْلاَنَا فَانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ {٢٨٦}

خودا لە هەر نەفسێك هەر ئەوە داوا ئەكات كە لە توانیا هەیە . هەركەس هەر كارێكی چاك بكات قازانجو پاداشی چاكی بۆ خۆیەتیو هەر كارێكی خراپ بكات زیانو سزای خراپی هەر خۆی ئەگرێتـەوە. خـاوەن ئیمانـەكان لـە خـودا ئەپارێنـەوەو ئـەڵێن : خودایا لێمـان مەگرەو سزامان مەدە ئەگەر واجبێكمـان لـەبیرچوو یـا هەڵـەیێكمان كـرد . خودایـا ! بـاری گـران مەخـەرە سەرشـانمان وەك ئـەو بـارە گرانەی خستبووتە سەر شانی نەتەوەكانی پێش ئێمە . خودایـا ! بارێكمان مەدە بەسـەردا توانمـان بەسـەریا نەشـكێ ، لـە گوناهمـان ببوورەو تاوانمان بپۆشەو بـەزەییت پیاماندا بێتەوەو میهرەبانیمان لـە گـەڵ بفـەرموو . تـۆ گـەورەمانی . تـۆ پـەروەردگارمانیو سەرپەرشتیمان ئەكەیت ، زاڵمان بكـە بەسـەر كـافرە بێدینـەكاندا .

سوورەتی (آل عمران)

مەدینەیی‌یەو (٢٠٠) ئایەتە

بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمَـنِ الرَّحِيمِ

الم {١}

ڕەمزێکە لە بەینی خواو پێغەمبەری خوادا .

اَللّهُ لا إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ {٢}

(أللە) زاتێکە بوونی واجبەو نەبوونی مەحاڵە ، خاوەنی صیفاتی کەمالەو ، لەهەموو خەوش‌و کەمییەك پاکە. هیچ کەس نی‌یە بەڕاستی عیبادەتی بۆ بکرێ ئەو نەبێ . زیندووەو دامەزراوەو ، جیهان بەو ڕاگیر ئەبێ‌و دائەمەزرێ.

نَزَّلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقاً لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَأَنـزَلَ التَّوْرَاةَ وَالإِنجِيلَ {٣}

قورئانی بە پارچە پارچە ناردووە بۆت بەڕاستی‌و بەڵگەوەو ، ئەو قورئانە باوەڕی هەیە بەو کتێبە خوداییانە کە لە بەردەستیدان‌و بە ڕاستیان دەزانێ‌و تەورات‌و ئینجیلیشی ناردووە.

مِن قَبْلُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَأَنزَلَ الْفُرْقَانَ إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ بِآيَاتِ اللّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَاللّهُ عَزِيزٌ ذُو انتِقَامٍ {٤}

بەرلەوەی قورئان بنێرێ ، بۆ شارەزاکردن‌و ڕێپیشاندانی خەڵك هەموو کتێبەکانی خۆی ناردووە بۆ ئەوەی حەق‌و ناحەق لە یەك جیا بکەنەوە . بێگومان ئەو کەسانەی ئیمانیان نی‌یە بە ئایەتەکانی

خودا سزایەکی سەخت و ناباریان ئەدرێت لە ڕۆژی حیسابدا . خودای گەورە بەدەستەڵاتەو کەس ناتوانێ دەست بێنێتە ڕێگای و بەتوندی تۆڵە ئەستێنێ لە تاوانبار.

إِنَّ اللَّهَ لاَ يَخْفَى عَلَيْهِ شَيْءٌ فِي الأَرْضِ وَلاَ فِي السَّمَاء{٥}

بێگومان خودا نە لە زەوی و نە لە ئاسماندا هیچی لێ ون نابێ و لە هەمووشت ئاگادارە.

هُوَ الَّذِي يُصَوِّرُكُمْ فِي الأَرْحَامِ كَيْفَ يَشَاءُ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ {٦}

ئەو خودایەکی گەورەو بەدەستەڵاتی وەهایە لەناو منداڵدانا لە سکی دایکدا وێنەی ئێوە ئەکێشێ هەرچۆن کە مەیلی هەبێ و خواستی لەسەر بێ. هیچ کەس نی یە بەڕاستی بپەرستری و بەندەگی بۆ بکرێ ئەو نەبێ . خودا بە دەستەڵاتەو کارەکانی پڕ لە حیکمەتن.

هُوَ الَّذِيَ أَنزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُّحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ فَأَمَّا الَّذِينَ في قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاءَ الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاءَ تَأْوِيلِهِ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلاَّ اللّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِّنْ عِندِ رَبِّنَا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلاَّ أُوْلُواْ الألْبَابِ {٧}

خودایەکی وەهایە کتێبی ناردوەتە خوار بۆ سەر تۆ . لەو کتێبەدا چەند ئایەتێك هەن مەعنایان زانراوەو ، ئیحتیمالی ئەملاولای

نی‌یه ، ئه‌وانه بناخه‌ی کتێبه‌که‌ن . ئایه‌تی وایشی تیایه چه‌ند مـه‌عنا هه‌ڵئه‌گرێ . جا ئه‌و که‌سانه‌ی دڵیان کرمـێ‌و نه‌خۆشه شوێنی ئـه‌و ئایه‌ته موته‌شابیهانه ئه‌که‌ون به نیـازی فیتنـه بـه‌رپاکردن و گومـان خستنه ناو دڵی خه‌ڵکه‌وه، ئیتر یا زاهیره‌که‌ی ئه‌گرن یا به ئاره‌زووی خۆیان مه‌عنای بۆ دائه‌نێن ، که مه‌عناو ته‌ئویلی ئه‌و جـۆره ئایه‌تانـه نازانێ خودا نه‌بێ . خۆ ئه‌گه‌ر زانینیان بۆ زانایانی له عیلما ده‌ست ڕۆیشتوویش بشێ ئه‌وا خـودای گـه‌وره نیعمـه‌تی زانینه‌کـه بـه‌وانیش ده‌به‌خشـێ . هـه‌روه‌ها ئـه‌و زانـا دامه‌زراوانـه ئـه‌ڵێن : باوه‌ڕمـان بـه قورئـان هه‌یـه ، هـه‌مووی لـه لای خـوداوه هاتووه‌تـه خـوار . ته‌نـها ئه‌وانـه بـه‌وردی بـیر ئه‌که‌نـه‌وه کـه خـاوه‌ن هـۆش‌و فـامن‌و بـه‌دوای ڕاستیدا ئه‌گه‌ڕێن‌و دوای ئاره‌زووی نه‌فس ناکه‌ون و ئاژاوه‌یان ناوێ .

رَبَّنَا لاَ تُزِغْ قُلُوبَنَا بَعْدَ إِذْ هَدَيْتَنَا وَهَبْ لَنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً إِنَّكَ أَنتَ الْوَهَّابُ {٨}

له خودای گه‌وره ئه‌پاڕێنه‌وه‌و ئـه‌ڵێن :خودایـا ! پـاش ئـه‌وه‌ی که شاره‌زات کردین و که‌وتینه سه‌ر ڕێگای ڕاست ، دڵمـان لـه حـه‌ق‌و ڕاستی لامه‌ده‌و ڕه‌حمـه‌تی خۆتمـان پـێ‌ببه‌خشـه ، بێ‌گومـان تـۆ زۆر زۆر به‌خشنده‌ی.

رَبَّنَا إِنَّكَ جَامِعُ النَّاسِ لِيَوْمٍ لاَّ رَيْبَ فِيهِ إِنَّ اللّهَ لاَ يُخْلِفُ الْمِيعَادَ {٩}

ئه‌ی په‌روه‌ردگاری ئێمه بێ گومان تـۆ ئـه‌م هـه‌موو خه‌ڵکـه لـه

ڕۆژی قیامەتدا کۆدەکەیتەوە بۆ حیساب و کیتاب و پاداش وسزا . هاتنی ئەو ڕۆژە شتێکی بێگومانە . بەڕاستی تۆ لە وەعدەی خۆت لانادەیت و بەجێی دێنی .

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ لَن تُغْنِيَ عَنْهُمْ أَمْوَالُهُمْ وَلاَ أَوْلاَدُهُم مِّنَ اللّهِ شَيْئًا وَأُولَـئِكَ هُمْ وَقُودُ النَّارِ {١٠}

بێگومان ئەوانەی کافرن سامان و دارایی و ئەولادیان ڕێگا لە هیچ زیانێ ناگرن کە لای خوداوە بۆیان بێ و ئەم شتانە کە لە دنیادا شانازییان پێوە ئەکەن لە ڕۆژی قیامەتدا فریایان ناکەون . ئەو کافرانە سووتەمەنیی ئاگری دۆزەخن .

كَدَأْبِ آلِ فِرْعَوْنَ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا فَأَخَذَهُمُ اللّهُ بِذُنُوبِهِمْ وَاللّهُ شَدِيدُ الْعِقَابِ {١١}

حاڵی ئەم کافرانەی ئەمڕۆ وەکو حاڵی کافرەکانی دەستەی فیرعەون و پێش ئەوانە ، هەموویان بێباوەڕ بوون بە ئایەتەکانی ئێمە ، بۆیە خودا بەهۆی تاوانەکانیانەوە غەزەبی لێ گرتن و سزای دان . بێگومان خودا بەتوندی و سەختی تۆڵە ئەسێنێت .

قُل لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ سَتُغْلَبُونَ وَتُحْشَرُونَ إِلَى جَهَنَّمَ وَبِئْسَ الْمِهَادُ {١٢}

ئەی پێغەمبەر بڵێ بەوانەی کافرن هەر لەم دنیایەدا بەم زوانە ئەبەزن و ، لە قیامەتیشدا ئەدرێنەبەر بۆ دۆزەخ و سزای ناڵەبار ئەبینن . دۆزەخ قەرارگاهێکی ناخۆش و پڕ لە ئازارە ! .

قَدْ كَانَ لَكُمْ آيَةٌ فِي فِئَتَيْنِ الْتَقَتَا فِئَةٌ تُقَاتِلُ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَأُخْرَى كَافِرَةٌ يَرَوْنَهُم مِّثْلَيْهِمْ رَأْيَ الْعَيْنِ وَاللّهُ يُؤَيِّدُ بِنَصْرِهِ مَنْ يَشَاءُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَعِبْرَةً لَّأُوْلِي الأَبْصَارِ {١٣}

بەڕاستی نیشانەی گەورەییو دەستەڵاتی خواتان بۆ دەرکەوت لە دوو کۆمەڵدا کە یەکێکیان لەپێناوی ڕەزای خوداو سەرخستنی ئایینی ئیسلامدا ئەجەنگانو ، ئەو کۆمەڵەکەیتر کافر بوونو دژی ئایینی ئیسلام شەڕیان بەخەڵك ئەفرۆشتو ئەجەنگان . موسوڵمانەکان بە چاوی خۆیان کافرەکانیان ئەبینی کە دوو ئەوەندەی ئەمانن ، بەڵام خودا بە یارمەتیی خۆی ئەوەی مەیلو خواستی لەسەر بێ یارمەتیی ئەدات ، ئیتر کەمو زۆری لە بەردەم توانایی خودادا نانوێنێ . لەم سەرخستنەدا پەندو بەرچاو ڕوون کردنەوە هەیە بۆ ئەوانەی وریانو ڕاستی ئەبینن و کوێراییان دانەهاتووە . (شایانی باسە ئەم ئایەتە پیرۆزە دەربارەی غەزای بەدری گەورەیە کە موسوڵمانەکان لەگەڵ کەمیشیاندا بەسەر کافرەکانی قورەیشدا سەرکەوتن و زۆریان لێ کوشتن و گەلێکیشیان لێ بە دیل گرتن) .

زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاءِ وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنطَرَةِ مِنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ ذَلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَاللّهُ عِندَهُ حُسْنُ الْمَآبِ {١٤}

جوان کراوه لای بنیادەم حەز لە ئارەزووی نەفس کردن ، وەك ژنی جوان‌و کچ‌و کوڕی زۆروکۆمەڵە ئاڵتوون‌و زیوی یەك لەسەر یەك‌و زۆرو زەبەنــدە . هەروەهــا وەك ئەســپی نیشــانەدارو دیــاری‌کراوو وشترو مەڕو بزن و کشتوکاڵ . ئەمانە هــەموو هــۆی ڕابواردنــی ژیــانی دنیان‌و موسوڵمان‌و کافر تیایا شەریکن . ئــەنجامی جــوان‌و پاداشــی جێگرو بەکەڵکیش لای خودایە .

قُلْ أَؤُنَبِّئُكُم بِخَيْرٍ مِّن ذَٰلِكُمْ لِلَّذِينَ اتَّقَوْا عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَــالِدِينَ فِيــهَا وَأَزْوَاجٌ مُّطَــهَّرَةٌ وَرِضْوَانٌ مِّنَ اللَّهِ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ {١٥}

ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ : ئایا خەبەرتان بدەمێ بــە نیعمــەتی چاکــتر لەوانــە کــە باســمــان کــردن ؟ بۆ ئەوانــەی خۆیــان لــە گونــاه ئــەپارێزن و لــە خــودای خۆیــان ئەترســن چــەند بــاخێکی زۆر جــوان‌و ڕازاوەی وەها هەیە کە چەند جۆگای پاك‌و خاوێن بەبەینیاندا ئەڕوا . ئــەو لەخوداترســانە لــەو بــاغ و لالەزارانــەدا ئەمێننــەوە هــەتا هەتایــە لەگەڵ ژنی پاك‌و خاوێن ، بێجگە ئەوەی کە نیعمەتی هەرە گــەورەی ڕەزامەندیی خوایان هەیە . خودا بینایەو ئاگای لە بەندەکانی خــۆی‌و لە کرداریان هەیە .

الَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا إِنَّنَآ آمَنَّا فَاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَــــا وَقِنَــا عَذَابَ النَّارِ{١٦}

ئەوانەی کە ئەڵێن : پەروەردگارا !ئیمە بەڕاستی ئیمانمان هەیە بە تۆو بە پێغەمبەری تۆ . لە گوناهمان خۆش ببەو لە سزای ئاگری دۆزەخ بمانپارێزە .

الصَّابِرِينَ وَالصَّادِقِينَ وَالْقَانِتِينَ وَالْمُنفِقِينَ وَالْمُسْتَغْفِرِينَ بِالأَسْحَارِ {١٧}

ئەوانەی کە خۆگرن و ئەتوانن بەسەر نەفسی خۆیاندا زالْ بن‌و گوناه نەکەن‌و لە بیروباوەڕو کردارو گوفتارا ڕاستگۆن . ئەوانەی کە عیبادەت ئەکەن‌و بەندەیی بۆ خودا ئەکەن‌و لە ڕێگای ڕەزای خوادا ماڵی خۆیان صەرف ئەکەن و لە بەرەبەیاندا لە خودا ئەپاڕێنەوەو تکای ئەوەی لێ ئەکەن لە گوناهیان ببووریٚ .

شَهِدَ اللّهُ أَنَّهُ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ وَالْمَلاَئِكَةُ وَأُوْلُواْ الْعِلْمِ قَآئِمَاً بِالْقِسْطِ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ {١٨}

خودا شەهادەت ئەدا کە هیچ کەس نی‌یە بەڕاستی عیبادەت‌و بەندەگی بۆ بکریٚ خۆی نەبیٚ . فریشتە خاوەن زانستە وریاکانیش ئەم شایەتییە ئەدەن . خودا دادپەروەرە لە حوکمیداو لە ڕۆژی دانیدا بە خەڵك‌و ، لە هەموو کردەوەیەکیدا . بیٚگومان شاهیدی ڕاستەقینە لە هەموو کارێك‌و لە هەموو شتێکدا خودایە . جیهانی دروست کردوەو هەر ئەویش ئەو دەلیلانەی دروست کردوە کە دەلالەت لە بوون‌و یەکیەتیی خودا ئەکەن‌و هەر ئەویش تەوفیقی زاناکانی داوە کە ئەو دەلیلانە بزانن . خودا نی‌یە ئەو نەبیٚ کە

دەستەلآتدارەو خاوەن حیکمەتە .

إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللّهِ الإِسْلاَمُ وَمَا اخْتَلَفَ الَّذِينَ أُوْتُواْ الْكِتَابَ إِلاَّ مِن بَعْدِ مَا جَاءهُمُ الْعِلْمُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ وَمَن يَكْفُرْ بِآيَاتِ اللّهِ فَإِنَّ اللّهِ سَرِيعُ الْحِسَابِ {١٩}

بێگومان ئایین لای خوا ئایینی ئیسلامە کە خودا بەیەك زانینەو پەیڕەوی کردنی ئەو شەریعەتەیە کە حەزرەتی (محمد (د.خ) هێناویەتی . کیتابی‌یەکان ، گاورو جوولەکە ، پاش ئەوەی ڕاستییان بۆ دەرکەوتو لایان ئاشکرا بوو کە ئیسلام حەقە کەوتنە ئاژاوەنانەوەو دوژمنایەتی لەگەڵ دینی ئیسلام . ئەمانە لە کاروباری پێغەمبەرە پێشووەکانیشدا هەروا دەستیان دابووە جیاوازی‌نانەوەو درۆو دەلەسە لەگەڵ ئەوەیش کە ڕاستییان بۆ دەرکەوتبوو . جوولەکە ئەیانوت (عوزەیر) کوڕی خودایەو، گاورەکانیش عیسایان بە کوڕی خودا دائەنا ! ئەم کارانە زوڵم بوون لەلایەن ئەوانەوە . بێگومان هەرکەس کافر بێو ئیمان و باوەڕی بە ئایەتەکانی خودا نەبێ خودا بەتوندی تۆڵەی لێ ئەسێنێتەوە . خودا زۆر زوو حیساب لەگەڵ ستەمکاران ئەکات .

فَإنْ حَآجُّوكَ فَقُلْ أَسْلَمْتُ وَجْهِيَ لِلّهِ وَمَنِ اتَّبَعَنِ وَقُل لِّلَّذِينَ أُوْتُواْ الْكِتَابَ وَالأُمِّيِّينَ أَأَسْلَمْتُمْ فَإِنْ أَسْلَمُواْ فَقَدِ اهْتَدَواْ وَّإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلاَغُ وَاللّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ {٢٠}

جا ئەگەر لە بابەتی دینەوە موجادەلەیان لەگەڵتا کرد تۆ

پێیان بڵێ : من و ئەوانەی پەیڕەویم ئەکەن بە هەموو ئیخلاصەوە خۆمان داوەتە دەستی خوداو تەنها ئەو ئەپەرستین کە تاك و بێ هاوڕێو بێ وێنەیە . بڵێ بەوانەی کە خاوەن کتێبن وەك جوولەکەو گاور ، هەروەها بڵێ بەو ئومییانەی کە کتێبیان نی یە ، وەك موشریکەکانی قورەیش : ئایا ئێوەش خۆتان تەسلیم کردوە بە خوداو ئایینی ئیسلامتان قبووڵ کردوە ؟ جا ئەگەر موسوڵمان بوون ئەوا ڕێگای ڕاستیان گرتوە . خۆ ئەگەر بەگوێیان نەکردی و سەرپێچییان کردو ڕێی چەوتیان گرت ئەوا تۆ ئەی پێغەمبەر تەنها ئەوەت لەسەرە خەبەریان بدەیتێ و ڕێگای ڕاستیان پیشان بدەیت خودایش بینایەو بەندەکانی خۆی و کرداریان ئەبینی .

إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللّهِ وَيَقْتُلُونَ النَّبِيِّينَ بِغَيْرِ حَق وَيَقْتُلُونَ الَّذِينَ يَأْمُرُونَ بِالْقِسْطِ مِنَ النَّاسِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ{٢١}

بێگومان ئەو کەسانە کە ئینکاری خودا ئەکەن و باوەڕیان بە ئایەتەکانی خودا نی یەو بەناحەق پێغەمبەران ئەکوژن ، هەروەها ئەو کەسانەیش ئەکوژن کە ئەمر ئەکەن بە دادو ڕاستی ، ئەوانە تۆ موژدەیان بدەرێ بە سزایەکی سەختی پڕ ئازار .

أُولَـئِكَ الَّذِينَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَمَا لَهُم مِّن نَّاصِرِينَ {٢٢}

ئەو کەسانە ئەوانەن کە لە دنیادا کردەوەی چاکیان

بەزایەچووەو لە قیامەتیشدا بێ سوودو پاداشن .ئەم جۆرە کەسانە هیچ یارمەتیدەریان نی‌یە لە سزای قیامەت ڕزگاریان بکات .

أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوْتُواْ نَصِيبًا مِّنَ الْكِتَابِ يُدْعَوْنَ إِلَى كِتَابِ اللّهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ يَتَوَلَّى فَرِيقٌ مِّنْهُمْ وَهُم مُّعْرِضُونَ{٢٣}

سەیری ئەوانە ناکەی بەشیان لە کتێبی ئاسمانی پێ دراوەو بەش بەحاڵی خۆیان شت ئەزانن ، کەچی کە بانگ ئەکرێن بۆ لای قورئان یا تەورات تا حوکم بدەن لەبەینیانداو ئیسپاتی بکەن کە ئیبراهیم یەهوودی نەبووە ، بەڵێ کە بانگ ئەکرێن بۆ ئەم مەبەستە هەندێکیان پشت هەڵئەکەن و ڕوو لە ڕاستی وەرئەچەرخێنن و ڕازی نابن بە حوکمی ئەو کتێبانە .

ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُواْ لَن تَمَسَّنَا النَّارُ إِلاَّ أَيَّامًا مَّعْدُودَاتٍ وَغَرَّهُمْ فِي دِينِهِم مَّا كَانُواْ يَفْتَرُونَ {٢٤}

ئەم حاڵی ئینکارو ڕووو وەرچەرخاندنەیان لەبەر ئەوەیە کە ئەڵێن ئێمە چەند ڕۆژێ نەبێ ئاگری دۆزەخ لە لەشمان ناکەوێ . ئەم مەغرووری‌و لەخۆبایی‌بوونەیان لەبەر ئەو درۆو دەلەسەیە کە هەڵیانبەستوەو ئەڵێن : چەند ڕۆژێك نەبێ سزا نادرێین و ، باوباپیرە پێغەمبەرەکانمان تکامان بۆ ئەکەن لای خودا ، گوایا خودای گەورە وەعدەی داوە بە یەعقووب کە نەوەی ئەو سزا نەدات !

فَكَيْفَ إِذَا جَمَعْنَاهُمْ لِيَوْمٍ لاَّ رَيْبَ فِيهِ وَوُفِّيَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ لاَ يُظْلَمُونَ {٢٥}

ئەبێ حاڵی ئەم جۆرە بێباوەڕانە چۆن بێ ئەو ڕۆژەدا کە کۆیان ئەکەینەوە تیایا کە هاتنی ئەو ڕۆژە گومانی تیا نیەو ڕاستە کە ڕۆژی قیامەتەو هەر نەفسێ لە دنیادا پاداشی خۆی وەرئەگرێت و بێجگە حەقی ڕەوای خۆیان ستەمیان لێ ناکرێ .

قُلِ اللَّهُمَّ مَالِكَ الْمُلْكِ تُؤْتِي الْمُلْكَ مَن تَشَاءُ وَتَنزِعُ الْمُلْكَ مِمَّن تَشَاءُ وَتُعِزُّ مَن تَشَاءُ وَتُذِلُّ مَن تَشَاءُ بِيَدِكَ الْخَيْرُ إِنَّكَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ {٢٦}

تۆ ئەی پێغەمبەری خودا بڵێ : پەروەردگارا ! خاوەن موڵکی هەموو جیهان ! بتەوێ موڵك و دەستەڵات بە هەرکەس بدەیت ئەیدەیتێو بتەوێ لە هەرکەسی بسێنیتەوە لێی ئەسێنیتەوە . بتەوێ گەورەیی و شان و شکۆ بە کەسێ بدەیت ئەیدەیتێو ، بتەوێ هەرکەس سووك و ڕیسوا بکەی ئەیکەی . تۆ بەسەر هەموو شتێکا تواناێو هیچ شتێ لەژێر دەستەڵاتت دەرناچێ .

تُولِجُ اللَّيْلَ فِي الْنَّهَارِ وَتُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَتُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَتُخْرِجُ الَمَيَّتَ مِنَ الْحَيِّ وَتَرْزُقُ مَن تَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ {٢٧}

خودایەکی بەدەستەڵاتی وەهایت شەوو ڕۆژ ئەدەیتە دەمی

یەك‌و بەدوای یەكدا ئەیانهێنی . گیانلەبەر ئـەمرێنیت‌و لـە مادەكـەی خۆی زیندووی ئەكەیتەوە ، یا ئینسان لە نوتفە دروست ئەكەیت‌و لە ئینسـانیش نوتفـە ، یـا نـەوەی موسـوڵمان لـە ئینسـانی كـافر دەخەیتـەوەو ، نـەوەی كـافر لـە ئینسـانی مۆسـوڵمان . دیـارە موسـوڵمان وەك زیـندووەو كـافر وەك مـردوو . ئـەوەندەیش بەدەستەلاتی بێجگە لەمانە هەركـەس بتـەوێ ڕزق‌و ڕۆزی‌و سـامانی بێ‌شومارو فراوانی پێ ئەبەخشی .

لاَّ يَتَّخِذِ الْمُؤْمِنُونَ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاءَ مِن دُونِ الْمُؤْمِنِينَ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ فَلَيْسَ مِنَ اللّهِ فِي شَيْءٍ إِلاَّ أَن تَتَّقُواْ مِنْهُمْ تُقَاةً وَيُحَذِّرُكُمُ اللّهُ نَفْسَهُ وَإِلَى اللّهِ الْمَصِيرُ {٢٨}

نـابێ موسـوڵمانەكان ، بـەهۆی خوێشـایەتی‌و دۆسـتایەتیی سـەردەمی جاهیلییەتـەوە ، كافرەكـان بگـرن بـە دۆسـت‌و بـرادەری خۆیـان لـەباتیی موسـوڵمان . ئـەبێ دۆسـتایەتیی‌و دوژمنایـەتیی موسوڵمان بۆ خودا بێ . تەنها موسوڵمانەكان شایانی ئەوەن بكرێنە دۆست . هەركەس شتی وەهـا بكـات لەلایـەن خـوداوە پایەو نرخـی نی‌یەو دۆستایەتیی لای خـودا نی‌یـە . مەگـەر لەشـەڕی ئـەو كافرانـە بترسن‌و دۆستایەتییەكە بۆ ئەوەبێ تووشی ئازار نەبن . لەم حاڵـەدا دروسـتە دۆسـتایەتی پیشـان بـدەن . خـودا لـە عـەزابی خـۆی ئەتانترسێنێ . گەڕانـەوەو سـەرەنجامتان بـۆ لای ئـەوە ، كەواتـە ئاگاتان لە كردارتان بێ .

قُلْ إِن تُخْفُواْ مَا فِي صُدُورِكُمْ أَوْ تُبْدُوهُ يَعْلَمْهُ اللّهُ وَيَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ وَاللّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ {٢٩}

پێیان بڵێ ئەوەی لە دڵتانایە وەك دۆستایەتیی کافران ، ئەگەر بیشارنەوە یا دەریبڕن خودا پێی دەزانێ . خودا هەرچی لە ئاسمان‌و ئەرزایە ئەیزانێ‌و ئاگای لێیەتی‌و دەستەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا ئەشکێ‌و توانایە.

يَوْمَ تَجِدُ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ مِنْ خَيْرٍ مُّحْضَرًا وَمَا عَمِلَتْ مِن سُوَءٍ تَوَدُّ لَوْ أَنَّ بَيْنَهَا وَبَيْنَهُ أَمَدًا بَعِيدًا وَيُحَذِّرُكُمُ اللّهُ نَفْسَهُ وَاللّهُ رَؤُوفُ بِالْعِبَادِ {٣٠}

لەو ڕۆژەدا کە هەر نەفسێ هەرچی چاکەی کردبێ‌و هەرچی خراپەی کردبێ لە بەردەمیا حازر کراوەو سزاو پاداشی دیاری کراوە ئاواتە خوازەو حەزئەکا لە بەینی ئەوو ترسی ئەو ڕۆژەدا ماوەیەکی دوور ببوایەو گورج نەهاتایە . خودا ئەتانترسێنێ لە سزای خۆی . خودا لەگەڵ بەندەکانی خۆیا میهرەبانە .

قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ {٣١}

ئەی موحەممەد ! بە خەڵکی ڕابگەیێنەو پێیان بڵێ ئەگەر ئێوە خوداتان خۆش ئەوێ پەیڕەوی من بکەن تا خودا خۆشتانی

بوێو لە گوناهتان ببووری . خودا تاوانبەخش و میهرەبانە .

قُلْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَالرَّسُولَ فإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّ اللّهَ لاَ يُحِـــبُّ الْكَافِرِينَ {٣٢}

پێیـان بڵـێ : بـەگوێی خـوداو پێغەمبـەری خـودا بکـەن و بــەو ڕێگایەدا بڕۆن پێغەمبەر بۆی دیاری کردوون . جائەگەر سەرپێچییان کـردو دوای ئامۆژگـاریت نەکـەوتن ، ئـەوا بێگومـان خــودا کـافرانی خۆش ناوێو لە ڕۆژی خۆیدا تۆڵەیان لێ ئەکاتەوە .

إِنَّ اللّهَ اصْطَفَى آدَمَ وَنُوحًا وَآلَ إِبْرَاهِيمَ وَآلَ عِمْـــرَانَ عَلَى الْعَالَمِينَ {٣٣}

بێگومـان خــودا ئــادەم و نــووح و ئیــبراهیم و ئــالی عیمرانــی هـەڵبژاردووە بەسـەر ئـادمیزادی چـەرخی خۆیــاندا . ئـالی ئیــبراهم ئیسماعیل و ئیسحاق و نەوەکانیانن کـە حـەزرەتی موحەممەدیشـیان بەرئەکەوێ . ئالی عیمرانیش یا مووسـاو هـاروونی براینـی یـا عیسـاو مەریەمی دایکینی .

ذُرِّيَّةً بَعْضُهَا مِن بَعْضٍ وَاللّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ {٣٤}

ئەمانــە نەتــەوەیێکن هــەندێکیان لــە هەندێکیانــەوە بــوون و لقوپۆپیان لێ بووەتەوە . خـودا شنەواو زانایەو زانینەکـەی فراوانـەو هەمووشت ئەگرێتەوە .

إِذْ قَالَتِ امْرَأَةُ عِمْرَانَ رَبِّ إِنِّي نَذَرْتُ لَكَ مَا فِي بَطْنِـــي مُحَرَّرًا فَتَقَبَّلْ مِنِّي إِنَّكَ أَنتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ {٣٥}

یادی ئەوە بکەرەوەو باسی ئەوە بکە کە حەرەمی عیمران موناجاتی لەگەڵ خودادا کردو عەرزی کرد : خودایا ! ئەوەی لەسکمایە نەزری تۆ بێو تەرخان بێ بۆ خزمەتی (بیت المقدس) . لێم قبووڵ بکە ، تۆ شنەواو زانایتو هیچت لێ ون نابێ .

فَلَمَّا وَضَعَتْهَا قَالَتْ رَبِّ إِنِّي وَضَعْتُهَا أُنثَى وَاللّهُ أَعْلَمُ بِمَا وَضَعَتْ وَلَيْسَ الذَّكَرُ كَالأُنثَى وَإِنِّي سَمَّيْتُهَا مَرْيَمَ وِإِنِّي أُعِيذُهَا بِكَ وَذُرِّيَّتَهَا مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ {٣٦}

کاتێ کە حەرەمی عیمران سکەکەی داناو منداڵەکەی بوو . وتی خودایا منداڵەکەم کچە - خودا لەو باشتر ئەیزانی کە کچە - و دیاریشە نێرینە وەك مێیینە نییە . وا من ناوم نا مەریەمو خۆیو نەوەی ئەخەمە پەنای پارێزگاریی تۆ لە شەڕی شەیتانی دوور لە ڕەحمەتی خودا .

فَتَقَبَّلَهَا رَبُّهَا بِقَبُولٍ حَسَنٍ وَأَنبَتَهَا نَبَاتًا حَسَنًا وَكَفَّلَهَا زَكَرِيَّا كُلَّمَا دَخَلَ عَلَيْهَا زَكَرِيَّا الْمِحْرَابَ وَجَدَ عِندَهَا رِزْقاً قَالَ يَا مَرْيَمُ أَنَّى لَكِ هَـذَا قَالَتْ هُوَ مِنْ عِندِ اللّهِ إنَّ اللّهَ يَرْزُقُ مَن يَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ {٣٧}

خودا لەباتی نێرینە قبووڵی کرد بە نەزرو جوان پێی گەیاندو بە پاکیو خاوێنی گەورەی کرد . کە گەیشتە تەمەنی تەمیز هێنایان بۆ (بیت المقدس) . زەکەریا ، کە لەو وەختەدا پێغەمبەر بوو و (بیت المقدس) ی بەدەستەوە بوو ، سەرپەرشتیو چاودێریی مەریەمی

گرتە ئەستۆو لە شوێنێکی ئەمیندا داینا . هەرکاتێ زەکەریا ئەڕۆیشتە ژوورەکەیو سەری لێ ئەدا سەیری ئەکرد ڕزق و میوەو خواردەمەنییەکی جوانی لا دانراوە . لە مەریەمی ئەپرسی ئەمەت لەکوێ بوو ؟ ئەویش وەڵامی ئەدایەوە ئەیوت لەلایەن خوداوە بۆم دێت . بێگومان خودا هەرکەسی مەیل لێ بێ ڕزق و ڕۆزیی بێشوماری پێئەدات بێئەوەی ئەوکەسە بزانێ لە کوێوە بۆی ئامادە کراوە .

هُنَالِكَ دَعَا زَكَرِيَّا رَبَّهُ قَالَ رَبِّ هَبْ لِي مِن لَّدُنْكَ ذُرِّيَّةً طَيِّبَةً إِنَّكَ سَمِيعُ الدُّعَاء {٣٨}

جا کە زەکەرییا هەستی بەم کەرەمەی خودا کرد ڕووی کردە بارەگای خواو لێی پاڕایەوەو وتی : خودایا ! بە بەخشندەییو میهرەبانی خۆت نەوەیەکی پاك و پوختەم پێببەخشە . بێگومان تۆ ئاگات لە نزاو پاڕانەوەی بەندەتەو چاکی ئەبیسی.

فَنَادَتْهُ الْمَلآئِكَةُ وَهُوَ قَائِمٌ يُصَلِّي فِي الْمِحْرَابِ أَنَّ اللّهَ يُبَشِّرُكَ بِيَحْيَـى مُصَدِّقًا بِكَلِمَةٍ مِّنَ اللّهِ وَسَيِّدًا وَحَصُورًا وَنَبِيًّا مِّنَ الصَّالِحِينَ {٣٩}

پاش ئەو تکاو نزایە جیبرەئیل بە ئەمری خودا بانگی لێ کرد ، لەو کاتەدا لە میحرابدا نوێژی ئەکرد . موژدەی پێ دا وتی : خودای گەورە موژدەت ئەداتێ بە کوڕێکی ڕێکوپێك کە ناوی یەحیایەو باوەڕی بە کەلیمەی خودا هەیە ، واتە عیسا ، کە بە ئەمری خودا بە

بێ باوك بووه . یەحیا ئیسـتێکی پڕفەدرەو پارێزگارو خـوا پەرستەو خـۆی زۆر دوور ئەخاتـەوە لـە گونـاه و یەکێکـە لـە پێغەمبەران و پیاوچاکان .

قَالَ رَبِّ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلاَمٌ وَقَدْ بَلَغَنِيَ الْكِبَرُ وَامْرَأَتِي عَاقِرٌ قَالَ كَذَلِكَ اللّهُ يَفْعَلُ مَا يَشَاءُ {٤٠}

زەکەریبا وتی خودایا ! من چۆن ئەولادم ئـەبێ ! خـوم پـیری تەنگی پـێ هـەڵچنیوم و ژنەکەیشم نەزۆکـە . خـودا وەڵامـی دایـەوە فەرمووی : بەڵێ ئەبێ . خودا مەیلی لە هەرچی بێ ئەیکات .

قَالَ رَبِّ اجْعَل لِّيَ آيَةً قَالَ آيَتُكَ أَلاَّ تُكَلِّمَ النَّاسَ ثَلاَثَةَ أَيَّامٍ إِلاَّ رَمْزاً وَاذْكُر رَّبَّكَ كَثِيراً وَسَبِّحْ بِالْعَشِيِّ وَالإِبْكَارِ {٤١}

زەکـەریبا عـەرزی خـودای کـرد : نیشـانەیەکم بـۆ دابنـێ بـەو نیشانەدا بزانم (ئیشاع)ی ژنم سکی هەیە . خودا فەرموی : نیشانەی سك بوونەکەی ئەوەیە کە تۆ لەوکاتەدا سێ ڕۆژ ناتوانی قسـە لەگـەڵ خەڵك بکەی بە ئیشارەو ڕەمز نەبێ واتە یا بە سـەر یـا بـە دەست و هاوچەشنی ئەمانە . لـەو ڕۆژانەدا زیکـری خـودا زۆر بکەو بە ئێوارەو بەیانییان تەسبیحاتی بۆ بکە .

وَإِذْ قَالَتِ الْمَلاَئِكَةُ يَا مَرْيَمُ إِنَّ اللّهَ اصْطَفَاكِ وَطَهَّرَكِ وَاصْطَفَاكِ عَلَى نِسَاء الْعَالَمِينَ {٤٢}

یادی ئەوە بکەرەوە کە چۆن فریشتە فەرموووی بە مەریەم : ئەی مەریەم بێ گومان خودای گەورە تۆی هەڵاوێردوەو پاکی کردوویتەوە لە پیسی‌و لەناو ژنانی جیهاندا هەڵیبژاردووی بەسەر هەموویاناو پایەی تایبەتی پێ بەخشیوی

يَا مَرْيَمُ اقْنُتِي لِرَبِّكِ وَاسْجُدِي وَارْكَعِي مَعَ الرَّاكِعِينَ {٤٣}

خودا خستیە دڵی مەریەمەوە ، یا زەکەریا بەو صیفەتەی کە پێغەمبەر بووە پێی‌وتووە ، یا جیبرەئیل لە کاتی دەرکەوتنیا پێی وتوە: ئەی مەریەم عیبادەت بکە بۆ خودای خۆت و سوجدەی بۆ ببەو لەگەڵ ئەوانەدا کە ڕوکووع ئەبەن بۆ خودا ڕوکووع بەرە .

ذَلِكَ مِنْ أَنبَاء الْغَيْبِ نُوحِيهِ إِلَيكَ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يُلْقُون أَقْلاَمَهُمْ أَيُّهُمْ يَكْفُلُ مَرْيَمَ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يَخْتَصِمُونَ {٤٤}

ئەمانەی پێم گەیاندی ئەی پێغەمبەر ! دەنگوباسی عالەمی غەیبن‌و بە وەحی بۆمان ناردووی . ئەگەر ئاگادارمان نەکردیتایە نەتئەزانین . تۆ لای ئەوان نەبووی کە زەکەریاو زاناکانی (بیت المقدس) قورعەیان ئەکرد تا بزانن سەرپەرشتی کردنی مەریەم (د.خ) بەر کامیان ئەکەوێ ؟ لایان نەبووی کە لەسەر ئەو مەسەلە لەناو خۆیانا بوو بە دەمەقاڵەیان‌و لەسەر بەخێوکردنی مەریەم مونافەسەی یەکتریان ئەکرد .

إِذْ قَالَتِ الْمَلآئِكَةُ يَا مَرْيَمُ إِنَّ اللّهَ يُبَشِّرُكِ بِكَلِمَةٍ مِّنْهُ اسْمُهُ الْمَسِيحُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ وَجِيهًا فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَمِنَ الْمُقَرَّبِينَ {٤٥}

یادی ئەوە بکەنەوە کە فریشتە وتی بە مەریەم : ئەی مەریەم خودا موژدەت پێ ئەدا کە کورێکت ئەبێ بە کەلیمەی خوداو بە ئەمری (کن فیکون) بێ‌باوک . ناوی نازناوی مەسیحەو ناوی ئەسلیی عیسای کوڕی مەریەمە . لای خودا خاوەن پایەو شانە لە دنیاو لە قیامەتداو یەکێکە لەوانەی لە خوداوە نزیکن‌و پایەی تایبەتییان هەیە .

وَيُكَلِّمُ النَّاسَ فِي الْمَهْدِ وَكَهْلاً وَمِنَ الصَّالِحِينَ {٤٦}

لە بێشکەداو بە گەورەییش لەگەڵ خەڵك قسە ئەکات‌و باسی پێغەمبەریی خۆی ئەکات‌و لە پیاوچاکە کردارباشەکانە .

قَالَتْ رَبِّ أَنَّى يَكُونُ لِي وَلَدٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ قَالَ كَذَلِكِ اللّهُ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ إِذَا قَضَى أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُن فَيَكُونُ{٤٧}

مەریەم وتی : خودایا من چۆن مناڵم ئەبێ کە هەرگیز بنیادەمێ دەستی لێ نەداوم‌و شووم نەکردوە ؟! خودا فەرمووی : خودا وەهایە ، هەرچی بوێ دروستی ئەکات . خودا کە خواستی لەسەر بوونی شتێك بوو هەر تەنها ئەوندەیە پێی ئەڵێ : ببەو ئەویش ئەبێت .

وَيُعَلِّمُهُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَالتَّوْرَاةَ وَالإِنجِيلَ {٤٨}

خودای گەورە کتێبی فێر ئەکات و هۆی زانیاری و هۆشیاری بۆ ئامادە ئەکات و تەورات و ئینجیلی فێر ئەکات . واتە ئەی مەریەم دڵنیا بەو لە خەڵك مەترسە کە پێت بڵێن بێ مێرد منداڵت بووە .

وَرَسُولاً إِلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنِّي قَدْ جِئْتُكُم بِآيَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ أَنِّي أَخْلُقُ لَكُم مِّنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ فَأَنفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيْرًا بِإِذْنِ اللّهِ وَأُبْرِىءُ الأكْمَهَ والأَبْرَصَ وَأُحْيِي الْمَوْتَى بِإِذْنِ اللّهِ وَأُنَبِّئُكُم بِمَا تَأْكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ فِي بُيُوتِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ {٤٩}

ئەیکاتە پێغەمبەرو ئەینێرێ بۆ بەنیئیسرائیل و پێیان ئەڵێ : من هاتووم بۆ لای ئێوە بە موعجیزەی گەورەوە کە لەلایەن خوداوە پێم دراوە. من لە قوڕ شتێ دروست ئەکەم لەسەر شێوەی پەلەوەرو فووی پیا ئەکەم بە ئیزنی خودا گورج ئەبێتە پەلەوەری ڕاستەقینە . کوێری زگماك و بەڵەك چاك ئەکەمەوەو بە ئیزنی خودا مردوو زیندوو ئەکەمەوەو پێتان ئەڵێم کە چی ئەخۆن و چی هەڵئەگرن لە ماڵدا . بێگومان ئەم موعجیزانە دەلیلی گەورەن لەسەر توانایی خودا ئەگەر ئێوە خاوەن ئیمان بن .

وَمُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَلأُحِلَّ لَكُم بَعْضَ الَّذِي حُرِّمَ عَلَيْكُمْ وَجِئْتُكُم بِآيَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ فَاتَّقُواْ اللّهَ وَأَطِيعُونِ {٥٠}

من كه به پێغەمبەری نێرراوم بۆ لای ئێـوه بـاوەڕم بـه تـەورات هەیەو هەندێ شتتان بۆ حـەلاڵ ئەكـەم كـه لـه شـەریعەتی مووسـادا حەرام بوون لەسەرتان وەك خواردنـی بـەزو ماسـیو گۆشـتی وشـترو كاركردن له ڕۆژی شەممەدا . لای خـوداوه ئایـەتێكم بۆ هێنـاون كـه بریتییه لەوەی (الله) خـودای منو خودای ئێوەیشه ، یاخۆ مەبەسـت له ئایەت موعجیزەیه ، واتـه : موعجیـزەم بـۆ هێنـاون بۆ ئیسـپاتی ڕاستیی قسەكانم . لەخودا بترسنو بەگوێم بكەنو وەرنه سەر ڕێگای ڕاست .

إِنَّ اللّـــهَ رَبِّـــي وَرَبُّكُـــمْ فَـــاعْبُدُوهُ هَـــذَا صِـــرَاطٌ مُّسْتَقِيمٌ{٥١}

بێگومان (الله) ی پاكو له خەوش بـەری خـودای مـنو خـودای ئێوەیه، كەواته عیبادەتی بۆ بكەنو هەر ئەو بپەرستن . ئەمه ڕێگای ڕاستەو ئەتانگەیەنێته ئامانجو ئەنجامی چاك .

فَلَمَّا أَحَسَّ عِيسَى مِنْهُمُ الْكُفْرَ قَالَ مَنْ أَنصَـــارِي إِلَـــى اللّهِ قَالَ الْحَوَارِيُّونَ نَحْنُ أَنصَارُ اللّهِ آمَنَّا بِاللّهِ وَاشْهَدْ بِأَنَّـــا مُسْلِمُونَ{٥٢}

جا كاتێ كه عیسا تێگەیشتو هەستی كرد بەوەی ئەوانە كافرو بێئیمـانن ، ڕووی كـردە قەومەكـەیو وتـی: كـێ یارمـەتیم ئـەدا لـــه ڕێگای خوداداو لەپێناوی ئایینی ڕاستدا ؟ هاوڕێ ڕاسـتەكانی وتیـان ئێمه یارمەتیدەرتین بۆ ڕێگەی خوداو ، باوەڕمـان بـه خـودای تـاكو بێعەیب هەیه. تۆیش لـه ڕوژی قیامـەتدا لای خـــودا شـایەتیمان بـۆ بده كه موسوڵمانینو ئیمانمان پێی هەیه .

رَبَّنَآ آمَنَّا بِمَا أَنْزَلْتَ وَاتَّبَعْنَا الرَّسُولَ فَاكْتُبْنَا مَعَ الشَّاهِدِينَ{٥٣}

خودایا باوەڕمان بەو کتێبە هەیە کە ناردووتەو پەیڕەویی پێغەمبەرمان کرد کە عیسایە . کەواتە لە زومرەی ئەوانە بماننووسە کە شاهیدی وەحدانییەتی تۆن ، یا لەگەڵ ئەو پێغەمبەرانە کە شایەتیی ئەدەن بۆ پەیڕەوەکانیان لە ڕۆژی قیامەتدا .

وَمَكَرُواْ وَمَكَرَ اللّهُ وَاللّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ {٥٤}

ئەو جوولەکانەی عیسا هەستی بە کوفریان کرد دەستیان دایە فڕوفێڵو یەکێکیان دیاری کرد عیسا بکوژێ . خودای گەورەیش بەرانبەری ئەوە سەری لێ تێکدانو شێوەی عیسای خستە سەر ئەو کابراو کابرا خۆی کوژراو عیسا بەرز کرایەوە بۆ ئەو پایەی کە خودا بۆی دانابوو . خودا زۆر توانایەو چاکترین تۆڵەسێنو بەدەسەڵاتە بۆئەوەی دەست بوەشێنێو زیان بگەیێنێ .

إِذْ قَالَ اللّهُ يَا عِيسَى إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ الَّذِينَ كَفَرُواْ وَجَاعِلُ الَّذِينَ اتَّبَعُوكَ فَوْقَ الَّذِينَ كَفَرُواْ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ ثُمَّ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأَحْكُمُ بَيْنَكُمْ فِيمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ{٥٥}

یادی ئەوە بکە کە خودا فەرمووی ئەی عیسای کوڕی مەریەم من ئەجەلی تۆ دوائەخەم بۆ وەختێکی دیاری کراوو لە کوشتنی ئەوان ئەتپارێزم ، یا من لە زەوی وەرتئەگرم یا من بە خەوتوی بەرزت ئەکەمەوە ، یا من لە ئارەزووی نەفس پاکت کەئەمەوەو وات

لیّ ئەكەم شایانی ئەوە بی بەرز بیتەوە بۆ عالەمی مەلەكووت . من بەرزت ئەكەمەوە بۆ بارەگای كەرامەتو شوێنی مەلائیكەكانم . من پاكت ئەكەمەوە لە بەدیی دراوسێیەتیی كافران . من وا ئەكەم لە پەیڕەوانتو دەستەلاتی وەهایان ئەدەمیّ كە هەمیشەو تا قیامەت بەسەر كافراندا زالّو سەركەوتوو بن . پاش ئەوە سەرەنجامتان ، ئێوەیشو ئەوانیش ، بۆلای منەو لای من كۆئەبنەوەو ، ئەو وەختە من حوكمی خۆم ئەدەم لەبەینتانا لەوشتانەدا كە ئیختیلافتان تیایانا هەبوو .

فَأَمَّا الَّذِينَ كَفَرُواْ فَأُعَذِّبُهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَمَا لَهُم مِّن نَّاصِرِينَ {٥٦}

هەرچی ئەوانەن كە باوەڕیان بە خودا نیەو پەیڕەویی پێغەمبەران ناكەن ، ئەوانە لە دنیاو قیامەتدا بەتوندی سزایان ئەدەمو كەس نیە یارمەتییان بداتو لە سزای من بیانپارێزیّ .

وَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ فَيُوَفِّيهِمْ أُجُورَهُمْ وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ الظَّالِمِينَ {٥٧}

ئەوانەیش كە ئیمانیانیان هەیەو كردوەیان باشەخودا پاداشیان بەتەواوی ئەداتەوە . بیّگومان حەزەی گەورە ستەمكارانی خۆش ناویّ .

ذَلِكَ نَتْلُوهُ عَلَيْكَ مِنَ الآيَاتِ وَالذِّكْرِ الْحَكِيمِ {٥٨}

ئەمانە ئەخوێنینەوە بەسەرتا ، لە ئایەتەكانی خودانو زیكری پڕ لە حیكمەتن .

إِنَّ مَثَلَ عِيسَى عِندَ اللّهِ كَمَثَلِ آدَمَ خَلَقَهُ مِن تُرَابٍ ثُمَّ

قَالَ لَهُ كُن فَيَكُونُ {٥٩}

لەدایكبوونی عیسا بە بێباوك ، كە لای هەندێ كەس شتێكی سەیرە وەك چۆنیەتی دروست كردنی ئادەمە ، ئەمی بە بێباوكو بە بێدایك لە خۆڵ دروست كردو پێی وت ببەو بوو . دیارە خودای گەورە بەدەستەڵاتە . ئیتر بۆ دروستكردنی عیساو لەدایكبوونی بێباوكیتان لا سەیرە ؟

الْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلاَ تَكُن مِّن الْمُمْتَرِينَ {٦٠}

ڕاست ئەوەیە كە لەلایەن خوداوە بۆت هاتووە . هیچ شوبهەو گومان مەكە . قسەكە لەگەڵ پێغەمبەرایە بۆئەوەی زیاتر دامەزراو بێ . مەبەس هەموو ئەوانەیە كە ئەم ڕاستییانە ئەبیسن .

فَمَنْ حَآجَّكَ فِيهِ مِن بَعْدِ مَا جَاءَكَ مِنَ الْعِلْمِ فَقُلْ تَعَالَوْاْ نَدْعُ أَبْنَاءنَا وَأَبْنَاءكُمْ وَنِسَاءنَا وَنِسَاءكُمْ وَأَنفُسَنَا وأَنفُسَكُمْ ثُمَّ نَبْتَهِلْ فَنَجْعَل لَّعْنَةَ اللّهِ عَلَى الْكَاذِبِينَ {٦١}

ئیتر پاش ئەو زانیاریو ئایەتانەی بۆت هاتووە هەركەس موجادەلەت لەگەڵ بكا لە وەڵامدا پێیان بڵێ : وەرنە مەیدان . كوڕەكانمانو كوڕەكانتانو ژنەكانمانو ژنەكانتانو خۆمانو خۆتان بانگ بكەینو هەموومان كۆببینەوەو ڕووبكەینە خودا ، هەردوو لامان لەعنەت لە درۆزن بكەینو بڵێین : نەفرینو بێبەش بوون لە ڕەحمەتی خودا ، لەدرۆزن .

إِنَّ هَـذَا لَهُوَ الْقَصَصُ الْحَقُّ وَمَا مِنْ إِلَـهٍ إِلاَّ اللّهُ وَإِنَّ اللّهَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ {٦٢}

بێگومان ئەمەی بۆمان باس کردی قسەی ڕاستەو کەس نییە عیبادەتی بەڕاستی بۆبکرێ زاتی خودای پاكو بێخەوش نەبێ .
بێگومان خودا بەدەستەلاتەو کارەکانی پڕحیکمەتن .

فَإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِالْمُفْسِدِينَ {٦٣}

جا ئەگەر نەهاتن بۆ موباهەلەکەو ڕوویان لە بانگەکەت وەرچەرخاند ، ئەوا گوێیان مەدەرێ . خودا بە بەدکارانو ئاژاوەگێڕان ئەزانێو هیچی لێ ون نابێو خۆی ئەزانێ چۆن تۆڵەیان لێ ئەسێنێ .

قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْاْ إِلَى كَلَمَةٍ سَوَاء بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلاَّ نَعْبُدَ إِلاَّ اللَّهَ وَلاَ نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلاَ يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضاً أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللَّهِ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقُولُواْ اشْهَدُواْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ{٦٤}

بڵێ : ئەی کیتابییەکان وەرن بۆ وەرگرتنی وتەیەك کە هەموو پێغەمبەرانو هەموو کتێبە خوداییەکان یەك قسەن تیایاو هیچ جیاوازییەکیان نییە ، ئەوەیش ئەوەیە کە عیبادەت بۆ کەس نەکەین بۆ (الله) نەبێ‌و هاوڕێی بۆ دانەنێین لە پەرستنداو بەتەنها ئەو بپەرستینو ، هەندێکمان هەندێکیترمان نەکەینە خوداو نەیانپەرستین . جا ئەگەر ڕوویان وەرچەرخاندو بەگوێیان نەکردی ئەوا پێیان بڵێن : دەی ئێوە شاهید بن کە ئێمە ئیمانمان بەم ڕاستییانە هەیەو ئێوە ئیمانتان پێیان نییە .

يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تُحَآجُّونَ فِي إِبْرَاهِيمَ وَمَا أُنزِلَتِ

التَّوراةُ والإنجيلُ إلاَّ مِن بعْدِه أفلا تعْقِلُون {٦٥}

ئەی ئەهلی کیتاب ! بۆچی دەربارەی ئیبراهیم دەمەقاڵە ئەکەن ، هەندێکتان بە جوولەکەی دائەنێن‌و هەندێکی‌ترتان بە گاوری حسێب ئەکەن ؟ تەورات‌و ئینجیل پاش وەفاتی ئیبراهیم نازڵ بوون‌و ماوەی بەینی ئەم کتێبانەو ئیبراهیم زۆرە،بۆ عەقڵ‌و هۆشتان بەکارناهێنن کە بزانن چۆن ئیبراهیم ئەبێتە جوولەکە یا گاور ؟!.

هَاأَنتُمْ هَؤُلاءِ حَاجَجْتُمْ فِيمَا لَكُم بِهِ عِلمٌ فَلِمَ تُحَآجُّونَ فِيمَا لَيْسَ لَكُم بِهِ عِلْمٌ وَاللّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ {٦٦}

بە هەر حاڵ ئێوە موجادەلەتان کرد لە هەندێ شتدا کە لە تەورات‌و ئینجیلدا هەن‌و لەوانەیە بە ڕاست‌و بە درۆ شتێکی لێ بزانن. ئەی بۆ لە شتێکدا کە هیچی لێ نازانن موجادەلە ئەکەن وەك وەزعی حەزرەتی ئیبراهیم کە خودا خۆی ئەیزانێ‌و بەهەمووشت ئەزانێ‌و ئێوە نازانن ؟.

مَا كَانَ إِبْرَاهِيمُ يَهُودِيًّا وَلاَ نَصْرَانِيًّا وَلَكِن كَانَ حَنِيفًا مُّسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ {٦٧}

ڕاستەکەی ئەوەیە ئیبراهیم نە جوولەکە بووەو نە گاور ، بەڵکو ئینسانێك بووە لە ڕێگای گومڕاهی‌و بەتاڵ لای‌داوەو ڕێگای ڕاستی گرتووەو ملکەچی پەروەردگار بووەو لەوانە نەبوە هاوبەش بۆ خوا دائەنێن .

إِنَّ أَوْلَى النَّاسِ بِإِبْرَاهِيمَ لَلَّذِينَ اتَّبَعُوهُ وَهَـذَا النَّبِيُّ وَالَّذِينَ آمَنُواْ وَاللّهُ وَلِيُّ الْمُؤْمِنِينَ {٦٨}

بێگومان نزیکترین کەس لـە ئیبراهیمو دۆستترین کـەس بـۆی ئەوانەن لە ئوممەتەکەی خۆی کە وەختی خۆی ئیمانیان پێهێنـاوەو پـەیڕەوییان کـردوە، هـەروەها ئـەم پێغەمبەرەیـە ، واتـە حـەزرەتی موحەممەد ، کە لە شتە بناغەییەکانی ئایینـا موافیقیـەتیو بـاوەڕی پێی هەیە، ئەوانەیش ئەمڕۆ موسـولْمان بـوونو ئیمانیـان بـە خـوداو پێغەمبەر هەیە لەوانەن کە زۆر لە ئیبراهیمـەوە نزیکـنو دۆسـتینی . خودا پشتی موسوڵمانان ئەگرێتو یارمەتییان ئەدات .

وَدَّت طَّآئِفَةٌ مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَوْ يُضِلُّونَكُمْ وَمَا يُضِلُّـــونَ إِلاَّ أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ {٦٩}

هەندێك هەن لە ئەهلی کیتاب زۆر پێیان خوش ئەبێو زۆر حـەز ئەکـەن گومڕاتـــان بکـەنو لــە ئـاینی ئیســلام وەرتانچـەرخێنن . لەڕاسـتیدا ئەمانـە گـەلۆری وەك خۆیـان نـەبێ نـاتوانن کـەس گومـڕا بکـەنو هـەر هـەوڵێکی گومڕاکردنیـــش بـدەن گونـاه و تاوانەکـەی ئەستۆی خۆیان ئەگرێتەوەو گومڕاییو سزای خۆیان زیاد ئەکات.

يَا أَهْلَ الْكِتَـــابِ لِـــمَ تَكْفُـــرُونَ بِآيَـــاتِ اللّـــهِ وَأَنتُـــمْ تَشْهَدُونَ{٧٠}

ئەی کیتابیەکان بۆچـی ئیمـان بـە ئایەتـەکانی خـودا نـاهێننو سەرپێچی ئەکـەن لـە پـەیڕەویی موحەممـەد کەخۆیشـتان زۆر بـاش ئەزانن ئـەم ئایەتانـە ڕاسـتنو بـە پێـی ئـەوەی لەتـەورات و ئینجیلـدا بەرچاوتان کەوتووە ئەم ئایینی ئیسلامە ڕاستەو حەققە ؟

يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَلْبِسُونَ الْحَقَّ بِالْبَاطِلِ وَتَكْتُمُونَ الْحَقَّ

وأنتمْ تعلمُون {٧١}

ئەی ئەهلی کیتاب بۆ ڕووکەشی بەتاڵ ئەکەن بە بەر حـەقداو ، ڕاست بە ناڕاست پیشان ئەدەن‌و ناڕاست ئەکەنە ڕاست لە بـەرچاوی خەڵقدا ؟ بـۆ بەئاشـکرا حـەق‌و بـەتاڵ لـە یـەك جیـا ناکەنـەوە ؟ بۆ لەگــەڵ خۆیشــتان‌و لەگــەڵ خەڵقیشــدا ڕاســت ناکــەن ؟ بــۆ پێغەمبەرایـەتی موحەممەد ئەشـارنەوە کـە خویشـتان چاك ئـەزانن حەق کامەیەو بەتاڵ کامەیە؟ .

وَقَالَت طَّآئِفَةٌ مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ آمِنُواْ بِالَّذِيَ أُنزِلَ عَلَـــى الَّذِينَ آمَنُواْ وَجْهَ النَّهَارِ وَاكْفُرُواْ آخِرَهُ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ{٧٢}

هـەندێ لـە ئـەهلی کیتـاب ئـەڵێن بـــەڕۆژدا ئیمــان بێنــن بــەو قورئانـەی نـێرراوە بـۆ موسـوڵمانەکان کـە لەگــەڵیان هەڵئەسـتێن‌و دائەنیشـێن‌و بـە شـەو کـە لـەناو خۆمـاندا کۆئەبینـەوەو لـەوان جیـا ئەبینەوە ئیمانی پێ مـەهێنن بـەڵکو ئـەو موسـوڵمانانە کـە ئەمـەیان بیسـت لـە دینەکـەی خۆیـان وەرگـەڕێن‌و پەشـیمان بنـەوە ، گۆیـا موسوڵمانەکان بڵێن : ئەهلی کیتابەکان لە ئێمە زاناترن ، کـە ئـەوان هەڵـگەڕابنەوە با ئێمەیش هەڵگەڕێینەوە !.

وَلاَ تُؤْمِنُواْ إِلاَّ لِمَن تَبِعَ دِينَكُمْ قُلْ إِنَّ الْهُدَى هُدَى اللّـــهِ أَن يُؤْتَى أَحَدٌ مِّثْلَ مَا أُوتِيتُمْ أَوْ يُحَآجُّوكُمْ عِندَ رَبِّكُمْ قُـــلْ إِنَّ الْفَضْلَ بِيَدِ اللّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَاءُ وَاللّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ {٧٣}

ئەهلی کیتاب لەناو خۆیاندا ئەڵێن : کەس بە ئیمـاندار مـەزانن‌و باوەڕ بە کەس مەکەن بەوانە نەبێ دوای ئاییندتان کـەوتوون. جا تـۆ

پێیان بڵێ : بێگومان هیدایەت تەنها هیدایەتی خودایە . ئێوە کە لەناو خۆتاندا ئەو قسانە ئەکەن و ئەو پیلانانە ئەنێنەوە هەمووی لە حەسادەتەوەیەو پێتان ناخۆشە کەسیتر کتێبو ئایینی بۆ بنێررێ وەك ئەوەی بۆ ئێوە نێرراوە. داختان لێ دێ موجادەلەتان لەگەڵ بکەن لایخودا . ئەی موحەممەد ! پێیان بڵێ : گەورەییو کەرامەت بە دەستی خودایە ئەیدا بە هەرکەس خۆی مەیلی لێ بێ . خودا سیفەتەکانی فراوانو بەهەموو شت زانایە.

يَخْتَصُّ بِرَحْمَتِهِ مَن يَشَاءُ وَاللَّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ {٧٤}

خودا مەیلی لە بەرزکردنەوەی هەرکەس بێ بەتایبەتی لەناو خەڵکدا هەڵیئەبژێرێو ڕووی میهرەبانیو ڕەحمەتی خۆیی تێ ئەکات ، خودا خاوەنی بەخششو بەهرەیگەورەیەو ، هەر ئەو ئەتوانێ بەڕاستی چاکە لەگەڵ خەڵك بکات .

وَمِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ مَنْ إِن تَأْمَنْهُ بِقِنطَارٍ يُؤَدِّهِ إِلَيْكَ وَمِنْهُم مَّنْ إِن تَأْمَنْهُ بِدِينَارٍ لاَّ يُؤَدِّهِ إِلَيْكَ إِلاَّ مَا دُمْتَ عَلَيْهِ قَآئِمًا ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُواْ لَيْسَ عَلَيْنَا فِي الأُمِّيِّينَ سَبِيلٌ وَيَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ وَهُمْ يَعْلَمُونَ {٧٥}

کیتابییوا هەیە ئەگەر صەدهەزار دیناریشی لا دابنێی بەئەمانەت بەئاسانی ئەیداتەوە دەستتو خیانەتی تیا ناکات . هی وایش هەیە جێگای بڕوا نییە ، تەنانەت ئەگەر دینارێکیشیلا دابنێی بۆت ناگەڕێنێتەوە مەگەر لەسەر سەری ڕاوەستیو وازی لێ نەهێنی تا لێی وەرئەگریتەوە ! ئەم جۆرە کیتابییە دەستناپاکانە ئەڵێن :

هیچ گوناهبار نابین ئەگەر ماڵو سامانی ئەوانە بخۆین کە لەخۆمان نین . درۆ بە دەم خواوە هەڵدەبەستنو خۆیشیان ئەزانن کە درۆ ئەکەن ، خواردنو داگیرکردنی ماڵی خەڵك ڕەوا نیيەو تاوانە .

بَلَى مَنْ أَوْفَى بِعَهْدِهِ وَاتَّقَى فَإِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ{٧٦}

نەخەیر ، دین بە قسەی ڕووت نیيە . هەرکەس پەیمانی خودا بەجێبێنیێو لێی بترسێ ئەوە خودا خۆشی ئەوێ ! چونکە خودا بنیادەمی لەخوداترسو لە گوناه پارێزگاری خۆش ئەوێ .

إِنَّ الَّذِينَ يَشْتَرُونَ بِعَهْدِ اللّهِ وَأَيْمَانِهِمْ ثَمَنًا قَلِيلاً أُوْلَـئِكَ لاَ خَلاَقَ لَهُمْ فِي الآخِرَةِ وَلاَ يُكَلِّمُهُمُ اللّهُ وَلاَ يَنظُرُ إِلَيْهِمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلاَ يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ {٧٧}

ئەوانەی وەختی خۆی پەیمانیان بە خودا دابوو کە ئیمان بە پێغەمبەر بێننو یارمەتیی بدەن کەچی لەپاشاندا وەفایان بەو پەیمانە نەکردو بەرامبەر بە ماڵی بێمایەی دنیا گۆڕییانەوەو پەیڕەویی پێغەمبەریان نەکرد ئەوانە لە قیامەتدا بێبەش ئەبن لە کەرەمی خودا ، خودای گەورە لەو ڕۆژە پڕسامەدا قسەیان لەگەڵ ناکاتو ناڕوانێ بۆیانو بە بێگوناهیان دانانێو مەدحیان ناکات و سەرباری ئەمانەیش سزای توند ئەدرێن .

وَإِنَّ مِنْهُمْ لَفَرِيقًا يَلْوُونَ أَلْسِنَتَهُم بِالْكِتَابِ لِتَحْسَبُوهُ مِنَ الْكِتَابِ وَمَا هُوَ مِنَ الْكِتَابِ وَيَقُولُونَ هُوَ مِنْ عِندِ اللّهِ وَمَا هُوَ مِنْ عِندِ اللّهِ وَيَقُولُونَ عَلَى اللّهِ الْكَذِبَ وَهُمْ

يَعْلَمُونَ{٧٨}

كيتابيىوا هەن خۆيان شتێ بە زمانى عيبرى ئەنووسن دێن ئەيخوێننەوەو زوبانى خۆيان پێچ ئەدەن لە خوێندنەوەيدا ، وەك تەورات بخوێننەوە ! بۆ ئەوەى خەڵك گومان بەرن كە قسەى تەوراتە ، كەچى قسەى خۆيانەو هى تەورات نىيە ، ئەڵێن ئەمە كە ئەيخوێنينەوە لاى خوداوە هاتووە ، كەچى لاى خوداوە نەهاتووە ! درۆ هەڵئەبەستن بە زمانى خوداوەو ، خۆيشيان زۆر چاك ئەزانن كە لاى خوداوە نىيەو خۆيان داياننناوە ! .

مَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُؤْتِيَهُ اللّهُ الْكِتَابَ وَالْحُكْمَ وَالنُّبُوَّةَ ثُمَّ يَقُولَ لِلنَّاسِ كُونُواْ عِبَادًا لِّي مِن دُونِ اللّهِ وَلَـكِن كُونُواْ رَبَّانِيِّينَ بِمَا كُنتُمْ تُعَلِّمُونَ الْكِتَابَ وَبِمَا كُنتُمْ تَدْرُسُونَ {٧٩}

ڕەوا نىيە بنيادەمێ خودا كتێبو ژيرىو دەستەڵاتى بداتێو بيكاتە پێغەمبەر ، كەچى بە خەڵكى بڵێ : عيبادتى من بكەنو هى خودا مەكەنو بەندەى من بن ! بەڵكو ئەبێ پێيان بڵێ : ئەبێ پێوەنديتان بە خوداى خۆتانەوە هەبێو ئەو بپەرستن ، چونكە كتێب فێربوونو دەرستان بە خەڵك وتوەو ، گەيشتوونەتە پايەيێ ڕابەريى خەڵك بكەن .

وَلاَ يَأْمُرَكُمْ أَن تَتَّخِذُواْ الْمَلاَئِكَةَ وَالنِّبِيِّيْنَ أَرْبَابًا أَيَأْمُرُكُم بِالْكُفْرِ بَعْدَ إِذْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ {٨٠}

ئەوكەسەى خودا پايەى پێغەمبەرايەتى پێ ئەدات نابێ ئەمر بكا بە ئێوە كە فريشتەكانو پێغەمبەرەكان بپەرستنو بيانكەنە

خودا . چۆن ئەمری واتان پێ ئەکات پاش ئەوەی ئایینی ئیسلامتان قبوول کردوە؟.

وَإِذْ أَخَذَ اللّهُ مِيثَاقَ النَّبِيِّيْنَ لَمَا آتَيْتُكُم مِّن كِتَابٍ وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَاءكُمْ رَسُولٌ مُّصَدِّقٌ لِّمَا مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ بِهِ وَلَتَنصُرُنَّهُ قَالَ أَأَقْرَرْتُمْ وَأَخَذْتُمْ عَلَى ذَلِكُمْ إِصْرِي قَالُواْ أَقْرَرْنَا قَالَ فَاشْهَدُواْ وَأَنَاْ مَعَكُم مِّنَ الشَّاهِدِينَ {٨١}

یادی ئەوە بکەو باسی ئەوە بکە کە خودا لە کاتی خۆیدا پەیمانی لە پێغەمبەران وەرگرتو ، ئەوانیش ئەو پەیمانەیان ڕاگەیاند بە نەوەو پەیڕەوەکانیان . خودا پێی‌وتن ئەوەی بۆم هێناون لە کتێبو حیکمەت ئەبێ باوەڕی پێ بکەنو ئیشی پێ بکەنو کە لای خوداوە پێغەمبەرێ ڕەوانە کرا (مەبەست حەزرەتی موحەممەدە) کە باوەڕی بە کتێبو ئایینی ئێوە هەیە ، ئەبێ نەوەکانتانو پەیڕەوەکانتان باوەڕی پێ بکەنو ئیمانی پێ بهێننو پشتگیریی لێ بکەن . ئەنجا پاش ئەم پەیمانە ڕووی تێ کردنو پێی وتن : ئایا ئیقرارتان کردو بەتەواوی پەیمانتان پێدام ؟ ئەوانیش لە وەلامدا وتیان : بەڵێ بڕیارمان داوە پەیمانەکەت بەجێ‌بێنین . خودایش فەرمووی : دە شایەتی بدەن لەسەر ئەم پەیمانەو منیش یەکێکم لە شایەتەکان لەگەڵتان.

فَمَن تَوَلَّى بَعْدَ ذَلِكَ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ {٨٢}

بێگومان ئەوانەی لەوەپاش ڕوو لەو پەیمانە وەردەچەرخێننو پەیڕەویی ناکەن ، ئەوانە فاسقنو پەیمانی خودایان تێکداوە .

أَفَغَيْرَ دِينِ اللّهِ يَبْغُونَ وَلَهُ أَسْلَمَ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَإِلَيْهِ يُرْجَعُونَ {٨٣}

ئایا کارێکی تەواوو ژیرانەیە سەرپێچی ئەکەن‌و غەیری دینی خودایان ئەوێ ؟ ئەو خودایەی هەرچی لە ئەرزو ئاسماندایە ملکەچیەتی ، بە خواهیش‌و ئارەزوو بێ یا بە زۆر ، بەئیختیار بێ وەك ملکەچیی مەلائیکەکان ، یا موسوڵمانەکان کە وردئەبنەوە لە دەلیل‌و موعجیزە ، یا بە زۆر بێ وەك کافرەکان کە بە زۆر ئیسلام ئەبن یا دوچاری تەنگانە ئەبن وەك غەرق‌بوون‌و زەوی‌قووتدان کە ناچار ئەبن ئیمانی پێ بهێنن . لەئەنجامیشدا هەرچی کائینات هەیە سەرەنجامی هەمووی لای خودایە .

قُلْ آمَنَّا بِاللّهِ وَمَا أُنزِلَ عَلَيْنَا وَمَا أُنزِلَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَقَ وَيَعْقُوبَ وَالأَسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَى وَعِيسَى وَالنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ{٨٤}

تۆ ئەی موحەممەد ! حەق ڕوون بکەرەوەو بڵێ : ئێمە باوەڕمان هەیە بە خوداو بەو قورئانەی کە نازڵ کراوەتە سەر من‌و ، لە ڕێگای منەوە بە خەڵکی‌تریش گەیشتووە . باوەڕمان هەیە بەو کتێبانەی لەلایەن خوداوە بۆ ئیبراهیم‌و ئیسماعیل‌و ئیسحاق‌و یەعقوب‌و کوڕەکانی نێرراون . باوەڕمان هەیە بە تەورات کە بۆ مووسا نێرراوەو بە ئینجیل کە بۆ عیسا ڕەوانە کراوە . باوەڕمان هەیە بە هەموو ئەو کتێبانەی لەلایەن خوداوە بۆ پێغەمبەرانی‌تر

نێرراون . وەکو یەك باوەڕمان بە پێغەمبەران هەیەو هیچیان لەویتریان جیا ناکەینەوە . هەمووومان ملکەچی خوداو فەرمانی خوداین .

وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ {٨٥}

هەرکەس غەیری ئایینی ئیسلامی بوێ هەرگیز لێی قبووڵ ناکرێو ، لە قیامەتدا ڕەنجبەخەسارە .

كَيْفَ يَهْدِي اللّهُ قَوْمًا كَفَرُواْ بَعْدَ إِيمَانِهِمْ وَشَهِدُواْ أَنَّ الرَّسُولَ حَقٌّ وَجَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ{٨٦}

خودا چۆن هیدایەتی ئەوانە ئەدات کە پاش ئەوەی ئیمانیان هێناو شایەتییان دا کە پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەد ڕاستەو لەسەر ئەم ڕاستییە دەلیلو موعجیزەیان دی ، لە دین وەرگەڕانەوەو ڕێگای گومڕاهییان گرت ؟! خودا هەرگیز هیدایەتی کۆمەڵی ستەمکار نادات .

أُوْلَـئِكَ جَزَآؤُهُمْ أَنَّ عَلَيْهِمْ لَعْنَةَ اللّهِ وَالْمَلآئِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ{٨٧}

ئەوانە پاداشی ڕەوایان ئەوەیە نەفرینو لەعنەتی خوداو فریشتەکانو موسوڵمانو غەیری موسوڵمانانیشیان لەسەرە ، چونکە تەنانەت ئینسانی کافریش ڕقیەتی لەو کەسەی مونکیری ڕاستی بێو بزانێ ڕاستەو لێی هەڵگەڕێتەوە ، بەلام کافرەکە نازانێ ڕاستییەکە

کامەیە ؟.

خَـــالِدِينَ فِيــهَا لاَ يُخَفَّــفُ عَنْــهُمُ الْعَــذَابُ وَلاَ هُـــمْ يُنظَرُونَ{٨٨}

ئەوانە هەتاهەتایە لەبەر لەعنەت و نەفرینی خوداو فریشتەو بنیادەمدان و لێی ڕزگار نابن.هەروەها بەرامبەر بەتاوانی گەورەی هەڵگەڕانەوەیان سزاو ئازاریان سووك ناکرێت و مۆڵەت نادرێن .

إِلاَّ الَّذِينَ تَابُواْ مِن بَعْدِ ذَلِكَ وَأَصْلَحُواْ فَإِنَّ اللهَ غَفُـــورٌ رَّحِيمٌ{٨٩}

ئەوانە نەبێ کە پاش ئەو هەڵگەڕانەوەیە پەشیمان ئەبنەوەو ڕووئەکەنەوە خوداو ئەو خراپەکارییەی دەسیان دابوویە وازی لێ ئەهێنن و دەستئەدەنە چاکەکردن . دەربارەی ئەوانە بێگومان خودای گەورە گوناهبەخش و بەڕەحم و میهرەبانە .

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ بَعْدَ إِيمَانِهِمْ ثُمَّ ازْدَادُواْ كُفْرًا لَّن تُقْبَـــلَ تَوْبَتُهُمْ وَأُوْلَـــئِكَ هُمُ الضَّآلُّونَ {٩٠}

مەبەست ئەو جوولەکانەیە کە ئیمانیان بە حەزرەتی مووساو تەورات هێناو پاشان کە حەزرەتی عیسا ڕەوانە کرا باوەڕیان پێنەکرد . پاش ئەوەیش کە حەزرەتی موحەممەد کرا بە پێغەمبەر زیاتر کافر بوون و باوەڕیان بە خۆی و بە قورئانەکەی نەکرد کە لەلایەن خوداوە نازل کراوە .

یا مەبەست ئەوەیە ئەو جوولەکانە کە لە کتێبەکەی خۆیاندا باسی پێغەمبەر کرابوو ، پێش ئەوەی بکرێ بە پێغەمبەر باوەڕیان

پێی هەبوو ، کەچی پاشان کە بە پێغەمبەری نێررا ئیمانیان پێ نەهێناو سەرپێچییان کردو ئاژاوەیان نایەوەو ئینکاری قورئانیان کرد .

ئەوانە تەوبەیان لێ وەرناگیرێ ، جا یا لەبەرئەوە کە تەوبەکەیان بەڕاستی نیەو لە نیفاقەوەیە ، یا مەبەست ئەوەیە : کاتێ تەوبە ئەکەن کە ئەکەونە حاڵی سەرەمەرگو دەستیان لە هەموو لا ئەبڕێ. ئەوانەبێگومان گومڕاهن .

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ وَمَاتُواْ وَهُمْ كُفَّارٌ فَلَن يُقْبَلَ مِنْ أَحَدِهِم مِّلْءُ الأرْضِ ذَهَبًا وَلَوِ افْتَدَى بِهِ أُوْلَـئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ وَمَا لَهُم مِّن نَّاصِرِينَ {٩١}

ئەوانەی کافرن و بە کافری ئەمرن ئەگەر پڕی ئەرزیش فیدیە بدەن لێیان قبووڵ ناکرێ . ئەوانە سزای توند ئەدرێن و هیچ کەس نیە یارمەتییان بدات .

لَن تَنَالُواْ الْبِرَّ حَتَّى تُنفِقُواْ مِمَّا تُحِبُّونَ وَمَا تُنفِقُواْ مِن شَيْءٍ فَإِنَّ اللّهَ بِهِ عَلِيمٌ {٩٢}

پاداشو جەزای ڕاستەقینەی هەرەچاکتان دەستناکەوێ تا لە ڕێگای خوادا لەو شتە سەرف نەکەن کە خۆشتانئەوێ ، وەك ماڵی پاكو پوختە بۆ هەژارو خوێشو، وەك جاەو پایە لە یارمەتیدانی خەڵکداو ، وەك بەدەن لە خودا پەرستنداو ، وەك گیان لە جیهاددا . بێگومان هەرچی سەرف بکەن لە ڕێگای خوادا ، چ خۆشەویستو چ ناخۆشەویست ، خودا ئاگادارەو پێی ئەزانێو لێی ون نابێ .

كُلُّ الطَّعَامِ كَانَ حِـلاًّ لِّبَنِـي إِسْـرَائِيلَ إِلاَّ مَـا حَـرَّمَ إِسْرَائِيلُ عَلَى نَفْسِهِ مِن قَبْلِ أَن تُنَزَّلَ التَّـوْرَاةُ قُـلْ فَـأْتُواْ بِالتَّوْرَاةِ فَاتْلُوهَا إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ {٩٣}

لـە چەرخـەكانی پێش پێغەمبەرایەتیی مووسـاو نـازل بوونـی تەوراتدا هەموو خواردمەنی‌یەك حەلاڵ بوو بۆ بەنی‌ئیسـرائیلییەكان ، واتـە لـە چەرخـەكانی نـووح و ئیبراهیم و ئیسـماعیل و ئیسـحاق و یەعقووبدا ، ئەوە نەبێ كـە ئیسرائیـل واتـە یەعقـووب ، بەتایبـەتی لەسـەر خـۆی حـەرام كردبوو ، بـەڵام كـە مووسـا ڕەوانـە كـرا بـە پێغەمبـەری و تـەوراتی بـۆ نـێررا هـەندێ خواردەمـەنی لـە بەنی‌ئیسرائیلییەكان حەرام كرا وەك گۆشت و شیری وشتر ، ئەمـەش لـە بـەر كوفـرو زوڵـم و خراپـی و بەدڕەوشـتییان . دە بـڕۆن ئـەی جوولەكەكان ئەگەر ڕاست ئەكـەن تـەورات بێنـن . بیخوێننـەوە ، تـا بزانن ئەو خواردەمەنییانە كە لە بەنی‌ئیسـرائیلییەكان حـەرام كـراون پێش نازڵ بوونی تەورات یان پاش نازڵ بوونی حەرام كراون ؟.

فَمَنِ افْتَرَى عَلَى اللّهِ الْكَذِبَ مِن بَعْدِ ذَلِكَ فَأُوْلَـئِكَ هُـمُ الظَّالِمُونَ {٩٤}

ئیتر پاش دەركـەوتنی ڕاسـتی هەركـەس درۆ بـە دەم خـوداوە هەڵبەسـتی و بڵـێ : خـودا پێـش هـاتنی تـەورات فلانـە شـتی لـە بەنی‌ئیسرائیل حەرام كردوە ، ئەوە بە ستەمكارو لەڕێ‌لادەر حسـێب ئەكرێ .

قُلْ صَدَقَ اللّهُ فَاتَّبِعُواْ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِـنَ

الْمُشْرِكِينَ{٩٥}

پێیان بڵێ : خودا ڕاست ئەكاتو هەرچی ئەو ناردوویەتی حەقە، وەرن دوای ئایینو ڕەوشتی ئیبراهیم بكەون كە لە بتپەرستی لایداو ڕووی كردە خوداپەرستیو ، هەرگیز لەوانە نەبوو هاوڕێ بۆ خودا بڕیار بدات .

إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِي بِبَكَّةَ مُبَارَكًا وَهُدًى لِّلْعَالَمِينَ{٩٦}

بێ گومان یەكەم خانوویێ دروست كرابێ بۆ خوداپەرستی ئەو خانووەیە كە لە شاری مەككەدایە كە خانوویەكی پیرۆزەو هۆی شارەزایی هەموو ئینسانێكە چونكە قیبلەو شوێنی عیبادەتیانە .

فِيهِ آيَاتٌ بَيِّنَاتٌ مَّقَامُ إِبْرَاهِيمَ وَمَن دَخَلَهُ كَانَ آمِنًا وَلِلّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلاً وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ الله غَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ {٩٧}

لەو خانووە پیرۆزەدا چەند نیشانەیەكی ڕووناك هەن دەلالەت لە پایەی لای خودا ئەكەن . یەكێ لەو نیشانانە مەقامی ئیبراهیمە ، ئەو شوێنەی كە ئیبراهیم لەسەری ڕاوەستاوە لە كاتی دروستكردنیدا. هەركەس بە ئیمانو بیروباوەڕی ئیسلامەتییەوە بچێتە ئەو ماڵە ، ئەوە لە دنیاو قیامەتدا ئەمین ئەبێ . هەروەها واجبە لەسەر خەڵك ئەوی توانی هەیەو ئەتوانێ بیگاتێ ، زیارەتی بكات . ئیتر هەركەس كافر بێو حەج نەكا ئەوە خودا لە عیبادەتی خەڵك بێنیازەو موحتاجی كەس نییە ، ئەوەی خوداپەرستی بكات

بۆ خۆی ئەکات .

قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللّهِ وَاللّهُ شَـــهِيدٌ عَلَى مَا تَعْمَلُونَ {٩٨}

بلّیّ : ئـەی کیتابییـەکان بۆچـی بـاوەڕ ناکـەن بـەو هـەمووە دەلیلانە کە دەلالەت ئەکەن لە سەر ڕاستگۆیی پێغەمبەرو ڕاستیی ئایینەکەی ؟ بۆ کافر ئەبن کە خودا ئاگای لە هەموو کردوەیەکتانـەو هیچی لیّ ونابیّ .

قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللّهِ مَنْ آمَـــنَ تَبْغُونَهَا عِوَجًا وَأَنتُـــمْ شُـــهَدَاءُ وَمَـــا اللّـــهُ بِغَـــافِلٍ عَمَّـــا تَعْمَلُونَ{٩٩}

بلّیّ : ئەی کیتابییـەکان بۆچـی ڕێگـا لـە موسـوڵمانان ئـەگرن و ئاژاوەیان لەنێوانا ئەنێنـەوە ، ئەتانـەویّ ڕیگـا لارو لـە ئیسـلام دوور بیّ؟ خۆ ئێوە خۆتان ئەزانن ئەم ئایینە ڕاستەو موسـوڵمانان ڕێگـای ڕاستیان گرتووە . خوا هەرگیز بیّ ئاگا نی‌یـە لـە کردارتـان و ئـەزانیّ چی ئەکەن .

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوَاْ إِن تُطِيعُواْ فَرِيقًا مِّنَ الَّذِينَ أُوتُـــواْ الْكِتَابَ يَرُدُّوكُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ كَافِرِينَ {١٠٠}

ئەی موسـوڵمانینە ! ئەگـەر بـەگوێی تاقمـیّ لەوانـە بکـەن کـە ئەهلی کیتابن و قسەیان بە ڕاست بزانـن هەڵتانئەگێڕنـەوە بـۆ کـافری پـاش ئـەوەی کـە خـودا هیدایـەتی دان و موسـوڵمان بـوون ، نەکـەن بەگوێیان بکەن ، ئەو تاقمە دوژمنی ئایینتانن .

وَكَيْفَ تَكْفُرُونَ وَأَنتُمْ تُتْلَى عَلَيْكُمْ آيَاتُ اللّهِ وَفِيكُمْ رَسُولُهُ وَمَن يَعْتَصِم بِاللّهِ فَقَدْ هُدِيَ إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ{١٠١}

ئێوه چۆن كافر ئەبن كە ئايەتەكانى خوداتان بەسەردا ئەخوێنرێنەوەو پێغەمبەرى خودا لەناوتانايەو هەمووكات ئامۆژگاريتان ئەكات ؟ هەركەس دەست بە فەرمانى خوداوە بگرێو پشت بە خودا ببەستێ ئەوە هيدايەت دراوە بۆ ڕێگاى ڕاست .

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ {١٠٢}

ئەى خاوەن ئيمانەكان بە ڕاستى لە خودا بترسن ، ترسێكى ڕاستەقينە كە شايانى گەورەيىو بەدەسەلاٌتيى خودا بێو ، هەولٌ بدەنو تێكۆشن كە لەسەر ئايينى پاكى ئيسلام نەبێ نەمرن .

وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعًا وَلاَ تَفَرَّقُواْ وَاذْكُرُواْ نِعْمَةَ اللّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَاءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا وَكُنتُمْ عَلَىَ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ النَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ {١٠٣}

هەمووتان دەست بە دينى ئيسلامەوە بگرن تا لە كەوتنو هەڵديْران ڕزگار بن . مەبن لە ناو خۆتانا وەك ئەهلى كيتاب لەناو خۆيانا بوون بە تاقم تاقم . يا مەبەست ئەوەيە وەك سەردەمى جاهيلييەت مەمێننەوە كە بەگژى يەكترا ئەچوون . بيرى ئەو نيعمەتە بكەنەوە كەخودا ڕژاندى بەسەرتاناو ئەوەبوو ئێوە لەناو

خۆتانا دوژمن بوون‌و ماوه‌یێکی دوورو درێژ له‌ یه‌کترتان ئه‌کوشت. ئه‌نجا خودا به‌هۆی نیعمه‌تی ئیسلامی پیرۆزه‌وه‌ ئاشتی کردنه‌وه‌و له‌ناو خۆتانا بوون به‌ برای یه‌کتر . ئێوه‌ له‌سه‌ر لێواری چاڵی ئاگری دۆزه‌خ بوون‌و ئه‌گه‌ر دینی ئیسلام فریاتان نه‌که‌وتایه‌و ئیسلام نه‌بوونایه‌ له‌وانه‌ بوو تێبکه‌ون . خودا هیدایه‌تی دان‌و ڕزگاری کردن له‌و ئاگره‌ . خودا به‌م‌جۆره‌ ئایه‌ته‌کانتان بۆ ڕوون ئه‌کاته‌وه‌ تا زیاتر شاره‌زا بن‌و ڕێگای ڕاستی ئایینی ئیسلامی پیرۆز به‌رنه‌ده‌ن .

وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ{١٠٤}

با به‌رده‌وام له‌ناو ئێوه‌دا کۆمه‌ڵێ هه‌بن ئه‌مر به‌ چاکه‌و نه‌هی له‌ خراپه‌ بکه‌ن‌و ئامۆژگاری خه‌ڵك بکه‌ن‌و ڕێی ڕاستیان پیشان بده‌ن . ئه‌م جۆره‌ که‌سانه‌ن له‌ هه‌موو که‌س چاکترو سه‌رکه‌وتووترن .

وَلاَ تَكُونُواْ كَالَّذِينَ تَفَرَّقُواْ وَاخْتَلَفُواْ مِن بَعْدِ مَا جَاءهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُوْلَـئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ {١٠٥}

ئه‌ی موسوڵمانه‌کان ! ئێوه‌ وه‌ك ئه‌و کیتابییانه‌ مه‌بن که‌ سه‌باره‌ت به‌ خودا به‌ یه‌ك زانین‌و ئه‌حواڵی ڕۆژی قیامه‌ت جیاوازییان که‌وته‌ به‌ین پاش ئه‌وه‌ی که‌ ئایه‌تیان بۆ هات‌و ڕێگای ڕاستیان پیشان دراو پێغه‌مبه‌ران ئامۆژگارییان ئه‌کردن ! ئه‌وانه‌ سزایه‌کی گه‌وره‌ ئه‌درێن .

يَوْمَ تَبْيَضُّ وُجُوهٌ وَتَسْوَدُّ وُجُوهٌ فَأَمَّا الَّذِينَ اسْوَدَّتْ وُجُوهُهُمْ أَكْفَرْتُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ فَذُوقُواْ الْعَذَابَ بِمَا كُنْتُمْ

تَكْفُرُونَ{١٠٦}

بیر لەو ڕۆژە سامناکە بکەرەوە کە هەندێ ڕوخسار سپی ئەبێ‌و هەندێکیش ڕەش ! هەندێکیان ڕووگەش‌و هەندێکی‌تر ڕوودرژو مۆن‌و خەفەتبارن . ئەوانەیان کە ڕوویان ڕەشەو خەجاڵەتی دەرگای خودان پێیان ئەوترێ بۆچی پاش ئەوەی ئیمانتان هێنا لە دین وەرگەڕانەوەو کافر بوون ؟ دەی ئەمڕۆ سزا بچێژن بەهۆی تاوانی هەرەگەورەتانەوە کە کافربوونتانە .

وَأَمَّا الَّذِينَ ابْيَضَّتْ وُجُوهُهُمْ فَفِي رَحْمَةِ اللّهِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ{١٠٧}

ئەوانەیشیان کە ڕوویان سپییەو ناوچاوانیان گەشە ئەوانە ئەو ڕۆژە لەناو نازو نیعمەتی خودادان‌و هەتا هەتایە تیایا ئەمێننەوە .

تِلْكَ آيَاتُ اللّهِ نَتْلُوهَا عَلَيْكَ بِالْحَقِّ وَمَا اللّهُ يُرِيدُ ظُلْمًا لِّلْعَالَمِينَ{١٠٨}

ئەمانە ئایەتی خودان ئەیانخوێنینەوە بەسەرتا . بەڕاستی خودا هەرگیز نایەوێ ستەم لە عالەم بکات .

وَلِلّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ وَإِلَى اللّهِ تُرْجَعُ الأُمُورُ{١٠٩}

هەرچی لە ئەرزو ئاسماندایە هەمووی موڵکی خودایەو سەرئەنجامی هەموو کاروبارو هەموو شتێك هەر لای خودایە .

كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَلَوْ آمَنَ أَهْلُ الْكِتَابِ

لَكَانَ خَيْرًا لَّهُم مِّنْهُمُ الْمُؤْمِنُونَ وَأَكْثَرُهُمُ الْفَاسِقُونَ {١١٠}

ئێوه ئەی ئوممەتی موحەممەد ! چاكترینی ئەو ئوممەتانەن كە بۆ خەڵك دەركەوتوون‌و كراونەتە ئوممەتی پێغەمبەران ، چونكە ئێوە ئوممەتێكن ئەمر ئەكەن بە چاكەو نەهی ئەكەن لە خراپەو شارەزایی خەڵك ئەكەن‌و بەڕاستی ئیمانتان بە خودا هەیە . ئەگەر كیتابییەكان بەڕاستی ئیمانیان بهێنایە چاكتر ئەبوو بۆیان بەڵام بەشی زۆریان لە ڕێگای دین لایانداوەو كافرن .

لَن يَضُرُّوكُمْ إِلاَّ أَذًى وَإِن يُقَاتِلُوكُمْ يُوَلُّوكُمُ الأَدُبَارَ ثُمَّ لاَ يُنصَرُونَ{١١١}

ئەو كیتابییانە ناتوانن زیانتان پێبگەیەنن بە مەنعی بڵاوكردنەوەی دین ئەوە نەبێ كە ئازاری دڵتان ئەدەن . ئەگەر شەڕیشتان لەگەڵ بكەن ناتوانن لەڕووتانا بوەستن . بەڵكو پشت هەڵئەكەن‌و لە مەیدانی جەنگا ڕائەكەن . پاش ئەوەیش هەرگیز یارمەتی نادرێن.

ضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ الذِّلَّةُ أَيْنَ مَا ثُقِفُواْ إِلاَّ بِحَبْلٍ مِّنْ اللّهِ وَحَبْلٍ مِّنَ النَّاسِ وَبَآؤُوا بِغَضَبٍ مِّنَ اللّهِ وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ الْمَسْكَنَةُ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانُواْ يَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللّهِ وَيَقْتُلُونَ الأَنبِيَاء بِغَيْرِ حَقٍّ ذَلِكَ بِمَا عَصَوا وَّكَانُواْ يَعْتَدُونَ {١١٢}

ئەم كیتابییانە لە هەر شوێنێ بن‌و لە هەرلایێ دەركەون كزی‌و سووكی دراوە بەسەریاندا وەك خێوەت ، ئیللا بەهۆی پەیمانی سەلامەتییەوە نەبێ كە جیزیەدانە كە لە زەمانی پێغەمبەرەوە

(د.خ) بووه تا ماوەیەكی زۆر . یا بەهۆی پشتگیری دەستەلاتداران وەك ئەمڕۆ چۆن دەوڵەتەكانی ئورووپاو ئەمریكاو شوێنەكانی‌تر یارمەتییان ئەدەن‌و ئەیانپارێزن . یا مەبەست ئەوەیە كە زەلیل‌و كز ئەبن مەگەر دەست بگرن بە ئایینی خوداو بە پەیمانی موسوڵمانانەوە . ئەم سووكییەش لەبەرئەوەیە كە ئینكاری ئایەتەكانی خودایان ئەكردو كافر بوون‌و بە ناحەق پێغەمبەرانیان ئەكوشت‌و ئازاریان ئەدان‌و ، بەدكارو تاوانبارو دەستدرێژ بوون .

لَيْسُواْ سَوَاءً مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ أُمَّةٌ قَآئِمَةٌ يَتْلُونَ آيَاتِ اللّهِ آنَاءَ اللَّيْلِ وَهُمْ يَسْجُدُونَ {١١٣}

كیتابییەكان هەموو وەك یەك نین . هی وایان هەیە ڕێكن‌و ڕێگای ڕاستیان گرتوەتەبەرو شەونخونی ئەكێشن بۆ خودا پەرستی‌و ئایەتی خوای تیا ئەخوێننەوەو سوجدە بۆ خودا ئەبەن‌و نوێژ ئەكەن.

يُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَأُوْلَـئِكَ مِنَ الصَّالِحِينَ{١١٤}

ئەو كیتابییە چاكانە باوەڕیان بە خوداو بە ڕۆژی جەزا هەیەو ئەمر ئەكەن بە چاكەو نەهی ئەكەن لە خراپەو ، لە كاری خێرو چاكەدا پێشدەستی ئەكەن‌و زوو بەدەمیەوە ئەڕۆن . ئەوانە لە زومرەی پیاوچاكان‌و خوداپەرستانن .

وَمَا يَفْعَلُواْ مِنْ خَيْرٍ فَلَن يُكْفَرُوْهُ وَاللّهُ عَلِيمٌ

بِالْمُتَّقِينَ{١١٥}

ئەمانــە هــەر چاكــەیێ بكــەن ئینكــار نــاكرێو نادرێتــەوە بەسەریانداو پاداشی شایانی لەسەر وەرئەگرن .

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ لَن تُغْنِيَ عَنْهُمْ أَمْوَالُهُمْ وَلاَ أَوْلاَدُهُــم مِّنَ اللّــهِ شَيْئًا وَأُوْلَــئِكَ أَصْحَــابُ النَّــارِ هُــمْ فِيــهَا خَالِدُونَ{١١٦}

بێگومـان ئەوانـەی ڕێگـای كوفریـان پەســەند كـردو ئیســلام نەبوون هەرچی دارایی‌و ماڵو منالّیان هەیە سوودیان پێناگەیێنن لــە قیامەتداو فریایان ناكەون ، بەڵكو ئەوانە هاوڕێی هەمیشـەیی ئـاگری دۆزەخن‌و هەتا هەتایە تیایا ئەمێننەوە .

مَثَلُ مَا يُنفِقُونَ فِي هِــذِهِ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا كَمَثَلِ رِيحٍ فِيــهَا صِرٌّ أَصَابَتْ حَرْثَ قَوْمٍ ظَلَمُواْ أَنفُسَهُمْ فَأَهْلَكَتْهُ وَمَا ظَلَمَــهُمُ اللّهُ وَلَــكِنْ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ{١١٧}

ئەوەی كافرەكان‌و منافقەكان لەم دنیایەدا بـۆ ڕیـاو خۆبـەچاك پیشاندان‌و شانازیكردن سەرفی ئەكەن ، هیچ سوودێكی نی‌یە بۆیان . ئەو سەرفكراوە وكو بایەكە سەرماو سۆڵەیێكی تیژی تێدا بێ‌و بدا لە كشتوكاڵی قەومێك كە بـە كوفـرو لـە دیـن لادان زوڵمیـان لـە خۆیـان كردبێ‌و ، ئەو كشتوكاڵەیان بەرباد بكات‌و لەناوی بەرێت ، ئەم كافرو منافقانە خـودا هـەرگیز زوڵمـی لێ نـەكردوون ، خۆیـان سـتەمیان لـە خۆیان كردووە بەهۆی ئەو ڕێگا خراپەوە كەوا گرتوویانەتە بەر .

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَتَّخِذُواْ بِطَانَةً مِّن دُونِكُمْ لاَ يَأْلُونَكُمْ خَبَالاً وَدُّواْ مَا عَنِتُّمْ قَدْ بَدَتِ الْبَغْضَاء مِنْ أَفْوَاهِهِمْ وَمَا تُخْفِي صُدُورُهُمْ أَكْبَرُ قَدْ بَيَّنَّا لَكُمُ الآيَاتِ إِن كُنتُمْ تَعْقِلُونَ{١١٨}

ئەی خاوەن ئیمانەکان ! بێجگە لە خۆتان ، واتە : موسوڵمانەکان ، دۆستیوا مەگرن قسەی نهێنییان لا بکەن‌و ڕازی دڵی خۆتانیان لا بدرکێنن . ئەوانە کۆتایی ناکەن لە بەدناوکردنتان‌و تێکدانتان‌و حەزئەکەن ئێوە تووشی زیان ببن‌و بفەوتێن ، ئەوانە ڕق‌و کینەیان لە قسەو گوفتاریانا دەرئەکەوێ‌و ناتوانن بیشارنەوە ! بەڵام ئەو ڕق‌و کینەو دوژمنایەتییەی لە دڵیاندایە زۆرترە . وا ئێمە ئەم ئایەتەمان دەربارەی پێویستی دۆستایەتیی موسوڵمانان‌و دوژمنایەتیی کافران بۆ ڕوون کردنەوە ئەگەر ئێوە زیرەك بن‌و تێیبگەن .

هَاأَنتُمْ أُوْلاء تُحِبُّونَهُمْ وَلاَ يُحِبُّونَكُمْ وَتُؤْمِنُونَ بِالْكِتَابِ كُلِّهِ وَإِذَا لَقُوكُمْ قَالُواْ آمَنَّا وَإِذَا خَلَوْاْ عَضُّواْ عَلَيْكُمُ الأَنَامِلَ مِنَ الْغَيْظِ قُلْ مُوتُواْ بِغَيْظِكُمْ إِنَّ اللّهَ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ{١١٩}

ئەوەتە ئێوە ، کە بەهەڵەدا چوون لە دۆستایەتیی کافراندا ، ئەوانتان خۆش ئەوێ کەچی ئەوان هیچ ئێوەیان خۆش ناوێ . ئێوە ئیمانتان بە هەموو کتێبێکی خودایی هەیە ، هی خۆتان‌و هی ئەوان‌و پێش ئەوانیش ، کەچی ئەوان ئیمانیان بە قورئانەکەی ئێوە نییە ، بەڵکو پێیان ناخۆشە ئێوە ئیمانتان بە کتێبەکەی ئەوانیش هەیە !

که له ڕێگەوبانا یا له دانیشتنا پێتان ئەگەن بە منافقیو دووڕوویی ئەڵێن ئیمانمان هێناوە کەچی کە لەناو خۆیانا کۆئەبنەوە لەڕقانا پەنجەی خۆیان ئەگەزن کە ناتوانن تۆڵەتان لێ بستێنن . بڵێ پێیان دەسا بەو ڕقو کینەو داخەوە بمرن. خودا ئاگادارە ئەزانێ چ ڕقێ لە دەروونتانا پەنگی خواردوەتەوە .

إِن تَمْسَسْكُمْ حَسَنَةٌ تَسُؤْهُمْ وَإِن تُصِبْكُمْ سَيِّئَةٌ يَفْرَحُواْ بِهَا وَإِن تَصْبِرُواْ وَتَتَّقُواْ لاَ يَضُرُّكُمْ كَيْدُهُمْ شَيْئًا إِنَّ اللّهَ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ{١٢٠}

ئەگەر بەشو بارەیێکی باشتان دەستکەوێ پێیان ناخۆشە ، بەڵام ئەگەر زیانێکتان پێ بگا پێی دڵخۆش ئەبنو ئەگەشێنەوە ! ئێوە ئەگەر خۆتان بگرنو لە خودا بترسن ئەوان بە فێڵو پیلان ناتوانن زیانتان پێ بگەیێنن . بێگومان خودا ئاگای لەهەموو کارێکیان هەیەو تۆڵەیان لێ ئەسێنێتەوە .

وَإِذْ غَدَوْتَ مِنْ أَهْلِكَ تُبَوِّىءُ الْمُؤْمِنِينَ مَقَاعِدَ لِلْقِتَالِ وَاللّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ {١٢١}

بیری ئەوە بکەرەوە کە چۆن لە سەرەتای غەزای ئوحوددا سەرلەبەیانی لە ماڵ دەرچوویت ، جێگات بۆ موسوڵمانان ئامادە ئەکردو ڕێوشوێنی جەنگت پێشان ئەدان . خودا شنەوایەو زانایەو ئاگای لە هەمووشت هەیە

إِذْ هَمَّت طَّآئِفَتَانِ مِنكُمْ أَن تَفْشَلاَ وَاللّهُ وَلِيُّهُمَا وَعَلَى اللّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ {١٢٢}

ئا لەوکاتەدا کە دوو تاقم لە ئێوە ، بەنووسەلەمەی خەزرەجو

بەنووحاریشـــەی ئەوس خـەتـەرەی ئەوە ئەهـات بەدڵیانا کـەبیٚهێزی پیشـــان دەن و بترســـن و ئـــەوەندەی نـــەمابوو دوای جەماعـــەتی ئیبنوئوبەی بکەون و هەڵێن . بەلاٚم خودا لـەو خەتەرەیە پاراسـتنیو لەجەنگدا بەردەوام بوون . ئـەبیٚ موسـوڵمانان هـەر پشـت بـە خـودا ببەستن و داوای یارمەتیو سەرکەوتن تەنها لەو بکەن .

وَلَقَدْ نَصَرَكُمُ اللّهُ بِبَدْرٍ وَأَنتُمْ أَذِلَّةٌ فَاتَّقُواْ اللّـــهَ لَعَلَّكُـمْ تَشْكُرُونَ{١٢٣}

خودا لە مەعرەکەی بەدردا یارمەتیدان و سەری خستن بەسـەر دوژمندا ئەگەرچی ئێوە لەو ڕۆژەدا بیٚحالٚ بوون و ژمارەتان کەم بوو تفاقی جەنگتان کۆك نەبوو . سا لەخودا بترســن بـەڵکو ئـەو لـەخودا ترسانە ببێتە شوکری ئەو نیعمەتی سەرکەوتنە گەورەیە .

إِذْ تَقُولُ لِلْمُؤْمِنِينَ أَلَن يَكْفِيكُمْ أَن يُمِدَّكُمْ رَبُّكُم بِثَلاَثَـــةِ آلاَفٍ مِّنَ الْمَلآئِكَةِ مُنزَلِينَ {١٢٤}

کـە لـەو مەعرەکـەی بـەدرەدا خـــودا یارمـــەتیدان و تـــۆ ئـــەی موحەممەد ئەتوت بە موسوڵمانە جەنگاوەرەکان ئایا ئەوەتان بەس نییە کە خودا یارمەتیتان بدا بـە سیٚهەزار مەلائیکـەی نـازلٚکـراو ؟ مەبەست ئەوەیە بەڵیٚ بەسە.

بَلَى إِن تَصْبِرُواْ وَتَتَّقُواْ وَيَأْتُوكُم مِّن فَوْرِهِـــمْ هَـــذَا يُمْدِدْكُمْ رَبُّكُم بِخَمْسَةِ آلافٍ مِّنَ الْمَلآئِكَةِ مُسَوِّمِينَ {١٢٥}

نەخەیر بەسـتانەو، ئەگـەر خۆگـر بـن لـە ڕێگـای خـوداداو لێـی بترسن و کافرەکان ئائیستە بگەڕێنەوەو بدەن بەسەرتانداو تەنگاوتان بکەن ، خودا یارمـــەتیتان ئـەدات و پێنـج هـەزار فریشـتە ئـەنێریٚ بـۆ

یارمەتیتان کە خۆیان یا ئەسپەکانیان نیشانەدارن ، یامەبەست ئەوەیە ئەو دەستەی ئەیوەشێنن لە کافرەکان دیارییەو نیشانەی دیارە . شایانی باسە ئەم پێنج ئایەتە دوابەدوای ئوحود نازڵ بوون و باس باسی ئوحودەو ، بۆ دڵنیاکردنی موسوڵمانەکان و دووپات کردنەوەی یارمەتیدانیانە لەلایەن خوداوە .

وَمَا جَعَلَهُ اللّهُ إِلاَّ بُشْرَى لَكُمْ وَلِتَطْمَئِنَّ قُلُوبُكُم بِهِ وَمَا النَّصْرُ إِلاَّ مِنْ عِندِ اللّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ {١٢٦}

ئەم یارمەتیدان و فریشتەناردنە موژدەیە بۆ ئێوەو دڵنیایی کردنتانە . یارمەتی و سەرکەوتن هەر لە خودای بەدەستەڵاتی خاوەن حیکمەتەوەیە.

لِيَقْطَعَ طَرَفًا مِّنَ الَّذِينَ كَفَرُواْ أَوْ يَكْبِتَهُمْ فَيَنقَلِبُواْ خَآئِبِينَ{١٢٧}

ئەم یارمەتیدانەیشتان بۆ ئەوەیە خودا لە کۆمەڵی ئەو کافرانە کەم بکاتەوە بە کوشتن و بەدیل کردن و بۆئەوەیە زەبوون و داخ لەدڵیان بکات و بە نائومێدیو سەرشۆڕی بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان .

لَيْسَ لَكَ مِنَ الأَمْرِ شَيْءٌ أَوْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ أَوْ يُعَذَّبَهُمْ فَإِنَّهُمْ ظَالِمُونَ {١٢٨}

لە کاروباری ئەم کافرانەدا تۆ دەستەڵاتت نییەو ، بەدەستی خودایە ، ئەگەر بیەوێ پاش ئیسلام بوونیان تەوبەیان لێ قبووڵ بکات و لێیان خۆش ببێ ، یا سزایان بدات ئەگەر لەسەر کافریی خۆیان سوور بن و لە ڕێی گومڕاهی لانەدەن . بێگومان ئەمانە ستەمکارن .

وَلِلّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ يَغْفِرُ لِمَن يَشَاءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَاءُ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ {١٢٩}

هەرچی لە ئاسمان و ئەرزایە هەمووی موڵکی خودایەو لەژێر دەستی ئەودایە ، ئەوەی مەیلی لێ بێ لێی ئەبووریێو لە تاوانی خۆش ئەبێ و ئەوەیشی بیەوێ سزای ئەدا . خودا گوناهپۆش و میهرەبانە .

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَأْكُلُواْ الرِّبَا أَضْعَافاً مُّضَاعَفَةً وَاتَّقُواْ اللّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ {١٣٠}

ئەی خاوەن ئیمانەکان ! سوود مەخۆن لە مامەڵەتانا بە چەند قات ، لە خودا بترسن بەڵکو لە تۆڵەو سزای ڕۆژی قیامەت ڕزگار بن.
کافرەکان هی وایان هەبوو پارەی ئەدا بە سوود بۆ ماوەیەك و پاشان زیادی ئەکرد تا وای لێ ئەهات بە پارەیێکی کەمماڵی قەزارە کە هەمووی تیائەچوو!

وَاتَّقُواْ النَّارَ الَّتِي أُعِدَّتْ لِلْكَافِرِينَ {١٣١}

خۆتان بپارێزن لە سزای ئەو ئاگرەی بۆ کافران ئامادە کراوە .

وَأَطِيعُواْ اللّهَ وَالرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ {١٣٢}

بەگوێی خوداو پێغەمبەری خودا بکەن و لە فەرمانیان دەرمەچن بەڵکو خودا بە میهرەبانیی خۆی ڕەحمتان پێبکات .

وَسَارِعُواْ إِلَى مَغْفِرَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا السَّمَاوَاتُ وَالأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ {١٣٣}

ئەی موسوڵمانینە ! پێشدەستی بکەن‌و بەپەلە کردەوەی باش بکەن‌و زوو دەس بدەنە کاری خێر . ئەو بەهەشتە دەست خۆتان بخەن کە زۆر گەورەو بەر بڵاوەو بەقەدەر ئەرزو ئاسمانەکانەو ئامادە کراوە بۆ ئەوانەی لە خودای خۆیان ئەترسن‌و نزیکی گوناه و نافەرمانیی خودا ناکەونەوە .

الَّذِينَ يُنفِقُونَ فِي السَّرَّاءِ وَالضَّرَّاءِ وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ وَاللّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ {١٣٤}

ئەو لەخوداترسانەی کە لە خۆشی‌و ناخۆشیدا ماڵی خۆیان لەپێناوی خودای خۆیانا سەرف ئەکەن‌و لە کاتی تووڕەبوونا ڕقی خۆیان ئەخۆنەوەو ئەوانەی تاوانیان بەرانبەر کردوون چاوپۆشییان لێ ئەکەن‌و لێیان ئەبوورن . بێ‌گومان خودا چاکەکەرانی خۆش ئەوێ.

وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُواْ فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُواْ أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُواْ اللّهَ فَاسْتَغْفَرُواْ لِذُنُوبِهِمْ وَمَن يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلاَّ اللّهُ وَلَمْ يُصِرُّواْ عَلَى مَا فَعَلُواْ وَهُمْ يَعْلَمُونَ {١٣٥}

ئەوانەی هەرکاتێ تاوانێکی ناڕەوایان کرد یا ستەمیان لە خۆیان کرد بە گوناهێکی‌تر . بیری گەورەیی خودا ئەکەنەوەو داوای لێخۆشبوونی لێ ئەکەن‌و پەشیمان ئەبنەوە لەو تاوان‌و ستەمە . کێیش ئەتوانێ گوناه بپوشێ لە خودا بەولاوە. هەروەها بەردەوام نابن لەسەر ئەو گوناهەی کردوویانەو ئەزانن ئەو کارەی کردوویانە تاوانەو مایەی سزایە .

أُوْلَـئِكَ جَزَآؤُهُم مَّغْفِرَةٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَجَنَّاتٌ تَجْرِي مِن

تحتِهَا الأنهار خالدِين فيها ونعم أجرُ العَاملِين {١٣٦}

پاداشی ئەمانە لێخۆشبوونە لەلایەن خوداوەو چەند باغێکە لە بەهەشتا کە جۆگای ئاوی سازگار بەناویانا ئەڕوات . ئەمانە لەو بەهەشتو باغانەدا هەتا هەتایە ئەمێننەوە . بەخ بەخ لەو پاداشو دوارۆژەی خودا بە چاکەکەرانی ئەبەخشێ .

قَدْ خلت من قبلكمْ سنن فسيروا في الأرضِ فانظروا كيْفَ كَانَ عاقبةُ المُكذِبين {١٣٧}

بێگومان لەپێش ئێوەدا گەلێ ڕووداو قەوماوەو گەلێ تۆڵەی تیژ لەو کۆمەڵانە سەنراوە کە پێغەمبەرانیان بە درۆخستوەتەوەو ئیمانیان پێ نەهێناون . بڕۆن بگەڕێنو بە وردی سەیر بکەن تا بۆتان دەرکەوێ ئەنجامی ئەو کافرو بەدکارانە چۆن بوو ؟

هَـذَا بَيَانٌ لِّلنَّاسِ وَهُدًى وَمَوْعِظَةٌ لِّلْمُتَّقِينَ {١٣٨}

ئەمەی کە بۆم باسکردن ڕوونکردنەوەیە بۆ خەڵکو ڕێ پیشاندانەو پەندو دەرسە بۆ ئەوانەی خۆیان لە گوناه ئەپارێزن .

وَلاَ تَهِنُوا وَلاَ تَحْزَنُوا وَأَنتُمُ الأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ{١٣٩}

سستو بێهێز مەبن . زویرو خەمبار مەبن . ئێوەن کە لە خەڵکیتر بەرزترن ئەگەر ئیمانتان بە خوداو بە پێغەمبەر ببێو دڵنیا بن کەوا سەرکەوتن لە خوداوەیە.

إِن يَمْسَسْكُمْ قَرْحٌ فَقَدْ مَسَّ الْقَوْمَ قَرْحٌ مِّثْلُهُ وَتِلْكَ الأيَّامُ

نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ وَيَتَّخِذَ مِنكُمْ شُهَدَاء وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ الظَّالِمِينَ {١٤٠}

ئەگەر ئێوە لە مەعرەکەی ئوحوددا تووشی ئازار بوون کافرەکانیش لە ڕۆژی بەدردا تووشی ئازاری وەها بوون ، لێیان کوژراو لێیان بەدیل گیرا . ئەوان بۆ ترسنۆکییان پێشان نەداو کزی رووی تێنەکردن‌و خۆیان ئامادە کردەوە بۆ هەرای ئوحود ؟ ئەبێ ئێوە زیاتر چاونەترس بن . ئێوە موسوڵمانن‌و ئەوان کافر . ئەمە ڕۆژگارەو دەستاودەستی پێ ئەکەین . ئەمڕۆ ئەم کۆمەڵە سەرئەکەون‌و سبەی کۆمەڵێکی‌تر تا دەرکەوێ ، وەك خودا ئەیزانێ ، کێ باوەڕی ڕاستەقینەی بە خودا هەیەو کێ نی‌یەتی ، هەروەها تا هەندێکتان بە پایەی شەهیدی بگەن لە ڕێگای خودادا ، یا تا شاهیدی عادڵتان تیا دەرکەوێ بەهۆی خۆگری‌و نەترسانەوە لە ڕۆژی سەخت‌و دژواردا . خودا هەرگیز ستەمکارانی خۆش‌ناوێ .

وَلِيُمَحِّصَ اللّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ وَيَمْحَقَ الْكَافِرِينَ {١٤١}

هەروەها تا خودا بەو ئازاردانە خاوەن ئیمانەکان لە گوناه پاك‌و خاوێن بکاتەوەو کافرەکان لەناوبەرێت .

أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُواْ الْجَنَّةَ وَلَمَّا يَعْلَمِ اللّهُ الَّذِينَ جَاهَدُواْ مِنكُمْ وَيَعْلَمَ الصَّابِرِينَ {١٤٢}

یا گومانتان وابوو هەروەها بەخۆڕایی ئەچنە بەهەشت کە هێشتا لە ڕێگەی خوادا جیهادتان نەکردووەو سەبرو خۆگریتان پیشان نەداوە ؟.

وَلَقَدْ كُنتُمْ تَمَنَّوْنَ الْمَوْتَ مِن قَبْلِ أَن تَلْقَوْهُ فَقَدْ رَأَيْتُمُوهُ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ {١٤٣}

خۆ ئێوه ئاواتەخوازی جەنگو مەرگ بوون لە ڕێگای خوادا پێش ئەوەی پێی‌بگەن ، ئەوا دیتانو چاك زانیتان جەنگ خۆگری ئەوی‌ۆ جیهاد کارێکی ئاسان نی‌یه.

وَمَا مُحَمَّدٌ إِلاَّ رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ الرُّسُلُ أَفَإِن مَّاتَ أَوْ قُتِلَ انقَلَبْتُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ وَمَن يَنقَلِبْ عَلَىَ عَقِبَيْهِ فَلَن يَضُرَّ اللّهَ شَيْئًا وَسَيَجْزِي اللّهُ الشَّاكِرِينَ {١٤٤}

موحەممەدیش لە پێغەمبەرێك بەولاوە نی‌یە لەو پێغەمبەرانەی پێش ئەو هاتن کە یا کوژران یا بە عادەتی مردن . ئایا ئەبێ ئەگەر ئەمیش بە عادەتی مرد یا کوژرا ئێوە پاشەوپاش بگەڕێنە دواوەو لە دین وەرگەڕێن ؟ بێگومان هەرکەس هەڵگەڕێتەوەو هەڵبێ زیان بە خودای گەورە ناگەیێنێ . خودا پاداشی شایانی ئەوانە ئەداتەوە کە شوکری ئەکەن لەسەر نیعمەتی ئیسلامو لەسەری ئەمێننو خۆگر ئەبن .

وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَنْ تَمُوتَ إِلاَّ بِإِذْنِ الله كِتَابًا مُّؤَجَّلاً وَمَن يُرِدْ ثَوَابَ الدُّنْيَا نُؤْتِهِ مِنْهَا وَمَن يُرِدْ ثَوَابَ الآخِرَةِ نُؤْتِهِ مِنْهَا وَسَنَجْزِي الشَّاكِرِينَ {١٤٥}

مومکین نی‌یە کەسێ بمرێ بە ئیزنی خودا نەبێ . ئەمە بڕیار دراوەو کاتی بۆ دانراوە . جا هەرکەس پاداشی دنیای بوێ بەشی

ئەدەین و ، هەرکەس پاداشی ڕۆژی دوایی بوێ بەشی ئەدەین .
لەمەوپاشیش پاداشی موسوڵمانە شوکرانەبژێرەکان ئە ەینەوە .

وَكَأَيِّن مِّن نَّبِيٍّ قَاتَلَ مَعَهُ رِبِّيُّونَ كَثِيرٌ فَمَا وَهَنُواْ لِمَا أَصَابَهُمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَمَا ضَعُفُواْ وَمَا اسْتَكَانُواْ وَاللّهُ يُحِبُّ الصَّابِرِينَ{١٤٦}

گەلێ پێغەمبەری وا هەبوون زۆر لە پیاوچاکان و لەخوداترسان لەگەڵیان جیهادیان کردوەو بەو ئازارانەی لە ڕێگای خوادا تووشیان ئەبوو سست و بێ هێز نەئەبوون و ، ڕووبەڕووی دوژمن کز نەئەبوون و ملیان بۆیان کەچ نەئەکرد ، بێگومان خودا ئەم جۆرە ئیماندارە خۆگرانەی خۆش ئەوێ .

وَمَا كَانَ قَوْلَهُمْ إِلاَّ أَن قَالُواْ ربَّنَا اغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَإِسْرَافَنَا فِي أَمْرِنَا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ {١٤٧}

ئەوانە لە کاتی مەعرەکەو ناڕەحەتیدا هیچیان نەئەوت ئەوە نەبێ کە لە خودا ئەپاڕانەوەو ئەیانوت : خودایە ! گوناهمان بپۆشەو لەو زیادەڕەوییەی کردوومانە لە کاروبارماندا ببوورەو ، دڵمان دامەزرێنەو بەسەر کافراندا سەرمان بخە .

فَآتَاهُمُ اللّهُ ثَوَابَ الدُّنْيَا وَحُسْنَ ثَوَابِ الآخِرَةِ وَاللّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ {١٤٨}

جا خودا بەرامبەر بەو سەبرو خۆگری و لێپاڕانەوەیە پاداشی چاکەی دانەوە لە دنیاداو ، پاداشێکی جوانترو چاکتریشیان

ئەداتەوە لە دوارۆژداو خوا چاکەکەرانی خۆش ئەوێ .

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِن تُطِيعُواْ الَّذِينَ كَفَرُواْ يَرُدُّوكُم عَلَى أَعْقَابِكُمْ فَتَنقَلِبُواْ خَاسِرِينَ {١٤٩}

ئەی ئەوانەی باوەڕتان بە پێغەمبەر هەیە ئەگەر ئێوە دوای کافرەکان بکەون و بەگوێیان بکەن، ئەوانە پاشەوپاش وەرتان ئەگێڕنەوە بۆ سەر کافرێتی و لە قازانجدارییەوە ئەگەڕێنەوە بۆ زیانباری و ماڵتان وێران ئەبێ .

بَلِ اللّهُ مَوْلاَكُمْ وَهُوَ خَيْرُ النَّاصِرِينَ {١٥٠}

شتی وەها مەکەن . دوای کافران مەکەون ، هەر خودا سەرداروگەورەو پشت و پەناتانەو هەر ئەو چاکترین یاریدەدەرە .

سَنُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُواْ الرُّعْبَ بِمَا أَشْرَكُواْ بِاللّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَمَأْوَاهُمُ النَّارُ وَبِئْسَ مَثْوَى الظَّالِمِينَ{١٥١}

لەمەوپاش بیم و ترس ئەخەینە دڵی ئەوانەوە کە کافرن چونکە شتی وا پڕوپووچیان کردوە بە هاوڕێی خودا کە هیچ دەلیلێکی بۆ دانەنراوە لە لای خوداوە . ئەمانە جێگای دوارۆژیان ئاگرە ، چەند ناخۆش و ناشیرینە دواشوێنی ستەمکاران ؟

وَلَقَدْ صَدَقَكُمُ اللّهُ وَعْدَهُ إِذْ تَحُسُّونَهُم بِإِذْنِهِ حَتَّى إِذَا فَشِلْتُمْ وَتَنَازَعْتُمْ فِي الأَمْرِ وَعَصَيْتُم مِّن بَعْدِ مَا أَرَاكُم مَّا تُحِبُّونَ مِنكُم مَّن يُرِيدُ الدُّنْيَا وَمِنكُم مَّن يُرِيدُ الآخِرَةَ ثُمَّ صَرَفَكُمْ عَنْهُمْ لِيَبْتَلِيَكُمْ وَلَقَدْ عَفَا عَنكُمْ وَاللّهُ ذُو فَضْلٍ عَلَى

بەڕاستی خودا ڕاستی کرد لەگەڵتانا کە بەڵێنی سەرکەوتنی دانیٚ ؛ ئەوەبوو ڕووبەڕووی دوژمنەکانتان وەستانو لێتان کوشتن . تا ئێوە خۆتان تووشی ناکۆکی بوونو نیزاع کەوتە بەینتان ، گوێتان نەدایە ئامۆژگاریی پێغەمبەر . پاش ئەوەی سەرکەوتنتان دی کە پێتان خۆش بوو ، هی واتان هەبوو مالی دنیای ئەویستو ڕووی کردە تالانی . هی وایشتان هەبوو پاداشی دواڕۆژی ئەویستو شوێنی خۆی جیٚنەهێشت . ئەنجا خودا ڕووی وەرچەرخاندن لە دوژمنەکانتانو خەریکی تالانی بوونو ، سەرەنجام ئەوان زاڵ بوون. ئەمەش تاقیکردنەوەیەك بوو بۆ ئێوە تا دەرکەویٚ کیٚ خۆگرەو کیٚ ورەبەرئەدا یا دوای تەماع ئەکەویٚ.خودا خاوەن لوتفو کەرەمە لەگەڵ موسوڵمانان . ئەمە لە غەزای ئوحوددا بوو ، کە لە سەرەتاوە موسوڵمانەکان بەسەر کافرەکاندا سەرکەوتنو ڕاویاننانو جا دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی تالانی . کە هێزە تیروەشێنەکەی ژێردەستی (عبداللـه)ی کوڕی (جبیر) (ر.خ) ئەمەیان دی زۆریان بەگوێی ئامۆژگارییەکەی پێغەمبەریان نەکرد (د.خ) کە پێی فەرمووبوون ئەو شوێنەی تیان بەریٚنەدەنو پشتی شەڕکەرەکان چۆڵ نەکەن ، ئەوەبوو بێجگە (عبداللە) و چەند کەسیٚ بەشی زۆریان ئەو شوێنەیان بەجیٚهێشتو پشتی شەڕکەرەکانیان چۆڵکردو چوون بۆ کۆکردنەوەی تالانی . لەم هەلەدا هەندیٚ لە سوارەی کافرەکان بەمەیان زانیو لەپشتەوە هێرشیان بۆ سەر موسوڵمانەکان هێناو سەرکەوتن : چونکە لەوێوە ئەوەندە تیروەشێن نەمابوون ڕێگایان لیٚ بگرنو ئەوانەیش مابوون لەناوچوونو شەهیدکران . جا لەبەرئەوە لەو موخالەفەو بەگویٚنەکردنە پەشیمان بوونەوەو

تەوبەتان کردو خودا عەفوی کردن ؛ خوا کەرەمی زۆرە لەگەڵ موسوڵمانان و نیعمەتی زۆری بەسەریانەوە هەیە .

إِذْ تُصْعِدُونَ وَلاَ تَلْوُونَ عَلَى أحَدٍ وَالرَّسُولُ يَدْعُوكُمْ فِي أُخْرَاكُمْ فَأَثَابَكُمْ غُمَّاً بِغَمٍّ لِّكَيْلاَ تَحْزَنُواْ عَلَى مَا فَاتَكُمْ وَلاَ مَا أَصَابَكُمْ وَاللّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ {١٥٣}

ئەوکاتە کە ڕۆیشتن و دوورکەوتنەوەو لاتان لە کەس نەئەکردەوە ، پێغەمبەریش لە دواوە بانگی ئەکردن و خۆی و دواکۆمەڵتانی بانگ ئەکردو ئەیوت : بۆ لای من وەرن ئەی موسوڵمانان ؛ هەرکەس هێرش بەرێ بەهەشت مسۆگەر ئەکات ، جا لەبەرئەوەی دڵی پێغەمبەرتان عاجز کردو بەگوێتان نەکرد خوایش دڵی ئێوەی عاجز کردو لە مەعرەکەکەدا شکان ، تا لەسەر ئەوە ڕا بێن کە بۆ لەکیس چوونی قازانج غەم نەخۆن و بەو زیانەی تووشتان بوو زویر نەبن و ، لە جیهاددا قاڵ ببن و بە گوێی ئامۆژگاریی پێغەمبەر بکەن . خودا ئاگای لە کردەوەو نیازتانە .

ثُمَّ أَنزَلَ عَلَيْكُم مِّن بَعْدِ الْغَمِّ أَمَنَةً نُّعَاساً يَغْشَى طَآئِفَةً مِّنكُمْ وَطَآئِفَةٌ قَدْ أَهَمَّتْهُمْ أَنفُسُهُمْ يَظُنُّونَ بِاللّهِ غَيْرَ الْحَقِّ ظَنَّ الْجَاهِلِيَّةِ يَقُولُونَ هَل لَّنَا مِنَ الأَمْرِ مِن شَيْءٍ قُلْ إِنَّ الأَمْرَ كُلَّهُ لِلَّهِ يُخْفُونَ فِي أَنفُسِهِم مَّا لاَ يُبْدُونَ لَكَ يَقُولُونَ لَوْ كَانَ لَنَا مِنَ الأَمْرِ شَيْءٌ مَّا قُتِلْنَا هَاهُنَا قُل لَّوْ كُنتُمْ فِي بُيُوتِكُمْ لَبَرَزَ الَّذِينَ كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقَتْلُ إِلَى مَضَاجِعِهِمْ وَلِيَبْتَلِيَ اللّهُ مَا فِي صُدُورِكُمْ وَلِيُمَحَّصَ مَا فِي قُلُوبِكُمْ وَاللّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ {١٥٤}

جا پاش ئەو غەمو خەفەتە خوا هێمنیو ئارامی خستە دڵتانو

وەنەوز هەندێکتانی بردەوەو ئیسراحەتیان کرد . تاقمێکی‌تریش

کە هەر خۆیـان مەبەس بوو ، کەسی‌تریان بە خەیاڵدا نەئەهات ،

گومانی بەدیان بە خودا ئەبرد وەك گومانی سەردەمی پێش ئیسلام ،

ئەیانوت : ئایا ئێمە لەو یارمەتیو نەصرەی کە خودا وەعدەی

پێ‌داوین بەشێکمان هەیە ؟ تۆ ئەی موحەممەد ! بڵێ : هەرچی کار

هەیە هەمووی بۆ خودایە ، ئەوانە ئەوەی لە دڵیاندایە دەریناخەن ،

واتە لە دڵدا باوەڕیان بە ئایینی ئیسلامو قسەی پێغەمبەر (د.خ)

نی‌یە . لە دڵی خۆیاندا لەگەڵ جەماعەتی خۆیاندا ئەڵێن : ئەگەر وەك

موحەممەد ئەڵێ ئێمە لە سەرکەوتنو یارمەتیدانیدا بەشمان بوایە ئا

لێرەدا لێمان نەئەکوژراو زیانمان لێ نەئەکەوت ! تۆ ئەی

موحەممەد ! پێیان بڵێ : ئێوە ئەگەر لە ماڵو حاڵی خۆیشتانا

بوونایە ، ئەوانەتان ، کە لە عیلمی خودادا ڕابوردووە ئەوانە ئەبێ

بکوژرێن ، ئەبوا لە ماڵ دەرچوونایەو بڕۆیشتنایە بۆ ئەو شوێنەی

تیایا ئەکوژران ، ئەمە چارەنووسێکەو خودا دیاری کردوە . ئەم

ڕووداوانە هەمووی بۆ ئەوەیە ئەوەی لە دڵتانایە دەربکەوێو

دەروونتان لە وەسوەسەو خەیاڵات پاك بکاتەوە . خودا هەرچی لە

دەروونتانایە پێی ئەزانێو هیچی لێ ون نابێ .

إِنَّ الَّذِينَ تَوَلَّوْاْ مِنكُمْ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ إِنَّمَا اسْتَزَلَّهُمُ الشَّيْطَانُ بِبَعْضِ مَا كَسَبُواْ وَلَقَدْ عَفَا اللّهُ عَنْهُمْ إِنَّ اللّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ {١٥٥}

بیٚگومان ئەوانەتان کە لە کاتی بەیەکگەیشتنی دوو تاقمەکەدا هەڵاتن و شوێنی خۆیان بەجێهێشت و بێگوێیی پێغەمبەریان کرد ، شەیتان لە خشتەی بردن و هەڵیخەڵەتاندن ، سا یا بۆ تالانی کۆکردنەوە یا بۆ ڕزگار کردنی گیان . خودا پاش پەشیمان بوونەوەو تەوبەکردنیان عەفوی کردن : خودا بە حیلمەو گوناهپۆشە .

یا أیها الذین آمنوا لا تکونوا کالذین کفروا وقالوا لإخوانهم إذا ضربوا في الأرض أو کانوا غزى لو کانوا عندنا ما ماتوا وما قتلوا لیجعل الله ذلك حسرة في قلوبهم والله یحیي ویمیت والله بما تعملون بصیر {١٥٦}

ئەی ئەوانەی ئیمانتان بە خوداو بە پێغەمبەر هەیە ! ئێوە وەکو منافقەکان مەبن و وەك ئەوان بیرمەکەنەوەو مەبنە هاوفکریان ، با ببێتە داغ لە دڵیاناو شەق بەرن ؛ ئەوانە دەربارەی ئەو خزمانەیان کە ئەڕۆن بەمڵاولادا بۆ بازرگانی یا ئەچن بۆ غەزا ئەڵێن : ئەگەر لای ئێمە بوونایەو ئەولاولایان نەکردایە نەئەمردن و نەئەکوژران . ئەم منافقە درۆزنانە هەر بە دەم خۆیان بە موسوڵمان پیشان ئەدەن و لە دڵەوە باوەڕیان بە خوداو ئیرادەو دەسەڵاتی خودا نییە. خودا هەر خۆی ئینسان و خەڵك ئەژیێنیٚ و ئەیانمرێنیٚ . خودا ئاگای لە هەموو کردارێکتانە .

وَلَئِن قُتِلْتُمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ أَوْ مُتُّمْ لَمَغْفِرَةٌ مِّنَ اللّهِ وَرَحْمَةٌ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ {١٥٧}

ئەگەر لە ڕێگای خوادا بکوژرێن یا بمرن ئەوە خودا لێتان

خۆش ئەبێ ؛ ئەو لێخۆش بوونەو ئەو میهرەبانییەی ئەو گەلێ بەسوودترە لەو دارایی دنیایەی کە ئەو کافرانە کۆیئەکەنەوە .

وَلَئِن مُّتُّمْ أَوْ قُتِلْتُمْ لإِلَى الله تُحْشَرُونَ {١٥٨}

ئەگەر بیشمرن یا بکوژرێن حەشرتان لای خودایەو ئەو حیسابو کیتابتان لەگەڵ ئەکات .

فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ اللّهِ لِنتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لاَنفَضُّواْ مِنْ حَوْلِكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللّهِ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ{١٥٩}

لەبەرئەوەی کە خودا بە میهرەبانی دروست کردوویو دڵت پڕ بەزەییە ، نەرم بوویت بۆیانو لەگەڵیان گونجای . خۆ ئەگەر ئینسانێکی توندخوو بوویتایە بڵاوەیان لێ ئەکردو لێت دوور ئەکەوتنەوەو ئەڕۆیشتن بەملاولادا . کەواتە لێیان ببوورەو داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکە لە خودای گەورەو ، لە کاروبارا پرسیان پێبکەو ڕاوێژیان لەگەڵ بکە ، جا کە بڕیارت دا کارەکە بکەی پشت بە یارمەتیی خودا ببەستەو ، دەست لە دەستو قەوەت لە خودا ؛ بێگومان خودا ئەوانەی خۆش ئەوێ کە پشتی پێ ئەبەستن .

إِن يَنصُرْكُمُ اللّهُ فَلاَ غَالِبَ لَكُمْ وَإِن يَخْذُلْكُمْ فَمَن ذَا الَّذِي يَنصُرُكُم مِّن بَعْدِهِ وَعَلَى اللّهِ فَلْيَتَوَكِّلِ الْمُؤْمِنُونَ{١٦٠}

ئەگەر خودا یارمەتیتان بدات کەس بەسەرتاندا زاڵ نابێت ، خۆ

ئەگەر وازتان لیٚ بهێنیٚو لێتان نەپرسێتەوە ئیتر کێیە یارمەتیتان بدات پاش ئەوە کە ئەو شکستتان بدات ؟ دەبا موسوڵمانان هەر بە خودا پشت ببەستن .

وَمَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَغُلَّ وَمَن يَغْلُلْ يَأْتِ بِمَا غَلَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ثُمَّ تُوَفَّى كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ لاَ يُظْلَمُونَ{١٦١}

بۆ هیچ پێغەمبەرێ ڕەوا نەبووەو ڕووینەداوە خیانەت لە تالآنیدا بکاتو بە ناعادیلانە تاڵانی کافران بەسەر موسوڵماناندا دابەش بکات . هەرکەس خیانەت بکا لەو تالآنییەداو بە ناحەق شتیٚ بۆ خۆی هەڵبگریٚ ڕۆژی قیامەت ئەوەی کە خیانەتی تیا کردوە بە کۆڵ هەڵیئەگریٚو ئەیهێنێتەوەو هەموو پێی ئەزانن . جا پاش ئەوە هەموو نەفسیٚ پاداشی کارو کردەوەی خۆی وەرئەگریٚ ، نە چاکەکەر لە پاداشی کەم ئەکرێتەوەو نە خراپەکەر زیاد لە تاوانی بۆ ئەکرێتە سەربار .

أَفَمَنِ اتَّبَعَ رِضْوَانَ اللّهِ كَمَن بَاءَ بِسَخْطٍ مِّنَ اللّهِ وَمَأْوَاهُ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ {١٦٢}

ئایا کەسیٚ بە دوای ڕەزامەندیی خودادا بگەڕیٚو هەمیشە خەریکی کرداری چاك بیٚ ، وەك ئەو کەسەیە کە بەهۆی کرداری ناڕەوایەوە تووشی ڕقی خودا بووبیٚو خودا غەزەبی لیٚ گرتبیٚ کە ئەنجامی دۆزەخەو ئەوەیش ناخۆشترین ئەنجامە !؟ بیٚگومان ئەم دوانە وەك یەك نین .

هُمْ دَرَجَاتٌ عِندَ اللّهِ واللّهُ بَصِيرٌ بِمَا يَعْمَلُونَ {١٦٣}

ئەمانە خاوەنی پلەو پایەی جیاجیان لە لای خودا ؛ هی وایان

هەیە لە دوارۆژا لــە نـازو نیعمـەتا ئـەژین‌و هـی وایـان هەیـە سـزای دۆزەخ پاداشیانە ، خودا هەموو کارو کردەوەییکیان ئەبینیّ‌و هیچی لیّ ون نابیّ .

لَقَدْ مَنَّ اللّهُ عَلَى الْمُؤمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولاً مِّنْ أَنفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُواْ مِن قَبْلُ لَفِي ضَلالٍ مُّبِينٍ {١٦٤}

خودا چاکەییکی زۆر گەورەی لەگەلّ موسولّمانان کرد کە هەر لەخۆیان‌و لە هۆزی خۆیان‌و لە هاوزوبانیان پیّغەمبەریّکی بـۆ ڕەوانـە کردن ئایەتەکانی قورئانیان بۆ بخویّنیّتەوەو لە تاوانی کوفرو گوناهو ڕەوشتی ناشیرین پاکیان بکاتەوەو قورئان‌و سوننەتیان فیّر بکـات ، ئەگەرچی لەوەوپیّش لــە گومڕاهیی‌و جەهالـەتدا بـوون . بەتایبـەتی مەبەسـت لـەم ئایەتــە پـیرۆزە قەومەکـەی پیّغەمبـەرە (د.خ) کـە ئیمانیـان پـیّ هیّنـا . دیـارە ئەمـەش لەبـەر ئەوەیـە کــە زیـاتر لــە خـەلّکیتر سـوودیان لیّ وەرگـرت‌و ڕاسـتەوخۆ لەگـەلّیا بـوون‌و چـاك ئەیانناسی . ئەگینا پیّغەمبەر (د.خ) بۆ هەموو عالەم نیّرراوە .

أَوَلَمَّا أَصَابَتْكُم مُّصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُم مِّثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّى هَـذَا قُلْ هُوَ مِنْ عِندِ أَنْفُسِكُمْ إِنَّ اللّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ {١٦٥}

ئەوە ئیّـوە بۆچـی کـە مسیبەتیّکتان تـووش‌بـوو و لـە غـەزای ئوحوددا حـەفتا کەسـتان لیّ کـوژرا ، وتتـان : ئـەم مسیبەتەمان لـە کویّوە تووش بوو . خۆ خودا بەلّیّنی پیّ دابووین یارمەتیمان بـدات‌و سەرمان بخات ؟ کەچی ئیّوە لە غەزای بەدردا دوو ئەوەندەتان زیان لە کافرەکان دا ؛ حەفتاتان لیّ کوشتن‌و حەفتاتان لیّ بـەدیل گرتـن ؟ ئـەی موحەمـەد ! پیّیـان بلّـیّ : ئـەو بـەلاّو کزییـەی تووشـتان بـوو

خەتای خۆتان بوو کە بـەگوێی پێغەمبـەرتان نـەکرد . خـودا بەسـەر هەموو شتێکدا توانایەو ، ئەتوانێ سەرتان بخاتو ئەشـتوانێ زیانتـان لێ بدات .

وَمَا أَصَابَكُمْ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ فَبِإِذْنِ اللّـــهِ وَلِيَعْلَــمَ الْمُؤْمِنِينَ{١٦٦}

ئەوەی تووشتان هات ، لە ڕۆژی ڕووبەڕووبوونی موسـولّمانانو کـافران لـە غـەزای ئوحـوددا ، بـە ئـیزنی خــودا بــوو ، تــا عیلمــی عەلاقەمەند ببێ بە موسولّمانە ساغەکانەوە . دیارە مەبەست ئەوەیە موسولّمانە ساغەکان جیا ببنەوە لە منافقەکان .

وَلْيَعْلَمَ الَّذِينَ نَافَقُواْ وَقِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْاْ قَاتِلُواْ فِي سَــبِيلِ اللّهِ أَوِ ادْفَعُواْ قَالُواْ لَوْ نَعْلَمُ قِتَالاً لاَّتَّبَعْنَاكُمْ هُمْ لِلْكُفْرِ يَوْمَئِــذٍ أَقْرَبُ مِنْهُمْ لِلإِيمَانِ يَقُولُونَ بِأَفْوَاهِهِم مَّا لَيْسَ فِي قُلُوبِــهِمْ وَاللّهُ أَعْلَمُ بِمَا يَكْتُمُونَ {١٦٧}

هـەروەها تـا منافقـە دووڕووەکـان دەرکـەون بــۆ خــەڵقو لــە موسولّمانەکان جیا بکرێنــەوە ، کـە ئـەمان موسـولّمانن‌و بـە ڕاسـتی جیهاد ئەکەن‌و ئەوان دووڕوو و درۆزنن . بەم منافقانە وترا : وەرن یا لە ڕێگای خوادا شەڕ بکەن یا هەر هیچ نەبێ دوژمـن لـە خۆتـان‌و لـە ماڵتان دوور بخەنەوە ! لە جوابا وتیــان ئەگـەر ڕێوشـوێنی شـەڕمان بزانیایە دواتان ئەکەوتین‌و ئەجەنگاین . ئەمانە بەم وەزعەیانـەوە لـە کافرییەوە نزیکترن تا لە موسولّمانی ، ئەوەی بە دەم ئەیلّێن غەیری ئەوەیە کە لە دلّیاندایە . خوا ئاگادارترە لە هەموو کەس لـەوەی کـە لە دلا ئەیشارنەوە .

الَّذِينَ قَالُواْ لإِخْوَانِهِمْ وَقَعَدُواْ لَوْ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُوا قُلْ فَادْرَؤُوا عَنْ أَنفُسِكُمُ الْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ {١٦٨}

ئەو منافقانەی لەكاتێكا كە خۆیان دانیشتبوون و شەڕیان نەئەكرد ، سەبارەت بە برادەرەكانیان ئەیانوت : ئەگەر بە گوێی ئێمەیان بكردایە نەئەكوژران ، واتە چوون بۆ جەنگ بۆیە كوژران ! دیارە ئەم منافقانە باوەڕیان بە قەزای خودا نەبوو ! جا ئەی موحەممەد تۆ بەو زەلامانە بڵێ : ئەگەر ڕاستئەكەن مەنعی مردن لە خۆتان بكەن بزانم ئەتوانن ! ؟

وَلاَ تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ أَمْوَاتًا بَلْ أَحْيَاءٌ عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ {١٦٩}

ئەوانەی لە ڕێگای خوادا كوژراون هەرگیز وا مەزانن مردوون ، نەخێر؛ ئەوانە زیندوون و لای خودا ڕۆزییان ئەدرێتێ .

فَرِحِينَ بِمَآ آتَاهُمُ اللّهُ مِن فَضْلِهِ وَيَسْتَبْشِرُونَ بِالَّذِينَ لَمْ يَلْحَقُواْ بِهِم مِّنْ خَلْفِهِمْ أَلاَّ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ{١٧٠}

شادمانن بەو بەش و بەهرەی خودا بە لوتف و گەورەیی خۆی پێی بەخشیون ، خۆشوەخت و شادمانن بە حاڵی ئەو موسوڵمانە ساغانەی كە لە دوایان ماون و ئەزانن ئەوانیش پاداشیان جوان و پایەیان گەورە ئەبێ و هیچ ترس و ناخۆشییان لەسەر نابێ و لە سێبەری لوتفی خوادا ئەحەسێنەوەو بە پاداشی ڕەوای خۆیان ئەگەن .

يَسْتَبْشِرُونَ بِنِعْمَةٍ مِّنَ اللّهِ وَفَضْلٍ وَأَنَّ اللّهَ لاَ يُضِيعُ أَجْرَ الْمُؤْمِنِينَ {١٧١}

خۆشوەختو شادمانن بەو نیعمەتەی لەلای خوداوە پێیان گەیشتووە لەگەڵ پایەی بەرزو پاداشی زیادەدا . دڵنیان کە خودا هەرگیز پاداشی خاوەن ئیمانەکان زایە ناکاتو بە زیادەوە پێیان ئەبەخشێت .

الَّذِينَ اسْتَجَابُواْ لِلّهِ وَالرَّسُولِ مِن بَعْدِ مَآ أَصَابَهُمُ الْقَرْحُ لِلَّذِينَ أَحْسَنُواْ مِنْهُمْ وَاتَّقَواْ أَجْرٌ عَظِيمٌ {١٧٢}

ئەوانەی پاش ئەو زیانو کوشتارەی تووشیان بوو چوون بەدەنگی ئەمری خوداو ئامۆژگاریی پێغەمبەرەوە ، بۆ ئەوانەیان کە کرداری چاك ئەکەنو لە خودا ئەترسنو خۆیان لە گوناه ئەپارێزن پاداشێکی گەورە هەیە .

الَّذِينَ قَالَ لَهُمُ النَّاسُ إِنَّ النَّاسَ قَدْ جَمَعُواْ لَكُمْ فَاخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَاناً وَقَالُواْ حَسْبُنَا اللّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ{١٧٣}

ئەو موسوڵمانانەی کە بیستیان ئەبووسوفیانو جەماعەتەکەی دووبارە گەڕاونەتەوە بۆ شەڕکردن ، دوای پێغەمبەر کەوتنو ، لەگەڵ برینو ئازاریشدا بەرەو دوژمن ڕۆیشتنو نەیانویست لەو پاداشە بێبەش بن ، لە ڕێگا تووشی جەماعەتێکی هۆزی (عبدقيس) بوون پێیان وتنئەبووسوفیانو جەماعەتەکەی خۆیان کۆکردووەتەوە بۆتان ، بەمقسەیە ویستیان موسوڵمانەکان

بترسێنن، بەڵام ئەمان نەترسان، بەڵکو ئیمانیان بە خودا زیاتر بوو و وتیان ئێمە خودامان بەسە بۆ یارمەتیدانمان ، خودا باشترین پشتو پەنایە .

فَانقَلَبُواْ بِنِعْمَةٍ مِّنَ اللّهِ وَفَضْلٍ لَّمْ يَمْسَسْهُمْ سُوءٌ وَاتَّبَعُواْ رِضْوَانَ اللّهِ وَاللّهُ ذُو فَضْلٍ عَظِيمٍ {١٧٤}

جا کە شەڕ تازە نەبوویەوەو کافرەکان بەرەو مەککە گەڕانەوە، ئەو موسوڵمانانە شوێنەکەیان بەجێهێشتو ، بە کۆڵێ نیعمەتو کەرەمی خوداوە گەڕانەوەو، باوەڕیان بە خوداو یارمەتیدانی بەهێزتر بوو. هەروەها لەو شوێنەدا هەندێ مامەڵەیان بۆ ڕێککەوت کە قازانجێکی باشیان تیا دەس کەوت . بێجگە لەمانەیش هیچ جۆرە زیانێکیان تووش نەبوو . هەوڵیان دا بۆ ڕەزامەندیی خودا کە سەرچاوەی هەموو بەختیارییەکە . بێگومان خودا خاوەنی بەخششێکی گەورەیە .

إِنَّمَا ذَلِكُمُ الشَّيْطَانُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَاءهُ فَلاَ تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ {١٧٥}

قسەی پڕوپووچیوا کە عەزیمەتی ئینسان سست ئەکات وەسوەسەی شەیتانە کە دۆستانەکانی خۆی ئەترسێنێ ، ئەوانەی دانیشتنو لەگەڵ پێغەمبەردا ئامادەی جەنگ نەبوون . ئێوە ئەی موسوڵمانەکان لە کافرەکان مەترسن ، ئەو بێئاییننانە پیاوی ئەوە نین ئێوە لێیان بترسن . لە من بترسنو پشت بە یارمەتیی من ببەستن ئەگەر خاوەن ئیمانن .

وَلاَ يَحْزُنكَ الَّذِينَ يُسَارِعُونَ فِي الْكُفْرِ إِنَّهُمْ لَن يَضُرُّواْ

اللّهَ شَيْئاً يُرِيدُ اللّهُ أَلاَّ يَجْعَلَ لَهُمْ حَظًّا فِي الآخِرَةِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ{١٧٦}

خەفەت مەخۆ کە منافقەکان گورج ئەچنەناو بەرەی کوفر، یا لە ئیسلام هەڵئەگەڕێنەوە . لەوە مەترسە کە ئەوانە کافرەکان بەهێز بکەن و زیانت پێبگەیێنن . ئەوانە ناتوانن زیان بە دۆستانی خودا بگەیێنن . خودا ئەیەوێ هیچ بەش و بەهرەو پاداشێکیان نەداتێ . ئەمانە لە ڕۆژی قیامەتدا سزایەکی گەورە ئەدرێن .

إِنَّ الَّذِينَ اشْتَرَوُاْ الْكُفْرَ بِالإِيمَانِ لَن يَضُرُّواْ اللّهَ شَيْئًا وَلهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ {١٧٧}

بێگومان ئەوانەی کوفر پەسەند ئەکەن و پشت لە ئیمان ئەکەن، ئەوانەی بەختیاریی ئەبەدی ئەگۆڕنەوە بە خۆشییەکی کاتیی دنیا ، ئەوانە هیچ زیانێ بە خودا ناگەیێنن ، بەڵکو زیان بە خۆیان ئەگەیێنن و لە ڕۆژی قیامەتدا سزای توندو بەئازار ئەدرێن .

وَلاَ يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ أَنَّمَا نُمْلِي لَهُمْ خَيْرٌ لِّأَنفُسِهِمْ إِنَّمَا نُمْلِي لَهُمْ لِيَزْدَادُواْ إِثْمًا وَلَهْمُ عَذَابٌ مُّهِينٌ {١٧٨}

با کافرەکان وا نەزانن ئێمە کە مۆڵەتیان ئەدەین و عومریان درێژ ئەکەین قازانجیئەوانە ! نەخەیر بەڵکو بۆیە مۆڵەتیان ئەدەین تا زیاتر گوناهبار بن و تاوان بخەنە سەر تاوان . ئەوانە سزاو ئازارێکی تیژ ئەدرێن کە هۆی سووکی و شەرمەزارییانە .

مَّا كَانَ اللّهُ لِيَذَرَ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى مَآ أَنتُمْ عَلَيْهِ حَتَّىَ يَمِيزَ الْخَبِيثَ مِنَ الطَّيِّبِ وَمَا كَانَ اللّهُ لِيُطْلِعَكُمْ عَلَى الْغَيْبِ

وَلَكِنَّ اللّهَ يَجْتَبِي مِن رُّسُلِهِ مَن يَشَاءُ فَآمِنُواْ بِاللّهِ وَرُسُلِهِ وَإِن تُؤْمِنُواْ وَتَتَّقُواْ فَلَكُمْ أَجْرٌ عَظِيمٌ {١٧٩}

خودا هەروەها بەو تێکەڵییە ناتانهێڵێتەوە کە موسوڵمان لە منافق جیا نەبێتەوە! نەخەیر، بەڵکو لە ڕێگای وەحیەوە بۆ پێغەمبەر موسوڵمانەکان لە منافقەکان جیا ئەکاتەوە. هەروەها لە ڕێگای داواکردنی کاری گرانو جیهادو بەخشینیماڵو خۆگرییەوە لە ڕێگای خوادا تاقیتان ئەکاتەوە، تا بۆ خەڵك دەرکەوێ کێ موسوڵمانەو ئەیکاتو، کێ منافقەو نایکات. بەڵێ خودا ئاوا جیاتان ئەکاتەوە، تا پیس لە پاك جیابکاتەوە.

خودا ئاگادارتان ناکا لە کاریغەیبیو لەوەی لە دڵی خەڵکدا هەیە، بەڵکو ئەوەی مەیلی لێ بێ لە پێغەمبەران هەڵیئەبژێرێو بە وەحی ئاگاداری ئەکا کە کێ موسوڵمانەو کێ منافقە. بەڕاستی ئیمان بە خوداو بە پێغەمبەران بێنن. بێگومان ئەگەر ئیمانتان بێو خۆتان لە گوناهـ و کاری ناڕەوا بپارێزن پاداشی گەورەتان لەلایەن خوداوە دەسئەکەوێ.

وَلاَ يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ يَبْخَلُونَ بِمَا آتَاهُمُ اللّهُ مِن فَضْلِهِ هُوَ خَيْرًا لَّهُمْ بَلْ هُوَ شَرٌّ لَّهُمْ سَيُطَوَّقُونَ مَا بَخِلُواْ بِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلِلّهِ مِيرَاثُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاللّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ {١٨٠}

ئەو کەسانەی ڕژدی ئەکەن لەو خێروبێرەی خوا پێی داون بە لوتفی خۆی، با وانەزانن ئەو ڕژدییە چاکە بۆیان، نەخەیر شەڕو مایەی نەگبەتییە بۆیانو، لە قیامەتدا ئەو ماڵەی لەڕێگای خوادا

سەرفیان نەکردوە ، واتە : ئەو حەقەی لەسەریانەو جێبەجێیان نەکردوە ، واتەئەو زەکاتی ماڵەی نەیانداوە، ئەبێتە تەوق و ئەخرێتە گەردنیان . میرات و سامانی ئەرزو ئاسمان هەر بۆ خودایەو ، خودا ئاگای لە هەموو کردەویەکتانە.

لَّقَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّذِينَ قَالُواْ إِنَّ اللَّهَ فَقِيرٌ وَنَحْنُ أَغْنِيَاء سَنَكْتُبُ مَا قَالُواْ وَقَتْلَهُمُ الأَنبِيَاء بِغَيْرِ حَقٍّ وَنَقُولُ ذُوقُواْ عَذَابَ الْحَرِيقِ {١٨١}

خودا قسەی ئەوانەی بیست کە ئەیانوت : بۆ زەکات بدەین ؟ دیارە خودا فەقیرەو ئێمە دەوڵەمەندین ! خودا ئاگای لێیانەو ئەم قسە نارەوایەیان ئەنووسێ . کوشتنی بەناحەقی پێغەمبەرانیشیان لەسەر ئەنووسێ . قسەی وەها لەمانەوە شتێکی سەیر نییە . یەکێ پێغەمبەرێ بە ناحەق بکوژێ لەمە خراپتریش ئەکات . ئێمەیش لە رۆژی دواییدا ئەڵێین ئەوە دەردتان بێ ، سزای ناباری ئاگری دۆزەخ بچێژن.

ذَلِكَ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيكُمْ وَأَنَّ اللّهَ لَيْسَ بِظَلاَّمٍ لِّلْعَبِيدِ{١٨٢}

ئەو سزایە پاداشی ئەو کارانەیە لە دنیادا کردتانن و لە خودا نەترسان و بێگوێیی پێغەمبەرتان کرد ، ئەگینا خودا هەرگیز ستەم لە بەندەی خۆی ناکات .

الَّذِينَ قَالُواْ إِنَّ اللّهَ عَهِدَ إِلَيْنَا أَلاَّ نُؤْمِنَ لِرَسُولٍ حَتَّىَ يَأْتِيَنَا بِقُرْبَانٍ تَأْكُلُهُ النَّارُ قُلْ قَدْ جَاءكُمْ رُسُلٌ مِّن قَبْلِي

بِالْبَيِّنَاتِ وَبِالَّذِي قُلْتُمْ فَلِمَ قَتَلْتُمُوهُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ {١٨٣}

ئەو جوولەکانە کە وتیان خودا پەیمانی لەگەڵ کردووین باوەڕ بە هیچ پێغەمبەرێ نەکەین بەمەرجێ نەبێ قوربانییێکمان لە ئاسمانەوە بۆ بهێنێو داوا لە خودا بکات ئاگرێ لە ئاسمانەوە بێت ئەو قوربانییە بخواتو بیکاتە ئاگر . تۆ ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ : خودا پەیمانیوای لەگەڵ نەکردوونو ئێوە درۆ ئەکەن . موعجیزە هەر موعجیزەیە چ قوربانییەکی وەها بێ کە ئێوە ئەیڵێنو چ غەیری ئەوە . ئەوا فەرزمان کرد ڕاستتان کرد ، خۆ پێش هاتنی من چەند پێغەمبەرتان بۆ هات بە ئایەتو موعجیزەوە تەنانەت ئەو موعجیزەیەشیان پیشان دان کە ئیستە وتتانو داوای ئەکەن ، ئەگەر ڕاست ئەکەن بۆچی کوشتنتان ؟! .

فَإِن كَذَّبُوكَ فَقَدْ كُذِّبَ رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ جَآؤُوا بِالْبَيِّنَاتِ وَالزُّبُرِ وَالْكِتَابِ الْمُنِيرِ {١٨٤}

جا ئەگەر باوەڕیان پێ نەکردی زویر مەبە ، پێش تۆیش گەلێ پێغەمبەر بە درۆزن دانراونو باوەڕیان پێ نەکراوە ، ئەگەرچی موعجیزەو کتێبو ئامۆژگاریو کتێبی شەریعەتو حوکمیشیان هێنابوو !

كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ الْمَوْتِ وَإِنَّمَا تُوَفَّوْنَ أُجُورَكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَمَن زُحْزِحَ عَنِ النَّارِ وَأُدْخِلَ الْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلاَّ مَتَاعُ الْغُرُورِ {١٨٥}

هەموو گیانلەبەرێ ئەبێ تاڵاوی مەرگ بچێژێو ئەم دنیایە

بەجێبێڵێ . جا لە ڕۆژی قیامەتدا پاداشتتان پێئەدرێت . ئیتر ئەوەی لە سزای ئاگری دۆزەخ لادراو خرایە بەهەشت ، ئەوە بەختیارو سەرکەوتووەو ڕابواردنی دنیاو دارایی‌و سامانی هەموو بێسوودن‌و هۆی لەخۆباییبوون‌و خەڵەتانی بنیادەمن .

لَتُبْلَوُنَّ فِي أَمْوَالِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ وَلَتَسْمَعُنَّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ مِن قَبْلِكُمْ وَمِنَ الَّذِينَ أَشْرَكُواْ أَذًى كَثِيرًا وَإِن تَصْبِرُواْ وَتَتَّقُواْ فَإِنَّ ذَلِكَ مِنْ عَزْمِ الأُمُورِ {١٨٦}

قەسەم بە خودا ئێوە ئەی موسوڵمانەکان لەلایەن خوداوە تاقی ئەکرێنەوەو تووشی زیان ئەبن لە ماڵ‌و سامانتاندا لەسەر دەستی کافرەکان ، لێتان ئەکوژرێ وەك لە بەدرو ئوحوودا . هەروەها لە ئەهلی کیتاب‌و لە موشریکەکانەوە قسەی وەها ئەبیستن ئازاری دڵتان ئەدات، وەك بوختان‌و جنێوو قسەی ناشیرینی تر . بەڵام ئێوە ئەگەر خۆتان بگرن‌و لەخودا بترسن‌و خۆتان بپارێزن ، ئەو خۆگری‌و لە خوداترسان‌و خۆلەگوناه پاراستنە کارێکی ئێجگار گەورەیەو پاداشی چاکی لەسەر وەرئەگرن .

وَإِذَ أَخَذَ اللّهُ مِيثَاقَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ لَتُبَيِّنُنَّهُ لِلنَّاسِ وَلاَ تَكْتُمُونَهُ فَنَبَذُوهُ وَرَاءَ ظُهُورِهِمْ وَاشْتَرَوْاْ بِهِ ثَمَناً قَلِيلاً فَبِئْسَ مَا يَشْتَرُونَ {١٨٧}

یادی ئەوە بکەنەوە کە وەختێ خۆی خودا پەیمانی لە زاناکانی ئەهلی کیتاب سەندو ئەمری پێ کردن فەرمانەکانی خوداو ئەوەی لە کتێبەکەیاندا هەیە بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوەو شارەزاییان بکەن‌و

حوكمی خـودا نەشارنـەوە . كەچـی ئەوان پەیمانەكـەی خودایـان خستە پشـتەوەو گوێیـان پـێ نـەداو لـەباتی ئـەوە نرخێكـی كـەم و بێبایەخی دنیاییان وەرگرت . ئای كـە شـتێكی زۆر ناشـیرین و بـەد بوو ئەوەی كڕییان ! .

لاَ تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ يَفْرَحُونَ بِمَا أَتَواْ وَّيُحِبُّونَ أَن يُحْمَدُواْ بِمَا لَمْ يَفْعَلُواْ فَلاَ تَحْسَبَنَّهُمْ بِمَفَازَةٍ مِّنَ الْعَذَابِ وَلَهُمْ عَـــذَابٌ أَلِيمٌ{١٨٨}

ئەوانەی بە كردەوەی ناشـیرینی خۆیـان شـادمان ئـەبن و حـەز ئەكەن بەرامبەر بە چاكەیێ كە نەیانكردووە مەدح وسـتایش بكرێـن ، هەرگیز گومان نەبـەی لـە سـزا ڕزگـار ئـەبن ، نەخـەیر ئەوانـە ڕزگـار بوونیان نی‌یەو سزایەكی بەئازار ئەدرێن لە ڕۆژی قیامەتدا .

وَلِلّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاللّهُ عَلَىَ كُـــلِّ شَـــيْءٍ قَدِيرٌ{١٨٩}

هـەرچی موڵك و سـامانی ئــەرزو ئاسمانەكانــە هــەمووی هــی خودایەو هەر ئەو خاوەنی ڕاستەقینەیەتی ،خودا دەستەڵاتی بەسـەر هەموو شتێكدا هەیەو هەموو شتێكی پێ ئەكرێ .

إِنَّ فِي خَلْـقِ السَّـمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِـلاَفِ اللَّيْـلِ وَالنَّهَارِ لآيَاتٍ لِّأُوْلِي الألْبَابِ {١٩٠}

بێگومان لە دروستكردنـی ئاسمانـەكان و ئـەرزو یـەك بـەدوای یەكا هاتنی شــەوو ڕۆژدا چـەند دەلیـل و نیشـانەی ئاشـكرا هەیـە بـۆ ئەوانـەی خـاوەن فـام و هۆشـن ، دەلالــەت ئەكـەن لـە گــەورەیی و

دەستەڵاتی خوداو ، لەوەی کە یەکەو هاوبەشی نی‌یە . ئەم ئایەتانە بەئاشکرا ئەوە ئەگەیێنن کە ئەم کەون‌وکائیناتە بە بێ دروستکەرێ نابێ .

الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَىَ جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذا بَاطِلاً سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ {١٩١}

ئەوانەی بە پێوەو بە دانیشتنەوەو بە ڕاکشانەوە ، واتە : لە هەموو حاڵێکدا ناوی خودا ئەهێنن‌و بیر لە دروستکردنی ئەرزو ئاسمانەکان ئەکەنەوەو ئەڵێن : خودایا ! تۆ ئەمانەت بە خۆڕایی‌و بێ‌کاکل دروست نەکردووە پاکی‌و بێ‌خەوشی بۆ تۆیە ، خوایە . تۆ لەوە دووری کە شتی بێهوودە دروست بکەیت . خودایا بمانپارێزە لە سزای ئاگری دۆزەخ .

رَبَّنَا إِنَّكَ مَن تُدْخِلِ النَّارَ فَقَدْ أَخْزَيْتَهُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ {١٩٢}

ئەڵێن : خودایا ئەو کەسەی بیخەیتە دۆزەخ ئەوە بەتەواوی ئابرووت بردوەو ماڵوێرانت کردوە . بێ‌گومان ئەو ستەمکارانەی ئەیانخەیتە ئاگری دۆزەخ ، هیچ یارمەتیدەرێکیان نی‌یە .

رَّبَّنَا إِنَّنَآ سَمِعْنَا مُنَادِيًا يُنَادِي لِلإِيمَانِ أَنْ آمِنُواْ بِرَبِّكُمْ فَآمَنَّا رَبَّنَا فَاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَكَفِّرْ عَنَّا سَيِّئَاتِنَا وَتَوَفَّنَا مَعَ الأبْرَارِ {١٩٣}

ئەڵێن : خودایـا ! ئێمـە : گوێمـان لـە بـانگدەرێ بـوو خـەڵکی بـانگ ئـەکرد بـۆ ئیمـان و بـۆ ئـاییـنی ئیسـلام ، ئـەیوت : ئیمـان بـەو خودایە بێنن کـە پـەروەردەی کـردوون ! ئێمـەیش ئیمانمـان هێنـاو موسوڵمان بووین . خودایا ! لـە گوناهـە گـەورەکانمان ببـوورەو بـە گەورەیی و میهرەبانیی خۆت لە گوناهە بچووکەکانمان خـۆش ببـەو ، لەگـەڵ زومـرەی پیاوچاکـان و دۆسـتـەکانی خۆتـا بمانمرێنـەو لەگـەڵ ئەوان حەشرمان بفەرموو.

رَبَّنَا وَآتِنَا مَا وَعَدتَّنَا عَلَى رُسُلِكَ وَلاَ تُخْزِنَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّكَ لاَ تُخْلِفُ الْمِيعَادَ {١٩٤}

ئەڵێن : خودایا ! ئەو پاداشەی بەڵێنت پێداوین بەرامبـەر بـە باوەڕکردن بە پێغەمبەران و ئەوەی لە ڕێگـای ئەوانـەوە بـەڵێنت پـێ داویـن ، پێمـان کـەرەم بفـەرموو و لـە ڕۆژی قیامـەتدا سەرشـۆڕو ماڵوێران و ناهومێدمان مەکە . بێگومان تۆ هەرگیز خیلاف وەعدەیی ناکـەیت و بـە لوتفـی خـۆت ئـەوەی بـەڵێنت دابـێ جێبـەجێی ئەفەرمووی.

فَاسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لاَ أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِّنكُم مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى بَعْضُكُم مِّن بَعْضٍ فَالَّذِينَ هَاجَرُواْ وَأُخْرِجُواْ مِن دِيَارِهِمْ وَأُوذُواْ فِي سَبِيلِي وَقَاتَلُواْ وَقُتِلُواْ لأُكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ وَلأُدْخِلَنَّهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ ثَوَابًا مِّن عِندِ اللّهِ وَاللّهُ عِندَهُ حُسْنُ الثَّوَابِ {١٩٥}

خودا تکاکەی قوبووڵ کردن و ئاواتیانی هێنایەدیو ، وتی : من

هەرکەس لە ئێوە کارێکی چاك بکا پاداشی لەکیس نادەم پیاو بێ یا ئافرەت ، کە هەندێکتان لە هەندێکتانن ، یا تێکەڵیتان هەیەو پێکەوە هەڵئەستن‌و دائەنیشن‌و یەك ئایین کۆتان ئەکاتەوە ، ئەوانەی ماڵ‌وحاڵی خۆیان بەجێهێشت‌و لە شوێن‌و بەرەی خۆیان دەرکران‌و ، لەپێناوی ڕەزامەندیی مندا ئازاردران‌و چوونە ریزی جیهادو لەگەڵ کافرەکان جەنگان‌و لێیان کوژرا ، ئەوانە گوناهەکانیان ئەسڕینەوەو ئەیانخەینە چەند باغچەییێکی ڕازاوەو جوان لە بەهەشتدا کە چەند جۆگاییێکی جوان‌و ڕوون‌و سازگاریان پیا ئەڕوات . ئەمە پاداشی کردەوەی چاکیانە کە لەلایەن خوداوە پێیان ئەدرێ ، خودا پاداشی جوانی لایە .

لاَ يَغُرَّنَّكَ تَقَلُّبُ الَّذِينَ كَفَرُواْ فِي الْبِلاَدِ {١٩٦}

با دەست ڕۆیشتن‌و ڕابواردن‌و هاتوچۆی کافرەکان بەم‌لاولادا بۆ بازرگانی‌و دیدەنی‌و شتی تر ، نەتخەڵەتێنن .

مَتَاعٌ قَلِيلٌ ثُمَّ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمِهَادُ {١٩٧}

ئەمەی ئەیبینی ڕابواردنێکی کەموکورتە ، لەپاشاندا دواشوێنیان دۆزەخە ، کە پیسترین سەرەنجامە.

لَكِنِ الَّذِينَ اتَّقَوْاْ رَبَّهُمْ لَهُمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا نُزُلاً مِّنْ عِندِ اللّهِ وَمَا عِندَ اللّهِ خَيْرٌ لِّلأَبْرَارِ {١٩٨}

بەڵام ئەوانەی لە خودا ئەترسن چەند باغ‌و لالەزاریان هەیە لە بەهەشتا کە جۆگای پاك‌و جوانیان بەناودا دەڕوا. ئەوانە هەتا

هەتایە لەم شوێنەدا ئەمێننەوە. ئەم پاداشە نیعمەتێکە لە لای خوداوە بۆیان ئامادە کراوە . بۆ ئەوانەی لەخوداترس و کردەوەچاکن بەش و بەهرەی خودا لە هەموو شت چاکترە .

وَإِنَّ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَمَن يُؤْمِنُ بِاللّهِ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْكُمْ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِمْ خَاشِعِينَ لِلّهِ لاَ يَشْتَرُونَ بِآيَاتِ اللّهِ ثَمَناً قَلِيلاً أُوْلَـئِكَ لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ إِنَّ اللّهَ سَرِيعُ الْحِسَابِ{١٩٩}

کیتابییوا هەن ئیمانیان هەیە بە خوداو ، بە قورئان کە بۆ ئێوە نێرراوەو ، بەو کتێبەی بۆ خۆیان نێرراوە ، لە خودا ئەترسن و خۆیان لە گوناه ئەپارێزن و ئایەتەکانی خودا بەرامبەر دەستکەوتێکی بێ بایەخ نافرۆشن . ئەوانە پاداشیان لای خودایە . خودا گورج موحاسەبە ئەکات و گورج پاداش ئەداتەوە .

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اصْبِرُواْ وَصَابِرُواْ وَرَابِطُواْ وَاتَّقُواْ اللّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ {٢٠٠}

ئەی موسوڵمانینە ! خۆگر بن لە خۆداپەرستیداو ، لە کاتی نارەحەتیدا . بە سەبرو خۆگرتن بەسەر دوژمنەکانتاندا زاڵ بن ، بە خۆتان و ئەسپ و ئەسبابی جەنگەوە لەسەر سنوور بن و ، ئامادەبن بۆ جەنگ لەگەڵ کافران . هەروەها نەفسی خۆتان لەسەر خواپەرستی و لەخواترسان ڕابهێنن ، تا بەتەواوی سەرئەکەون و ئەگەنە ئەوپەڕی بەختەوەری .

سوورەتی (النســاء)

مەدینەیییەو (١٧٦) ئایەتە

بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمـــنِ الرَّحِيمِ

يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِـدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُــواْ اللّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالأَرْحَـــامَ إِنَّ اللّـــهَ كَـــانَ عَلَيْكُـــمْ رَقِيبًا{١}

ئەی ئادەمزادینە ! لە خودای خۆتـان بترسـن ، ئـەو خودایـەی ئێوەی لە نەفسێکی تەنیا ، کەئادەمە، دروستکردوەو، هەر لـەویش هاوجووتەکەیی دروستکردوەو، لـەم دوانـەوە پیـاوان و ژنـانی زۆری دروست کردوەو بلاّو بوونەتەوە . لـەو خودایـە بترسـن کـە بـە نـاوی ئەوەوە لـەناو خۆتـاندا داوای شـت لـە یـەکتر ئەکـەن ، بـۆ نموونـە : ئەڵێن توخودا فلاّنە شتم بدەرێ ، فلاّنــە ئیشـم بـۆ جێبـەجێ بکـە . هـەروەها خزمایـەتی ڕاگـرن و مـەیپچڕێنن . بێگومـان خـودا ئاگـای لێتانەو ئەتانپارێزێ .

وَآتُواْ الْيَتَامَى أَمْوَالَهُمْ وَلاَ تَتَبَدَّلُواْ الْخَبِيثَ بِـالطَّيِّبِ وَلاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَهُمْ إِلَى أَمْوَالِكُمْ إِنَّهُ كَانَ حُوبًا كَبِيرًا {٢}

هەرچی ماڵێکی هەتیوانتان لایە کـە گـەورە بـوون و پێگەیشـتن بیاندەنەوە. ماڵی حەلاڵی پاک و خاوێنی خۆتان مەگۆڕنەوە بـە مـاڵی حەرام، واتــە : حـەلاڵی خۆتـان بخـۆن و لـە مـاڵی حـەرامی هـەتیوان

خۆتان دووربخەنـەوە ، مـاڵی هـەتیوان تێکـەڵ مەکـەن لەگـەڵ مـاڵی خۆتان‌و پێکەوە مـەیانخۆن ؛ جونکـە مـاڵی خۆتـان حەڵاڵـە بۆتـان‌و ڕەوایە بیخۆن ، بەڵام هی ئەوان حەرامەو ئاگرە ئەچێتە سکتانەوەو؛ خواردنی ماڵی هەتیو گوناهێکی گەورەیە .

وَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ تُقْسِطُواْ فِي الْيَتَامَى فَانكِحُوا مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاءِ مَثْنَى وَثُلاَثَ وَرُبَاعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ تَعْدِلُواْ فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ذَلِكَ أَدْنَى أَلاَّ تَعُولُواْ {٣}

ئەگـەر ترسـان لـەوەی کـە عەداڵـەت نەکـەن لەگـەڵ کچـە هەتیوەکان کە مارەیان ببڕن ، ئەوا واز لە ئـافرەتی هـەتیو بێنـن‌و ، ئەوانەی بەدڵتانن لە کچانی ناهەتیو مارە بکەن ، دوان ، یـا سـیان ، یا چوار . ئەگـەر ترسـان لـەوەی لـەنێوان ئـەم ژنانـەتاندا عەداڵـەت نەکەن ئەوا هەر یەك ژن بێنن یـا لەگـەڵ ژنـە (جاریـە)ی کڕراوتـان‌دا ڕابوێرن . ئەم ڕێگایە نزیکترین ڕێگایە بۆئەوەی لە حەق لانەدەن .

وَآتُواْ النَّسَاءَ صَدُقَاتِهِنَّ نِحْلَةً فَإِن طِبْنَ لَكُمْ عَن شَيْءٍ مِّنْهُ نَفْسًا فَكُلُوهُ هَنِيئًا مَّرِيئًا {٤}

مارەیی ژنەکانتان بـدەن بـە ڕەزای دڵ‌و بـە بـێ موقـابیل .جـا ئەگەر ئەوان بە ڕەزای خۆیان لە بەشێکی ئەو مارەییە خۆش بـوون ئەوا بیخۆن‌و نۆشی گیانتان بێ.

وَلاَ تُؤْتُواْ السُّفَهَاءَ أَمْوَالَكُمُ الَّتِي جَعَلَ اللّهُ لَكُمْ قِيَامًا وَارْزُقُوهُمْ فِيهَا وَاكْسُوهُمْ وَقُولُواْ لَهُمْ قَوْلاً مَّعْرُوفًا {٥}

ئەو ماڵ‌و سامانەی هی سەفیهەکانەو لەژێر دەسـتی ئێوەدایـەو

ئێوه سەرپەرشتی ئەکەن ، مەیدەنە دەست ئەو سەفیهانـــە چونکـه زایەی ئەکـەن . بـەلام ئـەو مالـە بخەنـەکارو مامەلـەی پـێ بکـەن تـا قـازانج بکـاتو لـە قازانجەکـەی ڕۆزییـان مسـۆگەر بکـەنو بـەرگو پۆشـاکیان بـۆ بکـەن. بەشـێوەییێکی چـاكو بەشـەرع ڕەوا قسـەیان لەگەڵ بکەن با دڵیان خۆش بێ .

وَابْتَلُواْ الْيَتَامَىٰ حَتَّىَ إِذَا بَلَغُواْ النِّكَاحَ فَإِنْ آنَسْتُم مِّنْـــهُمْ رُشْدًا فَادْفَعُواْ إِلَيْهِمْ أَمْوَالَهُمْ وَلاَ تَأْكُلُوهَا إِسْرَافًا وَبِـــدَارًا أَن يَكْبَرُواْ وَمَن كَانَ غَنِيًّا فَلْيَسْتَعْفِفْ وَمَن كَانَ فَقِـــيرًا فَلْيَـــأْكُلْ بِالْمَعْرُوفِ فَإِذَا دَفَعْتُمْ إِلَيْهِمْ أَمْوَالَهُمْ فَأَشْهِدُواْ عَلَيْهِمْ وَكَفَـــى بِاللّهِ حَسِيبًا {٦}

چاوتان لـە هەتیوەکانـەوە بـێو ، ئیشـیان پـێ بکـەنو فـێری مامەڵەیان بکەنو ، ئاگاداریان بن بزانن لە کاروباری دینیو دنیاییو مامەڵەیاندا چۆنن تا ئەگەنە کاتو تەمەنی شووکردنو ژنهێنـان . جا گەر بۆتان دەرکەوت وریاو لێهاتوون ئەوا بە بێدواخسـتن هـەموو ماڵەکانیان بدەنەوە. بە پەلەو ئیسراف ماڵەکانیان مەخۆن لە ترسـی ئەوەی گەورە بنو بیبەنەوە .

با ئـەو کەسـە کـە وەصـی یـا وەلیـی هەتیوەکانـە ئەگـەر دەولەمـەند بـوو خۆگـری بکـا لـە خواردنـی مـاڵی هـەتیوەکانو لێیسـەرف نـەکا . خـۆ ئەگـەر هـەژار بـوو ئـەوا بەرامبـەر سەرپەرشـتیکردنو هەڵسووڕاندنی ئـەو ماڵە تەنـها بـە ئـەندازەی پێویست لێی بخوا . جا کە ماڵەکانتان دانەوە لە کـاتی دانەوەکـەیدا

شاهید بگرن ؛ تا ماوەی ئینکار کردن نەمێنێو حەقی کەس نەفەوتێ. خودا باشترین ئاگادارو چاودێرە .

لِّلرِّجَالِ نَصيِبٌ مِّمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالأَقْرَبُونَ وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ مِّمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالأَقْرَبُونَ مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ نَصِيبًا مَّفْرُوضًا {٧}

پیاوان لە میراتی باوكو دایكیانو لە میراتی ئەو خوێشە زۆر نزیكانەیان كە میرات لە یەك ئەبەن ، بەشیان هەیە . هەروەها ژنانیش لە میراتی باوكو دایكو ئەو جۆرە خوێشانە كە وتمان بەشیان هەیە . ئەم بەشە حەقێكەو خودا داینـاوەو ، نابێ لێیان داگیر بكرێ .

وَإِذَا حَضَرَ الْقِسْمَةَ أُوْلُواْ الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينُ فَارْزُقُوهُم مِّنْهُ وَقُولُواْ لَهُمْ قَوْلاً مَّعْرُوفًا {٨}

ئەگەر خزمانی غەیرە میراتبەرو هەتیوو گەداو بێدەستەڵات حازری مەجلیسی بەشكردنی میراتەكە بوون ، لەو میراتە بەشیان بدەنو قسەی خۆشیان لەگەڵ بكەنو دڵیان مەشكێننو منەتیان مەخەنە سەرو ئەوەی ئەیاندەنێ بە شتێكی كەمی بزاننو دوعای خێریان بۆ بكەن .

وَلْيَخْشَ الَّذِينَ لَوْ تَرَكُواْ مِنْ خَلْفِهِمْ ذُرِّيَّةً ضِعَافًا خَافُواْ عَلَيْهِمْ فَلْيَتَّقُوا اللّهَ وَلْيَقُولُواْ قَوْلاً سَدِيدًا {٩}

با ئەوانەی میرات وەرئەگرنو ، خزمو هەتیوو هەژارانیان لا كۆئەبنەوە، وا فەرز بكەن كە خۆیشیان منالەكانیان دەستەپاچەو

لانەواز داماون و ئەڕۆنە ئەو شوێنانەی میراتیان تیا بەش ئەکرێ و چاوەڕوانی دەست و دەهەنەیان ئەبن . هەروەکو حەز ئەکەن بەشیان بدەن و ئیحتیاجییان جێبەجێ بکەن ، بەشی ئەو هەتیوو خوێش و هەژارانەیش بدەن و دڵیان خۆش بکەن . با لە خودا بترسن و قسەی دامەزراوی شەرعییان لەگەڵ بکەن .

إِنَّ الَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوَالَ الْيَتَامَى ظُلْمًا إِنَّمَا يَأْكُلُونَ فِي بُطُونِهِمْ نَارًا وَسَيَصْلَوْنَ سَعِيرًا {١٠}

بەڕاستی ئەوانەی بە ناحەق و بە ستەم و دەستدرێژی ماڵی هەتیو ئەخۆن ئەوە ئاگر ئەخۆن و ئەو ماڵە ئەبێتە ئاگر لە سکیاناو ، لە قیامەتیشدا ئەچنە ناو ئاگری دۆزەخ و تیا ئەبرژێن .

يُوصِيكُمُ اللّهُ فِي أَوْلاَدِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الأُنثَيَيْنِ فَإِن كُنَّ نِسَاءً فَوْقَ اثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ وَإِن كَانَتْ وَاحِدَةً فَلَهَا النِّصْفُ وَلأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا السُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِن كَانَ لَهُ وَلَدٌ فَإِن لَّمْ يَكُن لَّهُ وَلَدٌ وَوَرِثَهُ أَبَوَاهُ فَلأُمِّهِ الثُّلُثُ فَإِن كَانَ لَهُ إِخْوَةٌ فَلأُمِّهِ السُّدُسُ مِن بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِي بِهَا أَوْ دَيْنٍ آبَآؤُكُمْ وَأَبناؤُكُمْ لاَ تَدْرُونَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ لَكُمْ نَفْعاً فَرِيضَةً مِّنَ اللّهِ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلِيماً حَكِيمًا {١١}

خودا دەربارەی میرات وەرگرتنی ئەولادەکانتان ئامۆژگاریتان ئەکات و پێتان ڕائەگەیێنێ کە نێرینە دوو ئەوەندەی مێینەی هەیە . جا ئەگەر ئەولادەکان ئافرەت بوون و زیاتر لە دوان بوون ئەوە لە سێبەشی میراتەکە دووبەشی وەرئەگرن . بەڵام ئەگەر یەك ئافرەت

بوو ئەوە نیوەی میراتەکە ئەبا . باوكو دایكی مردوو هەریەكی شەش یەكی میرات ئەبەن ئەگەر مردووەکە منالّی هەبوو نێر یا مێ ، خۆ ئەگەر باوكو دایكی لیٚ بەجێمابنو هیچ ئەولادی نەبوو ئەوە دایكەکەی لە سێبەشی میراتەکە بەشێكی ئەباتو ئەوی‌تری هی باوكەكەیەتی. ئەگەریش مردوەکە دایكی لیٚ بەجێمابێو چەند براو خوشكێكیشی هەبێ ، واتە دوو برا یا دوو خوشك یا براو خۆشكێ یا زیاتر ، ئەوە لەو حالّەتانەدا دایكەکە شەشیەكی میراتەکە ئەبات ، ئەمەش پاش دەركردنی وەسیەتی مردووەكەو دانەوەی قەرزوقۆلەی، واتە وەسیەتەکەی جێبەجێ ئەكرێتو قەرزەکانی ئەدرێنەوە ، ئەنجا مالّەکە ئەكرێتە شەش بەشو دایكەکە بەشێكی ئەبا . ئێوە نازانن كام كەس لە باوكو دایكو ئەولادەكانتان سوودی زۆرترە بۆ دنیاو قیامەتتان . خودا خۆی ئەزانێ . ئیتر ئەم بەشانە كە دیاری كراون واجباتێكن لەلایەن خوداوە دانراون . خودا زانایەو كارەكانی پڕ حیكمەتن.

وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ إِن لَّمْ يَكُن لَّهُنَّ وَلَدٌ فَإِن كَانَ لَهُنَّ وَلَدٌ فَلَكُمُ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْنَ مِن بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِينَ بِهَا أَوْ دَيْنٍ وَلَهُنَّ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْتُمْ إِن لَّمْ يَكُن لَّكُمْ وَلَدٌ فَإِن كَانَ لَكُمْ وَلَدٌ فَلَهُنَّ الثُّمُنُ مِمَّا تَرَكْتُم مِّن بَعْدِ وَصِيَّةٍ تُوصُونَ بِهَا أَوْ دَيْنٍ وَإِن كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلاَلَةً أَو امْرَأَةٌ وَلَهُ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا السُّدُسُ فَإِن كَانُوَاْ أَكْثَرَ مِن ذَلِكَ فَهُمْ شُرَكَاءُ فِي الثُّلُثِ مِن بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصَىٰ بِهَآ أَوْ دَيْنٍ غَيْرَ مُضَآرٍّ وَصِيَّةً مِّنَ اللّهِ وَاللّهُ عَلِيمٌ حَلِيمٌ {١٢}

ئێوه ئەی پیاوەکان ! له میراتی ژنەکانتان نیوەی هی ئێوەیە، ئەگەر ئەولادیان نەبێ ، بەڵام ئەگەر ئەولادیان هەبێ ئەوه چواریەکی میراتەکەیان هی ئێوەیە . ئەم نیوەو چواریەکەیش پاش لێدەرکردنی قەرزی ژنەکان و جێبەجێ کردنی وەسیەتێکە کردبێتیان.

ژنەکانیش له میراتی ئێوه چواریەك ئەبەن ئەگەر ئەولادتان نەبوو. ئەگەر ئەولادیشتان بوو ئەوه هەشتیەکیان بەرئەکەوێ . ئەمانەیش پاش جێبەجێ کردنی وەسیەتی ئێوەو دانەوەی قەرزتان . ئەگەر پیاوێ یا ژنێ مردو (کەلالە) بوو ، واته : نه باوکی هەبوو نه ئەولاد ، بەڵام برایەکی یا خوشکێکی هەبوو ئەوه هەر یەکێ لەوانه شەش یەکی میراتەکەی ئەبات ، بەڵام ئەگەر زیاتر بوون ، دوو برا ، یا دوو خوشك ئەوه بە هەموویانەوه سێیەکی میراتەکەی ئەبەن بەبێ جیاوازی لەنێوان براو خوشکدا . ئەمەیش پاش جێبەجێ کردنی وەسیەتی مردوەکەو دانەوەی قەرزی ، بەو شەرتەی وەسیەتەکەی وەها نەبێ زیان له میراتبەرەکان بدات و له سێیەکی زیاتر نەبێ . ئەمه ئامۆژگارییه بۆ ئێوه لەلایەن خوداوه . خودا زانایەو خاوەن حیلمو لێبووردوەو گورج تۆڵه ناسێنێت و مۆڵەتی تاوانبار ئەدات .

تِلْكَ حُدُودُ اللّهِ وَمَن يُطِعِ اللّهَ وَرَسُولَهُ يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ{١٣}

ئەمانەی که باس کران فەرمانی خودان و سنوورن بۆی داناون ، جا هەر کەس له سنوور لانەدات و بەگوێی فەرمانەکانی خوداو

ڕاسپێرییەکانی پێغەمبەر بکات ئەوە خودا ئەیخاتە چەند باغچەو لالەزارێ لە بەهەشتدا کە جۆگای جوانو سازگاریان پیا ئەڕواتو ، هەتا هەتایە بە سەربەرزی تیا ئەمێننەوە . بێگومان هەر ئەمەیش سەرکەوتنی گەورەیە .

وَمَن يَعْصِ اللّهَ وَرَسُولَهُ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُ يُدْخِلْهُ نَارًا خَالِدًا فِيهَا وَلَهُ عَذَابٌ مُّهِينٌ {١٤}

هەروەها هەرکەسێ بەگوێی خوداو پێغەمبەری خودا نەکاتو لەو سنووره لابدا کە خودا دیاری کردوە ، ئەوە خودا ئەیخاتە ئاگرێکەوە هەتا هەتایە تیا ئەمێنێتەوەو ، سزایەکی وەها ئەدرێ هۆی سووکیو سەرشۆڕییەتی .

وَاللاَّتِي يَأْتِينَ الْفَاحِشَةَ مِن نِّسَآئِكُمْ فَاسْتَشْهِدُواْ عَلَيْهِنَّ أَرْبَعةً مِّنكُمْ فَإِن شَهِدُواْ فَأَمْسِكُوهُنَّ فِي الْبُيُوتِ حَتَّىَ يَتَوَفَّاهُنَّ الْمَوْتُ أَوْ يَجْعَلَ اللّهُ لَهُنَّ سَبِيلاً {١٥}

ئەو ژنانەتان کە زینا ئەکەن داوا لەو کەسە بکەن کە نیسبەتی زینای لێ داون بۆ ئیسباتی ئەو توهمەتە چوار شاهیدی عادڵو شەرع ڕەوا بێنێ ، جا ئەگەر چوار شاهیدەکە شایەتییان لێ دان لە ماڵا حەپسیان کەن تا ئەمرن یا تا خودا ڕێگایان بۆ دائەنێ .

وَاللَّذَانَ يَأْتِيَانِهَا مِنكُمْ فَآذُوهُمَا فَإِن تَابَا وَأَصْلَحَا فَأَعْرِضُواْ عَنْهُمَا إِنَّ اللّهَ كَانَ تَوَّابًا رَّحِيمًا {١٦}

ئەو پیاوو ژنەی زینا ئەکەن بە قسەو سەرزەنشتو بەسووکی تەماشاکردن ئازاریان بدەن . جا ئەگەر پەشیمان بوونەوەو ،

تەوبەیان کردو ڕەوشتی خۆیان چاك کرد ئەوە وازیان لیّ بێنن . خودا زۆر زۆر تەوبە قبووڵ ئەکات و زۆر میهرەبانە .

هەندێ لە ئەهلی تەفسیر ئەڵێن : ئەم ئایەتە پێش ئایەتی پێشوو نازڵ بووە ، واتە : سزای زیناکەر بە سێ قۆناغ بوو : یەکەم بەم ئازاردانە کە ئێستە وتمان ، دووهەم بە حەپس ، سێهەم بە جەڵدەلێدان .

إِنَّمَا التَّوْبَةُ عَلَى اللّهِ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ السُّوَءَ بِجَهَالَةٍ ثُمَّ يَتُوبُونَ مِن قَرِيبٍ فَأُوْلَـئِكَ يَتُوبُ اللّهُ عَلَيْهِمْ وَكَانَ اللّهُ عَلِيماً حَكِيماً {١٧}

ئەو تەوبە قبووڵ کردنە کە خودا وەعدی داوە بۆ ئەوانەیە بە نەزانیو سەفاهەت گوناه ئەکەن و پاشان بە زوویی پەشیمان ئەبنەوە ، ئەم جۆرە تاوانبارانە خودا تەوبەیان لیّ قبووڵ ئەکات ، خودا زانایەو کارەکانی پڕ لە حیکمەتن .

وَلَيْسَتِ التَّوْبَةُ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ السَّيِّئَاتِ حَتَّى إِذَا حَضَرَ أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ قَالَ إِنِّي تُبْتُ الآنَ وَلاَ الَّذِينَ يَمُوتُونَ وَهُمْ كُفَّارٌ أُوْلَـئِكَ أَعْتَدْنَا لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا {١٨}

خودا تەوبەی ئەوانە قبووڵ ناکا کە تا مردن یەخەیان ئەگرێ هەر کردەوەی خراپ ئەکەن و ئەو وەختە ئەڵێن : تەوبە بێ لە گوناه. نەخێر ئەوانە تەوبەیان لیّ قبووڵ ناکرێت و ، وەك ئەوانەن بە کافری ئەمرن . ئەوانە سزایەکی پڕ لە ئازارمان بۆ ئامادە کردوون .

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَرِثُواْ النِّسَاءَ كَرْهًا

وَلاَ تَعْضُلُوهُنَّ لِتَذْهَبُواْ بِبَعْضِ مَآ آتَيْتُمُوهُنَّ إِلاَّ أَن يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ فَإِن كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَى أَن تَكْرَهُواْ شَيْئًا وَيَجْعَلَ اللّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا {١٩}

ئەی موسوڵمانینە ! بەشەرعی ئیسلام ڕەوا نی‌یە بۆتان ژنی مردووەکانتان بە میرات بەرن ؛ ئەو ژنانە ماڵو سامان نین تا وەکوو بە میرات ببرێن ، خاوەن کەرامەتنو ئارەزوویان بە دەستی خۆیانە . هەروەها ڕێیان لێ مەگرن کە پاش بەسەرچوونی عیددەیان بۆ خۆیان بەگوێرەی شەریعەت شوو بکەن . ڕێگایان لێ مەگرنو بەهانەیان پێ‌مەگرن بۆئەوەی چییان لە ماڵی مردووەکە بە میرات بەرکەوتووە لێیان بسێننەوەو جا پاش ئەوە ڕێگایان بدەن شوو بکەن ! ئەم ڕێ‌لێ‌گرتنە کارێکی خراپو ناڕەوایە مەگەر وەختێ کارێکی فاحیشە بکەن لەو وەختەدا بۆتان ڕەوایە فیدیەیان لێ وەریگرنو ئەنجا ڕێگای شووکردنیان بدەن .

پێش نازڵ بوونی ئەم ئایەتە کە پیاوێ بمردایەو عەصەبەی لێ بەجێ‌بمایە عەصەبەکە کراسەکەی خۆی فڕێ ئەدایە سەر ژنی مردووەکەو ئەیوت بە من ڕەواترە تا یەکێکی‌تر ، جا ئەگەر مەیلی لێ بوایە هەر بە مارەیییە پێشووەکەی ئەیهێنا بۆ خۆی . خۆ ئەگەر حەزی لێ نەکردایە ئەوا لە یەکێکی‌تری مارە ئەبڕیو مارەییەکەی ئەبرد بۆ خۆی ، یا ڕێی شووکردنی لێ ئەگرت تا ئەو بەشە میراتەی لە ماڵی مردووەکە بەری کەوتوە لیێ ئەسەند ئەنجا ڕێگەی ئەدا شوو بکا . بەم ئایەتە پیرۆزە مەنعی ئەمکارە ناڕەوایانە کراو ئیختیار درایە دەستی ئافرەتەکە خۆی ، ئیتر نە بە میرات ئەبریو ، نە بەشە

میراتەکەی لێ ئەسەنرێو ، نە مارەیییەکەی لێ ئەسەنرێ ئەگەر شووی بە یەکێکیتر کردو ، نە بە زۆریش مارەئەبڕرێ لە عەصەبە .

هەندێ لە ئەهلی تەفسیر فەرموویانە : ئەم ئایەتە دەربارەی ئەو کەسانەیە کە ژنیان مارە ئەکردو ئیتر هەڵسوکەوتی ژنو مێردییان لەگەڵ جێبەجێ نەئەکردنو لە ماڵا ڕایانئەگرتن، تا بمرنو میراتەکەیان بەرن یا بە مارەیییەکەیان خولعیان لەگەڵ بکەن. ئەنجا بەم ئایەتە ڕێگای ئەم کارەیان لێ گیرا . مەگەر فاحیشەیەکی ئاشکرا بکەن، وەك لە تاعەت دەرچوونو بەدخوویی لە ڕەفاقەتدا ، یا داوێن پیسی. هەروەها پێیان ئەفەرموێ : موعامەلەی باش لەگەڵ ژنەکانتان بکەنو بە چاکە بجووڵێنەوە لەگەڵیانو، لەبەر حەزلێنەکردن لێیان جیا مەبنەوەو خۆگر بن ، زۆر نزیکە ئێوە شتێکتان بەدڵ نەبێو حەزی لێ نەکەن کەچی خودا بیکاتە هۆی خێرێکی زۆر بۆتان .

وَإِنْ أَرَدتُّمُ اسْتِبْدَالَ زَوْجٍ مَّكَانَ زَوْجٍ وَآتَيْتُمْ إِحْدَاهُنَّ قِنطَاراً فَلاَ تَأْخُذُواْ مِنْهُ شَيْئاً أَتَأْخُذُونَهُ بُهْتَاناً وَإِثْماً مُّبِيناً{٢٠}

ئەگەر ویستتان ژنێ تەڵاق بدەنو ژنێکیتر مارە بکەنو، وەختی خۆی ماڵێکی زۆرتان دابوو بە ژنە تەڵاقدراوەکە، ئەو ماڵەی لێ مەسێننەوە بە هیچ جۆرێ. ئایا ڕەوایە لە ڕێگای بوختان بۆکردنو گوناهەوە ئەو ماڵەیان لێ بسێننەوە؟! هی وایان هەبوو بوختانێکی بۆ ژنەکەی هەڵدەبەست تا ناچاری بکات ئەو ماڵەی کە وەختی خۆی پێیداوە بە فیدیە لێی بسێنێتەوەو ژنێکی تری پێ بهێنێ! بەم

ئایەتە ئەم کارە بەدە قەدەغە کرا .

وَكَيْفَ تَأْخُذُونَهُ وَقَدْ أَفْضَى بَعْضُكُمْ إِلَى بَعْضٍ وَأَخَذْنَ مِنكُم مِّيثَاقًا غَلِيظًا {٢١}

چۆن ئەو مارەیی‌و ماڵەیان لێ ئەسێننەوە لە کاتێکا کە ئێوە بە ڕێگای شەرعی تێکەڵ بوون‌و چوونەتە لایان‌و عەقدی نیکاحتان لەبەینا بووەو ژنەکانتان پەیمانێکی گەورەیان لەگەڵ بەستوون کە هەڵسان‌و دانیشتن‌و موعامەلەتان لەگەڵیانا بەگوێرەی شەرع بێ، کە ئەمری پێ کردوون بەچاکەکاری ؟

وَلاَ تَنكِحُواْ مَا نَكَحَ آبَاؤُكُم مِّنَ النِّسَاءِ إِلاَّ مَا قَدْ سَلَفَ إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَمَقْتًا وَسَاءَ سَبِيلاً {٢٢}

ئەو ژنانە مارە مەکەن کە باوك‌و باپیرتان مارەیان کردوون ، حەرامن بۆتان ، گوناهبار ئەبن لەسەر ئەو مارەبڕینە ، ئەوە نەبێ پێش هاتنی ئەم ئایەتە بووبێ ، بەوە گوناهبار نابن . هێنان‌و خواستنی ژنی باوك‌و باپیر زینایەو مایەی غەزەب‌و ڕقی خودایەو ڕێگایەکی زۆر خراپە .

حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَاتُكُمْ وَبَنَاتُكُمْ وَأَخَوَاتُكُمْ وَعَمَّاتُكُمْ وَخَالاَتُكُمْ وَبَنَاتُ الأَخِ وَبَنَاتُ الأُخْتِ وَأُمَّهَاتُكُمُ اللاَّتِي أَرْضَعْنَكُمْ وَأَخَوَاتُكُم مِّنَ الرَّضَاعَةِ وَأُمَّهَاتُ نِسَآئِكُمْ وَرَبَائِبُكُمُ اللاَّتِي فِي حُجُورِكُم مِّن نِّسَآئِكُمُ اللاَّتِي دَخَلْتُم بِهِنَّ فَإِن لَّمْ تَكُونُواْ دَخَلْتُم بِهِنَّ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ وَحَلاَئِلُ أَبْنَائِكُمُ الَّذِينَ مِنْ أَصْلاَبِكُمْ وَأَن تَجْمَعُواْ بَيْنَ الأُخْتَيْنِ إَلاَّ مَا قَدْ سَلَفَ إِنَّ اللّهَ

كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا {٢٣}

حەرامە لەسەرتان مارەكردنی دایكەكانتان، واتە: دایكو دایكی دایك هەتا بڕوا یا دایكیباوكو دایكی دایكی تا بڕوا . حەرامە لەسەرتان مارەكردنی كچانتانو كچانی كچانتان تا بڕوا بەرەو خوار . حەرامە لەسەرتان مارەكردنی خوشكتان چ خوشكی باوكیو دایكیو، چ خوشكی باوكی، یا خوشكی دایكی. حەرامە لەسەرتان مارەكردنی پوورتان ، خوشكی باوكتان، یا خوشكی دایكتان. حەرامە لەسەرتان مارەكردنی كچی براو خوشكتان. ئەمانەی باسمانكردن دەربارەی حەرامی نەسەب بوو. هەروەها حەرامە لەسەرتان مارەكردنی دایكی شیریتان یا خوشكی شیریتان. حەرامە لەسەرتان مارەكردنی دایكی ژنتان. حەرامە لەسەرتان مارەكردنی ڕەبیبەتان، واتەكچی ژنەكانتان لە پیاوێكیتر، ئەوانەیان لاتان بوونو ئێوە پەروەردەتان كردوون، بە شەرتێ حەرامە كە چووبنە لای دایكەكانیان، بەڵام ئەگەر نەچووبنە لای دایكەكانیان ئەوە گوناهیار نابن ژنەكانتان تەڵاق بدەنو

كچەكانیان مارەبكەن بۆ خۆتان. هەروەها حەرامە ژنی كوڕتان مارە بكەن، ئەو كوڕانەی لە پشتی خۆتانن ، واتە : ئەوكوڕانە نەبن كە تەبەننی كراونو كوڕی خۆتان نەبن ، بەڵام لەناو خەڵكدا بە كوڕتان ناسرابن ، چونكە ئەو جۆرە كوڕە تەبەننی كراوانە كوڕی ئێوە نینو، ئەگەر مردن یا ژنەكانیان تەڵاق دا، بۆتان ڕەوایە مارەیان بكەن بۆ خۆتان .

هەروەها حەرامە دوو خوشك مارە بكەنو پێكەوە لە ژێر

نیکاحتانـا بـن ، واتــه: ئەگــەر ژنێکتــان مــاره کــرد حەرامــه خوشکەکەیشی ماره بکەن تا پێشووەکه ئەمرێ یا تەڵاق ئەدرێ.

هـەموو ئـەم جـۆره مارەکردنانـه گونـاهن‌و ئەبنـه هـۆی سـزای رۆژی قیامەت ، ئەوه نەبێ که پێش حەرامکردنـی ڕوویدابـێ، ئـەوه پێی گوناهبار نابن ، بـەڵام ئـەبێ گـورج لـه یـەك جیـا بنـەوه. خـودا گوناه پۆش‌و میهرەبانه.

جوزئی پێنجەم

وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ النِّسَاءِ إِلاَّ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ كِتَابَ اللّهِ عَلَيْكُمْ وَأُحِلَّ لَكُم مَّا وَرَاءَ ذَلِكُمْ أَن تَبْتَغُواْ بِأَمْوَالِكُم مُّحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ فَمَا اسْتَمْتَعْتُم بِهِ مِنْهُنَّ فَـــآتُوهُنَّ أُجُورَهُــنَّ فَرِيضَةً وَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا تَرَاضَيْتُم بِهِ مِن بَعْدِ الْفَرِيضَــةِ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا {٢٤}

ئـەو ژنانـەی شـوویان هەیـەو بـه نیکـاح پــارێزراون لــه ئێـوه حەرامن، بەڵام ئەو ژنـه شوودارانەی له جەنگدا دەستتان ئەکەون‌و ، به دیل ئەگیرێن‌و مێردەکانیان کافرن، ئەوانه حەڵاڵن بۆتــان: چونکـه به گرتنەکه عیصمەتی مێرده کافرەکانیان نامێنێ . ئەم حەرامانــەی باسکران خودا بڕیاری داوون‌و ئەو حــەرامی کـردوون . ئیـتر غـەیری ئەمانەی باسکران بۆتان حەڵاڵەو ئەتوانن به ماڵو سامانی حــەڵاڵتان ژن بخوازن‌و مارەییان بدەنێ‌و ماڵیان بۆ سەرف بکەن‌و ، خۆتان له گوناه بپارێزن‌و زینا نەکەن. ئەو ژنانەی ئەیانخوازن که چوونه لایـان فەرزه مارەییەکانیان بدەنێ. ئیــتر پـاش دانـی مارەییـه فەرزەکـه

تاوانبار نابن ئەگەر ئێوەو ژنەکانتان لەبەینی خۆتانا ڕێك بکەون ، بۆ نموونە: ژنەکە هەندێ لەو مارەیییە ببەخشێ بە مێردەکەی یا مێردەکە زیاتر لە مارەیییە فەرزەکە بدا بە ژنەکەی ، خودا زانایەو کارەکانی پڕ لە حیکمەتن.

وَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ مِنكُمْ طَوْلاً أَن يَنكِحَ الْمُحْصَنَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ فَمِن مِّا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُم مِّن فَتَيَاتِكُمُ الْمُؤْمِنَاتِ وَاللّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَانِكُمْ بَعْضُكُم مِّن بَعْضٍ فَانكِحُوهُنَّ بِإِذْنِ أَهْلِهِنَّ وَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ مُحْصَنَاتٍ غَيْرَ مُسَافِحَاتٍ وَلاَ مُتَّخِذَاتِ أَخْدَانٍ فَإِذَا أُحْصِنَّ فَإِنْ أَتَيْنَ بِفَاحِشَةٍ فَعَلَيْهِنَّ نِصْفُ مَا عَلَى الْمُحْصَنَاتِ مِنَ الْعَذَابِ ذَلِكَ لِمَنْ خَشِيَ الْعَنَتَ مِنْكُمْ وَأَن تَصْبِرُواْ خَيْرٌ لَّكُمْ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ {٢٥}

کەسێکتان کە لەبەر هەژاری دەستی نەڕوات و نەتوانێ ژنی بەعیصمەتی موسوڵمانی ئازاد مارە بکات ، با لە ئافرەتە مەملووکە موسوڵمانەکان مارە بکات. خودا لە هەموو کەس باشتر ئاگاداری ئیمانتانەو چاکتر ئەزانێ کێ موسوڵمانی ڕاستەقینەیە، ئێوە تەنها ظاهیرەکە ئەبینن. ئێوەو ئەو جاریانە کە مارەیان ئەکەن لەگەڵ یەك تێکەڵن و، ئایینی ئیسلام و نەسەب کۆتان ئەکاتەوەو، ڕەوایە مارەیان بکەن، جا کە وایە ئیزن لە خاوەنەکانیان وەربگرن و مارەیان بکەن و بە شێوەیەکی باش و عادەتی و بە بێ کەموکووڕی و دواخستن مارەیییەکانیان بدەنێ. لەو جاریانە پەسەند بکەن کە خۆیان لە زینا پاراستوەو داوێن پاکن و دۆستی پەنامەکیان نییە.

جا كە مارەتان بڕین‌و هاتنە ژێر عیصمەتتانەوە ئەگەر هات‌و زینایان کرد ئەوا نیوەی ئەو حەددەیان بەسەردا جێبەجێ ئەکرێ کە بەسەر ژنە ئازادەکانا جێبەجێ ئەکرێ ، بۆ نموونە: لەباتی صەد جەڵدە کە لە ژنی ئازادی زیناکردوو ئەدرێ ئەوان پەنجا جەڵدەیان لێ ئەدرێ، بەڵام ڕەجم ناکرێن، چونکە ڕەجم نیوەی نییە. ئەم مارەبڕینی جاریەیە بۆ ئەوانەتانە کە ئەگەر ژن نەخوازن بترسن لەوەی تووشی زینا ببن، بەڵام ئەگەر سەبر بکەن‌و دان بەخۆتانا بگرن‌و، ئافرەتی جاریە مارە نەبڕن، چاکترە بۆتان . خودا گوناهی بەندەی خۆی ئەپۆشێ‌و میهرەبانە. ئەی موسوڵمانینە ! بزانن کۆمەڵێ ئیمامییە فەرموودەی (واحل لکم ماوراء ذلکم ان تبتغوا بأموالکم محصنین غیر مسافحین فما استمتعتم به منهن فآتوهن أجورهن فریضة) کە بەشێکە لە ئایەتی (٢٤) هەمی ئەم سوورەتە ، کردوویانەتە دەلیل لەسەر ئەوە کە گوایا نیکاحی مووەققەت (متعة) دروستە، چونکە لەفظی (اجور)و عیبارەتی (فما استمتعتم به منهن) بۆ ئەم نیکاحە دەست ئەدا بە تایبەتی کە لە مەصحەفی ئوبەیی کوڕی کەعبدا بەم جۆرەیە (فما استمتعتم به منهن الی اجل مسمی) کە بە ڕەئیی ئەوان ظاهیرە لەم نیکاحەدا.

بەڵام ئەم ئایەتە پیرۆزە بۆ نیکاحی جاریەی مەملووکەیەو، لەفظی (اجور) بە مەعنا حەقی مارەیی ژنەکانە کە ئەگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکانیان، لەبەر چەند دەلیل:—

یەکەم: سیاقی ئەم چەند ئایەتە پیرۆزە، کە بۆ حەرام کردنی

نیکاحی هەندێ موصاهەرەو ژن و ژن خوازییەو، دەلیلە لەسەر ئەوە کە غەیری ئەو ژنانەی لەپێشەوە ناوبراون دروستە نیکاحیان بکەن و، لەفظی (اجل مسمی) بە قیرائەتی ئاحاد واریدەو قورئان بە قیرائەتی ئاحاد ثابت نابێ.

دووهەم: کەلیمەی (اجور) بۆ مەعنای مزی چوونەلا بەکارنایێ، بەڵکو مەبەس (حق الصداق)ە کە لە چەند ئایەتدا لە قورئاندا هاتووە، وەکوو ئایەتی پیرۆزی (اذا اتیتمو هن اجور هن محصنین غیر مسافحین) ئایەتی پێنجەم لە سوورەتی مائیدە ، یا ئایەتی (إنا أحللنا لك ازواجك اللاتي اتيت أجور هن) ئایەتی پەنجاهەم لە سوورەتی ئەحزاب، یا ئایەتی (ولا جناح عليكم ان تنكحو هن اذا اتيتمو هن اجور هن) . لە هەموو ئەم ئایەتانەدا کەلیمەی (اجور) بە مەعنا صیداق و مارەیی ژنی مارەبڕاوە.

(ولو فرضنا جدلا) قیرائەتی (الى اجل مسمى) ، لەو ئایەتەدا کە کردوویانەتە دەلیل ثابتە ، ئەوە حەمل ئەکرێتە سەر نیکاحی مووەققەت لە سەرەتای ئیسلامدا ، چونکە شارەزایانی دین ئاگاداری ئەوەن کە نیکاحی موتعە، واتە مووەققەت، لە سەرەتای ئیسلامدا دوو جار حەلاڵ کراوەو دوو جار حەرام کراوە، پێش غەزای خەیبەر لە ساڵی شەشەمی کۆچدا حەلاڵ کراو، دوای ئەوە لە غەزای خەیبەردا حەرام کرا. هەروەها جارێکیتر لە ساڵی فەتحی مەککەدا پێغەمبەر حەرامیی نیکاحی مووەققەتی بڕیار داو ڕایگەیاند.

هەروەها لە ساڵی دەی کۆچیدا لە لای کەعبەی شەریفدا ئەو

حەرامییەی دووپات کردەوەو، ئیجماع لەسەر ئەم حەرامییە دامەزرا.

بێجگە لەمانە ئایەتی شەریفی حەوتەمی سوورەتی موئمینون کە ئەفەرموێ: (والذين هم لفروجهم حافظون. الا على أزواجهم أو ما ملكت ايمانهم فانهم غير ملومين . فمن ابتغى وراء ذلك فأولئك هم العادون) و ئایەتی (فمن ابتغى وراء ذلك فأولئك هم العادون) کە ئایەتی سیویەکەمە لە سوورەتی مەعاریج، ئەمانە هەموو نەصصن لەسەر ئەوەی کە نیکاحی ژنی عادەتیو مەملووکە نەبێ هەرچی نیکاحیترە هەمووی حەرامە.

خۆ ئەگەر کەسێ بڵێ: ئەو ئایەتانە لە مەککەی موکەڕڕەمە نازڵ بوونو، نیکاحی موتعە پاش هیجرەت حەڵاڵ کراوە ، ئەوە جوابەکەی بەم جۆرەیە: بەڵێ موسەللەمە کە سوورەتی مەعاریج لە مەککە نازڵ بووە، بەڵام سوورەتی موئمینوون ڕاجیح ئەوەیە هەمووی یا ئەو چەند ئایەتەی ئەووەڵی لە مەدینەی مونەووەرە نازڵ بوون، وە لە فەرزی ئەوەدا کە هەردووکیان مەککی بن ئیمامانی ئیسلام ئیجماعیان هەیە لەسەر ئەوە کە ئەو نیکاحە مووەققەتە دوای ئەوەی لەپێش خەیبەرو لە ساڵی فەتحی مەککەدا حەڵاڵ کرا حەزرەت (د.خ) بە ئاشکراو (على رؤوس الاشهاد) بە هەموو حازرانی ڕاگەیاند کە حەرامە ، بێگومان ئەمەش بەسە بۆ یەکێ کە خودا نووری هیدایەتی کردبێ بە چرای دەروونی. لە خودای گەورە ئەپاڕێمەوە دڵی هەموومان بە نووری ئیسلام مونەووەر بفەرموێ.

يَرِيدُ اللّهُ لِيُبَيِّنَ لَكُمْ وَيَهْدِيَكُمْ سُنَنَ الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ وَيَتُوبَ عَلَيْكُمْ وَاللّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ {٢٦}

خودا ئەیەوێ حوکمەکانی حەڵاڵو حەرامتان بۆ ڕوون بکاتەوە، شارەزای ڕێوشوێنو ڕەوشتو یاسای ئەو پێغەمبەرانەتان بکات کە لە پێش ئێوەدا بوون وەکوو ئیبراهیمو ئیسماعیل. هەروەها ئەیەوێ لە گوناهتان خوش ببێو تەوبەتان لێ قبوولّ بکاتو ئەیەوێ بتانخاتە سەر ڕێگایێ کە ئەنجامەکەی بەختیاریو سەربەرزی هەردوو دنیا بێ. خودا زانایەو کارەکانی پڕ حیکمەتن.

وَاللّهُ يُرِيدُ أَن يَتُوبَ عَلَيْكُمْ وَيُرِيدُ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الشَّهَوَاتِ أَن تَمِيلُواْ مَيْلاً عَظِيمًا {٢٧}

خودا ئەیەوێ ڕێگای ڕاستتان پیشانبداتو لە گوناهتان خۆش ببێ. ئەو گوناهبارە لەخودانەترسانەیش کە دوای ئارەزووی نەفس کەوتوون، دەیانەوێ دوای ئەوان بکەونو ڕێگای چەوت بگرنو بەتەواوی لە ڕێگای ڕاست لا بدەنو تووشی سزای ڕۆژی جەزا ببن.

يُرِيدُ اللّهُ أَن يُخَفِّفَ عَنكُمْ وَخُلِقَ الإِنسَانُ ضَعِيفًا {٢٨}

خودا ئەیەوێ باری سەرشانتان سووك بکا بە دامەزراندنی یاسای نیکاحو جێگیرکردنی خێزان بە جۆرێ کە دوور بن لە غائیلە. بەڕاستی ئینسان بە ضەعیفو کەمتوان دروست کراوە، ئەگەر حوکمەکان سووك نەبن پێی هەڵناگیرێن.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ إِلاَّ

أَن تَكُونَ تِجَارَةً عَن تَرَاضٍ مِّنكُمْ وَلاَ تَقْتُلُواْ أَنفُسَكُمْ إِنَّ اللّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا {٢٩}

ئەی ئەوانەی ئیمانتان هەیە! ماڵو دارایی خۆتان لەناو خۆتانا بە شێوەی بەتاڵو بێبەدەڵ، بە ستەمکاری، یا بە وەرگرتنی ڕیبا، یا بە خەڵەتاندن، مەخۆن. سا مەگەر لەناو خۆتانا بازرگانیو مامەڵە هەبێو لەسەر حەزو ڕەزای هەردولا ئیستیفادە لە ماڵی یەکتر بکەن. خۆتان مەکوژن بە بەخیلی یا بە ئیسراف یا بە خۆ تووشی ناڕەحەتی کردن. خودای گەورە کە ئەم حوکمانەتان بۆ دائەنێ میهرەبانە لەگەڵتاناو ڕەحمتان پێ ئەکات.

وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ عُدْوَانًا وَظُلْمًا فَسَوْفَ نُصْلِيهِ نَارًا وَكَانَ ذَلِكَ عَلَى اللّهِ يَسِيرًا {٣٠}

هەر کەس خۆی بکوژێ یا ئەو کارە حەرامانە بکا کە باسمان کردوونو لە حەق لابداو کاری ناڕەوا بکات، ئەیخەینە ئاگری بەتاوی دۆزەخەوە. ئەم سزادانو تۆڵەلێسەندنەوەیە شتێکی گران نییە بۆ خوداو، خودا دەستی بە سەر هەموو شتێکدا ئەڕوات.

إِن تَجْتَنِبُواْ كَبَآئِرَ مَا تُنْهَوْنَ عَنْهُ نُكَفِّرْ عَنكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَنُدْخِلْكُم مُّدْخَلاً كَرِيمًا {٣١}

ئەگەر خۆتان لە گوناهی گەورە بپارێزن، ئێمە، چاو لە گوناهە بچووکەکانتان ئەپۆشینو ئەتانخەینە شوێنێکی پڕقەدرەوە.

وَلاَ تَتَمَنَّوْاْ مَا فَضَّلَ اللّهُ بِهِ بَعْضَكُمْ عَلَى بَعْضٍ لِّلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِّمَّا اكْتَسَبُواْ وَلِلنِّسَاء نَصِيبٌ مِّمَّا اكْتَسَبْنَ وَاسْأَلُواْ

اللّهَ مِن فَضْلِهِ إِنَّ اللّهَ كَانَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا {٣٢}

تەمەنناو خۆزگە مەخوازن بەو سامانو جێگە کە خودا داویەتی بە هەندێکتانو زیادەیان هەیە بەسەر هەندێکیترا چونکە ئەم تەمەنناو خۆزگەخوازتنە ئەکێشێتەوە یا بۆ حەسەد یا بۆ نارەزایی لە کاری خوداو ڕەخنەلێگرتنی. ئەم دوانەش ئەبنە هۆی ماڵوێرانیی دینو دنیا. پیاوان لە کاسبیی خۆیان بەشیان هەیەو ئافرەتانیش لەو کەسابەتەی ئەیکەن بەهرەمەندنو بەشیان هەیە. ئێوە تەمەننای فەزڵو میهرەبانیی خودا بکەن ، بەتەمای لوتفو کەرەمی ئەو بن. خودا ئاگای لە هەموو شت هەیەو زانایە.

وَلِكُلٍّ جَعَلْنَا مَوَالِيَ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالأَقْرَبُونَ وَالَّذِينَ عَقَدَتْ أَيْمَانُكُمْ فَآتُوهُمْ نَصِيبَهُمْ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدًا {٣٣}

بۆ هەر ماڵێ لە باوكو دایكو خزمە هەرەنزیكەكان پاش مردن بەجێ ئەمێنێ ، میراتبەرمان داناوە هەر میراتبەرێ بەشی خۆی ئەبا. هەروەها ئەوانەیش پەیمانیان بەستوە کە میرات لە یەکتر بەرن، بە مردنی یەکێکیان ئەویتریان میراتی لێ ئەبا . جا کە مادام وایە بەشی شەرعیی میراتبەرەکان بدەن بێ کەم وکووڕی ، خودا ئاگای لە هەموو شت هەیە.

شایانی باسە میراتبردنی هاوپەیمانان لە یەکتر بە ئایەتی (وأولوا الارحام بعضهم أولى ببعض) نەسخ بووەتەوە.

الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللّهُ بَعْضَهُمْ

عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنفَقُواْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ فَالصَّالِحَاتُ قَانِتَاتٌ حَافِظَاتٌ لِّلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ اللّهُ وَاللاَّتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلاَ تَبْغُواْ عَلَيْهِنَّ سَبِيلاً إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلِيًّا كَبِيرًا {٣٤}

پیاوان بەڕێوەبەرو سەرپەرشتیکەری ئافرەتانن . خودا فەزڵی پیاوانی بەهێزو تواناو گورج وگۆڵی داوە بەسەر ژناندا . ئەوەتە پیاوان ئەتوانن کاری گران بکەن و غەزا بکەن و سنوور بپارێزن. بێجگە لەوەیش ژنان لە کاتی حەمل و شیرداندا ئیشیان پێ ناکرێ و ، لە کاتی عوزری شەرعی (ماوەی حەین)دا بۆ هاتنە ناوکۆمەڵ ناشێن. هەروەهابەراورد کراوە ژنان دڵیان لە پیاو ناسکترەو سەبریان لەسەر زەحمەت کەمترە. هەروەها پیاوان ماڵی خۆیان خەرج ئەکەن بۆ ژنەکانیان چ بۆ مارەیی و چ بۆ نەفەقە. جا مادام ژن لە ئیدارەی پیاودا بێت و کاروباری ناوماڵی بو ڕابگرێ پێویستە پیاویش خەرجی و نەفەقەی ناوماڵ بگرێتە ئەستۆ . جا ئەو ژنانە کە صالحن عیبادەتکارن و لەسەر ماڵو ناموسی خۆیان و مێردەکانیان ئەمینن و بە یارمەتی خودا پارێزگاری لە وەزعی خۆیان و مێردەکانیان ئەکەن. ئەو ژنانەش کە ئەیانبینن لە ڕێگا لائەدەن ئامۆژگارییان بکەن. ئەگەر تەمێ کردن و ئامۆژگاری سوودی نەبوو ئەوا لە جێگەنووستندا لەگەڵیان مەبن ، واتە لەگەڵیان مەخەون. ئەگەر ئەوەیش سوودی نەبوو ئەوا لێیان بدەن بەلام لێدانێکی بێ زیان. جا ئەگەر گوێڕایەڵ بوون و هاتنە سەر باری خۆشی و پێکەوەژیانی بەئاسوودەیی ، ئیتر ڕێیان لێ مەگرن و بەهانەیان پێ مەگرن و سەرزەنشتیان مەکەن و ، وا فەرزکەن هیچ لەبەینتانا ڕووی نەداوە.

خوا بەرزەو پایەی بالآیەو لە ئێوە بەدەستەلآترەو گەورەیە، کەواتە لێی بترسنو خۆتان لە گوناه بپارێزن.

وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَابْعَثُواْ حَكَمًا مِّنْ أَهْلِهِ وَحَكَمًا مِّنْ أَهْلِهَا إِن يُرِيدَا إِصْلاَحًا يُوَفِّقِ اللّهُ بَيْنَهُمَا إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرًا{٣٥}

ئەگەر ترسان لە دوژمنایەتیو ناحەزی لەنێوان ژنو مێردا ئەوا دوو حەکەم بنێرنە لایان یەکێ لە کەسوکاری پیاوەکەو یەکێ لە کەسوکاری ژنەکە، ئەگەر نیازیان لەسەر ڕێککەوتن بێ خودا ڕێکیان ئەخا، خودا زانایەو کارەکانی پڕ حیکمەتن.

وَاعْبُدُواْ اللّهَ وَلاَ تُشْرِكُواْ بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَبِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَالْجَارِ ذِي الْقُرْبَى وَالْجَارِ الْجُنُبِ وَالصَّاحِبِ بِالجَنبِ وَابْنِ السَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ إِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبُّ مَن كَانَ مُخْتَالاً فَخُورًا {٣٦}

عیبادەت بۆ خودا بکەنو هیچ جۆرە شەریکێکی بۆ بڕیار مەدەن، نە بت نە غەیری بت . وە لەگەڵ دایكو باوکتان چاك بنو ئازاریان مەدەنو زۆر بە نەوازش دڵیان ڕاگرن . لەگەڵ خزمو خۆیشدا چاك بنو یارمەتییان بدەن . بەزەییتان بە هەتیواندا بێتەوە. لەگەڵ دراوسێی نزیكو دراوسێی دوورتان چاك بن. لەگەڵ ئەوانە کە لە ئیشوکارو سەفەرو مەدرەسەو غەیرەدا لەگەڵتانن چاك بن. یارمەتی موسافیرو لە ماڵو کەسوکار بڕاو بدەن. لەگەڵ ئەو عەبدو جاریانەدا کە موڵکتانن مامەڵەو هەڵسوکەوتتان چاك بێت. خودا ئەو کەسەی خۆشناوێ کە فیز بەسەر خەڵکدا بکاتو خۆی

لەوان بە گەورەتر بزانێ.

الَّذِينَ يَبْخَلُونَ وَيَأْمُرُونَ النَّاسَ بِالْبُخْلِ وَيَكْتُمُونَ مَا آتَاهُمُ اللّهُ مِن فَضْلِهِ وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ عَذَابًا مُّهِينًا {٣٧}

خودا ئەوانەی خۆش ناوێ کە خۆیان ڕژدو پیسکەن و، تەنها بەوەیشەوە ڕاناوەستن بەڵکو ئەمر بە خەڵکیش ئەکەن کە ڕژدو دەس نووقاو بن ، هەروها ئەو دارایی و دەستەلاتەو ئەو زانایی و بەهرەیە کە خودا پێی داون ئەیشارنەوە واتە ئینکاری نیعمەتەکەی خودا ئەکەن بەوەی کە خەڵکی لێ بێبەش ئەکەن ، ئەوەیش ئینکاری نیعمەتی خودا بکا کافرەو ئێمە سزایەکی سەختی سەرشۆڕکەرمان بۆ کافران ئامادە.کردووە.

وَالَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ رِئَـاءَ النَّاسِ وَلاَ يُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَلاَ بِالْيَوْمِ الآخِرِ وَمَن يَكُنِ الشَّيْطَانُ لَهُ قَرِينًا فَسَاءَ قِرِينًا {٣٨}

خودا ئەوانەی خۆش ناوێ کە ماڵی خۆیان بۆ خودا سەرف ناکەن ، بەڵکو بۆ ڕیاو ڕووپامایی سەرفی ئەکەن . ئەمانە بێجگە گوناهی ڕیاکە موسریفیشن و بوونەتە برای شەیتان و باوەڕیان بە خوداو بە ڕۆژی دوایی نی یە، ئەگینا کارێکیان ئەکرد کە هۆی ڕەزامەندیی خودا بێ و بۆ ڕۆژی دوایی بەکاریان بێ. ئەمانە شەیتان هاوڕێ و ڕابەریانە . هەرکەسیش شەیتان هاوڕێ و ڕابەری بێ ئەوە بەدترین ڕەگەز هاوڕێیەتی و بۆ ناخی دۆزەخی ڕائەکێشێ.

وَمَاذَا عَلَيْهِمْ لَوْ آمَنُواْ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَأَنفَقُواْ مِمَّا رَزَقَهُمُ اللّهُ وَكَانَ اللّهُ بِهِم عَلِيمًا {٣٩}

چییان لێ ئەهات و، تووشی چ زیانێ ئەبوون ئەگەر بە ڕاستی ئیمانیان بە خوداو بە ڕۆژی دوایی ببوایەو، لەو ماڵو سامانەی خودا پێی بەخشیون بەشی خەڵکیان بدایەو لەپێناوی ڕەزای خودادا سەرفیان بکردایە؟ بێگومان خودا ئاگای لێیانەو بە هەموو کردەوەو بیروباوەڕێکیان ئەزانێ.

إِنَّ اللّهَ لاَ يَظْلِمُ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ وَإِن تَكُ حَسَنَةً يُضَاعِفْهَا وَيُؤْتِ مِن لَّدُنْهُ أَجْرًا عَظِيمًا {٤٠}

خودا لە پاداشی کردەوەی چاکدا بە ئەندازەی تۆزقاڵێ کەم ناکاتەوەو، بە ئەندازەی تۆزقاڵێ لە تۆڵەی کردەوەی خراپ زیاد ناکات. خۆ ئەگەر تۆزقاڵەکە چاکە بوو ، ئەوا خودا پاداشەکەی چەند قات ئەکاتەوەو لە کەرەمو لوتفی خۆی پاداشی گەورە ئەبەخشێ .

فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِن كُلِّ أمَّةٍ بِشَهِيدٍ وَجِئْنَا بِكَ عَلَى هَـؤُلاء شَهِيدًا {٤١}

ئەبێ حاڵی ئەو کافرانە، لە جوولەکەو لە گاورو غەیری ئەوان، چۆن بێ کە لە ڕۆژی قیامەتدا شاهیدێ لەسەر هەر ئوممەتێ بێنین ، واتە کە پێغەمبەرەکەیان شایەتی لەسەر بێباوەڕیو کردەوەی خراپی کافرەکان بداتو تۆیش بێنین بۆ شاهیدی لەسەر ڕاستیی قسەی پێغەمبەرەکانیان؟

يَوْمَئِذٍ يَوَدُّ الَّذِينَ كَفَرُواْ وَعَصَوُاْ الرَّسُولَ لَوْ تُسَوَّى بِهِمُ الأَرْضُ وَلاَ يَكْتُمُونَ اللّهَ حَدِيثًا {٤٢}

ئا لەو ڕۆژە سەختەدا ئەو کافرانە ئاواتە خوازن لەگەڵ زەوی

تەخت بكرێن‌و بشاررێنەوە. لەو سەعاتەدا ناتوانن هیچ لە خودا بشارنەوە، چونكە ئەگەر نەیڵێن ئەندامەكانی لەشیان دێتە جواب‌و شایەتییان لێ ئەدەن.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَقْرَبُواْ الصَّلاَةَ وَأَنتُمْ سُكَارَى حَتَّىَ تَعْلَمُواْ مَا تَقُولُونَ وَلاَ جُنُبًا إِلاَّ عَابِرِي سَبِيلٍ حَتَّىَ تَغْتَسِلُواْ وَإِن كُنتُم مَّرْضَىَ أَوْ عَلَى سَفَرٍ أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِّنكُم مِّن الْغَآئِطِ أَوْ لاَمَسْتُمُ النِّسَاءَ فَلَمْ تَجِدُواْ مَاءً فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا طَيِّبًا فَامْسَحُواْ بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُمْ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَفُوًّا غَفُورًا{٤٣}

ئەی خاوەن ئیمانەكان! لە كاتی مەستی‌و بێهۆشیدا نزیكی نوێژ مەكەونەوە، واتە: نوێژ مەكەن، تا هوشیار دەبنەوەو ئاگاتان لە قسەی خۆتان ئەبێ، واتە: بە خۆتان ئەزانن كە چی دەڵێن. هەروەها ئەگەر لەش‌پیس بوون، پیاو یا ژن، نزیكی نوێژ مەكەونەوە تا خۆتان ئەشۆن‌و لەش‌پیسیتان لائەچێ، مەگەر لە سەفەردا بن، بەڵێ ئەگەر لە سەفەردا بوون یا نەخۆش بوون بە نەخۆشییەكی وەها كە ئەترسان لەبەكارهێنانی ئاو، یا دەستنوێژتان شكا، یا لەشتان كەوتیێ لە لەشی ئافرەت، بە تەنها لەش‌لێكەوتن یا بە جیماع‌و ئاوتان دەست‌نەكەوت بۆ دەستنوێژگرتن یا بۆ خۆشۆردن، ئەوا ڕوو بكەنە شوێنێكی پاك لە زەویداو دەستی پیا بدەن‌و دەست بێنن بە ڕوخسارتانداو بە هەردوو دەستتاندا بە نییەتی حەڵاڵ‌كردنی نوێژ، بێ‌گومان خودا خاوەن عەفوو تاوانبەخشە.

أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوتُواْ نَصِيبًا مِّنَ الْكِتَابِ يَشْتَرُونَ الضَّلاَلَةَ وَيُرِيدُونَ أَن تَضِلُّواْ السَّبِيلَ {٤٤}

ئەی پێغەمبەر ! سەیری ئەو زانا جوولەکانە ناکەی کە بەشێکی باشیان لە زانیاری دراوەتیێو تەوراتیان هەیەو باشی ئەزانن، کەچی لەباتی ئیمان گومڕاهی ئەکڕنو لەباتی ئەوەی بەگوێی تەورات بکەتو ئیمان بە ئایینی ئیسلام بێنن، ئیختیاری کوفرو گومڕاهی ئەکەنو بەوەشەوە ناوەستن ، بەڵکو ئەیانەوێ ئێوەیش گومڕا بنو لە ڕێی ڕاست لادەن.

وَاللّهُ أَعْلَمُ بِأَعْدَائِكُمْ وَكَفَى بِاللّهِ وَلِيًّا وَكَفَى بِاللّهِ نَصِيرًا{٤٥}

ئەمانە دوژمنی ئێوەن. خودا لە ئێوە باشتر بە دوژمنەکانتان ئەزانێ، بەڵام خودا بەسە بۆ سەرپەرشتیی ئێوەو ، خودا بەسە بۆ یارمەتیدانتان .

مِّنَ الَّذِينَ هَادُواْ يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِ وَيَقُولُونَ سَمِعْنَا وَعَصَيْنَا وَاسْمَعْ غَيْرَ مُسْمَعٍ وَرَاعِنَا لَيًّا بِأَلْسِنَتِهِمْ وَطَعْنًا فِي الدِّينِ وَلَوْ أَنَّهُمْ قَالُواْ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَاسْمَعْ وَانظُرْنَا لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ وَأَقْوَمَ وَلَكِن لَّعَنَهُمُ اللّهُ بِكُفْرِهِمْ فَلاَ يُؤْمِنُونَ إِلاَّ قَلِيلاً{٤٦}

جوولەکەکان هی وایان هەن تەورات لە مەعنای خۆی لا ئەدەنو مەعنای بەتاڵو نارەوای بۆ دائەنێن ، بە زوبان ئەڵێن (سمعنا)

واته: بیستمان‌و فه‌رمانبه‌رداریین ، که‌چی به دڵ ئه‌ڵێن (عصینا) واته به‌گوێت‌ناکه‌ین. هه‌روه‌ها پێت‌ئه‌ڵێن : قســه‌مان ببیســه یا خـوا که‌ڕ بی‌و نه‌یبیسی. پێت ئه‌ڵێن : (راعنا) که به زاهـیر واتـه: چاودێریمـان بکه، به‌ڵام له‌ڕاستیدا ئه‌م که‌لیمه‌یان ئه‌برده‌وه بـۆ مه‌عنایـه‌کی‌تر کـه نه‌فامی بگــه‌یێنیّ‌و جوێـن بـی‌و گاڵتـه‌کردن بـیّ بـه دیـن . له‌ڕاسـتیدا ئه‌گه‌ر له باتی ئه‌م قسانه بیانوتایه: ئه‌ی موحه‌ممه‌د! ئه‌مری تۆمـان بیست‌و به‌گوێت ئه‌که‌ین، قسه‌مان ببیسه‌و بڕوانه بۆمان ، گه‌لیّ باشتر ئه‌بوو بۆیان. ئه‌مانه به‌هۆی کافرییانه‌وه خوا له‌عنه‌تی لیٚکردوون‌و له ڕه‌حمه‌تی ئه‌و دوورکه‌وتوونه‌ته‌وه‌و، که‌مێکیان نه‌بیّ ئیمان ناهێنن.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ آمِنُواْ بِمَا نَزَّلْنَا مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَكُم مِّن قَبْلِ أَن نَّطْمِسَ وُجُوهًا فَنَرُدَّهَا عَلَى أَدْبَارِهَا أَوْ نَلْعَنَهُمْ كَمَا لَعَنَّا أَصْحَابَ السَّبْتِ وَكَانَ أَمْرُ اللّهِ مَفْعُولاً {٤٧}

ئه‌ی کیتابییه‌کان ! ئیمان بێنن بـه‌و قورئانـه‌ی ناردوومانـه بـۆ موحه‌ممه‌د کـه تـه‌صدیقی ته‌وراته‌کـه‌ی ئێـوه ئـه‌کات . ئیمـان بێنـن لــه‌پێش ئــه‌وه‌دا کــه هــه‌ندیّ ڕوخســـار مــــه‌حو بکه‌ینــــه‌وه‌و هه‌ڵیســـووڕێنینه‌وه بـۆ لای پشـته‌وه، یـا له‌عنـه‌تیان لیّ بکــه‌ین‌و بیٚبه‌شیان بکه‌ین له ڕه‌حمه‌تی خودا، وه‌کو له‌عنه‌تمان کـرد له‌وانـه‌ی له مه‌وزووعی ڕۆژی شه‌ممه‌دا موخاله‌فه‌یان‌کرد. خودا هه‌موو شتێکی پیّ ئه‌کریٚ‌و ئه‌مرو خواستی خودا به‌جیٚهاتووه‌و کـراوه‌و کـه‌س ڕێـی پیّ لیّ ناگیریّ.

إِنَّ اللّهَ لاَ يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَن يَشَاء وَمَن يُشْرِكْ بِاللّهِ فَقَدِ افْتَرَى إِثْمًا عَظِيمًا {٤٨}

بێگومان خودا هەرگیز لەوە نابوورێ کە هاوبەشی بۆ بڕیار بدرێ ، بەڵام لە هەرچی گوناهێ لە خوار ئەم گوناهە گەورەوەوە بێ ئەبوورێ بۆ هەرکەس کە خۆی مەیلی لێ بێ. ئەو کەسەی هاوبەش بۆ خودا بڕیار بدا ئەوە تاوانێکی گەورەی کردوەو درۆیەکی زلی هەڵبەستوە.

أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يُزَكُّونَ أَنفُسَهُمْ بَلِ اللّهُ يُزَكِّي مَن يَشَاءُ وَلاَ يُظْلَمُونَ فَتِيلاً {٤٩}

سەیری ئەو کیتابییانە ناکەی کە خۆیان بە چاك ئەزانن و لاف و گەزافی ئەوە لێ ئەدەن کە گوایا خۆشەویستی خودان؟! هەر خودا تەزکیەی کەسێ ئەکا کە خواستی لەسەر بێ و بەچاكزانین ئەوەیە لەوەوە بێ. خودا تەنانەت بە قەدەر ئەو تاڵە باریکەی لە ناو ناوکی خورمادایە ستەم لە کەس ناکات و هەر کەس بەئەندازەی تاوانی خۆی سزا ئەدرێ.

انظُرْ كَيفَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللّهِ الكَذِبَ وَكَفَى بِهِ إِثْمًا مُّبِينًا{٥٠}

سەیریان بکە چ درۆیێکی زل بە دەم خوداوە هەڵئەبەستن ؟ چ بوختانێ ئەکەن کە ئەڵێن ئێمە کوڕی خوداین یا خۆشەویستی خوداین؟ ئای کە ئەوە گوناهێکی گەورەو ئاشکرایە !

أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوتُواْ نَصِيبًا مِّنَ الْكِتَابِ يُؤْمِنُونَ

بِالْجِبْتِ وَالطَّاغُوتِ وَيَقُولُونَ لِلَّذِينَ كَفَرُواْ هَؤُلاء أَهْدَى مِــنَ الَّذِينَ آمَنُواْ سَبِيلاً {٥١}

سەیری ئەو جوولەکانە ناکەی کـە بەشـێکیان لـە کتێبـی خـودا پێدراوە، واتە تـەورات ، ئیمان ئەهێنن بە بتو شتی هیـچو پـووچو، دەربارەی کافرەکانی قورەیش ئـەڵێن: ئەوانـە، واتـە: کافرەکـان لـە موسوڵمانەکان باشترنو ڕێگای ڕاستریان گرتووە!

أُولَـــئِكَ الَّذِينَ لَعَنَهُمُ اللّهُ وَمَن يَلْعَنِ اللّهُ فَلَن تَجِدَ لَـــهُ نَصِيرًا {٥٢}

ئەو کیتابییە درۆزنانە ئەوانەن کە خودا لەعنەتی لێ کردوونو ، هەرکـەس خـودا لەعنـەتی لێ بکـات هیـچ یارمـەتیدەرێکی دەسـت ناکەوێو لە ڕۆژی دواییدا کەس ناگاتە فریای .

أَمْ لَهُمْ نَصِيبٌ مِّــنَ الْمُلْــكِ فَــإِذًا لاَّ يُؤْتُــونَ النَّــاسَ نَقِيرًا{٥٣}

درۆئەکەن کە ئەڵێن لەمەوپاش پادشـایەتیو فـەرمانداری هیـی ئێمـە ئـەبێ! خـۆ ئەگـەر ڕۆژێ لــە ڕۆژان حوکمیــان بــەدەسبـێو داراییان هەبێ بەقەدەر چـاڵی ناوکـە خورمایـەك بـە کـەس نـادەنو خێریان لە دەست نابێتەوە.

أَمْ يَحْسُدُونَ النَّاسَ عَلَى مَآ آتَاهُمُ اللّهُ مِن فَضْلِهِ فَقَــدْ آتَــيْنَآ آلَ إِبْرَاهِــيمَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَــــةَ وَآتَيْنَــاهُم مُّلْكًـــا عَظِيمًا {٥٤}

نەخەیر ، ئەم کیتابییانە هەر بەخیلی ئەبەن بە موسوڵمانەکان، بە موحەممەد و هاوڕێکانی، یا بە عەرەب هەموویان ، یا بە بەرەی ئادەمزاد بە شێوەیێکی گشتی. پێیان ناخۆشە خودا پێغەمبەرێکی بۆ ڕەوانە کردوون و ڕێگای ڕاستی پیشان داون و ، بەسەر کافرەکاندا زاڵی کردوون و سەری خستوون. ئێمە کە ئەم بەهرەیەمان بە موحەممەد داوە شتێکی سەیرو عەجایەب نییە، ئەوەتا پێش ئەمیش کتێب و زاناییمان بەخشی بە ئیبراهیمی باپیریو بە ئالەکەیو فەرمانداریو دەستەلاتێکی گەورەمان پێ دان . خودا هەر ئەو خودایەو بەهرە بە هەرکەس بدات مەیلی خۆیەتی.

فَمِنْهُم مَّنْ آمَنَ بِهِ وَمِنْهُم مَّن صَدَّ عَنْهُ وَكَفَى بِجَهَنَّمَ سَعِيرًا{٥٥}

جوولەکەکان هی وایان هەیە ئیمانی هێنا بە پێغەمبەر یا بەو قسەی دەربارەی حەزرەتی ئیبراهیم کردی ، هی وایشیان هەیە ڕووی لێ وەرچەرخاندو ئیمانی پێ نەهێنا. یا لە خزمەکانی ئیبراهیم هی وایان هەبوو ئیمانی بەو کتێب و حیکمەتە هێناو، هی وایشیان هەبو ئیمانی پێ نەهێنا، کە واتە تۆ ئەی پێغەمبەری خودا عاجز مەبە لەوەی کە ئەم جوولەکانە ئیمان ناهێنن و، هەرگیز ورە بەرمەدە. ئاگری بڵێسەداری دۆزەخ بەسە بۆ سزای کافران و بێباوەڕان کە تیا هەڵقرچێن.

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ بِآيَاتِنَا سَوْفَ نُصْلِيهِمْ نَارًا كُلَّمَا نَضِجَتْ جُلُودُهُمْ بَدَّلْنَاهُمْ جُلُودًا غَيْرَهَا لِيَذُوقُواْ الْعَذَابَ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَزِيزًا حَكِيمًا {٥٦}

بێگومان ئەوانەی کافرن و باوەڕیان بە ئایەتەکانی ئێمە نییە لەمەوپاش ئەیانخەینە ئاگرو ئەیانسووتێنین، کە ئەو پێستەیان پیشاو کولاّ، ئاثاری سووتانەکەی لێ لائەبەین و جارێکیتر هەر ئەو پێستە ناسکە دەسووتێنینەوە بۆ ئەوەی باشتر سزای سووتانەکە بچێژن، یاخۆ ئەو پێستانە بە تەواوی لادەبەین و پێستێکی تازەیان دەکەین بە بەرداو هەم دیسان دەیانسووتێنین. بەڕاستی خودا بەدەستەلاّتەو شتێ نییە لە ژێر دەستەلاّت و توانایی ئەودا نەبێ، هەروەها کارەکانی پڕ حیکمەتن.

وَالَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ سَنُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا لَّهُمْ فِيهَا أَزْوَاجٌ مُّطَهَّرَةٌ وَنُدْخِلُهُمْ ظِـلاًّ ظَلِيلاً {٥٧}

ئەو کەسانەیش کە ئیمانیان هێناوەو کردەوەی باش ئەکەن لەمەوپاش ئەیانخەینە چەند باغ و لالەزارێك کە جۆگای جوان و سازگاریان بە ناودا ئەڕوات و هەتا هەتایە لەو شوێنە خۆشەدا دەمێننەوە. لەو بەهەشتە خۆشەدا هاوسەری پاك و پوخت و بێعەیبیان هەیە. ئەم موسوڵمانانە لە سێبەرێکی هەمیشەسێبەردا بە سەربەرزی ئەیانحەسێنینەوە.

إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤدُّواْ الأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ أَن تَحْكُمُواْ بِالْعَدْلِ إِنَّ اللّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِ إِنَّ اللّهَ كَانَ سَمِيعًا بَصِيرًا {٥٨}

خودا ئەمرتان پێئەکات ئەمانەت بدەنەوە بە خاوەنەکەی و

داگیری نەکەن. هەروەها ئەمرتان پێئەکات کە کاتێ داوەریتان کرد لە بەینی خەڵکدا بە دادو هەق حوکم بکەنو ، لایەنی یەکێکیان مەگرن لەسەر حیسابی لایەکیتر. خودا بە باشترین ئامۆژگاری ئامۆژگاریتان ئەکات. خودا شنەواو بینایەو ئاگای لێتانە. ئەم ئایەتە پیرۆزە، ئەگەرچی حوکمەکەی بە گشتی بۆ هەموو موسوڵمانانە ، بەلاّم خۆی لە ڕۆژی فەتحی مەککەی موکەڕڕەمەدا نازڵ بوو . عوثمانیکوڕی طەلحە کە لەوکاتەدا کافر بوو، دەرگای کەعبەی شەریفی کلیل داو کلیلەکەی لەگەڵ خۆی هەڵگرتو نەیئەدا بە موسوڵمانەکان تا پێغەمبەر (د.خ) بچێتە ژوورەوەو، ئەیوت: ئەگەر بمزانیایە موحەممەد پێغەمبەرە کلیلەکەم ئەدایە . لەوێ حەزرەتی عەلی، ڕەزای خودای لێ بێ ، دەستی عوثمانی کوڕی طەلحەی بادا و بەزۆر کلیلەکەی لێ سەندو، پێغەمبەر (د.خ) چووە کەعبەو دوو ڕکات نوێژی کرد. کە لە کەعبەی شەریفە دەرچوو ئەم ئایەتە پیرۆزە نازڵ بوو، حەزرەت (د.خ) یەکسەر ئەمری کرد بە حەزرتی عەلی (ر.خ) کلیلەکە بداتەوە بە عوثمانی کوڕی طەلحە. کە عوثمان ئەم موعامەلە جوانەی دی یەکسەر موسوڵمان بوو.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ وَأُوْلِي الأَمْرِ مِنكُمْ فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللّهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلاً {٥٩}

ئەی ئەوانەی ئیمانتان هەیە بەگوێی ئەمرەکانی خوداو پەیامی پێغەمبەر بکەن کە لای خوداوە بۆی نێرراوە، هەروەها بەگوێی

ئەوانە بکــەن کــە کاروبــاری موسـولّمانان ئەبـەن بـەڕێوە. مەبەسـتی سەرکردەی موسوڵمانانە چ لە سەردەمی حەزرەتداو (د.خ) و چ دوای ئـەو، کەواتــە خولـەفای ڕاشـیدینو قـاضیو سـەرکردەکانی سـوپای ئیسلامیش ئەگرێتەوە. هەندێ لە ئەهلی تەفسیر وتوویاتە : مەبەست ئیمامی ئیسـلامە. هـەندێ وتوویانـە: مەبەسـت سـەرکردەی سـوپای ئیسلامە، هەندێ ئەڵێن: مەبەست موجتەهیدەکانن. بەڵام لە ڕاستیدا (اولو الامر) ئەمانە هەموو ئەگرێتەوە، چونکە ئەگەر بـەگوێی ئەمانـە نەکرێ ئەبێتە هۆی سەرلێتێکچوونو ئاشووبە، بەڵام بە مـەرجێ ئـەو فەرماندارانـە لـە موسـولّمانان بـن. جـا ئەگـەر خیـلافو ناکۆکییــەك کەوتە بەینتانەوە ئەوا ئەگەر باوەڕتان بە خــوداو ڕۆژی دوایـی هەیـە پێویســتە بیگەڕێننــەوە بــۆ لای فــەرموودەی خــوداو پێغەمبـــەرو حەواڵەی ئەوانی بکەن، تا ئەوان ناکۆکیو خیلافەکانتان چار بکــەنو لەبەر ڕووناکیی ئــەمری ئــەواندا بیبڕنــەوە. چـارکردنی خیلافـەکانتان بەم جۆرە چاکترو جوانترە لەوەی کـە نەیگێڕنـەوە بـۆ لای فـەرمانی خوداو پێغەمبەری خودا.

أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُواْ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُواْ إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُواْ أَن يَكْفُرُواْ بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلاَلاً بَعِيدًا{٦٠}

سەیری ئەو منافقانە ناکەی کـە پێـت ئـەڵێن : باوەڕمـان بـەوە هەیە کە بۆ تۆ نـێرراوەو بـەوەی بـۆ پێغەمبـەرانی پێش تـۆ ڕەوانـە

کراوه، کەچی لەباتی ئەوەی بێنە لای تۆو ئایینی پیرۆزی ئیسلام ، بۆ برینەوەی کارو گیروگرفتیان، ئەیانەوێ بڕۆنە لای ئەوەی کە بەتاڵەو ناتوانێ بە حەقیانەت حوکم بکات ، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەمریان پێکراوە باوەڕ نەکەن بەو بەتاڵەو بەو حوکمدەرە ناحەقە. شەیتان ئەیەوێ بەتەواوی گومڕایان بکات و لە ڕێگای ئایین لایان بدات تا ماڵوێرانی ڕۆژی دواییان بکات . ئەم ئایەتە دەرحەقی یەکێ لە منافقەکان نازڵ بووە کە لەگەڵ جوولەکەیەك بوو بە هەرایان ، جوولەکەکە ئەیویست بچن بۆ لای پێغەمبەر (د.خ) بۆ موحاکەمە، ئەویش ئەیویست بچن بو لای کەعبی کوڕی ئەشرەف کە ئەویش لە منافقەکان بوو، دیارە چونکە ڕازی نەبووە بە حوکمی پێغەمبەر (د.خ) ئەمەیش کوفرە.

وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْاْ إِلَى مَا أَنزَلَ اللّهُ وَإِلَى الرَّسُولِ رَأَيْتَ الْمُنَافِقِينَ يَصُدُّونَ عَنكَ صُدُودًا {٦١}

ئەگەر بە منافقەکان بوترێ: وەرن بۆ پەیڕەویکردنی ئەوەی لەلایەن خوداوە هاتووەو وەرن بۆ لای پێغەمبەر (د.خ) ، ئەیانبینی بەتەواوی ڕووت لێ وەردەچەرخێنن و پشتت لێ هەڵئەکەن!

فَكَيْفَ إِذَا أَصَابَتْهُم مُّصِيبَةٌ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ ثُمَّ جَآؤُوكَ يَحْلِفُونَ بِاللّهِ إِنْ أَرَدْنَا إِلاَّ إِحْسَانًا وَتَوْفِيقًا {٦٢}

حاڵیان چۆنە کە بەهۆی نەهاتنەلای حوکمی خوداو پێغەمبەرەوە تووشی بەلاییك بن ، کە ئەنجامی کردەوەی خۆیانە، لەپاشاندا دێن بۆ لات عوزرت بۆ دەهێننەوەو داوای لێبووردنت لێ ئەکەن و ئەڵێن ئێمە کە موحاکەمەکانمان ئەبرد بەملاولادا

مەبەستمان چاکەکردن‌و ڕێکخستن‌و ئاشتی بوو .

أُولَـئِكَ الَّذِينَ يَعْلَمُ اللّهُ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ وَعِظْهُمْ وَقُل لَّهُمْ فِي أَنفُسِهِمْ قَوْلاً بَلِيغًا {٦٣}

ئەو منافقانە خودا ئاگاداری نیازو کرداریانەو ئەزانێ چی لە دڵیاندایە؟ پاکانەکردن‌و عوزرهێنانەوە دادیان نادات، گوێیان مەدەرێ‌و بیر لەوە مەکەرەوە کە تۆڵەیان لێ بسێنی‌و موعاقەبەیان بکەی . ئامۆژگارییان بکەو بە نەرمی تێیانبگەیێنە کە ئیمان چۆن ئەبێ؟ بە تەنهایی، کە کەس بەدیارەوەنەبێ ، ئامۆژگارییەکی وەهایان بکە کاریان تێ بکات‌و بێگومان ئەگەر دووبەدوو ئامۆژگاریی یەکێ بکرێ زیاتر کاری تێ ئەکات.

وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلاَّ لِيُطَاعَ بِإِذْنِ اللّهِ وَلَوْ أَنَّهُمْ إِذ ظَّلَمُواْ أَنفُسَهُمْ جَآؤُوكَ فَاسْتَغْفَرُواْ اللّهَ وَاسْتَغْفَرَ لَهُمُ الرَّسُولُ لَوَجَدُواْ اللّهَ تَوَّابًا رَّحِيمًا {٦٤}

ئێمە هەر پێغەمبەرێکمان ڕەوانە کردبێ بۆ ئەوەمان ناردوە کە بە ئەمرو ڕەزای خودا بەگوێی بکرێ‌و پەیڕەوی بکرێ. ئەو منافقانە کە ستەمیان لە خۆیان کردو، مورافەعەیان بردە لای ئینسانی بەتاڵ‌و لەخودانەترس، ئەگەر یەکسەر پاش ئەوە بهاتنایەتە لات‌و پەشیمان ببوونایەوەو عوزریان بۆ بهێنایتایەتەوەو داواو نزای لێخۆش‌بوونیان لە خودا بکردایەو، پێغەمبەریش تکای لێخۆشبوونی لە خودای گەورە بۆ بکردنایە، بۆیان دەرئەکەوت کە خوای پاك و بێگەرد زۆر لە پەشیمانی ڕاستەقینە ئەبوورێ‌و زۆر

بەبەزەیی‌و میهرەبانە.

فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا{٦٥}

بێ‌گومان ئیمان بەو جۆرە نابێ کە ئەوان گومان ئەبەن ، قەسەم بەو خودایەی دروستی کردوویت ئەمانە نابنە ئیماندارى ڕاستەقینە تا وایان لێ دێ کە بە ڕەزای دڵ‌و باوەڕەوە تۆ ئەکەنە حەکەم لەو ناکۆکییانەدا کە لەناویاندا ڕووئەدەن‌و، هیچ گرێ لە دڵیاندا نەبێ لەو حوکمە تۆ ئەیدەیت‌و بەتەواوی ملکەچت ئەبن‌و بەگوێت ئەکەن.

وَلَوْ أَنَّا كَتَبْنَا عَلَيْهِمْ أَنِ اقْتُلُواْ أَنفُسَكُمْ أَوِ اخْرُجُواْ مِن دِيَارِكُم مَّا فَعَلُوهُ إِلاَّ قَلِيلٌ مِّنْهُمْ وَلَوْ أَنَّهُمْ فَعَلُواْ مَا يُوعَظُونَ بِهِ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ وَأَشَدَّ تَثْبِيتًا {٦٦}

ئەگەر ئێمە ئەمریان پێ‌بکەین‌و فەرزى بکەین لەسەریان کە خۆیان لە ڕێگای خودادا بدەنە کوشت، یا ئەگەر پێیان بڵێین لە وڵاتی خۆتان دەرچن ، کەمێکی خاوەن باوەڕی ڕاستەقینەیان نەبێ کەسیان نایکەن . بێ‌گومان ئەگەر ئامۆژگارییەکانیان ببیستایەو، پێڕەوییان بکردایە بۆخۆیان چاکتر ئەبوو و زیاتر لەسەر ئایین دائەمەزران.

وَإِذاً لَّآتَيْنَاهُم مِّن لَّدُنَّـا أَجْراً عَظِيمًا {٦٧}

ئەو وەختە ئێمە لە لاى خۆمانەوە پاداشێکی گەورەمان ئەدانەوە.

وَلَهَدَيْنَاهُمْ صِرَاطًا مُّسْتَقِيمًا {٦٨}

هەروەها شارەزامان ئەکردن و ڕێگاییێکی ڕاست و ڕەوانمان پیشان ئەدان .

وَمَن يُطِعِ اللّهَ وَالرَّسُولَ فَأُوْلَـئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللّهُ عَلَيْهِم مِّنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاءِ وَالصَّالِحِينَ وَحَسُنَ أُولَـئِكَ رَفِيقًا{٦٩}

هەرکەس بەگوێی خوداو پێغەمبەری خودا بکات و لە ئەمریان دەرنەچێ، ئەوە لە ڕۆژی دواییدا هاوڕێی پێغەمبەران و هی ئەوانەیە کە نەفسیان بەرز بووەتەوە بۆ لووتکەی خوداناسی، هەروەها هاوڕێی ئەوانەیە کە لە ڕێگای ئایینی ئیسلامی پیرۆزو لەپێناوی ڕەزای خوادا گیانیان باخت ئەکەن و شەهید ئەبن و ، لەگەڵ ئەوانە ئەبن کە عومریان لە ئیطاعەتی خوداو ماڵیان لە ڕێگای ڕەزامەندیی ئەوا سەرف کردووە. ئەمانەش باشترین و جوانترین هاوڕێن و ئەوەی لە گەڵیان بێ سەرفرازە.

ذَلِكَ الْفَضْلُ مِنَ اللّهِ وَكَفَى بِاللّهِ عَلِيمًا {٧٠}

ئەم پاداش و نیعمەتی هاوڕێیەتی پیاوچاکانە بەهرەیێکە لەلایەن خودای گەورەوە. خودا ئەزانێ پاداشی باش بە کێ دەبەخشێ و : کێ شایانیەتی.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ خُذُواْ حِذْرَكُمْ فَانفِرُواْ ثُبَاتٍ أَوِ انفِرُواْ جَمِيعًا{٧١}

ئەی خاوەن ئیمانەکان ! خۆتان بپارێزنو هەمیشە ئامادە بن بۆ وەستان لەڕووی دوژمنداو دەرچن بۆ بەرەنگاری کردنی دوژمن بە چەند کۆمەڵی جیاجیا یا هەمووتان پێکەوە.

وَإِنَّ مِنكُمْ لَمَن لَّيُبَطِّئَنَّ فَإِنْ أَصَابَتْكُم مُّصِيبَةٌ قَالَ قَدْ أَنْعَمَ اللّهُ عَلَيَّ إِذْ لَمْ أَكُن مَّعَهُمْ شَهِيدًا {٧٢}

خودای گەورە باسی ئۆردووەکەی حەزرەت دەکا (د.خ) کە هەم موسوڵمانو هەممنافقیشی تێدا بوو، جا ئەفەرموێ : هی واتان تێدایە خۆی دوادەخاتو لەگەڵتان تێهەڵناچێ . جا ئەگەر ئێوە زیانێکتان لێکەوت ئەوا دەست دەهێنێ بەسەر دڵیداو دەڵێ : خودا ڕەحمی پێکردمو نیعمەتی دامێ کە لەگەڵ شەڕکەرەکان نەبوومو تووشی ئەو زیانە نەهاتم .

وَلَئِنْ أَصَابَكُمْ فَضْلٌ مِّنَ اللهِ لَيَقُولَنَّ كَأَن لَّمْ تَكُن بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُ مَوَدَّةٌ يَا لَيتَنِي كُنتُ مَعَهُمْ فَأَفُوزَ فَوْزًا عَظِيمًا {٧٣}

بەڵام ئەگەر خێرێکی خواتان دەسگیر بوو ، وەك یەکێ هیچ دۆستایەتییەك لە بەینی ئێوەو ئەودا نەبووبێ، ئەڵێ : خوزگا لەگەڵیان بوومایەو منیش بەهرەییێکی گەورەم دەستبکەوتایەو بەشێکی باشم وەربگرتایە .

فَلْيُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللّهِ الَّذِينَ يَشْرُونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا بِالآخِرَةِ وَمَن يُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللّهِ فَيُقْتَلْ أَو يَغْلِبْ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا{٧٤}

جا ئەگەر ئەم منافقانە ، کە سستی ئەکەنو خۆیان لە

مەعزەکە دوائەخەن‌و لەپێناوی ڕەزامەندیی خوادا ناجەنگن ، با ئەوانە کە ژیانی بێ‌بەقای دنیایان بە ژیانی نەبڕاوەی قیامەت فرۆشتووە، لەپێناوی جێگیرکردنی ئایین‌و ڕەزامەندیی خوادا بجەنگن. بێ‌گومان ئەوەی لە ڕێگای خوادا شەڕ بکات ، بکوژرێ یا سەربکەوێ ، لە ڕۆژی پاداشدا پاداشێکی گەورەی ئەدەینەوە.

وَمَا لَكُمْ لاَ تُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ وَالْوِلْدَانِ الَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا أَخْرِجْنَا مِنْ هَـذِهِ الْقَرْيَةِ الظَّالِمِ أَهْلُهَا وَاجْعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ وَلِيًّا وَاجْعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ نَصِيرًا{٧٥}

ئەوە چیتان لێ قەوماوە؟ بۆ دانیشتوون؟ بۆچی لەپێناوی ڕەزامەندیی خوادا ناجەنگن ؟ بۆچی بۆ ڕزگارکردنی ئەو ژن‌و پیاوو منداڵە موسوڵمانە بێ‌دەستەڵاتانە ناجەنگن کە لە مەککە ماونەتەوەو، لەسەر دەستی کافرەکاندا تووشی ئازارو سزا ئەبن‌و بەتەواوی گەیشتوەتە گیانیان‌و لە خودای گەورە ئەپاڕێنەوەو ئەڵێن: خودایا ڕزگارمان بفەرموو لەم دێیە کە کۆمەڵێکی زاڵم‌و ستەمکار دەستیان بەسەریا گرتووەو سزامان ئەدەن . خودایا ، لای خۆتەوە یارمەتیمان بدەو لای خۆتەوە پشتیوانمان بۆ بڕەخسێنە.

الَّذِينَ آمَنُواْ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَالَّذِينَ كَفَرُواْ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ الطَّاغُوتِ فَقَاتِلُواْ أَوْلِيَاء الشَّيْطَانِ إِنَّ كَيْدَ الشَّيْطَانِ كَانَ ضَعِيفًا {٧٦}

بێ‌گومان ئەوانەی ئیمانیان هەیە لە ڕێگای خودادا ئەجەنگن‌و ،

ئەوانــەی کــافرن لــە ڕێگــای شــەیتانو لــەپێناوی شــتی بــەتاڵو هیچوپووچدا ئەجەنگن . دەی ئێوە ئەی خاوەن ئیمانەکان دژی دۆستەکانی شەیتان بجەنگن ، فڕوفێڵـی شـەیتان بێهـێزەو بەرگەی جیهادی ئێوە ناگرێ .

أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ قِيلَ لَهُمْ كُفُّواْ أَيْدِيَكُمْ وَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ وَآتُواْ الزَّكَاةَ فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقِتَالُ إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَخْشَوْنَ النَّاسَ كَخَشْيَةِ اللّهِ أَوْ أَشَدَّ خَشْيَةً وَقَالُواْ رَبَّنَا لِمَ كَتَبْتَ عَلَيْنَا الْقِتَالَ لَوْلا أَخَّرْتَنَا إِلَى أَجَلٍ قَرِيبٍ قُلْ مَتَاعُ الدَّنْيَا قَلِيلٌ وَالآخِرَةُ خَيْرٌ لِّمَنِ اتَّقَى وَلاَ تُظْلَمُونَ فَتِيلاً {٧٧}

سەیری ئەوانە ناکەی کە حەزیان لە جەنگ ئەکردو پێیان وترا: جارێ واز لە جەنگ بێنـن و دەسـتی مـەدەنێو، خـەرێکی نوێـژ بـنو زەکاتی ماڵتـان دەرکـەن ، بـەلآم کـە جیـهادیان لەسـەر فــەرز کــرا کۆمەڵێکیان لە کافرەکان ئەترسان وەك چـۆن لـە خـودا ئەترسـن یـا زیاترو، ئەیانوت : خودایا بۆچی تـۆ جیـهاد ت لەسـەرمان فـەرزکرد؟ خۆزگا ئێمەت مۆڵەت بدایە تا وادەیێکی نزیك . جا تـۆ پێیـان بڵـێ : ڕابواردنی دنیا شتێکی زۆر کەمو بێبەقایە ، بەلآم بۆ ئەو کەسەی لە خـودا بترسـێ ڕۆژی قیامـەتو خۆشـیو پاداشـەکەی زۆر چاکـترە. بێگومـان خـودا عـادڵو بەڕەحمـەو، ئێـوە بـە قـەدەر پـەردەی نـاو دەنکە خورمایەك ستەمتان لێ ناکرێت.

أَيْنَمَا تَكُونُواْ يُدْرِككُّمُ الْمَوْتُ وَلَوْ كُنتُمْ فِي بُرُوجٍ مُّشَيَّدَةٍ وَإِن تُصِبْهُمْ حَسَنَةٌ يَقُولُواْ هَـذِهِ مِنْ عِندِ اللّهِ وَإِن تُصِبْهُمْ

سَيِّئَةٌ يَقُولُواْ هَـذِهِ مِنْ عِندِكَ قُلْ كُلًّ مِّنْ عِنـدِ اللّـهِ فَمَـا لِهَـؤُلاء الْقَوْمِ لاَ يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ حَدِيثًا {٧٨}

له هەركوێ بن مردن پێتان ئەگاتو ناتوانن لێی ڕزگار ببن ، ئەگەرچی لە قەلای بەرزو سەختو قایمکراودا بن. جوولەکەکان ئەگەر نیعمەتو خۆشییەك ڕوویان تێبكات ئەڵێن : ئەمە لە خوداوەیە ، بەلام ئەگەر ناخۆشیو بەلایەك تووشیان ببێ ئەڵێن : ئەمە له نەگبەتی تۆوەیە. ئەی موحەممەد، پێیان بڵێ : خۆشیو نیعمەتو نەگبەتی هەرمووی هەر خودا دروستی ئەكاتو سەرچاوەی دروست كردنی هەر ئەوە. ئەم كۆمەڵە چییان لێ قەوماوە كە تۆ قورئانیان بۆ دەخوێنیتەوەو ئامۆژگارییان ئەكەی تێناگەن ؟

مَّا أَصَابَكَ مِنْ حَسَنَةٍ فَمِنَ اللّهِ وَمَا أَصَابَكَ مِن سَـيِّئَةٍ فَمِـن نَّفْسِكَ وَأَرْسَلْنَاكَ لِلنَّـاسِ رَسُـولاً وَكَفَـى بِاللّـهِ شَـهِيدًا {٧٩}

ئەی بنیادەم ! هەر چاكەو نیعمەتێكت پێبگا لە خوداوەیەو هی لوتفو مەرحەمەتی ئەوە. تۆ ، هەرچی تاعەتە بیكەیت بەرامبەر بە نیعمەتی بوونەكەت نییەو لێی نامێنێتەوە بۆ پاداش. هەر بەلاو نەگبەتیو مایەسزاییێكیشت تووش بێ له نەفسو ئارەزووی خۆتەوەیە: ئەو ڕاتئەكیشێ بو ئەو ئەنجامە، بەلام نیعمەتو مصیبەت ، وەك شتێكی دروستكراو ، كردەی خودان.

ئەی موحەممەد ئێمە تۆمان ناردوه بە پێغەمبەری بۆ هەموو بەرەی ئادەمزاد ، خودا باشترین شاهیدە لەسەر پێغەمبەرایەتیتو

به موعجیزه یارمەتی داویت.

مَنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللّهَ وَمَن تَوَلَّى فَمَا أَرْسَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا {٨٠}

هەرکەس بەگوێی پێغەمبەری خودا بکا ئەوە بەگوێی خودای کردوە، چونکە ئەوەی پێغەمبەر (د.خ) ئەیگەیێنێ لای خوداوە بۆی هاتووە. ئەوەیش سەرپێچی کردو بەگوێی نەکردی ئەوا تۆمان بۆ ئەوە نەناردوە بیانپارێزی. تۆمان تەنها بۆ ئەوە ناردووە رێگای راستو لاریان پیشان بدەی، تو پێغەمبەرو فروستادەیتو خودا نیت.

وَيَقُولُونَ طَاعَةٌ فَإِذَا بَرَزُواْ مِنْ عِندِكَ بَيَّتَ طَآئِفَةٌ مِّنْهُمْ غَيْرَ الَّذِي تَقُولُ وَاللّهُ يَكْتُبُ مَا يُبَيِّتُونَ فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ وَتَوَكَّلْ عَلَى اللّهِ وَكَفَى بِاللّهِ وَكِيلاً {٨١}

کە دێنە لاتو ئەمرێکیان پێئەکەیت ئەڵێن حازرینو لە قسەت دەرناچین، کەچی کە لای تۆ دەرچوون غەیری ئەوە ئەڵێن کە بە تۆیان وتوە. خودا ئاگای لەوەیە کە ئەیلێنو بڕیاریان داوەو لێی ناشارێتەوە. کەواتە گوێیان مەدەرێو موبالاتیان پێمەکە. تۆ ئەوەی لەسەرتە کردووتە. پشت بە خودای گەورە ببەستە. خودا باشترین کەسێکە لە زیانی ئەوانە بتپارێزێ.

أَفَلاَ يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ اللّهِ لَوَجَدُواْ فِيهِ اخْتِلاَفًا كَثِيرًا {٨٢}

بۆ لەم قورئانە وردنابنەوە؟ بۆ باش بیری لێ ناکەنەوە تا بۆیان دەرکەوێ کەلامی خودایەو لە غەیبەوە هاتووە؟ ئەگەر قسەی

خودا نەبوایەو هی یەکێکی‌تر بوایە جیاوازی‌و ناکۆکییەکی زۆریان تێدا ئەبینییەوە ، هەندێکی فەصیح‌و هەندێکی نافەصیح‌و ، هەندێکی بەلیغ‌و هەندێکی نابەلیغ‌و ، هەندێکی لەگەڵ عەقڵ گونجاوو هەندێکی نەگونجاو دەبوو.

وَإِذَا جَاءَهُمْ أَمْرٌ مِّنَ الأَمْنِ أَوِ الْخَوْفِ أَذَاعُواْ بِهِ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَى أُوْلِي الأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنبِطُونَهُ مِنْهُمْ وَلَوْلاَ فَضْلُ اللّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ لاَتَّبَعْتُمُ الشَّيْطَانَ إِلاَّ قَلِيلاً {٨٣}

هەندێ لە موسوڵمانەکان ئەگەر جاروبار دەنگوباسێکی وەهایان ببیستایە ئاسایش‌و هێمنی موسوڵمانانی تێدا بوایە ، یا ترس‌و دوودڵی‌و نائارامی بخستایەتە ناویانەوە بلاویان ئەکردەوە بەناو خەڵقا ، ئەگەرچی ببوایەتە هۆی پەریشانیی موسوڵمانان. ئەم جۆرە کەسانە وا باش بوو ئەو دەنگ‌و باسە یەکسەر بەرنە لای پێغەمبەر (د.خ)و لای کاربەدەستان‌و تێگەیشتوانیان ، جا ئەوان لە شتەکەیان ئەکۆڵییەوەو ئەیانزانی چۆن باس ئەکرێ‌و لەئەنجامدا ئەوانیش تێئەگەیشتن . ئەگەر گەورەیی‌و میهرەبانیی خوداش نەبوایە لەگەڵتان کەمێکتان نەبێ دوای شەیتان ئەکەوتن‌و گومڕا ئەبوون.

فَقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللّهِ لاَ تُكَلَّفُ إِلاَّ نَفْسَكَ وَحَرِّضِ الْمُؤْمِنِينَ عَسَى اللّهُ أَن يَكُفَّ بَأْسَ الَّذِينَ كَفَرُواْ وَاللّهُ أَشَدُّ بَأْسًا وَأَشَدُّ تَنكِيلاً{٨٤}

تۆ له ڕێگای خوداو ئایینی خودادا بجەنگەو جیهاد بکه . تۆ له کاری خوت نەبێ بەرپرس نیت . ئەوەی لەسەرتە نەفسی خۆتـه، بـۆ خەڵکیتر تەنها تەبلیغت لەسەره. هانی موسوڵمانەکان بده له ڕێگای خودادا بجـەنگن. بـەڵکو خـودا شـەڕی کافرانتـان لێ لا دا. خـودا لـه کافرەکان بەهێزترەو لەوان باشتر ئەتوانێ سزاو ئازار بدا.

مَّن يَشْفَعْ شَفَاعَةً حَسَنَةً يَكُن لَّهُ نَصِيبٌ مِّنْـــهَا وَمَــن يَشْفَعْ شَفَاعَةً سَيِّئَةً يَكُن لَّهُ كِفْلٌ مِّنْهَا وَكَانَ اللّهُ عَلَى كُــــلِّ شَيْءٍ مُّقِيتًا{٨٥}

هەرکـەس تکـایێ بـۆ جێبـەجێکردنی کـارێکی حـەلاڵو بـۆ قازانجی برای موسڵمانی بکا ، ئەوه پاداشی چاکی لەو تکایه دەست ئەکەوێو له خێرەکەیدا هاوبەش ئەبێ. هەروەها هەرکەس تکایێ بـۆ جێبەجێکردنی کارێکی حەرامو ناڕەواو کردنی ناحەق به حـەق بکا ئەوه له گوناهەکەداو له سزای ئەو تاوانەدا هاوبەشه. خـودا دەسـتی بەسەر هەموو شتێکدا ئەڕوات.

وَإِذَا حُيِّيْتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّواْ بِأَحْسَنَ مِنْهَا أَوْ رُدُّوهَا إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ حَسِيبًا {٨٦}

ئەگەر سـەلامتان لێکرا ئێـوەش بـه سـەلامێکی جوانـتر وەڵام بدەنەوه، یا هــەر هیـچ نـەبێ وەك ئـەو وەڵام بدەنـەوه . بـۆ نموونـه ئەگەر یەکێك سەلامی لێکردیتو وتی : (السلام عليك) تۆ له وەڵامیا بڵێ : (وعليك السلام ورحمة الله) ئەگەر وتــی: (السـلام عليـك ورحمـة الله) تۆ بڵێ : (وعليك السلام ورحمة الله وبركاته) . خـۆ ئەگـەر وایـش

ناکەیت ئەوا بەقەدەر سەلامەکەی ئەو وەلاّم بدەرەوە، واتە: لە نموونەی یەکەمدا بڵێ: (وعليك السلام)و، لە نموونەی دووهەمدا بڵێ : (وعليك السلام ورحمة الله) . لەم ئایەتە پیرۆزەوە دەرئەکەوێ جوابی سەلام واجبەو نابێ پشتگوێ بخرێ.

اللّهُ لا إِلَـــهَ إِلاَّ هُوَ لَيَجْمَعَنَّكُمْ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ لاَ رَيْـــبَ فِيهِ وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ اللّهِ حَدِيثًا {٨٧}

(الله) کەس نییە بەڕاستی عیبادەتی بۆ بکرێ ئەو نەبێ. بە خودا قەسەم لە ڕۆژی قیامەتدا کۆ دەکرێنەوەو لە هەرکوێ بن بەرەو مەحشەر ئەکرێنەوە. ئەم کۆکردنەوەیە ڕاستەو هیچ جۆرە گومانێکی تێدا نییە. کێ بێ لە خودای پەروەردگارو گەورە ڕاستگۆتر بێ؟

فَمَا لَكُمْ فِي الْمُنَافِقِينَ فِئَتَيْنِ وَاللّهُ أَرْكَسَهُم بِمَا كَسَـــبُواْ أَتُرِيدُونَ أَن تَهْدُواْ مَنْ أَضَلَّ اللّهُ وَمَن يُضْلِلِ اللّهُ فَلَن تَجِـــدَ لَهُ سَبِيلاً {٨٨}

ئەوە بۆچی لە حاڵی ئەو منافقانەدا کە لە مەدینە دەرچوون بۆ بادیەو گەیشتنە کافرەکان، ئێوە بوون بە دوو تاقم ، تاقمێکتان بە کافریان ئەزانن‌و تاقمێکی‌ترتان بە کافریان دانانێن؟ خودا ئەوانەی سەرەوەژێر کردوەتەوە بەرەو دۆزەخ بەهۆی کردەوەی خراپیانەوە. تازە ئێوە ئەتانەوێ هیدایەتی کەسێ بدەن کە خودا گومڕای کردوە؟ هەرکەس خودا گومڕای بکات تۆ هیچ چارێکی بۆ نادۆزیتەوە.

وَدُّواْ لَوْ تَكْفُرُونَ كَمَا كَفَرُواْ فَتَكُونُونَ سَوَاءً فَلاَ تَتَّخِذُواْ

مِنْهُمْ أَوْلِيَاءَ حَتَّىَ يُهَاجِرُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَخُذُوهُمْ وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ وَجَدتَّمُوهُمْ وَلاَ تَتَّخِذُواْ مِنْهُمْ وَلِيًّا وَلاَ نَصِيرًا{٨٩}

كافرەكان حەزئەكەن ئێوەش وەك ئەوان كافر بنو وەك يەكتان لێ بێ . هەرگیز دۆستو برادەر لەمانە رامەگرنو دۆستايەتييان لەگەلْ مەكەن تا دلْنيا ئەبن لەوەی كە ئيمانيان هەيەو كۆچيان لەپێناوی رەزای خوداو پێغەمبەری خودادايە. جا ئەگەر سەرپێچييان كرد ئەوا بە ديل بيانگرنو لە هەركوێ بەردەستتان كەوتن بيانكوژنو ، هەرگيز بە دۆستو يارمەتيدەرو پشتگيريان حسێب مەكەن.

إِلاَّ الَّذِينَ يَصِلُونَ إِلَىَ قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُم مِّيثَاقٌ أَوْ جَآؤُوكُمْ حَصِرَتْ صُدُورُهُمْ أَن يُقَاتِلُوكُمْ أَوْ يُقَاتِلُواْ قَوْمَهُمْ وَلَوْ شَاءَ اللّهُ لَسَلَّطَهُمْ عَلَيْكُمْ فَلَقَاتَلُوكُمْ فَإِنِ اعْتَزَلُوكُمْ فَلَمْ يُقَاتِلُوكُمْ وَأَلْقَوْاْ إِلَيْكُمُ السَّلَمَ فَمَا جَعَلَ اللّهُ لَكُمْ عَلَيْهِمْ سَبِيلاً{٩٠}

ئەوانی نەبێ كە ئەچنە لای قەومێك كە لە بەينی ئێوەو ئەوقەومەدا پەيمان هەبێو ، بەلێنتان بە يەكتر دابێ كە شەڕ لەگەلْ يەك نەكەنو ، هەر كەس پەنا بە يەكێ لە ئێوەو ئەوان بەرێ دەستی لێ نەوەشێنرێ ، يا ئەوانەی كە دێن بۆ لاتانو حەز ناكەن شەڕ لەگەلْ ئێوە يا لەگەلْ قەومەكەی خۆيان بكەن ، ئەوانە وازيان

لێ بێنن. ئەگەر خودا بیویستایە ئەوانەی بەسەرتانا زاڵ ئـەکردو دژی ئێوە ئەجەنگان، جا ئەگەر کەنارەگیر بوونو دژتان نەجووڵانەوەو بە هێمنی دانیشتن لەگەڵتان، خودا ڕێگای ئەوەتان پێ نادا بیانکوژن یا بە دیل بیانگرن.

سَتَجِدُونَ آخَرِينَ يُرِيدُونَ أَن يَأْمَنُوكُمْ وَيَأْمَنُواْ قَوْمَهُمْ كُلَّ مَا رُدُّوَاْ إِلَى الْفِتْنِةِ أُرْكِسُواْ فِيِهَا فَإِن لَّمْ يَعْتَزِلُوكُمْ وَيُلْقُواْ إِلَيْكُمُ السَّلَمَ وَيَكُفُّوَاْ أَيْدِيَهُمْ فَخُذُوهُمْ وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثِقِفْتُمُوهُمْ وَأُوْلَـئِكُمْ جَعَلْنَا لَكُمْ عَلَيْهِمْ سُلْطَانًا مُّبِينًا {٩١}

هەندێکیتر ئەبینن ئەیانەوێ ئەمین بن لە ئێـوەو ئـەمینیش بـن لــە کۆمەڵەکـەی خۆیـان ، هــەر کاتــێ بــانگ بکرێــن بــۆ فیتنــە هەڵــگیرساندنو ئاژاوەنانــەوە دژی موســولْمانان چاکــتر تێهەڵئەچنەوەو خراپتر تێیدا هەڵدەسووڕێن !. جا ئەگەر ئەمانــە واز لــە دوژمنایــەتیی ئێـوە نــەهێننو کــەنار نــەگرنو داوای ئــەمانتان لێ نەکــەنو دەسـتبـەردار نـەبن لــە زیـانداان لــە ئێـوە ئـەوا بیــانگرنو بیـانکوژن لـە هــەر شـوێنێ دەسـتتان بـڕوا بەسـەریاندا . سـەبارەت بەمانە ئێمە حوججەتێکی ڕووناکو حەقمان پێداون کە بیانکوژن .

وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَن يَقْتُلَ مُؤْمِنًا إِلاَّ خَطَئًا وَمَن قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَئًا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ إِلاَّ أَن يَصَّدَّقُواْ فَإِن كَانَ مِن قَوْمٍ عَدُوٍّ لَّكُمْ وَهُوَ مْؤْمِنٌ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ وَإِن كَانَ مِن قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ مِّيثَاقٌ فَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ وَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةً فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ

شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ تَوْبَةً مِّنَ اللّهِ وَكَانَ اللّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا{٩٢}

بۆ هیچ خاوەن ئیمانێ ڕەوا نی‌یە موسوڵمانێ بکوژێ ، بە هەڵەو لەدەس‌دەرچوون نەبێ . جا ئەگەر موسوڵمانێ بە هەڵە موسوڵمانێکی‌تر بکوژێ ئەوە پێویستە لەسەری لە کەفارەتی ئەو کوشتنەدا بەندەییێکی موسوڵمان ئازاد بکات ، هەروەها خوێن‌بایی کوژراوەکەیش ، کە سەد وشترە ، بە میراتبەرەکانی بدات ، سا مەگەر لەو خوێن‌بایی‌یە خۆش ببن‌و پێی ببەخشن . خۆ ئەگەر کوژراوەکە لە قەومێ بوو کە دوژمن بە ئێوە بوون ، بەڵام موسوڵمان بوو ، ئەوە لە کەفارەتی‌دا واجبە بەندەییێکی موسوڵمان ئازاد بکرێ، وەئەگەر کوژراوەکە لە قەومێ بوو کە لەبەینی ئێوەو ئەواندا پەیمان هەبوو ئەوە پێویستە خوێن‌بابییەکەی بە میراتبەرەکانی بدرێ‌و بەندەییێکی موسوڵمانیش ئازاد بکرێ . جا ئەگەر دەستی نەئەڕۆیشت بەندەییێکی موسوڵمان ئازاد بکات واجبە دوومانگ دوابەدوای یەك بەڕۆژوو بێ . ئەمە لای خوداوە کراوە بە هۆی تەوبەی ئەو پیاوکوژە . خودا زانایەو کارەکانی پڕ لە حیکمەتن .

وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُّتَعَمِّدًا فَجَزَآؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا {٩٣}

هەرکەسێ موسوڵمانێ بە عەمدی بکوژێ ئەوە جەزاکەی دۆزەخێکە هەتا هەتایە تیا ئەمێنێتەوەو ، خودا ڕقی لێی هەڵئەستێ‌و نەفرینی لێ ئەکاو سزاییێکی گەورەی بۆ ئامادە کردووە .

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا ضَرَبْتُمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ فَتَبَيَّنُواْ وَلاَ تَقُولُواْ لِمَنْ أَلْقَى إِلَيْكُمُ السَّلاَمَ لَسْتَ مُؤْمِنًا تَبْتَغُونَ عَرَضَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا فَعِندَ اللّهِ مَغَانِمُ كَثِيرَةٌ كَذَلِكَ كُنتُم مِّن قَبْلُ فَمَنَّ اللّهُ عَلَيْكُمْ فَتَبَيَّنُواْ إِنَّ اللّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا{٩٤}

ئەی خاوەن ئیمانەکان ! کاتێ چوون بۆ سەفەری جیهاد لە ڕێگەی خودادا زۆر چاك ورد ببنەوە لە ئەحوالّی خەڵك تا کافرو موسوڵمان لە یەك جیا بکەنەوە . پەلە مەکەنو مەڵێن بەو کەسەی سەلامتان لێ ئەکات : تۆ موسوڵمان نیتو لەبەر پاراستنی گیانی خۆت سەلام ئەکەیت ! پەلە مەکەن لە کوشتنیدا بۆ تاڵانو سامانی دنیا ؛ لای خودا سامانو دەوڵەتی زۆر هەیە . ئێوەش لە مەوپێش وا بوونو بۆ پاراستی سەرو ماڵتان کەلیمەی شەهادەتتان بە دەما ئەهات ، لەپاشان خودا لوتفی لەگەڵ کردنو لەسەر ئیمانو ئیسلام دایمەزراندنو جێگیری کردن ؛ کەواتە لە دەستوەشاندندا پەلە مەکەن ، با هەموو شتتان لێ ڕوون بێتەوە . خودا لە کردەوەتان ئاگادارەو هیچی لێ ون نابێ .

لاَّ يَسْتَوِي الْقَاعِدُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُوْلِي الضَّرَرِ وَالْمُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فَضَّلَ اللّهُ الْمُجَاهِدِينَ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ عَلَى الْقَاعِدِينَ دَرَجَةً وَكُلاًّ وَعَدَ اللّهُ الْحُسْنَى وَفَضَّلَ اللّهُ الْمُجَاهِدِينَ عَلَى الْقَاعِدِينَ أَجْرًا عَظِيمًا{٩٥}

ئەو موسوڵمانانەی ساغو سەلیمنو دەردو نەخۆشییان نیە ،
کەچی دانیشتوونو ناچن بۆ جیهاد ، هەرگیز پایەیان وەکوو ئەو
موسوڵمانانە نیە کە بە سەرو ماڵ لە ڕێگای خودادا جیهاد ئەکەن .
ئەوانە کە بە سەرو ماڵ لە ڕێگای خودادا جیهاد ئەکەن خودا فەزڵی
داون بەسەر ئەو دانیشتوانەدا کە عوزریان نیەو جیهاد ناکەن .
جیهادکاران پایەی بەرزو بالایان هەیە . خودا بەڵێنی بە هەموو
موسوڵمانان داوە کە پاداشی چاکیان بداتەوە ، بەڵام جیهادکارانی
فەزڵ داوە بەسەر دانیشتوانداو پایەو پاداشی گەورەی بۆ داناون .

دَرَجَاتٍ مِّنْهُ وَمَغْفِرَةً وَرَحْمَةً وَكَانَ اللّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا{٩٦}

ئەو پاداشە بریتیە لە چەند پایەیێکی بەرزو لە گوناه
خۆشبوونو بەزەییو میهرەبانییە . خودا گوناهپۆشو میهربانە.

إِنَّ الَّذِينَ تَوَفَّاهُمُ الْمَلآئِكَةُ ظَالِمِي أَنْفُسِهِمْ قَالُواْ فِيمَ كُنتُمْ قَالُواْ كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِي الأَرْضِ قَالْوَاْ أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ اللّهِ وَاسِعَةً فَتُهَاجِرُواْ فِيهَا فَأُوْلَـئِكَ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَسَاءتْ مَصِيرًا {٩٧}

ئەوانەی مەلائیکە گیانیان ئەکێشیو لە دنیادا ستەمیان لە
خۆیان کردوەو ، کۆچیان نەکردوە لەپێناوی یارمەتیدانی پێغەمبەرو
ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا مەلائیکەکان پێیان ئەڵێن : لەکوێ بوون ؟
هەڵوێستتان سەبارەت بە دین وبە یارمەتیدانی پێغەمبەر چۆن بوو ؟
بۆ هیچتان نەکرد ! ؟ ئەوانیش لە وەڵامدا ئەڵێن ئێمە کۆمەڵێکی

بیٚهێزو ژێردەستە بووین هیچمان پیٚ نەئەکرا ! مەلائیکەکان پێیان ئەفەرموون : ئەی مولکی خودا پان و پۆڕ نەبوو و دنیا بەربڵاو نەبوو، بۆ وەکوو ئەوانەی چوون بۆ مەدینەو بۆ حەبەشەو مەککەیان بەجیٚهێشت ئێوەیش کۆچتان نەکردو ولاتی ستەمتان بەجیٚنەهێشت؟ ئەوانە جێگایان دۆزەخە کە ناخۆشترین شوێنە .

إِلاَّ الْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ وَالْوِلْدَانِ لاَ يَسْتَطِيعُونَ حِيلَةً وَلاَ يَهْتَدُونَ سَبِيلاً {٩٨}

ئەوانە نەبیٚ کە داماوو بیٚدەستەڵاتن لە پیاوو ژن و منداڵانی بیٚ سەروبەر کە ناتوانن کاری خۆیان راپەڕێنن و دەستەوەستانن‌و ڕێگای ولاتان شارەزا نین .

فَأُوْلَـئِكَ عَسَى اللّهُ أَن يَعْفُوَ عَنْهُمْ وَكَانَ اللّهُ عَفُوًّا غَفُورًا{٩٩}

ئەوانە هیوا وایە خودا عەفویان بکات . خودای گەورە تاوانبەخش‌و گوناهپۆش‌و میهرەبانە .

وَمَن يُهَاجِرْ فِي سَبِيلِ اللّهِ يَجِدْ فِي الأَرْضِ مُرَاغَمًا كَثِيرًا وَسَعَةً وَمَن يَخْرُجْ مِن بَيْتِهِ مُهَاجِرًا إِلَى اللّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ يُدْرِكْهُ الْمَوْتُ فَقَدْ وَقَعَ أَجْرُهُ عَلىَ اللّهِ وَكَانَ اللّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا {١٠٠}

هەرکەس ولاتی خۆی بەجیٚبێڵیٚ لەپێناوی یارمەتیدانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامداو کۆچ بکات ، ئەوە ئارامگای باش و شوێنی حەسانەوەی زۆری لەسەر زەوی دەست دەکەویٚو ، ژیانی ئەکەوێتە

خۆشیو لە تەنگانەییو دەستکورتی ڕزگار ئەبێ . هەرکەس لە ماڵو حاڵی خۆی دەرچێو کۆچ بکات بۆ لای خواو پێغەمبەری خودا بۆ یارمەتیدانی ئایینو لە ڕێگەدا بمرێ ئەوە بێگومان پاداشی لای خودایە. خودا تاوانبەخشو میهرەبانە .

وَإِذَا ضَرَبْتُمْ فِي الأَرْضِ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَقْصُرُواْ مِنَ الصَّلاَةِ إِنْ خِفْتُمْ أَن يَفْتِنَكُمُ الَّذِينَ كَفَرُواْ إِنَّ الْكَافِرِينَ كَانُواْ لَكُمْ عَدُوًّا مُّبِينًا {١٠١}

کە کەوتنە سەفەر ، ئەگەر ترستان بوو لەوەی کافرەکان تووشی ئازارتان بکەنو زیانتان لێ بدەن ، گوناهبار نابن ئەگەر هەندێ لە نوێژەکانتان کورت بکەنەوە ، واتە : چوار ڕکاتی بکەن بە دوو ڕکات ؛ بە ڕاستی کافرەکان دوژمنێکی ئاشکراتانن .

وَإِذَا كُنتَ فِيهِمْ فَأَقَمْتَ لَهُمُ الصَّلاَةَ فَلْتَقُمْ طَآئِفَةٌ مِّنْهُم مَّعَكَ وَلْيَأْخُذُواْ أَسْلِحَتَهُمْ فَإِذَا سَجَدُواْ فَلْيَكُونُواْ مِن وَرَآئِكُمْ وَلْتَأْتِ طَآئِفَةٌ أُخْرَى لَمْ يُصَلُّواْ فَلْيُصَلُّواْ مَعَكَ وَلْيَأْخُذُواْ حِذْرَهُمْ وَأَسْلِحَتَهُمْ وَدَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ لَوْ تَغْفُلُونَ عَنْ أَسْلِحَتِكُمْ وَأَمْتِعَتِكُمْ فَيَمِيلُونَ عَلَيْكُم مَّيْلَةً وَاحِدَةً وَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِن كَانَ بِكُمْ أَذًى مِّن مَّطَرٍ أَوْ كُنتُم مَّرْضَى أَن تَضَعُواْ أَسْلِحَتَكُمْ وَخُذُواْ حِذْرَكُمْ إِنَّ اللَّهَ أَعَدَّ لِلْكَافِرِينَ عَذَابًا مُّهِينًا {١٠٢}

کاتێ تۆ ئەی پێغەمبەر لەناو سوپادا بوویو ویستت نوێژیان بە جەماعەت لەگەڵ بکەیت ، ئەوە پێویستە سوپاکە ببنە دوو تاقم ،

جا با تاقمێکیان لەگەڵت نوێژ بکەن و ڕاوەستن لەگەڵت ، با ئەوانەی لەگەڵتن چەکەکانیان لەگەڵ خۆیان هەڵگرن بۆ قایمەکاری . ئەنجا کە ئەم تاقمە سوجدەیان برد لەگەڵت با ئەوانە کە نوێژ ناکەن لەدواوە پاستان بکەن ، جا ئەو تاقمەی کە تا ئەو وەختە پاسیان کردوە با بێن و نوێژت لەگەڵ بکەن . با ئیحتیات بکەن و چەکەکانیان هەڵگرن لەگەڵ خۆیان . کافرەکان زۆریان پێ خۆشە ئێوە بێئاگا بن لە چەك و شتومەکەکانتان تا بە گورجی ڕووتان تێبکەن و هێرش بەرنە سەرتان و زیانتان لێ بدەن و پەرێشانتان بکەن. بەڵام ئەگەر نەخۆش بوون یا باران و تەڕوتوشی بوو ئەوە قەیناکا هەڵینەگرن ، بەڵام ئاگادارو وریا بن . خودای گەورە سزایێکی ئابڕووبەری بۆ کافرەکان ئامادە کردوە .

جارێکیان پێغەمبەر (د.خ)و هاوڕێکانی لە (بطن نخلة) لە جەنگدا بوون دژی کافرەکان ، دوو جار ئیمامەتی کرد بۆ موسوڵمانان ، واتە: تاقمی یەکەم نوێژەکەیان بەتەواوی لەگەڵ پێغەمبەر کرد . کە لێبوونەوەو چوون بۆ ڕووبەڕوویی دوژمن ، تاقمەکەیتر هاتن و حەزرەت (د.خ) ئیمامەتی بۆ ئەمانیش کردو ، ڕۆیشتن بو ڕوویەڕوویی دوژمن . هەروەها جارێکیتریش لە غەزای (ذات الرقاع) دا ، لە نوێژێکی دوو ڕکاتیدا بەم جۆرەی خوارەوە نوێژی بۆ کردن : ڕکاتێکی بە کۆمەڵی یەکەم کرد. کە ڕاست بوویەوە بۆ ڕکاتی دووهەم ئەوان ڕکاتەکەیتریان بە تەنها کردو سەلامیان دایەوەو ڕۆیشتن بۆ ڕووبەڕوویی دوژمن . پێغەمبەر(د.خ) بە ڕاوەستانەوە چاوەڕوانی کۆمەڵی دووهەمی کرد ، کەهاتن ڕکاتێکی

بەوانیش کردو سەلامی نەدایەوە ، بەڵکو چاوەڕوانی کردن تا ئەوانیش ڕکاتەکەی‌تریان کرد ، ئەنجا سەلامی پیّ‌دانەوە .

فَإِذَا قَضَيْتُمُ الصَّلاَةَ فَاذْكُرُواْ اللّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَى جُنُوبِكُمْ فَإِذَا اطْمَأْنَنتُمْ فَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ إِنَّ الصَّلاَةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَّوْقُوتًا {١٠٣}

که لەو نوێژه بوونەوه لە یادی خودا غافلّ مەبن‌و هەمیشە ناوی بهێنن لە حاڵی وەستاندا کە ڕووبەڕووی دوژمنن‌وشەڕەشێر دەکەن‌و لەکاتێکدا کە دانیشتوون‌و تیر ئەهاوێن‌و، لەکاتێکدا کە پاڵ کەوتوون‌و برینـدارن . ئەنجا کە بیّ‌ترس بوون‌و دڵنیا بوون نوێژەکانتان بە هەموو شەرتەکانیانەوە بە تەواوی جیّ‌بەجیّ بکەن ، هەر یەك لە کاتی خۆیدا.بیّ‌گومان نوێژ لەسەر ئەهلی ئیمان فەرزێکەو کاتی تایبەتی بۆ دانراوەو پێویستە بکری .

وَلاَ تَهِنُواْ فِي ابْتِغَاء الْقَوْمِ إِن تَكُونُواْ تَأْلَمُونَ فَإِنَّهُمْ يَأْلَمُونَ كَمَا تَأْلَمونَ وَتَرْجُونَ مِنَ اللّهِ مَا لاَ يَرْجُونَ وَكَانَ اللّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا{١٠٤}

سست مەبن لە کەوتنەدوای دوژمن‌و بەگژاچوونیان ، ئەگەر ئێوه ئازارتان پیّ ئەگات ، ئەوانیش وەك ئێوه ئازاریان پیّ ئەگات ، زیاد لەوەش ئێوه بەتەمای لوتف‌و سەرکەوتنن لەلایەن خوداوەو ئەوان ئەو هیوایەشیان نییەو لە ڕێی شەیتاندا ئەجەنگن . خودا زانایەو لە هەموو کارەکانیدا خاوەن حیکمەتە .

إِنَّا أَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِتَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ بِمَا أَرَاكَ اللّهُ وَلاَ تَكُن لِّلْخَآئِنِينَ خَصِيمًا {١٠٥}

بێگومان ئێمه بۆیه قورئانمان بۆ ناردووی تا بەو جۆرەی خودا پیشانیداوی ئاوەها لەناو خەڵقا داوەری بکەیتو گیروگرفتیان چار بکەیت. هەرگیز نابێ لەبەر خاتری خائینانو بۆ یارمەتیدانیان دژی هاودەعوایان بیت .

بۆ ڕوون کردنەوەی زیاتر دەگێڕنەوە طوعمەی ئوبەیریق لە خێڵی بەنیطەفەر زریکراسێکی لە قەتادەی کوڕی نەعمانی دراوسێی دزیبوو و لای زەیدی کوڕی سەمینی جوولەکە دانابوو . گومان کەوتە سەر طوعمە . کە داوایان لێ کرد ئینکاری کردو سوێنی خوارد کە ئاگای لێ نییەو ئەو نەیدزیوە . وا ڕێکەوتبوو ئەو توورەکەی زریکراسەکەی تیا هەڵگیرابوو ئاردیشی تیا بووبوو. لەبەرئەوە زرێکە ئارداوی بووبوو لە ڕێدا ئاردی لێ وەریبوو خەڵکەکە شوێنی ئاردەکەیان هەڵگرت تا بردنیە دەرگای ماڵی زەیدی کوڕی سەمینو کراس لای زەید بوو ، بەلام وتی طوعمە دایناوە لام.ئیتر دزییەکە ئاشکرا بوو و ماوەی ئینکارکردنو پاساودانی نەما . لەبەرئەوە کەسوکاری طوعمە ڕۆیشتنە خزمەتی پێغەمبەر (د.خ) و تکایان لێ کرد ئەو لەباتی طوعمە موجادەلە لەگەڵ کابرای زریدزراو بکات ئەگینا ئابڕوویان ئەچێ . پێغەمبەریش (د.خ) نیازی بوو بیکات. لەو کاتەدا ئەم ئایەتە پیرۆزە هاتەخوار بۆسەر پێغەمبەر (د.خ)و ڕێگای شەرعیو دادپەروەرانەی بۆ ڕوون کردەوە .

وَاسْتَغْفِرِ اللّهِ إِنَّ اللّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا {١٠٦}

داوای لێخۆش بوونیش بکە لە خوا ئەگەر نیازێکی وات هاتوە

بە دڵدا ، خـودا زۆر گوناهبـەخش‌و میهرەبانــە بەتایبــەتی لەگــەڵ ئەوکەسەی لێی بپاڕێتەوەو داوای لێخۆشبوونی لێ بکات .

وَلاَ تُجَادِلْ عَنِ الَّذِينَ يَخْتَانُونَ أَنفُسَهُمْ إِنَّ اللّهَ لاَ يُحِـبُّ مَن كَانَ خَوَّانًا أَثِيمًا {١٠٧}

جیـدال مەکـەو دیفـاع لـەو کەسـانە مەکـە کـە خیانـەت لەگـەڵ نەفسی خۆیان ئەکەن ، خودای گەورە ئەوەی خۆش ناوێ کە واز لـە خیانەت نەهێنێ‌و زیادەڕەوی بکا لە خیانەتداو بە جۆرێ خۆی پێـوە خەریك کردبێ لێی دەرنەچێ .

يَسْتَخْفُونَ مِنَ النَّاسِ وَلاَ يَسْتَخْفُونَ مِنَ اللّهِ وَهُوَ مَعَهُمْ إِذْ يُبَيِّتُونَ مَا لاَ يَرْضَى مِنَ الْقَوْلِ وَكَانَ اللّهُ بِمَـــا يَعْمَلُـــونَ مُحِيطًا{١٠٨}

شـەرم ئەکـەن لـە خـەڵك‌و خۆیـان ئەشـارنەوە لێیـان ، کـەچی لەخودای گەورەو ئافـەریدگار شـەرم ناکـەن کـە خـودا لەگەڵیانایـەو ئاگـای لێیانە چۆن ڕاوێژو تـەدبیر ئەکەن بۆ بێتاوانکردنی گوناهبارو تاوانبـار کردنـی بێگونـاهو شـایەتیی درۆدان کـە خـودا هـەرگیز بـەم جۆرە قسەو ڕاوێژانە ڕازی نابێ . خودا ئاگادارەو دەوراندەوری کارو کردەوەی داون‌و هیچی لێ ون نابێ .

هَاأَنتُمْ هَـــؤُلاء جَادَلْتُمْ عَنْهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَـــا فَمَـــن يُجَادِلُ اللّهَ عَنْهُمْ يَـــوْمَ الْقِيَامَـــةِ أَم مَّـــن يَكُـــونُ عَلَيْـــهِمْ وَكِيلاً{١٠٩}

وا ئێوە لە دنیادا لـەباتی ئەمانـە جیدالتـان کـردو دیفاعتـان لێ

کردن ، ئەی کێ لە ڕۆژی قیامەتداو لە حوزووری خودادا دیفاعیان لێ ئەکاتو موجادەلەیان لەباتی ئەکات ؟ یا کێ ئەبێتە وەکیلیان لەسەر کاروبارو پارێزگارییان لێ ئەکات ؟.

وَمَن يَعْمَلْ سُوءًا أَوْ يَظْلِمْ نَفْسَهُ ثُمَّ يَسْتَغْفِرِ اللّهَ يَجِدِ اللّهَ غَفُورًا رَّحِيمًا {١١٠}

هەرکەس کارێکی خراپ بکا کە زیان بە خەڵك بگەیێنێ ، یاخۆ کارێکی بەدی وەها بکا ببێتە هۆی ستەم بۆ خۆیو ، لەپاشاندا لە خودای خۆی بپاڕێتەوەو تکای لێ خۆش بوونی لێ بکاتو پەشیمان ببێتەوە لەو خراپەو ستەمە کە لە خۆی یا لە خەڵکی کردوە ، ئەوا بۆی ڕوون ئەبێتەوە کە لە قاپیی خوایەکی گوناهپۆشو خالیقێکی میهرەباندا ڕاوەستاوەو بە ناهومێدی ناگەڕێتەوە .

وَمَن يَكْسِبْ إِثْمًا فَإِنَّمَا يَكْسِبُهُ عَلَى نَفْسِهِ وَكَانَ اللّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا{١١١}

هەرکەس تاوانێ بکا سزای ئەو تاوانە هەر خۆی ئەگرێتەوە . خودا زانایەو ئاگای لێتانەو کارەکانی پڕحیکمەتن .

وَمَن يَكْسِبْ خَطِيئَةً أَوْ إِثْمًا ثُمَّ يَرْمِ بِهِ بَرِيئًا فَقَدِ احْتَمَلَ بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُّبِينًا {١١٢}

ئەوەی گوناهێکی بچووك یا گەورە بکاو لەپاشا گوناهەکە بخاتە ئەستۆی یەکێکی بێتاوانو ئەوی پێ گوناهبار بکا ، وەك طوعمە دزییەکەی خستە ئەستۆی زەیدی جوولەکە ، ئەوە تاوانێکی ئاشکراو بوختانێکی دیاری کردوە ، کە ئەیەوێ خۆی دەرباز بکاو یەکێکی بێ تاوان تاوانبار بکا.

وَلَوْلاَ فَضْلُ اللّهِ عَلَيْكَ وَرَحْمَتُهُ لَهَمَّت طَّآئِفَةٌ مُّنْهُمْ أَن يُضِلُّوكَ وَمَا يُضِلُّونَ إِلاُّ أَنفُسَهُمْ وَمَا يَضُرُّونَكَ مِن شَيْءٍ وَأَنزَلَ اللّهُ عَلَيْكَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَعَلَّمَكَ مَا لَمْ تَكُنْ تَعْلَمُ وَكَانَ فَضْلُ اللّهِ عَلَيْكَ عَظِيمًا {١١٣}

ئەگەر فەزڵو ڕەحمەتی خودا نەبوایە لەسەرت تاقمێ لە خێڵی بەنیطەفەر ئەیانویست لە ڕێ لاتدەنو بە ظاهیری کار حوکم بدەیت، بەڵام خودا بە وەحی ئاگاداری کردیتو ، ڕێگای ڕاستی پیشان دایتو هەوڵەکەی ئەوان هیچ کاریِ تیێنەکردیت . ئەوانە هەر خۆیان گومڕاه ئەکەنو ، مادام خودا ئەتپارێزێ ناتوانن زیانت پێبگەیێنن. خودا قورئانو حیکمەتی بۆ ناردوویتو ، شتی وای فیر کردوویت لەوەوپێش نەتئەزانی . فەزڵو ڕەحمی خودا لەسەر تۆ زۆر گەورەیە.

لاَّ خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِّن نَّجْوَاهُمْ إِلاَّ مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلاَحٍ بَيْنَ النَّاسِ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ ابْتَغَاءَ مَرْضَاتِ اللّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا {١١٤}

زۆر لە چپەو قسە پەنامەکییەکانیان بێخێرەو هیچی تێدا بەستە نییە ، چپەیێ کە باسی ئەمر بە چاکەو پیاوەتی کردنو ناوبەین چاککردنو ئاشت کردنەوەی خەڵک بکات چپەی وەها جوانو ڕەوایەو هەرکەس کاری وا باش بکات لەپێناوی دەستکەوتنی ڕەزامەندیی خودادا ئەوە پاداشێکی گەورەی ئەدەینێ .

وَمَن يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَىٰ وَيَتَّبِعْ

غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّى وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ وَسَــــاءَتْ مَصِيرًا{١١٥}

ئەوەی بێگوێیی پێغەمبەری خودا بکات ، پاش ئەوەی ڕێگــای ڕاستی بۆ دەرکەوتو موعجــیزەی بینــیو ، بــە پێچەوانــەی فــەرمانی ئەو بجوولێتەوەو غەیری ڕێگای موسوڵمانان بگرێتەبەر لە بـاوەڕو لـە کرداردا ، ئەیخەینە شوێن ئــەو ڕێگایــەی گرتوویەتیەبــەرو ئەیخەینــە دۆزەخ ، کە بەدترین شوێنو سەرەنجامە .

إِنَّ اللّهَ لاَ يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَــن يَشَاءُ وَمَن يُشْرِكْ بِاللّهِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلاَلاً بَعِيدًا {١١٦}

خودا لەوە خۆش‌نابێ کە هاوبەشی بــۆ قــەرار بـدرێ ، ئـیتر لـە هەر گوناهێ لەخوار ئەوەوە بێ ، بۆ هەرکەس مەیلی لێ بێ ، خــۆش ئەبێ . ئەوەی هاوڕێو هاوبەش بۆ خودای گــەورە بڕیـار بـدات ئــەوە ڕێی ون کردوەو ماوەیێکی زۆر دوور کەوتوەتەوە لە ڕێی ڕاست .

إِن يَدْعُونَ مِن دُونِهِ إِلاَّ إِنَاثًا وَإِن يَدْعُونَ إِلاَّ شَــــيْطَانًا مَّرِيدًا{١١٧}

ئــەو شــتانەی ئــەوان عیبادەتیــان بــو ئەکــەن مێیینــەن چونکــە موشریکەکان خۆیـان بــە بتــی هــەر خێڵێکیــان ئــەوت مێیینــەی ئــەو خێڵە. یا مەبەست مەلائیکەیە کە کافرەکان خۆیان بە کچی خودایـان دائەنان . ئەم کافرانە کە عیبادەت بۆ ئەم شتانە ئەکەن لــە ڕاسـتیدا عیبادەت بۆ شەیتانی سەرکەشو لەعنــەتی ئەکــەنو ، ئــەو ئــەمریان پێ ئەکاتو ئەوانیش بە گوێی ئەکەن .

لَّعَنَهُ اللّهُ وَقَالَ لأَتَّخِذَنَّ مِنْ عِبَادِكَ نَصِيبًا مَّفْرُوضًا{١١٨}

ئەو شەیتانەی کەخودا دووری خستەوە لە ڕەحمەتی خۆیو نەفرینی لیٚکرد ئەوەندە ڕقیەتی لە ئادەمزاد وتی : بەشێکی دیاری لە بەندەکانت داگیر ئەکەمو ئەیانخەمە سەر ئارەزووی نەفسوڕێگای چەوت . ئەوبەشە بۆ من جیاکراوەتەوە .

وَلأُضِلَّنَّهُمْ وَلأُمَنِّيَنَّهُمْ وَلآمُرَنَّهُمْ فَلَيُبَتِّكُنَّ آذَانَ الأَنْعَامِ وَلآمُرَنَّهُمْ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ اللّهِ وَمَن يَتَّخِذِ الشَّيْطَانَ وَلِيًّا مِّن دُونِ اللّهِ فَقَدْ خَسِرَ خُسْرَانًا مُّبِينًا {١١٩}

هەروەها وتی : ئەم بەشە بەندانەت لە ڕێی ڕاست لائەدەمو بە ئارەزووی هیچوپووچ ئەیانخەڵەتێنم ، کە گوایا تەمەنیان درێژ ئەبیٚو ئیتر زیندووکردنەوەو حیسابو کیتاب نابیٚو تۆڵەیان لیٚ ناسەنریٚ ! ئەمریان پیٚئەکەم کە گوێی مەڕو ماڵاتیان بقڵەشێنن بۆ حەرام کردنی ئەوەی خودا حەڵاڵی کردوە . فەرمانیان پیٚئەدەم ئەم شێوانە بگۆڕن کە خودا دروستی کردوون وەك چاوهەڵکۆڵینی نێرەوشتری گەورەو خەساندنی عەبدو پەرستنی خۆرو مانگو لادان لە فیطرەتی پاکی ئیسلام . بیٚگومان ئەوەی شەیتان بکاتە دۆستو یاریدەری خۆیو واز لە پەرستنی خودا بهێنیٚ زیانێکی ئێجگار گەورەو ئاشکرا ئەکات .

يَعِدُهُمْ وَيُمَنِّيهِمْ وَمَا يَعِدُهُمُ الشَّيْطَانُ إِلاَّ غُرُورًا {١٢٠}

شەیتان بەڵێنی درۆیان ئەداتیٚو ڕاست ناکا لەگەڵیانو

ئەیانخاتە سەر ڕێگای بەتاڵ . شەیتان تەنها سەرکەشییان فێر ئەکات‌و شتی نارەوایان لە بەرچاو جوان‌ئەکات .

أُوْلَـئِكَ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَلاَ يَجِدُونَ عَنْهَا مَحِيصًا{١٢١}

ئەوانە شوێنیان دۆزەخەو ناتوانن خۆیانی لێ ڕزگار بکەن.

وَالَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ سَنُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا وَعْدَ اللّهِ حَقًّا وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ اللّهِ قِيلاً {١٢٢}

ئەوانەی ئیمانیان هەیەو کردەوەی چاك ئەکەن ئەیانخەینە چەند بەهەشتێکی ڕازاوەو جوان‌و ئاووهەوا سازگار کە ڕووباری ڕوون‌و شیرینیان پێدا ئەڕوات‌و لەو بەهەشتانەدا ئەمێننەوەو هەرگیز لێی دەرناچن . ئەمانە بەڵێنی ڕاست‌و ڕەوانن کە خودا بە موسوڵمانانیان ئەدا . کێ لە خودا قسە ڕاست‌ترو وەفا بەوەعدە کردووترە ؟.

لَّيْسَ بِأَمَانِيِّكُمْ وَلا أَمَانِيِّ أَهْلِ الْكِتَابِ مَن يَعْمَلْ سُوءًا يُجْزَ بِهِ وَلاَ يَجِدْ لَهُ مِن دُونِ اللّهِ وَلِيًّا وَلاَ نَصِيرًا {١٢٣}

چوونە بەهەشت‌و بەختیاری لە ڕۆژی قیامەتدا نە بە ئارەزووی ئێوەیەو نە بە ئارەزووی گاورو جوولەکەکانەو نە بە قسەو گەزافی موشریکەکانە . گاورو جوولەکە ئەڵێن : ئێمە نەبێ کەس ناچێتە بەهەشت . کافرەکانیش ئەڵێن : هەر لەبنەڕەتدا نە بەهەشت هەیەو نە دۆزەخ . نەخەیر بە قسەی کەس نییە بەڵکو هەرکەس خراپە

بکات لێی دەپرسرێتەوەو تولەی لێ ئەسەنرێو بێجگە خودا نە کەس هەیە پشتی پێ ببەستێو نە کەس هەیە یارمەتیی بدات .

وَمَن يَعْمَلْ مِنَ الصَّالِحَاتَ مِن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُوْلَـئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلاَ يُظْلَمُونَ نَقِيرًا {١٢٤}

هەرکەس کردەوەیێکی باش بکات ، پیاو بێ یاژن ، بەو مەرجەی موسولّمانو خاوەن ئیمان بێ ، ئەوە ئەوانە ئەڕۆنە بەهەشتو ، بە قەدەر توێکڵی ناوکە خورمایەك ستەمیان لێ ناکرێ .

وَمَنْ أَحْسَنُ دِينًا مِّمَّنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لله وَهُوَ مُحْسِنٌ واتَّبَعَ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَاتَّخَذَ اللّهُ إِبْرَاهِيمَ خَلِيلاً {١٢٥}

کێ لە بابەت ئایینەوە لەو کەسە باشترە کە ڕووی کردبێتە خوداو ملکەچی فەرمانی بێتو چاکەکەرو پیاوچاك بێتو پەیڕەویی ئایینی ئیبراهیمی کردبێ ، کە خودا بە یەك زانینو تەرکی بت پەرستییە . خودا ئیبراهیمی کردوەتە دۆستو خۆشەویستی خۆیو هەرکەس دوای ئایینی ئەو بکەوێ هەرگیز زیان ناکات چونکە ڕێگەی دۆستانی خودای گرتوەتەبەر .

وَلِلّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ وَكَانَ اللّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ مُّحِيطًا {١٢٦}

هەرچی لە ئەرزو ئاسماندایە هەمووی مولّکی خودایەو توانو دەستەلاتی خودا هەموو شتێکی گرتووەتەوەو ، هیچ شتێ لە دائیرەی توانایی ئەو دەرناچێو هیچی لێ ون نابێ.

وَيَسْتَفْتُونَكَ فِي النِّسَاءِ قُلِ اللّهُ يُفْتِيكُمْ فِيهِنَّ وَمَا يُتْلَى

عَلَيْكُمْ فِي الْكِتَابِ فِي يَتَامَى النِّسَاءِ اللاَّتِي لاَ تُؤْتُونَهُنَّ مَا كُتِبَ لَهُنَّ وَتَرْغَبُونَ أَن تَنكِحُوهُنَّ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الْوِلْدَانِ وَأَن تَقُومُواْ لِلْيَتَامَى بِالْقِسْطِ وَمَا تَفْعَلُواْ مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ اللّهَ كَانَ بِهِ عَلِيمًا{١٢٧}

دەربارەی میرات بردنی ئافرەت لێت ئەپرسن و داوای حوكمی شەریعەتی ئیسلام ئەكەن كە یەكێ بمردایە بەشی ئافرەتیان لە میراتەكەی نەئەدا . تۆ ئەی پێغەمبەر ، پێیان بڵێ خودا پیشانتان ئەدات و قورئان حوكمی شەریعەتتان بۆ ڕوون ئەكاتەوە دەربارەی میرات وەرگرتنی ئەو ئافرەتە هەتیوانە كە هیچ میراتتان نەئەدانێ و ، ئەگەر جوان بوونایە خۆتان مارەتان ئەكردن و بەشە میراتەكەیانتان ئەخوارد . خۆ ئەگەر بەدڵتان نەبوونایە نە خۆتان مارەتان ئەكردن و نە ئەتاندان بە شوو و ، تەماعیشتان ئەكردە بەشەكانیان . هەروەها حوكمی شەریعەتتان بو ڕوون ئەكاتەوە دەربارەی میرات بردنی مناڵە بێدەستەڵاتەكان و مەحرووم نەكردنیان . ئەبێ لەگەڵ هەتیودا بە عەداڵەت بجووڵێنەوەو جوامێرانە هەڵسوكەوتیان لەگەڵ بكەن تا پێ ئەگەن . بێ گومان چاكەو پیاوەتی لای خودای گەورە ون نابێ و هەر چاكەیەك ئەكەن خودا ئاگای لێیەتی و پێی ئەزانی .

وَإِنِ امْرَأَةٌ خَافَتْ مِن بَعْلِهَا نُشُوزًا أَوْ إِعْرَاضًا فَلاَ جُنَاْحَ عَلَيْهِمَا أَن يُصْلِحَا بَيْنَهُمَا صُلْحًا وَالصُّلْحُ خَيْرٌ وَأُحْضِرَتِ الأَنفُسُ الشُّحَّ وَإِن تُحْسِنُواْ وَتَتَّقُواْ فَإِنَّ اللّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا{١٢٨}

ئەگەر ژنێ لە هەڵسوکەوتی مێردەکەیەوە چاوەڕوانی ئەوەی ئەکرد کە خراپ لەگەڵیا بجووڵێتەوەو ، ئەترسا لەوەی مافە شەرعییەکانی جێبەجێ نەکات یا پشتی تێ بکاتو لە مافی خۆی کەمتر لەگەڵیا بێ قەیناکا لەناو خۆیاندا ڕێك بکەونو هەردوولایان بەپێی پێویست نەختێ تەنازول بۆ ئەویتریان بکەن . بێگومان ڕێککەوتنو ئاشتی باشە نەك تێکچوونو ئاژاوەو لە یەك جیابوونەوە. ئەم جۆرە ناکۆکییانە ڕووئەدەن چونکە ڕژدی بەشێکە لە خووی نەفسی ئادەمزاد ، بۆیە ژنەکە خۆی پێڕاناگیرێو پێیناخۆشە مێردەکەی پشتی تێ بکاتو لووتەلا بێ لێی . هەروەها مێردەش ناتوانێ بەسەر نەفسی خۆیا زاڵ ببێو مافی ژنەکەی بەتەواوی بەجێبێنێ . جا ئێوە ئەگەر هەڵسوکەوتتان چاكو شەرعی بێو خۆتان لە کاری ناشەرعی بپارێزنو لە حەق لانەدن ، ئەوە خودا ئاگای لێتانەو بە کردەوەی چاكو خراپتان ئەزانێو هیچی لێ ون نابێ.

وَلَن تَسْتَطِيعُواْ أَن تَعْدِلُواْ بَيْنَ النِّسَاءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ فَلاَ تَمِيلُواْ كُلَّ الْمَيْلِ فَتَذَرُوهَا كَالْمُعَلَّقَةِ وَإِن تُصْلِحُواْ وَتَتَّقُواْ فَإِنَّ اللّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا {١٢٩}

ئێوە هەرگیز ناتوانن بە تەواوی عەداڵەت لەبەینی ژنەکانتانا بکەنو بێکەمو زیاد لەدڵو دەرەوە یەکسان بن لەگەڵیان ، با زۆریش ئەم عەداڵەتەتان مەبەست بێو بتانەوێ بیکەن بەڵام هەتا ئەتوانن لە عەداڵەت لامەدەنو ، ژنەکانتان وەك (معلقة) مەهێڵنەوە کە نە ژنێکی خاوەن مێردو حاڵومالٚ بنو نە ژنێکی تەڵاقدراو بن بتوانن بۆ خۆیان شوو بکەن . جا ئەگەر ئەو ناوبەینەی کە

تێکتاندابوو چاکتان کردەوەو ، لە خودا ترسانو خۆتان لە ناشەرعی پاراست ، ئەوا خودا لەوەی پێشووتان چاوپۆشی ئەکات . خودا گوناهبەخشو میهرەبانە .

وَإِن يَتَفَرَّقَا يُغْنِ اللّهُ كُلاًّ مِّن سَعَتِهِ وَكَانَ اللّهُ وَاسِعًا حَكِيمًا{١٣٠}

ئەگەر پێکەوە نەتانکراو بە تەڵاق لە یەك جیابوونەوە ئەوە کەستان پەکیناکەوێو ، خودا گەورەیەو لە ڕۆزیی فراوانی خۆی ئەوەندەتان ئەداتێ کە موحتاجی یەکتر نەبن . میهرەبانیو کەرەمی خودا فراوانەو کارەکانی پڕ لە حیکمەتن .

وَللّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ وَلَقَدْ وَصَّيْنَا الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ مِن قَبْلِكُمْ وَإِيَّاكُمْ أَنِ اتَّقُواْ اللّهَ وَإِن تَكْفُرُواْ فَإِنَّ لِلّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ وَكَانَ اللّهُ غَنِيًّا حَمِيدًا {١٣١}

هەرچی لە زەویو ئاسمانەکاندایە هەموو موڵکی خودایەو هەموو موحتاجی ئەون . ئێمە ئامۆژگاریی ئەوانەمان کردوە کە لەلایەن خوداوە پێش زەمانی ئێوە بەهۆی پێغەمبەرانەوە کتێبیان بۆ نێرراوە . هەروەها ئامۆژگاریی ئێوەشمان کرد کە لە خودا بترسن، چونکە ئەگەر کافر بن خودا موحتاجی ئیمانی ئێوە نییەو خۆتان زەرەر ئەکەن . هەرچی لە زەویو ئاسمانەکاندا هەیە هەموو موڵکی خودایە. خودا موحتاجی کەس نییەو دەوڵەمەندەو خۆی لە خۆیا ستایش کراوە . هەرچی لە زەویو ئاسماندایە کڕنووشی

بۆئەبـەن . ئێوە سوپاسو ستایشی بکەن یا نەیکەن .

وَلِلّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ وَكَفَى بِاللّهِ وَكِيلاً{١٣٢}

هەرچی لە زەویو ئاسمانەکاندایە هەموو موڵکی خوداو خودا بوونی پێ بەخشیون . خودا زەویو ئاسمانەکانو هەرچییان تێدایە بەخێو ئەکاتو سەرپەرشتییان ئەکات .

إِن يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ أَيُّهَا النَّاسُ وَيَأْتِ بِآخَرِينَ وَكَانَ اللّهُ عَلَى ذَلِكَ قَدِيرًا {١٣٣}

ئەی خێڵی بنیادەم خودا ئەگەر بیەوێ ئێوە بەتەواوی لە ناوئەباتو مەخلووقێکی غەیری بنیادەم دروست ئەکات . یا ئەی قەوم ، ئەی کۆمەڵە خەڵکەکە لە خۆتان بایی مەبن ، خودا ئەگەر بیەوێ ئەتانفەوتێنێو شوێنەوارتان کوێر ئەکاتەوەو ، کۆمەڵێکیتر دێنێتە ڕووی کار . خودا توانایی ئەمەی هەیەو زۆر لای ئاسانە .

مَّن كَانَ يُرِيدُ ثَوَابَ الدُّنْيَا فَعِندَ اللّهِ ثَوَابُ الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَكَانَ اللّهُ سَمِيعًا بَصِيرًا {١٣٤}

ئەوەی تەنها پاداشی دنیای ئەوێ وەك ئەوانەی بۆ تالانیو ماڵی دنیا جیهاد ئەکەن ، بۆچی داوای پاداشی دنیاو قیامەت ناکات یا داوای چاکترەکەیان ناکات کە پاداشی قیامەتە ؟ خودا پاداشی دنیاو قیامەتی لایەو خودا شنەواو بینایەو ئاگای لەهەموو کاروبارتان هەیە .

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُونُواْ قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلّهِ

وَلَوْ عَلَى أَنفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالأَقْرَبِينَ إِن يَكُنْ غَنِيًّا أَوْ فَقَيرًا فَاللّهُ أَوْلَى بِهِمَا فَلاَ تَتَّبِعُواْ الْهَوَى أَن تَعْدِلُواْ وَإِن تَلْوُواْ أَوْ تُعْرِضُواْ فَإِنَّ اللّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا {١٣٥}

ئەی خاوەن ئیمانەکان ! هەمیشە لەگەڵ دادپەروەریو حەقدا بن . شایەتی بەجۆرێ بدەن خودا پێی ڕازی بێ واتە حەق نەکات بە ناحەقو ناحەق نەکات بە حەق . شایەتیی ڕاست بدەن با لەسەر خۆتانو باوکو دایکتانو خوێشە زۆر نزیکەکانیشتان بێ ، واتە لەبەر خزمایەتیو برادەری چاو لە حەق مەپۆشن ئەگەر شایەتی بۆدراو یا شایەتی لەسەر دراو دەوڵەمەند بێ یا هەژار ، خودا مەسڵەحەتیان باش ئەزانیو چاکتر سەرپەرشتییان ئەکات . حوکمی شەرعو ، بەڕاستی شایەتی بۆدانو شایەتی لەسەردانیان قازانجی ئەوانە ، نە کەسیان حەقی ئەفەوتێو ، نەکەسیان گوناهبار ئەبێ . مەکەونە دوای ئارەزووی نەفس تا لە حەق لابدەن . خۆ ئەگەر لە شایەتیدا زوبانتان گۆڕیو حەقو ڕاستیتان کرد بەژێرەوە ، یا بەتەواوی گوێی خۆتان لێ کەڕ کردو شایەتیتان تیا نەدا ، ئەوا زیان لە خۆتان ئەدەن، خودا ئاگای لە هەموو کردەوەتان هەیەو هیچی لێ ناشاردرێتەوە .

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ آمِنُواْ بِاللّهِ وَرَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِي نَزَّلَ عَلَى رَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِيَ أَنزَلَ مِن قَبْلُ وَمَن يَكْفُرْ بِاللّهِ وَمَلاَئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلاَلاً بَعِيدًا{١٣٦}

ئەی موسوڵمانەکان ، یا ئـەی منافقـەکان ، یـا ئـەی ئیمـانداره کیتابییـەکان ئیمـان بێنـن بـه دڵو زمـانو بەڕاسـتی بـه خـوداو بـه پێغەمبەری خوداو بەو قورئانەی بۆی ناردووەو بەو کتێبەی که خودا پێش موحەممـەد ناردوویـەتیو لەسـەر ئـەم ئیمانـه بـەردەوام بـن ، بێگومان هەرکەس ئیمانی بـەخودا نـەبێ یـا ئیمـانی بـه مەلائیکـەی خودا نەبێ ، یا ئیمانی بـه پێغەمبـەرانی خـودا یـا بـه ڕۆژی قیامـەت نەبێ ، ئیتر ئیمانی به هەموو ئەمانه نەبێ یاخۆ به یەکێکیان ، ئـەوه ئەوکەسه زۆر زۆر گومڕاه بووەو زۆر له حەق دوورکەوتوتەوه .

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ ثُمَّ آمَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ ثُمَّ ازْدَادُواْ كُفْرًا لَّمْ يَكُنِ اللَّهُ لِيَغْفِرَ لَهُمْ وَلاَ لِيَهْدِيَهُمْ سَبِيلاً {١٣٧}

ئـەو منافقانـەی خۆیـان وا پێشـانـدا کـه موسـوڵمان بـوونو لەپاشاندا بەئاشکرا له ئیسلام هەڵگەڕانـەوەو جـارێکیتر هاتنـەوەو خۆیـان وا پیشان‌دا که به تەواوی موسوڵمان بوون ، کەچی دووباره هەڵگەڕانەوەو له جاران گەرمتر دەستیان دایەوه ئاژاوەو پیلان دژی ئیسلامو دژی پێغەمبەر ، یا مەبەسـت هـەموو منـافقێکی سـەردەمی پێغەمبەره (د.خ) که کارو پیشـەیان لـه ئیسـلام دان بـووه ، ئەوانـه خودا لێیان خۆش نابـێو نایانخاتـه سـەر ڕێگـای ڕاسـت چونکـه زۆر دووره تەوبه بکەنو به دینو ئیمانەوه بمرن .

بَشِّرِ الْمُنَافِقِينَ بِأَنَّ لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا {١٣٨}

ئەی پێغەمبـەری خـودا ! مـوژده بـده بـەو منافقانـه کـه هـەر جارێ بەبارێکدا ئەگۆڕێنو خەریکی ئازاردانی تـۆو ئـاژاوه نانـەوەن ، کەوا سزاییەکی زۆر ئازاردار چاوەڕوانییان ئەکاتو تۆڵـەی بـەرودوایان

لیٚ ئەسەنرێ .

الَّذِينَ يَتَّخِذُونَ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاءَ مِن دُونِ الْمُؤْمِنِينَ أَيَبْتَغُونَ عِندَهُمُ الْعِزَّةَ فَإِنَّ العِزَّةَ لِلّهِ جَمِيعًا {١٣٩}

ئەوانەی کە کافرەکان ئەکەنە دۆستی خۆیان‌و پشت لە موسوڵمانەکان ئەکەن ، ئایا وا ئەزانن کە بەو دۆستایەتییە گەورەیی‌و دەستەڵات پەیدا ئەکەن ؟ نەخەیر ، گەورەیی‌و سەربەرزی هەمووی هی خودایەو ، بەوە دەستئەکەوێ کە ئینسان دۆستی لەگەڵ دۆستانی خودا بکات .

وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِي الْكِتَابِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ آيَاتِ اللّهِ يُكَفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلاَ تَقْعُدُواْ مَعَهُمْ حَتَّى يَخُوضُواْ فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ إِنَّكُمْ إِذًا مِّثْلُهُمْ إِنَّ اللّهَ جَامِعُ الْمُنَافِقِينَ وَالْكَافِرِينَ فِي جَهَنَّمَ جَمِيعًا {١٤٠}

خودا لە قورئاندا بەیانی کردووە بۆتان : ئەگەر بیستتان لە مەجلیسێکدا ئینکاری قورئان ئەکرێ‌و گاڵتەی پێ ئەکرێ ، لەگەڵیان دامەنیشن تا ئەو باسە ئەگۆڕن‌و ئەچنە سەر باسێکی‌تر . ئەگەر دانیشتن‌و گوێتان لیٚ گرتن ئەوا ئێوەش وەك ئەوان ئەبن . خودا کافرەکان‌و منافقەکان کە لەگەڵیان دائەنیشن‌و گوێ لە قسەیان ئەگرن لە ڕۆژی قیامەتدا پێکەوە موحاکەمە ئەکات‌و لە ناخی دۆزەخدا کۆیان‌ئەکاتەوە .

الَّذِينَ يَتَرَبَّصُونَ بِكُمْ فَإِن كَانَ لَكُمْ فَتْحٌ مِّنَ اللّهِ قَالُواْ أَلَمْ نَكُن مَّعَكُمْ وَإِن كَانَ لِلْكَافِرِينَ نَصِيبٌ قَالُواْ أَلَمْ نَسْتَحْوِذْ

عَلَيْكُمْ وَنَمْنَعْكُم مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ فَاللّهُ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلَن يَجْعَلَ اللّهُ لِلْكَافِرِينَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ سَبِيلاً {١٤١}

ئەو منافقانەی چاوەڕوانی ئەوە ئەکەن کاریّ ڕووبدا ، جەنگیّ لەبەینی ئیّوەو کافرەکاندا بقەومیّ ، جا ئەگەر خوای گەورە ئیّوەی سەرخستو کافرەکانی شکاند ئەوا دیّنە پیّشەوەو ئەڵیّن : ئەی ئیّمە لەگەڵتان نەبووینو لەناو جەنگ کەراندا نەبووین ؟ ئەمەش بۆئەوەی لە دەسکەوتی موسوڵمانەکان شتیّکیان بەرکەویّ. خۆئەگەر کافرەکان شتیّکیان لە مەعرەکەکە دەست کەوت ئەڕۆنە پیّشەوەو پیّیان ئەڵیّن : ئەی ئەوە نەبوو ئیّمە بەسەرتاندا زاڵ بووین کەچی لەگەڵ ئەوەش دەستمان لیّ نەدانو نەمانهیّشت موسوڵمانەکان بتانکوژنو ترساندمانو فیڵمان لیّ کردن تا ئیّوە تووشی زیان نەبن ؟! ئەمانە ، خودای ئاگادار لە ڕۆژی قیامەتدا موحاکەمەیان ئەکاتو تۆڵەیان لیّ ئەکاتەوە . خودا هەرگیز دەلیل نادا بە کافرەکان دژی موسوڵمانەکان .

إِنَّ الْمُنَافِقِينَ يُخَادِعُونَ اللّهَ وَهُوَ خَادِعُهُمْ وَإِذَا قَامُواْ إِلَى الصَّلاَةِ قَامُواْ كُسَالَى يُرَآؤُونَ النَّاسَ وَلاَ يَذْكُرُونَ اللّهَ إِلاَّ قَلِيلاً{١٤٢}

ئەو کارەی منافقەکان ئەیکەن کە بەدیمەن خۆیان بەموسوڵمان پیشانئەدەنو لە دڵەوە کافرنو پیّغەمبەریش بەپیّی ظاهیر وەك موسوڵمان موعامەلەیان لەگەڵ ئەکات ، وەکو ئەوەیە کە گوایا فیڵ لە خودا بکەن . نەخەیر فیڵ لە خودا ناکریّ . خودا ئاگادارە ،

ئەنجامی ئەم کارەیان خۆیان ئەگرێتەوەو خودا زاڵ ئەبێ بەسەر ئەواندا . کە هەڵئەستن بۆ نوێژ بە سستیو تەمەڵیو نابەدڵی هەڵئەستنو بۆ ڕیاو ڕووپامایی نوێژ ئەکەنو لەڕاستیدا کەمێ نەبێ ناوی خودا ناهێنن چ جایێ بیر لێ کردنەوەی .

مُّذَبْذَبِينَ بَيْنَ ذَلِكَ لاَ إِلَىٰ هَـؤُلاءِ وَلاَ إِلَىٰ هَـؤُلاءِ وَمَن يُضْلِلِ اللّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُ سَبِيلاً {١٤٣}

ئەم منافقانە دوودڵو ڕاڕان . نە ئەوەتە بەتەواوی بێنە لای موسوڵمانەکانو نە ئەوەتە بەئێجگاری بڕۆنە پاڵ کافرەکانی برادەریان . بەڵێ کەسێ بە هۆی تاوانباریو دڵڕەشیی خۆیەوە خودا سەری لێ بشێوێنێ ، هەرگیز ڕێگای ڕاستی خۆی نادۆزێتەوەو هەر سەرگەردان ئەبێ .

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَتَّخِذُواْ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاءَ مِن دُونِ الْمُؤْمِنِينَ أَتُرِيدُونَ أَن تَجْعَلُواْ لِلّهِ عَلَيْكُمْ سُلْطَاناً مُّبِيناً{١٤٤}

ئەی ئەوانەی باوەڕتان بە خوداو پێغەمبەری خودا هەیە هەرگیز نەکەن کافرەکان بکەن بە دۆستی خۆتانو واز لە موسوڵمانەکان بهێنن . ئەمە کاری منافقەکانە ، ئەوان شتیوا ئەکەن. ئایا ئەتانەوێ دەلیلی ئاشکرا بدەنە دەستی خودا دژی خۆتان تا سزاتان بدات ؟ ئایا بە دەستی خوتان خۆتان تووشی سزا ئەکەن ؟.

إِنَّ الْمُنَافِقِينَ فِي الدَّرْكِ الأَسْفَلِ مِنَ النَّارِ وَلَن تَجِدَ لَهُمْ

نَصِيرًا{١٤٥}

بێگومان منافقەکان لە ناخی هەرە خوارووی دۆزەخدان لە قیامەتداو ، هەرگیز یەکێکتان دەست ناکەوێ یارمەتیدەریان بێ.

إِلاَّ الَّذِينَ تَابُواْ وَأَصْلَحُواْ وَاعْتَصَمُواْ بِاللّهِ وَأَخْلَصُواْ دِينَهُمْ لِلّهِ فَأُوْلَـئِكَ مَعَ الْمُؤْمِنِينَ وَسَوْفَ يُؤْتِ اللّهُ الْمُؤْمِنِينَ أَجْرًا عَظِيمًا{١٤٦}

ئەوانە نەبێ کە واز لە منافقی ئەهێنن و ئەو خراپانەی لەگەڵ موسوڵمانان کردوویانە چاکی ئەکەن و واز لە ئازاردانیان ئەهێنن و دەست بە دینی خوداوە ئەگرن و بڕوایان پێی ئەبێ و تەنها بۆ ڕەزامەندیی خودا عیبادەت ئەکەن نەك بۆ ڕیا . ئەوانە لە زومرەی موسوڵمانانن لە دنیاو قیامەتدا . خودا لە ڕۆژی دواییدا پاداشێکی گەورە بە موسوڵمانان ئەدات .

مَّا يَفْعَلُ اللّهُ بِعَذَابِكُمْ إِن شَكَرْتُمْ وَآمَنتُمْ وَكَانَ اللّهُ شَاكِرًا عَلِيمًا{١٤٧}

خودا چیئەکات بە سزادانی ئێوە ئەگەر سوپاسگوزاری خودا بن و ئیمانتان بە خوداو پێغەمبەر هەبێ ؟ خودا تاعەت قبووڵ ئەکات و ئاگای لە هەموو کردارتان هەیە .

جوزئی شەشەم

لاَّ يُحِبُّ اللّهُ الْجَهْرَ بِالسُّوَءِ مِنَ الْقَوْلِ إِلاَّ مَن ظُلِمَ وَكَانَ اللّهُ سَمِيعًا عَلِيمًا {١٤٨}

خـودا پێـی خـۆش نی‌یـه به‌ئاشـكراو بـه ده‌نگـی بــه‌رز باســی خراپه‌ی خه‌ڵك بكرێ بۆ كه‌سێ نه‌بێ سته‌می لێ كرابـێ ، ئـه‌و بـۆی ڕه‌وایه به ده‌نگی بـه‌رزو به‌ئاشـكرا باسـی سـته‌مه‌كه‌ی بكات‌و خـودا لێی‌ناگرێ . خـودا سـكاڵای سـته‌م‌لێ‌كـراو ئـه‌بیێ‌و ئاگـای لـه سـته‌می سته‌مكاره .

إِن تُبْدُواْ خَيْرًا أَوْ تُخْفُوهُ أَوْ تَعْفُواْ عَن سُوءٍ فَإِنَّ اللّـــهَ كَانَ عَفُوًّا قَدِيرًا {١٤٩}

ئه‌گه‌ر تاعه‌ت‌و چاكه‌ی خۆتان به ئاشكرا بكه‌ن یا بیشارنه‌وه یا لــه خراپـــه‌ی یــه‌كێك ده‌رباره‌تـــان چاوپۆشـــی بكــه‌ن ، خـــودا زۆر گوناهبه‌خشه‌و زۆر به‌ده‌سته‌ڵاته‌و پاداشی چاكتان پێ ئه‌به‌خشێ .

إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِاللّهِ وَرُسُلِهِ وَيُرِيـــدُونَ أَن يُفَرِّقُــواْ بَيْنَ اللّهِ وَرُسُلِهِ وَيقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْـــضٍ وَنَكْفُــرُ بِبَعْـضٍ وَيُرِيدُونَ أَن يَتَّخِذُواْ بَيْنَ ذَلِكَ سَبِيلاً {١٥٠}

ئه‌وانه‌ی ئیمانیان به خوداو به پێغه‌مبه‌رانی خودا نی‌یه‌و ، بــه‌م جـۆره ئه‌یانـه‌وێ ئیمـان بـه خـوداو ئیمـان بــه پێغه‌مبــه‌ران له‌یـه‌ك جیابكه‌نـه‌وه‌و ئـه‌ڵێن باوه‌ڕمـان بـه هـه‌ندێ لـه پێغه‌مبــه‌ران هه‌یــه‌و باوه‌ڕمـان بـه هـه‌ندێكیان نی‌یـه‌و ئه‌یانــه‌وێ بــۆ خۆیــان ڕێگایــه‌كی مامناوه‌ندی بگرن !

أُوْلَـــئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ حَقًّا وَأَعْتَدْنَا لِلْكَــــافِرِينَ عَذَابًــا مُّهِينًا{١٥١}

ئه‌وانه به‌ته‌واوی كافرن چونكه ئیمان به‌خودا جیاناكرێته‌وه لـه

ئیمان به پێغەمبەران . ئینسان وەختێ ئیمانی بە خودا ئەبێ کە باوەڕ بەو پێغەمبەرانەیش بکات کە ئەو ناردوونیو بەو کتێبو ئایینانەی بەوانا ناردوونی . ئیتر چۆن ئەبێ ئینسان ئیمانی بە خودا هەبێ کەچی ئیمانی بە ڕاستیی پێغەمبەرەکانی نەبێ ؟! ئێمە سزایێکی توندو ئابڕووبەرمان بۆ کافران ئامادە کردووە .

وَالَّذِينَ آمَنُواْ بِاللّهِ وَرُسُلِهِ وَلَمْ يُفَرِّقُواْ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ أُوْلَـئِكَ سَوْفَ يُؤْتِيهِمْ أُجُورَهُمْ وَكَانَ اللّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا{١٥٢}

ئەوانەی ئیمانیان بە خوداو بە هەموو پێغەمبەرەکانی هەیەو ، جیاوازی ناخەن لەبەینی ئەو پێغەمبەرانەدا ، ئەوکەسانە لە دواڕۆژدا پاداشیان ئەدەینەوە . بەڕاستی خودا بەخشندەو میهرەبانە .

يَسْأَلُكَ أَهْلُ الْكِتَابِ أَن تُنَزِّلَ عَلَيْهِمْ كِتَابًا مِّنَ السَّمَاءِ فَقَدْ سَأَلُواْ مُوسَى أَكْبَرَ مِن ذَلِكَ فَقَالُواْ أَرِنَا اللّهِ جَهْرَةً فَأَخَذَتْهُمُ الصَّاعِقَةُ بِظُلْمِهِمْ ثُمَّ اتَّخَذُواْ الْعِجْلَ مِن بَعْدِ مَا جَاءتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ فَعَفَوْنَا عَن ذَلِكَ وَآتَيْنَا مُوسَى سُلْطَانًا مُّبِينًا{١٥٣}

ئەهلی کیتاب داوای ئەوەت لێ ئەکەن کتێبێکیان لە ئاسمانەوە بۆ بهێنیتە خوارەوە ! ئەمانە لەمە گەورەتریان لە مووسا داوا کرد . پێیان ئەوت : خودامان بەئاشکرا پیشان بدە ! جا بەهۆی ئەم ستەمو بێئیمانییەیانەوە خودا هەورەتریشقەی دا بەسەریانداو سووتاندنی . بەوەش وازیان نەهێنا بەڵکو لەگەڵ ئەوەش کە دەلیلو

موعجیزەیان پیشان درا ، کە مووسا چوو بۆ کێوی طوور ، دەستیان کرد بە پەرستنی گوێرەکە ! ئێمە چاوپۆشیمان لەوە کردو دەستەڵاتی ئاشکرامان دا بە مووساو داوای لیٚ کردن لەباتی تەوبەکردن لە پەرستنی گوێرەکە خۆیان بکوژن.

وَرَفَعْنَا فَوْقَهُمُ الطُّورَ بِمِيثَاقِهِمْ وَقُلْنَا لَهُمُ ادْخُلُواْ الْبَابَ سُجَّدًا وَقُلْنَا لَهُمْ لاَ تَعْدُواْ فِي السَّبْتِ وَأَخَذْنَا مِنْهُم مِّيثَاقًا غَلِيظًا {١٥٤}

لەبەرئەوەی پەیمانەکەیان قبوولٚ نەکرد کە بەپێی تەورات کار بکەن و لێی لانەدەن ، ئەو کێوی طوورەی لەپاڵیا خانوویان کردبوو ، وەك سێبەر بەرزمان کردەوە بە ڕاسەریانەوە ، ئەنجا پەیمانەکەیان قبوولٚ کرد ! دوایی کە مووسا وەفاتی کردو یووشەع کرا بە پێغەمبەریان، پێمانوتن: لە دەرگای (بیتالمقدس)ەوە بە سوجدە بردن بڕۆنە ژوور . هەروەها لە سەردەمی پێغەمبەرایەتیی داوددا پێمان وتن : ڕۆژانی شەممە لە سنووری خودا لامەدەن . لەو ڕۆژەدا ڕاوەماسی مەکەن کە لێتان حەرامکراوە . لەسەر ئەم شتانە هەریەکە لە ڕۆژی خۆیدا پەیمانێکی گەورەمان لیٚ سەندن .

فَبِمَا نَقْضِهِم مِّيثَاقَهُمْ وَكُفْرِهِم بَآيَاتِ اللّهِ وَقَتْلِهِمُ الأَنْبِيَاء بِغَيْرِ حَقًّ وَقَوْلِهِمْ قُلُوبُنَا غُلْفٌ بَلْ طَبَعَ اللّهُ عَلَيْهَا بِكُفْرِهِمْ فَلاَ يُؤْمِنُونَ إِلاَّ قَلِيلاً {١٥٥}

جا لەبەر ئەوە کە پەیمانیان تێکداو دەستیان دایە کوفرو بێئیمانی بە ئایەتەکانی خوداو ، لەبەر ئەوە کە پێغەمبەرانی وەك

زەکەریاو یەحیایان بە ناحەق ئەکوشت و، هەروەها لەبەر قسە ناڕەواکانیان کە ئەیانوت دڵمان پڕو لێوانە لە زانیاریو موحتاجی ئامۆژگاریی پێغەمبەران نین کەچی درۆیان ئەکرد هیچیان نەئەزانیو خودا دڵی مۆر کردبوونو کەمێکیان نەبێ لێیان موسوڵمان نەبوو ، بەڵێ لەبەر ئەمە هەمووی خودا غەزەبی لێ گرتنو تۆڵەی لێ کردنەوە.

وَبِكُفْرِهِمْ وَقَوْلِهِمْ عَلَى مَرْيَمَ بُهْتَانًا عَظِيمًا {١٥٦}

هەروها خودا غەزەبی لێ گرتن چونکە ئیمانیان بە عیسای پێغەمبەر (د.خ) نەهێناو بوختانێکی گەورەیان بۆ حەزرەتی مەریەمی دایکی عیسا هەڵبەستو نیسبەتی زینایان لێ دا .

وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا الْمَسِيحَ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ رَسُولَ اللّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَكِن شُبِّهَ لَهُمْ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُواْ فِيهِ لَفِي شَكٍّ مِّنْهُ مَا لَهُم بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلاَّ اتِّبَاعَ الظَّنِّ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًا{١٥٧}

هەروەها خودا لەبەرئەوە غەزەبی لێ گرتن کە درۆیان ئەکردو ئەیانوت : ئێمە عیسای کوڕی مەریەممان کوشت کە پێغەمبەری خودا بوو . نەخەیر نەیانکوشتو نەشیانکرد بە داردا ، بەڵکو کارەکەیان لێ گۆڕراو سەریان لێ تێکچوو ، یەکێکیتر بوو کوژرا کە خودا ڕەنگی عیسای دا بە سەریداو بەویان زانیو کوشتیان . ئەوانە کە ئیختیلافیان هەیە لە کارەکەداو هەر یەکێکیان بەجۆرێ باسی ئەکا ، گومانێکی تەواویان هەیەو دڵنیا نینو زانیاریی ڕاستەقینەیان نییە دەربارەیو ، دوای گومان کەوتوونو بە یەقین نازانن

کوشتوویانەو ، بەڕاستی نەیانکوشتووە .

بَل رَّفَعَهُ اللّهُ إِلَيْهِ وَكَانَ اللّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا {١٥٨}

بەڵێ ئەوان نەیانکوشت ، خودا پایەی بەرزی دایەو ، بەرزی کردەوە بۆ ئەو شوێنو پایەی خۆی بۆی دیاری کردووەو هەر خۆیشی ئەیزانێ . خودا توانایەو کارەکانی پڕحیکمەتن .

وَإِن مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ إِلاَّ لَيُؤْمِنَنَّ بِهِ قَبْلَ مَوْتِهِ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكُونُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا {١٥٩}

قەسەم بەخودا پێش ئەوەی عیسا وەفات بکات . هەموو ئەهلی کیتاب لەم دنیایەدا ئیمانی پێئەهێنن ، ئەنجا وەفات ئەکات . لە ڕۆژی قیامەتیشدا دەبێتە شاهید لەسەر هەموویان ، لەسەر جوولەکەکان کە باوەڕیان پێ نەکردو لەسەر گاورەکانیش کە کردیانە کوڕی خودا !.

فَبِظُلْمٍ مِّنَ الَّذِينَ هَادُواْ حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ طَيِّبَاتٍ أُحِلَّتْ لَهُمْ وَبِصَدِّهِمْ عَن سَبِيلِ اللّهِ كَثِيرًا {١٦٠}

جا بەهۆی ئەو ستەمانەوە کە جوولەکەکان کردیان ، گەلێ خواردەمەنی پاكو پوختمان لێ حەرام کردن کە لەوەپێش حەڵاڵ کرابوون بۆیان . بەڵێ لەبەر ستەمو لەبەرئەوەی مەنعی خەڵکیان ئەکرد لەوە کە ئیمان بهێننو بە زۆر ڕێیان لێ ئەگرتن ئەو خواردەمەنییانەمان لێ حەرام کردن .

وَأَخْذِهِمُ الرِّبَا وَقَدْ نُهُواْ عَنْهُ وَأَكْلِهِمْ أَمْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ مِنْهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا {١٦١}

هەروەها لەبەر ئەوەی سوودیان ئەخوارد کە حەرام کرابوو لێیان‌و ماڵی خەڵکیان بە ناحەق ئەخوارد بە بەرتیل‌و ڕێگا ناشەرعییەکانی‌تر . بێ‌گومان بۆ ئەوانەیان کە کافر بوون‌و تەوبەیان نەکرد ، سزایێکی زۆر ئازاردەرمان ئامادە کردووە .

لَّـٰكِنِ الرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ مِنْهُمْ وَالْمُؤْمِنُونَ يُؤْمِنُونَ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ وَالْمُقِيمِينَ الصَّلَاةَ وَالْمُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَالْمُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ أُولَـٰئِكَ سَنُؤْتِيهِمْ أَجْرًا عَظِيمًا{١٦٢}

بەڵام ئەو کیتابییانەی لە زانیاریدا دامەزراون‌و ئیمانیان بە ئایینی ئیسلام هێناوەو . موسوڵمانانی موهاجیرین‌و ئەنصار کە ئیمانیان هێناوە بەو قورئانەی بۆ تۆ نێرراوەو ، ئەوانەی نوێژئەکەن‌و زەکات ئەدەن‌و ئیمانیان بە خوداو بە ڕۆژی دوایی هەیە ، ئەوانە پاداشێکی گەورەیان ئەدەینەوە .

إِنَّا أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ كَمَا أَوْحَيْنَا إِلَىٰ نُوحٍ وَالنَّبِيِّينَ مِن بَعْدِهِ وَأَوْحَيْنَا إِلَىٰ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالْأَسْبَاطِ وَعِيسَىٰ وَأَيُّوبَ وَيُونُسَ وَهَارُونَ وَسُلَيْمَانَ وَآتَيْنَا دَاوُودَ زَبُورًا{١٦٣}

ئێمە وەحیمان بۆ تۆ کردووەو قورئانمان بۆ ناردووی تا ڕێوشوێنی ئایین‌و ڕاستی‌و چاکەو خراپە بە خەڵك ڕابگەیێنی تا لە دواڕۆژدا کە موحاسەبە ئەکرێن بەهانەیان نەمێنێ‌و نەڵێن ئێمە چاك‌و

خراپمان نەئەزانیو کەس ئاگاداری نەکردووین ، هەروەك چۆن بۆ هەمان مەبەست وەحیمان کرد بۆ نووحو بۆ پێغەمبەرەکانی پاش ئەوو ، وەحیمان بۆ ئیبراهیمو ئیسماعیلو ئیسحاقو یەعقووبو کوڕەکانی کردو وەحیمان کرد بۆ عیساو بۆ ئەییووبو یوونسو هاروونو سولەیمانو زەبووریشمان دا بە داوود . دروودی خودای گەورە لە هەموویان بێ .

وَرُسُلاً قَدْ قَصَصْنَاهُمْ عَلَيْكَ مِن قَبْلُ وَرُسُلاً لَّمْ نَقْصُصْهُمْ عَلَيْكَ وَكَلَّمَ اللّهُ مُوسَى تَكْلِيمًا {١٦٤}

پێغەمبەرانی وەهامان ناردووە بۆ ڕەهبەریی خەڵك کە باسمان کردوون بۆت ، پێغەمبەرانی وەهایشمان ناردوون کە باسمان نەکردوون بۆت . خودا مووسایشی بەوە هەڵاوێردووە کە قسەی لەگەڵ کردووە .

رُّسُلاً مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلاَّ يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ وَكَانَ اللّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا {١٦٥}

ئەم پێغەمبەرانە کە خودای گەورە ناردوونی هەموویان موژدیان داوە بە خاوەن باوەڕان کە پاداشیان باش ئەبێو هەڕەشەیان کردووە لە بێباوەڕانو ترساندوونیان بە سزای توندو تیژ لە ڕۆژی قیامەتدا . ئەم پێغەمبەرانە بۆیە بەم حاڵەوە نێرران بۆ لای خەڵك تا لە ڕۆژی داددا کە حیسابو کیتابیان لەگەڵ ئەکرێ قسەیان لەسەر خودا نەمێنێو بەهانەیان ببڕێو نەڵێن ئێمە لە دنیادا کەس ئاگاداری نەکردووین . خودا بەهێزەو کارەکانی پڕ حیکمەتن .

لَّــكِنِ اللّهُ يَشْهَدُ بِمَا أَنزَلَ إِلَيْكَ أَنزَلَهُ بِعِلْمِهِ وَالْمَلآئِكَــةُ يَشْهَدُونَ وَكَفَى بِاللّهِ شَهِيدًا {١٦٦}

بەڵام خودای گەورە شایەتی ئەدا بەوە کە قورئانی بۆ ناردوویت و بە زانین و ئاگاداریی خۆی ناردوویە بە شێوەیێکی فەصیح و بەلیغ کە کەس نەتوانێ وێنەی بهێنێ و ، بە جۆرێك کە قازانجی دین و دنیای خەڵکی تێدا بێ و ئایینی ئیسلام دامەزرێنێ . مەلائیکەکانیش شایەتی ئەدەن . بێگومان خودا بەسە بۆ شایەتی و باشترین شاهیدە .

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ اللّهِ قَدْ ضَلُّواْ ضَلاَلاً بَعِيدًا {١٦٧}

بێگومان ئەوانەی ئیمانیان نییە بە خوداو پێغەمبەرو ، ڕێگا لە خەڵکی ئەگرن و ناهێڵن ڕێگای ئایینی پیرۆزی ئیسلام بگرنەبەر ، ئەوانە بە شێوەیێکی زۆر قووڵ گومڕا بوون ، چونکە هەم خۆیان گومڕان و هەم خەڵکیش گومڕا ئەکەن .

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ وَظَلَمُواْ لَمْ يَكُنِ اللّهُ لِيَغْفِــرَ لَــهُمْ وَلاَ لِيَهْدِيَهُمْ طَرِيقاً {١٦٨}

بێگومان ئەوانەی ئیمانیان نەهێنا بە خوداو بە تۆو بەو قورئانەی بۆی ناردوویت ، ئەوانەی کە ستەمیان لە خۆیان کردووە بە بێئیمانی و ستەمیان لە خەڵکیش کردووە کە ناهێڵن بکەونە سەر ڕێی ڕاست ، ئەوانە خودا هەرگیز لێیان خۆش نابێ و ، تا وەها سوور بن لەسەر گومڕایی ، نایانخاتە سەر ڕێگای ڕاست .

إِلاَّ طَرِيقَ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا وَكَانَ ذَلِكَ عَلَى اللّهِ يَسِيرًا{١٦٩}

بێجگە ڕێگایەك كە ئەیانبانە دۆزەخ و هەتا هەتایە تیادا ئەمێننەوە . ئەمە بۆ خودا ئاسانە و خودا توانایی بەسەر هەموو كارێكدا هەیە .

يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءكُمُ الرَّسُولُ بِالْحَقِّ مِن رَّبِّكُمْ فَآمِنُواْ خَيْرًا لَّكُمْ وَإِن تَكْفُرُواْ فَإِنَّ لِلّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَكَانَ اللّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا {١٧٠}

ئەی بەرەی ئادەمزاد ! وا بەڕاستی موحەممەدتان بە پێغەمبەری بۆ هات لەلایەن خوداوەو ئایینی ئیسلامی بۆ هێناون ، ئیمانی پێ بهێنن و پەیڕەوی بكەن . خۆ ئەگەر ئیمانی پێ نەهێنن و بەگوێی نەكەن ، ئەوا خودا موحتاجی ئیمانی ئێوە نیيە ؛ هەرچی لە ئاسمانەكان و لە زەویدا هەیە موڵكی خودایە ، خودای گەورە زانایەو كارەكانی پڕ حیكمەتن .

يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لاَ تَغْلُواْ فِي دِينِكُمْ وَلاَ تَقُولُواْ عَلَى اللّهِ إِلاَّ الْحَقِّ إِنَّمَا الْمَسِيحُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ رَسُولُ اللّهِ وَكَلِمَتُهُ أَلْقَاهَا إِلَى مَرْيَمَ وَرُوحٌ مِّنْهُ فَآمِنُواْ بِاللّهِ وَرُسُلِهِ وَلاَ تَقُولُواْ ثَلاَثَةٌ انتَهُواْ خَيْرًا لَّكُمْ إِنَّمَا اللّهُ إِلَـهٌ وَاحِدٌ سُبْحَانَهُ أَن يَكُونَ لَهُ وَلَدٌ لَّهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ وَكَفَى بِاللّهِ وَكِيلاً {١٧١}

ئەی ئەهلی كیتاب ! زیادەڕەوی مەكەن لە دینی خۆتاندا .

خودای تەنیا بە خودا بزانن‌و پێغەمبەرەکان بە بەندەی خـودا قـەرار بـدەن . بێ‌گومـان حـەزرەتی مەسـیح عیسـای کـوڕی مەریـەم پێغەمبـەری خودایـەو بـەهۆی کەلیمەیێکـەوە پـەیدا بـووە کـە تەعبیرەکەی (کن فیکون)ە ، خودا وتی : ببەو ، بوو ، ئەو کەلیمەی حەواڵەی مەریەم کـردو ، ویسـتی بیکـات بـە شـوێنی کـارکردنی ئـەو کەلیمەیە . عیسـا ڕۆحێکـە بـە ئـیرادەی خـودا پـەیدا بـووە ، دەسـا ئیمان بێنن بە خوداو بە پێغەمبـەرەکانی‌و ، هـەرگیز مـەڵێن : خـودا سیانن‌و دەس‌بەرداری ئەو قسە ناڕەوایە بـبن‌و ڕووبکەنـە خـێرێ بۆ خۆتان . بێ‌گومان خودای بەحەق یەك خودایە ، دوورەو پاکە لەوەی ئەولادی ببێ . هەرچی لە ئاسمانەکان‌و لە زەویدا هەیە هی خودایـەو لەژێر دەسەڵاتی ئەودایە . خودا باشترین وەکیلە .

لَّن يَسْتَنكِفَ الْمَسِيحُ أَن يَكُونَ عَبْداً لِّلّهِ وَلاَ الْمَلآئِكَـــةُ الْمُقَرَّبُونَ وَمَن يَسْتَنكِفْ عَنْ عِبَادَتِهِ وَيَسْتَكْبِرْ فَسَيَحْشُـــرُهُمْ إِلَيهِ جَمِيعًا{١٧٢}

بێ‌گومان مەسیح ، عیسای کوڕی مەریەم ، لای عار نی‌یـەو مـل پێچی ناکات لەوەی کە بەندەی خودا بێ . خـۆی بـە بـەندەی خـودا ئەزانێ‌و شانازی پێوە ئەکات . هەروەها مەلائیکـە پایەبـەرزەکانیش خۆیـان بـە بـەندەی خـودا ئـەزانن . ئـەوەی پێـی نـەنگ بـێ خـودا بپەرستێ‌و ، خـۆی بـە گـەورە بزانـێ ، خـودا لـە ڕۆژی قیامـەتدا هـەموویان کۆ ئەکاتـەوە لای خـۆی‌و حیسـاب‌و کیـتابیـان لـەگـەڵ ئەکات .

فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ فَيُوَفِّيهِمْ أُجُورَهُـــمْ

وَيَزِيدُهُم مِّن فَضْلِهِ وَأَمَّا الَّذِينَ اسْتَنكَفُواْ وَاسْتَكْبَرُواْ فَيُعَذِّبُهُمْ عَذَابًا أَلُيمًا وَلاَ يَجِدُونَ لَهُم مِّن دُونِ اللّهِ وَلِيًّا وَلاَ نَصِيرًا{١٧٣}

جا ئەوانەی ئیمانیان هەیەو کردەوەی چاك ئەکەن ، خودا بەتەواوی‌و بێ کەموکوڕی پاداشیان ئەداتەوەو ، لە گەورەیی‌و دەهەنەیی خۆی زیادەیشیان بۆ ئەخاتە سەر . ئەوانەیش کە عاریان لێ دێ خودای گەورە بپەرستن‌و خۆیان بە گەورە ئەزانن‌و لە خۆ بایی ئەبن ، ئەوانە سزایەکی توندو زۆر بەئازاریان ئەداتو ، لەوێ کەس فریایان ناکەوێ‌و بێجگە خودا کەسیان دەست‌ناکەوێ سەرپەرشتییان بکات‌و کەسیان دەست‌ناکەوێ یارمەتییان بدات .

يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءكُم بُرْهَانٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَأَنزَلْنَا إِلَيْكُمْ نُورًا مُّبِينًا{١٧٤}

ئەی خەڵکینە ! بە ڕاستی لەلایەن خوداوە دەلیلی زۆر بەهێزتان بۆ هاتووە بۆ ئیسپاتی گەورەیی‌و بێ‌هاوتایی خودای تواناو دەستەڵاتدار ، وەك موعجیزەکان کە پێغەمبەر(د.خ) پیشانی‌دان . هەروەها ڕووناکییەکی ئێجگار پڕتەودارمان بۆ ناردن کە قورئانی پیرۆزەو پڕە لە زانیاری‌و ئامۆژگاری‌و هۆیە بۆ بەختیاریی دنیاو قیامەت . ئیتر بەهانەتان نەماو ، ئەگەر ڕێگای ڕاست نەگرنەبەر خۆتان زیانبار ئەبن .

فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُواْ بِاللّهِ وَاعْتَصَمُواْ بِهِ فَسَيُدْخِلُهُمْ فِي رَحْمَةٍ مِّنْهُ وَفَضْلٍ وَيَهْدِيهِمْ إِلَيْهِ صِرَاطًا مُّسْتَقِيمًا {١٧٥}

ئەوانەی ئیمانیان هەیەو دەستیان بە دینی ئەوەوە گرتووە ، ئەوانە خودا دەیانخاتە ناو دەریای ڕەحمەتی بێپایانی خۆی و پاداشیان ئەداتەوەو ، ئەیانخاتە سەر ڕێگای ڕاست لە دنیادا کە ڕێگای لە خوداترسانەو ، لە قیامەتیشدا کە ڕێگای بەهەشتە .

يَسْتَفْتُونَكَ قُلِ اللّهُ يُفْتِيكُمْ فِي الْكَلاَلَةِ إِنِ امْرُؤٌ هَلَكَ لَيْسَ لَهُ وَلَدٌ وَلَهُ أُخْتٌ فَلَهَا نِصْفُ مَا تَرَكَ وَهُوَ يَرِثُهَآ إِن لَّمْ يَكُن لَّهَآ وَلَدٌ فَإِن كَانَتَا اثْنَتَيْنِ فَلَهُمَا الثُّلُثَانِ مِمَّا تَرَكَ وَإِن كَانُواْ إِخْوَةً رِّجَالاً وَنِسَاء فَلِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الأُنثَيَيْنِ يُبَيِّنُ اللّهُ لَكُمْ أَن تَضِلُّواْ وَاللّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ {١٧٦}

داوای حوکمی خودات لێ ئەکەن دەربارەی چۆنیەتی میراتی (کەلالە) ، تۆ پێیان بڵێ : خودا بەیانی حوکمەکەتان بۆ ئەکات : ئەگەر ئینسانێ مردو ئەولادی نەبوو و خوشکێکی هەبوو ئەو خوشکە نیوەی میراتی مردووەکە ئەبا ، ئیتر خوشکەکە خوشکی باوکو دایکی بێ یا خوشکی باوکی . خۆ ئەگەر خوشکەکە مردو ئەولادی نەبوو ئەوا براکەی میراتی لێ ئەبا . هەروەها ئەو کەلالەی کە باس کرا ئەگەر دوو خوشکی هەبوو ئەوە دووبەش لە سێبەشی میراتەکەی ئەبەن . خۆ ئەگەر هەر خوشکی تەنها نەبوون بەڵکو خوشكو برا بوون ئەوا نێرینە دوو ئەوەندەی بەشی مێیینە ئەبات .

خودا ئەم حوکمانەتان بۆ ڕوون ئەکاتەوە نەبادا ڕێگا ون بکەنو گوناهبار بن . خودا ئاگای لە هەموو شت هەیەو هیچی لێ ون نابێ. شایانی باسە : کەلالە بەو کەسە ئەوترێ بمرێو ئەصڵو

فەرعی لە دوا بەجیٚنەمابیٚ . واتە : باوكو باپیرو كوڕو كچی نەبیٚ ، چونكە شەخصی وەها زۆر ماندووەو دڵی عاجزە لەوەی كە نە باوكو باپیرەی هەیەو نە ئەولاد .

سوورەتی (المائدة)

مەدینەییەو (١٢٠) ئایەتە

بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمـــنِ الرَّحِيمِ

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَوْفُواْ بِالْعُقُودِ أُحِلَّتْ لَكُـــم بَهِيمَـــةُ الأَنْعَامِ إِلاَّ مَا يُتْلَى عَلَيْكُمْ غَيْرَ مُحِلِّي الصَّيْدِ وَأَنتُمْ حُـــرُمٌ إِنَّ اللّهَ يَحْكُمُ مَا يُرِيدُ {١}

ئەی خاوەن ئیمانـەكان! وەفـا بكـەن بـەو پەیمانانـەی لەگـەڵ خـودا یـا لەگـەڵ خـەڵكو خۆتـاندا بەسـتووتانن. گۆشـتی هــەموو چوارپێكـان، وەك مـەڕ، بـزن، وشـتر، گـا، حەلاڵـە بۆتـانو بیخـۆن، ئەوانە نەبیٚ كە باسی حـەرامییان ئەكـەین. كـە لـە ئیحرامـی حـەجدا بوون نابیٚ ڕاو بكەن. نابیٚ گۆشتی ڕاوكراو بخۆن . بە ڕەوای مەزانن‌و خۆتانی لیٚ لادەن . خـودا چۆنـی بـویٚ وەهـا حوكمتـان بـۆ دائـەنیٚو بەپێی حیكمەتی خۆی كار ئەكات.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تُحِلُّواْ شَعَآئِرَ اللّـــهِ وَلاَ الشَّـــهْرَ الْحَرَامَ وَلاَ الْهَدْيَ وَلاَ الْقَلآئِدَ وَلاَ آمِّيـــنَ الْبَيْـــتَ الْحَـــرَامَ يَبْتَغُونَ فَضْلاً مِّن رَّبِّهِمْ وَرِضْوَانًا وَإِذَا حَلَلْتُمْ فَاصْطَادُواْ وَلاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ أَن صَدُّوكُمْ عَنِ الْمَسْـــجِدِ الْحَـــرَامِ أَن تَعْتَدُواْ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْـــمِ

وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُواْ اللّهَ إِنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ {٢}

ئەی ئەوانەی ئیمانتان هەیە حورمەتی عیبادەتو ڕێوشوێنی حەج مەشکێنن. حورمەتی مانگی حەرام مەشکێنن. حەیوانێ بۆ هەدی دیاری کراوە داگیری مەکەن. حەیوانی خاوەن گەردنبەند داگیر مەکەن . گەردنبەندەکانیان مەبەن . دەست مەبەن بۆ ئەو کەسانە کە ئیحرامیان بەستووە بە قەصدی حەجی ماڵی خودا مادام داوای فەزڵو ڕەحمەتی خودا ئەکەن . کاتێ کە لە ئیحرام دەرچوون ڕاوو شکاری خۆتان بکەن ، بۆتان ڕەوایە . کینەو دوژمنایەتیی کۆمەڵێ کە وەختی خۆی دەستیان هێنایە ڕێتانو مەنعی (مسجد الحرام)یان لێ کردن، هەڵتاننەنێو واتان لێ نەکات دەستدرێژی بکەنو تۆڵەی خۆتان بسێننەوە! لە ناو یەکدا لەسەر کاری چاکەو خێرو لەخوداترسی هاوکاری بکەن ، لەسەر گوناەو دەستدرێژی گەلەکۆمەکێ مەکەن. لە خودا بترسن، خودا بەتوندی تۆڵە ئەسێنێتەوەو سزای تاوانبار ئەدات.

حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالْدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللّهِ بِهِ وَالْمُنْخَنِقَةُ وَالْمَوْقُوذَةُ وَالْمُتَرَدِّيَةُ وَالنَّطِيحَةُ وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ إِلاَّ مَا ذَكَّيْتُمْ وَمَا ذُبِحَ عَلَى النُّصُبِ وَأَن تَسْتَقْسِمُواْ بِالأَزْلاَمِ ذَلِكُمْ فِسْقٌ الْيَوْمَ يَئِسَ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن دِينِكُمْ فَلاَ تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِيناً فَمَنِ اضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِّإِثْمٍ فَإِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ{٣}

حەرامە لەسەرتان گۆشتی مردارەوەبوو بخۆن، کە ئەوەتە بە بێ سەربڕین گیانی دەرچووبێ . هەروەها خوێنی ڕژاوی حەیوان خواردنی حەرامە ، نەك خوێنی گیرساوی وەك جگەرو سپڵ. حەرامە لەسەرتان خواردنی گۆشتی بەرازو ، گۆشتی ئەو حەیوانەی لەسەر غەیری ناوی خودا سەربڕابێ ، وەك ئەو حەیوانەی لەباتی ناوی خودا بە ناوی بتەکانەوە سەربڕابێ . حەرامە لەسەرتان خواردنی گۆشتی حەیوانی خنکاو بە هەر هۆیێك خنکابێ . هەروەها حەرامە لەسەرتان خواردنی گۆشتی حەیوانێ کە لە سەری یا لە ئەندامێکیتری بدرێ تا ئەمرێ ، حەرامە لەسەرتان خواردنی گۆشتی حەیوانێ لە شوێنێکی بەرزەوە کەوتبێتە خوار ، یا کەوتبێتە بیر یا چاڵێكو مردبێ ، یا حەیوانێ بە قۆچی حەیوانێکیتر کوژرابێ ، یا دڕندە لێی خواردبێ تا مرداندبێتی، مەگەر فریای بکەونو گیانی تێدا مابێو سەری ببڕنو خوێنەکەی بازرەقە ببەستێ یا لە کاتی سەربڕینەکەدا پەلەقاژە بکات. هەروەها حەرامە لەسەرتان گۆشتی ئەو حەیوانەی ئەوسا عەرەبی زەمانی جاهیلییەت لەسەر (٣٦٠) بەردەکەی دەوری کەعبە سەریان ئەبڕیو ئەمەیان بۆ خۆنزیككردنەوە لە بتەکان ئەکرد .

هەروەها حەرامە لەسەرتان پێڕەوی ئەزلام بکەن (ئەزلام تیرە). ئەوسا عەرەبی پێش ئیسلام کە بیانویستایە بڕۆیشتنایە بۆ کارێ سێ تیریان هەبوو، وەك (شێروخەت)ی ئەمڕۆ بەکاریان ئەهێنان ! لە یەکێکیان نووسرابوو: (أمرني ربي). لە یەکێکیتریان نووسرابوو : (نهاني ربي)، لە سێیەم هیچ نەنووسرابوو . جا کە تیرێکیان هەڵئەدا ئەگەر ئەوەیان دەرچووبایە کە ئەمرەکەی لێ

نووسراوه كارەكەیان ئەكردو ئەڕۆیشتن بە سەردەمیەوە ، بەلاَم ئەگەر ئەوەیان دەرچووبایە كە نەهیی لیٰ نووسراوە ئەوا وازیان لە كارەكە ئەهێنا. خۆ ئەگەر ئەو تیرە دەرچووبایە كە هیچی لیٰ نەنووسراوە كارەكەیان هەڵئەگرت بۆ وەختێكی تر!

ئەم تیرهەڵدانەیان كە لە بەردەم مالّی بتەكاندا دەیانكرد بەتەواوی دووركەوتنەوەبوو لە خودا . ئاییـنی ئیسلام ئەم كارەی بنبڕ كردو حەرامیكردو بە گوناهو فیسقی دانا.

ئا لەم ڕۆژەدا (عەصری ڕۆژی جومعەی حجة الوداع) كافرەكان بەتەواوی ناهومێد بوون لێتان و دەسیان لیٰ شۆردوون ! ئیتر لێیان مەترسن ، لە من بترسن ، بەگوێمبكەن با سزاتان نەدەم . ئەمڕۆ ئایینم بۆ تەواو كردن و ئایەتەكانم هەموو بۆ ناردن و ، ڕێوشوێنی ئایینی ئیسلامتان بۆ ڕوون بوویەوەو نیعمەتی خۆمم ڕژاند بەسەرتاندا، ئەوەتە دستتان گرت بەسەر مەككەدا كە بنكەو مەڵبەندی هێزی كافرەكان بوو ، نیشانەكانی كوفرتان تێدا نەهێشت. منیش لەناو هەموو ئایینەكاندا ئایینی ئیسلامم بۆتان هەڵبژارد .

جا ئەگەر لەقاتوقڕیو برسێتیدا ناچاری خواردنی ئەو شتە حەرامانە بوون كە باسكراون و حەزتان لە گوناه نەئەكردو بە ناچاری ئەتانخوارد نەك بە ڕەغبەتو زیادەڕەویتان نەكردو ، زیاد لە پێویستتان نەخواردو دەستدرێژیتان نەكردە سەر خەڵك ، ئەوا خودا زۆر لە گوناه خۆشئەبیو زۆر میهرەبانە .

يَسْأَلُونَكَ مَاذَا أُحِلَّ لَهُمْ قُلْ أُحِلَّ لَكُمُ الطَّيِّبَاتُ وَمَا عَلَّمْتُم مِّنَ الْجَوَارِحِ مُكَلِّبِينَ تُعَلِّمُونَهُنَّ مِمَّا عَلَّمَكُمُ اللَّهُ فَكُلُواْ مِمَّا

أَمْسَكْنَ عَلَيْكُمْ وَاذْكُرُواْ اسْمَ اللّهِ عَلَيْهِ وَاتَّقُواْ اللّهَ إِنَّ اللّهَ سَرِيعُ الْحِسَابِ{٤}

ئەی پێغەمبەر! لێت ئەپرسن چ خواردەمەنی‌یەك حەلاڵە بۆیان بیخۆن ؟ پێیان بڵێ : هەرچی خواردەمەنی‌یەك كە نەفسی ساغ و عادەتی پێی خۆش بێ و بێزی لێ نەكاتەوە حەلاڵە بۆتان بیخۆن . هەروەها حەلاڵە بۆتان خواردنی گۆشتی نێچیری ئەو درندە ڕاوییانەی كە بەو بەهرەی خودا پێی داون فێری ڕاوتان كردوون ، یا بەو جۆرەی خودا تێیگەیاندوون فێریان بكەن چون ڕاكەن بەدوای نێچیرەكەداو بیگرن و لێی نەخۆن، یا ئەگەر تێتان خوڕین بەگوێتان بكەن و كە هانتان‌دان بڕۆن.تاد.لەو نێچیرە بخۆن كە بۆیان گرتوون و لێیان نەخواردووە. لەو كاتەدا كە درندە ڕاوییەكە ئەنێرن ناوی خودا بێنن، یا كە نێچیرەكەی هێناو بەچەقۆدا گەیشت ناوی خودای لێ بێنن و سەری ببڕن . لە خودا بترسن و بەگوێی ئامۆژگارییەكانی بكەن. خودا بە گورجی تۆڵە لە تاوانبار ئەكاتەوەو ، لەسەر گەورەو بچووك لێتان ئەپرسێتەوە.

الْيَوْمَ أُحِلَّ لَكُمُ الطَّيِّبَاتُ وَطَعَامُ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ حِلٌّ لَّكُمْ وَطَعَامُكُمْ حِلُّ لَّهُمْ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الْمُؤْمِنَاتِ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ مِن قَبْلِكُمْ إِذَآ آتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ وَلاَ مُتَّخِذِي أَخْدَانٍ وَمَن يَكْفُرْ بِالإِيمَانِ فَقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ {٥}

بۆتـان حەلاڵـە خواردەمـەنیی پـاك و پوختـە ، بۆتـان حەلاڵـە خواردەمەنی‌یەك كیتابییەكان كردبێتیان . هەروەها گۆشتی حەیوانێ ئەوان سەریان بڕیبێ ، واتە : ئەوانەی پێش ئایینی ئیسلام كیتابیان بۆ هاتووە وەك گاورو جوولەكە ، خواردەمـەنیو گۆشـتی سـەربڕاوی ئێوەش بۆ ئەوان حەلاڵە ، واتە : حەلاڵە بۆتـان بیـاندەنێ یا پێیـان بفرۆشن . هەروەها حەلاڵە بوتان ژنە داوێـن‌پاكـە موسـوڵمانەكان یـا ژنە داوێن پاكە كیتابییەكان بخوازن‌و مارەیان بكەن ، بـەو شـەرتەی مارەییەكانیان بدەنێ ، كە بەم نیكاحە پـاكو پوختەیـە خۆتـان لـە زینا ئەپارێزن‌و ئافرەتی بێگانەو حەرام ناكەن بە دۆستی پەنـهانیتان كە بە حەرامی لەگەڵیان ڕابوێرن . هەركەس باوەڕ بە ئایینی ئیسـلام نەكا هەرچی ئەكات ڕەنج‌بەخەسارەو ، لە ڕۆژی قیامەتیشدا زیانبارو دوڕاوە

يا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا قُمْتُمْ إِلَـى الصَّـلاةِ فاغْسِـلُواْ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُواْ بِرُؤُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَينِ وَإِن كُنتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُواْ وَإِن كُنتُم مَّرْضَـى أَوْ عَلَى سَفَرٍ أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مَّنكُم مِّنَ الْغَائِطِ أَوْ لاَمَسْتُمُ النِّسَـاءَ فَلَمْ تَجِدُواْ مَاءً فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا طَيِّبًا فَامْسَـحُواْ بِوُجُوهِكُـمْ وَأَيْدِيكُم مِّنْهُ مَا يُرِيدُ اللّهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُم مِّنْ حَـرَجٍ وَلَـكِن يُرِيدُ لِيُطَهَّرَكُمْ وَلِيُتِمَّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ {٦}

ئەی ئەوانەی ئیمانتان هەیە بـە خـوداو بـە پێغەمبـەری خـودا، ئەگەر ویستتان هەستن بۆ نوێژكردن واتە نیازتـان بـوو نوێـژ بكـەن،

لەپێشدا دەموچاوو ڕوخسارتان بشۆرن‌و ، هەردوو دەستتان بشۆن لەگەڵ ئەنیشکەکانتان‌و، دەستی تەڕ بێنن بە سەرتاندا. هەردوو پێیشتان بشۆرن لەگەڵ قولەقاپەکانتان . جا ئەگەر لە کاتی هەستان بۆ نوێژدا لەشتان پیس بوو ، یانێ جەنابەتتان هەبوو ئەوا خۆتان بشۆرن واتە : هەمو لەشتان چ پێست‌و چ موو.

ئەمە بۆ حاڵێکە کە ئاوتان هەبێ‌و هیچ مانیعێکتان نەبێ لە بەکارهێنانی ئاو. خۆ ئەگەر هەر ئاو نەبوو یا هەبوو و نەتانئەتوانی بەکاری‌بێنن لەبەر نەخۆشی ، یا لە سەفەردا بوون ، چ بێ‌دەست‌نوێژ بن‌و چ لەش‌پیس ، یا دەست‌نوێژتان هەبوو لەپڕ موحتاجی قەزای حاجەت بوون بە میز یا پیسی یا شتی‌تر کە دەست‌نوێژ بشکێنێ ، یا لە ژنەکانتان کەوتبوون چ بە دەس‌لێدان‌و چ بە جیماع‌کردن‌و ، ئاوتان دەس‌نەکەوت دەس‌نوێژی پێ بگرن یا لەش‌پیسیی خۆتانی پێ دەرکەن ، لە هەموو ئەم حاڵانەدا بگەڕێن بە دوای خاکێکی پاکداو دەستانی پیادەن‌و بیهێنن بە دەم‌و چاوو ڕوخسارتان‌و بە هەردوو دەستتاندا . خودا نایەوێ باری گران بخاتە سەرتان‌و ناچارتان بکات بۆ بەکارهێنانی ئاو لە هەموو کاتێکدا بەڵام ئەیەوێ پاکتان بکاتەوە چ بە دەس‌نوێژو خۆشۆردن‌و چ بە تەیەمموم‌و خاک بەکارهێنان . ئەیەوێ نیعمەتی خۆی بەسەرتاندا تەواو بکات ، بەشکو شوکرانەبژێریی خودا بکەن‌و لە فەرمانی دەرنەچن.

وَاذْكُرُواْ نِعْمَةَ اللّهِ عَلَيْكُمْ وَمِيثَاقَهُ الَّذِي وَاثَقَكُم بِهِ إِذْ قُلْتُمْ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَاتَّقُواْ اللّهَ إِنَّ اللّهَ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ{٧}

یادی ئەو نیعمەتە گەورە بکەن کە خودا پێی بەخشین ، واتە :

ئاینی ئیسلامی بێگەرد ، تا سوپاسی بکەن‌و شوکرانەبژێر بن . ئەو پەیمانەتان لە بیر نەچێ کە خودا لە کاتی ئیسلامبوونتاندا بەستی لەگەڵتان ، کە وتتان بە پێغەمبەر بەگوێتئەکەین‌و لە فەرمانت دەرناچین. لە خودا بترسن‌و خۆتان لە گوناه دوور بخەنەوە ، خودا ئاگای لەو نیازەیە کە لە دڵتاندایە ، چ جایێ ئەو کارانەی کە بە ئاشکرا ئەیانکەن .

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُونُواْ قَوَّامِينَ لِلّهِ شُهَدَاء بِالْقِسْطِ وَلاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلاَّ تَعْدِلُواْ اعْدِلُواْ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَاتَّقُواْ اللّهَ إِنَّ اللّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ {٨}

ئەی ئەوانەی بەڕاستی باوەڕتان بە خوداو بە پێغەمبەر هەیە هەموو کات بەعادلانەو دادپەروەرانە شایەتی بدەن‌و ڕاستگۆ بن لەپێناوی ڕەزای خودادا . با ڕق‌و قینتان لە کافرەکان واتان لێ نەکات بە ناڕاستی‌و ناعادلانە بجوولێنەوە لەگەڵیان‌و دەسدرێژییان لێ بکەن : دادەپەروەرو حەق‌گۆو حەق‌کردار بن . دادو ڕاستی نزیکترتان ئەکاتەوە لە گوناه نەکردن‌و لەخوداترسان . لە خودا بترسن ، خۆتان لە گوناه دوور بخەنەوە کە خودا ئاگادارە لە هەموو کردەوەتان‌و هیچی لێ ون نابێ .

وَعَدَ اللّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ عَظِيمٌ {٩}

خودا بەڵێنی داوە بەوانەی ئیمانیان هەیەو کردەوەی باشیان کردوە لە گوناهیان خۆش ئەبێ‌و پاداشتێکی گەورەیان ئەداتەوە.

وَالَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا أُوْلَـئِكَ أَصْحَابُ

الْجَحِيمِ{١٠}

ئەو کەسانەیش کە بێ ئیمانن و ئایەتەکانی ئێمە دەخەنەوە بەدرۆوەو پشتی تێئەکەن ئەوانە هاوڕێی دۆزەخن و لەوێ ئەحەسێنەوە.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اذْكُرُواْ نِعْمَتَ اللّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ هَمَّ قَوْمٌ أَن يَبْسُطُواْ إِلَيْكُمْ أَيْدِيَهُمْ فَكَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنكُمْ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَعَلَى اللّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ {١١}

ئەی موسوڵمانینە ! هەمووکات یادی نیعمەتە زۆرەکانی خودای گەورە بکەنەوەو لەبیرتان نەچن و شوکرانەبژێر بن ، ئەوەبوو کۆمەڵێ لە کافرەکان ویستیان دەستتان بۆ درێژ کەن ، ئازارتان بدەن یا خۆ بتانکوژن ، بەلام هێزو توانایی خودای بە بەردەستیانداو ڕێگای لێ گرتن . هەر خودا شایانی لێترسانە. خاوەن ئیمانەکان ئەبێ هەر بەو پشت ببەستن .

وَلَقَدْ أَخَذَ اللّهُ مِيثَاقَ بَنِي إِسْرَآئِيلَ وَبَعَثْنَا مِنهُمُ اثْنَيْ عَشَرَ نَقِيبًا وَقَالَ اللّهُ إِنِّي مَعَكُمْ لَئِنْ أَقَمْتُمُ الصَّلاَةَ وَآتَيْتُمُ الزَّكَاةَ وَآمَنتُم بِرُسُلِي وَعَزَّرْتُمُوهُمْ وَأَقْرَضْتُمُ اللّهَ قَرْضًا حَسَنًا لَّأُكَفِّرَنَّ عَنكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَلأُدْخِلَنَّكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ فَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَلِكَ مِنكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَاء السَّبِيلِ{١٢}

بەڕاستی خودا پەیمانی لە بەنیئیسرائیلییەکان وەرگرت کە لەگەڵ مووسادا بڕۆن بۆ جەنگ دژی ئەو زۆردارانەی لە خاکی شام

بوون. بۆ ئەم مەبەستە دوازدە (مفتش)ی وشیارمان هەڵبژارد تا برۆن ئەحواڵی ئەو زۆردارانەو دەنگوباسیان بزانن . خودا فەرمووی بە بەنیئیسرائیلییەکان : من لەگەڵ ئێوەدام و یارمەتیتان ئەدەم ئەگەر ئێوە نوێژبکەن و ، زەکاتی ماڵتان دەرکەن و ، ئیمان بە پێغەمبەرانم بێنن و پشتیان بگرن و بەهێزیان بکەن و ، قەرزی باش بدەن بە خودا، واتە یارمەتیی جیهاد بدەن و دەستگرۆیی هەژاران و داماوان بکەن ، ئەوا لە گوناهەکانتان ئەبوورم و ئەتانخەمە چەند بەهەشت و باغ و لالەزارێکەوە کە جۆگای ئاوی روون و گەوارا بە ناویاندا دەچێت. ئیتر هەرکەس لە ئێوە پاش ئەم پەیمانە پەشیمان ببێتەوەو کافر ببێتەوە ئەوە بە بێ عوزرو بەهانە رێگای راستی ون کردووەو سزای زۆر خراپ ئەبێ .

فَبِمَا نَقْضِهِم مِّيثَاقَهُمْ لَعنَّاهُمْ وَجَعَلْنَا قُلُوبَهُمْ قَاسِيَةً يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِ وَنَسُواْ حَظًّا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِ وَلاَ تَزَالُ تَطَّلِعُ عَلَىَ خَآئِنَةٍ مِّنْهُمْ إِلاَّ قَلِيلاً مِّنْهُمُ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاصْفَحْ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ {١٣}

جا لەبەرئەوەی پەیمانەکەیان نەبردسەرو تێکیان دا دوورمان خستنەوە لە رەحمەتی خۆمان و دڵمان رەق و رەش کردن و ، دەستیان دایە گۆرینی تەورات و مەعنایان بە ئارەزووی خۆیان لێئەدایەوەو ئەوەی پێیان وترابوو لە بیریان چووەوە . ئیتر خیانەت و ناراستییان لێ نابرێ و هەموو جار خائینیان تیا دەبینی ، کەمێکیان نەبێ کە ئیمانیان هێناوەو رێگای راستیان گرتووەتەبەر .

لێیان ببوورەو چاوپۆشییان لیٚ بکە ئەگەر تەوبەیان کرد یا بە ڕێکوپێکی جیزیەیان دا ، یاخۆ وازیان لیٚ بێنەو گوێیان مەدەریٚ . خودا چاکەکەرانی خۆش ئەویٚ .

وَمِنَ الَّذِينَ قَالُواْ إِنَّا نَصَارَىٰ أَخَذْنَا مِيثَاقَهُمْ فَنَسُواْ حَظًّا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِ فَأَغْرَيْنَا بَيْنَهُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَسَوْفَ يُنَبِّئُهُمُ اللّهُ بِمَا كَانُواْ يَصْنَعُونَ {١٤}

پەیمانمان لەوانەش سەند کە وتیان : ئێمە نەصرانین‌و پەیڕەوی عیساین ، بڕیارمان‌دا خودا بە یەك بزانن‌و پەیڕەوی عیسا بن‌و ئیمانی پیٚ بێنن‌و ئەو پێغەمبەرەیش دوای ئەو دێت کە موحەممەدە (د.خ) ئیمانی پیٚ بێنن . ئەوانیش پەیمانیان هەڵوەشاندەوەو بەشیٚ لەوەی فێر کرابوون‌و پێیان وترابوو لەبیریان چوو ، خودایان کرد بە سیٚ . عیسایان لە پلەی پێغەمبەرییەوە گەیاندە پایەی بەرزی خودایی‌و ئیمانیان بە پێغەمبەری ئیسلامیش نەهێنا . ئێمەش دوژمنایەتی‌و ڕق‌و کینەمان خستە ناو خۆیانەوە ، یا ناوبەینی ئەوان‌و جوولەکەوە تا ڕۆژی قیامەت. لەوێیش ڕووبەڕوو ئەبنەوە لەگەڵ خوداداو پێیان ئەڵیٚ چییان کردووە لە دنیادا !

يَا أَهْلَ الْكِتَابِ قَدْ جَاءكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ كَثِيرًا مِّمَّا كُنتُمْ تُخْفُونَ مِنَ الْكِتَابِ وَيَعْفُو عَن كَثِيرٍ قَدْ جَاءكُم مِّنَ اللّهِ نُورٌ وَكِتَابٌ مُّبِينٌ {١٥}

ئەی کیتابییەکان بەڕاستی‌و بیٚگومان پێغەمبەری ئێمە هات بۆ لاتان‌و گەلیٚ شتی واتان بۆ ڕۆشن ئەکاتەوە لەوانەی لە تەورات‌و

ئینجیلدا هەن و ئێوە لە خەڵکتان شاردوونەتەوەو بۆتان باس نەکردوون ! هەروەها چاوپۆشی لە زۆر شت ئەکات لەوانەی شاردووتانەتەوە. بەڕاستی لای خوداوە قورئان و نوورتان بۆ هاتووە کە ڕێگای ڕاستتان بۆ ڕوون ئەکاتەوەو لە گومڕاهی ڕزگارتان ئەکات.

يَهْدِي بِهِ اللّهُ مَنِ اتَّبَعَ رِضْوَانَهُ سُبُلَ السَّلاَمِ وَيُخْرِجُهُم مِّنِ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ بِإِذْنِهِ وَيَهْدِيهِمْ إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ{١٦}

ئەو کەسانەی دوای ڕەزامەندیی خودا بکەون و مەبەستیان بێ لێیان ڕازی بێ ، خودا بە ئیزنی خۆی بەهۆی ئەو قورئانەوە لە تاریکی کوفر دەریان ئەهێنێ و ئەیانخاتە ڕووناکی ئیسلام و ، شارەزای ڕێگای ڕاستیان ئەکات کە بەرەو بەختیاریی دنیاو قیامەتیان ئەبات .

لَّقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَآلُواْ إِنَّ اللّهَ هُوَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ قُلْ فَمَن يَمْلِكُ مِنَ اللّهِ شَيْئًا إِنْ أَرَادَ أَن يُهْلِكَ الْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَأُمَّهُ وَمَن فِي الأَرْضِ جَمِيعًا وَلِلّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ وَاللّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ {١٧}

ئەوانە کافرن کە ئەڵێن عیسای مەسیحی کوڕی مریەم خودایە ! تۆ پێیان بڵێ کێ هەیە بتوانێ ڕێ لە خودا بگرێ و دەست بێنێتە بەر دەستی ئەگەر بیەوێ عیسای مەسیحی کوڕی مریەم و دایکی و هەرچی خەڵکی سەرزەویشە بیانکوژێ و لەناویان بەرێ ؟ هەرچی موڵکی ئاسمانەکان و زەوی و ناوبەینیان هەیە هەموو هی خودایە.

خودا هەرچی بوێ دروستی ئەکات. خودا بەسەر هەموو شتێکدا تواناو دەستەلاتدارە.

وَقَالَتِ الْيَهُودُ وَالنَّصَارَى نَحْنُ أَبْنَاءُ اللَّهِ وَأَحِبَّاؤُهُ قُلْ فَلِمَ يُعَذِّبُكُم بِذُنُوبِكُم بَلْ أَنتُم بَشَرٌ مِّمَّنْ خَلَقَ يَغْفِرُ لِمَن يَشَاءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَاءُ وَلِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا وَإِلَيْهِ الْمَصِيرُ {١٨}

جوولەکەو گاور ئەڵێن: ئێمە کوڕی خوداینو خۆشەویستینی . پێیان بڵێ : ئەگەر وایە بۆ بەرامبەر بە گوناهتان سزاتان ئەدات؟ نەخێر وا نییە کە ئێوە ئەڵێن ، بەڵکو ئێوەش بنیادەمنو لەوانەن کە خودا دروستی کردوون . ئەوەی مەیلی بێ لە گوناهی خۆش ئەبێ، واتە : ئەوانەی ئیمانیان هێنابێ بە خوداو پێغەمبەرانی. ئەوەیش مەیلی لێ بێ سزای ئەدا، واتە ئەوانەی کە ئیمانیان نییەو کافرن . هەرچی موڵکی ئاسمانەکانو زەوییە هەموو هی خودایەو ، چارەنووسو ئەنجامی هەموو هەر لای خودایەو ئەو پاداشی چاکەکەر ئەداتەوەو سزای تاوانبار ئەدات .

يَا أَهْلَ الْكِتَابِ قَدْ جَاءكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ عَلَى فَتْرَةٍ مِّنَ الرُّسُلِ أَن تَقُولُواْ مَا جَاءنَا مِن بَشِيرٍ وَلاَ نَذِيرٍ فَقَدْ جَاءكُم بَشِيرٌ وَنَذِيرٌ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ {١٩}

ئەی کیتابییەکان! بە ڕاستی پێغەمبەری ئێمە هات بۆتان ئایینو خوداناسیتان بۆ ڕوون بکاتەوە. لە وەختێکدا ئەم پێغەمبەرەتان بۆ نێررا ماوەیێك بوو خودا پێغەمبەری نەناردبووە سەرتان. بۆیە ئەم پێغەمبەرەمان بۆ ناردن نەبادا دوایی لە ڕۆژی

حیسابدا بلّێن : کەسێك نەهاتە لامان لە دنیادا باسی چاکەو خراپەمان بۆ بکاتو موژدەدەرو ترسێنەر بێ! ئەوا پێغەمبەرێکتان بۆ هات موژدەی بەهەشتو پاداشی چاك ئەدات بە موسوڵمانانو کردەوە چاکان. هەروەها کافرانو بەدکاران لە دۆزەخو سزای توند ئەترسێنێ. خودا توانایە بەسەر هەموو شتدا، ئەتوانێ زووزوو پێغەمبەر بنێرێو ئەشتوانێ بەیناویەین بینێرێ ، خۆی ئەزانێ کەی ئەینێرێ .

وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِ يَا قَوْمِ اذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَعَلَ فِيكُمْ أَنبِيَاءَ وَجَعَلَكُم مُّلُوكًا وَآتَاكُم مَّا لَمْ يُؤْتِ أَحَدًا مِّنَ الْعَالَمِينَ {٢٠}

یادی ئەوە بکەنەوە کە مووسا قەومەکەی خۆی ئامۆژگاری ئەکردو پێی ئەوتن : بیر لەو هەموو نیعمەتانە بکەنەوە کە خودا پێی بەخشیون ، کە چەندین پێغەمبەر لەناو ئێوەدا هەڵکەوتو چەندین پادشاو دەستەلاتدارتان تێدا پەیدا بوو و، شتیوای پێدان بە کەسی نەداوە، دەریای بۆ دوولەت کردن تا بپەڕنەوەو فیرعەونی بۆ لەناوبردنو هەوری بۆ کردن بە سێبەرو، گەزۆو هەنگوینی بۆ باراندن.

يَا قَوْمِ ادْخُلُوا الْأَرْضَ الْمُقَدَّسَةَ الَّتِي كَتَبَ اللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَرْتَدُّوا عَلَىٰ أَدْبَارِكُمْ فَتَنقَلِبُوا خَاسِرِينَ {٢١}

مووسا پێیوتن ئەی قەومەکەم بڕۆنە ئەو زەوییە کە خودا بۆی دیاریکردوون . ئەگەر خاوەن ئیمانن هەڵمەگەڕێنەوە بەرەودواو

مەترسن ، تا سەرگەردان و ماڵوێران و ڕەنج بەخەسارنەبن.

قَالُوا يَا مُوسَىٰ إِنَّ فِيهَا قَوْمًا جَبَّارِينَ وَإِنَّا لَن نَّدْخُلَهَا حَتَّىٰ يَخْرُجُواْ مِنْهَا فَإِن يَخْرُجُواْ مِنْهَا فَإِنَّا دَاخِلُونَ {٢٢}

وتیان : ئەی مووسا لەو شوێنەدا قەومێکی بەهێزو ستەمکار هەن ، ئێمە ناچینە ناوی تا ئەوان لێی دەرنەچن. ئەگەر دەرچوون ئەنجا ئێمە ئەڕۆینە ناوی.

قَالَ رَجُلاَنِ مِنَ الَّذِينَ يَخَافُونَ أَنْعَمَ اللّهُ عَلَيْهِمَا ادْخُلُواْ عَلَيْهِمُ الْبَابَ فَإِذَا دَخَلْتُمُوهُ فَإِنَّكُمْ غَالِبُونَ وَعَلَى اللّهِ فَتَوَكَّلُواْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ {٢٣}

لەوێدا دووکەس لەوانەی لەخودا ئەترسان و خودا نیعمەتی ئیمان و ڕاستگۆیی و دامەزراوی پێ دابوون، بە خەڵکەکەیان وت: بڕۆنە سەریان و پێش ئەوەی لە خەو خەبەریان بێتەوە دەرگایان لێ بگرن و هێرش بەرنە سەریان. ئەگەر واتان کرد بێگومان سەرئەکەون و زاڵئەبن . گەر باوەڕتان بە خودا هەیە پشت هەر بەو ببەستن، هەر ئەو یارمەتیدەرە.

قَالُواْ يَا مُوسَىٰ إِنَّا لَن نَّدْخُلَهَا أَبَدًا مَّا دَامُواْ فِيهَا فَاذْهَبْ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَاتِلاَ إِنَّا هَاهُنَا قَاعِدُونَ {٢٤}

لەگەڵ ئەمەش هەر بەگوێیان نەکردو نەڕۆیشتن ، وتیان : ئەی مووسا ! ئێمە هەرگیز ناڕۆینە ئەوێ تا ئەوانی تێدا بن . جا ئەگەر تۆ حەزت لە ڕۆیشتنە ئەوا تۆو خوداکەت بڕۆن بجەنگن و ، ئێمەش ئا لێرە دانیشتووین. ئەمەش گاڵتەکردن بوو بە خوداو بە مووسای

پێغەمبەری.

قَالَ رَبِّ إِنِّي لَا أَمْلِكُ إِلَّا نَفْسِي وَأَخِي فَافْرُقْ بَيْنَنَا وَبَيْنَ الْقَوْمِ الْفَاسِقِينَ {٢٥}

مووسا ڕوی کردە خودای خۆیو پاڕایەوەو وتی : خودایا ! من تەنها دەستم بەسەر خۆمو هاروونی برامدا ئەڕوات . جیامان بکەرەوە لەم کۆمەڵە فاسقە لەرێ لاداوەو ، هەر لایەکمان بە پێی کردارمان حوکم بفەرمووبەسەرماندا و بەتاوانی ئەوان غەزەب لە ئێمە مەگرە.

قَالَ فَإِنَّهَا مُحَرَّمَةٌ عَلَيْهِمْ أَرْبَعِينَ سَنَةً يَتِيهُونَ فِي الأَرْضِ فَلاَ تَأْسَ عَلَى الْقَوْمِ الْفَاسِقِينَ {٢٦}

جا خودا فەرمووی بە مووسا: بێگومان لەسزای ئەم بێگوێیییەدا ئەرزی موقەددەسیان لێ حەرام کرا بۆ ماوەی چل ساڵو لەم ماوەدا ئەسووڕێنەوە بە زەویدا بەجۆرێ کە نازانن لە کوێوە هاتوونو بۆکوێ ئەچن. تۆیش خەفەت مەخۆ کەوا ئەو تۆڵەیە لەو کۆمەڵە فاسقە کرایەوە. با بیخۆن ، ئەوە دەردیان بێ .

وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ ابْنَيْ آدَمَ بِالْحَقِّ إِذْ قَرَّبَا قُرْبَانًا فَتُقُبِّلَ مِن أَحَدِهِمَا وَلَمْ يُتَقَبَّلْ مِنَ الآخَرِ قَالَ لَأَقْتُلَنَّكَ قَالَ إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ اللّهُ مِنَ الْمُتَّقِينَ {٢٧}

ئەی پێغەمبەر بەسەرهاتی دوو کوڕەکەی ئادەمیان بۆ بگێڕەرەوە، واتە: قابیلو هابیل، کە ئادەم ئەمری پێکردن هەریەکێکیان خوشکی لف (توأم)ی ئەویتریان مارە بکات. قابیل پێی ناخۆش بوو چونکە خوشکە لفەکەی خۆی جوانتر بوو و حەزی

نەئەکرد بۆ هابیل بیۆ خۆی حەزی لیّ ئەکرد. ئادەم فەرمووی: هەریەکێکتان قوربانییەك بکەن ، لە هەرکامتان قبوولّ کرا ، خوشکەکە بۆ ئەوەتان بێت . قوربانییان کرد، قوربانییەکەی هابیل قبوولّ بوو. ئاگریّ لە ئاسمانەوە هات و قووتیدا. بەلاّم هی قابیل قبوولّ نەکراو ئەوەندەیتر ڕقی هەستاو هەڕەشەی لە هابیلی برای کردو وتی: بە خودا ئەتکوژم . هابیل پیّی وت : خودا قوربانی لە یەکیّ قبوولّ ئەکات کە لە خودا بترسیّو خۆی لە گوناه دوور بخاتەوە.

لَئِن بَسَطتَ إِلَيَّ يَدَكَ لِتَقْتُلَنِي مَا أَنَاْ بِبَاسِطٍ يَدِيَ إِلَيْكَ لَأَقْتُلَكَ إِنِّي أَخَافُ اللّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ {٢٨}

بە خودا قەسەم ئەگەر تۆ دەستت ڕابدەی بۆ ئەوەی بمکوژی من هەرگیز دەستم ڕانادەم بۆ ئەوەی بتکوژم . من لەو خودایە ئەترسم کە پەروەردگاری هەموو عالەمە.

إِنِّي أُرِيدُ أَن تَبُوءَ بِإِثْمِي وَإِثْمِكَ فَتَكُونَ مِنْ أَصْحَابِ النَّارِ وَذَلِكَ جَزَاءُ الظَّالِمِينَ {٢٩}

من ئەمەویّ گوناهی منو تۆیش بکەوێتە ئەستۆی تۆو بچیتە ئاگری دۆزەخەوە. ئەوەیە سزای ستەمکارانو دەستدرێژیکەران .

فَطَوَّعَتْ لَهُ نَفْسُهُ قَتْلَ أَخِيهِ فَقَتَلَهُ فَأَصْبَحَ مِنَ الْخَاسِرِينَ{٣٠}

نەفسی ڕێگای کوشتنی هابیلی برای لە بەرچاو ئاسانو جوان کردو کوشتیو بەهۆی ئەو تاوانە گەورەوە کە کردی زیانبار بوو و دینو دنیای دۆڕاند.. هەر لە دنیای ڕۆشندا لە تەمەنی بیست

ساڵییەوە ئاوارە بوو و لە بەرچاوی خەڵك نەفرینلێكراو بوو و لە ڕۆژی دواییشدا بە سزای خۆی ئەگات.

فَبعثَ اللَهُ غرابا يبحثُ فِى الأرْض ليُريهُ كَيفَ يُوارى سَوْءَةَ أخيه قَال يا ويلَتا أعجزتُ أن أكُونَ مثلَ هذا الغُرَابِ فَأُوارى سَوْءَةَ أخى فَأصبَحَ مِنَ النَّادمِين {٣١}

پاش ئەوەی کە براکەی کوشت نەیزانی چۆن لاشەکەی بشارێتەوە. ڕیوایەت کراوە کە قابیل هابیلی برای کوشت بە دەستیەوە داماو نەیزانی چۆنی بشارێتەوە. خودای گەورە دوو قەلەڕەشی نارد لە بەرچاویا شەڕیان کردو یەکێکیان ئەوی‌تریانی کوشت‌و بە دەنووك چاڵێکی بۆ هەڵکەندو شاردیەوە! کە قابیل ئەمەی دی وتی: ئای نەگبەت خۆم. بە قەدەر ئەم قەلە ڕەشەشم لێ نایێ کە لاشەی براکەم بشارمەوە!؟ لەو کاتەدا دای بە ئەژنۆی خۆیداو پەشیمان بوویەوەو زانی چ تاوانێکی کردووە؟

مِنْ أجْلِ ذلكَ كتبْنا علَى بنِي إسْرَائِيلَ أنَّهُ مَن قَتَلَ نفسًا بغَيْرِ نَفْسٍ أوْ فَسَادٍ فِي الأَرْضِ فكأنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا ومَنْ أَحْيَاهَا فكَأنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا ولَقَدْ جَاءَتْهُمْ رُسُلُنَا بِالبَيِّنَاتِ ثُمَّ إنَّ كَثِيرًا مِّنْهُم بَعْدَ ذَلِكَ فِي الأَرْضِ لَمُسْرِفُونَ{٣٢}

جا لەبەر ناڕەوایی‌و ناشیرینی ئەو تاوانە کە بوو بەهۆی ئەوەی خەڵك چاو لە قابیل بکەن لە کوشتنی‌ناحەزیاندا ، بڕیارمان‌داو

واجبمان‌کرد لەسەر بەنی ئیسرائیلییەکان هەرکەس نەفسێ بکوژێ بێ‌ئەوەی قیصاصی لەسەر بێ یا خراپەی لە سەرزەوی کردبێ یا شەریکی بۆخودا قەراردابێ یا رێگری کردبێ لە خەڵك‌و خەریکی راووڕووت بووبێ ، ئەوە بکوژەکە وەك ئەوەیە هەرچی بنیادەمە هەمووی کوشتبێ . هەرکەسیش یەکێ ڕزگار بکات لە مردن ، بە هەوڵ‌بۆدان یا یارمەتی یا هەر هۆیێکی ڕەوای‌تر ، ئەوە وەك ئەوە وایە هەمووی ڕزگار کردبن . پاش ئەوەی ئەم حوکمە توندەمان ڕاگەیاند پێغەمبەران لەلایەن ئێمەوە چوونە سەریان‌و ئایەت‌و موعجیزەیان پیشان دان‌و حوکمی خودایان بۆ دووپات کردنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێ لەوان زیادەڕەوییان کرد لەسەر زەوی‌و دەستیان لە پیاوکوژی هەڵنەگرت.

إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الأَرْضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُواْ أَوْ يُصَلَّبُواْ أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم مِّنْ خِلافٍ أَوْ يُنفَوْاْ مِنَ الأَرْضِ ذَلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ {٣٣}

پاداشی ئەوانە کە شەڕ لەگەڵ خوداو پێغەمبەر ئەکەن بە سەرکەشی لە دین‌و تێئەکۆشن بۆ بلاوکردنەوەی خراپە لە ڕووی زەویدا ، هیچ نی‌یە ئەوە نەبێ کە بکوژرێن‌و بکرێن بە دارا یا دەست‌و پێیان بە ڕاست‌و چەپ ببڕرێتەوە ، واتە دەستی ڕاست‌و پێی چەپیان ببڕرێت ، یا شاربەدەر بکرێن‌و لە ولاتی خۆیان دوور بخرێنەوە. ئەمە ئابڕووچوونی دنیای ڕۆشنیانەو لە ڕۆژی دواییشدا

سزاییّکی زۆر گەورە ئەدرێن .

إِلاَّ الَّذِينَ تَابُواْ مِن قَبْلِ أَن تَقْدِرُواْ عَلَيْهِمْ فَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ {٣٤}

ئەوانە نەبن کە پێش ئەوەی ئێوە زاڵ ببن بەسەریانداو دەردەستیان بکەن ، لەو تاوانانە پەشیمان بوونەتەوە. بزانن خودای دەستەلاّتدار گوناهپۆش و میهرەبانە.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ وَابْتَغُواْ إِلَيهِ الْوَسِيلَةَ وَجَاهِدُواْ فِي سَبِيلِهِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ {٣٥}

ئەی موسوڵمانینە ! لە خودا بترسن، ڕێگای خوداپەرستیو چاکەکردن بگرن تا بگەنە ڕەزامەندی خوداو ، لەپێناوی بەرزکردنەوەو سەرخستنی ئاییِنی خودادا تێبکۆشنو هەوڵبدەن ، بەڵکو سەرکەونو بەختیاری دنیاو قیامەت بن.

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ لَوْ أَنَّ لَهُم مَّا فِي الأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُ مَعَهُ لِيَفْتَدُواْ بِهِ مِنْ عَذَابِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَا تُقُبِّلَ مِنْهُمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ{٣٦}

ئەوانەی کافرن ئەگەر هەرچی لە زەویدا هەیە هی ئەوان بیّو ئەوەندەی تریشیان هەبیّو بیانەویّ بیدەن لە فیدیەی خۆیاندا ، بۆئەوەی لە سزای ڕۆژی قیامەت ڕزگار ببن، لێیان قبووڵ ناکریّو سزای سەختو بەئازار ئەدرێن.

يُرِيدُونَ أَن يَخْرُجُواْ مِنَ النَّارِ وَمَا هُم بِخَارِجِينَ مِنْهَا وَلَهُمْ عَذَابٌ مُّقِيمٌ {٣٧}

ئەو کافرە ماڵوێرانانە ئەیانەوێ لە ئاگر دەرباز بن‌و لە سزای بێ‌ئامانی ڕزگار بن ، بەلاّم هەرگیز لێی دەرباز نابن‌و سزاییێکی هەمیشەییان هەیە.

وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُواْ أَيْدِيَهُمَا جَزَاءً بِمَا كَسَبَا نَكَالاً مِّنَ اللّهِ وَاللّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ {٣٨}

ئەو پیاوەی دزی ئەکات‌و ئەو ژنەی دزی ئەکات، بە مەرجێ باڵغ‌و عاقلّ بن‌و ، شوبهەیان نەبێ لە حەرامیی ماڵەکە بۆیان ، نەك وەك ماڵی شەریکی یا ماڵێ کە وەقفی عاممە بێ کە گومانی حەلاڵی تێدایە بۆیان ، هەروەها بەو مەرجەی دزراوەکە نرخی چواریەکی دینارێکی ئاڵتوون بێ‌و ، لە شوێنی خۆیدا دانرابێ‌و پارێزراو بێ ، ئەوە دەستیان ببڕن لە مووچا تا ببێتە تۆڵەی ئەو گوناهە نالەبارە کە کردوویانە، کە ئەمەش عوقووبەتێکە لە لایەن خوداوە . خودا تواناو بەدەستەلاّتەو کارەکانی پڕ حیکمەتن .

فَمَن تَابَ مِن بَعْدِ ظُلْمِهِ وَأَصْلَحَ فَإِنَّ اللّهَ يَتُوبُ عَلَيْهِ إِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ {٣٩}

جا هەرکەس پاش ئەو ستەمەی کردوویەتی پەشیمان بوویەوەو گەڕایەوە بۆ لای خوداو بەگوێ‌کردنی‌و، دەستی‌کرد بە چاکەکردن‌و عەزمی جەزم کرد نەگەڕێتەوە بۆسەر گوناهەکە، ئەوە بێ‌گومان خودای میهرەبان تەوبەی لێ وەرئەگرێ‌و لە گوناهی خۆش ئەبێ. خودا زۆر گوناهپۆش‌و میهرەبانە.

أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللّهَ لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ يُعَذِّبُ مَن

يَشَاءُ وَيَغْفِرُ لِمَن يَشَاءُ وَاللّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ {٤٠}

ئايا نەتزانيوە هەرچی موڵکی زەوی‌و ئاسمانەکانە هەمووی هی خودایەو ئەو بە ئارەزووی خۆیەتی بیەوێ سزای هەرکەس بدات ئەیدات‌و، بۆ هەر کەسیش بیەوێ گوناهی ئەبەخشێ ؟ خودا بەسەر هەموو شتێکدا دەستی ئەڕوات‌و توانایە.

يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ لاَ يَحْزُنكَ الَّذِينَ يُسَارِعُونَ فِي الْكُفْرِ مِنَ الَّذِينَ قَالُواْ آمَنَّا بِأَفْوَاهِهِمْ وَلَمْ تُؤْمِن قُلُوبُهُمْ وَمِنَ الَّذِينَ هِادُواْ سَمَّاعُونَ لِلْكَذِبِ سَمَّاعُونَ لِقَوْمٍ آخَرِينَ لَمْ يَأْتُوكَ يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ مِن بَعْدِ مَوَاضِعِهِ يَقُولُونَ إِنْ أُوتِيتُمْ هَـذَا فَخُذُوهُ وَإِن لَّمْ تُؤْتَوْهُ فَاحْذَرُواْ وَمَن يُرِدِ اللّهُ فِتْنَتَهُ فَلَن تَمْلِكَ لَهُ مِنَ اللّهِ شَيْئًا أُوْلَـئِكَ الَّذِينَ لَمْ يُرِدِ اللّهُ أَن يُطَهِّرَ قُلُوبَهُمْ لَهُمْ فِي الدُّنْيَا خِزْيٌ وَلَهُمْ فِي الآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ {٤١}

ئەی پێغەمبەر! دڵت نارەحەت نەبێ‌و غەمگین مەبە لە ڕەوشتی بەدی ئەوانەی گورج کافرێتی خۆیان دەرئەخەن‌و بەدەم کوفرەوە ڕائەکەن، لەو دووڕووە درۆزنانە کە بە دەم ئەڵێن ئیمانمان هەیە ، کەچی لە دڵەوە بێ‌ئیمانن . خەم مەخۆو غەمگین مەبە لە ڕەوشتی بەدی ئەو جوولەکانە کە زۆر چاك ئامادەن بۆ بیستنی قسەی درۆی خوێندەوارە بەدڕەوشتەکانیان‌و گوێ لە تۆ ناگرن‌و قسەت نابیسن ، بەڵام ئامادەن گوێ لە قسەی خەڵکی‌تر بگرن لە ناموسوڵمانەکان ! نەهاتوونەتە مەجلیسی تۆ ، تا دەنگو باسی خوداپەرستی‌و ئاینی ئیسلامت لێ ببیسن، قسەی خودا ئەگۆڕن‌و هەرچی موافقی قسەی تۆ بێ‌و بە باری تۆدا بێ ئەیشارنەوە، بە کۆمەڵەکەی خۆیان ئەڵێن : ئەگەر موحەممەد وەك قسەی ئێمەی پێ

وتن قبووڵی بکەن‌و ، ئەگەر وەك ئەو نەبوو وەری‌مەگرن‌و خۆتانی لیٚ بپارێزن ! بیٚگومان ئەوەی خودا بییەویٚ گومڕاهی بکات تۆ ناتوانی هیچی بۆ بکەیت . ئەو کافرو دووڕووانە خودا نایەویٚ دڵیان پاك بکاتەوەو بە نووری ئیمان دەروونیان ڕووناك بکاتەوە. لە دنیادا بەشیان سەرشۆڕییەو لە ڕۆژی دواییشدا سزاییٚکی گەورەو توند ئەدریٚن .

سَمَّاعُونَ لِلْكَذِبِ أَكَّالُونَ لِلسُّحْتِ فَإِن جَآؤُوكَ فَاحْكُم بَيْنَهُم أَوْ أَعْرِضْ عَنْهُمْ وَإِن تُعْرِضْ عَنْهُمْ فَلَن يَضُرُّوكَ شَيْئًا وَإِنْ حَكَمْتَ فَاحْكُم بَيْنَهُمْ بِالْقِسْطِ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ {٤٢}

ئەوانە زۆر درۆبیسن دەربارەی تۆو یارانی تۆ . هەرچی قسەییٚکی خراپ بکریٚ لەسەر پیٚن بۆ بیستن‌و هەڵگرتنی . هەروەها ئەوانە حەرام‌خۆرن ، ڕیبا ئەخۆن ، بەرتیل وەرئەگرن ، بۆ ماڵ‌و سامانی دنیا تەورات ئەگۆڕن. جا ئەگەر ئەمانە هاتنە لات بۆ موحاکەمە ئەوە تۆ ئارەزووی خۆتە، مەیلت هەبوو موحاکەمەیان بکەو ، مەیلت نەبوو گوییان مەدەری‌و ڕوویان لیٚ وەرچەرخیٚنە، ئەگەر گویٚت نەدانیٚ ئەوان ناتوانن هیچ جۆرە زیانیٚکت پیٚبگەییٚنن، خودا ئەتپاریٚزیٚ. خۆ ئەگەر هات‌و موحاکەمەت کردن ئەوا بە دادپەروەرانەو بە ڕاستی موحاکەمەیان بکە. بەڕاستی خودا دادپەروەرانی خۆش ئەویٚ.

وَكَيْفَ يُحَكِّمُونَكَ وَعِندَهُمُ التَّوْرَاةُ فِيهَا حُكْمُ اللّهِ ثُمَّ يَتَوَلَّوْنَ مِن بَعْدِ ذَلِكَ وَمَا أُوْلَـئِكَ بِالْمُؤْمِنِينَ {٤٣}

ئەوانە چون تۆ ئەکەنە حەکەم لەکاتیٚکا کە تەوراتیان لایە کە

کتێبی خۆیانەو حوکمی خودای تێدایە کە موافیقی حوکمەکەی تۆیە، کەچی باوەڕی پێ ناکەن‌و پشتی تێئەکەن! ؟ ئەوانە کە دێنە لات بۆ تەحکیم‌و حوکمی خودایيت پیشان‌دان ، کە هەڵسان لات پشتی تێ ئەکەن‌و گوێی نادەنێ! باوەڕیان نی‌یە نە بە کتێبەکەی خۆیان‌و نە بە تۆو کتێبی تۆیش!

إِنَّا أَنزَلْنَا التَّوْرَاةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ يَحْكُمُ بِهَا النَّبِيُّونَ الَّذِينَ أَسْلَمُواْ لِلَّذِينَ هَادُواْ وَالرَّبَّانِيُّونَ وَالأَحْبَارُ بِمَا اسْتُحْفِظُواْ مِن كِتَابِ اللّهِ وَكَانُواْ عَلَيْهِ شُهَدَاءَ فَلاَ تَخْشَوُاْ النَّاسَ وَاخْشَوْنِ وَلاَ تَشْتَرُواْ بِآيَاتِي ثَمَنًا قَلِيلاً وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ {٤٤}

ئێمە تەوراتمان ناردەخوار کە ڕێپیشاندەرەو نووری تێدایە . پێغەمبەرە موسوڵمانەکانی پێش ئایینی ئیسلام بەو تەوراتە حوکمیان ئەکرد لەناو جوولەکەکاندا ، هەروەها زانا لەخوداترسەکان‌و دنیا تەرك‌کردووەکانیان بەو حوکمیان ئەکرد ، چونکە خودا فەرمانی پێ دابوون کە ئەبێ بیپارێزن‌و نەهێڵن لەناوبچێ‌و بگۆڕرێ . ئەوانیش ئاگاداری بوون‌و بەگوێرەی فەرمانەکەی خودا پاراستیان‌و ، مەعنا پەنهانەکانیان بۆ خەڵك ڕوون ئەکردەوە. ئێوە لە کاتێکدا کە موحاکەمە ئەکەن لە بەینی خەڵقدا بە قسەی کەس حوکم مەکەن‌و لە کەس مەترسن ، بەپێی فەرمانی من حوکم بکەن‌و لە من بترسن . ئایەتەکانم مەگۆڕن‌و ، بەرامبەر تەماعی هیچ‌وپووچی دنیایی مەیاندۆڕێنن . ئەوانەش حوکم بە ئایەتی خودا نەکەن کافرن.

وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَا أَنَّ النَّفْسَ بِالنَّفْسِ وَالْعَيْنَ بِالْعَيْنِ وَالأَنفَ بِالأَنفِ وَالأُذُنَ بِالأُذُنِ وَالسِّنَّ بِالسِّنِّ وَالْجُرُوحَ قِصَاصٌ فَمَن تَصَدَّقَ بِهِ فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَّهُ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ {٤٥}

لەو تەوراتەدا قیصاص و تۆڵەسەندنەوەمان فەرز كرد لەسەریان بەم جۆرە: نەفسێك بەرامبەر نەفسێك ، چاوێك بەرامبەر چاوێك ، لووت بەرامبەر لووت، گوێ بەرامبەر گوێ ، ددان بەرامبەر ددان. هەروەها برینەكانیش قیصاصیان هەیە، واتە: برین بەرامبەر برین ، ئەگەر ئەندازەی برینەكە زانراو بێ . خۆ ئەگەر خاوەن حەق وازی لە حەقی خۆی هێناو كابرای بەخشی ئەو بەخشینە دەبێتە كەففارەتی گوناهی و باری سووك ئەكات . پاش ئەم ڕوونكردنەوانە ئەوانەی بەپێی ئەو ڕێوشوێنەی خودا ناردوویەتی حوكم نەكەن ئەوە بەڕاستی ستەمكارن.

وَقَفَّيْنَا عَلَى آثَارِهِم بِعَيسَى ابْنِ مَرْيَمَ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ التَّوْرَاةِ وَآتَيْنَاهُ الإِنجِيلَ فِيهِ هُدًى وَنُورٌ وَمُصَدِّقاً لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ التَّوْرَاةِ وَهُدًى وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ {٤٦}

بەشوێن ئەو پێغەمبەرانەدا عیسای كوڕی مەریەممان نارد كە باوەڕی بەو كتێبانە هەبوو لەپێش ئەو هاتبوون وەك تەورات و زەبوور. ئینجیلمان بۆ نارد كە پڕی بوو لە نوورو ڕووناكی ڕێپیشاندان ، ئەو ئینجیلە باوەڕی بەو كتێبانە هەبوو كە پێش ئەو نێررابوون بۆ پێغەمبەران و بە ڕاستی ئەزانین و لایەنگری لێ ئەكردن، ئامۆژگاری و ڕێپیشاندەریی زۆری تێدابوو بۆ ئەوانەی

بەدڵ ڕێگای ڕاست ئەگرن و لە خودا ئەترسن .

وَلْيَحْكُمْ أَهْلُ الإِنجِيلِ بِمَا أَنزَلَ اللّهُ فِيهِ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ {٤٧}

هەر لەو کاتەدا ئـەمرمان کـرد کـە پێویستـە ئەوانـە پـەیڕەویی ئەوە بکەن کە لەو ئینجیلەدایە خودا ناردوویەتی بۆیـان و، هەرکـەس بەوە حوکم نەکا کە خودا ناردوویە ئەوانە فاسقن و لـە ڕێگـای ڕاست دەرچوون.

وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ الْكِتَابِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ فَاحْكُم بَيْنَهُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ وَلاَ تَتَّبِعْ أَهْوَاءهُمْ عَمَّا جَاءكَ مِنَ الْحَقِّ لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا وَلَوْ شَاء اللّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَـكِن لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَآ آتَاكُم فَاسْتَبِقُوا الخَيْرَاتِ إِلَى الله مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ{٤٨}

ئێمە بەڕاستی قورئانمان نازڵ کرد بۆت کـە بـاوەڕی بـە کتێبـە خوداییـە پێشـووەکان هەیـەو لـە ئوصـوول و بناخـەی ئـاییندا پشتگیریيان لێ ئەکات و ئەیانپارێزێ لە گۆڕان و ئاگای لێیانە. تۆ ئەی پێغەمبەر بەپێی فەرمانی ئەو قورئانەی خودا ناردوویەتی بۆت لە ناو خەڵکدا حوکم بکەو ، مەکەوەرە دوای ئارەزووی کافران و منافقان کە لـە ڕێی حـەق و قورئـان لاتبـدەن کـە بـۆت هـاتووە. ئێمـە بـۆ هـەر کۆمـەڵێکتان شـەریعەت و ڕێبازێکمـان دانـاوە لەسـەری بـڕۆن و لێـی لانـەدەن . خـودا ئەگـەر مـەیلی لێ بوایـە ئەیکردنـە یـەك ئوممـەت و لەسەر یەك شەریعەت دایئەنان ، ئێـوەو ئوممـەتانی پێشـوو ، بـەڵام

ئەیەوێ تاقیتان بکاتەوەو تەجرەبەتان بکات ئاخۆ ئیمان بە شەریعەتە جیاجیاکان ئەهێننو باوەڕتان بەوە ئەبێ کە خوا بە حیکمەتی خۆی ئەو شەریعەتە جیاجیایانەی داناوە؟ کاری خێرو چاکە بکەن بۆ دواییتان . ئێوە بۆ لای خودا ئەگەڕێنەوەو لە دادگای ئەودا موحاکەمە ئەکرێنو ئەو وەختە ئەو شتانەتان بۆ ڕوون ئەکاتەوە کە ئیختیلافتان تیایاندا هەبووەو بۆتان ڕوون ئەکاتەوە کێ لە سەر حەق بووەو کێ لە حەق لایداوە.

وَأَنِ احْكُم بَيْنَهُم بِمَآ أَنزَلَ اللّهُ وَلاَ تَتَّبِعْ أَهْوَاءهُمْ وَاحْذَرْهُمْ أَن يَفْتِنُوكَ عَن بَعْضِ مَا أَنزَلَ اللّهُ إِلَيْكَ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَاعْلَمْ أَنَّمَا يُرِيدُ اللّهُ أَن يُصِيبَهُم بِبَعْضِ ذُنُوبِهِمْ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ النَّاسِ لَفَاسِقُونَ{٤٩}

هەروەها ئەمرمان کرد بە تۆ کە لە بەینی خەڵکدا بەو قورئانە حوکم بکەی کە خودا بۆی ناردووی‌و دوای ئارەزووی نەفسی ئەوان نەکەوی. خۆتیان لێ بپارێزە نەبادا لە هەندێ حوکمی خودا لاتبدەنو سەرت لێ بشێوێنن . تەنها بەگوێرەی فەرمانی خودا حوکم بکە. جا ئەگەر ئەوان سەرپێچییان کرد لە حوکمی خوداو ملکەچ نەبوون بۆی ئەوە زۆر چاك بزانە کە خودا ئەیەوێ بەهۆی هەندێ گوناهیانەوە، کە سەرپێچییە لە حوکمی خودا ، تووشیان بکات . زۆر کەسی وا هەن سەرکەشنو لە حەق لائەدەنو ڕێگای کوفر ئەگرنەبەر.

أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ {٥٠}

ئایا ئەوانە داوای حوکمی چەرخی کوفرو پێش هاتنی ئایینی

ئیسلام ئەکـەن، کـە ئەیانـەوێ بـە ئـارەزووی نەفسـی ئەوانـە حوکـم بکەیتو لەگەڵیان رێکبکـەوی لەسـەر حیسـابی ڕاسـتی؟ نـەخێر، ئەوانە بەهەڵە چوون، لای کەسێ کە باوەڕی بـە خـودا هـەبێو ژیـرو تێگەیشتوو و ورد بێ کێ هەیە حوکمی لە حوکمی خودا جوانتر بێ؟ حوکم هەر حوکمی خودایەو، ئەوانەی کە بەپێی حوکمی خـودا ڕازی نین گومڕاهن.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَتَّخِذُواْ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاءَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللّهَ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ {٥١}

ئەی ئەوانەی ئیمانتـان بـە خـوداو بـە پێغەمبـەری خـودا هەیـە جوولەکەو گاور مەکەنـە دۆسـتو بـرادەری خۆتـانو، وەك دۆسـتو خۆشەویست تێکـەڵییان مەکـەن. ئـەوان هـەموویان یـەك قسـەن لـە دوژمنایەتیی ئێوەداو لەناو خۆیاندا دۆستو بـرادەری یـەکترن. هـەر یەکێ لە ئێوە ئەوانە بگرێ بە دۆست ئەوە ئەویش لەوانە. بێگومـان خودا هیدایەتی قەومی ستەمکار نادات.

فَتَرَى الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ يُسَارِعُونَ فِيهِمْ يَقُولُونَ نَخْشَى أَن تُصِيبَنَا دَآئِرَةٌ فَعَسَى اللّهُ أَن يَأْتِيَ بِالْفَتْحِ أَوْ أَمْرٍ مِّنْ عِندِهِ فَيُصْبِحُواْ عَلَى مَا أَسَرُّواْ فِي أَنْفُسِهِمْ نَادِمِينَ{٥٢}

ئەوانەی نەخۆشی لە دڵیاندایەو دووڕوون ئەیانبینی پەلەپەلیانە بۆ لای گاورو جوولەکەکانو تێکەڵییان لە گەڵ دەکەنو دۆستایەتیو پێوەندییان لەگەڵ ڕائەگرن. بـۆ پاسـاودانی کارەکەیشـیان ئـەڵێن:

ئەترسین موسولّمانەکان تووشی نوشوستی ببن‌و جارێکی‌تر کار بکەوێتەوە دەستی ئەوان ، با ئەم پێوەندییەمان هەر ببیّ ! بەڵکو ئەمە خودایە خودا سەرکەوتن بدات بە موسولّمانەکان‌و جێگەیان پتەو ببیّ‌و زیاتر خۆیان بگرن ، یا خودا کارێکی وەها بکات جوولەکەکان بەتەواوی دوایان ببڕیّ‌و دەرکرێن‌و لەناودا نەمێنن، ئەوکاتە ئەو دووڕووە ناڕاستانە پەشیمان بنەوە لەو نەخۆشییەی لە دڵیاندا شاردبوویانەوەو، ڕووزەردییان بۆ بمێنێتەوە.

وَيَقُولُ الَّذِينَ آمَنُواْ أَهَـؤُلاء الَّذِينَ أَقْسَمُواْ بِاللّهِ جَهْدَ أَيْمَانِهِمْ إِنَّهُمْ لَمَعَكُمْ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فَأَصْبَحُواْ خَاسِرِينَ{٥٣}

جا لەو ڕۆژی سەرکەوتنەدا کە خودا بۆ موسولّمانانی ئەسازێنیّ، خاوەن ئیمانەکان بە جوولەکەکان ئەڵێن : ئا ئەم دووڕووە درۆزنانە بوون سوێنی زۆر گرانیان بە خودا بۆ ئەخواردن‌و پێیان ئەوتن : لەگەڵتانین‌و لە کاتی پێویستدا یارمەتیتان ئەدەین!؟ دەی کوان بۆ دیار نین ئالەم کاتەدا کە ئێوە پێویستتان بەیارمەتی هەیە!؟ ئای چۆن کاریان پووچ بوویەوەو شکایە دەستیان؟ ئای چەند زیانبارو ڕەنج بەخەسارن !

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ مَن يَرْتَدَّ مِنكُمْ عَن دِينِهِ فَسَوْفَ يَأْتِي اللّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ أَذِلَّةٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى الْكَافِرِينَ يُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَلاَ يَخَافُونَ لَوْمَةَ لآئِمٍ ذَلِكَ فَضْلُ اللّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَاءُ وَاللّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ {٥٤}

ئەی موسولّمانینە! هەرکام لە ئێوە لە دینی خۆی

هەڵگەڕێتەوە ئەوە خودا بێباکە لێی‌و موحتاجی نی‌یەو، لەمەوپاش خودا کۆمەڵێ دێنێتە ڕووی کار کە خۆشی‌ئەوێن‌و ئەوانیش خودایان خۆش‌ئەوێ . میهرەبان‌و دڵنەرمن لەگەڵ موسوڵمانان‌و، توندو بەدەستەڵاتن لەسەر کافران، لەپێناوی ڕەزامەندیی خوداداو بۆ بەرزکردنەوەی ئاینی ئیسلام جیهاد ئەکەن. بیروباوەڕیان بتەوەو لەپێناوی خودادا لە لۆمەو سەرزەنشتی ئەم‌و ئەو ناترسن . ئەمە بەهرەو پایەیێکی گەورەیە لە خوداوە ئەیبەخشێ بە هەرکەس مەیلی لێ بێ. خودا فەزڵ‌و بەخششی زۆرەو ئەزانێ کێ شایانی ئەو فەزڵ‌و بەخششەیە.

إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ اللّهُ وَرَسُولُهُ وَالَّذِينَ آمَنُواْ الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلاَةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَهُمْ رَاكِعُونَ {٥٥}

دۆستی ئێوە خوداو پێغەمبەری خوداو ئەوانەن کە خاوەن ئیمانن‌و بەردەوامن لەسەر نوێژو زەکاتیماڵیان دەرئەکەن‌و، لە کاتی نوێژکردن‌و زەکاتداندا لە خودا ئەترسن‌و بە هیوای ڕەزامەندیی خودان .

وَمَن يَتَوَلَّ اللّهَ وَرَسُولَهُ وَالَّذِينَ آمَنُواْ فَإِنَّ حِزْبَ اللّهِ هُمُ الْغَالِبُونَ {٥٦}

هەرکەس خودای گەورەو پێغەمبەری خوداو موسوڵمانان بکاتە دۆستی خۆی‌و خۆشی‌بوێن ، ئەوانە بەختەوەر ئەبن، چونکە گرۆهی خوداپەرست‌و لەخوداترس سەرکەوتوون‌و پاشەڕۆژ هی ئەوانە .

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَتَّخِذُواْ الَّذِينَ اتَّخَذُواْ دِينَكُمْ هُزُواً

وَلَعِبًا مِّنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ مِن قَبْلِكُمْ وَالْكُفَّارَ أَوْلِيَاءَ وَاتَّقُواْ اللّهَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ {٥٧}

ئەی موسوڵمانینە! ئەو کیتابییە منافقانەی گاڵتە بە دینەکەتان ئەکەنو، بە دەم ئەڵێن ئیمانمان هەیەو بە دڵ بێ ئیمانن‌و دوژمنتانن، هەرگیز دۆستایەتییان لەگەڵ مەکەن. هەروەها دۆستایەتی لەگەڵ ئەوانە مەکەن کە هاوبەش بۆ خودا قەرار ئەدەن، ئەوانە بۆ ئەوە ناشێن دۆستایەتییان لەگەڵ بکەن. ئەوانە دوژمنی ئێوەن، دوژمنی ئایینتانن. ئەگەر موسوڵمانن لە خودا بترسن‌و بێگوێیی مەکەن.

وَإِذَا نَادَيْتُمْ إِلَى الصَّلاَةِ اتَّخَذُوهَا هُزُوًا وَلَعِبًا ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لاَّ يَعْقِلُونَ {٥٨}

کە ئێوە بانگ ئەدەن بۆئەوەی موسوڵمانان بێن بۆ نوێژو ڕوو بکەنە خودا، ئەم منافقانە گاڵتە بە بانگەکە ئەکەن‌و پێغەمبەر بە فروستادەی خودا دانانێن. دیارە ئەمانە گرۆهێکی نەفامن. ئەوی نەفام بێ گاڵتە بە ڕاستی ئەکات.

قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ هَلْ تَنقِمُونَ مِنَّا إِلاَّ أَنْ آمَنَّا بِاللّهِ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلُ وَأَنَّ أَكْثَرَكُمْ فَاسِقُونَ {٥٩}

ئەی موحەممەد! پێیان بڵێ: ئەی کیتابییەکان! ئایا هیچ شتێ هەیە بیکەنە عەیبە لە ئێمە ئەوە نەبێ کە باوەڕمان بە خودا هەیەو باوەڕمان بەو کتێبە هەیە کە نازڵ کراوە بۆمان‌و بەو کتێبانەش کە لەمەوپێش خودا نازڵی کردوون بۆ پێغەمبەران؟! هەروەها ئێوە

بۆیە عەیبەمان لێ ئەگرن چونکە بەشی زۆرتان لە ئایین لاتانداوەو باوەڕتان بە ئایین نییە.

قُلْ هَلْ أُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن ذَلِكَ مَثُوبَةً عِندَ اللّهِ مَن لَّعَنَهُ اللّهُ وَغَضِبَ عَلَيْهِ وَجَعَلَ مِنْهُمُ الْقِرَدَةَ وَالْخَنَازِيرَ وَعَبَدَ الطَّاغُوتَ أُوْلَـئِكَ شَرٌّ مَّكَاناً وَأَضَلُّ عَن سَوَاءِ السَّبِيلِ {٦٠}

ئەی موحەممەد! بڵێ: پێتان بڵێم کێ لەمانە بەدترە لای خودا؟ ئەوانەی کە خودا نەفرینی لێ کردن و غەزەبی لێ گرتن و کردنی بە مەیموون و بەرازو مەسخی کردن . ئەوانەی کە گوێرەکەیان پەرست یا کاهینەکانیان پەرست ، ئەوانە پایەیان زۆر خراپتر بوو و زیاتر گومڕاه بوون و لە ڕێی ڕاست و ڕەوان لایاندابوو.

وَإِذَا جَآؤُوكُمْ قَالُوَاْ آمَنَّا وَقَد دَّخَلُواْ بِالْكُفْرِ وَهُمْ قَدْ خَرَجُواْ بِهِ وَاللّهُ أَعْلَمُ بِمَا كَانُواْ يَكْتُمُونَ {٦١}

ئەو منافقانە کە دێن بۆ لاتان ئەڵێن ئیمانمان هێناوە بە ئایینی ئیسلام . کەچی درۆ ئەکەن و بە کافرییەوە هاتوون بۆ لاتان و بە کافریشەوە لاتان دەرچوون و ئامۆژگاری و قسەی ئێوە کاری تێ نەکردن. خۆ بە درۆی ئەوان نابێ ، خودا باشتر ئاگای لەوەیە کە لە دڵیاندا دەیشارنەوە کە بێئیمانی و دوژمنایەتیی ئیسلامە .

وَتَرَى كَثِيرًا مِّنْهُمْ يُسَارِعُونَ فِي الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَأَكْلِهِمُ السُّحْتَ لَبِئْسَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ {٦٢}

زۆریان ئەبینی بە پەلەو پەرۆشن بۆ کاری گوناهو دوژمنایەتیی ئیسلام . هەروەها لە هەڵپەدان بۆ خواردنی ماڵی حەرام وەك سوودو

بەرتیل . ئەو کارانەی ئەوانە ئەیکەن کارێکی ئێجگار بەدو ناشیرینە.

لَوْلاَ يَنْهَاهُمُ الرَّبَّانِيُّونَ وَالأَحْبَارُ عَن قَوْلِهِمُ الإِثْمَ وَأَكْلِهِمُ السُّحْتَ لَبِئْسَ مَا كَانُواْ يَصْنَعُونَ {٦٣}

بۆچی زانا خوداپەرستەکان و گەورەکانیان مەنعیان ناکەن لە واتەی گوناه ، لە درۆو بوختان و، لە خواردنی ماڵی حەرام. ئیشێکی زۆر خراپ ئەکەن مەنعیان ناکەن .

وَقَالَتِ الْيَهُودُ يَدُ اللّهِ مَغْلُولَةٌ غُلَّتْ أَيْدِيهِمْ وَلُعِنُواْ بِمَا قَالُواْ بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ يُنفِقُ كَيْفَ يَشَاءُ وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرًا مِّنْهُم مَّا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ طُغْيَانًا وَكُفْرًا وَأَلْقَيْنَا بَيْنَهُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ كُلَّمَا أَوْقَدُواْ نَارًا لِّلْحَرْبِ أَطْفَأَهَا اللّهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الأَرْضِ فَسَادًا وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُفْسِدِينَ {٦٤}

جوولەکەکان وتیان خودا دەستی زنجیر کراوەو ڕزق بە خەڵك نادا ! یاخودا دەستیان زنجیر بکرێو زەلیل بن‌و هەمیشە فەقیر بن‌و لەعنەتی خودایان لێ بێ لەسەر ئەو بوختانەی کردیان. نەخێر ، خودا هەر دوو دەستی بلاوەو بە ئارەزووی خۆی ڕۆژی ئەدا . زۆر کەس لەو جوولەکانە ئەو ئایەتانەی خودا بۆ تۆیان ئەنێرێ زیاتر گومڕاهیان ئەکات‌و زیاتر کافریان ئەکات، چونکە دوژمن بە بەرزیی دوژمنی دەماغی تێکئەچێ . ئێمە دوژمنایەتی‌و ناکۆکیمان خستووەتە ناویان‌و تا ڕۆژی قیامەت ناکەونە یەك‌و ڕقیان لە یەکترە. هەرچی جارێ ئاگری شەر هەڵئەگیرسێنن خودا ئەیکوژێنێتەوەو

هـەوڵ‌و كۆششـیان پـــووچ دەكاتـــەوە. ئەمانـــە هەمیشـــە خـــەرێكی ئاژاوەنانـەوەن لەسـەر زەوی‌و هەمیشـە بـەدكارن. بێگومـــان خـــودا هەرگیز بەدكاری خۆش‌ناوێ .

وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْكِتَابِ آمَنُواْ وَاتَّقَوْاْ لَكَفَّرْنَا عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ وَلأدْخَلْنَاهُمْ جَنَّاتِ النَّعِيمِ {٦٥}

ئەگەر ئەم كیتابییانە ئیمانیـــان بهێنایـەو لـە خـودا بترسـانایەو خۆیان لە گونـاه بپاراسـتایە چاوپۆشـیمان لـە تاوانـەكانیان ئـەكردو بۆمان دائەپۆشین‌و ئەمانخستنە بەهەشتی پڕ نازو نیعمەت .

وَلَوْ أَنَّهُمْ أَقَامُواْ التَّوْرَاةَ وَالإِنجِيلَ وَمَا أُنزِلَ إِلَيهِم مِّن رَّبِّهِمْ لأكَلُواْ مِن فَوْقِهِمْ وَمِن تَحْتِ أَرْجُلِهِم مِّنْهُمْ أُمَّةٌ مُّقْتَصِدَةٌ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ سَاءَ مَا يَعْمَلُونَ{٦٦}

ئەگەر ئەوان تەورات‌و ئینجیلیان ڕاگرتایەو، بەوەی لای خوداوە بۆیان نێرراوە كاریان بكردایە، لە خێرو بەرەكـەتی بـارانی ئاسمـان‌و بەرهەمی زەوی تێریان ئەخوارد، وەك ئەڵێن لەسەریانەوە ئەهات‌و لە پێیانەوە دەرئەچوو و نوقمی نازو نیعمەت ئـەبوون. ئـەم كیتابییانـە ی وایان هەیە كۆمەڵێكی میانەڕەوو دادخواهن‌و دوای حەق ئەكەون، بەڵام زۆریان پیاوخراپ‌و بەدكردارن.

يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ وَإِن لَّمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُ وَاللّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ إِنَّ اللّهَ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ {٦٧}

ئەی پێغەمبەر! هەرچیت لە لای خوداوە بۆ نێرراوە بۆ ئـەوەی بێگەیێنی بـە خـەڵك ، هـەمووی بگەیێنـە پێیـان ، لـە هـەمووی ئاگاداریان بکەو هیچی مەشارەوە. چاوت لـە کـەس نـەبیّو لـە زیـان مەترسـە. بێگومـان ئەگـەر هـەمووی نەگـەیێنی ئـەوە وەك ئەوەتـە هیچیت نەگـەیاندبێت . خـودا خـۆی دەتپـارێزێ لـە خـەڵکی ناحـەزو کەس ناتوانێ لەناوتبـەرێ . هـەرگیز خـودا هیدایـەتی کۆمـەڵی کـافر نادات و ماوەی ئەوەیان ناداتێ تووشی زیانت بکەن .

قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لَسْتُمْ عَلَى شَيْءٍ حَتَّىَ تُقِيمُواْ التَّوْرَاةَ وَالإِنجِيلَ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرًا مِّنْهُم مَّـا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ طُغْيَانًا وَكُفْرًا فَلاَ تَـأْسَ عَلَـى الْقَـوْمِ الْكَافِرِينَ {٦٨}

ئەی پێغەمبەر! بڵێ : ئـەی ئـەهلی کیتـاب ! ئێـوە بـە دینـدار حیساب ناکرێن و هیچ ئایینێکتان نییە تا تەورات و ئینجیل ڕانـەگرن و کاری پێ نەکەن ، هەتا پەیڕەویی ئـەوە نەکـەن کـە لـە لای خـوداوە بۆتـان نـێرراوە ، وەك بـاوەڕکردن بـە پێغەمبـەری ئیسـلام و پەیڕەویکردنی ئایینەکەی. زۆر کەس لە ئەهلی کیتاب بەوەی خـودا بۆ تۆی ئـەنێری زیـاتر گومـڕاه ئـەبن و ڕێگـای کوفـر ئەگرنەبـەر. لـە کـردەوەی بـەدی ئـەم کافرانـە خـەم مـەخۆ، ئەوانـە خۆیـان زەرەر ئەکەن و ئەنجامی کوفرەکەیان بۆ خۆیان ئەگەڕێتەوە.

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَالَّذِينَ هَادُواْ وَالصَّابِئُونَ وَالنَّصَـارَى مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وعَمِلَ صَالِحًا فَلاَ خَوْفٌ عَلَيْـهِمْ

وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ {٦٩}

بەڕاستی ئەو منافقانەی بە زوبان ئیمانیان هێناوە بە ئایینی ئیسلامو ، ئەوانەی جوولەکەن و ئیمانیان بە حەزرەتی مووسا هێناوەو ، ئەوانەی صوببیین و ئیمانیان بە حەزرەتی نووح یا حەزرەتی ئیبراهیم هەیەو ، ئەوانەی نەصرانین و ئیمانیان بە حەزرەتی عیسا هەیە، ئەمانە هەموو ئەگەر بە ڕاستیو بە دڵو بە زوبان باوەڕیان بە خوداو بە ڕۆژی دوایی هەبێو کرداریان چاك بێ ، بە پێی ئەو ئایینەی لەلایەن خوداوە نێرراوە بۆ موحەممەد ، ترسیان نابێ لە سزای ڕۆژی قیامەتو خەفەت،ناخۆن ، وەك کافرەکان کە لە ڕۆژی قیامەتدا لە سزاو ئازار ئەترسن و خەفەت ئەخۆن بۆ ئەو عومرەی بە خۆڕاییو لە گومڕاهیدا باختیان کردو خۆیان تووشی ئەو ئەنجامە ناخۆشە کرد.

لَقَدْ أَخَذْنَا مِيثَاقَ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَأَرْسَلْنَا إِلَيْهِمْ رُسُلاً كُلَّمَا جَاءَهُمْ رَسُولٌ بِمَا لاَ تَهْوَىٰ أَنْفُسُهُمْ فَرِيقًا كَذَّبُوا وَفَرِيقًا يَقْتُلُونَ{٧٠}

ئێمە پەیمانمان لە بەنیئیسرائیلییەکان وەرگرتو پێغەمبەرانمان بۆ ناردن کە بیخەنەوە بیریان و ئاگاداریان بکەنەوە. بەڵام هەر جارێ پێغەمبەرێکیان ئەگەر ئامۆژگاری کردبن ، کە بە ئارەزووی نەفسی ئەوان نەبووبێ ، باوەڕیان پێ نەکردووەو هەندێکیان خستوونەتەوە بە درۆوەو هەندێکیان کوشتوون !

وَحَسِبُوا أَلاَّ تَكُونَ فِتْنَةٌ فَعَمُوا وَصَمُّوا ثُمَّ تَابَ اللَّهُ

عَلَيْهِمْ ثُمَّ عَمُواْ وَصَمُّواْ كَثِيرٌ مِّنْهُمْ وَاللّهُ بَصِيرٌ بِمَا يَعْمَلُونَ{٧١}

ئەو بەنیئیسرائیلییانە وایان ئەزانی دوای ئەو ئینكارو كوشتنی پێغەمبەرانە تووشی هیچ بەلاییێك نابن، بۆیە كوێر بوون لە بینینی حەق و كەڕ بوون لە بیستنی حەق. پاش ئەوەیش خودا چاوپۆشی لیٚ كردن . پاش ئەوەیش هەم بەشێكی زۆریان خۆیان كوێرو كەڕ كرد! خودایش هەموو كردەوەییێكیان ئەبینیٚو بەپێی ئەو كردەوانە حیسابیان لەگەڵ ئەكات.

لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُواْ إِنَّ اللّهَ هُوَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ وَقَالَ الْمَسِيحُ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اعْبُدُواْ اللّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ إِنَّهُ مَن يُشْرِكْ بِاللّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللّهُ عَلَيهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ{٧٢}

ئەوانەی وتیان مەسیحی كوڕی مەریەم خودایە كافر بوون. مەسیح پێی وتن : بەنیئیسرائیلییەكان ! ئەو خودایە بپەرستن كە خودای منو ئێوەیشەو پەروەردگاری عالەمە، ئەوەی هاوبەش بۆ خودا دابنیٚ خودا بەهەشتی لیٚ حەرام ئەكاتو جێگای ئاگر ئەبێت . بیٚگومان ستەمكارانو كافران هیچ یارمەتیدەرێكیان نییە.

لَّقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُواْ إِنَّ اللّهَ ثَالِثُ ثَلاَثَةٍ وَمَا مِنْ إِلَـهٍ إِلاَّ إِلَـهٌ وَاحِدٌ وَإِن لَّمْ يَنتَهُواْ عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ {٧٣}

بەڕاستی ئەوانە كافرن كە ئەڵێن خودا سێهەمی سیٚ خودایە،

واتـه : (١) عيسـى (٢) مەريـەم (٣) "الله" . هيـچ خودايـێ نىيـه بەڕاستى عيبادەتى بۆ بكرێ يەك خودا نەبێ ئەويش (الله)يە. ئەگـەر واز لـەم قسـه كوفـره نـەهێنن ئـەوا لەلايـەن خـوداى پــەروەردگارى عالەمەوە سزاييێكى زۆر بەئازارو نالەباريان تووش ئەبێ.

أَفَلاَ يَتُوبُونَ إِلَى اللّـهِ وَيَسْـتَغْفِرُونَهُ وَاللّـهُ غَفُـورٌ رَّحِيمٌ{٧٤}

ئەوە بۆ لـەو گوناهـە پەشـيمان نابنـەوەو داواى لێخـۆش‌بـوون ناكەن لە بارەگاى خودا، كە خودا گوناهپۆشەو زۆر ميهرەبانە؟

مَّا الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ إِلاَّ رَسُولٌ قَدْ خَلَـتْ مِـن قَبْلِـهِ الرُّسُلُ وَأُمُّهُ صِدِّيقَةٌ كَانَا يَأْكُلاَنِ الطَّعَامَ انظُرْ كَيْفَ نُبَيِّنُ لَهُمُ الآيَاتِ ثُمَّ انظُرْ أَنَّى يُؤْفَكُونَ {٧٥}

عيساى مەسيحى كوڕى مەريەم تەنها ئەوەندەيە پێغەمبەرێكە خودا ناردوويەتى بۆ سەر خەڵك‌و لەپێش ئەويش پێغەمبەران نێرراون‌و مردوون . دايكى عيسا ئافرەتێكى زۆر ڕاسـت‌وێـژ بـووەو لـە حـەق لاى نـەداوە ، هـەردوكيان خواردەمـەنييان ئـەخوارد وەك هـەموو گيانلەبەرێ . ديارە هەركەس خواردەمەنى بخوات بۆ خودايى ناشـێ. جا سەير بكە چۆن خـودا ئايەتـەكانى تـەوحيدى خۆييـان بـۆ بـەيان ئەكات؟ سەيريش بكـە چـۆن ئـەوان ڕوو لـە حـەق وەرئەچـەرخێنن‌و دواى بەتاڵ دەكەون ؟

قُلْ أَتَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللّهِ مَا لاَ يَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلاَ نَفْعًا وَاللّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ {٧٦}

پێیان بڵێ ئایا ڕەوایە شتێ بپەرستن کە نە بتوانێ زیانێکتان پێ بگەیێنێو نەبتوانێ قازانجێکتان پێ بگەیێنێ !؟ کەچی خودای پەروەردگارو پەرستراوی بەحەق ئاگای لە هەموو شت هەیە ، هەمووشت ئەبیسێو بە هەموو شت ئەزانێ .

قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لاَ تَغْلُواْ فِي دِينِكُمْ غَيْرَ الْحَقِّ وَلاَ تَتَّبِعُواْ أَهْوَاءَ قَوْمٍ قَدْ ضَلُّواْ مِن قَبْلُ وَأَضَلُّواْ كَثِيرًا وَضَلُّواْ عَن سَوَاءِ السَّبِيلِ{٧٧}

پێیان بڵێ : ئەی کیتابییەکان ! بە ناحەق زیادەڕەوی لە ئایینی خۆتاندا مەکەنو مەکەونە شوێنی ئارەزووی نەفسی کۆمەڵێ کە لەمەویەر گومڕاه بوونو گەلێ خەڵکیشیان گومڕاه کردو ، لە ڕێگای ڕاستو ڕەوان لایاندابوو .

لُعِنَ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن بَنِي إِسْرَائِيلَ عَلَى لِسَانِ دَاوُودَ وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ ذَلِكَ بِمَا عَصَوا وَّكَانُواْ يَعْتَدُونَ {٧٨}

لە ئینجیلو لە زەبووردا لەسەر زمانی عیساو داوود لەعنەت کراوە لەو بەنیئیسرائیلییانەی کافر بوون چونکە سەرپێچییان کرد لە فەرمانی خوداو دەستدرێژییان ئەکردو لە سنووری ئایین لایاندابوو.

كَانُواْ لاَ يَتَنَاهَوْنَ عَن مُّنكَرٍ فَعَلُوهُ لَبِئْسَ مَا كَانُواْ يَفْعَلُونَ{٧٩}

ئەمانە ڕەوشتیان وا بوو دەسبەرداری خراپە نەدەبوون و ، یەکتریان لە کاری خراپ نەئەگێڕایەوە . ئەوەی ئەوان ئەیانکرد

کارێکی زۆر ناشیرین بوو .

تَرَى كَثِيرًا مِّنْهُمْ يَتَوَلَّوْنَ الَّذِينَ كَفَرُواْ لَبِئْسَ مَا قَدَّمَتْ لَهُمْ أَنفُسُهُمْ أَن سَخِطَ اللّهُ عَلَيْهِمْ وَفِي الْعَذَابِ هُمْ خَالِدُونَ{٨٠}

ئەبینی زۆر لە ئەهلی کیتاب لە ڕقی ئێوەو ئایینی ئیسلام دۆستایەتی لەگەڵ کافران ئەکەن . کارێکی زۆر خراپیان کرد ، سەرمایەیێکی زۆر ناشیرینیان خستە پێش خۆیان بۆ ڕۆژی قیامەتیان ، خودا بەهۆی ئەو کردەوانەوە غەزەبی لێ گرتن‌و ، لەو دنیا هەتا هەتایە لە ئازارو سزادا ئەمێننەوە .

وَلَوْ كَانُوا يُؤْمِنُونَ بِالله والنَّبِيِّ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مَا اتَّخَذُوهُمْ أَوْلِيَاءَ وَلَـكِنَّ كَثِيرًا مِّنْهُمْ فَاسِقُونَ {٨١}

ئەوانە ئەگەر باوەڕیان بە خوداو بە پێغەمبەرو بەو قورئانە هەبوایە کە بۆی نێرراوە، ئەوکافرانەیان نەدەگرت بە دۆست‌و برادەر، بەڵام زۆریان لە دین دەرچوون‌و لە ڕێگای ڕاست لایانداوە .

جوزئی حەوتەم

لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ النَّاسِ عَدَاوَةً لِّلَّذِينَ آمَنُواْ الْيَهُودَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُواْ وَلَتَجِدَنَّ أَقْرَبَهُمْ مَّوَدَّةً لِّلَّذِينَ آمَنُواْ الَّذِينَ قَالُوَاْ إِنَّا نَصَارَىٰ ذَلِكَ بِأَنَّ مِنْهُمْ قِسِّيسِينَ وَرُهْبَاناً وَأَنَّهُمْ لاَ يَسْتَكْبِرُونَ{٨٢}

قەسەم بە خودا ئەبینی ئەوانەی لە هەمووکەس توندو تیژتر دوژمنی موسوڵمانانن جوولەکەکانن‌و ئەوانەن کە هاوبەشیان بۆ خودا

داناوه. ئەیشبینی ئەوانەی لە ڕووی خۆشویستنەوە لە هەموو کەس زیاتر لە موسوڵمانانەوە نزیکن ئەوانەن کە ئەڵێن : ئێمە نەصرانین‌و پەیڕەوی مەسیحین ، چونکە هەندێ لەمانە زانان‌و زۆر بەدوای زانین‌و دۆزینەوەی ڕاستیدا ئەگەڕێن . هەروەها هی وایان تێدایە لەخوداترسن‌و لە پێناوی ڕەزامەندیی خودادا وازیان لە ڕابواردنی دنیا هێناوەو خۆیان لە خەڵك بە گەورەتر نازانن‌و دەعیەو دەماریان نی‌یە.

وَإِذَا سَمِعُواْ مَا أُنزِلَ إِلَى الرَّسُولِ تَرَىٰٓ أَعْيُنَهُمْ تَفِيضُ مِنَ الدَّمْعِ مِمَّا عَرَفُواْ مِنَ الْحَقِّ يَقُولُونَ رَبَّنَآ آمَنَّا فَاكْتُبْنَا مَعَ الشَّاهِدِينَ{٨٣}

ئەم جۆرە نەصرانییانە کاتێ ئایەتێ ئەبیسن کە بۆ پێغەمبەر نازڵ کراوە ئەبینی چاویان پڕ ئەبێ لە فرمێسك‌و سەرڕێژ ئەکات . لەبەر ئەو ڕاستییەی زانییان‌و بۆیان دەرکەوت، هەروەها ئەڵێن خودایا ! ئیمانمان هێنا بە موحەممەدو بەوەی بۆی نێرراوە، خودایا لە زومرەی ئەوانەمان بنووسە کە شایەتییان داوە بە ڕاستی ئەم ئایینە.

وَمَا لَنَا لاَ نُؤْمِنُ بِاللّهِ وَمَا جَاءنَا مِنَ الْحَقِّ وَنَطْمَعُ أَن يُدْخِلَنَا رَبُّنَا مَعَ الْقَوْمِ الصَّالِحِينَ {٨٤}

چیمانە ، بۆ ئیمان ناهێنین بە خوداو بەو ئایەتە ڕاستانەی بۆمان هاتوون‌و بەتەمای ئەوەشین کە خودا لەگەڵ کۆمەڵی چاکاندا کۆمان بکاتەوەو بمانخاتە نێو نیعمەتی بەهەشت؟

فَأَثَابَهُمُ اللّهُ بِمَا قَالُواْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ

خَالِدِينَ فِيهَا وَذَلِكَ جَزَاءُ الْمُحْسِنِينَ {٨٥}

خودا بەرامبەر بەو باوەڕە ڕاستەیان پاداشی دانەوە کە بریتییە لە چەند بەهەشتو باغو گوڵزارێ کە جۆگای ئاوی جوانو سازگاریان بە ناودا ئەڕوات. لەو بەهەشتانەدا هەتا هەتایە ئەمێننەوەو لێی دەرناچن. ئا ئەوەیە پاداشی چاکەکەران .

وَالَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِآيَاتِنَآ أُوْلَـئِكَ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ{٨٦}

ئەوانەیش کە کافر بوونو ئایەتەکانی ئێمەیان بە درۆ خستەوەو باوەڕیان پێ نەکردن، ئەوانە یارو یاوەری ئاگری دۆزەخن.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تُحَرِّمُواْ طَيِّبَاتِ مَا أَحَلَّ اللّهُ لَكُمْ وَلاَ تَعْتَدُواْ إِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ {٨٧}

ئەی موسوڵمانینە ! ئەو نیعمەتە پاکو بەلەزەتانەی خودای میهرەبان بۆی حەڵاڵ کردوون حەرامیان مەکەنو لە خۆتانیان مەگرنەوەو زیادەڕەوی مەکەن. بیشخۆنو خوداپەرستیش بکەن، بەڵام لەو شوورەیە لامەدەن کە خودا بۆی داناون، خودا ئەوانەی خۆش ناوێ کە لە سنووری ئایین لائەدەن .

وَكُلُواْ مِمَّا رَزَقَكُمُ اللّهُ حَلاَلاً طَيِّبًا وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِيَ أَنتُم بِهِ مُؤْمِنُونَ {٨٨}

لەو ڕۆزییەی خودا پێی بەخشیون بخۆن کە حەڵاڵەو پاکو پوختەیەو لەو خودایە بترسن کە باوەڕتان پێی هەیەو، لەو سنوورە

لامەدەن کە بۆی دیاری کردوون.

لاَ يُؤَاخِذُكُمُ اللّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَـكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ الأَيْمَانَ فَكَفَّارَتُهُ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَاكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلاَثَةِ أَيَّامٍ ذَلِكَ كَفَّارَةُ أَيْمَانِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ وَاحْفَظُواْ أَيْمَانَكُمْ كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ {٨٩}

خودا لێتان ناگرێ لەسەر ئەو سوێنانەی هەروەها بە بێقەصدو نییەت دێن بە دەمتاندا ، وەك لە وەلآمدا ئەڵێن : بەڵێ بەخودا ، نە بەخودا، ئەو جۆرە سوێنانە قەصدیان لەگەڵ نیەو هەروەها بە فێربوون بە دەمتاندا دێن . خودا لەسەر ئەو سوێنانە لێتان ئەگرێ کە لەگەڵ وتنیاندا قەصدتان هەبێو ، بەڕاستی سوێن بخۆن لەسەر کردن یا نەکردنی شتێ . بەڵێ لەم جۆرە سوێنانەدا ئەگەر شکاندتانن ، ئەوا پێویستە کەفارەت بدەن. کەفارەتەکەش خواردەمەنیدانە بە هەژار لە مامناوەندیی ئەو جۆرە خواردەمەنییانەی ئەیدەن بە خێزانی خۆتان ، یا پۆشاککردن بۆ دە هەژار، یا ئازادکردنی بەندەیێ . جا ئەگەر ئەمانە هیچکامتان نەبوو ئەوا ئەبێ سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بن . ئەمەیە کەفارەتی سوێندی ڕاستەقینەتان ئەگەر شکاندتانو نەتانبردەسەر. خۆتان ڕاگرن لە شکاندنی سوێنەکانتان، مەگەر شکاندنەکە خێرێکی تێدا بێ . خودا ئا بەم جۆرە ئایەتو حوکمەکانی ئایینتان بۆ ڕۆشن ئەکاتەوە بەڵکو بەجێیان بهێننو شوکرانەبژێری خودا بن لەسەر ئەم هیدایەتە.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالأَنصَابُ

وَالأَزْلاَمُ رِجْسٌ مِّــــنْ عَمَــلِ الشَّــيْطَانِ فَــاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُــمْ تُفْلِحُونَ{٩٠}

ئـەی خـاوەن ئیمانـەکان! شـەراب‌و قومـــارکردن‌و ســـەربڕینی حەیوان لەسەر بەردەکانی دەوری کەعبە ، یا لای بتەکان ، هەروەها پەیڕەوی کردنی ئـەزلام‌و بـەکارهێنانی ، کـارێکی پیـس‌و قـیزەونن‌و کرداری شەیتانی نەفرین‌لێکراون ، کاری ئینسانی ژیـرو لـەخوداترس نین ، خۆتان لەمانە بپارێزن‌و لێیان دوورکەونەوە بـەڵکو سـەرکەون‌و بەختەوەر بن.

شـایانی باسـە لـە لێکدانـەوەی ئایـەتی پـیرۆزی سـێیەمی ئـەم سوورەتەدا بەدرێژی باسی (ئەزلام)مان کرد، بۆیە لێرەدا دووبارەمان نەکردەوە.

إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَن يُوقِعَ بَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَــــاءَ فِي الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَن ذِكْرِ اللّهِ وَعَـــنِ الصَّـــلاَةِ فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ {٩١}

شـەیتان تەنـها ئـەوەی ئـەوێ بـە هــۆی شــەراب‌و قومـــارەوە دوژمنایـەتی‌و ڕقەبـەری بخاتـە ناوتـان‌و خــەریکتان بکـات‌و ڕێگـای ناوهێنانی خوداو بیرلێکردنەوەی‌و نوێژکردنتان لێ بگـرێ ، جـا ئـاخۆ ئێوە دەس‌بەردار ئەبن‌و خۆتان لەم شتە بەدانە دوور ئەخەنەوە ؟ .

وَأَطِيعُواْ اللّهَ وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ وَاحْذَرُواْ فَــإِن تَوَلَّيْتُــمْ فَاعْلَمُواْ أَنَّمَا عَلَى رَسُولِنَا الْبَلاَغُ الْمُبِينُ {٩٢}

بـــەگوێی خــوداو پێغەمبـــەری خــودا بکـــەن‌و ، خۆتـــان لـــە

بێگوێیی‌کردنی بپارێزن . ئه‌گه‌ر پشتتان هه‌ڵکردو سه‌رپێچیتان کرد ئه‌وا پێغه‌مبه‌ری ئێمه هه‌ر ڕاگه‌یاندنی ئاشکراو بێ پێچو په‌نای له‌سه‌ره ، ئیتر به‌گوێ‌کردن‌و به‌گوێ‌نه‌کردن پێوه‌ندی به خۆتانه‌وه هه‌یه .

لَيْسَ عَلَى الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُواْ إِذَا مَا اتَّقَواْ وَّآمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ ثُمَّ اتَّقَواْ وَّآمَنُواْ ثُمَّ اتَّقَواْ وَّأَحْسَنُواْ وَاللّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ {٩٣}

ئه‌وانه‌ی ئیمانیان هێناوه به خوداو پێغه‌مبه‌رو ئایینی ئیسلام‌و کرده‌وه‌ی چاك ئه‌که‌ن هه‌ر شتێك بخۆن تاوانبار نابن ئه‌گه‌ر خۆیان له خوارده‌مه‌نیی حه‌رام‌کراو بپارێزن‌و له‌سه‌ر ئیمان‌و کرده‌وه‌ی چاك پایه‌دار بن ، پاش ئه‌وه‌ش خۆیان له‌و شتانه بپارێزن که له‌دواییدا حه‌رام‌کراون وه‌ك شه‌رابو ، ئیمانیان به حه‌رام‌کردنه‌که هه‌بێ‌و ، دوای ئه‌وه له‌سه‌ر ئه‌و خۆپاراستنه به‌رده‌وام بن‌و به‌دوای کرده‌وه‌ی چاك‌و موسوڵمانانه‌دا بگه‌ڕێن‌و خۆیان به چاکه‌وه مه‌شغووڵ بکه‌ن . خودا بنیاده‌می چاکه‌که‌ری خۆش‌ئه‌وێ .

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لَيَبْلُوَنَّكُمُ اللّهُ بِشَيْءٍ مِّنَ الصَّيْدِ تَنَالُهُ أَيْدِيكُمْ وَرِمَاحُكُمْ لِيَعْلَمَ اللّهُ مَن يَخَافُهُ بِالْغَيْبِ فَمَنِ اعْتَدَى بَعْدَ ذَلِكَ فَلَهُ عَذَابٌ أَلِيمٌ {٩٤}

ئه‌ی موسوڵمانینه ! به خودا قه‌سه‌م خودا به هه‌ندێ نێچیر تاقیتان ئه‌کاته‌وه ، که ده‌ستتان پێیان ئه‌گات یا به تیر ئه‌توانن ڕاویان بکه‌ن ، تا ئه‌وانه‌تان که له په‌نهانیدا له خودا ئه‌ترسن‌و له

کاتی ئیحرامدا ڕاوناکەن لەوانەتان جیا ببنەوە کە گوێ نادەنێ . جـا پاش ئەم تاقی کردنەوەیــە هەرکـەس لـە سـنووری خـودا لابدا ئـەوا سزایێکی پڕئازار ئەدرێ .

ئەم ئایەتە پیرۆزە دەربارەی ئەوانە نازڵ بووە کە لە عــەمرەی (حدیبیە)دا بوون ، کە حەیوانی کێوی ئەهاتنە ناویـانو لێیـان نزیـك ئەبوونەوە ، بە ڕادەیێ ئەیانتوانی بە دەست بییانگرن ، یان بــە تـیر برینداریان بکەن .

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَقْتُلُواْ الصَّيْدَ وَأَنتُمْ حُرُمٌ وَمَــن قَتَلَهُ مِنكُم مُّتَعَمِّدًا فَجَزَاء مِّثْلُ مَا قَتَلَ مِنَ النَّعَمِ يَحْكُمُ بِــهِ ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ هَدْيًا بَالِغَ الْكَعْبَةِ أَوْ كَفَّارَةٌ طَعَامُ مَسَاكِينَ أَو عَدْلُ ذَلِكَ صِيَامًا لِّيَذُوقَ وَبَالَ أَمْرِهِ عَفَا اللّهُ عَمَّا سَلَف وَمَنْ عَـادَ فَيَنتَقِمُ اللّهُ مِنْهُ وَاللّهُ عَزِيزٌ ذُو انْتِقَامٍ {٩٥}

ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە لەکاتێکدا کە لە ئیحرامدان نێچیر مەکوژن . هەرکەس نێچیرێ بەعەمدی بکوژێ . واتە لــەبیری بـێ کـە لە ئیحرامدایەو بزانێ کوشتنەکە حەرامە ، ئەوە جەزاکەی حەیوانێکە کە لە چەشنی کوژراوەکە بـێو دووکەسـی عـادڵ پەسـەندی بکـەن ، ئەو حەیوانــە بکەنـە خـێرو ئـەبێ بگاتــە هــەژارانی کەعبـە ، واتــە لــە حەرەمدا سەر ببڕێو بدرێ بە هەژارەکانی ، ئەگـەر ئـەوەتان نـەبوو بەقەدەر قیمەتی ئەو نێچیرە بکەنە خواردەمەنی بۆ هەژاران . ئەگەر ئەوەشتان نەتوانی لەباتی خواردەمەنی هــەر هــەژارێ ڕۆژێ بـەڕۆژوو بن . بۆیــە ئـەم جەزایـە بڕیاردرا تـا ئـەوەی نێچیرەکـەی کوشـتووە

ئەنجامی کارەکەی بچێژێ ؛ چونکە لە سنوور لایداوەو ڕاوی کردووە. خودا عەفوی کردن لە هی لەوەپێشتان ، هی سەردەمی جاهیلییەت، یا هی سەردەمی ئیسلام پێش حەرام کردنی ئەم کوشتنە ، یا لە هی ئەمجارەتان . بەڵام هەرکەس بگەڕێتەوە سەری ئەوە خودا تۆڵەی لێ ئەکاتەوە ؛ خودا بەدەستەڵاتەو تۆڵەسێنە .

أُحِلَّ لَكُمْ صَيْدُ الْبَحْرِ وَطَعَامُهُ مَتَاعًا لَّكُمْ وَلِلسَّيَّارَةِ وَحُرِّمَ عَلَيْكُمْ صَيْدُ الْبَرِّ مَا دُمْتُمْ حُرُمًا وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِيَ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ {٩٦}

بۆتان حەڵاڵ کراوە نێچیری دەریا بۆئەوەی لە ئیحرامدا بی‌و ئەوەی لە ئیحرامدا نەبێ حەڵاڵە بۆتان بیخۆن‌و حەڵاڵە بۆ موسافیرەکانتان هەڵیگرن لەگەڵ خۆیانداو لە ڕێگادا بیخۆن‌و سوودی لێ وەرگرن . بەڵام تا لە ئیحرامدا بن نێچیری وشکانیتان لێ حەرامە . لە خودا بترسن‌و لە سنووری فەرمانی دەرمەچن ، چونکە بۆ لای خودا ئەگەڕێنەوەو لای ئەو حەشر ئەکرێن .

جَعَلَ اللّهُ الْكَعْبَةَ الْبَيْتَ الْحَرَامَ قِيَامًا لِّلنَّاسِ وَالشَّهْرَ الْحَرَامَ وَالْهَدْيَ وَالْقَلاَئِدَ ذَلِكَ لِتَعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ وَأَنَّ اللّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ {٩٧}

کەعبە کە خانوویەکی بەحورمەتە خودا حورمەتی داوەتی‌و کردوویە بە هۆی بووژانەوەی خەڵك لە کاری دین‌و لە کاری دنیایاندا، ئەوەی بترسێ پەنای پێ ئەبا ، ئەوەی بێدەست بێ لەوێ ئەحەوێتەوە ، ئەوەی بازرگانی بکا لەوێ ئیشی خۆی ڕائەپەڕێنێ .

ئـەوەی بییـەویّ حـەج‌و عـەمرە بـەجیّبیّنیّ ڕووی تـیّ ئـەکات‌و بـۆی ئەڕوات . هـەروەها خـودای میـهرەبان قوربـانی لـە مـەڕو بـزن‌و گـاو وشتری گەردنبەند لەملی بۆ خێر دیـاری‌کراوی لـەو شـوێنە پـیرۆزەدا کردووەتە هۆی ژیـانی خـەڵك‌و بووژانـەوەی دامـاوان . ئـەم کارانـەی خودا کە هەموو حیکمەتیان تیدایە ؛ بۆئەوەن بزانن خودا ئاگای لە هەموو ئەو شتانەیە کـە لـە ئاسمانـەکان‌و لـە زەویـدا هـەن‌و ، خـودا هەمووشت ئەزانیّ‌و ، ئاگاداری قازانج‌و خێرو خۆشیی بنیادەمە .

اعْلَمُواْ أَنَّ اللّــــهَ شَــدِيدُ الْعِقَــابِ وَأَنَّ اللّــــهَ غَفُــور رَّحِيمٌ{٩٨}

بزانن کە بەڕاستی خـودا بـەتوندی تۆڵـە ئەسـێنیّ‌و ، بەڕاسـتی خودا گوناهبەخشەو زۆر میهربانە .

مَّا عَلَى الرَّسُولِ إِلاَّ الْبَلاَغُ وَاللّهُ يَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَـــــا تَكْتُمُونَ{٩٩}

پێغەمبـەر تەنـها ئـەوەی لەسـەرە کـە پەیامەکـە بگـەیێنیّ‌و فەرمانی خوداتان بۆ ڕوون بکاتەوە ، لەوەبـەدوا خۆتـان بەرپرسـن . خـودا ئاگـاداری هەمووشـتێکتانە ، ئـەوەی دەرییئـەبڕن‌و ئـەوەی ئەیشارنەوە .

قُل لاَّ يَسْتَوِي الْخَبِيثُ وَالطَّيِّبُ وَلَــوْ أَعْجَبَــكَ كَــثْرَةُ الْخَبِيثِ فَاتَّقُواْ اللّهَ يَا أُوْلِي الأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ {١٠٠}

پایەی کردەوەی چاك‌و پاك‌و هی خـراپ‌و ناپـاك ، یـا ئینسـانی خاوێن‌و چاکەکەرو ئینسانی پیس‌و بـەدکردار ، یـا کـردەوەی مـرۆی

پاك‌و ناپاك هەرگیز لای خوا یەكسان‌و وەك یەك نین ، ئەگەر چی زۆریی پیسەكەت لا سەیر بێ ، چونكە عیبرەت بە چاكی‌و خراپییەنەك بە زۆری‌و كەمی، كەواتە لە خودا بترسن لە ئیختیاركردنی چاك‌و پاك‌و لە خۆلادانداا لە بەدو ناپاك ، بەڵكو بەختیارو سەركەوتووی هەردوو دنیا بن.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَسْأَلُواْ عَنْ أَشْيَاء إِن تُبْدَ لَكُمْ تَسُؤْكُمْ وَإِن تَسْأَلُواْ عَنْهَا حِينَ يُنَزَّلُ الْقُرْآنُ تُبْدَ لَكُمْ عَفَا اللّهُ عَنْهَا وَاللّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ {١٠١}

ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە لە شتی وەها مەپرسن لە پێغەمبەر (د.خ) كە ئەگەر بۆتان دەركەوێ‌و وەڵام بدرێنەوە پێتان ناخۆش بێ‌و زیانی هەبێ بۆتان. ئەگەر لەوكاتەدا پرسیارەكە بكەن كە قورئان نازڵ ئەبێت بۆتان ڕوون ئەبێتەوە. خودا عەفوی كردن لە پرسیارە پێشووەكانتان . لەمەوپاش پرسیاری وەها مەكەن. خودا گوناهبەخش‌و میهرەبانە.

قَدْ سَأَلَهَا قَوْمٌ مِّن قَبْلِكُمْ ثُمَّ أَصْبَحُواْ بِهَا كَافِرِينَ{١٠٢}

قەومێ پێش ئێوە پرسیاریان لە پێغەمبەرەكانیان كردو دوایی ئیمانیان پێ نەهێنا ، وەك جەماعەتی عیسا كە داوای (مائیدە)یان كردو دوایی ئیمانیان پێ نەهێنا ، یا قەومی صالح پێغەمبەر كە داوای وشترێكیان كردو هەرچوار پەلیان بڕییەوە، یا بەنی‌ئیسرائیلییەكان كە پرسیاریان لە پێغەمبەرەكانیان ئەكردو، كە وەڵامیان ئەدانەوە ئیمانیان پێ نەئەهێنان .

مَا جَعَلَ اللّهُ مِن بَحِيرَةٍ وَلاَ سَآئِبَةٍ وَلاَ وَصِيلَةٍ وَلاَ حَامٍ وَلَـكِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ يَفْتَرُونَ عَلَى اللّهِ الْكَذِبَ وَأَكْثَرُهُمْ لاَ يَعْقِلُونَ{١٠٣}

ئەهلی جاهیلییەت ، پێش هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئەگەر وشترێکیان پێنج سکی بکردایەو دواییینەکەیان نێر بوایە گوێی دایکانەکەیان دوو لەت ئەکردو ئەیانقلێشاندو بەرەلاّیان ئەکرد، نە سواری ئەبوون‌و نە ئەیاندۆشی . ئەگەر زەلامێکیان نەخۆش بکەوتایە ئەیوت : ئەگەر چاك ببمەوە فلاّنە وشترم بەرەڵلاّ بێ ، واتە سوودی لێ وەرنەگیرێ . ئەگەر مەڕێك مێنگەی ببوایە بۆ خۆیان ئەبوو . ئەگەر نێرەی ببوایە بۆ بتەکانیان ئەبوو . خۆ ئەگەر بە سکێ نێرو مێیەکی ببوایە ئەوا نێرەکەش دەخرایە پاڵ مێنگەکەو نەئەدرا بە بتەکان . هەروەها ئەگەر لە پشتی نێرێك دە سك بهاتایە حەرامیان ئەکرد سواری ببن‌و لە ئاوو لەوەڕگا مەنعیان نەئەکردو بە ئارەزووی خۆی ئەسووڕایەوە. جا قورئانی پیرۆز ئەم عادەتانەیان بەتاڵ ئەکاتەوەو ئەفەرموێ ئەم عادەتانە کە کافرەکان خوویان پێیانەوە گرتووە، هیچ ئەصڵ‌و ئەساسیان نییەو خودا حوکمی وای نەداوەو پێی ڕازی نییە. بەلاّم کافرەکان درۆ بە دەم خوداوە هەڵئەبەستن‌و بەشی زۆریان بێهۆش‌و نەفامن‌و حەلاڵ‌و حەرام نازانن‌و گوێیان نادەنێ .

وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْاْ إِلَى مَا أَنزَلَ اللّهُ وَإِلَى الرَّسُولِ قَالُواْ حَسْبُنَا مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ آبَاءنَا أَوَلَوْ كَانَ آبَاؤُهُمْ لاَ

يَعْلَمُونَ شَيْئًا وَلاَ يَهْتَدُونَ {١٠٤}

كە پێیان ئەوترێ وەرن بۆ پەیڕەویکردنی ئەو فەرمانو حوکمانەی خودا لە ڕێگای پێغەمبەرەوە بۆی ناردوونو، وەرن دوای ئامۆژگاریی پێغەمبەر بکەون، ئەڵێن: نایەین، ئەو دابو نەریتەمان بەسە کە باوباپیرمان دیوە لە سەری ئەڕۆیشتن، ئایا تەنانەت ئەگەر ئەو باوباپیرانەشیان هیچیان نەزانیبیو ڕێگای ڕاستیان نەدۆزیبێتەوە هەر دوایان ئەکەونو پەیڕەوی دابو نەریتیان ئەکەن !؟

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ عَلَيْكُمْ أَنفُسَكُمْ لاَ يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا اهْتَدَيْتُمْ إِلَى اللّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ{١٠٥}

ئەی خاوەن باوەڕەکان ! ئاگاتان لە بیرو باوەڕو کردەوەی خۆتان بێ ، ئەگەر ئێوە ڕێگای ڕاست بگرنەبەر کافرە گومڕاکان زیانتان پێناگەیێنن ، گومڕایی ئەوان کار لە ئێوە ناکات. هەمووتان سەرەنجامتان لای خودای گەورەو ئاگادارە، ڕۆژی خۆی پێتان ئەڵێ لە دنیادا چیتان کردووە؟

يا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ شَهَادَةُ بَيْنِكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ حِينَ الْوَصِيَّةِ اثْنَانِ ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ أَوْ آخَرَانِ مِنْ غَيْرِكُمْ إِنْ أَنتُمْ ضَرَبْتُمْ فِي الأَرْضِ فَأَصَابَتْكُم مُّصِيبَةُ الْمَوْتِ تَحْبِسُونَهُمَا مِن بَعْدِ الصَّلاَةِ فَيُقْسِمَانِ بِاللّهِ إِنِ ارْتَبْتُمْ لاَ نَشْتَرِي بِهِ ثَمَنًا وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى وَلاَ نَكْتُمُ شَهَادَةَ اللّهِ إِنَّا

إِذًا لَّمِنَ الآثِمِينَ {١٠٦}

ئەی خاوەن ئیمانەکان! یەکێ لـەو حوکمانـەی بۆتـان دانـراوە ئەوەیە، ئەگەر یەکێکتان لە سەفەردا بوو و نیشانەی مـردن دیـاری‌دا لێی‌و وەصیەتی کرد، با لە کـاتی وەصیەتەکـەدا دوو پیـاوی عـادڵ‌و ڕاستگۆ لە خۆتان، واتە لە موسـوڵمانان یـا دوو پیـاوی‌تر لـە ئـەهلی ذیممە حازری ئەو وەصیەتە بن‌و ئاگادار بن لەوەی خاوەن وەصیەت ئـەیڵێ . جـا پـاش مردنەکـە ئەگـەر میراتبـەری مـردوو لـە ڕاسـتی شایەتەکان دوودڵ بوون ئەوا لە پاش نوێژی عەصر کە خەڵك جەمە ، شایەتەکان ڕاگرن تـا سـوێند بخۆن بـە خـوداو بڵێـن : ئێمـە ڕاسـتی شایەتییەکەمان بە هیچ نرخێ ناگۆڕینەوەو ئەوەی خاوەن وەصیـەت وتوویە بێ کەم‌و زیاد ئەیلێین‌و ، ئەو کەسە کە شایەتییەکە قازانجـە بۆی ئەگەر خزمیشمان بێ هەر لە ڕاستی لانادەین‌و لایـەنگری کـەس ناکەین‌و، ئـەو شـایەتییەی خـودا ئـەمری پێکردووین نایشـارینەوە. ئەگەر شتی‌وا بکەین ، واتە لە ڕاستی لابدەین ، ئەوا ئێمە لە زومرەی گوناهبارانین .

شایانی باسە شایەتیی ذیممی لە سەرەتای ئیسلامدا بـووە کـە موسوڵمان کەم بوون . دوایـی حوکمەکـە نەسـخ کراوەتـەوە . ئەمـە ڕەئیـی ئیمـامی شـافیعی‌و ئیمـام مـالیك‌و نەخەعییـە، بـەڵام ئیمـام ئەبووحەنیفە ئەڵێت : لە هەموو کاتێکدا ڕاسـت‌و بەجێیـە بەتایبـەتی لە کاتی ناچاریدا .

فَإِنْ عُثِرَ عَلَى أَنَّهُمَا اسْتَحَقَّا إِثْمًـــا فَـــآخَرَانِ يِقُومَـــانِ

مَقَامَهُمَا مِنَ الَّذِينَ اسْتَحَقَّ عَلَيْهِمُ الأَوْلَيَانِ فَيُقْسِمَانِ بِاللّهِ لَشَهَادَتُنَا أَحَقُّ مِن شَهَادَتِهِمَا وَمَا اعْتَدَيْنَا إِنَّا إِذًا لَّمِنَ الظَّالِمِينَ {١٠٧}

جا پاش شایەتیی ئەو دوانە ئەگەر دەرکەوت درۆیان کردووەو، بەو شایەتییەی داویانە گوناهبار بوون، با شاهیدیتر بێن لەو کۆمەڵە میراتبەرانە کە دوو شاهیدە پێشووەکان زیانیان لێداون. ئەمانە بەرامبەری دوو شاهیدە پێشووەکان دانیشن‌و سوێند بخۆن کە شایەتیی ئێمە ڕاسترە لە شایەتیی دوانە پێشووەکان‌و، ئێمە لەم شایەتییەماندا دەستدرێژی لە کەس ناکەین. ئەگەر دەستدرێژی بکەین لە زومرەی ستەمکارانین.

ذَلِكَ أَدْنَى أَن يَأْتُواْ بِالشَّهَادَةِ عَلَى وَجْهِهَا أَوْ يَخَافُواْ أَن تُرَدَّ أَيْمَانٌ بَعْدَ أَيْمَانِهِمْ وَاتَّقُوا اللّهَ وَاسْمَعُواْ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ {١٠٨}

سوێندانی ئەم شایەتانە کە وەصیەتیان لا کراوە شتێکی بەجێیەو ئەبێتە هۆی ئەوە کە وەصیەتەکە بەڕاستی بگەیێنن‌و شایەتیی ڕاست بدەن ، چونکە ئەترسن لەوەی پاش سوێندەکەی ئەمان داواکارەکان دوودڵ بن‌و گومان لە ڕاستییان بکەن‌و ئەنجام سوێن بخۆن‌و بخرێنەوە بەدرۆوەو ئابڕوویان بچێ. لە خودا بترسن‌و گوێ لە فەرموودەی خوداو ئامۆژگاریی پێغەمبەر بگرن . بێگومان خودا هیدایەتی ئەوانە نادات کە لە ڕێگای ڕاستی ئایین لائەدەن .

يَوْمَ يَجْمَعُ اللّهُ الرُّسُلَ فَيَقُولُ مَاذَا أُجِبْتُمْ قَالُواْ لاَ عِلْمَ

لَنَا إِنَّكَ أَنتَ عَلاَّمُ الْغُيُوبِ {١٠٩}

باسی ئەو ڕۆژە بکە کە خودا پێغەمبەرەکان کۆئەکاتەوەو لێیان ئەپرسێ : ئوممەتەکانتان چۆن جوابیان دانەوە ؟ چۆن بەدەنگتانەوە هاتن ؟ ئەوانیش ئەڵێن : ئێمە نازانین ، هەر تۆی هەمووکارە نادیارەکانو شتە پەنهانەکان ئەزانیو لە هەموویان ئاگاداری .

إِذْ قَالَ اللّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ اذْكُرْ نِعْمَتِي عَلَيْكَ وَعَلَى وَالِدَتِكَ إِذْ أَيَّدتُّكَ بِرُوحِ الْقُدُسِ تُكَلِّمُ النَّاسَ فِي الْمَهْدِ وَكَهْلاً وَإِذْ عَلَّمْتُكَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَالتَّوْرَاةَ وَالإِنجِيلَ وَإِذْ تَخْلُقُ مِنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ بِإِذْنِي فَتَنفُخُ فِيهَا فَتَكُونُ طَيْرًا بِإِذْنِي وَتُبْرِىءُ الأَكْمَهَ وَالأَبْرَصَ بِإِذْنِي وَإِذْ تُخْرِجُ الْمَوتَى بِإِذْنِي وَإِذْ كَفَفْتُ بَنِي إِسْرَائِيلَ عَنكَ إِذْ جِئْتَهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ فَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْهُمْ إِنْ هَـذَا إِلاَّ سِحْرٌ مُّبِينٌ {١١٠}

ئەی پێغەمبەر! یادی ئەوە بکە کە خودا بە عیسای فەرموو : عیسای کوڕی مەریەم ! یادی ئەو نیعمەتانە بکە کە بە تۆو بە دایکتم داون ، کە بە جوبرەئیل یارمەتیم‌دای قسەت لەگەڵ خەڵك ئەکرد کە هێشتا لە بێشکەدا بوویتو بە گەورەییش ، واتە خودا توانی پێ بەخشیت بە مەلۆتکەیی وەك حاڵی گەورەیی قسەیان لەگەڵ بکەیت. بیر لەوە بکەرەوە کە فێری نووسینم کردی ، فێری قسەی ڕاستو دامەزراوو حیکمەتدارم کردی، تەوراتم فێر کردی کە پێش تۆ بۆ مووسا هاتبوو، ئینجیلم فێر کردی کە بۆ خۆت هات.

یادی ئەو نیعمەتە بکە کە چۆن بە ئیزنی من لە قوڕ هەیکەلی باڵندەت دروست ئەکردو فووت تیّ ئەکردو بە ئیزنی من ئەبووە باڵندەی ڕاستەقینە. هەروەها کوێری زگماك‌و بەڵەکت بە ئیزنی من چاك ئەکردەوە. بیری ئەوە بکەرەوە کە چۆن بە ئیزنی من مردووت زیندوو ئەکردەوە. بیری ئەوە بکەرەوە کە چۆن نەمهێشت بەنی‌ئیسرائیلییەکان بتکوژن کە ئایەت‌و موعجیزەی ئاشکراو دیاریت بۆ هێنان‌و باوەڕیان پیّ نەئەکردو کافرەکانیان لەباتی باوەڕکردن ئەیانوت ئەمانەی تۆ دەریان ئەخەیت تەنها جادووی ئاشکران‌و هیچی‌تر نین !

وَإِذْ أَوْحَيْتُ إِلَى الْحَوَارِيِّينَ أَنْ آمِنُواْ بِي وَبِرَسُولِي قَالُوَاْ آمَنَّا وَاشْهَدْ بِأَنَّنَا مُسْلِمُونَ {١١١}

ئەی عیسا ! بیری ئەوە بکەرەوە چۆن خستمە دڵی ئەوانەوە کە بڕیارمان دابوو ببنە هاوڕێی تایبەتیت ، یا بە وەحی لەسەر زوبانی خۆت داوام لیّ کردن ئیمان بە من‌و بە پێغەمبەری من بێنن ، ئەوانیش نووری ئیمان چووە دڵیانەوەو ڕوویان کردە خوداو وتیان : وا ئیمانمان هێنا بە خودای تەنیاو بیّ‌هاوڕیّ ، تۆیش خودایا بە لوطفی خۆت شایەت بە لەسەر ئەم ئیسلامەتییەمان.

إِذْ قَالَ الْحَوَارِيُّونَ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ هَلْ يَسْتَطِيعُ رَبُّكَ أَن يُنَزِّلَ عَلَيْنَا مَآئِدَةً مِّنَ السَّمَاءِ قَالَ اتَّقُواْ اللّهَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ{١١٢}

کە حەوارییەکان وتیان : ئەی عیسای کوڕی مەریەم ئایا خودای تۆ ئەتوانیّ، یا بەگوێت ئەکا لە ئاسمانەوە خوانێکمان بۆ

دابەزێنێ ؟ عیسایش پێی‌وتن : ئەگەر بەڕاستی خاوەن ئیمانن لە خودا بترسن‌و دوودڵو ڕاڕا مەبن . شایانی باسە ئەم داوای حەوارییانە یا وەك داواکەی حەزرەتی مووسایە کە لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەر بوو عەرزی خودای کرد: "رب أرني أنظر اليك" یا خۆ ئەو داوایە هی هەندێ لە حەوارییەکان بووە کە هێشتا دامەزراوو دڵنیا نەبوون.

قَالُواْ نُرِيدُ أَن نَّأْكُلَ مِنْهَا وَتَطْمَئِنَّ قُلُوبُنَا وَنَعْلَمَ أَن قَدْ صَدَقْتَنَا وَنَكُونَ عَلَيْهَا مِنَ الشَّاهِدِينَ {١١٣}

وتیان: ئەمانەوێ لەو خوانە بخۆین‌و بەتایبەتی بەم موعجیزەیە شەرەفمەند ببین‌و بەتەواوی دڵنیا ببین‌و لە دڵەڕاوکێی شەیتان ڕزگار ببین‌و بەئاشکراو بە بینین بزانین کە لە ئیدیعای پێغەمبەری‌و ئەو موژدانەدا پێمانی ئەدەیت ڕاست ئەکەیت لەگەڵمان‌و ئێمەش شایەتی هاتنەخوارەوەی ئەم خوانە بین.

قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ اللَّهُمَّ رَبَّنَا أَنزِلْ عَلَيْنَا مَآئِدَةً مِّنَ السَّمَاءِ تَكُونُ لَنَا عِيداً لِّأَوَّلِنَا وَآخِرِنَا وَآيَةً مِّنكَ وَارْزُقْنَا وَأَنتَ خَيْرُ الرَّازِقِينَ {١١٤}

عیسای کوڕی مەریەمیش ڕووی‌کردە بارەگای خودایی‌و دەستی‌کرد بە پاڕانەوەو وتی : خودایا ! ئەی پەروەردگارمان ! خوانێکمان لە ئاسمانەوە بۆ بنێرە خوار کە ببێتە هۆی جەژن‌و شادی بۆ ئێمە ، بەرودوامان . هەروەها ببێتە نیشانەیێکی ئاشکرا کە دەلالەت بکات لە گەورەیی‌و توانایی تۆو ، ببێتە موعجیزە بۆ

ئیسپاتی ڕاستی من لە ئیدیعای پێغەمبەرایەتیمدا. لەو خوانە ڕۆژیمان بدەرێ ، یا بمانخەرە سەر ڕێگای شوکرانەبژێریی نیعمەتەکانت. هەر تەنها تۆ چاکترین ڕۆژیدەری ، چونکە خۆت ڕۆژییەکە دروست ئەکەیتو خۆیشت ئەیبەخشی.

قَالَ اللّهُ إِنِّي مُنَزِّلُهَا عَلَيْكُمْ فَمَن يَكْفُرْ بَعْدُ مِنكُمْ فَإِنِّي أُعَذِّبُهُ عَذَابًا لاَّ أُعَذِّبُهُ أَحَدًا مِّنَ الْعَالَمِينَ {١١٥}

خودا تکاکەی عیسای قبوولْ کردو وتی : وا ئەو خوانەی داواتان کرد بۆتان ئەنێرمە خوار. ئیتر هەرکام لە ئێوە پاش ئەوە کافر بوو و گوێی نەدایە ئامۆژگاریی پێغەمبەر سزایێکی گرانو توندوتیژی وەهای ئەدەم لە عالەمدا سزای کەس بەو جۆرە نادەم. ئەوەبوو ئەوانەی کافر بوون خودا پێستی مەیموونو بەرازی بە بەردا کردن کە کەس سزای وەها نەدراوە.

وَإِذْ قَالَ اللّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ أَأَنتَ قُلتَ لِلنَّاسِ اتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَـهَيْنِ مِن دُونِ اللّهِ قَالَ سُبْحَانَكَ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي بِحَقٍّ إِن كُنتُ قُلْتُهُ فَقَدْ عَلِمْتَهُ تَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِي وَلاَ أَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِكَ إِنَّكَ أَنتَ عَلاَّمُ الْغُيُوبِ{١١٦}

ئەی موحەممەد ! باسی ئەوەیان بۆ بکە کە چۆن خودا لە ڕۆژی قیامەتدا بە ئاگاداریی خەڵکو لە بەردەمیاندا لە عیسای کوڕی مەریەم ئەپرسێو ئەڵێ : ئەوە تۆ بەو خەڵکەت وتووە: لە خودا بەولاوە منو دایکیشم بپەرستنو بە خودامان حیساب بکەن؟

عیساش لە وەڵامدا ئەڵێت: پاکیو بێعەیبی هەر بۆ تۆیە، بۆ من ڕەوا نییەو حەقی ئەوەم نییە شتی پووچو ناڕەوا بڵێم . ئەگەر وتبێتم ئەوا تۆ پێت زانیوە. ئەوەی لە دەروونی مندایە تۆ پێی ئەزانی بەڵام من نازانم چی لای تۆیە. هەر تۆی زاناو ئاگادار لە هەموو کارێکی پەنهانو شتێکی نادیار.

مَا قُلْتُ لَهُمْ إِلاَّ مَا أَمَرْتَنِي بِهِ أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ وَكُنتُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا مَّا دُمْتُ فِيهِمْ فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِي كُنتَ أَنتَ الرَّقِيبَ عَلَيْهِمْ وَأَنتَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ {١١٧}

هیچم پێ نەوتوون ئەوە نەبێ کە خۆت ئەمرت پێ کردووم پێیان بڵێم، پێم وتوون : تەنها خودا بپەرستن ، ئەو خودایەی کە پەروەردگاری منیشو ئێوەیشە. تا لە ناویاندا بووم ئاگام لێیان بوو. کاتێ کە بردمتەوە بۆ خۆتو لە ناویاندا نەمام تۆ خۆت ئاگات لێیان بووەو بەسەریانەوە بووی. تۆ لە هەموو شتو هەموو کارێ ئاگاداریو هیچت لێ ون نابێ .

إِن تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ وَإِن تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ {١١٨}

ئەگەر عەذابیان ئەدەی ئەوا بەندەی خۆتنو ئەتوانی بە ئارەزووی خۆت لەگەڵیان بجووڵێیتەوەو سزایان بدەیت . موڵکی خۆتنو کەس حەقی ڕەخنەی نییە . ئەگەر لە گوناهیشیان خۆش بیو چاوپۆشییان لێ بکەیت کەس ناتوانێ بڵێ : نەیتوانی سزایان بدات ، بۆیە بەخشینی ! تۆ زۆر بەهێزیو دەستت بە سەر هەموو

شتێکدا ئەڕوات.ئەتوانی ببەخشی‌و ئەتوانی سزا بدەیت . کارەکانیشت پڕ لە حیکمەتن .

قَالَ اللّهُ هَذَا يَوْمُ يَنفَعُ الصَّادِقِينَ صِدْقُهُمْ لَهُمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا رَّضِيَ اللّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُ ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ {١١٩}

جا خودا ئەفەرموێ : ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە ڕاستگۆیان ڕاستییەکەیان فریایان ئەکەوێت‌و ، پاداشیان چەند باغ‌و گوڵزارو بەهەشتێکی گەورەو بەرینە کە جۆگای ڕوون‌و سازگاریان بەناودا ئەڕوات . خودا ڕازییە لێیان‌و ، ئەوانیش شوکرانەبژێری کەرەمی خودان‌و پڕ بە دڵ ڕازی‌و کامەرانن بەو پاداشەی خودا پێی بەخشیون. ئا ئەمەیە سەرفرازی‌و بەختیاریی گەورە .

لِلّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا فِيهِنَّ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ {١٢٠}

ئاسمانەکان‌و زەوی‌و هەرچییان تێدایە موڵکی خودایەو ، خودا دەستی بە سەر هەموو شتێکدا ئەڕوات‌و توانایە .

سوورەتی (الأنعام)

مەککەیییەو (١٦٥) ئایەتە (*)

بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمـَنِ الرَّحِيمِ

الْحَمْدُ لِلّهِ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ وَجَعَلَ الظُّلُمَاتِ وَالنُّورَ ثُمَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِم يَعْدِلُونَ {١}

(*) تەفسیری بەیضاوی ئەڵێت : ئایەتی (٢٠) و(٢٣) و(٩١) و(٩٣) و(١١٤) و (١٤١)و(١٥١)و(١٥٢)و(١٥٣)ی ئەم سوورەتە مەدینەیین

هەرچی سوپاسە شایانی ئەو خودا بەدەستەڵاتەیە کە ئاسمانەکان‌و زەوی دروست کردوون‌و تاریکی‌و ڕووناکی داهێناوە. پاش ئەم هەمووە نیشانە گەورانە کە دەلالەت لە گەورەیی خودا ئەکەن ، کافرەکان لە ڕاستی لائەدەن‌و بە نیعمەتەکانی قایل نابن‌و بتە دەستکردەکانی خۆیان ئەکەنە هاوشانی خوداو ئەیانپەرستن.

هُوَ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن طِينٍ ثُمَّ قَضَى أَجَلاً وَأَجَلٌ مُّسمًّى عِندَهُ ثُمَّ أَنتُمْ تَمْتَرُونَ{٢}

خودا ئەو خودایە ئێوەی لە قوڕ دروست کردووە، ئەنجا بۆ هەرکەس ماوەیێکی دیاری داناوە کە تیایدا بژی ، کاتێکی دیاریشی لای خۆی داناوە بۆ زیندوو کردنەوەو بۆ بەرپاکردنی ڕۆژی قیامەت. کەچی ئێوە پاش ئەم هەمووە دروست کردن‌و داهێنانە گومان ئەکەن لە ڕاستیی دەستەڵاتی خودا لە زیندووکردنەوەی مردووان لە ڕۆژی قیامەتدا. ئەوەی بتوانێ لە نەبوونەوە شت دروست بکات پاش فەوتانی شتەکەش ئەتوانێ دروستی بکاتەوەو سەرلەنوێ گیانی بکاتەوە بەبەردا .

وَهُوَ اللّهُ فِي السَّمَاوَاتِ وَفِي الأَرْضِ يَعْلَمُ سِرَّكُمْ وَجَهرَكُمْ وَيَعْلَمُ مَا تَكْسِبُونَ {٣}

لە ئاسمانەکان‌و لە زەویداو لە هەموو شوێنێکدا هەر ئەو خوایەو شایانی عیبادەت بۆکردنە. ئەزانێ بەوەی لە دڵتاندایە یا بەپەنهانی ئەیکەن، ئەیشزانێ بەوەی ئەیشارنەوەو دەریناخەن ، چ چاک‌و چ خراپ. ئەزانێ چی ئەکەن لە چاکە کە پاداشتان ئەدرێتەوە

لەسەریەو ، لە خراپە کە موحاسەبە ئەکرێن لەسەری.

وَمَا تَأْتِيهِم مِّنْ آيَةٍ مِّنْ آيَاتِ رَبِّهِمْ إِلاَّ كَانُواْ عَنْهَا مُعْرِضِينَ{٤}

هیچ ئایەتێکیان بو نایێت لە ئایەکانی خودا سەرپێچی لێ نەکەن‌و موخالەفەی نەکەن!

فَقَدْ كَذَّبُواْ بِالْحَقِّ لَمَّا جَاءهُمْ فَسَوْفَ يَأْتِيهِمْ أَنبَاءُ مَا كَانُواْ بِهِ يَسْتَهْزِؤُونَ {٥}

ئەمانە باوەڕیان نەکرد بە قورئان کە بۆیان هات، وەك چۆن باوەڕیان بە هیچ موعجیزەیێکی‌تر نەکرد. دوارۆژ واتە لە ڕۆژی قیامەتدا یا هەر لە دنیادا کە وەختی تۆڵەلێسەندنەوەیان دێت‌و ئایینی ئیسلام سەرئەکەوێ ، خەبەری ئەوەیان پێ ئەگات کە گاڵتەیان پێ ئەکردو خۆیان ئەبیننەوە.

أَلَمْ يَرَوْاْ كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّن قَرْنٍ مَّكَّنَّاهُمْ فِي الأَرْضِ مَا لَمْ نُمَكِّن لَّكُمْ وَأَرْسَلْنَا السَّمَاء عَلَيْهِم مِّدْرَاراً وَجَعَلْنَا الأَنْهَارَ تَجْرِي مِن تَحْتِهِمْ فَأَهْلَكْنَاهُم بِذُنُوبِهِمْ وَأَنْشَأْنَا مِن بَعْدِهِمْ قَرْناً آخَرِينَ {٦}

ئەمانە بۆ ناڕوانن‌و بیر ناکەنەوە لەوە کە ئێمە چەندەها تیرەو تایەفەمان پێش ئەمان لە ناوبردو شوێنەوارمان نەهێشتن ، کە جێوڕێو هێزو دەستەلاتی وەهامان دابوونێ بە ئێوەمان نەداوەو ، حاڵیان زۆر لە ئێستای ئێوە باشتر بوو ، لە ئێوە گەلێ تواناتر بوون. ئاسمان‌و هەورو بارانمان بۆ خستبوونەکارو خێرو بێرمان بەسەردا

ڕژاندبوون، جۆگا لەبەر پێیاندا ڕەوان بوو، لە نازو نیعمەتو خۆشیدا ئەژیان. ئاخری ئەو دەستەڵاتو خۆش گوزەرانییە هەمووی فریایان نەکەوتو بەهۆی گوناهکارییانەوە لەناومان بردن‌و ، دوای ئەوان خەڵکی‌ترمان هێنایە ڕووی کار.

وَلَوْ نَزَّلْنَا عَلَيْكَ كِتَابًا فِي قِرْطَاسٍ فَلَمَسُوهُ بِأَيْدِيهِمْ لَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُواْ إِنْ هَـذَا إِلاَّ سِحْرٌ مُّبِينٌ {٧}

ئەگەر ئێمە کتێبێکت بۆ بنێرین کە لە کاغەزێکدا نوسرابێ‌و ، کافرەکان بە دەستی خۆیان دەستی لێ بدەن ، هێشتا باوەڕ ناکەن‌و ئەڵێن: ئەمە جادوویێکی ئاشکرا نەبێ هیچی‌تر نی‌یە.

وَقَالُواْ لَوْلا أُنزِلَ عَلَيْهِ مَلَكٌ وَلَوْ أَنزَلْنَا مَلَكًا لَّقُضِيَ الأمْرُ ثُمَّ لاَ يُنظَرُونَ {٨}

کافرەکان ئەڵێن : ئەوە بۆچی مەلائیکەیێکی لەگەڵدا نەنێررایە خوار بۆ لامان پێمان بڵێ : ئەمە پێغەمبەری خودایە؟! بێ‌گومان ئەگەر کار بگاتە ئەو ڕادە مەلائیکە بێتە خوارو ئەوان ببینن یەکسەر کار ئەبڕێتەوەو لەناوئەبرێن‌و بە قەدەر چاوبەیەکادانێك مۆڵەت نادرێن ، چونکە خودا نیسبەت بە نەتەوەکانی‌تر وەهای کردووە بە عادەت‌و بەسەر ئەمانیشدا تەطبیق ئەکرێ.

وَلَوْ جَعَلْنَاهُ مَلَكًا لَّجَعَلْنَاهُ رَجُلاً وَلَلَبَسْنَا عَلَيْهِم مَّا يَلْبِسُونَ {٩}

ئەگەر مەلائیکەیێکیشمان بناردایە لەگەڵتدا کە بیانبینیایە ، یا هەر مەلائیکەکەمان بکردایە بە پێغەمبەر ئەمانخستە شێوەی

بنیادەمـەوە ، وەك چـۆن جارجـار جیـبرەئیل لـە شـێوەی دوحیــەدا ئەهاتە لای پێغەمبەرو وەحیـی بـۆ ئـەهێنا ، چونکـە بنیـادەم هـێزی ئەوەی نی‌یە مەلائیکە لە شـێوەی خۆیـدا ببینـێ ، جـا ئەووەختـەش هەر سەریان لە خۆیان تێکئەداو ئەیانوت : ئەمــە کـەی پێغەمبـەرە؟ ئەمە بنیادەمێکە وەکو ئێوەو هیچ جیاوازییەکی نی‌یە .

وَلَقَدِ اسْتُهْزِىءَ بِرُسُلٍ مِّن قَبْلِكَ فَحَاقَ بِالَّذِينَ سَـــخِرُواْ مِنْهُم مَّا كَانُواْ بِهِ يَسْتَهْزِؤُونَ {١٠}

گاڵتە زۆر کرا بە پێغەمبــەرانی پێـش تـۆش. لـە ئـەنجامدا ئـەو کافرانەی گاڵتـەیان ئەکرد تووشی بەڵا هاتن‌و نەگبەتی ئەو گاڵتەکردن‌و بێباوەڕی‌یە خراپ گرتنی .

قُلْ سِيرُواْ فِي الأَرْضِ ثُمَّ انظُرُواْ كَيْــفَ كَـانَ عَاقِبَـــةُ الْمُكَذِّبِينَ{١١}

بڵێ بەو کافرانە با بڕۆن بگەڕێن بە دنیاداو بیربکەنەوە لەوانەی باوەڕیان بە پێغەمبەران نەئەکردو ئەیانخستنەوە بـەدرۆوە ، چییـان بەسەر هات‌و بۆ کوێ چوون ؟! دیارە هەموو فەوتان و لە ناوچوون‌و خودا تۆڵەی لێ سەندنەوە. دەی ئەنجامی ئێوەش لەوان چاکتر نابێ.

قُل لِّمَن مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ قُل لِلّهِ كَتَبَ عَلَـــى نَفْسِهِ الرَّحْمَةَ لَيَجْمَعَنَّكُمْ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ لاَ رَيْبَ فِيهِ الَّذِيــنَ خَسِرُواْ أَنفُسَهُمْ فَهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ {١٢}

تـۆ ئـەی پێغەمبــەر! پێیـان بڵـێ ئـەوەی لـە ئاسمانـەکان‌و لـە زەویدایە هی کێیە ؟ هەر خۆیشــت وەڵام بدەرەوەو بڵـێ : هـەمووی

هی خودایەو کەس حەقی ئەوەی نی‌یە خاوەن بێ خودا نەبێ. خودا بە لوطفو کەرەمی خۆی نەوەك بە ناچاریو بێدەستەلاتی بڕیاری داوە لەسەر خۆی بەزەیی بە خەڵکدا بێتەوە لە دنیاو لە قیامەتدا. قەسەم بەخودا هەمووتان لە ڕۆژی قیامەتدا کۆئەکاتەوەو موحاسەبەتان لەگەڵ ئەکاتو هیچی لێ ون نابێو، ئەم کۆکردنەوەیە ڕاستەو گومانی تێدا نی‌یە.

ئەوانەی خۆیان دۆڕاندوەو عەقڵو حەواسیان بەکارنەهێناوەو بیریان لەم جیهانەو لە خودای ئەم جیهانە نەکردوەتەوە، ئیمانیان نەهێناو کافر بوون، واتە کوفرەکەیان ئەنجامی عەقڵ نەخستنەکار بوو.

وَلَهُ مَا سَكَنَ فِي اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ{١٣}

هەرچی لە شەوو ڕۆژدایە هەمووی موڵکی خودایەو لە ژێر دەستی ئەودایە. خودا هەمووشت ئەبیسێو زاناو ئاگادارەو هیچی لێ ون نابێ.

قُلْ أَغَيْرَ اللّهِ أَتَّخِذُ وَلِيًّا فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَهُوَ يُطْعِمُ وَلاَ يُطْعَمُ قُلْ إِنِّي أُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ أَوَّلَ مَنْ أَسْلَمَ وَلاَ تَكُونَنَّ مِنَ الْمُشْرِكِينَ {١٤}

تۆ ئەی پێغەمبەر! بڵێ بەو خەڵکە : چۆن ڕەوایەو ، چۆن ئەچێتە عەقڵەوە من غەیری خودای دروستکەری ئاسمانەکان و زەوی بپەرستم ؟! ئەو خودا توانایە کە ڕزقو ڕۆژی بە خەڵكو بەگیانەوەران ئەداتو خواردنیان دەرخوارد ئەدات ، کەچی خۆی

پێویستی به ڕزق و ڕۆژیو خواردن نییەو چاوەڕوانی دەستی کەس نییە. بڵێ : من وام فەرمان پێ دراوە یەکەم موسوڵمان بم و لە پێش هەموو ئوممەتەکەمەوە ئیسلام ببمو ئیمان بهێنم . پێم وتراوەو ئەمرم پێکراوە : لەوانە مەبە کە هاوبەش بۆ خودا بڕیار ئەدەن .

قُلْ إِنِّيَ أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّي عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ {١٥}

ئەی پێغەمبەری خودا پێیان بڵێ: ئەگەر سەرپێچی لە فەرمانی خودا بکەم لە سزای ڕۆژێکی گەورەو ترسناك ئەترسم کە کەس فریام ناکەوێ تیا ئەو نەبێ.

مَّن يُصْرَفْ عَنْهُ يَوْمَئِذٍ فَقَدْ رَحِمَهُ وَذَلِكَ الْفَوْزُ الْمُبِينُ{١٦}

هەرکەس لەو ڕۆژە سامناکەدا لەو سزایە لادریو بپارێزرێ ئەوە خودای میهرەبان ڕەحمی پێکردووە. ڕزگاربوون لەو سزایە سەرکەوتنو سەربەرزییەکی ئاشکرایە.

وَإِن يَمْسَسْكَ اللّهُ بِضُرٍّ فَلاَ كَاشِفَ لَهُ إِلاَّ هُوَ وَإِن يَمْسَسْكَ بِخَيْرٍ فَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ {١٧}

ئەگەر خودای توانا تووشی بەڵایێکی کردی وەك نەخۆشی ، هەژاری، جەرگ سووتان ، زیانی ماڵ ، کەس نییە بتوانێ دەرووت لێ بکاتەوەو ئەو بەڵایەت لە کۆڵ بکاتەوە خۆی نەبێ . ئەگەر خێریش بێنێتە ڕێگاتو بتحەسێنێتەوە ئەوا دەستی بە سەر هەموو شتێکدا ئەڕواتو کەس ناتوانێ دەست بێنێتە بەر دەستیو مەنعی بکات.

وَهُوَ الْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِ وَهُوَ الْحَكِيمُ الْخَبِيرُ {١٨}

هەر خودا خۆی دەستی بەسەر بەندەکانیدا ئەڕوات و ئەتوانێ بە ئارەزووی خۆی لەگەڵیان بجوولێتەوە. خاوەن حیکمەتەو شارەزاو ئاگادارەو هیچی لێ ون نابێ.

قُلْ أَيُّ شَيْءٍ أَكْبَرُ شَهَادةً قُلِ اللّهُ شَهِيدٌ بِيْنِي وَبَيْنَكُمْ وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَذَا الْقُرْآنُ لأُنذِرَكُم بِهِ وَمَن بَلَغَ أَئِنَّكُمْ لَتَشْهَدُونَ أَنَّ مَعَ اللّهِ آلِهَةً أُخْرَى قُل لاَّ أَشْهَدُ قُلْ إِنَّمَا هُوَ إِلَهٌ وَاحِدٌ وَإِنَّنِي بَرِيءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ {١٩}

ئەی پێغەمبەر! بەو کافرانە بڵێ کە باوەڕت پێ ناکەن: چ شایەتییەك گەورەترو زیاتر جێگەی بڕوایە بۆ ئیسپات کردنی ڕاستیی قسەکەم؟ هەر خۆیشت وەڵام بدەرەوەو بڵێ : گەورەترین شاهید لە بەینی منو ئێوەدا خودایە کە ئاگای لە هەموو شتە . ئەم قورئانە بە وەحی نێرراوە بۆ من تا ئێوەو هەرکەسی خەبەری پێبگا پێ بترسێنم لە سزای ڕۆژی قیامەت. ئایا ئێوە ئەوەندە نەفامن شایەتی ئەدەنو ئەڵێن لەگەڵ خودادا چەند خودایەکیتر هەیە؟! بڵێ : من شایەتیی وەها نادەم ،پێیان بڵێ:خودا هەر یەك خودایەو ،من بەریمو دوورمو قایل نیم بەو شتانەی کە ئێوە ئەیانکەنە هاوبەشی خودا.

الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْرِفُونَهُ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَاءَهُمُ الَّذِينَ خَسِرُواْ أَنفُسَهُمْ فَهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ {٢٠}

ئەوانەی کتێبمان پێداون پێغەمبەر ئەناسن بەو صیفەتانەی کە لە تەوراتو ئینجیلدا نووسراون ، وەك چۆن ئەولادی خۆیان

ئەناسـن و لێیـان ون نـابن. ئەوانـە کـە دوای ڕاسـتی ناکـەون و ئەیشارنەوە خۆیان دۆڕاندووەو زیانیان لە خۆیان داوە ، بۆیە ئیمـان ناهێنن و ڕێگای کوفر بەرنادەن .

وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِآيَاتِـهِ إِنَّهُ لاَ يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ{٢١}

کـێ لـەو کەسـە سـتەمکارترە کـە درۆ بـە دەم خـوداوە هەڵبەستێ و بوختـانی بـۆ بکـات ، بـۆ نموونـە : بڵـێ مەلائیکـە کچـی خـودان یـا ئەوانـە لای خـودا! تکامـان بـۆ ئەکـەن؟ کـێ لـەو کەسـە ستەمکارترە کە باوەڕ بە قورئـان و بـە موعجـیزە نـەکات و درۆ بداتـە پاڵ پێغەمبەر؟ بێگومان ستەمکاران سەرناکەون و لە غـەزەبی خـودا دەرباز نابن.

وَيَوْمَ نَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِيـنَ أَشْـرَكُواْ أَيْـنَ شُرَكَآؤُكُمُ الَّذِينَ كُنتُمْ تَزْعُمُونَ {٢٢}

یادی ئەو ڕۆژە بکـەرەوە کـە هـەموویان کۆ ئەکەینـەوەو ، لـە پاشاندا بەوانە ئەڵێین کە هاوبەشیان بۆ خودا دانابوو : کوا ئەوانـەی ئێوە بە عەقڵی ناتەواوتان بە هاوبەشـی خوداتـان حسێب ئـەکردن و ئەتانپەرستن ؟ کوان ؟ بۆ فریاتان ناکەون ؟

ثُمَّ لَمْ تَكُن فِتْنَتُهُمْ إِلاَّ أَن قَالُواْ وَاللّـهِ رَبِّنَـا مَـا كُنَّـا مُشْرِكِينَ{٢٣}

ئەنجامی کوفرەکەیان هیچ نەبوو ئەوە نەبێ کـە پـەنایان بـردە بەر درۆو ئەیانوت بە خودا قەسەم ئێمە هاوڕێمان بۆ خودا دانەناوە.

انظُرْ كَيْفَ كَذَبُواْ عَلَى أَنفُسِهِمْ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَفْتَرُونَ{٢٤}

سەیر بکە چۆن درۆ ئەکەن لەگەڵ خۆیانو ئەڵێن لە دنیادا موشریك نەبووین؟ سەیر بکە چۆن ئەوانەیان ون کردوون کە لە دنیادا ئەیانکردنە هاوبەشی خودا ؟ سەیر بکە چۆن سەریان لێ تێکچووە ؟

وَمِنْهُم مَّن يَسْتَمِعُ إِلَيْكَ وَجَعَلْنَا عَلَى قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن يَفْقَهُوهُ وَفِي آذَانِهِمْ وَقْرًا وَإِن يَرَوْاْ كُلَّ آيَةٍ لاَّ يُؤْمِنُواْ بِهَا حَتَّى إِذَا جَآؤُوكَ يُجَادِلُونَكَ يَقُولُ الَّذِينَ كَفَرُواْ إِنْ هَذَآ إِلاَّ أَسَاطِيرُ الأَوَّلِينَ{٢٥}

ئەم ناموسوڵمانانە هی وایان هەیە دێنە لاتو گوێ لە قورئانەکە ئەگرن ، بەڵام دڵیان پەردەیێکی ئەستووری لەسەرەو تێی ناگەن ، گوێیان قورسەو نابیسن . ئەمانە ئەگەر هەرچی ئایەتو موعجیزە هەیە ببینن ئیمانی پێناهێنن . بێ باوەڕییان گەیشتووەتە ڕادەیێك ئەگەر بێنە لاتو موجادەلەت لەگەڵ بکەنو تۆ ڕاستییان بۆ باس بکەی ، ئەو کافرانە ئەڵێن: ئەمەی تۆ ئەیخوێنیتەوە ئەفسانەو قسەی پڕوپووچی پێشینانەو جێگای بڕواو متمانە نییە !

وَهُمْ يَنْهَوْنَ عَنْهُ وَيَنْأَوْنَ عَنْهُ وَإِن يُهْلِكُونَ إِلاَّ أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ {٢٦}

ئەم كافرانە ناهێڵن خەڵك دوای پێغەمبەر بكەون، هەروەها خۆیشیان لێی دوور ئەكەونەوەو پەیڕەویی ناكەن. ئەمانە كەس نافەوتێنن خۆیان نەبێ، بە خۆیان نازانن كە چ ڕێگاییێكی هەڵدێرو مل شكێنیان گرتووەتە بەر؟!

وَلَوْ تَرَىَ إِذْ وُقِفُواْ عَلَى النَّارِ فَقَالُواْ يَا لَيْتَنَا نُرَدُّ وَلاَ نُكَذِّبَ بِآيَاتِ رَبِّنَا وَنَكُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ {٢٧}

ئەگەر چاوت لێیان بوایە كاتێ لەسەر ئاگری دۆزەخ ڕائەگیرێن، چۆن پەنجەی پەشیمانی ئەگەزن‌و ئەدەن بە ئەژنۆی خۆیاندا‌و ئەڵێن: ئاخ خۆزگا ئەگەڕاینەوە بۆ ژیانی دنیاو ئیتر ئینكاری ئایەتەكانی خودامان نەئەكردو ڕێگای ئیسلامەتیمان ئەگرتەبەر، بەلام پاش چی؟!

بَلْ بَدَا لَهُم مَّا كَانُواْ يُخْفُونَ مِن قَبْلُ وَلَوْ رُدُّواْ لَعَادُواْ لِمَا نُهُواْ عَنْهُ وَإِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ {٢٨}

نەخەیر! ڕاست ناكەن، ئەوە بۆیە وا ئەڵێن چونكە ئەنجامی بەدو تۆڵەی ئەو كوفرەیان بۆ دەركەوتووە كە لە دنیادا ئەیانشاردەوە، ئیستە لە بێزاری‌و خەفەتباریدا وا دەڵێن. ئەگەر بیشگێڕرێنەوە بۆ دنیا جارێكیتر دەست ئەدەنەوە ئەو كارو كردەوە ناشیرینانە كە نەهییان لێ كرابوو ، بەڕاستی ئەوانە درۆزنن .

وَقَالُواْ إِنْ هِيَ إِلاَّ حَيَاتُنَا الدُّنْيَا وَمَا نَحْنُ بِمَبْعُوثِينَ{٢٩}

ئەڵێن تەنها ژیانێكەو ئەویش ژیانی دنیایە، ئیتر ژیانی ئەو دنیا

نی‌یەو، ئێمە هەرگیز زیندوو ناکرێینەوە!

وَلَوْ تَرَى إِذْ وُقِفُواْ عَلَى رَبِّهِمْ قَالَ أَلَيْسَ هَـذَا بِالْحَقِّ قَالُواْ بَلَى وَرَبِّنَا قَالَ فَذُوقُواْ العَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ {٣٠}

ئەگەر چاوت نی‌بوایە کاتێ لە حوزووری خودادا ڕائەگیرێن‌و، خودا ئەفەرموێ: ها! ئا ئەم ڕۆژی زیندووبوونەوەیە ڕاست نی‌یە؟ ئەمە چی‌یە کە ئێوە ئیستە کۆکراونەتەوەو ڕاگیراون؟ ئەوانیش ئەڵێن: قەسەم بە خودای پەروەردگارمان ڕاستەو گومانی تێدا نی‌یە. خودا ئەفەرموێ: دە کە واتە لە تۆڵەی کوفرەکەتاندا سزا بچێژن، خۆتان بەخۆتانتان کرد!

قَدْ خَسِرَ الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِلِقَاء اللّهِ حَتَّى إِذَا جَاءتْهُمُ السَّاعَةُ بَغْتَةً قَالُواْ يَا حَسْرَتَنَا عَلَى مَا فَرَّطْنَا فِيهَا وَهُمْ يَحْمِلُونَ أَوْزَارَهُمْ عَلَى ظُهُورِهِمْ أَلاَ سَاء مَا يَزِرُونَ {٣١}

ئەوانەی باوەڕیان بە ڕۆژی قیامەت‌و بەخوداگەیشتن نی‌یە زیانبارو ماڵ وێرانن. کە ڕۆژی قیامەت لەپڕ سەرودڵیان ئەگرێ ئەوکاتە پەشیمان ئەبنەوەو ئەڵێن: ئاخ چیمان بە خۆمان کرد؟ بۆ ئینکاری زیندووبوونەمان کرد؟ ئەمە ئەڵێن‌و باری گرانی کوفریان بە کۆڵ هەڵگرتووە! ئای کە ناشیرین‌و بەدئەنجامە ئەوەی هەڵیانگرتووەو بەکۆڵیانەوەیە!

وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلاَّ لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَلَلدَّارُ الآخِرَةُ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَ أَفَلاَ تَعْقِلُونَ{٣٢}

ژیانی دنیا لە ئارەزووبازی‌و یاری‌کردن‌و شتی بێهوودە بەولاوە

نی‌یه‌. ڕۆژی دوایی ، واته‌ پاداش‌و خۆشیی ڕۆژی قیامه‌ت ، زۆر چاکتره‌ بۆ ئه‌وانه‌ی له‌ خودا ئه‌ترسن‌و خۆیان له‌ گوناه و کاری ناله‌بار ئه‌پارێزن ، ئه‌وه‌ بۆچی فام‌و هۆشتان ناخه‌نه‌ کارو بیرناکه‌نه‌وه‌ ؟

قَدْ نَعْلَمُ إِنَّهُ لَيَحْزُنُكَ الَّذِي يَقُولُونَ فَإِنَّهُمْ لاَ يُكَذِّبُونَكَ وَلَكِنَّ الظَّالِمِينَ بِآيَاتِ اللّهِ يَجْحَدُونَ {٣٣}

زۆر چاك ئه‌زانین ئه‌و قسانه‌ی کافره‌کان له‌ ڕووی تۆدا ئه‌یانکه‌ن دڵت عاجز ئه‌که‌ن‌و خه‌فه‌تیان پێ ئه‌خۆی ، که‌ بڕواناکه‌ن به‌ وتاره‌کانت‌و ئیمانیان پێ ناهێنن . له‌ ڕاستیدا ئه‌وانه‌ تۆ ناخه‌نه‌وه‌ به‌ درۆوه‌، به‌ڵکو ئه‌و سته‌مکارانه‌ قسه‌ی خودا به‌درۆ ده‌خه‌نه‌وه‌و ئینکاری ئایه‌ت‌و ده‌سته‌ڵاتی خودا ئه‌که‌ن.

وَلَقَدْ كُذِّبَتْ رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ فَصَبَرُواْ عَلَى مَا كُذِّبُواْ وَأُوذُواْ حَتَّى أَتَاهُمْ نَصْرُنَا وَلاَ مُبَدِّلَ لِكَلِمَاتِ اللّهِ وَلَقدْ جَاءكَ مِن نَّبَإِ الْمُرْسَلِينَ{٣٤}

به‌ڕاستی گه‌لێ له‌ پێغه‌مبه‌رانی پێش تۆ به‌درۆخرانه‌وه‌و عه‌نادیان له‌گه‌ڵ کرا ، ئه‌وانیش خۆگر بوون‌و ، ئه‌و هه‌مووه‌ ئازارو سه‌رپێچییه‌ی کافرانیان ته‌حه‌ممول کرد، تا له‌لایه‌ن ئێمه‌وه‌ یارمه‌تییان پێگه‌یشت . ئه‌وه‌ی خودا بڕیاری داوه‌ که‌س ناتوانێ بیگۆڕێ ، خودا به‌ڵێنی داوه‌ به‌ سه‌رخستن‌و یارمه‌تیدانی پێغه‌مبه‌ره‌کانی . خۆ تۆ ده‌نگوباس‌و سه‌رگوزه‌شته‌ی پێغه‌مبه‌رانت پێ گه‌یشتووه‌و ناشاره‌زا نیت .

وَإِن كَانَ كَبُرَ عَلَيْكَ إِعْرَاضُهُمْ فَإِنِ اسْتَطَعْتَ أَن تَبْتَغِيَ نَفَقًا فِي الأَرْضِ أَوْ سُلَّمًا فِي السَّمَاء فَتَأْتِيَهُم بِآيَةٍ وَلَوْ شَاءَ اللّهُ لَجَمَعَهُمْ عَلَى الْهُدَى فَلاَ تَكُونَنَّ مِنَ الْجَاهِلِينَ {٣٥}

ئەگەر لەسەر دڵت زۆر گرانە ئەوانە ڕووت لێ وەرئەگێڕن و باوەڕ بە قسەکانت ناکەن ، دە بڕۆ ئەگەر ئەتوانی، ڕێگایەك ، کونێك لە زەویدا بدۆزەرەوەو بڕۆرە ناخیەوەو ئایەتێکیان بۆ سەربخە ، یا پەیژەیەك پەیدا بکەو پیایدا سەرکەوە بۆ ئاسمان و لەوێوە ئایەتێ بێنە خوار بۆیان تا ئیمان بهێنن! خوت بۆ ئەمانە ناڕەحەت مەکە ، خودا ئەگەر بیویستایە هەموویانی لەسەر ڕێگای ڕاست و ڕەوان کۆئەکردەوە.کەواتە لەوانە مەبە کەلەباتی خۆگری خەفەت ئەخۆن و سوور ئەبن لەسەر شتێ کە نابێ ، ئەمە کاری نەزانانە ، تۆ لە نەزانان مەبە .

إِنَّمَا يَسْتَجِيبُ الَّذِينَ يَسْمَعُونَ وَالْمَوْتَى يَبْعَثُهُمُ اللّهُ ثُمَّ إِلَيْهِ يُرْجَعُونَ {٣٦}

ئەوانە وەڵامت ئەدەنەوەو بەدەنگتەوە دێن کە بەڕاستی ئەبیسن و بیرئەکەنەوە. ئەمانە وەك مردوو وان نابیسن. مردووەکان خودا زیندوویان ئەکاتەوەو ، لەوکاتەدا تێئەگەن کە مەسەلە چی‌یە؟! بەڵام تێگەیشتن لەو ڕۆژەدا سوودی نی‌یەو فریایان ناکەوێو ، تۆڵەیان لێ ئەکرێتەوە.

وَقَالُواْ لَوْلاَ نُزِّلَ عَلَيْهِ آيَةٌ مِّن رَّبِّهِ قُلْ إِنَّ اللّهَ قَادِرٌ عَلَى أَن يُنَزِّلٍ آيَةً وَلَـكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ {٣٧}

کافرەکان ، چونکە سوورن لەسەر کوفرو سەرپێچی ، ئەڵێن : ئەوە بۆچی بێجگە لەم ئایەتانە ئایەتی‌تری بۆ نایێ لە لای خوداوە؟ بڵێ : خودا ئەتوانێ ئایەتی‌تر نازڵ بکات ، بەڵام زۆرتری ئەم کافرانە ئەوە نازانن کە خودا توانایەو ئەگەر ئایەتی‌تر نازڵ بکات ئەبێتە هۆی بەلاو ماڵوێرانی بۆ ئەوان .

وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي الأَرْضِ وَلاَ طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلاَّ أُمَمٌ أَمْثَالُكُم مَّا فَرَّطْنَا فِي الكِتَابِ مِن شَيْءٍ ثُمَّ إِلَى رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ{٣٨}

هەرچی گیانلەبەری زەوییەو ، هەرچی باڵندەیێ هەیە کە بە باڵ بفڕێ ، هەموو چەند کۆمەڵێکن دروست کراوی خودان ، وەك ئێوە ئەخۆنو ئەخۆنەوەو ئەژینو ئەمرنو، هەموو شتێکیان کاتی تایبەتیو دیاری کراوی خۆی هەیە. خودا ئاگای لە هەموویانەو توانی فراوانە. ئێمە هیچ شتێکمان لە (لوح المحفوظ)دا تەرك نەکردووەو ، هەمو شتمان تێدا هەڵگرتووە. هەموو ئەمانە لە دواڕۆژدا لای خودا کۆئەکرێنەوەو ، هەرچی حەقی حەقدارە لە ستەمکارو زۆردار دەسەنرێتەوە، تەنانەت تۆڵەی حەیوانی بێ‌شاخ لە شاخدار ئەکرێتەوە.

وَالَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا صُمٌّ وَبُكْمٌ فِي الظُّلُمَاتِ مَن يَشَإِ اللّهُ يُضْلِلْهُ وَمَن يَشَأْ يَجْعَلْهُ عَلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ {٣٩}

ئەو کەسانەی ئایەتەکانی ئێمە بە درۆ ئەزانن‌و باوەڕیان پێ‌ناکەن ئەوانە کەڕو لاڵن نە قسەی حەق ئەبیسن‌و نە قسەیێکی

ڕاست بە دەمیاندا دێت ، نوقمی تاریکیی بێبنن. ئەمەش شتێکی سەیر نییە . ئەوەی خودا بیەوێ سەری لێ بشێوێنێ گومڕای ئەکاتو ڕێی پێ هەڵە ئەکات . ئەوەش بیەوێ بەختەوەری بکات ئەیخاتە سەر ڕێگای ڕاستو ڕەوان.

قُلْ أَرَأَيْتُكُم إِنْ أَتَاكُمْ عَذَابُ اللّهِ أَوْ أَتَتْكُمُ السَّاعَةُ أَغَيْرَ اللّهِ تَدْعُونَ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ {٤٠}

تۆ ئەی پێغەمبەر! بە کافرەکان بڵێ : ئەگەر ئێوە ڕاست ئەکەنو ئەو بتانە خوداو فریاڕەسن ، وەڵامی ئەم پرسیارەم بدەنەوە: ئەگەر سزاو ئازار لە لایەن خوداوە هات بۆتان ، یا ئەگەر ڕۆژی سامناکی قیامەت هات بەسەرتانداو دامان ، هاوار لە غەیری خودا ئەکەن ؟ پەنا بۆ یەکێکیتر ئەبەن؟ نەخێر، لەوکاتانەدا هەر لە خودای توانا ئەپاڕێنەوە، واتە زۆر باش ئەزانن کە خودایتر نییە بەڵام سەرپێچی ئەکەن!

بَلْ إِيَّاهُ تَدْعُونَ فَيَكْشِفُ مَا تَدْعُونَ إِلَيْهِ إِنْ شَاءَ وَتَنسَوْنَ مَا تُشْرِكُونَ {٤١}

نەخێر ، هەر لە خودا هاوار ئەکەن، پەنا هەر بۆ خودا ئەبەن . جا ئەگەر بیەوێ ئەو عەزابەتان لێ ئەڕەوێنێتەوە. لەو کاتی داماویو گیرخواردنەدا ئەوانەتان لە بیر ئەچنەوە کە کردبووتاننە هاوبەشی خودا !

وَلَقَدْ أَرْسَلنَآ إِلَى أُمَمٍ مِّن قَبْلِكَ فَأَخَذْنَاهُمْ بِالْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ لَعَلَّهُمْ يَتَضَرَّعُونَ {٤٢}

بەڕاستی ئێمە پێغەمبەرانمان نارد بۆ ئوممەتانی پێش تۆو ئیمانیان نەهێناو بە کافری مانەوە، لەبەر ئەوە غەزەبمان لێ گرتن‌و تووشی ناخۆشی‌و هەژاری‌و ئاژاوەمان کردن بەڵکو بگەڕێنەوە سەر ڕێی ڕاست‌و ڕووبکەنە خوداو لێی بپاڕێنەوە.

فَلَوْلا إِذْ جَاءَهُمْ بَأْسُنَا تَضَرَّعُواْ وَلَـكِن قَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَزَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ {٤٣}

ئەوە بۆچی کە لەلایەن ئێمەوە تووشی ناڕەحەتی‌و مەینەت بوون نەپاڕانەوەو نەگەڕانەوە بۆ سەر ڕێگای ڕاست ، بەڵکو دڵیان ڕەقترو ڕەشتر بوو و شەیتان کردەوە ناشیرینەکانیانی لە بەرچاو جوان کردن‌و لەخشتەی بردن؟!

فَلَمَّا نَسُواْ مَا ذُكِّرُواْ بِهِ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَابَ كُلِّ شَيْءٍ حَتَّى إِذَا فَرِحُواْ بِمَا أُوتُواْ أَخَذْنَاهُم بَغْتَةً فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ{٤٤}

جا کە ئەو ناڕەحەتی‌و ناخۆشییەیان لەبیرچووەوە، هەر بۆ تاقیکردنەوە دەرگای هەموو خێرو خۆشییەکمان لێ کردنەوەو کەوتنە ئیستیراحەت‌و، گەیشتنە ڕادەیەك کە زۆر دڵخۆش‌و شادمان بوون بەو نازو نیعمەتە ، کەچی غروور گرتنی‌و ڕوویان نەکردە خودا، ئیتر لەپڕ گرتمانن‌و تووشی بەلامان کردن، ئەوسا پەنجەی پەشیمانییان ئەگەست‌و خەفەتیان ئەخوارد.

فَقُطِعَ دَابِرُ الْقَوْمِ الَّذِينَ ظَلَمُواْ وَالْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ{٤٥}

لەئەنجامی ستەم‌و کوفردا ئەو ستەمکارانە لەناوبران‌و کەسیان

نەمان. ستایش بۆ خودای پەروەردگاری هەموو عالەم.

قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِنْ أَخَذَ اللّهُ سَمْعَكُمْ وَأَبْصَارَكُمْ وَخَتَمَ عَلَى قُلُوبِكُم مَّنْ إِلَـهٌ غَيْرُ اللّهِ يَأْتِيكُم بِهِ انظُرْ كَيْفَ نُصَرِّفُ الآيَاتِ ثُمَّ هُمْ يَصْدِفُونَ {٤٦}

تۆ ئەی پێغەمبەر! بەو کافرانە بڵێ : ئەگەر خودا کەڕو کوێری کردن و نەتانتوانی ببیسن و، دەرگای دڵی داخستن و، هێزی هەست و هۆشی لێ سەندنەوە، کێیە بێجگە خودا بتوانێ ئەو هێزەو ئەو توانەتان بداتێ ؟ سەیر کە چۆن ئێمە بە هەموو جۆر ئایەتەکانیان بە بەڵگەی عەقلی بۆ ڕوون ئەکەینەوە، بەوەی خۆیان بە چاو ئەیبینن و ، بەوەی لەخەڵکەوەو دەربارەی خەڵك بیسراوە، کەچی ئەوان هەر سەرپێچی ئەکەن و سوورن لەسەر بێباوەڕی خۆیان؟!

قُلْ أَرَأَيْتَكُمْ إِنْ أَتَاكُمْ عَذَابُ اللّهِ بَغْتَةً أَوْ جَهْرَةً هَلْ يُهْلَكُ إِلاَّ الْقَوْمُ الظَّالِمُونَ {٤٧}

بڵێ پێیان : ئەگەر لە پڕو بێ ئەوەی پێبزانن غەزەبی خودا ڕووی تێکردن ، یا نیشانەکانی ئەو غەزەبە دیار بوون و ئەتانزانی کە بەو زووانە ئەو غەزەبەتان بەسەردا ئەبارێ ، کێ ئەفەوتێ بەجۆرێ لە ڕەحمەتی خودا بێبەش ببێ ، بێجگە لە ستەمکاران ؟!

وَمَا نُرْسِلُ الْمُرْسَلِينَ إِلاَّ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ فَمَنْ آمَنَ وَأَصْلَحَ فَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ {٤٨}

ئێمە پێغەمبەران تەنها بۆ ئەوە ڕەوانە ئەکەین کە موژدە بەوانە بدەن ڕوو لە خودا ئەکەن و، ئەوانە بترسێنن کە سەرپێچی

ئەکەن‌و ڕێگای چەوت ئەگرن ، بۆ ئەوەمان نەناردوون بە خەڵقەوە خەریك بن. جا هەر کەس ئیمانی هێناو چاکەکەر بوو ، ئەوانە ترسی هیچیان نی‌یەو لە ڕۆژی قیامەتدا غەمی هیچیان نابێ .

وَالَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا يَمَسُّهُمُ الْعَذَابُ بِمَا كَانُواْ يَفْسُقُونَ{٤٩}

ئەو کەسانەیش ئایەتەکانی ئێمە بە درۆ ئەخەنەوەو، باوەڕیان پێ ناکەن، بەهۆی ئەو کوفرو بێ‌باوەڕییەوە سزای ئێمەیان پێ ئەگات‌و تۆڵەیان لێ ئەکرێتەوە.

قُل لاَّ أَقُولُ لَكُمْ عِندِي خَزَآئِنُ اللّهِ وَلا أَعْلَمُ الْغَيْبَ وَلا أَقُولُ لَكُمْ إِنِّي مَلَكٌ إِنْ أَتَّبِعُ إِلاَّ مَا يُوحَى إِلَيَّ قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الأَعْمَى وَالْبَصِيرُ أَفَلاَ تَتَفَكَّرُونَ {٥٠}

ئەی پێغەمبەر! پێیان بڵێ: من پێتان ناڵێم خەزێنەکانی خودا لە بەردەستمدان، من پێتان ناڵێم کارە غەیبییەکان ئەزانم، کە خودا نەبێ کەس نایانزانێ ! من پێتان ناڵێم فریشتەم‌و لەو خەڵکە جیاوازم‌و ئادەمزاد نیم! نەخێر، ئیددیعای ئەمانە هیچیان ناکەم. من تەنها پەیڕەویی ئەوە ئەکەم کە بە وەحی بۆم ئەنێررێ. پێیان بڵێ : بۆ بیر ناکەنەوەو نەختی مێشکتان ناخەنە کار؟ هەرگیز ئەچێتە عەقڵەوە کوێرو بینا ، ڕێگای ڕاست گرو لە ڕێی ڕاست لادەر وەك یەك بن؟!

وَأَنذِرْ بِهِ الَّذِينَ يَخَافُونَ أَن يُحْشَرُواْ إِلَى رَبِّهِمْ لَيْسَ لَهُم مِّن دُونِهِ وَلِيٌّ وَلاَ شَفِيعٌ لَّعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ {٥١}

بەم وەحیــە کــە بـۆت ئــەنێررێت ئەوانــە بترسێنە کــە تاوانیــان کردووەو لەوە ئەترسن لە بەردەم خودادا حەشر بکرێنو ســزابدرێن ، کە لەو ڕۆژەدا نە دۆستێکیان هەیەو نە تکاکارێ . بیانترسێنە بــەڵکو لە خودا بترسنو خۆیان لە گوناه بپارێزن؟!

وَلاَ تَطْرُدِ الَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِالْغَدَاةِ وَالْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُ مَا عَلَيْكَ مِنْ حِسَابِهِم مِّن شَيْءٍ وَمَا مِنْ حِسَابِكَ عَلَيْهِم مِّن شَيْءٍ فَتَطْرُدَهُمْ فَتَكُونَ مِنَ الظَّالِمِينَ {٥٢}

ئــەی پێغەمبــەری خــودا! لەبــەر خــاتری دڵــی کافرەکــان ئــەو موسوڵمانە هەژارانە دەرمەکە کە بەیانیو ئێوارە لــە خــودای خۆیــان ئەپاڕێنەوەو مەبەستیان ڕەزامەندیی خودایە. حیسابی ئەوانە لەسەر تــۆ نییــەو، حــەقت نییــە بەســەر دڵو دەروونو بــاری ژیــانو کۆمەڵایەتییانــەوە، هــەروەك حیســابی تۆیــش لەســەر ئــەوان نییــەو حەقیان بەسەرتەوە نییە. نەکەی ئەو موسوڵمانانە دەرکەیتو بــەوە بچیتە ڕیزی ستەمکارانەوە.

وَكَذَلِكَ فَتَنَّا بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لِّيَقُولُواْ أَهَـؤُلاءِ مَنَّ اللّهُ عَلَيْهِم مِّن بَيْنِنَا أَلَيْسَ اللّهُ بِأَعْلَمَ بِالشَّاكِرِينَ {٥٣}

هەروەها بەهۆی هەندێکیانــەوە هــەندێکیان تــاقی ئەکەینــەوەو تووشی بەڵاو غەزەبی خودا ئەبن . ئێمە ئیمان ئەدەین بــە هــەژارانو بێدەستەڵاتان، کەچی کافرە دەوڵەمەندەکان ئەڵێن: ئا ئەم هــەژارە بێجێگاو ڕێگایانــەن خــودا لــە نــاو ئێمــەدا هــەڵیبژاردوونو نیعمــەتی ئیسلامی پێداون؟! ئەو کافرانــە نــەزانو نــەفامن . خــودا لــە هــەموو کەس چاکتر بەندەی شوکرانەبژێری خۆی ئەناسیو ؛ چاکــتر ئــەزانێ

کێ شایانی پلەو پایەیەو، کێ بێئایین‌و ناشوکورەو شایانی سەرشۆڕییە.

وَإِذَا جَاءَكَ الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِآيَاتِنَا فَقُلْ سَلَامٌ عَلَيْكُمْ كَتَبَ رَبُّكُمْ عَلَى نَفْسِهِ الرَّحْمَةَ أَنَّهُ مَن عَمِلَ مِنكُمْ سُوءاً بِجَهَالَةٍ ثُمَّ تَابَ مِنْ بَعْدِهِ وَأَصْلَحَ فَأَنَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ {٥٤}

ئا ئەو جۆرە کەسانە کە ئیمانیان هێناوەو، بەیانی‌و ئێوارە ڕوو لە خودان‌و لێی ئەپاڕێنەوە ئەگەر هاتنە لات گوێیان لێ بگرەو مژدەی خۆشیان بدەرێو پێیان بڵێ : سلاوی خوداتان لەسەر بێ ، خودا بڕیاری داوە بەزەیی‌و میهرەبانیتان لەگەڵدا بەکاربێنێ ، خودا بڕیاری داوە هەرکام لە ئێوە بە نەزانی کارێکی خراپی کردو لەپاشاندا پەشیمان بوویەوەو عەزمی جەزم کرد لەسەر ئەوە کە نەگەڕێتەوە بۆ ئەو کارە، لە گوناهی خۆش ببێو بیخاتە ژێر باڵی ڕەحمەتی خۆیەوە.

وَكَذَلِكَ نُفَصِّلُ الآيَاتِ وَلِتَسْتَبِينَ سَبِيلُ الْمُجْرِمِينَ {٥٥}

ئا بەم شێوە ئاشکرایە ئایەت‌و حوکمەکانت بۆ ڕوون ئەکەینەوە، تا چاک‌و خراپ لە یەك جیا بکەینەوە بۆت‌و، بۆت دەرکەوێ کافرەکان چەند هەڵئەگرن‌و چەندیان لەباردایەو ، چۆن هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەیت ؟

قُلْ إِنِّي نُهِيتُ أَنْ أَعْبُدَ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللّهِ قُل لاَّ أَتَّبِعُ أَهْوَاءكُمْ قَدْ ضَلَلْتُ إِذاً وَمَا أَنَاْ مِنَ الْمُهْتَدِينَ {٥٦}

پێیان بڵێ : من بەهۆی ئەو هەمووە دەلیلە ئاشکرایانەوە کە ئەیانبینم نەهیی ئەوەم لێ کراوە ئەوانە بپەرستم کە ئێوە لە باتی

خودا ئەیانپەرستن یا کردووتاننە هاوبەشی خودا . بلّێ : من دوای ئارەزەووی ئێوە ناکەوم . ئەگەر شتی وەها بکەم منیش وەك ئێوە گومڕا ئەبم و، لە زومرەی ئەوانە نابم کە خودا هیدایەتی داون و ڕێگەی ڕاستیان گرتووەتەبەر.

قُلْ إِنِّي عَلَى بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّي وَكَذَّبْتُم بِهِ مَا عِندِي مَا تَسْتَعْجِلُونَ بِهِ إِنِ الْحُكْمُ إِلاَّ لِلّهِ يَقُصُّ الْحَقَّ وَهُوَ خَيْرُ الْفَاصِلِينَ{٥٧}

من بەهۆی ئەو دەلیلە ئاشکرایانەوە دلّنیام و باوەڕی تەواوم هەیە کە خودا تاك و تەنیایەو هاوبەشی نی‌یە. بەلاّم ئێوە ئیمانتان پێی نی‌یەو هاوبەشی بۆ دائەنێن. ئەو سزایەی ئێوە بە پەلە داوای ئەکەن بە دەستی من نی‌یە، من ناتوانم بەردبارانتان بکەم یا زیانتان لێ بدەم، ئەمە بە دەستی خودایەو حوکم حوکمی ئەوە ، ئەگەر ئیستە سزاتان بدات یا دوای بخات . خودا حەقتان بۆ ئەگێڕێتەوە . خودا چاکترین خاوەن حوکمەو لە هەموو کەس چاکتر شت ئەبڕێتەوە.

قُل لَّوْ أَنَّ عِندِي مَا تَسْتَعْجِلُونَ بِهِ لَقُضِيَ الأَمْرُ بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ وَاللّهُ أَعْلَمُ بِالظَّالِمِينَ {٥٨}

ئەگەر ئەو سزایەی بە پەلەن بۆی بە دەستی من بوایەو لە توانی مندا بوایە گورج لە پێناوی ڕەزای خودادا ئەمفەوتاندن و کار ئەبڕایەوە لە بەینی من و ئێوەدا ، بەلاّم خودا خۆی چاکتر ئەزانێ کێ ستەمکارەو کەی تۆلّەی لێ ئەسەنرێتەوە.

وَعِندَهُ مَفَاتِحُ الْغَيْبِ لاَ يَعْلَمُهَا إِلاَّ هُوَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَمَا تَسْقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلاَّ يَعْلَمُهَا وَلاَ حَبَّةٍ فِي ظُلُمَاتِ الأَرْضِ وَلاَ رَطْبٍ وَلاَ يَابِسٍ إِلاَّ فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ {٥٩}

كليلى شتە نهێنییەکان لای خودایە، ئەو نەبێ کەس نایانزانێ. خودا هەرچی لە وشکانیو لە دەریادایە پێی ئەزانێ. گەڵایەك ناکەوێتە خوار ئەو پێی نەزانێ. هەرچی دانەوێڵە لە ناخی تاریکی توێی زەویدایە، هەرچی تەڕەو هەرچی وشکە هەمووی لە (لوح المحفوظ)دا نووسراوەو دیاری کراوە.

وَهُوَ الَّذِي يَتَوَفَّاكُم بِاللَّيْلِ وَيَعْلَمُ مَا جَرَحْتُم بِالنَّهَارِ ثُمَّ يَبْعَثُكُمْ فِيهِ لِيُقْضَىٰ أَجَلٌ مُّسَمًّى ثُمَّ إِلَيْهِ مَرْجِعُكُمْ ثُمَّ يُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ {٦٠}

هەر خودایە بە شەو ئەتانخەوێنێو. وەك مردوو ئاگاتان لە خۆتان نامێنێ . هەر ئەوە پێتان ئەزانێ لە ڕۆژا چی ئەکەن. هەر ئەویشە لەو خەوتنە وەك مردنە خەبەرتان ئەکاتەوەو تا ماوەییێکی دیاریکراو ئەژین. ئەنجا پاش مردن هەر بۆ لای خودا ئەگەڕێنەوەو، ئاگادارتان ئەکات کە لە دنیادا چیتان کردوە؟

وَهُوَ الْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِ وَيُرْسِلُ عَلَيْكُم حَفَظَةً حَتَّى إِذَا جَاءَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ تَوَفَّتْهُ رُسُلُنَا وَهُمْ لاَ يُفَرِّطُونَ {٦١}

هەر خودایە دەستی ئەڕواتو ئاگاداری کرداری بەندەکانیەتیو، کردەوەی چاكو خراپیان ئەنووسێ. کە یەکێکیش لە ئێوە ڕۆژی تەواو بوو مەلائیکەی گیانکێشانو یاریدەرانی گیانی لێ ئەسێننەوەو،

ئەم مەلائیکە ڕاسپێرراوانە دواناکەون لەوەی پێیان سپێرراوە.

ثُمَّ رُدُّواْ إِلَى اللّهِ مَوْلاَهُمُ الْحَقِّ أَلاَ لَـــهُ الْحُكْــمُ وَهُــوَ أَسْرَعُ الْحَاسِبِينَ {٦٢}

لەپاشاندا، لە ڕۆژی قیامــەتدا، ئەمانــە هــەموو ئەگەڕێنــەوە بـۆ لای خـودا کـە ســەردارو گــەورەو پــەروەردگاری ڕاســتەقینەیانەو، دەستەڵاتو فەرمان هەر هـی ئـەوەو، ئـەو لـە هـەموو کـەس زووتـر موحاسـەبە ئـەکاتو، بـەهۆی کـاری یەکێکـەوە لـە کـاری یـەکێکیتر دواناکەوێ.

قُلْ مَن يُنَجِّيكُم مِّن ظُلُمَاتِ الْبَرِّ وَالْبَحْرِ تَدْعُونَهُ تَضَرُّعاً وَخُفْيَةً لَّئِنْ أَنجَانَا مِنْ هَـــذِهِ لَنَكُونَنَّ مِنَ الشَّاكِرِينَ {٦٣}

ئەی پێغەمبەر! پێیان بڵێ: کێ لە تاریکی وشکانیو دەریـاداو لەو تەنگانەیەی تووشتان ئەبێ ڕزگارتان ئەکات و بەفریاتان ئەگات؟ ئا لەو کاتەدا کـە بەپەنـهانیو بەئاشـکرا ئەپاڕێنـەوەو ئـەڵێن: ئەگـەر خودا لەم گێژداوە ڕزگاری کردین ئیتر بەڕاستی شوکرانەبژێری ئـەبینو بێگوێیی ناکەین!

قُلِ اللّهُ يُنَجِّيكُم مِّنْــــهَا وَمِــن كُــلِّ كَــرْبٍ ثُــمَّ أَنتُــمْ تُشْرِكُونَ {٦٤}

پێیان بڵێ: هــەر خـودا ڕزگارتـان ئـەکات لـەم ناخۆشـییەو لـە هـەموو جـۆرە ناخۆشـییەکیتر، بـەڵام پــاش ئــەوە ئێــوە هــەموو شتێکتان لەبیر ئەچێتەوەو هاوبەش بۆ خودا دائــەنێنو شـوکرانەبژێر نابن!

قُلْ هُوَ الْقَادِرُ عَلَى أَن يَبْعَثَ عَلَيْكُمْ عَذَابًا مِّن فَوْقِكُمْ أَوْ مِن تَحْتِ أَرْجُلِكُمْ أَوْ يَلْبِسَكُمْ شِيَعاً وَيُذِيقَ بَعْضَكُم بَأْسَ بَعْضٍ انظُرْ كَيْفَ نُصَرِّفُ الآيَاتِ لَعَلَّهُمْ يَفْقَهُونَ {٦٥}

پێیان بڵێ : هەر خودایە ئەتوانێ لە ژوورتانەوە سزاتان بنێرێتە سەر وەك سزاكانی قەومی نووحو لووط ، یا لە ژێرتانەوە سزاتان بۆ بنێرێ وەك خنكانی فیرعەونو كۆمەڵەكەی، وەك ڕۆچوونی زەویو تەقینەوەی كانەكانی. هەروەها خودا ئەتوانێ لەناو خۆتانا بتانكاتە كۆمەڵ كۆمەڵو بچن بەگژیەكدا خۆتان ببڕنەوە. بڕوانە چۆن بە هەموو بارێكدا ئایەتی بەڵێنو هەڕەشەیان بو ڕوون ئەكەینەوە بەڵكو تێبگەنو چاو بكەنەوەو ڕێگای ڕاست بگرنەبەر.

وَكَذَّبَ بِهِ قَوْمُكَ وَهُوَ الْحَقُّ قُل لَّسْتُ عَلَيْكُم بِوَكِيلٍ{٦٦}

قەومەكەت ئینكاری عەزاب ئەكەن، یا ئینكاری قورئان ئەكەن، كە ڕاستەو لە لای خوداوەیە، تۆ پێیان بڵێ : خۆ من وەكیلتان نیمو پارێزگاری ئێوە نیم ، من تەنها ئەوەندەم لەسەرە ئاگادارتان بكەمو ڕێگای ڕاستو لارتان بۆ دیاری بكەم.

لِّكُلِّ نَبَإٍ مُّسْتَقَرٌّ وَسَوْفَ تَعْلَمُونَ {٦٧}

هەر كارو دەنگوباسی سزاو تۆڵەیەك كاتێكی دیاریكراوی هەیەو، دوایی كە هات ڕاستیتان بۆ دەرئەكەوێ.

وَإِذَا رَأَيْتَ الَّذِينَ يَخُوضُونَ فِي آيَاتِنَا فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ حَتَّى يَخُوضُواْ فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ وَإِمَّا يُنسِيَنَّكَ الشَّيْطَانُ فَلاَ

تَقْعُدْ بَعْدَ الذِّكْرَى مَعَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ{٦٨}

ئەگەر دیتن ڕۆچووبوون بە تانەو تەشەرو ئینكار كردنی قورئاندا ڕوویان لێ وەرچەرخێنەو مەچۆرە ناویان تا باسەكە ئەگۆڕنو ئەچنە ناو باسێكی ترەوە. خۆ ئەگەر جارێ شەیتان ئەم ئامۆژگارییەی لەبیربردیتەوەو چوویتە ناویان ئەوا كە بیرت كەوتەوە ئیتر جارێكیتر لەگەڵ كۆمەڵی ستەمكاران دامەنیشە.

وَمَا عَلَى الَّذِينَ يَتَّقُونَ مِنْ حِسَابِهِم مِّن شَيْءٍ وَلَـكِن ذِكْرَى لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ {٦٩}

بەلاّم ئەو موسوڵمانانەی ئەترسن لەوەی تووشی گوناه ببن لە تێكەڵیكردن لەگەڵ ئەو كافرانەدا، هیچ گوناهێكیان ناگات لە تێكەڵییان، ئەگەر لە قسەكانیان ڕازی نەبن. تەنها ئەوەندەیە هەموو جار بیخەنەوە بیریان كە ئەو ئینكاركردن و قسەوتنەیان خراپە ، بەڵكو بچێ بەگوێیانداو بگەڕێنەوەو خۆیان لەو گوناهە گەورەیە بپارێزن.

وَذَرِ الَّذِينَ اتَّخَذُواْ دِينَهُمْ لَعِبًا وَلَهْوًا وَغَرَّتْهُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَذَكِّرْ بِهِ أَن تُبْسَلَ نَفْسٌ بِمَا كَسَبَتْ لَيْسَ لَهَا مِن دُونِ اللّهِ وَلِيٌّ وَلاَ شَفِيعٌ وَإِن تَعْدِلْ كُلَّ عَدْلٍ لاَّ يُؤْخَذْ مِنْهَا أُوْلَـئِكَ الَّذِينَ أُبْسِلُواْ بِمَا كَسَبُواْ لَهُمْ شَرَابٌ مِّنْ حَمِيمٍ وَعَذَابٌ أَلِيمٌ بِمَا كَانُواْ يَكْفُرُونَ{٧٠}

گوێ مەدەرە ئەوانەی دینەكەیان كردووەتە گاڵتەو

ئارەزووبازیو، بە پێی حەزو ئارەزووی نەفسیان حەلاڵو حەرام دائەنێنو بت ئەپەرستن . ئەوانەی ژیانی دنیاو ڕابواردنی مەغرووری کردوونو قیامەتی لە بیر بردوونەتەوە، بەم قورئانە ئاگاداریان بکەرەوە نەبادا بەهۆی کوفرو کردەوەی خراپیانەوە بەهیلاك بچن و، لە ڕۆژێکدا گیربخۆن کە بێجگە خودا کەس نی یە یارمەتییان بداتو تکایان بۆ بکات . لەو ڕۆژەدا ئەگەر هەرچی فیدیەو سامانی دنیا هەیە بیدەن لەپێناوی ڕزگار بوونیاندا لێیان وەرناگیرێو فریایان ناکەوێ . ئەوانە بەهۆی کردەوەی ناڕەوای خۆیانەوە ئەفەوتێنو تووشی سزا ئەبن . ئاوی کوڵ بەکوڵی دۆزەخ ئەنۆشنو بە ئاگرە تیژە ئازاردەرەکەی سزای توند ئەدرێن ، چونکە لە دنیادا کافر بوون.

قُلْ أَنَدْعُو مِن دُونِ اللّهِ مَا لاَ يَنفَعُنَا وَلاَ يَضُرُّنَا وَنُرَدُّ عَلَى أَعْقَابِنَا بَعْدَ إِذْ هَدَانَا اللّهُ كَالَّذِي اسْتَهْوَتْهُ الشَّيَاطِينُ فِي الأَرْضِ حَيْرَانَ لَهُ أَصْحَابٌ يَدْعُونَهُ إِلَى الْهُدَى ائْتِنَا قُلْ إِنَّ هُدَى اللّهِ هُوَ الْهُدَىَ وَأُمِرْنَا لِنُسْلِمَ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ{٧١}

تۆ ئەی پێغەمبەر! بڵێ: ئایا ڕەوایە بێجگە خودا بانگ لە شتێ بکەینو لێیبپاڕێینەوەو عیبادەتی بۆ بکەین کە نە توانی ئەوەی هەبێ سوودمان پێ بگەیێنێو نە توانی ئەوەی هەبێ زیانمان لێ بدات؟ ئایا ڕەوایە پاشەوپاش بگەڕێینەوە بۆ کوفرو بێدینی، پاش ئەوەی کە خودا لوتفی لەگەڵ کردینو شارەزای ڕێی ڕاستی ئیسلامی کردین؟! ئایا ڕەوایە وەکو ئەوانەمان لێ بێ کە شەیتان لە خشتەی بردوونو بە سەر زەویدا سەرگەردانو بێ ئامانج ئەسووڕێنەوە، کە

چەند برادەرێكی باشیشان هەبێ بانگیان بكەن بۆ لای خۆیان، بۆ سەر ڕێگای ڕاستو ڕەوان؟! ئەی پێغەمبەر! تۆ بڵێ: شارەزایی ئەوەیە لە لایەن خوداوە بێو، ئێمە فەرمانمان پێ دراوە ڕووبكەینە پەروەردگاری هەموو عالەمو ملكەچی بین.

وَأَنْ أَقِيمُواْ الصَّلاةَ وَاتَّقُوهُ وَهُوَ الَّذِي إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ{٧٢}

فەرمانمان پێ دراوە: نوێژ بكەنو بە دڵ ڕوو لە خودا بكەن. لە خودای پەروەردگار بترسنو لە گوناه دوور بكەونەوە، هەر بۆ لای خودا ئەگەڕێنەوەو لای ئەو كۆئەكرێنەوەو موحاسەبە ئەكرێن.

وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ بِالْحَقِّ وَيَوْمَ يَقُولُ كُن فَيَكُونُ قَوْلُهُ الْحَقُّ وَلَهُ الْمُلْكُ يَوْمَ يُنفَخُ فِي الصُّورِ عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ وَهُوَ الْحَكِيمُ الْخَبِيرُ {٧٣}

هەر ئەو خودایە كە بە ڕاستیو حیكمەت ئاسمانەكانو زەوی دروست كردووە. ڕۆژێ كە بڵێ بە شتێ ببە ئەبێو دواناكەوێو قسەی ئەو ڕاستەو دێتەجێ. لەو ڕۆژەشدا كە فوو دەكرێ بە شاخداو قیامەت بەرپا دەبێ، دەستەڵاتو دارایيو هەرچی هەیە هی ئەوەو كەس خاوەنی هیچ نییە. هەرچی نهێنیو ئاشكرایە هەمووی ئەزانێو هیچی لێ ون نابێ، هەر ئەو كارەكانی پڕ حیكمەتنو، هەر ئەو لە هەموو شت ئاگادارە.

وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ لأَبِيهِ آزَرَ أَتَتَّخِذُ أَصْنَامًا آلِهَةً إِنِّي أَرَاكَ وَقَوْمَكَ فِي ضَلاَلٍ مُّبِينٍ {٧٤}

ئـەوەیان بـۆ بـاس بکـە کـە چـۆن وەختـی خـۆی ئیـبراهیم بـە ئازەری باوکی وت : ئەوە بۆچی ئەو بتانە ئەپەرسـتی‌و بـە خودایـان حیساب ئەکەی؟! کاری وەها کەی ڕەوایە؟ بە ڕاستی من وا ئـەزانم‌و دڵنیـام کـە تـۆش‌و قەومەکەشـت ڕێگاتـان لێ تێکچـووەو لـە گومڕاهییەکی ئاشکرادان.

وَكَذَلِكَ نُرِي إِبْرَاهِيمَ مَلَكُوتَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَلِيَكُونَ مِنَ الْمُوقِنِينَ {٧٥}

ئا وەهـا دەلیلـی خودایـەتیی خـوداو پـەروەردگاریی ئـەو بـە ئیبراهیم پیشان ئەدەین ، کە خودا خاوەنی ئاسمانەکان‌و زەوییە، تا بەتەواوی یەقین پەیدا بکات بەوەی باوەڕی پێیەتی‌و خەڵکی بۆ بانگ ئەکات، چونکە ئینسان تـا بـاوەڕو یـەقینی بـە شـتێ نـەبێ نـاتوانێ خەڵکی بۆ بانگ بکات.

فَلَمَّا جَنَّ عَلَيْهِ اللَّيْلُ رَأَى كَوْكَبًا قَالَ هَـذَا رَبِّي فَلَمَّا أَفَلَ قَالَ لا أُحِبُّ الآفِلِينَ {٧٦}

کە باوکی بەجێهێشت‌و نـەفرەتی لـە بتـەکانی ئـەکردو بـەدوای ڕاستیدا ئەگەڕاو شەوی بەسەردا هات ، ئەستێرەیێکی گەشی جوانی دی ، وتی : ئەمەیە پەروەردگاری من ، بەرزەو دەس پێ‌نەگەییوەو، ڕووناک‌و ورشەدارە ! کە ئەستێرەکە ئاوا بوو و شوێنەواری نەما وتی: من شتی ئاوابووم خوش ناوێ ، شتێکم خۆش ئەوێ هەمیشەیی بێ .

فَلَمَّا رَأَى الْقَمَرَ بَازِغًا قَالَ هَـذَا رَبِّي فَلَمَّا أَفَلَ قَالَ لَئِن لَّمْ يَهْدِنِي رَبِّي لأكُونَنَّ مِنَ الْقَوْمِ الضَّالِّينَ {٧٧}

جا كە مانگی دی هەڵهاتو ڕووناكی پەخش كردەوە وتی، ئەمەیە خودای منو پەروەردگاری من . كە ئەمیش ئاوا بوو وتی : ئەمە چیيە؟ بەڕاستی ئەگەر خودا نەمخاتە سەر ڕێگای ڕاستەو بەرچاوم ڕوون نەكاتەوە ئەچمە ڕیزی گومڕاهانەوە.

فَلَمَّا رَأَى الشَّمْسَ بَازِغَةً قَالَ هَـذَا رَبِّي هَـذَآ أَكْـبَرُ فَلَمَّا أَفَلَتْ قَالَ يَا قَوْمِ إِنِّي بَرِيءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ {٧٨}

ئەمجارە كە خۆری پڕتەوداری دی هەڵهاتو جیهانی پڕكرد لە تینو ڕووناكی ، وتی : ئا ئەمەیە خودای من. ئەمە لەوانیتر گەورەترە. كە ئەمیشی دی ئاوا بوو و، لەبەرچاو ون بوو، وتی : ئەی خێڵەكەم! من دوورم لەو شتانەی كە ئێوە كردووتانن بە هاوبەشی خودا .

إِنِّي وَجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذِي فَطَـرَ السَّـمَاوَاتِ وَالأَرْضَ حَنِيفًا وَمَا أَنَاْ مِنَ الْمُشْرِكِينَ {٧٩}

بێ گومان وا من ڕووم كردە ئەو پەروەردگارە بێوێنەیە كە هەموو ئاسمانەكانو زەوی دروست كردووەو، لە نەبوونەوە هێناونیەتە بوون.من لەوانە نیم هاوبەش بۆ خودا دائەنێن،خودا تاكو تەنیایە.

وَحَآجَّهُ قَوْمُهُ قَالَ أَتُحَاجُّونِّي فِي اللّهِ وَقَـدْ هَـدَانِ وَلاَ أَخَافُ مَا تُشْرِكُونَ بِهِ إِلاَّ أَن يَشَاءَ رَبِّي شَيْئًا وَسِعَ رَبِّي كُلَّ شَيْءٍ عِلْمًا أَفَلاَ تَتَذَكَّرُونَ {٨٠}

قەومەكەی دەستیان كرد بە موجادەلەو ئینكاری یەگانەیی

خودایان ئەكرد. ئـەویش وتـی: بـۆ موجادەلـەم لەگـەڵ ئەكـەن دەربارەی وەحدانی‌یـەتی خـودا، كـە خـودا ڕێگـای ڕاستی پیشـان داوم؟! من تەنها ئەو ئەپەرستمو هاوبەشی بۆ دانانێم. من لەوانە ناترسم كە ئێوە كردووتانن بە هاوبەشی خودا ، مەگەر خـودا خۆی بیـەوێ تووشـی زیـانێكم بكـات، ئـەوان نـاتوانن قـازانج بـە خۆیـان بگەیێنن یا زیان لە خۆیان لادەن.خـودا ئاگـای لـە هـەموو شـتەو بـە هەموو شـت ئـەزانێ. ئێـوە بـۆ بـیر ناكەنـەوەو هـۆش‌و فـام ناخەنـە كار؟!

وَكَيْفَ أَخَافُ مَا أَشْرَكْتُمْ وَلاَ تَخَافُونَ أَنَّكُمْ أَشْرَكْتُم بِاللّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ عَلَيْكُمْ سُلْطَانًا فَأَيُّ الْفَرِيقَيْنِ أَحَقُّ بِالأَمْنِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ {٨١}

مـن چـۆن لەوشـتانە ئەترسـم كـە ئێـوە كردووتاننـە هاوبەشـی خودا، كەچی ئێوە لەوە ناترسن كە شتی واتان كردووەتە هاوبەشـی خـودا كـە هیـچ بەڵگـەو دەلیلێكـی بـۆ نـەناردوون لەسـەر ڕاسـتی كردەوەكـەتان‌و، خۆتـان لەخۆتانـەوە ئـەم هاوبەشـانەتان دانـاوە، ئەگەر ئێوە ژیرو زانان بیربكەنەوە كام لەم دوو تاقمە شایانی ئەوەیە نەترسێ، ئەوە كە تەنها خودای تاك‌و تەنیای بێ وێنە ئەپەرستێ، یا ئەوە كە دارو بەردی خۆدروست كردوو ئەپەرستێ؟!

الَّذِينَ آمَنُواْ وَلَمْ يَلْبِسُواْ إِيمَانَهُم بِظُلْمٍ أُوْلَـئِكَ لَهُمُ الأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ {٨٢}

ئەوانـەی باوەڕیـان بەخودایـەتی خـودا هەیـەو، باوەڕیـان

نەکردووە بە هاوبەش دانان بۆ خودا، ئەوانە بێترس ئەبن لــە سـزای ڕۆژی قیامـەتو، ئەوانـەن خـودا هیدایـەتی داونو ڕێگــای ڕاســتیان گرتووەتەبەر.

وَتِلْكَ حُجَّتُنَا آتَيْنَاهَا إِبْرَاهِيمَ عَلَى قَوْمِهِ نَرْفَعُ دَرَجَــاتٍ مَّن نَّشَاءُ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ {٨٣}

ئــەم موجـادەلەکردنــی ئیبراهیمـــە لەگـەڵ باوکـــیو لەگـەڵ کافـرانو بتپەرستانو بیرکردنەوەی لە ئاسمـانو زەویو ئەسـتێرەو مانگو خۆرو خودای پەروەردگاریان ، دەلیلو بەڵگە بوون دامانن بە ئیبراهیم بۆ تێگەیاندنی قەومەکەیو بەزاندنیان. ئێمە بۆ هەر کەسـێ بمانەوێ بە چەندین پایەو پلە بـەرزی ئەکەینـەوەو ئەیکەینـە ڕابـەر. خودای پەروەردگارت کارەکانی پڕ لە حیکمەتنو، زانایـەو ئاگـاداری هەموو شتە.

وَوَهَبْنَا لَهُ إِسْحَقَ وَيَعْقُوبَ كُلاًّ هَدَيْنَا وَنُوحًا هَدَيْنَا مِــن قَبْلُ وَمِن ذُرِّيَّتِهِ دَاوُودَ وَسُلَيْمَانَ وَأَيُّوبَ وَيُوسُفَ وَمُوسَـــى وَهَارُونَ وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ {٨٤}

ئیسحاقمان بەخشی بە ئیبراهیمو، یەعقووبیش بــە ئیسـحاقو ، هەردوکیانمان هیدایەت دانو کردمانن بە پێغەمبەر.لەپێش ئیبراهیمو نەوەکانیشـیەوە نووحمـان خسـتە سـەر ڕێگـای ڕاسـتو کردمـان بـە پێغەمبـەر. لـە نـەوەی ئیـبراهیمیش داوودو سـولەیمانو ئـەییووبو یووسفـو موساو هاروونمان هیدایەت دانو ، کردمانن بە پێغەمبــەر . ئاوەها پاداشی چاکەکەران ئەدەینەوەو، بەرەکەت ئەخەینە خۆیـانو نەوەیانو سەربەرزی دینو دنیایان ئەکەین.

وَزَكَرِيَّا وَيَحْيَى وَعِيسَى وَإِلْيَاسَ كُلٌّ مِّنَ الصَّالِحِينَ{٨٥}

هەروەها زەكەریاو یەحیاو عیساو ئیلیاسیشمان ناردن‌و هەڵمانبژاردن‌و بوون بە پێغەمبەر . ئەمانە پیاوچاك‌و كردارباش بوون و بە هەموو جۆر لەخوداترس بوون .

وَإِسْمَاعِيلَ وَالْيَسَعَ وَيُونُسَ وَلُوطًا وَكُلاًّ فضَّلْنَا عَلَى الْعَالَمِينَ {٨٦}

هەروەها ئیسماعیلی كوڕی ئیبراهیم‌و ئەلیەسەعی كوڕی ئەخطوب‌و یوونسی كوڕی مەتاو لووطی كوڕی هاران كە برازای ئیبراهیم بوو ئەمانەشمان هیدایەت دان‌و كردمانن بە ڕابەرو ، هەموو دەرجەی زیادەمان پێ دان ، لە خەڵق زیاتر ، چونكە پایەی پێغەمبەریمان پێ دان .

وَمِنْ آبَائِهِمْ وَذُرِّيَّاتِهِمْ وَإِخْوَانِهِمْ وَاجْتَبَيْنَاهُمْ وَهَدَيْنَاهُمْ إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ {٨٧}

هەندێ لە باوك‌و باپیری ئەمانەو لە نەوەو بەرەیان‌و لە براكانیانمان هیدایەت داو هەڵمانبژاردن‌و ڕێگای ڕاست‌و ڕەوانمان پیشان دان .

ذَلِكَ هُدَى اللّهِ يَهْدِي بِهِ مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَلَوْ أَشْرَكُواْ لَحَبِطَ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَعْمَلُونَ {٨٨}

ئەمە هیدایەتی خودابییە بۆ هەركام لە بەندەكانی كە ئیرادەی

بوو بەوە هیدایەتی ئەداو لوتفی لەگەڵ ئەکات . ئەم پێغەمبەرو پیاو چاکانە لەگەڵ ئەو پایەو پلەشدا کە هەیانبوو ئەگەر هاوبەشیان بۆ خودا بڕیار بدایە هەرچی کردەوەیێکی چاکە کە کردبوویان هەمووی بەفیڕۆ ئەچوو و، ئەوانیش وەك کافرەکان ماڵوێران ئەبوون .

أُوْلَـئِكَ الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ وَالْحُكْمَ وَالنُّبُوَّةَ فَإِن يَكْفُرْ بِهَا هَـؤُلاءِ فَقَدْ وَكَّلْنَا بِهَا قَوْمًا لَّيْسُواْ بِهَا بِكَافِرِينَ {٨٩}

ئەوانەی باسمان کردن ئەوانەن کە کتێبو حیکمەتو پایەی پێغەمبەریمان پێ بەخشین . جا ئەگەر ئەم کافرانە باوەڕ بەم سێ شتە نەکەن ئەوا ئێمە خەڵکیترمان بۆ ڕەخساندوون کە باوەڕیان پێیان هەیەو دیفاعیان لێ ئەکەن وەك پێغەمبەرەکان خۆیانو وەك پێڕەوەکانیانو فریشتەکان . ئیتر کافرەکان کە نایێنە سەر ڕێگای ڕاست خۆیان زەرەر ئەکەن.

أُوْلَـئِكَ الَّذِينَ هَدَى اللّهُ فَبِهُدَاهُمُ اقْتَدِهْ قُل لاَّ أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا إِنْ هُوَ إِلاَّ ذِكْرَى لِلْعَالَمِينَ {٩٠}

ئەوانەن کە خودا هیدایەتی داون ، دوای ئەوانە بکەوەو پەیڕەوەی ئەوانە بکە، واتە: لە بناخەی ئاییندا، وەك خودا بە یەك زانینو باوەڕ کردن بە پێغەمبەرانو ، بە زیندووبوونەوەو بە ڕۆژی قیامەتو باوەڕکردن بە قەزاو قەدەرو بە مەلائیکە. تۆ ئەی پێغەمبەر! بەو خەڵکە بڵێ: بەرامبەر بەم ئامۆژگاریو ڕێپیشاندانە داوای هێچتان لێ ناکەم ، بە خۆڕایی ڕێبەدێیتان ئەکەم. ئەم قورئانەو ئەم ئامۆژگارییانە تەنها بیرخستنەوەیێکن بۆ خەڵك نەبادا لە ڕۆژی قیامەتدا بڵێن کەس پێی نەوتین.

وما قَدرُواْ اللّهَ حَقَّ قَدْرِه إِذْ قَالُواْ مَا أَنزَلَ اللّهُ عَلَى بَشَرٍ مِّن شَيْءٍ قُلْ مَنْ أَنزَلَ الْكِتَابَ الَّذِي جَاءَ بِهِ مُوسَى نُورًا وَهُدًى لِّلنَّاسِ تَجْعَلُونَهُ قَرَاطِيسَ تُبْدُونَهَا وَتُخْفُونَ كَثِيرًا وَعُلِّمْتُم مَّا لَمْ تَعْلَمُواْ أَنتُمْ وَلاَ آبَاؤُكُمْ قُلِ اللّهُ ثُمَّ ذَرْهُمْ فِي خَوْضِهِمْ يَلْعَبُونَ{٩١}

ئەو جوولەکانە کە ئەڵێن خودا هیچ کتێبێکی بۆ بنیادەم نەناردووە خودایان نەناسیوەو ، نازانن خودا چەند میهرەبانە لەگەڵ بەندەکانی خۆیو ، هەرکەسی بویێ بەرزی ئەکاتەوەو ، هەر کەسی بویێ ئەیکاتە پێغەمبەرو کتێبی بۆ ئەنێرێ . ئەی پێغەمبەر! پێیان بڵێ : ئەی کێ ئەو تەوراتەی نارد کە مووسا هێنایو بە خەڵکی ڕاگەیاند، کە ڕووناکیو هیدایەت بوو بۆ بنیادەم ، کە ئێوە، ئەی عالمە بێ عەمەلەکان! بە ئارەزووی خۆتان پارچە پارچەی ئەکەنو ئەوی بەدڵتان بێ دەریئەخەنو زۆریشی ئەشارنەوە کە قازانجی خۆتانی تێدا نییە؟! وا ئیستەیش بەهۆی قورئانی پیرۆزەوە، بێجگە ئەوەی لە تەوراتدا هەیە شتی وا فێرکران نە خۆتانو نە باوباپیرتان نەتانزانیبوو. ئەی پێغەمبەر! بۆیان دووپات بکەرەوەو بڵێ : خودا ناردوویەتیو بێجگە ئەو کەس کتێب نانێرێ بۆ پێغەمبەران. ئەمەیان پێ بڵێو ئیتر وازیان لێ بێنە با لە گومڕاهیی خۆیاندا بگەوزێنو بە ئارەزووی نەفسی بەدخوایان بجوولێنەوە، تۆ تەنیا ڕاگەیاندنت لەسەرە، ئەوی تری حەواڵەی خودایە.

وَهَـذَا كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ مُبَارَكٌ مُّصَدِّقُ الَّذِي بَيْـنَ يَدَيْـهِ وَلِتُنذِرَ أُمَّ الْقُرَى وَمَنْ حَوْلَهَا وَالَّذِيـنَ يُؤْمِنُـونَ بِـالآخِرَةِ يُؤْمِنُونَ بِهِ وَهُمْ عَلَى صَلاَتِهِمْ يُحَافِظُونَ {٩٢}

ئەم قورئانەیش کە ناردوومەتـە خـوار بـۆت کتێبێکی پیرۆزەو باوەڕی بەو کتێبانە هەیە کـە لـەپێش خۆیـەوە هاتوونەتـە خـوار بـۆ پێغەمبەران، بۆیە ناردوومانـە تـا ئـەهلی مەککـەی پـێ بترسێنی لـە عەزابی خودا. ئەو مەککەی کە دایکانەی دێهاتەکانەو هەموو دێن بـۆ زیـارەتی مـاڵی خـودا لـەوێ . هـەروەها ئەوانـەیش بترسێنی کـە لـە دەوراندەوری مەککە دائەنیشن . ئەوانەی کە ئیمانیان هەیە بە ڕۆژی دوایی باوەڕیان هەیە بەو قورئانەو هەمیشە ئاگاداری نوێژەکانیـانن و نایانفەوتێنن.

وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللّهِ كَذِبًا أَوْ قَالَ أُوْحِيَ إِلَيَّ وَلَمْ يُوحَ إِلَيْهِ شَيْءٌ وَمَن قَالَ سَأُنزِلُ مِثْلَ مَا أَنَزلَ اللّهُ وَلَـوْ تَرَى إِذِ الظَّالِمُونَ فِي غَمَرَاتِ الْمَوْتِ وَالْمَلآئِكَـةُ بَاسِـطُواْ أَيْدِيهِمْ أَخْرِجُواْ أَنفُسَكُمُ الْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ الْهُونِ بِمَا كُنتُمْ تَقُولُونَ عَلَـى اللّـهِ غَيْرَ الْحَـقِّ وَكُنتُـمْ عَـنْ آيَاتِـهِ تَسْتَكْبِرُونَ{٩٣}

کێ ستەمکارترە لەو کەسەی درۆ بە دەم خوداوە هەڵبەستێ و بڵێ : من پێغەمبەرم، وەك موسەیلەمەی کەززاب ، یا حوکمێ بە دەم خوداوە هەڵبەستێ ، یا بڵێ : لەلایەن خوداوە وەحیم بـۆ نـێرراوەو . هیـچ وەحییشـی بـۆ نـەنێررابێ ! یـا بڵـێ : منیش ئـەتوانم ئایـەت و

قسەی وەك ئایەتو قسەی خودا بڵێم؟! خوزگا ئەو ستەمكارانەت ئەدی لە كاتی غەرغەرەی سەرەمەرگدا، كە قورسایی مەرگ سەرو دڵیان ئەگرێتو، مەلائیكە گیانكێشەكانیش دەستیان ڕائەكێشنو بە زۆرو ئازار گیانیان دەرئەكێشنو پێیان ئەڵێن: دە گیانەكەتان دەركەن و بماندەنێ! ئەمڕۆ تۆڵەتان لێ ئەسەنرێتەوەو سزاو سوكیو بێنرخیتان ئەكرێ بە قوڕگا، چونكە لە كاتی زیندووییدا قسەی ناڕەواتان بەدەم خوداوە هەڵئەبەستو، لووتتان لە ئایەتەكانی هەڵئەكردو باوەڕتان پێ نەئەكردن!

وَلَقَدْ جِئْتُمُونَا فُرَادَى كَمَا خَلَقْنَاكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَتَرَكْتُم مَّا خَوَّلْنَاكُمْ وَرَاءَ ظُهُورِكُمْ وَمَا نَرَى مَعَكُمْ شُفَعَاءَكُمُ الَّذِينَ زَعَمْتُمْ أَنَّهُمْ فِيكُمْ شُرَكَاءُ لَقَد تَّقَطَّعَ بَيْنَكُمْ وَضَلَّ عَنكُم مَّا كُنتُمْ تَزْعُمُونَ{٩٤}

وا ئەمڕۆ، كە قیامەتە، هاتنە بەر دەستمان بۆ حیسابو كیتاب بە تاكە تاكە ، نە ماڵەو نە حاڵ ، نە كەسەو نە كار ! وەك چۆن لە سەرەتادا بە تاكە تاكە دروستمان كردن . هەرچیمان پێدابوون لە دنیادا لە نازو نیعمەتو سامانو كەسوكار هەمووتان لەپاش خۆتان بەجێهێشتو هیچیتان لەگەڵ خۆتان نەهێنا. ئەوانە نابینین لەگەڵتان كە بە تكاكاری لای خوداتان دائەنانو لاتان وابوو هاوبەشی خودانو پێكەوە ئێوەیان دروست كردووەو ئەبێ وەك خودا بپەرسترێن! پێوەندیی نێوان ئێوەو ئەوان پچڕاو ئێستە نە ئەیانناسنو نە ئەتانناسن. ئەوانەی واتان ئەزانی بۆ ئەمڕۆتان بەكەڵك دێن لە كیستان چوونو ون بوون!

إِنَّ اللّهَ فَالِقُ الْحَبِّ وَالنَّوَى يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَمُخْرِجُ الْمَيِّتِ مِنَ الْحَيِّ ذَلِكُمُ اللّهُ فَأَنَّى تُؤْفَكُونَ {٩٥}

بەڕاستی هەر خودایە درز ئەکاتە ناوکەی بەری دارو دەرخت و تۆوی سەوزەو لەو درزەوە چەکەرە دەرئەچێ و ئەبێتە دارو گیا کە ئادەمزادو گیانلەبەری پێ ئەژی. هەر خودایە زیندوو لە مردوو دەرئەکات، دارو گیای سەوزو نەشونوماکەر لە ناوك و تۆوی ڕەق و وشك و، ئینسانی زیندوو لە دڵۆپێ ئاوی بێ نەشونوما دروست ئەکات. هەروەها هەر خودایە دەرهاوەری ئاوە لە بنیادەم و گیانەوەرو، دەرهاوەری دارو تۆوی گیایە لە دارو گیای سەوزو، بەم جۆرە ڕێچکەی ژیان بە ئیزنی خودا پەیدا ئەبێت. ئا ئەمەیە خودای دەستەڵاتدار، کەواتە ئێوە بۆچی ڕوو لە ئەمری خودا وەردەچەرخێنن و، لە ڕێی ڕاست لائەدەن؟!

فَالِقُ الإِصْبَاحِ وَجَعَلَ اللَّيْلَ سَكَناً وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ حُسْبَاناً ذَلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ {٩٦}

هەر خودایە تاریکیی شەو لەت ئەکات و ڕووناکیی بەرەبەیانی لێ جیا ئەکاتەوە. هەر ئەوە شەوی کردووەتە کاتی حەسانەوەی ماندووان. هەر ئەوە جموجووڵ و هەڵاتن و ئاوابوونی مانگ و خۆری بە حیساب و ئەندازە داناوەو، شەوو ڕۆژو وەرزەکانی لێ پەیدا کردووە. ئەمانە هەموو ئەنجامی ئەندازەدانانی خودای بەدەستەڵات و زانان.

وَهُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ النُّجُومَ لِتَهْتَدُواْ بِهَا فِي ظُلُمَاتِ الْبَرِّ وَالْبَحْرِ قَدْ فَصَّلْنَا الآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ {٩٧}

هەر خودای دەستەلاتدارە ئەستێرەکانی بۆ کردوونەتە نیشانەو ڕێپیشاندەر، تا لە تاریکیو نووتەکییەکانی وشکانیو شەپۆلی دەریای پانو بەریندا شارەزای ڕێگاو بان بنو ، بەهۆی ئەو ئەستێرانەوە بگەنە ئامانجو سەرتان لێ تێکنەچێو ڕێ ون نەکەن. بەڕاستی ئێمە ئایەتەکان بەش بەش ڕوون ئەکەینەوە بۆ ئەوانەی زانانو سوودیان لێ وەرئەگرن.

وَهُوَ الَّذِي أَنشَأَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ فَمُسْتَقَرٌّ وَمُسْتَوْدَعٌ قَدْ فَصَّلْنَا الآيَاتِ لِقَوْمٍ يَفْقَهُونَ {٩٨}

هەر خودایە لە تاکە نەفسێ دروستی کردوون کە ئادەمە (د.خ)و، ماوەییێك لە سەر زەویو ماوەییێکیش لە ناو زەوی ، لە قەبردا ئەمێننەوە، یا ماوەییێك لە پشتی باوکداو ماوەیەك لە سکی دایکدا ئەمێننەوە . بەڕاستی ئێمە ئایەتەکان بەش بەش بەیان ئەکەین بۆ ئەوانەی بە وردی شت ئەزانن‌و تێئەفکرن‌و سوودیان لێ وەرئەگرن.

وَهُوَ الَّذِي أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجْنَا بِهِ نَبَاتَ كُلِّ شَيْءٍ فَأَخْرَجْنَا مِنْهُ خَضِرًا نُّخْرِجُ مِنْهُ حَبًّا مُّتَرَاكِبًا وَمِنَ النَّخْلِ مِن طَلْعِهَا قِنْوَانٌ دَانِيَةٌ وَجَنَّاتٍ مِّنْ أَعْنَابٍ وَالزَّيْتُونَ وَالرُّمَّانَ مُشْتَبِهًا وَغَيْرَ مُتَشَابِهٍ انظُرُواْ إِلِى ثَمَرِهِ إِذَا أَثْمَرَ وَيَنْعِهِ إِنَّ فِي ذَلِكُمْ لآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ {٩٩}

هەر خودایە لای ئاسمانەوە لە هەور ئاو ئەنێرێتە خوار. بەو ئاوە گیای هەموو جۆرە تۆوێك لە زەوی دەرئەکەین‌و، لەو گیایانە سەوزە دەرئەکەین‌و، لە دار خورما تۆزی (تلقیح) دەرئەکەین، کە

بۆلّ بۆلّو هێشوو هێشوونو له یەك نزیكنو لـه ئێوەیشـەوە نزیكـن.
هەروەها باغی ترێو زەیتوونو هەنارمان بۆ سەوز كـردوون، هـەندێ
لەم میوەو دارو گوڵو گیایانە لە یەك ئەچنو، هەندێكیشیان لـە یـەك
ناچن. بە وردی سەیری بەری ئەو دارانە بكەن كە چۆن لە سـەرەتای
دەرچوونیـدا كرچـو كاڵـەو نـاخورێ، دوای ئـەوە كـە پێئـەگات لێـی
وردبنـەوە چـەند بـەتامو خـۆشو بەسـوودە. ئـەم دروسـت كردنـە
جۆراوجۆرانە، ئەم دارو درەختو گیاو گوڵە هەمـە جۆرانـە نیشـانەی
بوونی خوداو دەستەڵاتی بێ پایانینیو ئەوانە تێیئەگەن كە خـاوەن
باوەڕنو، سەرپێچی ناكەن.

وَجَعَلُواْ لِلّهِ شُرَكَاء الْجِنَّ وَخَلَقَهُمْ وَخَرَقُواْ لَـهُ بَنِيـنَ وَبَنَاتٍ بِغَيْرِ عِلْمٍ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يَصِفُونَ {١٠٠}

كافرەكان جنۆكـەو شـەیتانیان كـردووە بـە هاوبەشـی خـوداو،
وەك ئەو ئەوانیش ئەپەرستنو بـەگوێیان ئەكـەن، كـەچی ئەوانـەیش
خودا دروستی كردوون، دیارە خودای خـالق شـایانی پەرستنە نـەك
ئەوان. كافرەكان بە درۆو بوختان كوڕو كچیان بـۆ خـودا داتاشـیوە،
جوولەكە وتیان : عوزەیر كوڕی خودایە، گـاور وتیـان: عیسـا كـوڕی
خودایە، كافرەكانیتر وتیان مەلائیكە كچی خـودان! نـەخێر ئەمانـە
هیچیان ڕاست نین، خودا پاكو بێخەوشـەو بەرزتـرە لـە پڕوپووچـی
ئەو كافرانە، خودا پەروەردگاری ئەمانە هەموویانە.

بَدِيعُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ أَنَّى يَكُونُ لَهُ وَلَدٌ وَلَمْ تَكُن لَّهُ صَاحِبَةٌ وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ وهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ {١٠١}

خودا شاكارسازو ئافەریدگاری ئاسمانەكانو زەوییە، ئەو چـۆن

ئەوەی ئەبێ کە هەرگیز هاوسەری نەبووەو، خۆی هەموو شتی دروست کردووەو ئاگای لە هەموو شتەو هیچی لێ ون نابێ؟!

ذَلِكُمُ اللّهُ رَبُّكُمْ لا إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ فَاعْبُدُوهُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ {١٠٢}

ئەوە خودای خالقی عالەمەو ناوی (الله)یە. ئەوە پەروەردگاری ئێوەیەو کەسێکیتر نییە عیبادەتی بەڕاستی بۆ بکرێ ئەو نەبێ، هەر ئەو بپەرستنو ڕوو لە کەسیتر مەکەنو هەموو کاروباری جیهانی بەدەستەو توانایە.

لاَّ تُدْرِكُهُ الأَبْصَارُ وَهُوَ يُدْرِكُ الأَبْصَارَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ{١٠٣}

چاوی مەخلوقات هێزی ئەوەیان نییە خودا ببینن‌و کونهی خودایان پێ بزانرێ . خودا کونهی چاوەکان‌و خاوەن چاوەکانیش ئەزانێ‌و بە وردی ئەیانبینێ‌و ذەرڕەیێکی لێ ون نابێ. خودا لەطیفی ڕاستەقینەیەو هیچ شتێ مەنعی ناکات لە بینینی هیچ شتێك، خودا شارەزایەو لە هەموو شت ئاگادارە.

قَدْ جَاءكُم بَصَآئِرُ مِن رَّبِّكُمْ فَمَنْ أَبْصَرَ فَلِنَفْسِهِ وَمَنْ عَمِيَ فَعَلَيْهَا وَمَا أَنَاْ عَلَيْكُم بِحَفِيظٍ {١٠٤}

ئەی پێغەمبەر! پێیان بڵێ: بە ڕاستی لەلایەن خوداوە چەند ئایەتتان بۆ هاتووە بەرچاوی ڕۆشن کردوونەتەوە. جا ئیتر هەرکەس بەرپێی خۆی ببینێ‌و ڕێگای ڕاست بگرێ ئەوە قازانجی خۆیەتی‌و، ئەوەیش خۆی کوێر بکاو لە ڕێی ڕاست لابدات ئەوا خۆی زەرەر

ئـەكات. خـودا كردەوەتـان هەڵئـەگرێو ڕۆژی دوایـی جـەزاتان ئەداتـەوە، ئیـتر مـن هیچـم بـە دەسـت نیـیە، مـن تەنـها پێوتـن و ڕاگەیاندنم لەسەرە.

وَكَذَلِكَ نُصَرِّفُ الآيَاتِ وَلِيَقُولُواْ دَرَسْتَ وَلِنُبَيِّنَهُ لِقَـوْمٍ يَعْلَمُونَ{١٠٥}

ئا بەم جۆرە ئایەتەكان لە بەلینەوە ئەگۆڕین بۆ هەرەشەو، لە ئامۆژگارییەوە بۆ داوای بیركردنەوە لە دەستەڵاتی خودا ، تا كافرە حەسوودەكان پێت بڵێن ئەم كتێبە لای خوداوە نەهاتووەو بە دەرس لای جنۆكـەو ئـەم و ئـەو خوێندووتـە! هـەروەها تـا ڕاسـتی ڕوون بكەینەوە بۆ ئەوانەی چاكەكەرو زانان.

اتَّبِعْ مَا أُوحِيَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ لا إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ وَأَعْـرِضْ عَنِ الْمُشْرِكِينَ {١٠٦}

دوای ئەوە بكەوەو ئیمان بەوە بێنە كە لە لای خوداوە وەحیت بۆ كراوە، چونكە هیچ خودایەك نییە بەڕاستی بپەرسترێ ئەو نـەبێ. ئیتر ڕوو لە كافرەكان وەرچەرخێنەو گوێ بە قسەیان مەدە.

وَلَوْ شَاءَ اللّهُ مَا أَشْرَكُواْ وَمَا جَعَلْنَاكَ عَلَيْـهِمْ حَفِيظًـا وَمَا أَنتَ عَلَيْهِم بِوَكِيلٍ {١٠٧}

خودا بەدەستەڵاتەو، ئەگەر بیویستایە ئەمانە كافر نەئـەبوونو هاوبەشیان بۆ دانەئەنا. ئێمە تۆمان نەكردووەتە ڕەقیبی ئەمانەو، تۆ كار هەڵسووڕێنی ئەم كافرانە نیت، تۆ تەنها ڕاگەیاندنت لەسەرە.

وَلاَ تَسُبُّواْ الَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ اللّهِ فَيَسُـبُّواْ اللّـهَ

عَدْوًا بِغَيْرِ عِلْمٍ كَذَلِكَ زَيَّنَّا لِكُلِّ أُمَّةٍ عَمَلَهُمْ ثُمَّ إِلَى رَبِّهِم مَّرْجِعُهُمْ فَيُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ {١٠٨}

جنێو مەدەن بەوانەی کافرەکان ئەیانپەرستن‌و، بە خراپ ناویان مەبەن‌و قسەی ناشیرینیان پێ مەڵێن ، ئەگەرچی پەرستنی ئەوانە کارێکی زۆر ناشیرینە، نەبادا ئەوانیش بە نەزانی‌و نەفامی جنێو بە خودای گەورە بدەن. بەڵێ ئاوەها کردەوەی هەر ئوممەتێ لە بەرچاویان جوان ئەکەین‌و لایان پەسەندە، بەڵام لەپاشاندا بۆ لای خودای خۆیان ئەگەڕێنەوەو، هەرچییان لە دنیادا کردووە پێیان ئەڵێت‌و ئاگاداریان ئەکات‌و، پاداشی خۆیان وەرئەگرن.

وَأَقْسَمُواْ بِاللّهِ جَهْدَ أَيْمَانِهِمْ لَئِن جَاءتْهُمْ آيَةٌ لَّيُؤْمِنُنَّ بِهَا قُلْ إِنَّمَا الآيَاتُ عِندَ اللّهِ وَمَا يُشْعِرُكُمْ أَنَّهَا إِذَا جَاءتْ لاَ يُؤْمِنُونَ{١٠٩}

کافرەکان سوێند ئەخۆن بە خودا سوێندێکی گەورە: ئەگەر عەلامەت‌و موعجیزەیێك ، لەوانەی خۆیان ئەڵێن ، بێت بۆسەریان کە ڕاستیی قسەی موحەممەد ئیسپات بکات، بێگومان باوەڕی پێ ئەکەن‌و ئیمانی پێ ئەهێنن! تۆێش پێیان بڵێ: عەلامەت‌و موعجیزە لای خوداوەیەو من هیچم بە دەست نی‌یە. ئایا ئێوە نازانن ئەمانە ئەگەر ئەو موعجیزەش بێت چوون بە چەقی لەعنەتداو ئیمان ناهێنن.

وَنُقَلِّبُ أَفْئِدَتَهُمْ وَأَبْصَارَهُمْ كَمَا لَمْ يُؤْمِنُواْ بِهِ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَنَذَرُهُمْ فِي طُغْيَانِهِمْ يَعْمَهُونَ {١١٠}

ئایا نازانن کە ئەگەر موعجیزەکەش بێت ، لەبەر ئەوەی لەپێشدا ئیمانیان بە ئایەتەکان نەهێنا ، دڵو چاویان وەرئەچەرخێنین لە تێگەیشتنی ڕاستیو بینینی ڕێگای ڕاستو ، وازیان لێ ئەهێنین لە گومڕاهیی خۆیاندا بن تا ڕۆژی دوایی کە موحاسەبە ئەکرێن ؟

جوزئی هەشتەم

وَلَوْ أَنَّنَا نَزَّلْنَا إِلَيْهِمُ الْمَلآئِكَةَ وَكَلَّمَهُمُ الْمَوْتَى وَحَشَرْنَا عَلَيْهِمْ كُلَّ شَيْءٍ قُبُلاً مَّا كَانُواْ لِيُؤْمِنُواْ إِلاَّ أَن يَشَاءَ اللّهُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ يَجْهَلُونَ {١١١}

بێگومان ئەگەر ئێمە مەلائیکەیشیان بۆ بهێنینە خوارو، مردوویشیان بۆ زیندوو بکەینەوەو قسەیان لەگەڵ بکەن، ئەگەر هەمووشتێ لەوەی ئەیانەوێ بە کۆمەڵ بۆیان ئامادە بکەین، هێشتا باوەڕ ناکەن بە ئاییینی ئیسلام مەگەر خودا ویستی لەسەر بێ. بەلاَم بە بێگومان زۆرتری ئەمانە بەوە نازانن کە ئەگەر ئەم ئایەتو شتانەشیان بۆ بێ ئیمان ناهێنن ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا سوێند ئەخۆن کە ئیمان ئەهێنن!

وَكَذَلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نِبِيٍّ عَدُوّاً شَيَاطِينَ الإِنسِ وَالْجِنِّ يُوحِي بَعْضُهُمْ إِلَى بَعْضٍ زُخْرُفَ الْقَوْلِ غُرُوراً وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ{١١٢}

تەنها تۆ دوژمندار نەبوویت ، هەموو پێغەمبەرەکانیتریش دوژمندار بوون لە گومڕاکانی بنیادەمو جنۆکە، ئەو دوژمنانە لەناو

خۆیاندا قسەی ڕووکەش‌و درۆودەلەسەیان بە یەکتر ئەگەیاندو ئەیانچپاند بە گوێی یەکترداو بە هەموویانەوە خەریکی بەدکاری‌و دوژمنایەتیی پێغەمبەران بوون‌و سەرکەش‌و لەخودانەترس بوون .

بێگومان ئەگەر خودا ویستی لەسەر بوایە نەیانئەتوانی ئەو دوژمنایەتییەو ئەو درۆو دەڵەسانە بکەن، دەی کەواتە لێیان گەڕێ خۆیان‌و بوختانیان تا ڕۆژی خۆی .

وَلِتَصْغَى إِلَيْهِ أَفْئِدَةُ الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِالآخِرَةِ وَلِيَرْضَوْهُ وَلِيَقْتَرِفُواْ مَا هُم مُّقْتَرِفُونَ {١١٣}

با ئەوانەی باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی نی‌یە حەز لەو قسە پڕوپووچ‌و بوختانانە بکەن‌و دڵیان بدەنێ‌و بە باشیان بزانن. با چ گوناه و تاوان‌و بوختانێ ئەکەن بیکەن، دوایی لە ڕۆژی پاداشدا خۆیان ئەبیننەوە.

أَفَغَيْرَ اللّهِ أَبْتَغِي حَكَمًا وَهُوَ الَّذِي أَنَزَلَ إِلَيْكُمُ الْكِتَابَ مُفَصَّلاً وَالَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْلَمُونَ أَنَّهُ مُنَزَّلٌ مِّن رَّبِّكَ بِالْحَقِّ فَلاَ تَكُونَنَّ مِنَ الْمُمْتَرِينَ {١١٤}

ئایا ڕەوایە بێجگە خودا یەکێکی‌تر بکەمە حەکەم لە بەینی خۆم‌و ئێوەدا بۆ جیاکردنەوەی حەق‌و ناحەق ، کە خودا ئەو خودایە قورئانی ناردووەتە خوار بۆ ڕێپێشاندانی ئێوەو حەق‌و ناحەقی ڕوون کردووەتەوە؟ ئەوانەی کتێبمان بۆ ناردوون چاك ئەزانن قورئان بە ڕاستی لای خوداوە هاتووە جونکە قورئان باوەڕی بە کتێبەکانی ئەوان هەیە کەواتە هەرگیز لەوانە مەبە کە دوودڵ‌و بەگومانن .

وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلاً لاَّ مُبَدِّلِ لِكَلِمَاتِهِ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ {١١٥}

ئـەم دەنگـو بـاس‌و حوكـم‌و بەڵێنانـە كـە خـودا داينـاون گەيشتوونەتە ئەوپەڕەكەی. دەنگوباس‌و بەڵێنـەكانی خـودا ڕاسـتن‌و حوكمەكانی دادپەروەرانەن . تازە كەس نـاتوانیٚ بیـانگۆڕیٚ‌و لەمانـە ڕاستترو دادپەروەرانـەتر بـهێنیٚ . خـودا ئاگـای لـە قسـەی كافرانـەو ئەزانیٚ چی لە دڵیاندایە.

وَإِن تُطِعْ أَكْثَرَ مَن فِي الأَرْضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ اللّهِ إِن يَتَّبِعُونَ إِلاَّ الظَّنَّ وَإِنْ هُمْ إِلاَّ يَخْرُصُونَ {١١٦}

تۆ ئەگەر بە گوێی قسەی بەشی زۆری خەڵكی سەرزەوی بكەی لەوانەی كافرو گومڕان تۆیـش گومـڕا ئەكـەن‌و سـەرت لیٚ ئەشـێوێنن. ئەمانە ڕاسـتیان لا نی‌یـەو تەنـها دوای گومـان كـەوتوون لـە بـیرووڕای بەدیانداو لەوەدا كە ئەڵێن باوك‌و باپیریان لەسەر حەق بوون . ئەمانە قسەیێكی ڕاستیان نی‌یەو كارو كاسبییان نی‌یـە درۆهەڵبەسـتن نـەبیٚ بۆ خودا كە ئەڵێن خودا ئەولادی هەیەو هاوبەشی هەیە.

إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ مَن يَضِلُّ عَن سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ{١١٧}

بیٚگومان خودا لە هەموو كەس باشتر ئەزانیٚ كیٚ گومڕایـەو لـە ڕێگای ڕاست لایداوە. هەر ئەویشە لە هەموو كەس باشتر ئەزانیٚ كـیٚ ڕێگای ڕاستی گرتووەتە بەرو شارەزایە.

فَكُلُواْ مِمَّا ذُكِرَ اسْمُ اللّهِ عَلَيْهِ إِن كُنتُم بِآيَاتِهِ

مُؤْمِنِينَ{١١٨}

ئەگەر باوەڕتان بە ئایەتەکانی خودا هەیە لە گۆشتی ئەو حەیوانانە بخۆن کە لەکاتی سەربڕیندا بە پێی ئایینی ئیسلام ناوی خودایان لی هینراوەو، لەوانە مەخۆن کە ناوی خودایان لی نەهینراوە.

وَمَا لَكُمْ أَلاَّ تَأْكُلُواْ مِمَّا ذُكِرَ اسْمُ اللّهِ عَلَيْهِ وَقَدْ فَصَّلَ لَكُم مَّا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ إِلاَّ مَا اضْطُرِرْتُمْ إِلَيْهِ وَإِنَّ كَثِيرًا لَّيُضِلُّونَ بِأَهْوَائِهِم بِغَيْرِ عِلْمٍ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِالْمُعْتَدِينَ {١١٩}

بە چ دەلیلێ لە گۆشتی ئەو حەیوانانە ناخۆن کە لە کاتی سەربڕینیاندا ناوی خودایان لێ هێنراوە؟ چیتان دەست ئەکەوێ لە نەخواردنیان! ؟ خودا خۆی حەرامی لە حەڵاڵ جیاکردووەتەوە بۆتان، لە کاتی ناچاریدا نەبێ کە بە ئەندازەی پێویست خواردنی حەرامیشتان بۆ ڕەوایە. بەڕاستی زۆر کەسی بێ ئایین لەخۆیانەوە خەڵکی گومڕا ئەکەن‌و بە ئارەزووی خۆیان‌و بێ‌دەلیل لەخشتەیان ئەبەن ، حەڵاڵیان لێ حەرام ئەکەن‌و حەرامیان بۆ حەڵاڵ ئەکەن! خودا خۆی لە هەموو کەس زاناترە کێ لەڕێلادەرەو کاری ناڕەوا ئەکات!

وَذَرُواْ ظَاهِرَ الإِثْمِ وَبَاطِنَهُ إِنَّ الَّذِينَ يَكْسِبُونَ الإِثْمَ سَيُجْزَوْنَ بِمَا كَانُواْ يَقْتَرِفُونَ {١٢٠}

واز لە گوناهی ئاشکراو نهێنی بهێنن، یا نە بە ئەندام گوناه بکەن‌و نە بە دڵ. ئەوانەی خۆیان گوناهبار ئەکەن تۆڵەی ئەو گوناهانەیان لێ ئەکرێتەوەو بە خۆڕایی بەسەریاندا تێناپەڕێ.

وَلاَ تَأْكُلُواْ مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ اسْمُ اللّهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُ لَفِسْقٌ وَإِنَّ الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ إِلَى أَوْلِيَآئِهِمْ لِيُجَادِلُوكُمْ وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ{١٢١}

له گۆشتی ئەو حەیوانانە مەخۆن کە لە کاتی سەربڕینیاندا ناوی خودایان لیٚ نەهیٚنرابیٚ . خواردنی ئەو جۆرە گۆشتە یا ناوبردنی بتەکان لەکاتی سەربڕینیاندا دەرچوونە لە ئایینی ئیسلام . شەیتانەکان بە گوێی بنیادەمە دۆستە گومڕاکانیاندا ئەچپێنن‌و وەسوەسە ئەخەنە دڵیانەوە تا موجادەلەتان لەگەڵ بکەن . بیٚگومان ئەگەر بەگوێیان بکەن لە حەلاڵ کردنی شتێکدا کە خودا حەرامی کردووە ئەوا ئێوە لە ڕیزی موشریکەکاندا ئەبن کە بەگوێی قسەی غەیری خودا ئەکەن.

أَوَ مَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا يَمْشِي بِهِ فِي النَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا كَذَلِكَ زُيِّنَ لِلْكَافِرِينَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ {١٢٢}

ئایا کەسیٚ مردوو بووبیٚ‌و زیندوومان کردبیٚتەوە واتە لەپێشدا گومڕاه بووبیٚ‌و لەپاشاندا ڕێگای ڕاستمان پیشان دابێت‌و دەلیل‌و ئایەت‌و هۆش‌و بیری تێفکرینمان پیٚ دابیٚ‌و بە سەلامەتی لە ناو خەڵکدا بڕوات بەڕێوە، وەك ئەو کەسەیە کە لە ناو تاریکی و بەسەر تاریکیدا بڕوات‌و هەرگیز لیٚی دەرنەچێت ، واتە : ڕێگای کوفری گرتبیٚ‌و بەری نەدات ! ؟ بەڵیٚ هەروەك ئیماندارەکان ڕێگای خوایان لا باشەو ئیمانەکەیان لا جوانەو ئەیپارێزن ، کافرەکانیش کردەوە

ناڕەواكانی خۆیانیان لە بەرچاو جوان كراوەو لێی جیا نابنەوە!

وَكَذَلِكَ جَعَلْنَا فِي كُلِّ قَرْيَةٍ أَكَابِرَ مُجَرِمِيهَا لِيَمْكُرُواْ فِيهَا وَمَا يَمْكُرُونَ إِلاَّ بِأَنفُسِهِمْ وَمَا يَشْعُرُونَ {١٢٣}

هەروەك لە مەككەدا تاوانبارەكان لە گەورەكانیانن، لە هەموو دێو ئاوەدانییەكیش وامان ڕێكخستووە كە تاوانبارەكانیان لە گەورەكانیانن تا فێڵ لە خەڵك بكەن و گوناهی خۆیشیان و ئەوانیشیان بچێتە ئەستۆ. لەڕاستیدا ئەوانە فێڵ لە كەس ناكەن لە خۆیان نەبێ و، هەر خۆیان زەرەر ئەكەن، بەڵام هۆش و فامیان نییە.

وَإِذَا جَاءتْهُمْ آيَةٌ قَالُواْ لَن نُّؤْمِنَ حَتَّى نُؤْتَى مِثْلَ مَا أُوتِيَ رُسُلُ اللّهِ اللّهُ أَعْلَمُ حَيْثُ يَجْعَلُ رِسَالَتَهُ سَيُصِيبُ الَّذِينَ أَجْرَمُواْ صَغَارٌ عِندَ اللّهِ وَعَذَابٌ شَدِيدٌ بِمَا كَانُواْ يَمْكُرُونَ{١٢٤}

كە ئایەتێكیان بۆ دێ ئەڵێن: تا وەك پێغەمبەرانی خودا وەحیمان بۆ نەیێ ئیمان ناهێنین! پێغەمبەرایەتی بە سامان و نەسەب نییە، خودا هەر خۆی ئەزانێ پێغەمبەرایەتی بە كێ ئەدات؟ تاوانبارەكان بەهۆی ئەو هەمووە مەكرەوە كە ئەیكەن، سەرەنجام لە لایەن خوداوە زەلیلی و نوشوستییان تووش ئەبێ و سزایێكی توند ئەدرێن.

فَمَن يُرِدِ اللّهُ أَن يَهْدِيَهُ يَشْرَحْ صَدْرَهُ لِلإِسْلاَمِ وَمَن يُرِدْ أَن يُضِلَّهُ يَجْعَلْ صَدْرَهُ ضَيِّقًا حَرَجًا كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِي السَّمَاءِ كَذَلِكَ يَجْعَلُ اللّهُ الرِّجْسَ عَلَى الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ {١٢٥}

هەركەسێ خودا بیەوێ حەقی پێشان بداو بیخاتە سەر ڕێی ڕاست دڵی فراوان ئەكاتو نووری تیّئەچیّو ئایینی ئیسلام بەئاسانی وەرئەگرێ. ئەوەیش خودا بیەوێ گومڕای بكات دەروونی تەنگ ئەكاتو ئەیهێنێتە یەك. كە ناوی ئیسلامی لە لا ببرێ ، وەك ئەوەی بەزۆر بیەوێ بە ئاسماندا سەركەوێ ، هەناسەی سوار ئەبێ . بێ گومان ئەوانەی ئیمان ناهێنن، وەك چۆن دڵیان دێتەیەكو ئیسلام وەرناگرن، خودایش سەرشۆڕیو سزاو ئازاریان ئەدا بە سەردا.

وَهَـذَا صِرَاطُ رَبِّكَ مُسْتَقِيمًا قَدْ فَصَّلْنَا الآيَاتِ لِقَوْمٍ يَذَّكَّرُونَ{١٢٦}

بە ڕاستی ئەم ئایینی ئیسلامە ئەم ڕێگا ڕاستەیە كە خودا پیشانی داون تا پیایدا بڕۆنو لێی لا نەدەن. ئێمە ئایەتەكانی قورئانمان بەیان كرد بۆ ئەوانەی بیر ئەخەنەكارو باوەڕیان بە دەستەڵاتو قەدەری خودا هەیە.

لَهُمْ دَارُ السَّلاَمِ عِندَ رَبِّهِمْ وَهُوَ وَلِيُّهُمْ بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ{١٢٧}

ئەو موسوڵمانانە شوێنی ئاسایشو بەهەشتی ئارامیان هەیە، كە لای خودایەو ئەو بۆی هەڵگرتوون. خودا دۆستو سەرداریانەو، ئەنجامی كرداری چاكیان یارمەتییان ئەدات.

وَيَوْمَ يِحْشُرُهُمْ جَمِيعًا يَا مَعْشَرَ الْجِنِّ قَدِ اسْتَكْثَرْتُم مِّنَ الإِنسِ وَقَالَ أَوْلِيَآؤُهُم مِّنَ الإِنسِ رَبَّنَا اسْتَمْتَعَ بَعْضُنَا بِبَعْضٍ وَبَلَغْنَا أَجَلَنَا الَّذِي أَجَّلْتَ لَنَا قَالَ النَّارُ مَثْوَاكُمْ خَالِدِينَ فِيهَا إِلاَّ

مَا شَاءَ اللّهُ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ {١٢٨}

یادی ئەو ڕۆژە بکەرەوە کە خودای گەورە (انس وجن) هەموویان کۆئەکاتەوەو بە کۆمەڵی شەیتان ئەفەرموێ : ئێوە لە دنیادا بنیادەمی زۆرتان گومڕاه کرد. ئەو بنیادەمانەش کە دۆستی شەیتانەکان بوون ئەڵێن: خودایا ئێمەو ئەوان سوودمان لە یەکتر وەرئەگرت، بنیادەمەکان لە شەیتانەکانەوە فێری دواکەوتنی نەفس‌و ئارەزووبازی بوون‌و، شەیتانەکانیش بە گومڕاهیی بنیادەمەکان ئاواتیان هاتەدی‌و دڵخۆش بوون، وا ئیستەش هەموومان گەیشتووینەتە ئەو سات‌و کاتەی بۆت دیاری کردبووین‌و لە بەردەستتداین. خودایش پێیان ئەفەرموێ : دە بڕۆن ئەوە دەردتان بێ مادام لە دنیادا دوای ئارەزووی نەفستان کەوتبوون، ئیستە ئاگری دۆزەخ جێگاو ئەنجامی ئەبەدیتانەو هەتا هەتایە تیایدا دەمێننەوە، مەگەر خودا بیەوێ لە دۆزەخەوە بۆ زەمهەریرو لەوێوە دووبارە بۆ دۆزخ جێگاگۆڕکێتان پێ بکات. خودای تۆ کارەکانی پڕحیکمەتن‌و زانایەو ئاگای لە هەموو شتە.

وَكَذَلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ الظَّالِمِينَ بَعْضًا بِمَا كَانُواْ يَكْسِبُونَ{١٢٩}

ئاوەها هەندێ لە ستەمکارەکان ئەکەینە دۆست‌و هاوقسەی هەندێکیان‌و یەکتر گومڕاه ئەکەن‌و لە ڕۆژی سزایشدا بەهۆی کرداری بەدی دنیایانەوە ئەبنە هاوڕێی سزاو ئازار.

يَا مَعْشَرَ الْجِنِّ وَالإِنسِ أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ يَقُصُّونَ عَلَيْكُمْ آيَاتِي وَيُنذِرُونَكُمْ لِقَاءَ يَوْمِكُمْ هَـذَا قَالُواْ شَهِدْنَا عَلَى

أَنفُسِنَا وَغَرَّتْهُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَشَهِدُواْ عَلَى أَنفُسِهِمْ أَنَّهُمْ كَانُواْ كَافِرِينَ{١٣٠}

ئەی کۆمەڵی جیننیو بنیادەم! ئایا لە دنیادا پێغەمبەرانی بنیادەمتان بۆ نەهاتن کە ئایەتەکانی منیان بۆ ئەخوێندنەوەو لە سزای ئەم ڕۆژە سامناکەیان ئەترساندن کە لەگەڵ خودای گەورەو کارو کردەوەی خۆتاندا ڕووبەڕوو بوونەتەوە؟ وتیان شایەتیی لە خۆمان ئەدەین ، بەڵێ هاتنو پێیان وتینو ترساندینیان، بەلاّم ئێمە باوەڕمان پێ نەکردن. ژیانی دنیاو ڕابواردنی زووڕەسو کەم عومری سەرکەشی کردنو لە خۆیان بایی بوونو، دوای ئارەزووی نەفس کەوتن. وا ئیستە ناچارن شایەتی لە خۆیان ئەدەن کە لە دنیادا سەرکەشو کافر بوون.

ذَلِكَ أَن لَّمْ يَكُن رَّبُّكَ مُهْلِكَ الْقُرَى بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا غَافِلُونَ{١٣١}

ئەم پێغەمبەر ناردنەو ئەم ترساندنە لەبەرئەوەیە خودا هەرگیز ئاوەدانییەکان لەناونابات بە ستەم کە ئەهلەکانیان ئاگادار نەکرابنەوەو پێغەمبەرانیان بۆ نەنێررابن .

وَلِكُلٍّ دَرَجَاتٌ مِّمَّا عَمِلُواْ وَمَا رَبُّكَ بِغَافِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ{١٣٢}

بۆ هەر موکەللەفێ پایەو پلەی تایبەتی هەیە بەرامبەر بە کردەوەکانی، چاك بێ یا خراپ. خودا هەرگیز لە کردەوەی بەندەکانی بێئاگا نییەو زەڕڕەییێك پاداش یا تۆڵەی لێ ون نابێت.

وَرَبُّكَ الْغَنِيُّ ذُو الرَّحْمَةِ إِن يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ وَيَسْتَخْلِفْ مِن بَعْدِكُم مَّا يَشَاءُ كَمَآ أَنشَأَكُم مِّن ذُرِّيَّةِ قَوْمٍ آخَرِينَ {١٣٣}

خودا دەوڵەمەندەو بێنیازە لە بەندەو خوداپەرستنی بەندە. خاوەن میهرەبانییە کە داوای خوداپەرستیتان لێ ئەکات تا پاداشتان بداتەوە. هەروەها کە گوناه بکەن مۆڵەتتان ئەدات. ئەگەر بیەوێ ئێوەی تاوانبار لەناو ئەبات و خەڵکێکی‌تر دێنێتە رووی کار کە جێگاتان بگرنەوە، هەروەك ئێوەی لە نەوەی کۆمەڵی‌تر دروست کردووەو، کۆمەڵ پاش کۆمەڵ دێن و دەچن.

إِنَّ مَا تُوعَدُونَ لآتٍ وَمَا أَنتُم بِمُعْجِزِينَ {١٣٤}

بێگومان ئەوەی خودا بەڵێنی پێداون وەك زیندووکردنەوەو حیساب و کیتاب لە رۆژی خۆیدا دێتەدیێو، ئێوە هەرگیز ناتوانن رێگا لە خودا بگرن و دەست بێننە بەر کاری.

قُلْ يَا قَوْمِ اعْمَلُواْ عَلَى مَكَانَتِكُمْ إِنِّي عَامِلٌ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ مَن تَكُونُ لَهُ عَاقِبَةُ الدِّارِ إِنَّهُ لاَ يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ{١٣٥}

ئەی پێغەمبەر بە بێئایینەکان بڵێ ئەی قەومەکەم چیتان لەدەست دێ بیکەن، منەتتان نەبێ . منیش ئەوەی پێم بکرێ ئەیکەم. پەیامەکەم ئەگەیێنم و سەبر ئەکەم. دوایی بۆتان دەرئەکەوێ ئەنجامی چاکی ئەم دنیایەو، ئەنجامی کردەوەی چاك لەم دنیایەدا بۆ کێ ئەبێ. بۆ ئێمە یا بۆ ئێوە؟ ستەمکاران هەرگیز سەرناکەون.

وَجَعَلُواْ لِلّهِ مِمِّا ذَرَأَ مِنَ الْحَرْثِ وَالأَنْعَامِ نَصِيبًا فَقَالُواْ هَـذَا لِلّهِ بِزَعْمِهِمْ وَهَـذَا لِشُرَكَآئِنَا فَمَا كَانَ لِشُرَكَآئِهِمْ فَلاَ يَصِلُ إِلَى اللّهِ وَمَا كَانَ لِلّهِ فَهُوَ يَصِلُ إِلَى شُرَكَآئِهِمْ سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ{١٣٦}

ئەم كافرانە لەو شتانەی كە خودا دروستی كردوون، لە بەروبوومی كشتوكاڵو حەیوان، بەشێكیان داناوە بۆ خوداو ئەیدەن بە هەژارو میوان لە ڕێگای خودادا. بەشێكیشیان داناوە بۆ ئەو بتانەی بە هاوبەشی خودایان داناون، ئەیدەن بە دەرگاوانو كارگوزارانو زیارەتكەرانیان لەپێناوی ڕەزامەندیی ئەو هاوبەشە بێ ئەساسانەدا. ئەگەر لەپاش بەشكردنەكە بۆیان دەركەوت بەشەكەی خودا چاكترەو هی بتەكان لە هینەكەی ئەو خراپترە ئاڵوگۆڕیان پێ ئەكەن، چونكە بتەكانیان خۆش ئەوێن! ئای كە كارێكی بەدو ناشیرین ئەكەن، شت خودا دروستی كردووەو ئەوان بە ئارەزوو دەستی تێ ئەخەن . بت خودا دروستی كردووەو ئەوان كردوویانن بە هاوبەشی خودا !! ئای كە حوكمێكی ناڕەوا ئەدەن!!

وَكَذَلِكَ زَيَّنَ لِكَثِيرٍ مِّنَ الْمُشْرِكِينَ قَتْلَ أَوْلاَدِهِمْ شُرَكَآؤُهُمْ لِيُرْدُوهُمْ وَلِيَلْبِسُواْ عَلَيْهِمْ دِينَهُمْ وَلَوْ شَاءَ اللّهُ مَا فَعَلُوهُ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ {١٣٧}

هەروەها هاوڕێیانی هاوبەش بۆخوا دانەرەكان بردبوویانە دڵیانەوە كە منداڵەكانیان زیندەبەچاڵ بكەنو ئەم كارەیان لا جوان كردبوون ، تا بیانفەوتێنو ئایینیان لێ بگۆڕنو سەریان لێ تێكبدەن.

ئەگەر خوا بیویستایە ئەم کارەیان نەئەکرد. دە لێیان‌گەڕێ ، خۆیان و درۆو دەلەسەیان.

وَقَالُواْ هَـذِهِ أَنْعَامٌ وَحَرْثٌ حِجْرٌ لاَّ يَطْعَمُهَا إِلاَّ مَن نَّشَاء بِزَعْمِهِمْ وَأَنْعَامٌ حُرِّمَتْ ظُهُورُهَا وَأَنْعَامٌ لاَّ يَذْكُرُونَ اسْمَ اللَّهِ عَلَيْهَا افْتِرَاء عَلَيْهِ سَيَجْزِيهِم بِمَا كَانُواْ يَفْتَرُونَ{١٣٨}

کافرەکان هەندێ حەیوان و کشتوکاڵیان جیاکردووەتەوەو ئەڵێن : ئەمە کەس لێی ناخوات ئەوانە نەبێ کە خۆمان ئەمانەوێ. مەبەستیان دەرگاوان و کارگوزاران و دەست و پێوەندی بتەکانە. هەروەها هەندێ وشتریان جیا کردوونەتەوە کە بە حەرامیان داناوە کەس سواریان ببێ! هەروەها هەندێ حەیوان بۆ بتەکانیان سەرئەبڕن و ناوی خودایان لێ ناهێنن! ئەم حەلاڵ و حەرام کردنە هەموو بە ئارەزووی خۆیانەو بەدەم خوداوەی هەڵئەبەستن و هیچی لای خوداوە نییەو لە ڕۆژی قیامەتدا تۆڵەی ئەو بوختانانەیان لێ ئەکرێتەوە.

وَقَالُواْ مَا فِي بُطُونِ هَـذِهِ الأَنْعَامِ خَالِصَةٌ لِّذُكُورِنَا وَمُحَرَّمٌ عَلَى أَزْوَاجِنَا وَإِن يَكُن مَّيْتَةً فَهُمْ فِيهِ شُرَكَاء سَيَجْزِيهِمْ وَصْفَهُمْ إِنَّهُ حِكِيمٌ عَلِيمٌ {١٣٩}

کافرەکان ئەیانوت: ئەوەی لە سکی ئەم حەیوانانەدایە ئەگەر بە زیندوویی بوون ئەوە تەنها بۆ نێرینەکانمانن و حەرامن لە ژنەکانمان. ئەگەر بە مردوویش بوون ئەوا نێرو مێ هاوبەشن تیایاناو

وەك یەك سوودیان لیٚ وەرئەگرن. خودا تۆڵەی ئــەم بەناحــەق حــەرام کردن‌و حەلالٚ کردنەیان لیٚ ئەستێنیٚ. خودا کارەکـانی پڕحیکمـەتن‌و لە هەمووشت ئاگادارە.

قَدْ خَسِرَ الَّذِينَ قَتَلُواْ أَوْلاَدَهُمْ سَفَهًا بِغَيْرِ عِلْمٍ وَحَرَّمُــواْ مَا رَزَقَهُمُ اللّهُ افْتِرَاءً عَلَى اللّهِ قَـــدْ ضَلُّــواْ وَمَـــا كَـــانُواْ مُهْتَدِينَ{١٤٠}

ئەوانەی بە بیٚ‌عەقڵی‌و نەزانی لە ترسی هـەژاری‌و لـە ترسـی ئـە شەڕا بە دیل گیٚران کچەکانیان ئەکوژن، بە خۆڕایی زیـان لـە خۆیـان ئەدەن، خودا ڕۆژی‌بەخشە نەك ئەوان. هــەروەها ئەوانـەش زیـان لـە خۆیـان ئـەدەن کـە درۆ بـە دەم خـوداوە ئەکـەن‌و گۆشـتی هـــەندیٚ حـەیوان لـە خۆیـان حـەرام ئەکـەن، خـودا پیٚـی‌داون‌و بـۆی حــەلالٚ کــردوون. ئەمانــە گومــڕاه بــوون‌و هــەرگیز بــە ڕیٚگــای ڕاســتدا نەڕۆیشتوون.

وَهُوَ الَّذِي أَنشَأَ جَنَّاتٍ مَّعْرُوشَاتٍ وَغَـــيْرَ مَعْرُوشَـــاتٍ وَالنَّخْلَ وَالزَّرْعَ مُخْتَلِفًا أُكُلُهُ وَالزَّيْتُونَ وَالرُّمَّـــانَ مُتَشَـــابِهًا وَغَيْرَ مُتَشَابِهٍ كُلُواْ مِن ثَمَرِهِ إِذَا أَثْمَرَ وَآتُـــواْ حَقَّـــهُ يَـــوْمَ حَصَادِهِ وَلاَ تُسْرِفُواْ إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ {١٤١}

هەر خودایە چەند باغ‌و گوڵزاری دروست کردووە کە دارەکانیان هەندیٚکیان بەســەر زەویدا ئەکشیٚن‌و بـلاٚو ئەبنـەوە. هــەر خــودا دار خورماو کشتوکاڵی سەوز کــردووە کـە بــەرەکانیان لـە تـام‌و شـیٚوەو ڕەنگ‌و بۆدا جیاجیان. هەر ئەوە زەیتوون‌و هەناری دروست کـردووە

که بەری هەندێکیان لە تام و ڕەنگ و بۆدا لە یەك ئەچن و، هەندێکیشیان جیاوازن و لە یەك ناچن. لە بەری ئەم دارو کشتوکاڵەتان بخۆن بۆتان حەڵاڵە. لە ڕۆژی پێگەیشتن و دروێنەدا حەقی خەڵکی لێ دەرکەن و خێرو صەدەقەی لێ بکەن. لەم خێرکردن و بەخشینەشدا زیادەڕەوی مەکەن ، مامناوەندی بن . خودا ئەوانەی خۆش ناوێ کە زیادەڕەوی ئەکەن و لە سنوور دەر ئەچن.

وَمِنَ الأَنْعَامِ حَمُولَةً وَفَرْشًا كُلُواْ مِمَّا رَزَقَكُمُ اللّهُ وَلاَ تَتَّبِعُواْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ {١٤٢}

خودا حەیوانی وەهای بۆ دروست کردوون کە بارتان بۆ هەڵدەگرێ و، هی وایشی بۆ دروست کردوون کە لە خوری و مووەکەی ڕایەخ دروست دەکەن. بخۆن لەو ڕۆزییەی خودا پێی داون و سوودی لێ وەرگرن. دوای قسەو وەسووسەی شەیتان مەکەون و، بە ئارەزووی خۆتان حەرام و حەڵاڵ دیاری مەکەن . شەیتان دوژمنی ئاشکرای ئێوەیە.

ثَمَانِيَةَ أَزْوَاجٍ مِّنَ الضَّأْنِ اثْنَيْنِ وَمِنَ الْمَعْزِ اثْنَيْنِ قُلْ آلذَّكَرَيْنِ حَرَّمَ أَمِ الأُنثَيَيْنِ أَمَّا اشْتَمَلَتْ عَلَيْهِ أَرْحَامُ الأُنثَيَيْنِ نَبِّؤُونِي بِعِلْمٍ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ {١٤٣}

لەو حەیوانانە کە باسکران هەشت نێرو مێ بگرە ، لە مەڕ نێرینەیەك و مێیینەیەك و لە بزن نێرینەیەك و مێیینەیەك . خودا کامی حەرام کردوون؟ دوو نێرینەکە ، یا دوو مێیینەکە ، یا ئەوانەی لە مناڵدانی مێیینەکاندان ، نێرینە بن یا مێیینە ؟ خەبەرم بدەنێ لە

زانستەوە ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن‌و ئەزانن خوا هیچیانی حەرام کردووە. مەبەست ئەوەیە نە نێرینەکان حەرامن‌و نە مێیینەکان و نە ئەوانەی لە منداڵدانی مێیینەکاندان. کافرەکان بە ئارەزووبازی حەرام‌و حەلاڵ دیاری ئەکەن‌و درۆ بە دەم خوداوە ئەکەن!

وَمِنَ الإِبْلِ اثْنَيْنِ وَمِنَ الْبَقَرِ اثْنَيْنِ قُلْ آلذَّكَرَيْنِ حَرَّمَ أَمِ الأُنثَيَيْنِ أَمَّا اشْتَمَلَتْ عَلَيْهِ أَرْحَامُ الأُنثَيَيْنِ أَمْ كُنتُمْ شُهَدَاءَ إِذْ وَصَّاكُمُ اللّهُ بِهَـذَا فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللّهِ كَذِبًا لِيُضِلَّ النَّاسَ بِغَيْرِ عِلْمٍ إِنَّ اللّهَ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ{١٤٤}

هەروەها لە وشتر دوان یەکێکی نێرو یەکێکی مێ، لە ڕەشەوڵاخیش دوان یەکێکی نێرو یەکێکی مێ. خوا نێرینەکانی حەرام کردووە یا مێیینەکان؟ یا ئەوانەی لە منداڵدانی مێیینەکاندان، نێر بن یا مێ؟ واتە: هیچ کامیانی حەرام نەکردووەو، کافرەکان بە ئارەزووی خۆیان حەرام‌و حەلاڵ دیاری ئەکەن‌و درۆ بەدەم خوداوە هەڵئەبەستن. یاخۆ ئێوە حازر بوون‌و ئاگادار بوون کە خودا ئەم حەرام‌و حەلاڵەی بۆ دیاری کردن؟ کێ لەوە تاوانبارترو ستەمکارترە درۆ بەدەم خوداوە هەڵبەستێ تا بە نەزانی‌و بێ‌دەلیل خەڵکی گومڕا بکات؟ خودا هەرگیز ڕێگای ڕاست‌و چاکە پیشانی ستەمکاران نادات.

قُل لاَّ أَجِدُ فِي مَا أُوْحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَى طَاعِمٍ يَطْعَمُهُ إِلاَّ أَن يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَّسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنزِيرٍ فَإِنَّهُ

رِجْسٌ أَوْ فِسْقًا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللّهِ بِهِ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلاَ عَادٍ فَإِنَّ رَبَّكَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ {١٤٥}

تۆ ئەی پێغەمبەر! پێیان بڵێ : من لەو ئایەتانەدا کە بە وەحی بۆم هاتوون هیچ نابینم کە خواردنی حەرام کرابێ ، بێجگە گۆشتی حەیوانی مردارەوەبوو ، خوێنی ڕژاو کە لە ڕەگو لە لەش دەرچێو گۆشتی بەراز کە پیسە، یا گۆشتی حەیوانێ کە لە کاتی سەربڕینیدا ناوی غەیری خودای لێ هێنرابێ . جا ئەگەر کەسێ لەبەر برسێتی ناچار بوو لەوانە بخوات ئەوا بە بێ‌ئەوەی ستەم لە کەس بکاتو بەشی کەس بخواتو بە بێ‌ئەوەی زیادەڕەوی بکاتو لە سنوور لابدات بۆی دروستە بە قەدەر پێویست لێیان بخوات. خودا گوناهپۆشو میهرەبانە.

وَعَلَى الَّذِينَ هَادُواْ حَرَّمْنَا كُلَّ ذِي ظُفُرٍ وَمِنَ الْبَقَرِ وَالْغَنَمِ حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ شُحُومَهُمَا إِلاَّ مَا حَمَلَتْ ظُهُورُهُمَا أَوِ الْحَوَايَا أَوْ مَا اخْتَلَطَ بِعَظْمٍ ذَلِكَ جَزَيْنَاهُم بِبَغْيِهِمْ وِإِنَّا لَصَادِقُونَ {١٤٦}

گۆشتی هەر حەیوانێ کە نینۆکو پەنجەو چنگی هەبێ لە جوولەکەکانمان حەرام کرد وەك وشترو حەیوانی دڕندەو بازو شاهێن و هەڵۆ، هەروەها بەزو پیوی ڕەشەوڵاخو ئاژەڵیشمان لێ حەرام کردن، ئەو بەزە کە بە سەر پشتیانەوەیە یا بە ڕیخۆڵەکانیانەوەیە یا ئەوەی کە لەگەڵ ئێسقاندا تێکەڵ بووە وەك دووگ کە بە کلێنچکەوە لکاوە. ئەو حەرام کردنەش تۆڵە بوو لێمان کردنەوە چونکە

ستەمكارو بێ باوەڕ بوون. بێگومان ئێمە لە بەڵێن‌و هەڕەشەو دەنگوباسدا هەرچی بڵێین ڕاست ئەكەین و درۆی تێدا نییە.

فَإِن كَذَّبُوكَ فَقُل رَّبُّكُمْ ذُو رَحْمَةٍ وَاسِعَةٍ وَلاَ يُرَدُّ بَأْسُهُ عَنِ الْقَوْمِ الْمُجْرِمِينَ {١٤٧}

جا ئەگەر باوەڕیان پێ نەكردی بڵێ خودای پەروەردگارتان خاوەنی میهرەبانییەكی فراوانەو مۆڵەتتان ئەدات. بەو مۆڵەتدانە مەغروور مەبن ، چونكە هەرگیز وازتان لێ ناهێنێ‌و غەزەبی ناگەڕێتەوە لە تاوانباران. یا خودا ڕەحمەتی فراوانە بۆ خوداپەرستان و تۆڵەیشی توندە بۆ تاوانباران.

سَيَقُولُ الَّذِينَ أَشْرَكُواْ لَوْ شَاء اللّهُ مَا أَشْرَكْنَا وَلاَ آبَاؤُنَا وَلاَ حَرَّمْنَا مِن شَيْءٍ كَذَلِكَ كَذَّبَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِم حَتَّى ذَاقُواْ بَأْسَنَا قُلْ هَلْ عِندَكُم مِّنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ لَنَا إِن تَتَّبِعُونَ إِلاَّ الظَّنَّ وَإِنْ أَنتُمْ إَلاَّ تَخْرُصُونَ {١٤٨}

ئەوانەی هاوبەشیان بۆ خودا داناوە ئەڵێن ئێمەو باوباپیرانمان لەسەر حەقین ، چونكە ئەگەر خودا بیویستایە كافر نەبین نە ئێمەو نە باو باپیرانمان كافر نەدەبووین‌و هیچمان لە خۆمان حەرام نەئەكرد. كە خودا ئەم ویستەی بەكار نەهێنا ئەوە واتە ئێمە لەسەر حەقین‌و خودا لێمان ڕازییە ! كافرەكانی پێش ئەوانیش هەر بەم جۆرە پێغەمبەرەكانیان بەدرۆئەخستەوەو بە سەركەشی باوەڕیان پێ نەئەكردن تا ئازاری ئێمەیان چەشت‌و بە سزای خۆیان گەیشتن. تۆ ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ : هیچ دەلیلێكتان هەیە لەسەر ڕاستی

ئەم قسانەتـان بۆمانـی دەربخـەنو تێمانبگەیێنن! ؟ هیچیتـر نیـیە ئـەوە نـەبێ کـە دوای گومـان کـەوتوونو بوختـان بـۆ خـودا هەڵئەبەستن!!

قُلْ فَلِلّهِ الْحُجَّةُ الْبَالِغَةُ فَلَوْ شَاء لَهَدَاكُمْ أَجْمَعِينَ{١٤٩}

تـۆ ئـەی پێغەمبـەر! پێیـان بڵـێ دەلیلـی بـەهێزو جێگیر هـی خودایە، خودا ئەگـەر بیویسـتایە هـەمووتانی هیدایـەت ئـەدا ، بـەڵام بڕیاری داوە هەندێکتان هیدایەت دراوو هەندێکتان گومڕا بن.

قُلْ هَلُمَّ شُهَدَاءكُمُ الَّذِينَ يَشْهَدُونَ أَنَّ اللّهَ حَرَّمَ هَـــذَا فَإِن شَهِدُواْ فَلاَ تَشْهَدْ مَعَهُمْ وَلاَ تَتَّبِعْ أَهْوَاء الَّذِيـــنَ كَذَّبُـواْ بِآيَاتِنَـــا وَالَّذِيـــنَ لاَ يُؤْمِنُـــونَ بِـالآخِرَةِ وَهُـم بِرَبِّـــهِمْ يَعْدِلُونَ{١٥٠}

ئەی پێغەمبەر! پێیان بڵێ: ئـەو شـاهیدانەتان حـازر کـەن کـە شایەتی ئەدەنو ئەڵێن خودا ئەمەی حەرام کردووە کە ئێـوە ئـەڵێن. جا ئەگەر شایەتییان دا تۆ باوەڕیـان پـێ مەکـەو شـایەتییان لەگـەڵ مەدە، بەڵکو ڕێگای ڕاستیان بۆ ڕوون بکـەرەوە. دوای ئارەزووبـازی ئەوانـە مەکـەوە کـە ئایەتـەکانی ئێمـە بـە درۆ دائـەنێنو ئیمانیـان پێناهێنن ، ئەوانەی کە باوەڕیان بە ڕۆژی دوایـی نیـیەو ، هاوبـەش بۆ خودا بڕیار ئەدەن.

قُلْ تَعَالَوْاْ أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ أَلاَّ تُشْرِكُواْ بِهِ شَـيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَلاَ تَقْتُلُواْ أَوْلاَدَكُم مِّـــنْ إمْـلاَقٍ نَّحْـنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ وَلاَ تَقْرَبُواْ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ

وَلاَ تَقْتُلُواْ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللّهُ إِلاَّ بِالْحَقِّ ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ{١٥١}

ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ: وەرن پێتان بڵێم‌و بۆتان بخوێنمەوە خودا چی لێ حەرام کردوون: نابێ هاوبەش بۆ خودا بڕیار بدەن. ئەبێ لەگەڵ باوك‌و دایکتاندا گوفتارو کردارو دڵو دەروونتان باش بێ‌و، هەرگیز خراپ نەبن لە گەڵیانداو دڵیان ئازار نەدەن. ئەولادەکانتان لە ترسی برسێتی‌و هەژاری مەکوژن ، ئێمە ئەتانژیێنین ئێوەش‌و ئەوانیش . ڕزق‌و ڕۆژیی هەموولایەکتان لەسەر خودایە ، خۆتان لە گوناهی گەورە دوور بخەنەوە چ ئاشکرای‌و چ پەنهانی. بە حەق نەبێ کەس مەکوژن کە خودا کوشتنی حەرام کردووە. ئەمەیە ئامۆژگاریی خودا بۆ ئێوە بەڵکو عەقڵ‌و فام بخەنەکارو ڕێی ڕاست بگرن‌و لە خودا بترسن.

وَلاَ تَقْرَبُواْ مَالَ الْيَتِيمِ إِلاَّ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ حَتَّى يَبْلُغَ أَشُدَّهُ وَأَوْفُواْ الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ بِالْقِسْطِ لاَ نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلاَّ وُسْعَهَا وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُواْ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى وَبِعَهْدِ اللّهِ أَوْفُواْ ذَلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ {١٥٢}

نزیکی ماڵی هەتیو مەبنەوە بە چاکترین شێوە نەبێ واتە: بە هەڵگرتنی بۆیان ، یا خستنەکارو قازانج کردن . بۆیان هەڵگرن تا باڵغ ئەبن‌و ئەفامن . لە مامەڵەدا پێوانەو کێشانە بە ڕێکی‌و بێ زیادو کەم جێبەجێ بکەن. ئێمە ئەوەندەتان لێ داوا ئەکەین کە لە وزەتاندا بێت‌و بتوانن بیکەن. ئەگەر لە مەحکەمەدا شایەتیتان داو

قسەیەکتان کرد ڕاستگۆ بن، درۆ مەکەن با ئەو کەسەش کە شـایەتی بۆ ئەدەن یا شایەتی لەسەر ئەدەن خـزمو خوێشـتان بـن . پـەیمانی خوداو فەرمانەکانی بەجێبێنن. خودا بۆیە بەم جـۆرە ئامۆژگاریتـان ئەکات تا بیربکەنەوەو هۆش بخەنەکارو لە ڕێگای ڕاست لانەدەن.

وَأَنَّ هَـــذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلاَ تَتَّبِعُواْ السُّـبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ذَلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ {١٥٣}

ئەوەی کە لەم سوورەتەدا بۆم خوێندنەوە لە باسی یەکیـەتیی خـوداو ڕاسـتی پێغەمبـەرانو ڕوونکردنـەوەی حوکمـی شـەریعەتی ئیسلام ، ڕێگای ڕاستی بێپێچو پەنای منە ، من بەم ڕێگەدا ئەڕۆم ، ئێوەش بیگرنە بەرو لێی لامەدەن ، مەکەونە دوای ئارەزووی نەفسو ڕێگای هەمەجۆرە کە تەفرو توونـاتان بکاتو سەرتان لێ تێکبداتو لە ڕێی ڕاست لاتـاندات . خـودا بـەوە ئامۆژگاریتـان ئـەکات کـە ڕێگـای ئیسـلام بگـرن ، بـەڵکو خۆتـان لـە گونـاهو لـە سـزای ڕۆژی دوایـی بپارێزن.

ثُمَّ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ تَمَامًـــا عَلَـــى الَّـــذِيَ أَحْسَـــنَ وَتَفْصِيلاً لِّكُلِّ شَيْءٍ وَهُدىً وَرَحْمَـــةً لَّعَلَّـــهُم بِلِقَـــاءِ رَبِّـــهِمْ يُؤْمِنُونَ {١٥٤}

پاشان تەوراتمان دا بە مووساو ، بەو تەوراتە نیعمەتی خۆمـان تـەواو کـرد بـۆ ئەوانـەی کـە بـە باشـی پـەیڕەویی تـەوراتیان کـردو حورمـەتمان گرتـن. لـەو تەوراتـەدا هـەموو ئـەو حوکمانـەمان ڕوون کردەوە کە پێویستیان پێ هەبوو کردمانە هۆی شارەزاییو هیدایـەت بەڵکو خەڵکەکە باوەڕ بەوە بکەن کە ڕۆژی پاداش بە خودای خۆیـان

ئەگەن‌و حیساب‌و کیتابیان لەگەڵ ئەکرێ .

وَهَـذَا كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ مُبَارَكٌ فَـــاتَّبِعُوهُ وَاتَّقُـواْ لَعَلَّكُـمْ تُرْحَمُونَ{١٥٥}

ئەم قورئانەش کتێبێکی بەقازانجە ناردوومانە بۆتان پەیڕەویی بکەن‌و بەگوێرەی ئامۆژگارییەکانی بجووڵێنـەوەو، خۆتـان لـە گونـاه بپارێزن بەڵکو خودای گەورە ڕەحمتان پێ بکات.

أَن تَقُولُواْ إِنَّمَا أُنزِلَ الْكِتَابُ عَلَى طَآئِفَتَيْنِ مِــن قَبْلِنَــا وَإِن كُنَّا عَن دِرَاسَتِهِمْ لَغَافِلِينَ {١٥٦}

ئێمە بۆیە ئەم قورئانـەمان نـارد نـەوەك ئێـوە ئـەی کافرەکـان بڵێن: پێش ئێمە کتێب تەنها بۆ دوو تایەفە نێرراوە جوولەکەو گـاور، ئیتر ئێمە هیچ ئاگامان لەو کتێبانەی ئەوان نەبووەو نەمانزانیوە چین‌و لێی تێ‌نەگەیشتووین.

أَوْ تَقُولُواْ لَوْ أَنَّا أُنزِلَ عَلَيْنَا الْكِتَابُ لَكُنَّا أَهْدَى مِنْـــهُمْ فَقَدْ جَاءكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ فَمَنْ أَظْلَـــمُ مِمَّــن كَذَّبَ بِآيَاتِ اللّهِ وَصَدَفَ عَنْهَا سَنَجْزِي الَّذِينَ يَصْدِفُونَ عَــنْ آيَاتِنَا سُوءَ الْعَذَابِ بِمَا كَانُواْ يَصْدِفُونَ {١٥٧}

یـا بڵێـن ئەگـەر ئێمـە کتێبمـان بـۆ بنێررایـە لـەوان شـارەزاتر ئەبووین ، چونکە ئێمە لەوان زیرەکترو وردبینـترین. ئـەوا دەلیلێکـی ئاشکراتان بۆ هات‌و قورئانێکتـان بـۆ نـێررا کـە مایـەی شـارەزایییەو ئەبێتە هۆی میهرەبانیی خودا بۆ کەسێ پەیڕەویی بکـات. کـێ لـەوە ستەمکارترە کـە ئایەتـەکانی خـودا بەدرۆبخاتـەوەو باوەڕیـان پـێ

نـەكاتو لادا لێیـان ؟ ئێمـە بـەهۆی ئـەو باوەڕنـەكردنو لیَ لادانــەوە توندترین ســزای ئەوانـە ئـەدەین كـە سـەرپێچی ئەكـەنو لـە ڕێگـای ڕاستو لە ئایەتەكان لائەدەن.

هَلْ يَنظُرُونَ إِلاَّ أَن تَأْتِيهُمُ الْمَلآئِكَةُ أَوْ يَـــأْتِيَ رَبُّـــكَ أَوْ يَأْتِيَ بَعْضُ آيَاتِ رَبِّكَ يَوْمَ يَأْتِي بَعْضُ آيَاتِ رَبِّـــكَ لاَ يَنفَـــعُ نَفْسًا إِيمَانُهَا لَمْ تَكُنْ آمَنَتْ مِن قَبْلُ أَوْ كَسَبَتْ فِي إِيمَانِـــــهَا خَيْرًا قُلِ انتَظِرُواْ إِنَّا مُنتَظِرُونَ {١٥٨}

چاوەڕوانی هیچ نین هی ئەوە نەبیَ كە مەلائیكـەی گیانكێشـان یـا مەلائیكـەی سـزادانیان بـۆ بێـت، یـا سـزای خـــوداو نیشــانەكانی قیامەت بێن، یا هەندیَ لە نیشانەكانی قیامەتو ڕۆژی دوایی بێن. كە هــەندیَ لـە ئایەتـەكانی خـودا هـاتن ئیـتر ئیمـان هێنـان لـەو كاتــەدا سوودی نیـیە بۆ كەسیَ كە لەوە پێـش ئیمـانی نـەهێنابیَ یـا ئیمـانی هێنـابیَو چاكـەیێكی پـیَ نـەكردبیَ . ئـەی موحەممـەد! پێیـان بڵــیَ دەسا ئێوە چاوەڕوانی یەكیَ لەوانە بن، ئێمەیش چـاوەڕوانین بزانـین سەرەنجام كیَ قازانج ئەكاتو كیَ بە سەروماڵەوە تیائەچیَ!؟

إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعًا لَّسْتَ مِنْـــهُمْ فِـــي شَيْءٍ إِنَّمَا أَمْرُهُـــمْ إِلَـــى اللّـــهِ ثُـــمَّ يُنَبِّئُـــهُم بِمَـــا كَـــانُواْ يَفْعَلُونَ{١٥٩}

هەرگیز تۆ لەوانە نیت كـە دینەكـەیان پارچـە پارچـە كـردووەو باوەڕیـان بـە هــەندێكی هەیـەو هــەندێكیتری باوەڕیـان پێـی نـیـەو بوونەتە تیپ تیپو گرۆە گرۆە. تۆ پێوەندیت بەوانەوە نـیـە. خـودا خـۆی حیسـابو كیتـــاب لەگـــەڵ ئەوانـــە ئـــەكاتو تۆڵـــەیان لیَ

ئەسێنێتەوەو، لە ڕۆژی خۆیدا ئاگاداریان ئەکات کە لە دنیادا چییان کردووە؟ ئەوانە لە دەستی خودا دەرناچن.

مَن جَاءَ بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ عَشْرُ أَمْثَالِهَا وَمَن جَاءَ بِالسَّيِّئَةِ فَلاَ يُجْزَى إِلاَّ مِثْلَهَا وَهُمْ لاَ يُظْلَمُونَ {١٦٠}

هەرکەس چاکەیێ بکات دە قاتی ئەو چاکەیە پاداشی ئەدرێتەوە، هەرکەسیش خراپەیێ بکات تەنها بە قەدەر خراپەکەی تۆڵەی لێ ئەسەنرێو، هەرگیز ستەمیان لێ ناکرێ بە کەم کردنەوەی پاداشی کردەوەی چاك ، یا بە زیادکردنی ئازاری تۆڵەی کردەوەی خراپ.

قُلْ إِنَّنِي هَدَانِي رَبِّي إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ دِينًا قِيَمًا مِّلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ {١٦١}

ئەی پێغەمبەر! تۆ پێیان بڵێ : خودای گەورە ڕێگای ڕاستی پیشان داوم کە ئایینێکی خاوێنو پایەدارە، ئایینی خودا بە یەك ناسین ، کە ئایینی حەزرەتی ئیبراهیم بووە (د.خ) . بێگومان ئیبراهیم خودای بە یەك ناسیوەو هەرگیز لە زومرەی ئەوانە نەبووە کە هاوبەشیان بۆ خودا داناوە.

قُلْ إِنَّ صَلاَتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ{١٦٢}

ئەی موحەممەد! تۆ بڵێ: بە ڕاستی نوێژو هەموو جۆرە عیبادەتێکم یا حەجو قوربانیمو هەر عیبادەتێ لە کاتی زیندوویەتیدا ئەیکەمو لەسەری ئەمرم هەمووی بۆ خودایە کە خوای هەموجۆرە مەخلووقێکە.

لاَ شَرِيكَ لَهُ وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَاْ أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ {١٦٣}

هاوبەشی نی‌یەو من بەمجۆرە ڕاستی‌و دڵسۆزی‌و خاوێنییە لەلایەن خوداوە فەرمانم پێدراوەو من لەپێش هەموو ئوممەتی خۆمەوە موسوڵمان بوومو ڕێگای ڕاستی ئیسلامەتیم گرتووەتەبەر.

قُلْ أَغَيْرَ اللّهِ أَبْغِي رَبًّا وَهُوَ رَبُّ كُلِّ شَيْءٍ وَلاَ تَكْسِبُ كُلُّ نَفْسٍ إِلاَّ عَلَيْهَا وَلاَ تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى ثُمَّ إِلَى رَبِّكُم مَّرْجِعُكُمْ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ {١٦٤}

ئەی موحەممەد! تۆ بڵێ لە خودای تاك‌و تەنیا بەولاوە بگەڕێم بەدوای خودایەکی‌تردا بیپەرستم‌و بیکەمە هاوبەشی خودا ، کە خودای تاك‌و تەنیا پەروەردگاری هەمووشتەو، هیچی‌تر غەیری خۆی شایانی پەرستن نی‌یە؟ دیارە نە . بێگومان نەفسی ئینسان هەر خراپەیەك بکات زیانەکەی هەر بۆ خۆی ئەگەڕێتەوەو قازانجی پێ ناگەیێنێ. ئێوەیش ناتوانن گوناهی من بگرنە ئەستۆ چونکە هیچ تاوانبارێ تاوانی یەکێکی‌تر هەڵناگرێ‌و، هەرکەس تاوانی خۆی بە کۆڵی خۆیەوەیە . جا لە ڕۆژی قیامەتدا هەمووتان ئەگەڕێنەوە بۆ لای خوداو ، خودا ئەوشتانەتان بۆ ڕوون ئەکاتەوە کە خیلافتان تیایا هەبوو . لەو ڕۆژەدا ڕاستی لە ناڕاستی‌و چاکەکەر لە خراپەکەر جیا دەکرێتەوە.

وَهُوَ الَّذِي جَعَلَكُمْ خَلاَئِفَ الأَرْضِ وَرَفَعَ بَعْضَكُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَآ آتَاكُمْ إِنَّ رَبَّكَ سَرِيعُ الْعِقَابِ وَإِنَّهُ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ {١٦٥}

خودا ئەو خودایە کە ئێـوەی کـردووە بـە جێنشـینی خـۆی لـە زەویدا، یا هەندێکی کردووەتە جێنشـینی هـەندێکیتر و یـەك لـەدوای یەك دێن ، هەر خودایـە کـە هـەندێکی بەسـەر هـەندێکیترتاندا بـەرز کردوەتەوە لە جێگاو سامانو دەوڵەمەندیدا تا تاقیتان بکاتـەو، لـەو گەورەییو دەوڵەمەندییەدا کـە پێـی بەخشـیون . خـودا گـورج تۆڵـە ئەسـێنێتەوە، چونکـە ڕۆژی قیامـەت نزیکـە ، هـەروەها خـودا گوناهبەخشو میهرەبانە.

سوورەتی (الأعراف)

مەککەییە بێجگە لە ئایەتی (١٦٣) وە تا دوایی ئایەتی (١٧٠) ، کە مەدینەیین . (٢٠٦) ئایەتە .

بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

المص {١}

لای هـەندێ لـە ئـەهلی تەفسـیر واتـە : (المُصـوِّر) . لای هەندێکیتر واتە: (أنا اللهُ أعلمُ وأفصِّل) . لای هەندێکیش ئەم جۆرە ئایەتانـە نـاوی سـوورەتەکانیانن . لای هـەندێکیتریان نـاوی حەرفـەکانن : ئـەلیف ، لام ، میـم ، صـاد ، . خـودای گـەورەش لـە هەموو کەس زاناترەو ، خۆی ئەزانێ واتای چییە ؟ .

كِتَابٌ أُنزِلَ إِلَيْكَ فَلاَ يَكُن فِي صَدْرِكَ حَرَجٌ مِّنْهُ لِتُنذِرَ بِهِ وَذِكْرَى لِلْمُؤْمِنِينَ {٢}

ئەم قورئانە کتێبێکە نێرراوەتە خـوار بـۆ لات . بـا دڵـت تـەنگ

نەبێو لات گران نەبێ کە بە خەڵکی ڕابگەیێنی . بۆیە بۆمان ناردوویت کافرانی پێ بترسێنی لە ئەنجامی بێئیمانیو ، موسوڵمانانی پێ ئاگادار بکەیتەوەو ، هەموو جار ئەنجامی خوداپەرستی یا ملپێچییان بخەیتەوە یاد.

اتَّبِعُواْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ وَلاَ تَتَّبِعُواْ مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ قَلِيلاً مَّا تَذَكَّرُونَ {٣}

دوای ئەو قورئانە بکەون کە خودا نازڵی کردوەتە سەرتان ، مەکەونە دوای کەسانیتر یا ئاایینیتر ، کە ڕێگاتان لێ ون بکەنو تووشی سزای ڕۆژی قیامەت ببن . ئێوە کەم بیرئەکەنەوە بۆیە دوای ئایینی خودا ناکەونو پەیڕەویی خەڵکیتر ئەکەن .

وَكَم مِّن قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَاهَا فَجَاءَهَا بَأْسُنَا بَيَاتاً أَوْ هُمْ قَآئِلُونَ{٤}

چەندین ئاوەدانیمان وێرانکردو ئەهلەکەمان لەناوبردنو ، لە شەودا سزای ئێمەیان بۆ هات یا لە کاتی نیوەڕۆدا کە نوستبوون یا خۆ لە حەسانەوەو ئیستیراحەتدا بوون .

فَمَا كَانَ دَعْوَاهُمْ إِذْ جَاءَهُمْ بَأْسُنَا إِلاَّ أَن قَالُواْ إِنَّا كُنَّا ظَالِمِينَ{٥}

کە سزاو ئازاری ئێمەیان بۆ هات هیچیان بۆ نەمایەوە بیڵێن ئەوە نەبێ کە دان بە تاوانی خۆیاندا بنێنو بڵێن : بەڕاستی ئێمە ستەمکار بووین .

فَلَنَسْأَلَنَّ الَّذِينَ أُرْسِلَ إِلَيْهِمْ وَلَنَسْأَلَنَّ الْمُرْسَلِينَ {٦}

جا له پاشەڕۆژدا پرسیار لەو خەڵکە ئەکەین کە پێغەمبەرانیان بۆ ڕەوانە کرابوون کە وەڵامی پێغەمبەرەکانیان چۆن داوەتەوە ؟ هەروەها پرسیار لە پێغەمبەرەکانیش ئەکەین کە ئەمان چییان پێ وتوونو ، ئەوان چۆن جوابیان داونەتەوە ؟ .

فَلَنَقُصَّنَّ عَلَيْهِم بِعِلْمٍ وَمَا كُنَّا غَآئِبِينَ {٧}

جا ئەوکاتە هەموو شتێکیان بۆ ئەگێڕینەوە لە زانینەوەو لە ئاگادارییەوە . ئێمە هیچ کاتێ بێئاگا نەبووین لێیانو ، بە هەموو شتمان زانیوە .

وَالْوَزْنُ يَوْمَئِذٍ الْحَقُّ فَمَن ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ {٨}

لەو ڕۆژەدا کە ڕۆژی قیامەتە کێشانەی کردەوە ڕاستەو تۆزقاڵێ زیادو کەمی تێدا نییە ، جا هەر کەسێ کێشی کردەوەی چاکی قورس بێ ئەوە ئەوانەن کە ڕزگار بوون .

وَمَنْ خَفَّتْ مَوَازِينُهُ فَأُوْلَـئِكَ الَّذِينَ خَسِرُواْ أَنفُسَهُم بِمَا كَانُواْ بِآيَاتِنَا يِظْلِمُونَ {٩}

ئەوانەیش کە کێشی کردەوەی چاکیان سووکە ئەوە خۆیانیان دۆڕاندووە ، چونکە ستەمیان لە ئایەتەکانی ئێمە کردووەو باوەڕیان پێ نەکردوون .

وَلَقَدْ مَكَّنَّاكُمْ فِي الأَرْضِ وَجَعَلْنَا لَكُمْ فِيهَا مَعَايِشَ قَلِيلاً مَّا تَشْكُرُونَ {١٠}

بەڕاستی دەستمان گیرکردن لەسەر زەویو تیایا دانیشتنو ،

هۆیـــەکانی ژیانمـــان بـــۆ دروســـتکـــردن تیایـــا ، وەك کشـــتوکاڵو هۆیەکانیتر ، بەڵام ئێوە کەم شوکری خودا ئەکەن ! .

وَلَقَدْ خَلَقْنَاكُمْ ثُمَّ صَوَّرْنَاكُمْ ثُمَّ قُلْنَا لِلْمَلآئِكَـــةِ اسْـــجُدُواْ لآدَمَ فَسَجَدُواْ إِلاَّ إِبْلِيسَ لَمْ يَكُن مِّنَ السَّاجِدِينَ {١١}

بەڕاستی ئێمە باپیرە گەورەی ئێوەمان دروستکردو ، شێوەی بنیادەممان پـێ دا . پاشـــان وتمـــان بـــە فریشـــتەکان ســـوجدەی ئیحتیرام بەرن بۆ ئادەم ، ئەوانیش هەموویان ســـوجدەیان بـۆ بـرد ، ئیبلیس نەبێ کە سەرپێچی کردو سوجدەی نەبرد .

قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلاَّ تَسْجُدَ إِذْ أَمَرْتُكَ قَالَ أَنَـــاْ خَـــيْرٌ مِّنْـــهُ خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُ مِن طِينٍ {١٢}

خودا فەرمووی بە شەیتان : بۆ کە پێموتی سوجدەت نەبرد بۆ ئادەم؟ ئـــەویش وتـــی : مـــن باشـــترم لـــەو ، منـــت لـــە ئـــاگر دروســـت کردووە کە نوورانیو ڕووناکەو ، ئادەمت لە قـــوڕ دروســـتکـــردوە کـــە بێنوورو تاریکە ! .

قَالَ فَاهْبِطْ مِنْهَا فَمَا يَكُونُ لَكَ أَن تَتَكَبَّرَ فِيهَا فَـــاخْرُجْ إِنَّكَ مِنَ الصَّاغِرِينَ {١٣}

خودای گەورە پێی فەرموو : دەی دابەزە بەرەو خوارو دەرچۆ لە بەهەشت ، تۆ حەقی ئەوەت نییـە تەکـەببوری تێـدا بکـەیتو لـە خۆت بایی ببیو تیایا بژیت . بێگومان تۆ لە بێقەدرەکانی .

قَالَ أَنظِرْنِي إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ {١٤}

ئەنجا شەیتان وتی : مادەم لە بەهەشت دەرمئەکـەیتو دوورم ئەخەیتەوە ، تا ڕۆژی قیامـەت مـاوەم بـدە ، تـا ئـەوەندەی دەستم

ئەڕوا لە ئەولادی ئادەم گومڕا بکەمو تۆڵەی خۆمیان لیٚ بکەمەوە ! .

قَالَ إِنَّكَ مِنَ المُنظَرِينَ {١٥}

خودا فەرمووی : دە برۆ تا ئەو وەختە مۆڵەتت بێ .

قَالَ فَبِمَا أَغْوَيْتَنِي لأَقْعُدَنَّ لَهُمْ صِرَاطَكَ الْمُسْتَقِيمَ {١٦}

ئەنجا شەیتان وتی : مادام منت وەها گومڕا کرد چەقی ڕێگا ڕاستەکەتیان لیٚ ئەگرمو بۆیان دائەنیشمو . لەو ڕێگایە لایان ئەدەمو گومڕایان ئەکەم .

ثُمَّ لآتِيَنَّهُم مِّن بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ وَعَنْ أَيْمَانِهِمْ وَعَن شَمَآئِلِهِمْ وَلاَ تَجِدُ أَكْثَرَهُمْ شَاكِرِينَ {١٧}

پاش ئەوە لە هەموو لایێکەوە بۆیان دێم ، لە بەردەمەوە ، لە پشتەوە، لای ڕاستەوە ، لای چەپەوە ، بە هەموو جۆرێ هەوڵ ئەدەم لەخشتەیان بەرم . ئەوا ئەبینی کە زۆرتریان شوکرانەبژێر نابنو بە فەرمانی تۆ ناجووڵێنەوە .

قَالَ اخْرُجْ مِنْهَا مَذْءُومًا مَّدْحُورًا لَّمَن تَبِعَكَ مِنْهُمْ لأَمْلأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكُمْ أَجْمَعِينَ {١٨}

جا خودا فەرمووی : دەی دەرچۆ لە بەهەشت بە زەمکراویو دەرکراویو دوورخراوەیی لە ڕەحمەتی ئێمە . قەسەم بە گەورەییم هەر بنیادەمێ بکەوێتە شوێنتو بەگوێت بکات دۆزەختان لیٚ پڕ ئەکەم هەمووتان .

وَيَا آدَمُ اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ فَكُلاَ مِنْ حَيْثُ شِئْتُمَا وَلاَ تَقْرَبَا هَـذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ {١٩}

هەروەها فەرمووی بە ئادەم (د . خ) ئەی ئادەم ! تۆو ژنەکەیشت لە بەهەشت دانیشن‌و لە میوەو خواردەمەنی بەهەشت بخۆن ، لە هەر لاییکەوە ئارەزووتان لێیە ، بەلاَم نزیکی ئەم دارە مەکەونەوە ، واتە : داری گەنم ، ئەگەرنا لە زومرەی ستەمکاران ئەبن .

فَوَسْوَسَ لَهُمَا الشَّيْطَانُ لِيُبْدِيَ لَهُمَا مَا وُورِيَ عَنْهُمَا مِن سَوْءَاتِهِمَا وَقَالَ مَا نَهَاكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هَـذِهِ الشَّجَرَةِ إِلاَّ أَن تَكُونَا مَلَكَيْنِ أَوْ تَكُونَا مِنَ الْخَالِدِينَ {٢٠}

جا شەیتان وەسوەسەی خستە دڵیانەوە تا عەورەتی داپۆشراویان دەرکەوێ بۆیان‌و ڕووت ببێ ، کە دەرکەوتنی شتێکی ناشیرینە . چووە بن‌کلێشەیان‌و وتی : خودا بۆیە خواردنی بەری ئەو دارەی لێ مەنع کردوون تا نەبنە مەلائیکە ، یا تا لە بەهەشتدا بەئەبەدی نەمێننەوە ، واتە : ئەگەر بێت‌و لێی بخۆن یا ئەبنە مەلائیکە یا هەتا هەتایە لە بەهەشتدا ئەمێننەوە .

وَقَاسَمَهُمَا إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ النَّاصِحِينَ {٢١}

سوێندیشی بۆ خواردن کە من بەڕاستی ئامۆژگاریتان ئەکەم ! .

فَدَلاَّهُمَا بِغُرُورٍ فَلَمَّا ذَاقَا الشَّجَرَةَ بَدَتْ لَهُمَا سَوْءَاتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِن وَرَقِ الْجَنَّةِ وَنَادَاهُمَا رَبُّهُمَا أَلَمْ أَنْهَكُمَا عَن تِلْكُمَا الشَّجَرَةِ وَأَقُل لَّكُمَا إِنَّ الشَّيْطَآنَ لَكُمَا عَدُوٌّ مُّبِينٌ {٢٢}

جا شەیتان بە سوێند خواردن ئادەم‌و حەووای هەڵخەڵەتاندو

لە بەرزییەوە هێنانیە پەستی ، ئادەم وایئەزانی کەس بە درۆ سوێند بە خودا ناخوات ، تیتر لە داری گەنمیان خواردو ئەو بەرگە نوورانییەیان لەسەر لاچوو و ، عەورەتیان دەرکەوتو ، خەریك بوون گەڵای داری بەهەشتیان بەخۆیانەوە دەپێچا تا عەورەتیان دەرنەکەوێ . ئەنجا خودا بانگی لێکردن‌و فەرمووی : ئایا من مەنعم نەکردن لە خواردنی بەری ئەو دارە؟ ئایا پێم نەوتن کە بەڕاستی شەیتان دوژمنێکی دیاری‌و ئاشکراتانە؟.

قَالاَ رَبَّنَا ظَلَمْنَا أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ {٢٣}

وتیان : ئەی خودای پەروەردگار ! ئێمە ستەممان لە خۆمان کرد ، ئەگەر تۆ لە گوناهمان خۆش نەبی‌و ڕەحممان پێ نەکەی لە زومرەی زیانباران ئەبین .

قَالَ اهْبِطُواْ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي الأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ {٢٤}

ئەنجا خودا فەرمووی : لە بەهەشت داپەڕنە خوار بۆ سەر زەوی. هەندێکتان ئەبنە دوژمنی هەندێکتان . ئێوە لەسەر زەوی دائەمەزرێن‌و ڕائەبوێرن تا موددەتان تەواو ئەبێ‌و ڕۆژتان دێت .

قَالَ فِيهَا تَحْيَوْنَ وَفِيهَا تَمُوتُونَ وَمِنْهَا تُخْرَجُونَ{٢٥}

خودای گەورە فەرمووی : لە زەویدا ئەژین‌و لەوێیش ئەمرن‌و ، هەر لەوێیش دەرئەکرێن بۆ حەشر لە ڕۆژی قیامەتدا .

يَا بَنِي آدَمَ قَدْ أَنزَلْنَا عَلَيْكُمْ لِبَاسًا يُوَارِي سَوْءَاتِكُمْ

وَرِيشًا وَلِبَاسُ التَّقْوَى ذَلِكَ خَيْرٌ ذَلِكَ مِنْ آيَاتِ اللّهِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ {٢٦}

خودای گەورە لە ڕێگای پێغەمبەرانەوە بە بنیادەمی فەرموو : ئەی ئادەمزاد ! ئێمە شتی وەهامان بۆ دروستکردوون عەورەتتان داپۆشێ و ، شتی وەهایشمان بۆ دروست کردوون کە بۆ جوانی لەبەری کەن . بەڵام پۆشاکی لەخوداترسان و خۆ دوورخستنەوە لە گوناە باشترین بەرگ و پۆشاکە . ئەمەیش نیشانەی گەورەیی و میهرەبانیی خودایە ، بەڵکو بیربکەنەوەو شوکری نیعمەتەکانی خودا بکەن .

يَا بَنِي آدَمَ لاَ يَفْتِنَنَّكُمُ الشَّيْطَانُ كَمَا أَخْرَجَ أَبَوَيْكُم مِّنَ الْجَنَّةِ يَنزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوْءَاتِهِمَا إِنَّهُ يَرَاكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُ مِنْ حَيْثُ لاَ تَرَوْنَهُمْ إِنَّا جَعَلْنَا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاءَ لِلَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ{٢٧}

ئەی ئادەمزاد ! ئاگاتان لە خۆتان بێ شەیتان نەتانخەڵەتێنێ و نەتانخاتە ناو میحنەتی کوفرو گومڕاهییەوە ، وەك باوك و دایکتانی لە بەهەشت بە دەرکردن داو بەرگی بەهەشتی لێ دارنین و عەورەتی خۆیانی پێشان دان . بێگومان شەیتان و دەستەو بەستەکەی لە دنیادا ئێوە ئەبینن ، بەڵام ئێوە ئەوان نابینن ، شەیتانەکان دۆستی ئێوە نین . ئێمە ئەو شەیتانانەمان کردوونەتە دۆستی ئەو کەسانەی باوەڕیان بە خودا نییە .

وَإِذَا فَعَلُواْ فَاحِشَةً قَالُواْ وَجَدْنَا عَلَيْهَا آبَاءَنَا وَاللّهُ

أَمَرَنَا بِهَا قُلْ إِنَّ اللّهَ لاَ يَأْمُرُ بِالْفَحْشَاءِ أَتَقُولُونَ عَلَى اللّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ{٢٨}

كاتێ كارێكی خراپو ناشایسته بكەنو پێیان بوترێ بۆچی ئەو كارە نابارە ئەكەن؟ لە وەڵامدا ئەڵێن ئێمە باوكو باپیری خۆمانمان دیون ئەم كارەیان كردووەو ئێمەیش ئەیكەین ، خودایش ئەمری پێ كردووین بیكەین. جا تۆ پێیان بڵێ : حاشا وە كەللا خودا ئەمر ناكات بە كاری ناشایستەو خراپ ، ئێوە قسەی ناڕەوا بەدەم خوداوە هەڵئەبەستن !.

قُلْ أَمَرَ رَبِّي بِالْقِسْطِ وَأَقِيمُواْ وُجُوهَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ وَادْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ كَمَا بَدَأَكُمْ تَعُودُونَ {٢٩}

تۆ پێیان بڵێ : خودا ئەمری كردووە بە میانەڕەویو عەدالەت . هەروەها ئەمری كردووە بەوەی كە ڕووبكەنە خوداپەرستی لە هەموو كاتێكی سوجدەبردندا ، یا لە هەر شوێنە نوێژێكدا بۆتان هەڵكەوێ. بە دڵسۆزی عیبادەت بۆ خودا بكەن ، دوایی هەر بۆ لای خودا ئەگەڕێنەوەو ، وەك لە سەرەتاوە دروستیكردن وەهایش لە حەشردا زیندووتان ئەكاتەوەو حیسابو كیتابتان لەگەڵ ئەكات .

فَرِيقًا هَدَى وَفَرِيقًا حَقَّ عَلَيْهِمُ الضَّلاَلَةُ إِنَّهُمُ اتَّخَذُوا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاءَ مِن دُونِ اللّهِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ{٣٠}

جا هیدایەتی تاقمێكی داو تاقمێكیش گومڕاهییان لەسەر بوو بە ماڵ، چونكە گومڕاكان شەیتانەكانیان كردنە دۆستی خۆیان نەك

خـودای پـــەروەردگاری جیــهان ، وایــش ئــەزانن خۆیــان شــارەزاو هیدایەتدراون.

يَا بَنِي آدَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ وكُلُواْ وَاشْرَبُواْ وَلاَ تُسْرِفُواْ إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ {٣١}

ئەی ئادەمزادینە ! جلوبەرگتان لەبەرکەن‌و عەورەتتان داپۆشن لە هەموو مزگەوتێکدا، لە کاتی تەواف یا لــە کـاتـی نوێژکردنـداو، بـە ڕووتی نوێژ مەکەن‌و بــە ڕووتــی بـە دەوری کەعبــەدا مەســووڕێنەوە. چی خودا حەرامی کردووە حەلاڵی مەکــەن لــە خۆتــان . زیـادەڕەوی مەکەن چ لە خواردەمەنی‌و چ لە پۆشــاکدا، خــودای گــەورە ئەوانــەی خۆش ناوێ کە زیادەڕەوی ئەکەن .

قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللّهِ الَّتِيَ أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالْطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ قُلْ هِي لِلَّذِينَ آمَنُواْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا خَالِصَــةً يَــوْمَ الْقِيَامَةِ كَذَلِكَ نُفَصِّلُ الآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ {٣٢}

تــۆ بلــێ : کــێ ئــەو جلوبەرگــە جوانانــەی حــەرام کــردووە کــە خودای گەورە دەریهێناون بۆ بەندەکانی خۆی ، لــە گیـا وەك لۆكــەو كــەتان ، یـا لــە گیانلەبــەر وەك ئاوریشــم‌و خــوری ، یــا لــە كانــەكان وەك زری‌و پۆشاکی جەنگی ؟ کێ ئەو ڕزق و ڕۆزییە پاك و پوختــەی حەرام کردووە کە خودا دروستی کردووە بۆ بــەندەکانی خــۆی ؟ تــۆ بلێ : ئەم هەموو نیعمەتە لە دنیادا هــی موســوڵمانانەو کافرەکــانیش بەهۆی ئەوانەوە دەستیان ئەکەوێ، بەڵام لە ڕۆژی قیامــەتدا تەنـها بۆ خوداپەرستانەو کــەس هاوبەشیان نابێ.

قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَالإِثْمَ وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَأَن تُشْرِكُواْ بِاللّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَأَن تَقُولُواْ عَلَى اللّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ {٣٣}

تۆ بلێ : خـودای گـەورە هیچـی حـەرام نـەکردووە ئـەو کارانـە نەبێ کە فاحیشەو ناشیرینن وەك كوفرو فاسقیو فجوور و ئازاردانی خـەڵكو دزیو جـەردەیی ، ئـەوەی کـە دیـار بـێو ئـەوەیش کـە بەپەنهانی بکرێ . هـەروەها ئـەو تاوانانـەی کـە حـەددی شـەرعییان لەسەر نییەو ، ستەمکردن لە خەڵك بە ناحەق . هەروەها ئـەوەی لێ حەرام کردوون کە هاوبەش بۆ خودا دابنێن کە بە هیـچ جۆرێ خـودا دەلیلێکی نـەناردووە لەسـەر ڕاستیی ئـەو هاوبەشـە ناحەقانـە . ئەوەتـان لێ حـەرام کـراوە کـە بـە بـێ زانیـاریو ، تەنـها بـە دواکەوتنـی قسـەی باوپیرانتـان ، درۆو دەلەسـە بـەدەم خـوداوە هەڵبەستن.

وَلِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ فَإِذَا جَاء أَجَلُهُمْ لاَ يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلاَ يَسْتَقْدِمُونَ {٣٤}

بۆ هەموو ئوممەتێ ماوەییێکی تایبـەتی دانـراوە ، کـە ماوەکـەیان تەواو بوو و ڕۆژیان هات نە سەعاتێ دوائەخرێنو نـە سـەعاتێ پێـش ئەخرێن .

يَا بَنِي آدَمَ إِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ يَقُصُّونَ عَلَيْكُمْ آيَاتِي فَمَنِ اتَّقَى وَأَصْلَحَ فَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ {٣٥}

ئەی ئادەمزادەکان ! کـە پێغەمبـەرانێ لـە خۆتـان هـاتن بـۆ

لاتان‌و ئایەتەكانی ئێمەیان بۆ خوێندنەوە ، هەر كەس حاڵی خۆی ڕێك بخا لەگەڵ خودادا و لە سزای خودا بترسێ ئەوە لە دواڕۆژدا نە ترسیان ئەبێ‌و نە پەژارە .

وَالَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا وَاسْتَكْبَرُواْ عَنْهَا أُوْلَـئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ {٣٦}

ئەو كەسانەیش كە ئینكاری ئایەتەكانی ئێمە بكەن‌و خۆیان بە گەورە بزانن‌و ملپێچی بكەن لێیان ئەوانە هاوڕێی ئاگری دۆزەخن‌و هەتا هەتایە تیایا ئەمێننەوە .

فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِآيَاتِهِ أُوْلَـئِكَ يَنَالُهُمْ نَصِيبُهُم مِّنَ الْكِتَابِ حَتَّى إِذَا جَاءتْهُمْ رُسُلُنَا يَتَوَفَّوْنَهُمْ قَالُواْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللّهِ قَالُواْ ضَلُّواْ عَنَّا وَشَهِدُواْ عَلَى أَنفُسِهِمْ أَنَّهُمْ كَانُواْ كَافِرِينَ {٣٧}

كێ لەوە ستەمكارترە كە درۆ بە دەم خوداوە هەڵبەستێ یا ئینكاری ئایەتەكانی بكات؟ ئەوانە چییان بۆ نووسراوە لە ڕزق و ئەجەل پێیان ئەگات. جا كاتێ كە مەلائیكەی گیانكێشان دێن بۆ لایان گیانیان ئەكێشن و پێیان ئەڵێن : كوان ئەو بتانەو ئەو شتانەی بێجگە خودا ئەتانپەرستن ؟ ئەوانیش لە وەڵامدا ئەڵێن : ئەوانە لێمان ون بوون و دیار نین. بەم جۆرە ئیعتیراف ئەكەن لەسەر خۆیان كە گومڕاو كافر بووون .

قَالَ ادْخُلُواْ فِي أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِكُم مِّن الْجِنِّ وَالإِنسِ فِي النَّارِ كُلَّمَا دَخَلَتْ أُمَّةٌ لَّعَنَتْ أُخْتَهَا حَتَّى إِذَا

ادَّارَكُواْ فِيهَا جَمِيعًا قَالَتْ أُخْرَاهُمْ لأُولاَهُمْ رَبَّنَا هَؤُلاءِ أَضَلُّونَا فَآتِهِمْ عَذَابًا ضِعْفًا مِّنَ النَّارِ قَالَ لِكُلٍّ ضِعْفٌ وَلَكِن لاَّ تَعْلَمُونَ {٣٨}

جا خودا پێی‌فەرموون: دە بچنە ناو کۆمەڵانی نەتەوە کافرەکانی پێش خۆتان لە بنیادەم‌و لە جیننی . جا هەر تاقمێ ئەڕۆیشتە ناو ئاگر لەعنەتی لە ئوممەتەکەی پێش خۆی ئەکرد کە دوایان‌کەوتبوون. کە هەموو لەوێ کۆبوونەوەو ڕووبەڕووی یەك وەستان پەیڕەوەکان دەربارەی ئەوانەی دوایان‌کەوتبوون ئەیانوت: خودایا ! ئا ئەمانە بوون ئێمەیان گومڕا کرد . دە دوو قات بە ئاگر سزایان بدە، حەقی ئەوەی خۆیان گومڕا بوون‌و هی ئەوەیش ئێمەیان گومڕا کرد. خودا ئەفەرموێ : ئێوەش‌و ئەوانیش هەموو تۆڵەتان لێ ئەسەنرێ، ئەوان هی ئەوەی خۆیان گومڕا بوون‌و هی ئەوەیش ئێوەیشیان گومڕا کرد . ئێوەش هی ئەوەی گومڕا بوون‌و هی ئەوەش عەقڵتان نەخستەکارو دوای ئەوان کەوتن، بەلام نە ئێوەو نە ئەوان کەستان بە حاڵو سزای کەسی‌ترتان نازانن.

وَقَالَتْ أُولاَهُمْ لأُخْرَاهُمْ فَمَا كَانَ لَكُمْ عَلَيْنَا مِن فَضْلٍ فَذُوقُواْ الْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْسِبُونَ {٣٩}

ئەنجا کۆمەڵە پێشووە گومڕاکەرەکان وتیان بە کۆمەڵی دوای خۆیان کە پەیڕەوییان کردبوون: ئەوا ئێمەو ئێوە وەك‌یەك سزا ئەدرێین‌و، ئێوە هیچ لە ئێمە چاکتر نین. دە بچێژن سزا بەهۆی کردەوەی بەدتانەوە .

إِنَّ الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا وَاسْتَكْبَرُواْ عَنْهَا لاَ تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَابُ السَّمَاءِ وَلاَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى يَلِجَ الْجَمَلُ فِي سَمِّ الْخِيَاطِ وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُجْرِمِينَ {٤٠}

بێگومان ئەوانەی باوەڕ بە ئایەتەکانی ئێمە ناکەن و خۆیان بە گەورەتر ئەزانن لەوەی ئیمانیان پێ بهێنن، ئەوانە هەرگیز دەرگای ئاسمانیان بۆ ناکرێتەوەو، ڕەحمەتی خودا ڕوویان تێناکات و، تا وشتر نەچێت بە کونی دەرزیدا ئەوانیش ناچنە بەهەشت، کە مەحاڵە وشتر بچێ بە کونی دەرزیدا. ئا بەم جۆرە عادلانە پاداشی تاوانباراز ئەدەینەوەو تۆڵەیان لێ ئەسێنین.

لَهُم مِّن جَهَنَّمَ مِهَادٌ وَمِن فَوْقِهِمْ غَوَاشٍ وَكَذَلِكَ نَجْزِي الظَّالِمِينَ {٤١}

ئەم کافرانە ڕایەخیان دۆزەخەو نوێنیان دۆزەخەو سەرو خواریان بە ئاگر گیراوە. ئا بەم جۆرە پڕ سزایە پاداشی ستەمکاران ئەدەینەوە.

وَالَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ لاَ نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلاَّ وُسْعَهَا أُوْلَـئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ {٤٢}

ئەوانەی ئیمانیان هێناوە بە خوداو پێغەمبەرو کردەوەی باشیان کردوە، ئێمە تەنها بەقەدەر توان تەکلیفی چاکە لە خەڵك ئەکەین، ئەوانە هاوڕێی بەهەشتن و هەتا هەتایە تیایا ئەمێننەوە.

وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنْ غِلٍّ تَجْرِي مِن تَحْتِهِمُ

الأَنْهَارُ وَقَالُواْ الْحَمْدُ لِلّهِ الَّذِي هَدَانَا لِهَـذَا وَمَا كُنَّا لِنَـهْتَدِيَ لَوْلا أَنْ هَدَانَا اللّهُ لَقَدْ جَاءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِالْحَقِّ وَنُـودُواْ أَن تِلْكُمُ الْجَنَّةُ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ {٤٣}

هەرچی لە دڵیاندا بێ لە ئەسبابی ڕق‌و کینەو یەکترنەویستن دەریئەهێنین و ئەبنە برای یەکتر. لە بەردەمیاندا جۆگاو ڕووبارو گوڵو گوڵزارە. ئەڵێن: سوپاس‌و ستایش بۆ ئەو خودایەی شارەزای ڕێگایەکی کردین گەیاندینیە ئەم نازو نیعمەتە نەبڕاوەیە. ئێمە ئەگەر هیدایەتی خودا نەبوایە هەرگیز نەئەکەوتینە سەر ئەم ڕێگایە. پێغەمبەرانی خودا بەڕاستی هاتن‌و باوەڕمان پێ کردن‌و کەوتینە دوای ئامۆژگارییەکانیان.کە چوونە ئەو بەهەشتە بانگیان لێ ئەکرێت: ئەمە ئەو بەهەشتەیە بەهۆی کرداری چاکتانەوە دەستتان کەوت.

وَنَادَى أَصْحَابُ الْجَنَّةِ أَصْحَابَ النَّارِ أَن قَدْ وَجَدْنَا مَا وَعَدَنَا رَبُّنَا حَقًّا فَهَلْ وَجَدتُّم مَّا وَعَدَ رَبُّكُمْ حَقًّا قَالُواْ نَعَمْ فَأَذَّنَ مُؤَذِّنٌ بَيْنَهُمْ أَن لَّعْنَةُ اللّهِ عَلَى الظَّالِمِينَ {٤٤}

بەهەشتییەکان بانگ ئەکەنە دۆزەخییەکان و پێیان ئەڵێن: ئێمە بەڕاستی ئەوەی خودا وەعدی پێ دابووین دەستمان کەوت، ئاخۆ ئێوەیش ئەوەی خودا وەعدی پێ دابوون دەستتان کەوت؟ وتیان: بەڵێ، جا لەوێدا لەبەینی ئەو دوو کۆمەڵەدا جارچی جاڕی کێشاو وتی: لەعنەت و نەفرینی خودا لە ستەمکاران بێ.

الَّذِينَ يَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللّهِ وَيَبْغُونَهَا عِوَجًا وَهُم بِالآخِرَةِ كَافِرُونَ {٤٥}

ئەو ستەمكارانەی مەنعی ئادەمزاد ئەكەن لە پەیڕەویكردنی ڕێگای ئایینی خوداو ، ڕێگای چەوت‌و گومڕاهییان ئەوێ‌و باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی نی‌یە.

وَبَيْنَهُمَا حِجَابٌ وَعَلَى الأَعْرَافِ رِجَالٌ يَعْرِفُونَ كُلاًّ بِسِيمَاهُمْ وَنَادَوْاْ أَصْحَابَ الْجَنَّةِ أَن سَلاَمٌ عَلَيْكُمْ لَمْ يَدْخُلُوهَا وَهُمْ يَطْمَعُونَ{٤٦}

لە بەینی ئەهلی بەهەشت و ئەهلی دۆزەخدا شوورایەك هەیە هەردوولا لە یەك جوێ‌ئەكاتەوە. لە سەرووی ئەو شوورایەوە كۆمەڵێك هەن لەوانەی لە دنیادا هاوبەشیان بۆ خودا دانەناوەو تەنها خودایان پەرستووە، بەلاَم لە كردەوەی چاكدا كەموكووڕییان هەبووە. ئەم كۆمەڵە ئەهلی بەهەشت‌و جەهەننەم ئەناسن‌و بە نیشانەی تایبەتیدا لە یەكیان جیا ئەكەنەوە .. هەر لەوێوە بانگ ئەكەنە ئەهلی بەهەشت‌و ئەڵێن: سلاَوتان لیٚ بیٚ. ئەمانە هێشتا نەچوونەتە بەهەشت‌و بە هیوان بچن.

وَإِذَا صُرِفَتْ أَبْصَارُهُمْ تِلْقَاءَ أَصْحَابِ النَّارِ قَالُواْ رَبَّنَا لاَ تَجْعَلْنَا مَعَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ {٤٧}

ئەمانە كە ڕوویان بەرەو لای ئەهلی دۆزەخ وەرئەچەرخیٚ ئەڵێن: پەنا بە خودا، ئەی خودای پەروەردگار! مەمانكە بە هاوڕیٚی ستەمكاران.

وَنَادَى أَصْحَابُ الأَعْرَافِ رِجَالاً يَعْرِفُونَهُمْ بِسِيمَاهُمْ قَالُواْ مَا أَغْنَى عَنكُمْ جَمْعُكُمْ وَمَا كُنتُمْ تَسْتَكْبِرُونَ {٤٨}

کۆمەڵی ئەعراف بانگ لە هەندێ پیاو ئەکەن لە سەرگەورانی کافرەکان کەبە ناوچاوانیانا ئەیانناسن ،پێیان ئەڵێن:هەرچی ماڵو سامانتان کۆکردەوە یا خۆ کۆمەڵی زۆرتان ، هیچی فریاتان نەکەوتو بەکەڵکتان نەهات، هەروەها خۆ بە زل زانینتان بۆ ئەم ڕۆژە سەختە سوودێکی نەبوو!.

أَهَـؤُلاءِ الَّذِينَ أَقْسَمْتُمْ لاَ يَنَالُهُمُ اللّهُ بِرَحْمَةٍ ادْخُلُواْ الْجَنَّةَ لاَ خَوْفٌ عَلَيْكُمْ وَلاَ أَنتُمْ تَحْزَنُونَ{٤٩}

کۆمەڵی ئەعراف بەو دۆزەخییانە ئەڵێن: ئا ئەم بەهەشتییانە بوون وەختی خۆی سوێندتان ئەخوارد ئەتانوت خودا هەرگیز ئەمانە ناخاتە بەهەشتو میهرەبانییان لەگەڵ ناکات؟! هەروەها ڕوویش ئەکەنە بەهەشتییەکانو پێیان ئەڵێن: بچنە بەهەشت، پیرۆزتان بێ، نە ترستان لەسەرەو نە غەم ئەخۆن.

وَنَادَى أَصْحَابُ النَّارِ أَصْحَابَ الْجَنَّةِ أَنْ أَفِيضُواْ عَلَيْنَا مِنَ الْمَاءِ أَوْ مِمَّا رَزَقَكُمُ اللّهُ قَالُواْ إِنَّ اللّهَ حَرَّمَهُمَا عَلَى الْكَافِرِينَ{٥٠}

دۆزەخییەکان هاوارئەکەنە بەهەشتییەکان : لەو ئاوو ڕزقەی خودا پێیداون ، برژێنن بەسەرمانداو بەشمان بدەن. بەهەشتییەکان لە وەڵامیاندا ئەڵێن بەڕاستی خودا ئەمانەی لە کافران مەنع کردووەو نایاندرێتێ.

الَّذِينَ اتَّخَذُواْ دِينَهُمْ لَهْوًا وَلَعِبًا وَغَرَّتْهُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا فَالْيَوْمَ نَنسَاهُمْ كَمَا نَسُواْ لِقَاءَ يَوْمِهِمْ هَـذَا وَمَا كَانُواْ بِآيَاتِنَا يَجْحَدُونَ{٥١}

ئەوانەی لە دنیادا ئایینی خۆیانیان کردبووە گاڵتەو، ژیانی خۆش و وەختیی دنیا مەغروری کردبوون، ئەمڕۆ کە قیامەتە ئێمە ئەوان فەرامۆش ئەکەین و گوێیان نادەینێ، وەک چۆن ئەوان ئەم ڕۆژەیان لەبیرکردبوو و ئینکاری ئایەتەکانی ئێمەیان ئەکرد.

وَلَقَدْ جِئْنَاهُم بِكِتَابٍ فَصَّلْنَاهُ عَلَى عِلْمٍ هُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ {٥٢}

ئێمە کیتابێکمان بۆ هێنان کە بیرو باوەڕو حوکمەکانمان تێدا تەفصیل داو بۆمان ڕوون کردنەوەو، خۆمان ئەزانین چۆن و بۆچی تەفصیلمان داون و، هەموو پڕن لە حیکمەت و، هۆی شارەزایی و ڕەحمەتن بۆ ئەوانەی ئیمان ئەهێنن و سەرپێچی ناکەن.

هَلْ يَنظُرُونَ إِلاَّ تَأْوِيلَهُ يَوْمَ يَأْتِي تَأْوِيلُهُ يَقُولُ الَّذِينَ نَسُوهُ مِن قَبْلُ قَدْ جَاءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِالْحَقِّ فَهَل لَّنَا مِن شُفَعَاءَ فَيَشْفَعُواْ لَنَا أَوْ نُرَدُّ فَنَعْمَلَ غَيْرَ الَّذِي كُنَّا نَعْمَلُ قَدْ خَسِرُواْ أَنفُسَهُمْ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَفْتَرُونَ {٥٣}

کافرەکان چاوەڕوانی ئەوەن ئەنجامی فەرموودەکانی قورئان، لە وەعدو وەعیدو سزاو پاداش بێنەدی و ڕۆژی قیامەت بێت. کە ئەوانە هاتنە دی و ڕۆژی قیامەت هات ئەوانەی لە دنیادا قورئانیان لەبیرکردبوو سەرپێچییان ئەکرد، ڕاستییان بۆ دەرئەکەوێت و ئەڵێن : پێغەمبەرەکان لە دنیادا ڕاستیان کردو ڕاستیان هێناو، ئێمە باوەڕمان پێ نەکردن. ئاخۆ لەم ڕۆژەدا تکاکار هەن تکامان بۆ بکەن و

لە سزا ڕزگارمان بکەن؟ ئاخۆ ئەمانگەڕێننەوە بۆ دنیا تا کردەوەی‌تر بکەین غەیری ئەوەی ئەوسا ئەمانکرد؟ خودای گەورەیش ئەفەرموێ: نەخەیر ئیستە ماوەی هیچ نەماوە، ئەمانە لە دنیادا خۆیان دۆڕاندو ئیستە ماڵوێرانن‌و، ئەو بوختان‌و درۆیانەی لە دنیادا کردنیان فریایان ناکەون.

إِنَّ رَبَّكُمُ اللّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومَ مُسَخَّرَاتٍ بِأَمْرِهِ أَلاَ لَهُ الْخَلْقُ وَالأَمْرُ تَبَارَكَ اللّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ {٥٤}

خودای ئێوە خودایێکە ئاسمانەکان‌و ئەرزی دروست کردووە لە شەش ڕۆژداو، بوو بە فەرمانڕەوا بەسەر عەرشداو، بە هێزی خۆی شەو ئەکاتە پەردەو ڕۆژی پێ دائەپۆشێ‌و بە پەلە دێ بەدوایا وەك بیەوێ بیگرێ؛ هەروەها خۆرو مانگ و ئەستێرەکانی دروست کردوون کە هەموویان ڕامن لە بەردەستیداو بە ئارەزوو و خواستی ئەو ئەسووڕێنەوە. هەر خودایە ئەتوانێ هەموو شت دروست بکات‌و، هەر ئەوە فەرمانڕەوا، خودا پاك‌و بێگەردەو لە هەموو ئەندێشەو خەیاڵێ بەرزترەو پەروەردگاری هەموو عالەمە.

ادْعُواْ رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ {٥٥}

بە ترس‌و گریان‌و خوشووعەوە لە خودای خۆتان بپاڕێنەوە بە پەنامەکی. خودا ئەو کەسانەی خۆش‌ناوێ لە دوعاو پاڕانەوەدا لە ڕێگای شەرع لا ئەدەن‌و داوای شتی ناڕەوا ئەکەن یا بە بێمەعنا لە

دوعاکردندا دەنگ بەرزنەکەنەوە.

وَلاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ بَعْدَ إِصْلاَحِهَا وَادْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا إِنَّ رَحْمَتَ اللّهِ قَرِيبٌ مِّنَ الْمُحْسِنِينَ {٥٦}

پاش ئەوەی خودا پێغەمبەری بۆ ناردن‌و ئایینی بۆ دیاری کردن‌و، زەوی ئاوەدان کردەوە، دەست مەدەنە خراپەکاری‌و گوناەو تاوان‌و لە خودای خۆتان بپاڕێنەوە لەگەڵ ترس‌و هیوادا، ترس لە قبووڵ نەبوونی پاڕانەوەکەتان‌و ، هیوای قبووڵبوون‌و ئومێدی لوتفی خودای میهرەبان. بێ گومان لوتف‌و میهرەبانی خودا لە چاکەکارانەوە نزیکە.

وَهُوَ الَّذِي يُرْسِلُ الرِّيَاحَ بُشْرًا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ حَتَّى إِذَا أَقَلَّتْ سَحَابًا ثِقَالاً سُقْنَاهُ لِبَلَدٍ مَّيِّتٍ فَأَنزَلْنَا بِهِ الْمَاءَ فَأَخْرَجْنَا بِهِ مِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ كَذَلِكَ نُخْرِجُ الْموْتَى لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ {٥٧}

خودا ئەو خودایە باکان ئەنێرێ، موژدەی بارانی ڕەحمەتیان پێیە، کە هەوری قورس‌و زۆریان هەلگرت بەرەو ولاتێک ئەیاندەینەبەر کە مردووەو سەوزایی‌و ژیانی تێدا نی‌یە، لەوێ بارانی پێ ئەبارێنین‌و، لەو زەوی‌یە مردووەدا هەموو جۆرە بەرو گیایەك ئەڕوێنین. بەڵێ چۆن دەستمان ئەڕوات ئەمە بکەین وەهایش مردوو زیندو ئەکەینەوە. بەڵکو ئێوە بیربکەنەوەو بڵێن: مادام خوا ئەتوانێ ئەم زەوییە مردووە زیندوو بکاتەوە بەو جۆرەیش ئێمە زیندوو ئەکاتەوە، جا ڕوو بکەنە خوداو ڕێگای ڕاست بگرنەبەر.

وَالْبَلَدُ الطَّيِّبُ يَخْرُجُ نَبَاتُهُ بِإِذْنِ رَبِّهِ وَالَّـــذِي خَبُــثَ لاَ يَخْرُجُ إِلاَّ نَكِدًا كَذَلِكَ نُصَرِّفُ الآيَاتِ لِقَوْمٍ يَشْكُرُونَ {٥٨}

جا ولاتێ کە ئەرزەکەی باش‌و بەبەرەکەت بێ گیای زۆرو بەسوود ئەڕوێنێ، ئەو شوێنەیش کە شۆرەکات‌و بێخێر بێ شتێکی کەم‌و بێکەڵك ئەڕوێنێ. ئێمە ئا بەم جۆرە ئایەتەکان دووباد ئەکەینەوە بۆ کۆمەڵێ کە شوکرانەبژێری نیعمەتەکانی خودان‌و بیرئەکەنەوە لەو هەمووە خێرو بەرەکەتەی خودا بۆ ئادەمزادی ئامادەکردوەو ڕژاندوویەتی بەسەریاندا.

لَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَى قَوْمِهِ فَقَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللَّهَ مَـا لَكُم مِّنْ إِلَــهٍ غَيْرُهُ إِنِّيَ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ{٥٩}

بەڕاستی نووحمان ڕەوانە کرد بە پێغەمبەری بۆ سەر قەومەکەی خۆی‌و، وتی: قەومینە! خودا بپەرستن، بێجگە لەو خودایەکی‌ترتان نی‌یە. بەڕاستی من ئەترسم لێتان ئەگەر ئیمان بە خودا نەهێنن‌و نەیپەرستن تووشی سزاو ئازاری ڕۆژێکی گەورە ببن، کە ڕۆژی سامناکی قیامەتە.

قَالَ الْمَلأُ مِن قَوْمِهِ إِنَّا لَنَرَاكَ فِي ضَلاَلٍ مُّبِينٍ {٦٠}

جا کۆمەڵی دەستڕۆیشتووی قەومەکەی پێیان وت: بێگومان ئێمە لامان‌وایە تۆ لە گومڕاهییەکی ئاشکرادای.

قَالَ يَا قَوْمِ لَيْسَ بِي ضَلاَلَةٌ وَلَكِنِّي رَسُــولٌ مِّــن رَّبِّ الْعَالَمِينَ{٦١}

ئەویش پێی وتن ئەی قەومەکەم! من هیچ جۆرە

گومڕاهییەکم نی‌یە، من پێغەمبەرو فروستادەی پەروەردگاری هەردوو جیهانم.

أُبَلِّغُكُمْ رِسَالاَتِ رَبِّي وَأَنصَحُ لَكُمْ وَأَعْلَمُ مِنَ اللّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ{٦٢}

پەیامی خوداتان پێ ئەگەیێنم و دەرزو ئامۆژگاریتان پێ ئەدەم. من شتی وەها لای خوداوە ئەزانم کە ئێوە نایزانن.

أَوَعَجِبْتُمْ أَن جَاءكُمْ ذِكْرٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَلَى رَجُلٍ مِّنكُمْ لِيُنذِرَكُمْ وَلِتَتَّقُواْ وَلَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ {٦٣}

بۆ لاتان سەیرەو سەرتان سووڕ ئەمێنێ لەوەی کە ئامۆژگارییەکتان لای خوداوە بۆ بێت لەسەر دەستی یەکێ لە خۆتان کە ئادەمزاد بێ وەك خۆتان، بۆئەوەی لە سزای ڕۆژی قیامەت بتانترسێنێ، تا خۆتان لە گوناه دوور بخەنەوەو لە خودا بترسن بە هیوای ئەوەی بەر ڕەحمەتی خودا بکەون؟! کافرەکان بەلایانەوە سەیر بوو بنیادەمێ بێت ئامۆژگارییان بکات، بە تەمای ئەوە بوون مەلائیکەیان بۆ بێت.

فَكَذَّبُوهُ فَأَنجَيْنَاهُ وَالَّذِينَ مَعَهُ فِي الْفُلْكِ وَأَغْرَقْنَا الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا إِنَّهُمْ كَانُواْ قَوْماً عَمِينَ {٦٤}

جا قەومەکەی باوەڕیان پێنەکردو دوای ئامۆژگارییەکانی نەکەوتن، لەبەرئەوە خۆیو خاوەن ئیمانەکانمان ڕزگار کرد کە لە کەشتییەکەدا لەگەڵی بوون، ئەوانەش باوەڕیان بە ئایەتەکانمان نەکرد غەرقمان کردنو تۆڵەی خۆیان وەرگرت، دڵو چاویان کوێر

بوو له عاستی ڕاستیو باوەڕیان به هیچ نەئەکرد.

وَإِلَى عَادٍ أَخَاهُمْ هُوداً قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَـهٍ غَيْرُهُ أَفَلاَ تَتَّقُونَ{٦٥}

هەروەها هوودمان نارد بۆسەر قەومی عاد کە یەکێك بوو لە خۆیان، وتی: قەومینە ! خودا بپەرستن، خودایەکیترتان نییە لایقی پەرستن بێ ئەو نەبێ، بۆچی لە خودا ناترسنو لە گومڕاهی دوور ناکەونەوە؟ .

قَالَ الْمَلأُ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَوْمِهِ إِنَّا لَنَرَاكَ فِي سَفَاهَةٍ وِإِنَّا لَنَظُنُّكَ مِنَ الْكَاذِبِينَ {٦٦}

کافرە دەستەلاَتدارەکانی قەومەکەی پێیان وت: بەڕاستی ئێمە تۆ بە نەفام دائەنێینو، وا ئەزانین لە زومرەی درۆزنانی!.

قَالَ يَا قَوْمِ لَيْسَ بِي سَفَاهَةٌ وَلَكِنِّي رَسُولٌ مِّن رَّبِّ الْعَالَمِينَ{٦٧}

وتی: قەومینە ! من نەفامو بێعەقڵ نیم، من پێغەمبەرێکم لەلایەن پەروەردگاری هەموو عالەمەوە نێرراوم.

أُبَلِّغُكُمْ رِسَالاتِ رَبِّي وَأَنَاْ لَكُمْ نَاصِحٌ أَمِينٌ {٦٨}

ئەوەی خودا ناردوویەتیو پەیامی خوداو فەرمانەکانیەتی پێتان ڕائەگەیێنم . من لە ئامۆژگاریکردنی ئێوەدا خیانەت ناکەمو دڵسۆزتانم.

أَوَعَجِبْتُمْ أَن جَاءكُمْ ذِكْرٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَلَى رَجُلٍ مِّنكُمْ لِيُنذِرَكُمْ وَاذكُرُواْ إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَاءَ مِن بَعْدِ قَوْمِ نُوحٍ وَزَادَكُمْ

فِي الْخَلْقِ بَسْطَةً فَاذْكُرُواْ آلاءَ اللّهِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ{٦٩}

بۆچی لاتان سەیرە لەلایەن خوداوە ئامۆژگارییەکتان بۆ بێ لەسەر دەستی پیاوێکدا لە خۆتان ، تا لە سزای خودا بتانترسێنێ؟ بیری ئەوە بکەنەوە کە خودا ئێوەی کردە جێگەداری قەومی نووح و موڵک و دارابیتان دەست کەوت و، لەوان زیاتر بالآی بەرز کردن و هێزی دانێ. بیری نیعمەتەکانی خودا بکەنەوەو شوکرانەبژێر بن بەڵکو رزگارو سەرفراز ببن.

قَالُواْ أَجِئْتَنَا لِنَعْبُدَ اللّهَ وَحْدَهُ وَنَذَرَ مَا كَانَ يَعْبُدُ آبَاؤُنَا فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا إِن كُنتَ مِنَ الصَّادِقِينَ{٧٠}

قەومەکەی پێیان وت: تۆ بۆ ئەوە هاتوویتە لامان تەنها خودا بپەرستین و، واز لەو بتانە بهێنین کە باوباپیرمان ئەیانپەرستن؟ ئەگەر ڕاست ئەکەی ئەو هەڕەشەو بەڵێنانە کە ئەماندەیتێ بیانهێنە بۆمان و بیانهێنەدی .

قَالَ قَدْ وَقَعَ عَلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ رِجْسٌ وَغَضَبٌ أَتُجَادِلُونَنِي فِي أَسْمَاء سَمَّيْتُمُوهَا أَنتُمْ وَآبَآؤُكُم مَّا نَزَّلَ اللّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ فَانتَظِرُواْ إِنِّي مَعَكُم مِّنَ الْمُنتَظِرِينَ {٧١}

ئەویش فەرمووی: بەڕاستی لە لاینی خوداوە سزاو غەزەب نازڵ بووەتە سەرتان و موستەحەققینی، ئایا ئێوە موجادەلەم لەگەڵ ئەکەن لەسەر چەند شتێ کە ئێوەو باو باپیرتان ناوتاننناون خوداو ، خودا هیچ دەلیلێکی نەناردووە لەسەر پەرستنی ئەوانە، دەی ئێوە چاوەڕوانی ئەو سزایە بن و منیش لەگەڵتان چاوەڕوانی ئەکەم.

فَأَنجَيْنَاهُ وَالَّذِينَ مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا وَقَطَعْنَا دَابِرَ الَّذِيــــنَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا وَمَا كَانُواْ مُؤْمِنِينَ {٧٢}

ئـەنجا هـوودو ئەوانـەی ئیمانیـــان هێنــا لەگــەڵیا بــە لوتــفو میهرەبانیی خۆمان ڕزگارمان کردن لە سزاو، ئەوانەشمان بنبڕ کردن کـە باوەڕیـان بـە ئایەتـەکانمان نـەبوو و کـافربوونو، شــوێنەوارمان نەهێشتن.

وَإِلَى ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَــهٍ غَيْرُهُ قَدْ جَاءتْكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ هَــذِهِ نَاقَةُ اللّـــهِ لَكُمْ آيَةً فَذَرُوهَا تَأْكُلْ فِي أَرْضِ اللّهِ وَلاَ تَمَسُّــــوهَا بِسُــوَءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ{٧٣}

هەروەها ڕەوانــەشمان کـرد بـۆ ســەر قـەومی ثـەموود صـاڵحی برایان کە یەکێك بوو لە قەومەکەی خۆی. پێی وتن: قەومینە! تەنها خودا بپەرستن، خودایەکی‌ترتان نی‌یە شایانی پەرستن بێ ئەو نەبێ. بەڕاستی ئایەتو موعجیزەییێکتان لەلایەن خوداوە بۆ هــاتووە، ئەمـە وشترێکە خــودا لــە غــەیری ڕێگــەی عادەتییــەوە، دروســتی کـردووە بۆتــانو نیشــانەو ئایەتــە بۆتــان، وازی لیّ بێنــن بـا لــە زەوی خــودادا بلەوەڕێو، خراپ دەستی لیّ مەدەن کە ببێتە هۆی ئەوەی ســزاییێکی توندو تیژ بدرێن.

وَاذْكُرُواْ إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَاءَ مِن بَعْدِ عَـــادٍ وَبَوَّأَكُــمْ فِــي الأَرْضِ تَتَّخِذُونَ مِن سُهُولِهَا قُصُورًا وَتَنْحِتُونَ الْجِبَالَ بُيُوتًا فَاذْكُرُواْ آلاء اللّهِ وَلاَ تَعْثَوْا فِي الأَرْضِ مُفْسِدِينَ {٧٤}

بیری ئەو نیعمەتەی خودا بکەنــەوە کــە کردنـی بــە جێگەنشـین پـاش قـەومی عـادو لـە ســەر زەوی دایمــەزراندن کــە لــە دەشــتە ئاسانەکەیدا کۆشكو تەلار دروست بکـەن، هـەروەها لـە کێوەکـانیش لەو بەردە ڕەقانە هۆدەی جوان و ڕێك بتاشنو تیایانــا بحەسـێنەوە. لەبەر ئـەوە یـادو باسـی نیعمەتـەکانی خـودا بکـەن لەسـەر خۆتـانو شوکرانەبژێر بنو بەدکاریو پیاوخراپی مەکەن لە زەویدا .

قَالَ الْمَلأُ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُواْ مِن قَوْمِهِ لِلَّذِينَ اسْتُضْعِفُواْ لِمَنْ آمَنَ مِنْهُمْ أَتَعْلَمُونَ أَنَّ صَالِحًا مُّرْسَلٌ مِّن رَّبِّهِ قَالُواْ إِنَّا بِمَا أُرْسِلَ بِهِ مُؤْمِنُونَ {٧٥}

جا ئەو کۆمەڵە کە وا خۆیان بە گەورە دائەنا لە قــەومی صـاڵح بـە موسـوڵمانەکانیان وت کـە بــێهێز بــوون : ئایـا ئێـوە ئیمـانو باوەڕتـان هەیـە بـەوە کـە صـاڵح لای خـوداوە نـێرراوەو پێغەمبــەرو ڕەهبەرە؟ وتیان: بەڵێ ئێمە باوەڕمان هەیە بەو ئاییینەی لەگەڵ ئــەو ڕەوانە کراوە.

قَالَ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُواْ إِنَّا بِالَّذِيَ آمَنتُمْ بِهِ كَافِرُونَ {٧٦}

بەڵام ئەوانەی خۆیان بە گەورە ئەزانی لە قەومی صاڵح وتیـان ئێمە باوەڕمان نیـیە بـەوەی ئێـوە ئیمانتـان پــێ هێنـاوەو ئینکـاری ئەکەین.

فَعَقَرُواْ النَّاقَةَ وَعَتَوْاْ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِمْ وَقَالُواْ يَا صَالِحُ ائْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا إِن كُنتَ مِنَ الْمُرْسَلِينَ {٧٧}

جا چوارپــەلی وشـترەکەیان پـەی کـردو، لــە فــەرمانی خـودا

دەرچوونو وتیان: ئەی صالح ! ئەگەر ڕاست ئەکەی تۆ لە پێغەمبەرانی، دەی ئەو سزاو عەزابەی وەعدت پێ دابووین بۆمان بێنە.

فَأَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُواْ فِي دَارِهِمْ جَاثِمِينَ {٧٨}

ئەوەندەی پێنەچوو بوومەلەرزە گرتنیو هەر لە خانوو بەرەکەی خۆیاندا سارد بوونەوەو مردن.

فَتَوَلَّى عَنْهُمْ وَقَالَ يَا قَوْمِ لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ رِسَالَةَ رَبِّي وَنَصَحْتُ لَكُمْ وَلَكِن لاَّ تُحِبُّونَ النَّاصِحِينَ {٧٩}

جا صالح پێغەمبەر پشتی لێ هەڵکردنو وتی: ئەی قەومی من! من بەڕاستی پەیامی خودام پێگەیاندنو ئامۆژگاریم کردنو دڵسۆز بووم بۆتان، بەلأم ئێوە ئامۆژگاریکەرو دڵسۆزتان خۆش ناوێ!.

وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ أَتَأْتُونَ الْفَاحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّن الْعَالَمِينَ {٨٠}

باسی حەزرەتی لووط بکە کاتێ وتی بە قەومەکەی ئایا ئێوە کارێکی فاحیشەی وەها ئەکەن کەس لە دنیادا لەو کردەوە ناشیرینەدا پێشتان نەکەوتووە؟!.

إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ شَهْوَةً مِّن دُونِ النِّسَاءِ بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ مُّسْرِفُونَ{٨١}

ئێوە ئارەزووی خۆتان لە پیاواندا جێبەجێ ئەکەن نەك لە ژناندا. بەڕاستی ئێوە قەومێکی لە سنوور دەرچوون.

وَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِ إِلاَّ أَن قَالُواْ أَخْرِجُوهُم مِّن قَرْيَتِكُمْ إِنَّهُمْ أُنَاسٌ يَتَطَهَّرُونَ {٨٢}

قەومەکەی هیچ وەڵامێکیان نەبوو ئەوە نەبێ کە وتیان: لووطو جەماعەتەکەی لەم دێیەتان دەرکەن، ئەمانە خەڵکێکن خۆیان لە کردەوەی ئێمە پاك ڕائەگرن و حەز لە کاری ئێمە ناکەن!.

فَأَنجَيْنَاهُ وَأَهْلَهُ إِلاَّ امْرَأَتَهُ كَانَتْ مِنَ الْغَابِرِينَ {٨٣}

ئەنجا لووطو خێزانەکەیمان ڕزگار کردن، ئەوانەی کە ئیمانیان هەبوو، ژنەکەی نەبێ کە لە زومرەی لەناوبراوەکان بوو.

وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِم مَّطَرًا فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُجْرِمِينَ {٨٤}

هەروەها بارانێکی سەیرمان بە سەردا باراندن ، جا تەماشاکە ئەنجام و پاشەڕۆژی تاوانکاران چۆن بوو؟.

وَإِلَى مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَـهٍ غَيْرُهُ قَدْ جَاءتْكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ فَأَوْفُواْ الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ وَلاَ تَبْخَسُواْ النَّاسَ أَشْيَاءهُمْ وَلاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ بَعْدَ إِصْلاَحِهَا ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ {٨٥}

بۆ سەر نەوەو بەرەی مەدیەن ، شوعەیبمان نارد، کە یەکێ بوو لە خۆیان و خزم و کەسیان بوو. پێی‌وتن : ئەی خزمینە ! تەنها خودا بپەرستن، ئێوە هیچ خودایەکی شایانی پەرستنتان نییە ئەو نەبێ. ئێوە لای خوداوە موعجیزەتان بۆ هاتووە . دەی لە پێوانەو

کێشانەدا دەستتان ڕاست بێو حەقی خەڵك کەم مەکەنەوە. پاش ئەوە کە خودای پەروەردگار پێغەمبەرانی ناردو شەریعەتیان بۆ ڕوون کردنەوەو کاروباری سەر زەوی باش بوو، ئێوە دەست مەدەنە خراپەکاری. پەیڕەوی کردنی ئەم ئامۆژگارییانە بۆ ئێوە باشترو بەسوودترە ئەگەر خاوەن ئیمانن.

وَلاَ تَقْعُدُواْ بِكُلِّ صِرَاطٍ تُوعِدُونَ وَتَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللّهِ مَنْ آمَنَ بِهِ وَتَبْغُونَهَا عِوَجًا وَاذْكُرُواْ إِذْ كُنتُمْ قَلِيلاً فَكَثَّرَكُمْ وَانظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُفْسِدِينَ {٨٦}

دامەنیشن لەسەر هەموو ڕێگاییێك ڕێگا لە خەڵك بگرن‌و هەڕەشەیان لێ بکەن‌و ، ڕێگای ئەوەیان لێ بگرن کە بچن بۆ لای شوعەیب‌و دوای بکەون، بتانەوێ گومان بخەنە دڵیانەوەو ڕێگای چەوت بگرن. بیری ئەوە بکەنەوە کە ئێوە کەم بوون چ لە لایەنی ژمارەوەو چ لە لایەنی شتومەکەوەو. خودا زۆری کردن‌و یارمەتی دان. هەروەها سەیرکەن ئەنجامی بەدکاران چی بوو، ئێوە لە بەسەرهاتی ئەوان پەند وەربگرن‌و بەدکار مەبن.

وَإِن كَانَ طَآئِفَةٌ مِّنكُمْ آمَنُواْ بِالَّذِي أُرْسِلْتُ بِهِ وَطَآئِفَةٌ لَّمْ يْؤْمِنُواْ فَاصْبِرُواْ حَتَّى يَحْكُمَ اللّهُ بَيْنَنَا وَهُوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ {٨٧}

جا ئەگەر تاقمێك لە ئێوە ئیمانی هێنا بەوەی خودا ڕەوانەی کردوە لەگەڵ من‌و تاقمێکتان ئیمانی نەهێنا، ئەوا چاوەڕوان بن تا خودا حوکممان لە بەیندا ئەکات‌و یارمەتی حەق ئەدات بەسەر

ناحەقدا. بێگومان خودا چاکترین داوەرەو ڕەواترین حوکم ئەدات.

جوزئی نۆهەم

قَالَ الْمَلأُ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُواْ مِن قَوْمِهِ لَنُخْرِجَنَّكَ يَا شُعَيْبُ وَالَّذِينَ آمَنُواْ مَعَكَ مِن قَرْيَتِنَا أَوْ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَا قَالَ أَوَ لَوْ كُنَّا كَارِهِينَ{٨٨}

جا ئەو کۆمەڵەی خۆیان بە گەورە دائەنا لە قەومەکەی شوعەیب وتیان: ئەی شوعەیب یا خۆتو ئەوانەی ئیمانیان هێناوە لەگەڵتا لە دێکەمان دەرتان ئەکەین یا ئەبێ بگەڕێنەوە سەر ئایینەکەی ئێمە! شوعەیب وتی: ئێمە ڕقمانە لە ئایینەکەتان ، ئیتر چۆن ئەگەڕێینەوە سەری؟!.

قَدِ افْتَرَيْنَا عَلَى اللّهِ كَذِبًا إِنْ عُدْنَا فِي مِلَّتِكُم بَعْدَ إِذْ نَجَّانَا اللّهُ مِنْهَا وَمَا يَكُونُ لَنَا أَن نَّعُودَ فِيهَا إِلاَّ أَن يَشَاءَ اللّهُ رَبُّنَا وَسِعَ رَبُّنَا كُلَّ شَيْءٍ عِلْمًا عَلَى اللّهِ تَوَكَّلْنَا رَبَّنَا افْتَحْ بَيْنَنَا وَبَيْنَ قَوْمِنَا بِالْحَقِّ وَأَنتَ خَيْرُ الْفَاتِحِينَ {٨٩}

ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە سەر ئایینە ناحەقەکەی ئێوە، کە خودا ڕزگاری کردووین لێیو هیدایەتی داوین، ئەوە ئێمە درۆو بوختان بۆ خودا هەڵئەبەستین بەوە کە هاوبەشی بۆ دابنێین. ئێمە هەرگیز ناگەڕێینەوە بۆ ئەو ئایینە ناحەقەی ئێوە، مەگەر خودای پەروەردگارمان بیەوێ سەرمان لێ تێك بداو عاقیبەتشەڕمان بکات. عیلمی خودا بەربلاوەو هەر خۆی ئەزانێ بەوەی بووە و بەوەی لە لایەن ئێمەو ئێوەوە ئەبێ. ئێمە پشت بە خودا ئەبەستین کە لەسەر

ئەم ئایینە ڕاستەی خۆمـان دامانبمـەزرێنێو لـە بـەدکاران ڕزگارمـان بکات. خودایا ! بە ڕاستی حوکم بکە لە بەینی ئێمەو قەومەکـەمانداو حـەق و ناحـەق لـە یـەك جیابکـەرەوە، بێگومـان هـەر تـۆ چاکـترین داوەریو حەقو ناحەق ڕوون ئەکەیتەوە.

وَقَالَ الْمَلأُ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَوْمِهِ لَئِنِ اتَّبَعْتُمْ شُـــعَيْباً إِنَّكُمْ إِذاً لَّخَاسِرُونَ{٩٠}

ئەو کۆمەڵەی کـە کـافر بـوون لـە قـەومی شـوعەیب وتیـان بـە خـەڵك: ئەگـەر دوای شـوعەیب بکـەونو بـاوەڕی پـێ بکـەنو واز لــە ئایینی خۆتان بێنن زەرەر ئەکەنو زیانمەند ئەبن!.

فَأَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُواْ فِي دَارِهِمْ جَاثِمِينَ {٩١}

جا بە ڕقو قینی خودا بە کوتوپڕی بوومەلەرزە گرتنیو هەر لە خانووبەرەکەی خۆیاندا کەوتنو مردن.

الَّذِينَ كَذَّبُواْ شُعَيْبًا كَأَن لَّمْ يَغْنَوْاْ فِيـــهَا الَّذِيـــنَ كَذَّبُـــواْ شُعَيْبًا كَانُواْ هُمُ الْخَاسِرِينَ {٩٢}

ئەوانەی شوعەیبیان بەدرۆئەخستەوەو باوەڕیان پـێ نەئـەکرد، وەها بنبڕ کرانو شوێنەواریان نەما، ئەتوت لەو شوێنەشدا نـەژیاون. ئەوانـەی شوعەیبیـان بەدرۆئەخستـەوە ، هـەر خۆیـان ماڵوێـرانو زەرەرمەند بوون.

فَتَوَلَّى عَنْهُمْ وَقَالَ يَا قَوْمِ لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ رِسَـــالاَتِ رَبِّـــي وَنَصَحْتُ لَكُمْ فَكَيْفَ آسَى عَلَى قَوْمٍ كَافِرِينَ {٩٣}

ئەنجا شوعەیب پشتی لێ هەڵکردنو وتـی: ئـەی خزمینـە ! مـن

بەڕاستی نامەکانی خودام پێ گەیاندنو دڵسۆزتان بووم، ئیتر چۆن خەم بخۆم بۆ ئەنجامی ناخۆشی کۆمەڵێکی کافر، کە باوەڕیان بە تەنیایی خودا نەبوو؟.

وَمَا أَرْسَلْنَا فِي قَرْيَةٍ مِّن نَّبِيٍّ إِلاَّ أَخَذْنَا أَهْلَهَا بِالْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ لَعَلَّهُمْ يَضَّرَّعُونَ {٩٤}

کە پێغەمبەرمان ناردبێ بۆ هەر دێو ئاوەدانییەكو بەگوێیان نەکردبێ ئەهلەکەیمان تووشی سزاو ناخۆشیو تەنگایەتی کردووە، بەڵکو بکەونە سەر ڕێی ڕاستو لە خودا بپاڕێنەوە ئەو ناڕەحەتییەیان لێ دووربخاتەوە.

ثُمَّ بَدَّلْنَا مَكَانَ السَّيِّئَةِ الْحَسَنَةَ حَتَّى عَفَواْ وَّقَالُواْ قَدْ مَسَّ آبَاءَنَا الضَّرَّاءُ وَالسَّرَّاءُ فَأَخَذْنَاهُم بَغْتَةً وَهُمْ لاَ يَشْعُرُونَ {٩٥}

دوایی لە باتی ناڕەحەتیو تەنگانەیی خۆشیو هەرزانیو فراوانیمان پێ دان، تا بیربکەنەوەو باوەڕ بە دەستەڵاتی خودا بکەن، کەچی هەر ئەوەندە کە ڕزگار بوونو حاڵوماڵیان زۆر بوو، لە باتی شوکرانەبژێریو سوپاسگوزاری وتیان ئەم ڕووداوانە شتێکی عادەتینو ئەمە یاسای جیهانەو، باوكو باپیرانیشمان تووشی خۆشیو ناخۆشی بوونو بارو دۆخی جیاجیایان دیوە. ئەنجا کوتوپڕو بە بێئەوەی بە خۆیان بزانن سزامان بۆ ناردنو تۆڵەمان لێ کردنەوە.

وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْقُرَى آمَنُواْ وَاتَّقَواْ لَفَتَحْنَا عَلَيْهِم بَرَكَاتٍ

مِّنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ وَلَـكِن كَذَّبُواْ فَأَخَذْنَاهُم بِمَـــا كَـانُواْ يَكْسِبُونَ{٩٦}

ئەگەر ئەهلی ئەو دێیانە لەباتی کافریو بێگوێیی ئیمانیان بهێنایەو بەگوێی پێغەمبەرانیان بکردایەو لە خودا بترسانایە ئێمە لە هەموو لایێکەوە دەرگای ڕزق و ڕۆزیو بەرەکەتو خۆشیمان بۆ ئەکردنەوە، بەلاَم ئەوان پێغەمبەرانیان بەدرۆئەخستەوەو کافر بوون، بۆیە ئێمەیش بەهۆی ئەو کردارە خراپانەیانەوە تۆڵەمان لێ سەندن و سزامان دان.

أَفَأَمِنَ أَهْلُ الْقُـــرَى أَن يَأْتِيَـــهُمْ بَأْسُـــنَا بَيَاتــاً وَهُـــمْ نَآئِمُونَ{٩٧}

ئایا پاش ئەمە ئەهلی ئەو دێیانە ئەمینن‌و دڵنیان لەوەی کە لە شەوداو لەکاتێکدا کە ئەوان نووستوون‌و ئاگایان لە خۆیان نییە سزاو عەزابی ئێمەیان بۆ نایێ‌و تۆڵەیان لێناسەنرێتەوە؟!.

أَوَ أَمِنَ أَهْلُ الْقُرَى أَن يَأْتِيَـــهُمْ بَأْسُـــنَا ضُحًـــى وَهُـــمْ يَلْعَبُونَ{٩٨}

یا دڵنیان لەوەی کە لەکاتی چێشتەنگادا، کە خەریکی یاری‌و ڕابواردنن، سزای ئێمەیان بۆ نایێت ؟!

أَفَأَمِنُواْ مَكْرَ اللّهِ فَـــلاَ يَـــأْمَنُ مَكْـــرَ اللّــــهِ إِلاَّ الْقَـــوْمُ الْخَاسِرُونَ{٩٩}

یا خۆ ئەو خەڵکانە ئەمینن لە قەهرو غەزەبی خودا؟ کەس لە

قـەهرو غـەزەبی خـودا ئـەمین نابـێ ئەوانـە نـەبێ کـە زەرەرمـەندن‌و کافرن‌و بیر لە گەورەیی خودا ناکەنەوە.

أَوَلَمْ يَهْدِ لِلَّذِينَ يَرِثُونَ الأَرْضَ مِن بَعْدِ أَهْلِهَا أَن لَّوْ نَشَاءُ أَصَبْنَاهُم بِذُنُوبِهِمْ وَنَطْبَعُ عَلَى قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لاَ يَسْمَعُونَ{١٠٠}

ئایا ئەوانـەی لـە جێـی خەڵقـە پێشـووەکان دانیشـتوون‌و ، سەرزەوییان بە میرات بۆ ماوەتەوە، خودا بۆی ڕوون نەکردوونەتەوە کـە ئەگـەر ئێمـە بمانـەوێ بـەهۆی تاوانەکانیانـەوە تۆڵـەیان لێئەستێنین، وەك لـە پێشوەکانمان سـەند، هـەروەها دڵیـان مـۆر ئەکەین‌و حەق نابیسن بە جۆرێکی وەها کە پەندو عیبرەت وەربگرن.

تِلْكَ الْقُرَى نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنبَآئِهَا وَلَقَدْ جَاءتْهُمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ فَمَا كَانُواْ لِيُؤْمِنُواْ بِمَا كَذَّبُواْ مِن قَبْلُ كَذَلِكَ يَطْبَعُ اللّهُ عَلَىَ قُلُوبِ الْكَافِرِينَ{١٠١}

ئەمانـە ئـەو دێو ئاوەدانییانـە بـوون کـە بەسـەرهاتیانت بـۆ ئەگێڕینـەوە. بێگومـان پێغەمبـەرانیان بـۆ هـاتبوون بـە موعجـیزەو دەلیلەوە، بەڵام ئەو خەڵکانە هەرگیز ئیمانیـان نـەهێنا بـەو شـتانەی لەپێشـدا باوەڕیـان پـێ نـەکردبوو، چونکـە بـە دەوام بێبـاوەڕو سەرکەش بوون. ئاوەها خودا دڵی کافران مۆر ئەکات کە ئامادە نـین ڕاستی ببیسن‌و باوەڕی پێ بکەن.

وَمَا وَجَدْنَا لأَكْثَرِهِم مِّنْ عَهْدٍ وَإِن وَجَدْنَا أَكْثَرَهُمْ لَفَاسِقِينَ {١٠٢}

بەشــی زۆری ئەوانــە عــەهدو پــەیمانمان لیٚ نــەبینین، بەڕاســـتی زۆرتریان فاسقو لەڕیٚلادەر بوون.

ثُمَّ بَعَثْنَا مِن بَعْدِهِم مُّوسَى بِآيَاتِنَا إِلَى فِرْعَوْنَ وَمَلَئِــــهِ فَظَلَمُواْ بِهَا فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُفْسِدِينَ {١٠٣}

لەپاش ئەوان مووسای کوڕی عیمرانمان لەگەڵ موعجیزەدا نارد بۆ لای فیرعەونی قیبتیی پاشای میسرو کۆمەڵە هاوبیرەکەی. ئــەوان ستەمیان لــە ئایەتــەکان کــردو ئینکــاری موعجیزەکانیــان کــرد ، جــا سەیر کە ئەنجامو پاشەڕۆژی ستەمکاران چۆن بوو؟.

وَقَالَ مُوسَـــى يَـــا فِرْعَـــوْنُ إِنِّـــي رَسُـــولٌ مِّـــن رَّبِّ الْعَالَمِينَ{١٠٤}

مووســا وتــی : ئــەی فیرعــەون ! بیٚگومــان مــن لــەلای خــودای پەروەردگاری هەموو جیهانـــەوە بــۆ لای ئیٚــوە نــیٚرراوم‌و پیٚغەمبــەری خودام.

حَقِيقٌ عَلَى أَن لاَّ أَقُولَ عَلَى اللّهِ إِلاَّ الْحَقَّ قَدْ جِئْتُكُــــم بِبَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ فَأَرْسِلْ مَعِيَ بَنِي إِسْرَائِيلَ {١٠٥}

شایانی پیٚغەمبەرایەتیی مـــن ئەوەیــە کــە درۆ بــەدەم خــوداوە هەڵنەبەستم‌و، واجبــە لــە ســەرم ڕاســـتی نــەبیٚ هیــچ نــەڵیٚم. مــن موعجیزەی ئاشکرام هیٚناوە بۆتان بۆ ئیســباتی ڕاســتیی قســەکانم‌و پیٚغەمبەرایەتیم، کەواتە بەنیئیسرائیلم لەگــەڵدا بنــیٚرەوەو ماوەیــان بــدە بــا لەگــەڵمدا بگەڕیٚنــەوە بـــۆ نیشــتمانی خۆیــان کــە جیٚگــای باوباپیریان بووە.

قَالَ إِن كُنتَ جِئْتَ بِآيَةٍ فَأْتِ بِهَا إِن كُنتَ مِنَ الصَّادِقِينَ{١٠٦}

فیرعەون وتی بە مووسا : ئەگەر لای خوداوە ئایەتێکت هێناوە بێنیە پیشانی بدە ئەگەر ڕاست ئەکەی!.

فَأَلْقَى عَصَاهُ فَإِذَا هِيَ ثُعْبَانٌ مُّبِينٌ {١٠٧}

مووسایش عاساکەی فڕێداو کوتوپڕ عاساکە بوو بە مارێکی گەورەی ئاشکرا.

وَنَزَعَ يَدَهُ فَإِذَا هِيَ بَيْضَاءُ لِلنَّاظِرِينَ {١٠٨}

هەروەها دەستی لە بنباڵی دەرهێناو کوتوپڕ بوو بە ماددەیێکی نوورانیی زیاد لەئەندازە سپیو ڕووناك بۆ ئەوانەی لەوێ سەیریان ئەکرد.

قَالَ الْمَلأُ مِن قَوْمِ فِرْعَوْنَ إِنَّ هَذَا لَسَاحِرٌ عَلِيمٌ{١٠٩}

کۆمەڵێ لە قەومی فیرعەون وتیان ئەم کابرایە بەڕاستی جادووگەرێکی زانایە.

يُرِيدُ أَن يُخْرِجَكُم مِّنْ أَرْضِكُمْ فَمَاذَا تَأْمُرُونَ {١١٠}

ئەیەوێ زاڵ ببێت بەسەرتانداو لە جێو ڕێو نیشتمانی خۆتان دەرتان بکات !چی ئەڵێن بیکەین، چار چییە؟.

قَالُواْ أَرْجِهْ وَأَخَاهُ وَأَرْسِلْ فِي الْمَدَآئِنِ حَاشِرِينَ{١١١}

وتیان بە فیرعەون: خۆیو براکەی لێرە ڕاگرەو لە کاریاندا پەلە

مەکەو، مەئموور بنێرە بە وڵاتدا بۆ کۆکردنەوەی جادووگەران.

يَأْتُوكَ بِكُلِّ سَاحِرٍ عَلِيمٍ {١١٢}

با هەرچی جادووگەری زانا هەیە بۆت بێنن.

وَجَاء السَّحَرَةُ فِرْعَوْنَ قَالْواْ إِنَّ لَنَا لأَجْرًا إِن كُنَّا نَحْـنُ الْغَالِبِينَ{١١٣}

جا مەئموورەکان ڕۆیشتن و جادووگەرێکی زۆریـان کۆکـردەوەو هەموو هاتنە لای فیرعەون، وتیـان ئایـا ئێمـە پاداشێکـی چاکمـان ئەبێ ئەگەر هاتو سەرکەوتین ؟ .

قَالَ نَعَمْ وَإَنَّكُمْ لَمِنَ الْمُقَرَّبِينَ {١١٤}

فیرعون وتـی: بـەڵی پاداشـتان ئـەبێ، سـەرەڕای ئـەوەش لـە منەوە نزیك ئەبن و حورمەتتان لێ ئەگیرێ.

قَالُواْ يَا مُوسَىٰ إِمَّا أَن تُلْقِيَ وَإِمَّـــا أَن نَّكُـونَ نَحْـنُ الْمُلْقِينَ{١١٥}

جادووگەرەکان وتیان: ئەی مووسا ! یا تـۆ لەپێشـان ئەسـبابی جادووی خۆت دەربکەو فرێیبدە یا ئێمە یەکەمجار فرێی ئەدەین.

قَالَ أَلْقُوْاْ فَلَمَّا أَلْقَوْاْ سَحَرُواْ أَعْيُنَ النَّاسِ وَاسْتَرْهَبُوهُمْ وَجَاءوا بِسِحْرٍ عَظِيمٍ {١١٦}

مووسا وتـی: نەخـەیر، ئێـوە جـادووی خۆتـان دەربخـەن و ئەسبابی خۆتان فڕێ بدەن. جـا کـە ئـەوان جـادووی خۆیـان فـڕێدا خەڵکیان چاوبەسـت کردو شتی ناڕاسـتو درۆیان بــە ڕاست پیشـان دان و ترساندنیان، جادوییکی زلیان خستەکار.

وَأَوْحَيْنَا إِلَى مُوسَى أَنْ أَلْقِ عَصَاكَ فَإِذَا هِيَ تَلْقَفُ مَا يَأْفِكُونَ{١١٧}

جا وەحیمان کرد بۆ مووسا کە عاساکەی خۆت فڕێدە، کە فڕێیدا هەموو کەرەستەی جادووگەریی جادووەکانی فیرعەونی قووتدا.

فَوَقَعَ الْحَقُّ وَبَطَلَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ {١١٨}

جا بەم ڕووداوە ڕاستی قسەی مووسا دەرکەوتو، ئەوەی ئەوان کردیانو چاوبەستی خەڵکیان پێ کرد هەمووی پووچو بێکەڵك دەرچوو.

فَغُلِبُواْ هُنَالِكَ وَانقَلَبُواْ صَاغِرِينَ {١١٩}

کە مووسا موعجیزەکەی نواندو جادووەکەی ئەوانی بەتاڵ کردەوە، جادووگەرەکان بەزین و ملکەچ بوونو بەزەلیلیو بەزێنراوی سەرشۆڕو ماڵوێرانو ڕەنجەڕۆ بوون.

وَأُلْقِيَ السَّحَرَةُ سَاجِدِينَ {١٢٠}

ئەو موعجیزە گەورەیە جادووگەرەکانی وەها سەرسام کرد ماتو مەبهووتو بێ ئیرادە کەوتن بەڕووداو سوجدەیان برد بۆ خودای مووساو هەموو عالەم.

قَالُواْ آمَنَّا بِرَبِّ الْعَالَمِينَ {١٢١}

وتیان: ئیمانمان بە پەروەردگاری هەموو عالەمەکان هێنا.

رَبِّ مُوسَى وَهَارُونَ {١٢٢}

ئەو پەروەردگارە کە مووساو هاروون ئەیپەرستن.

قَالَ فِرْعَوْنُ آمَنتُم بِهِ قَبْلَ أَن آذَنَ لَكُمْ إِنَّ هَـذَا لَمَكْـرٌ مَّكَرْتُمُوهُ فِي الْمَدِينَـةِ لِتُخْرِجُـواْ مِنْـهَا أَهْلَـهَا فَسَـوْفَ تَعْلَمُونَ{١٢٣}

جا فیرعەون بە جادووگەرەکانی وت: ئایا پێش ئەوەی من ڕێگاتان بدەم ئیمانتان پێ هێنا؟! بێگومان ئەم کارە فێڵو پیلانێکە لەم شارەدا بەرپاتان کردووە بە هاوکاری لەگەڵ مووسادا! تا قیبتییەکانی لێ دەرکەن و بۆ خۆتان و بەنی ئیسرائیل بمێنێتەوە. لەمەوپاش بۆتان دەرئەکەوێ چیتان بەسەردێنم!!.

لأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُم مِّـنْ خِـلاَفٍ ثُـمَّ لأُصَلِّبَنَّكُـمْ أَجْمَعِينَ{١٢٤}

بەڕاستی دەستو پێتان ڕاستو چەپ، لە هەر ئەندامی لایەک، ئەبڕمەوەو، هەمووتان ئەدەم لە دارو هەڵتانئەواسم.

واتە: دەستی ڕاست و پێی چەپ، دەستی چەپ و پێی ڕاستتان ئەبڕمەوەو هیچ لاییکتان بە ساغی ناهێڵمەوەو ئەنجا بۆ پەندو عیبرەتی خەڵکیش هەڵتانئەواسم.

قَالُواْ إِنَّا إِلَى رَبِّنَا مُنقَلِبُونَ {١٢٥}

وتیان چی ئەکەی بیکە . ئێمە ئەگەڕێینەوە بۆ لای خودای خۆمانو چاوەڕوانی لوتفو میهرەبانیی‌ئەوین . لامان موهیم نی‌یە تۆ چی ئەکەی؟

وَمَا تَنقِمُ مِنَّا إِلاَّ أَنْ آمَنَّا بِآيَاتِ رَبِّنَا لَمَّا جَاءَتْنَا رَبَّنَـــا

أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وَتَوَفَّنَا مُسْلِمِينَ {١٢٦}

تۆ ئەوەت لا خراپە کە ئێمە ئیمانمان هێنا بە موعجیزەکانی پەروەردگارمان کە هاتن بۆمان ، ئەوەش ئەوپەڕی چاکییەو هی ئەوە نییە ئینسان پێی ناخۆش بێ. خودایا تۆیش سەبرو خۆگری بەسەر دڵماندا بڕێژەو بە موسوڵمانی بمانمرێنە .

وَقَالَ الْمَلأُ مِن قَوْمِ فِرْعَونَ أَتَذَرُ مُوسَىٰ وَقَوْمَهُ لِيُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ وَيَذَرَكَ وَآلِهَتَكَ قَالَ سَنُقَتِّلُ أَبْنَاءَهُمْ وَنَسْتَحْيِـي نِسَاءَهُمْ وَإِنَّا فَوْقَهُمْ قَاهِرُونَ{١٢٧}

دەستەڵاتدارەکانی قەومی فیرعەون‌و دەستەو بەستەکەی پێیان وت: ئایا واز لە مووساو قەومەکەی ئەهێنی بەدکاری بکەن لە سەرزەوی‌و تۆو خوداکەت بەجێبێڵن‌و ئیمانتان پێ نەهێنن؟!.

فیرعەون وتی : ئەمە چاری ئاسانە، هەرچی نێرینەیانە ئەیانکوژین‌و بنبڕیان ئەکەین‌و تۆویان ناهێڵین ، ئەوەیش مێینەیانە بە زیندوویەتی ئەیانهێڵینەوەو زەلیلیان ئەکەین . ئێمە بەسەریاندا زاڵین.

قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِ اسْتَعِينُوا بِاللّهِ وَاصْبِرُواْ إِنَّ الأَرْضَ لِلّهِ يُورِثُهَا مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ {١٢٨}

کە مووساو بەنی‌ئیسرائیل ئەم هەڕەشەو پیلانەی فیرعەونیان بیست مووسا بە قەومەکەی وت : داوای یارمەتی‌و پشتیوانی لە خودا بکەن‌و خۆگر بن . زەوی هەمووی موڵکی خودایەو کەس خاوەنی ڕاستەقینەی نییە، خودا زەوی‌و دەستەڵاتی سەرزەوی ئەدا بە

هەرکەس کە مـەیلی لێ بیێو، ئـەنجامی پـیرۆزو پـڕ بەختـەوەری هـی ئەوانەیە خۆیان لە گوناه ئەپارێزن‌و بەڕاستی لە خودا ئەترسن .

قَالُواْ أُوذِينَا مِن قَبْلِ أَن تَأْتِينَا وَمِن بَعْدِ مَا جِئْتَنَا قَـــالَ عَسَى رَبُّكُمْ أَن يُهْلِكَ عَدُوَّكُمْ وَيَسْتَخْلِفَكُمْ فِي الأَرْضِ فَيَنظُـرَ كَيْفَ تَعْمَلُونَ {١٢٩}

بەنی ئیسرائیلەکان وتیان : ئەی مووسا ! ئێمە پێش ئەوەی تۆ بێـی بـۆ لامـان ئـازاردراوین‌و کـە تۆیـش‌هـاتی ئـازاردراین‌و زۆر دڵپەرێشـانین . مووسـا پێـی وتـن: بـەڵکو خـودا دوژمنـەکانتان لەناوبەرێ‌و ئێوە بکاتە جێنشین لەسەر عەرزو سەیرتان بکـات چـۆن ئەجووڵێنـەوە: خوداپەرستی ئەکەن تـا پاداشـتان بداتـەوە ، یـا ستەمکارو بێئایین ئەبن تا سزاتان بدات؟

وَلَقَدْ أَخَذْنَا آلَ فِرْعَونَ بِالسِّنِينَ وَنَقْصٍ مِّن الثَّمَـــرَاتِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ{١٣٠}

پاش ئەوە دەستەو بەستەی فیرعەونمان تووشی قـاتی‌و قـڕی‌و گرانی کردو ، بەروبوومی کشتوکاڵ‌و دارو درەختمان کـەم کردنـەوەو ئازارمان دان بـەڵکو بێنـەوە سـەر هۆشـی خۆیـان‌و بـیر بکەنـەوە لـە دەسـتەڵات‌و گـەورەیی خـوداو ڕوو بکەنـە خوداپەرسـتی‌و دووربکەونەوە لە بێئایینی .

فَإِذَا جَاءتْهُمُ الْحَسَنَةُ قَالُواْ لَنَا هَـذِهِ وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ يَطَّيَّرُواْ بِمُوسَى وَمَن مَّعَهُ أَلا إِنَّمَا طَائِرُهُمْ عِندَ اللّهُ وَلَــكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ {١٣١}

ئەمانە ئەگەر خێرو خۆشی ڕوویان تێ بکات وەك بـاران و ڕزق و ڕۆزیـی فـراوان ئـەڵێن حـەقی خۆمانـەو خۆمــان لایقــی ئــەم خــێرو خۆشـییەین. کـە ناخۆشـییەکیش ڕوویـان تـێ ئـەکا ئـەڵێن : ئەمــە نەگبەتیی مووساو دەستەو بەستەکەیەتی! نەخەیر ئەو نەگبەتییـەی ئەوان لای خـوداوە ئـەدرێ بەسـەریاناو مووسـا هیـچ دەسـتێکی لـەو کـارەدا نیـیـە . بـەڵام بەشـی زۆری ئەوانـــە نـــەزان و نـــەفامن و بیرناکەنەوە .

وَقَالُواْ مَهْمَا تَأْتِنَا بِهِ مِن آيَةٍ لِّتَسْحَرَنَا بِهَا فَمَا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ {١٣٢}

کافرەکان بە مووسایان وت : هەرچی موعجیزەو ئایەتێکمان بۆ بێنی تـا دڵمـان داگیر بکـەی ، ئێمـە هـەرگیز بـاوەڕت پـێ ناکـەین و ئیمانت پێ ناهێنین.

فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمُ الطُّوفَانَ وَالْجَرَادَ وَالْقُمَّـــلَ وَالضَّفَـــادِعَ وَالــدَّمَ آيَـــاتٍ مُّفَصَّـــلاَتٍ فَاسْـــتَكْبَرُواْ وَكَـــانُواْ قَوْمًــــا مُّجْرِمِينَ{١٣٣}

ئەنجا لافـاوو بـارانی توندمـان نـاردە سـەریان تـا کشتوکاڵیان لەناوبەرێ و، کوللەمان ناردە سەریان تا سـەوزی و بـەری دەغڵـودان و دارەکانیـان هـەموو بخـۆن و، سپێمان نــارد بـۆ ئـازاری لەشـیان و خوراندنی. هــەروەها بۆقمـان نـاردە نـاو ماڵیـان و هـەموو شـوێنێکی داگیرکردن و خوێنمان باراند بەسەر خۆیان و ماڵو خواردەمەنییانداو بەتەواوی ئیسـتیراحەتمان لێ سەندن. ئەمانە هەموو چەند نیشانەییێکی

ڕوون و ئاشکرا بوون لەسەر دەستەڵاتو گەورەیی خودا، بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو نیشانانەدا ئەوان هەر خۆیان بە گەورە زانیو لەخۆبایی بوونو کۆمەڵێکی ستەمکارو لەخودانەترس بوون.

وَلَمَّا وَقَعَ عَلَيْهِمُ الرِّجْزُ قَالُواْ يَا مُوسَى ادْعُ لَنَا رَبَّكَ بِمَا عَهِدَ عِندَكَ لَئِن كَشَفْتَ عَنَّا الرِّجْزَ لَنُؤْمِنَنَّ لَكَ وَلَنُرْسِلَنَّ مَعَكَ بَنِي إِسْرَآئِيلَ {١٣٤}

کە ئەو سزاو ئازارانە بارین بەسەریانداو تووشبوون پەنایان بردە بەر مووساو پێیان وت: لە خودای خۆت بپاڕێرەوە ئەم نەگبەتیو نەهاتییەمان لە کۆڵ بکاتەوە، بەو پەیمانەی لە بەینتاندا هەیەو پێی وتووی : ئەگەر لێم بپاڕێیتەوە نزات قبووڵ ئەکەم. جا قەسەم بەو پەیمانە ئەگەر ئەم جارە ئەم ئازارەت لێ ڕەواندینەوەو ڕزگار بووین ئیمانت پێ ئەهێنینو بەنیئیسرائیلت لەگەڵ ئەنێرین.

فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُمُ الرِّجْزَ إِلَى أَجَلٍ هُم بَالِغُوهُ إِذَا هُمْ يَنكُثُونَ{١٣٥}

کە سزاکەمان لە کۆڵ کردنەوە تا ئەو ماوەی دیارییان کردبوو بۆ ئیمان هێنان، کوتوپڕ پەیمانەکەیان جێبەجێ نەکردو لە ڕێگای لار لایان نەداو بە کافری مانەوە.

فَانتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَأَغْرَقْنَاهُمْ فِي الْيَمِّ بِأَنَّهُمْ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا وَكَانُواْ عَنْهَا غَافِلِينَ {١٣٦}

ئێمەش تۆڵەمان لێ سەندن و لە قووڵایی دەریای بێبندا نوقممان کردن، چونکە ئایەتەکانی ئێمەیان بەدرۆ ئەخستەوەو

باوەڕیان پێ نەئەکردن‌و ئەوەندە لاڕێ‌گرو سەرپێچ بوون ئەتوت ئاگایان لە هیچ نی‌یەو هیچیان بەسەرنەهاتووەو کەس ئامۆژگاری نەکردوون .

وَأَوْرَثْنَا الْقَوْمَ الَّذِينَ كَانُواْ يُسْتَضْعَفُونَ مَشَارِقَ الأَرْضِ وَمَغَارِبَهَا الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ الْحُسْنَى عَلَى بَنِي إِسْرَآئِيلَ بِمَا صَبَرُواْ وَدَمَّرْنَا مَا كَانَ يَصْنَعُ فِرْعَوْنُ وَقَوْمُهُ وَمَا كَانُواْ يَعْرِشُونَ {١٣٧}

پاش ئەوە ڕۆژهەلات‌و ڕۆژاوای سەرزەوی ، واتە : شام‌و دەوروبەری کە پیرۆزمان کردبوو و بەرەکەتمان تێخستبوو ، دامان بەوانەی زەبوون‌و ژێردەستە بوون‌و کوڕیان سەرئەبڕاو ئافرەتیان ئەکرانە کەنیزەك‌و ئازار ئەدران، ئەو بەڵێنە زۆر جوانەش کە خودا بە بەنی‌ئیسرائیلی دابوو هاتەدی ؛ چونکە خۆیان گرت‌و بوردەبارییان کێشا، هەروەها ئەوەی فیرعەون‌و قەوم‌و دام‌ودەزگاکەی دروستیان کردبوو ئەو باڵەخانەو کۆشك‌و باغ‌و گوڵزارانەی بەرپایان کردبوون هەمووومان تێکومەکان داو وێرانمان کردن .

وَجَاوَزْنَا بِبَنِي إِسْرَآئِيلَ الْبَحْرَ فَأَتَوْاْ عَلَى قَوْمٍ يَعْكُفُونَ عَلَى أَصْنَامٍ لَّهُمْ قَالُواْ يَا مُوسَى اجْعَل لَّنَا إِلَـهاً كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ {١٣٨}

بە سەلامەتی بەنی‌ئیسرائیلمان لە دەریا پەڕاندنەوە . دایان بە لای قەومێکدا کە بەدیاری چەند بتێکەوە دانیشتبوون‌و ئەیانپەرستن! . بەنی‌ئیسرائیلیەکان بە مووسایان وت : تۆیش

خودایێك بۆ ئێمە دروست بکە ، وەك چۆن ئەمانە چەند خودایێکیـان هەیـە ! مووسـایش پێـی وتـن : بەڕاسـتی ئێـوە قـەومێکی نـەزانو نەفامن ، پاش ئەم هەمووە موعجیزانـە تـازە بـەدوای بتپەرسـتیدا ئەگەڕێن؟!

إِنَّ هَـؤُلاء مُتَبَّرٌ مَّا هُـمْ فِيـهِ وَبَـاطِلٌ مَّـا كَـانُواْ يَعْمَلُونَ{١٣٩}

بەڕاسـتی ئـەوەی ئەمانـە خـەریکینی خـودا لەئـەنجامدا ئەیشکێنێو لەناویئەباو شوێنەواری ناهێڵێ ، ئەوەی ئەمانە ئەیکـەن شتێکی پووچو بێهوودەیە ؛ ئەمبتانە نە خودانو نـە ئـەتوانن خـەڵك لە خوداوە نزیك بکەنەوە .

قَالَ أَغَيْرَ اللّهِ أَبْغِيكُـمْ إِلَـهًا وَهُـوَ فَضَّلَكُـمْ عَلَـى الْعَالَمِينَ{١٤٠}

چۆن بەدوای پەرستراوێکیتردا ئەگەڕێم بۆتان لە (الله) بـەولاوە کە نیعمەتێکی گەورەی بـە ئێـوە داوەو فـەزڵی داون بەسـەر هـەموو خەڵکیدا؟!

وَإِذْ أَنجَيْنَاكُم مِّنْ آلِ فِرْعَونَ يَسُومُونَكُمْ سُوَءَ الْعَـذَابِ يُقَتِّلُونَ أَبْنَاءَكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَاءَكُمْ وَفِي ذَلِكُم بَلاءٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَظِيمٌ{١٤١}

بیری ئەوە بکەنەوە کە خودا چ لوتفێکی لەگـەڵ کـردن ؟ چـۆن لـە زۆرو سـتەمی فیرعـەونو دارودەسـتەکەی ڕزگـاری کـردن ، کـە خراپـترین سـزایان دەرخـوارد ئـەدان ، کوڕیـان ئەکوشـتنو

ئافرەتەکانتانیان بەزیندوویی نەهێشتنەوەو ئەیانکردنە جاریەو کەنیزەك ، کە ئەمەش بەڵایێکی ئێجگار گەورە بوو .

وَوَاعَدْنَا مُوسَى ثَلاَثِينَ لَيْلَةً وَأَتْمَمْنَاهَا بِعَشْرٍ فَتَمَّ مِيقَاتُ رَبِّهِ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً وَقَالَ مُوسَى لأَخِيهِ هَارُونَ اخْلُفْنِي فِي قَوْمِي وَأَصْلِحْ وَلاَ تَتَّبِعْ سَبِيلَ الْمُفْسِدِينَ {١٤٢}

سی شەومان دیاری کرد بۆ مووسا بۆ عیبادەت کردنو دە ڕۆژیترمان خستە سەریو ، میقاتەکەی بوو بە چل شەوی تەواو . جا کە مووسا خۆی بۆ موناجات کردن لەگەڵ خودا ئامادە کرد ، ڕوویکردە هاروونی برایو پێی وت : جێنشینم بە لەناو قەومەکەمداو، ئاگاداریان بە لە شەریعەت لانەدەنو نەگۆڕێن . چاکەکەر بەو دوای ڕێگای بەدکاران مەکەوە ، کە ئەوانەن لە خۆیان غافڵنو دوورن لە خوداپەرستی .

وَلَمَّا جَاءَ مُوسَى لِمِيقَاتِنَا وَكَلَّمَهُ رَبُّهُ قَالَ رَبِّ أَرِنِي أَنظُرْ إِلَيْكَ قَالَ لَن تَرَانِي وَلَـكِنِ انظُرْ إِلَى الْجَبَلِ فَإِنِ اسْتَقَرَّ مَكَانَهُ فَسَوْفَ تَرَانِي فَلَمَّا تَجَلَّى رَبُّهُ لِلْجَبَلِ جَعَلَهُ دَكًّا وَخَرَّ موسَى صَعِقًا فَلَمَّا أَفَاقَ قَالَ سُبْحَانَكَ تُبْتُ إِلَيْكَ وَأَنَاْ أَوَّلُ الْمُؤْمِنِينَ {١٤٣}

جا کە مووسا لە کاتی دیاریکراودا هاتو ، خودای گەورە بە بێ هۆی کەسێکیتر ڕاستەوخۆو یەکسەر قسەی لەگەڵ کرد ، وتی : خودایا خۆتم پیشان بدە تا بتبینمو زیاتر دڵم بە نوورت ڕووناك بێتەوە . خودای گەورە لە وەڵامدا فەرمووی : تۆ ئیستە توانی

ئەوەت نی‌یە من ببینی ، بەلاّم بۆ ئەوەی زیاتر دلّنیا ببی کە توانت نی‌یە بمبینی سەیرێکی ئەو کێوە بکە ، ئەگەر لە شوێنی خۆیدا مایەوە ئەوا تۆیش لەمەوپاش ئەتوانی بمبینی . کە خودای گەورە جیلوەو نووری خۆی گرتە کێوەکە گورج ئەو کێوە وردو خاش‌و هەپروون هەپرووون بوو . کە مووسا ئەمەی دی خۆی بۆ ڕانەگیراو یەکسەر کەوت‌و بێهۆش بوو . کە هۆشی هاتەوە بەبەرداو چاوی کردەوە وتی : خودایا ! پاکی‌و بێ‌خەوشی هەر بۆ تۆیە ، پەشیمانم لەو قسەی بە نەزانی کردم‌و ، من لە چاو ئوممەتەکەی خۆمدا یەکەم کەسم ئیمانم هێناو باوەڕم بە گەورەیی‌و دەستەلاّتت کرد .

قَالَ يَا مُوسَى إِنِّي اصْطَفَيْتُكَ عَلَى النَّاسِ بِرِسَالاَتِي وَبِكَلاَمِي فَخُذْ مَآ آتَيْتُكَ وَكُن مِّنَ الشَّاكِرِينَ {١٤٤}

ئەنجا خودا بە مووسای فەرموو ئەی مووسا ! من لەناو خەڵکی زەمانی خۆتا هەڵمبژاردی کە ببیتە پێغەمبەرم‌و سیفرەکانی تەوراتت بدەمێ‌و ، بەتایبەتی‌و بێ‌واسیطە قسەت لەگەڵ بکەم ، تۆیش ئەو بەهرەی پێم‌داوی وەری‌بگرەو بیپارێزەو شوکری خودا بکە کە نیعمەتی وەهای پێ بەخشیوی.

وَكَتَبْنَا لَهُ فِي الأَلْوَاحِ مِن كُلِّ شَيْءٍ مَّوْعِظَةً وَتَفْصِيلاً لِّكُلِّ شَيْءٍ فَخُذْهَا بِقُوَّةٍ وَأْمُرْ قَوْمَكَ يَأْخُذُواْ بِأَحْسَنِهَا سَأُوْرِيكُمْ دَارَ الْفَاسِقِينَ {١٤٥}

هەمووشتمان لە لەوحەکاندا بۆ نووسین لە حەلاڵ‌و حەرام‌و مامەڵەو کاروباری خۆیی نیکاح‌و تەلاق‌و هەموو شتێکی

بایەخداری‌تر. ئەوەی نووسیبوومان ئامۆژگاری بوون و تەفصیلاتی هەموو حوکمەکان بوون . هەروەها بە مووسامان وت : ئەمانە بە هێزو حەزمەوە وەربگرەو ڕایان بگرەو ، ئەمر بە قەومەکەت بکە لەو حوکمانە ئەوەی جوانترە وەری‌بگرن و پەیڕەوی بکەن ، وەك خۆگری لەچاو سەرکەوتن ، یا لێبووردن لەچاو تۆڵە کردنەوە .. تاد..جا ئەگەر ئێوە ئەم ڕێگایە بگرن لە پاشەڕۆژدا ئەنجامتان بەهەشت و نازو نیعمەت ئەبێ ، ئەنجامی بێدینەکانیشتان پیشان ئەدەین کە دۆزەخ و سزاو ئازارە . یاخۆ شوێنەواری ستەمکاران و لەدین لادەرانتان پیشان ئەدەین ، واتە فیرعەون و دەستەوبەستەکەی، کە چۆن ماڵوێران بوون و داریان بەسەر بەردەوە نەما ؛ هەتا ئێوەش پەند وەربگرن و کارەساتی ئەوان ببێتە عیبرەت بۆتان .

سَأَصْرِفُ عَنْ آيَاتِيَ الَّذِينَ يَتَكَبَّرُونَ فِي الأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَإِن يَرَوْاْ كُلَّ آيَةٍ لاَّ يُؤْمِنُواْ بِهَا وَإِن يَرَوْاْ سَبِيلَ الرُّشْدِ لاَ يَتَّخِذُوهُ سَبِيلاً وَإِن يَرَوْاْ سَبِيلَ الْغَيِّ يَتَّخِذُوهُ سَبِيلاً ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا وَكَانُواْ عَنْهَا غَافِلِينَ {١٤٦}

ئەوانەی بە ناحەق خۆیان بە گەورە ئەزانن لە ڕووی زەویداو ، ئایینە هیچ‌پووچەکەی خۆیان بە ڕاست دائەنێن و ، لە عاستی ڕاستی سەرپێچی ئەکەن ، دڵیان مۆر ئەکەین ؛ ئیتر لەو ئایەتانە وردنابنەوە کە خودا ناردوونی و بیر لە خۆیان ناکەنەوە کە چۆن دروست‌کراون و کێ دروستی کردوون ؟ . ئەوانە ئەگەر هەرچی ئایەتە ببینن باوەڕی پێ ناکەن . ئەگەر ڕێگەی ڕاست ببینن

پەیڕەوی ناکەن ، بەڵام ئەگەر ڕێگەی چەوت ببینن پەیڕەوی ئەکەن.
ئێمە بۆیە دڵی ئەمانەمان مۆر کردووە چونکە خۆیان ستەمکارن و پێغەمبەران بەدرۆئەخەنەوەو باوەڕ بە ئایەتەکانی خودا ناکەن و تێیانانافکرن و بێئاگان لێیان .

وَالَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا وَلِقَاءِ الآخِرَةِ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ هَلْ يُجْزَوْنَ إِلاَّ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ {١٤٧}

بێگومان ئەوانەی باوەڕ بە ئایەتەکانی ئێمە ناکەن و ، باوەڕیان بە کۆبوونەوەی ڕۆژی دوایی و لێپرسینەوە نییە ، هەرچی ئەکەن پووچەو هیچ سوودێکی لێ وەرناگرن . ئەمانە غەیری پاداشی کردەوەی خۆیان پاداشیان نادرێتەوە .

وَاتَّخَذَ قَوْمُ مُوسَى مِن بَعْدِهِ مِنْ حُلِيِّهِمْ عِجْلاً جَسَدًا لَّهُ خُوَارٌ أَلَمْ يَرَوْاْ أَنَّهُ لاَ يُكَلِّمُهُمْ وَلاَ يَهْدِيهِمْ سَبِيلاً اتَّخَذُوهُ وَكَانُواْ ظَالِمِينَ{١٤٨}

کە مووسا ڕۆیشت بۆ میقات قەومەکەی لەو خشڵانەی لە قیبتییەکانیان وەرگرتبوو، هەیکەلی گوێرەکەیێکیان دروست کرد کە لەشی هەبوو و وەك گا ئەیقۆڕاند . سامیری حیلەباز وای دروست کردبوو کە هەوای تێئەچوو دەنگی لێوە ئەهات . خەڵکە نەزانەکە وایان ئەزانی گیانلەبەرە . سەیری ئەوەیان نەئەکرد ئەو پەیکەرە نە قسەیان لەگەڵ ئەکات و نە هیدایەتیان ئەدات ! . کردیان بە خوداو پەرستیان و ستەمیان لە خۆیان کردو لە ئایینی ڕاستەقینە لایان دا .

وَلَمَّا سُقِطَ فَي أَيْدِيهِمْ وَرَأَوْاْ أَنَّهُمْ قَدْ ضَلُّواْ قَالُواْ لَئِن لَّمْ

يَرْحَمْنَا رَبُّنَا وَيَغْفِرْ لَنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ {١٤٩}

كە شكايە دەستيانو تێكەوتنو بەتەواوى بۆيان دەركەوت كارێكى خراپيان كردووەو گومڕاھ بوون ، پەشيمان بوونەوەو وتيان: ئەگەر خودا ميهرەبانيمان لەگەڵ نەكاو نەمانبەخشێت ماڵوێرانو ڕەنج بەخەسار ئەبين .

وَلَمَّا رَجَعَ مُوسَى إِلَى قَوْمِهِ غَضْبَانَ أَسِفًا قَالَ بِئْسَمَا خَلَفْتُمُونِي مِن بَعْدِيَ أَعَجِلْتُمْ أَمْرَ رَبِّكُمْ وَأَلْقَى الألْوَاحَ وَأَخَذَ بِرَأْسِ أَخِيهِ يَجُرُّهُ إِلَيْهِ قَالَ ابْنَ أُمَّ إِنَّ الْقَوْمَ اسْتَضْعَفُونِي وَكَادُواْ يَقْتُلُونَنِي فَلاَ تُشْمِتْ بِيَ الأعْدَاءَ وَلاَ تَجْعَلْنِي مَعَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ{١٥٠}

كە مووسا لە ميقات گەڕايەوەو دى چييان كردووە تووڕە بوو و زۆر خەفەتىخواردو وتى : پاش من كارێكى زۆر ناشيرينتان كرد كە دەستتان دايە گوێرەكە پەرستى . ئەى خودا پێىنەوتن چاوەڕێى گەڕانەوەم بكەن؟ بۆ پەلەتان كرد ؟ لە تووڕەييدا لەوحەكانى كوتا بە ئەرزاو سەرى هاروونى براى گرت و ڕايكێشا . هاروونيش وتى : كوڕى دايكم ! من تاوانم نىيە ، لێم نەترسان و بە بێدەستەڵاتيان زانيمو ، خەريك بوو بمكوژن! لە بەرچاوى دوژمناندا سووكم مەكەو دڵى دوژمنم پێ خۆش مەكەو لە ستەمكارانم حسێب مەكە .

قَالَ رَبِّ اغْفِرْ لِي وَلأَخِي وَأَدْخِلْنَا فِي رَحْمَتِكَ وَأَنتَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ{١٥١}

جا مووسا وتی : خودایا ! له گوناهی منو هاروونی برام ببوورەو چاوپۆشیمان لێ بکەو ، بمانخەرە ناو رەحمەتو بەزەیی خۆتەوە ؛ تۆ لە هەموو میهرەبانێ میهرەبانتری .

إِنَّ الَّذِينَ اتَّخَذُواْ الْعِجْلَ سَيَنَالُهُمْ غَضَبٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَذِلَّةٌ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُفْتَرِينَ {١٥٢}

بێگومان ئەوانەی گوێرەکەیان کردە خودای خۆیانو پەرستیان، لەلای خوداوە غەزەبیان تووش ئەبێو لە دنیادا تووشی زەلیلیو دەس بەسەری ئەبن . ئا بەم جۆرە پاداشی ئەوانە ئەدەینەوە کە درۆ هەڵئەبەستنو رێگای بێدینی ئەگرن .

وَالَّذِينَ عَمِلُواْ السَّيِّئَاتِ ثُمَّ تَابُواْ مِن بَعْدِهَا وَآمَنُواْ إِنَّ رَبَّكَ مِن بَعْدِهَا لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ {١٥٣}

ئەوانەیش کە کردەوەی خراپیان کردووەو ، لە پاشاندا تەوبەیان کردووەو پەشیمان بوونەتەوەو بەتەواوی ئیمانیان هێناوەو گەڕاونەتەوە بۆ لای خودا ، خودا بۆ ئەوانە گوناهبەخشو میهرەبانە .

وَلَمَّا سَكَتَ عَن مُّوسَى الْغَضَبُ أَخَذَ الأَلْوَاحَ وَفِي نُسْخَتِهَا هُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلَّذِينَ هُمْ لِرَبِّهِمْ يَرْهَبُونَ {١٥٤}

جا کاتێ کە مووسا قارو قینی دامردەوە ئەو تەختانەی لە میقاتەوە هێنابوونی هەڵیگرتن کە لە نووسراوی سەر ئەو تەختانەدا هیدایەتو شارەزایی هەبوو بۆ ئەو کەسانەی لە خودای خۆیان ئەترسن .

وَاخْتَارَ مُوسَى قَوْمَهُ سَبْعِينَ رَجُلاً لِّمِيقَاتِنَا فَلَمَّا أَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ قَالَ رَبِّ لَوْ شِئْتَ أَهْلَكْتَهُم مِّن قَبْلُ وَإِيَّايَ أَتُهْلِكُنَا بِمَا فَعَلَ السُّفَهَاءُ مِنَّا إِنْ هِيَ إِلاَّ فِتْنَتُكَ تُضِلُّ بِهَا مَن تَشَاءُ وَتَهْدِي مَن تَشَاءُ أَنتَ وَلِيُّنَا فَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا وَأَنتَ خَيْرُ الْغَافِرِينَ {١٥٥}

مووسا لەسەر فەرمانی خودا حەفتا پیاوی لە بەنی ئیسرائیل هەڵبژارد کە بێن بۆ میقاتی ئێمە ، ئەو شوێنەی لەگەڵ مووسادا قسەی تێدا ئەکەم . کاتێ گەیشتنە ئەوێ هەورەتریشقە لێی دان و هەموو مردن . ئەنجا مووسا ڕووی کردە بارەگای خوداو وتی : ئەگەر خواستت لێ بوایە لەپێش ئەم ڕۆژەدا منیش و ئەوانیشت ئەمراند ، ئێستە من چی بکەم لە تانەو تەشەری بەنی ئیسرائیل ؟ ئایا بەهۆی تاوانی نەفامەکانمانەوە ئێمە لەناو ئەبەی ؟ بێگومان ئەم ڕووداوە تاقیکردنەوەیێکە هەر کەست بوێ گومڕاهی ئەکەیت پێی و، هەر کەسیشت بوێ هیدایەتی ئەدەی پێی. تۆ گەورەمانی ، تاوانمان ببەخشەو میهرەبانیمان لەگەڵ بکە ، تۆ چاکترین تاوانبەخشی.

وَاكْتُبْ لَنَا فِي هَـذِهِ الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الآخِرَةِ إِنَّا هُدْنَـا إِلَيْكَ قَالَ عَذَابِي أُصِيبُ بِهِ مَنْ أَشَاءُ وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ فَسَأَكْتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَـاةَ وَالَّذِينَ هُم بِآيَاتِنَا يُؤْمِنُونَ {١٥٦}

خودایا لەم دنیادا بڕیاری نیعمەت و ئەنجامی چاکمان بۆ بدەو ، لەو دنیایشدا پاداش و بەهرەی باش. بێگومان ئێمە مەیلمان کردوە بۆلای تۆ . ئەنجا خودا فەرمووی : بۆ هەرکەس خواستم لەسەر بێ سزای ئەدەم و ، ڕەحمەت و میهرەبانیشم زۆر فراوانەو هەمووشت ئەگرێتەوە . ئەو ڕەحمەتەم بۆ ئەوانە ئەنووسم کە خۆیان لە گوناه ئەپارێزن و لە خودا ئەترسن و زەکات ئەدەن بە موستەحەققان و ، باوەڕیان بە ئایەتەکانی ئێمە هەیە .

الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالإِنْجِيلِ يَأْمُرُهُم بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَآئِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالأَغْلاَلَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ فَالَّذِينَ آمَنُواْ بِهِ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَاتَّبَعُواْ النُّورَ الَّذِيَ أُنزِلَ مَعَهُ أُوْلَـئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ{١٥٧}

ئەو کەسانەی ئەکەونە دوای ئەو فروستادەیە کە پێغەمبەرێکی نەخوێندەوارە ئەوەی ئەیبینن لای خۆیان لە تەورات و ئینجیلدا نووسراوەو ئەمریان پێ ئەکات بە چاکەو نەهیان لێ ئەکات لە خراپەو، خواردەمەنی پاک و پوختەیان بۆ حەڵاڵ ئەکات و ، خواردەمەنی پیسیان لێ حەرام ئەکات و ، ئەو بارە قورسانەی ئەوسا بەکۆڵیانەوە بوون لایان ئەدات و باری سەرشانیان سووک ئەکات . بێگومان ئەوانەی ئیمانی پێ بهێنن و حورمەتی بگرن و یارمەتی بدەن و ، دوای ئەو نوورو هیدایەتە بکەون کە لای خوداوە بۆی هاتووە ، ئا ئەوانەن لە دنیاو قیامەتدا ڕزگارو سەربەرزن .

قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ لا إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ يُحْيِـي وَيُمِيتُ فَآمِنُواْ بِاللّهِ وَرَسُولِهِ النَّبِيِّ الأُمِّيِّ الَّذِي يُؤْمِنُ بِاللّهِ وَكَلِمَاتِهِ وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ {١٥٨}

ئەی پێغەمبەر ! تۆ بە بەرەی ئادەمزاد بڵێ من پێغەمبەرو فروستادەی خودام بۆ سەر ئێوە هەمووتان ، ئەو خودایەی هەرچی ئاسمانو ئەرزەو هەرچییان تێدایە هەمووی موڵکی ئەوەو ، کەس بەڕاستی عیبادەتی بۆ ناکرێ ئەو نەبێ . مردوو زیندوو ئەکاتەوەو زیندوو ئەمرێنێ . کەواتە ئیمان بێنن بە خوداو بەو فروستادەی کە پێغەمبەرێکی نەخوێندەواری وایە باوەڕی بە خوداو کەلیماتی خودا هەیە ، کە کتێبە ئاسمانییەکانن . دوای بکەونو پەیڕەوی ئامۆژگارییەکانی بکەن ؛ بەڵکو شارەزا ببنو بکەونە سەر ڕێگای ڕاست .

وَمِن قَوْمِ مُوسَى أُمَّةٌ يَهْدُونَ بِالْحَقِّ وَبِهِ يَعْدِلُونَ{١٥٩}

لە قەومی مووسا تاقمیوا هەن ڕێنومایی خەڵك ئەکەن بۆ لای خوداو حەقو عەدالەت لەناو خەڵکدا بڵاو ئەکەنەوە .

وَقَطَّعْنَاهُمُ اثْنَتَيْ عَشْرَةَ أَسْبَاطًا أُمَمًا وَأَوْحَيْنَا إِلَى مُوسَى إِذِ اسْتَسْقَاهُ قَوْمُهُ أَنِ اضْرِب بِّعَصَاكَ الْحَجَرَ فَانبَجَسَتْ مِنْهُ اثْنَتَا عَشْرَةَ عَيْنًا قَدْ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٍ مَّشْرَبَهُمْ

وَظَلَّلْنَا عَلَيْهِمُ الْغَمَامَ وَأَنزَلْنَا عَلَيْهِمُ الْمَنَّ وَالسَّلْوَى كُلُواْ مِن طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ وَمَا ظَلَمُونَا وَلَـكِن كَانُواْ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ {١٦٠}

بەنی ئیسرائیلمان کرد بە دوانزە بەش ، دوانزە کۆمەڵ . جا کە قەومەکەی مووسا لە دەشتی تەیهدا تینوێتی تەنگی پێ هەڵچنین و داوای ئاویان لە مووسا کرد ، وەحیمان بۆ مووسا کردو پێمان وت بە عاساکەت لەو بەردە بدە ، کە لێیدا دوانزە سەرچاوە ئاوی لێ هەڵقوڵی کە هەر کۆمەڵێ سەرچاوەی خۆی ئەزانی و نیشانەی تایبەتی لەسەر بوو . هەروەها هەورمان بۆ کردن بە سێبەر کە لە گەرمای هەتاو بیانپارێزێ و ، گەزۆو شەلاقەشمان بەسەردا باراندن و، پێمان وتن : لەم ڕزقە پاك و پوختە بخۆن کە پێمان داون . جا کە ئەوان لە ڕێ لایانداو شوکرانە بژێری نیعمەتی خودا نەبوون زیانیان لە ئێمە نەدا ، ستەمیان لە خۆیان کردو خۆیان ماڵوێرانی دنیاو قیامەت بوون .

وَإِذْ قِيلَ لَهُمُ اسْكُنُواْ هَـذِهِ الْقَرْيَةَ وَكُلُواْ مِنْهَا حَيْثُ شِئْتُمْ وَقُولُواْ حِطَّةٌ وَادْخُلُواْ الْبَابَ سُجَّدًا نَّغْفِرْ لَكُمْ خَطِيئَاتِكُمْ سَنَزِيدُ الْمُحْسِنِينَ {١٦١}

بیری ئەوە بکەرەوە کە بە بەنیئیسرائیل وترا : لەم دێیەدا ، کە قودسی شەریفە نیشتەجێ بن و ، لە هەرلایێکەوە ئارەزووتان هەیە بخۆن و، بڵێن : خودایا مەبەستمان لابردنی باری تاوانە لەسەر شانمان و ، بە حاڵی سوجدەبردنەوە بڕۆنە ژووری مزگەوت ، ئەگەر

وا بکەن لە گوناهتان ئەبوورین‌و ، ئەوانەی چاکەکەرن پاداشی زیاتریان ئەدەینەوە .

فَبَدَّلَ الَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنْهُمْ قَوْلاً غَيْرَ الَّذِي قِيلَ لَهُمْ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِجْزًا مِّنَ السَّمَاءِ بِمَا كَانُواْ يَظْلِمُونَ {١٦٢}

جا ئەوانەیان کە ستەمکار بوون ئەوەی ئەمریان پێ کرابوو بیلێن گۆڕییان‌و شتێکی‌تریان وت کە پێیان نەوترابوو ، بێگوێیی پێغەمبەرەکەیان کرد . ئێمەش لە ئەنجامی ئەو بێ گوێییەدا لە ئاسمانەوە تاعوونمان بۆ ناردن‌و تووشی نەگبەتی هاتن چونکە ئەوانە ستەمیان لە خۆیان‌و لە خەڵکیش کرد .

وَاسْأَلْهُمْ عَنِ الْقَرْيَةِ الَّتِي كَانَتْ حَاضِرَةَ الْبَحْرِ إِذْ يَعْدُونَ فِي السَّبْتِ إِذْ تَأْتِيهِمْ حِيتَانُهُمْ يَوْمَ سَبْتِهِمْ شُرَّعاً وَيَوْمَ لاَ يَسْبِتُونَ لاَ تَأْتِيهِمْ كَذَلِكَ نَبْلُوهُم بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ{١٦٣}

ئەی پێغەمبەری خودا لە جوولەکەکان بپرسە دەربارەی دەنگوباس‌و بەسەرهاتی ئەهلی ئەو دێیەی نزیکە دەریا بوو ، چۆن لە سنووری فەرمانی خودا دەرئەچوون‌و ، لە ڕۆژانی شەمموودا ئەچوون بۆ ڕاوەماسی کە خودا لەو ڕۆژەدا ڕاوی حەرام کردبوو ، لەو شەممووانەدا ماسییەکان دەرئەکەوتن‌و ئەکەوتنە سەر ئاو بەڵام لە ڕۆژانی‌تردا دەرنەئەکەوتن‌و دیارنەئەبوون . ئەم جوولەکانە چونکە سەرومڕ لە فەرمانی خودا لایانئەدا خودایش ئاوەها تووشی ئەکردن‌و تاقی ئەکردنەوە.

وَإِذَ قَالَتْ أُمَّةٌ مِّنْهُمْ لِمَ تَعِظُونَ قَوْمًا اللّهُ مُهْلِكُهُمْ أَوْ

مُعَذِّبُهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا قَالُواْ مَعْذِرَةً إِلَى رَبِّكُمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ{١٦٤}

بیری ئەوە بکەرەوە کە چۆن کۆمەڵێ لە بەنی ئیسرائیل بەو کۆمەڵەیان ئەوت کە ئامۆژگاری خەڵکی‌تریان ئەکرد ، پێیان ئەوتن : ئەوە ئێوە بۆچی خۆتان ماندوو ئەکەن ؟ بۆ ئامۆژگاریی‌کەسانێ ئەکەن کە خودا بێ‌گومان لەناویان ئەبات یا سزایەکی توندیان ئەدات؟ ڕابەرەکانیش لە وەلامدا ئەیانوت : بۆیە ئامۆژگارییان ئەکەین تا لە ڕۆژی دواییدا لای خودا عوزرێکمان هەبێو ، کە فەرمووی بۆچی ئامۆژگاری خەڵکتان نەکرد؟ بتوانین وەلام بدەینەوە، هەروەها بە هیوای ئەوەیش کە خەڵکەکە بەهۆی ئامۆژگارییەکەوە لە خودا بترسن‌و خۆیان لە گوناه بپارێزن .

فَلَمَّا نَسُواْ مَا ذُكِّرُواْ بِهِ أَنجَيْنَا الَّذِينَ يَنْهَوْنَ عَنِ السُّوءِ وَأَخَذْنَا الَّذِينَ ظَلَمُواْ بِعَذَابٍ بَئِيسٍ بِمَا كَانُواْ يَفْسُقُونَ{١٦٥}

جا کاتێ ئەو نامەردانە ئەو ئامۆژگارییانەیان لەبیر خۆیان بردەوە کە پێیان وترابوو ، ئەو موسوڵمانانەمان لە سزای سەخت ڕزگار کرد کە مەنعیان ئەکردن لە خراپەکاریو ، ئەوانەش کە ستەمکار بوون ، چونکە لە ڕێگای ڕاست لایاندابوو، تووشمان‌کردن‌و سزایێکی زۆر خراپمان دان .

فَلَمَّا عَتَوْاْ عَن مَّا نُهُواْ عَنْهُ قُلْنَا لَهُمْ كُونُواْ قِرَدَةً خَاسِئِينَ{١٦٦}

جا کە زۆر زۆر لە حەق لایان‌داو زۆر نافەرمانییان کرد پێمان

وتن ده برۆن بیخۆن ، ببنه مەیموونگەلێکی ناچیزو سووك .

وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكَ لَيَبْعَثَنَّ عَلَيْهِمْ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَن يَسُومُهُمْ سُوءَ الْعَذَابِ إِنَّ رَبَّكَ لَسَرِيعُ الْعِقَابِ وَإِنَّهُ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ {١٦٧}

یادی ئەوە بکەرەوە کە وەختی خۆی خودای گەورە ڕایگەیاندو بڕیاریدا سەبارەت بەو جوولەکانەی ئیمانیان نەهێناو بە گوێی پێغەمبەرانیان نەکردو لەسەر بێدینی مانەوە ، کە تا ڕۆژی قیامەت ستەمکاری وەهایان ئەنێرێتە سەر ناخۆشترین سزایان بکا بە قوڕگدا. خودا زۆر گورج تۆڵە لە بەدکاران ئەسێنێتەوە. هەروەها خودا گوناهپۆش و میهرەبانە .

وَقَطَّعْنَاهُمْ فِي الأَرْضِ أُمَمًا مِّنْهُمُ الصَّالِحُونَ وَمِنْهُمْ دُونَ ذَلِكَ وَبَلَوْنَاهُمْ بِالْحَسَنَاتِ وَالسَّيِّئَاتِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ{١٦٨}

بەنی ئیسرائیلەکانمان کردن بە چەند بەش و چەند تاقم ، هیوایان هەبوو پیاوچاك و لەخوداترس بوون ، هیوایشیان هەبوو لەخوار ئەوانەوە بوون ، سا یا بەتەواوی کافر بوون ، یا خۆ موسوڵمان بوون بەڵام کردەوەی خراپیشیان هەبوو . ئێمە بە چاکەو بە خراپەو بەخۆشی و ناخۆشی بە هەرزانی و بە گرانی تاقیمان کردنەوە تا بگەڕێنەوە سەر ڕێی ڕاست و بیر لە خۆیان و لە خودای خۆیان بکەنەوەو ، بکەونە سەر ڕێگای خوداپەرستیّ .

فَخَلَفَ مِن بَعْدِهِمْ خَلْفٌ وَرِثُواْ الْكِتَابَ يَأْخُذُونَ عَرَضَ

هَــذَا الأدْنَى وَيَقُولُونَ سَيُغْفَرُ لَنَا وَإِن يَأْتِهِمْ عَرَضٌ مِّثْلُــــهُ يَأْخُذُوهُ أَلَمْ يُؤْخَذْ عَلَيْهِم مِّيثَاقُ الْكِتَابِ أَن لاَّ يِقُولُــواْ عَلَــى اللّهِ إِلاَّ الْحَقَّ وَدَرَسُواْ مَا فِيهِ وَالدَّارُ الآخِرَةُ خَــيْرٌ لِّلَّذِيــنَ يَتَّقُونَ أَفَلاَ تَعْقِلُونَ {١٦٩}

دوای ئەوان کۆمەڵێ جێگای گرتنەوە کـە تـەوراتیان لـە باوكو باپیرانەوە بە میرات بۆ هاتبووەوە . لەگەڵ ئەوەشدا دوای سامانی دنیـای بێبـەقا ئەکـەوتنو وازیـان لـە ئـایین ئـەهێنا . ئەگـەر پێیـان بوترایە کاری خراپ مەکەنو ، دوای سامانی دنیا مەکـەون ئـەنجامی خراپ ئەبێ ، ئەیانوت ئێمە لەبەرئەوەی ئەولادی پێغەمبەرانین خودا لێمان نـاگرێو عـەفومان ئـەکات . هـەروەها ئەگـەر لـە کـاتی پـەندو ئامۆژگاریدا ماڵێکی دنیایان بۆ بلوایە ئەیانقۆستەوە ! ئـەی بۆچـی وەختی خۆی لە تەوراتەکەیاندا پەیمانیان لێ نەسەنرا کە درۆ بە دەم خـوداوە هەڵنەبەسـتن؟ ئـەی پێمـان نـەوتن هەرکـەس بـە گوێـرەی کـردەوەی خـۆی پاداشـی ئەدرێتـەوەو ، سـەیری پایـەی بـاو باپـیر ناکرێ؟! ئەی خۆیان لە تـەوراتدانـەیانخوێندووە کـە ئـەڵێ : بـەندە ئەبێ ڕێگای ڕاست بگـرێو دوای ئامۆژگـاری پێغەمبـەران بکـەوێ ؟. ئایا نەیانتەزانی کـە بـۆ ئەوانـەی لـە خـودا ئەترسن پاداشـی چـاکی نەبڕاوەی ڕۆژی قیامەت لە سامانی دنیای بڕاوە چاکترو بەسوودترە؟ ئەوە بۆچی نافامنو خۆتان گێل ئەکەن ؟!.

وَالَّذِينَ يُمَسِّكُونَ بِالْكِتَابِ وَأَقَامُواْ الصَّلاَةَ إِنَّا لاَ نُضِيــعُ أَجْرَ الْمُصْلِحِينَ{١٧٠}

ئەوانـەیش دەسـتیان بـە تەوراتـەوە گرتـووەو پـەیڕەوی دیـن

ئەکەن‌و ئیمان بە موحەممەدو ئایینەکەی ئەهێنن‌و نوێژ ئەکەن ، ئێمە هەرگیز پاداشی ئەوانە نافەوتێنین کە چاکەکەرن‌و ڕێگەی ڕاست ئەگرن .

وَإِذ نَتَقْنَا الْجَبَلَ فَوْقَهُمْ كَأَنَّهُ ظُلَّةٌ وَظَنُّواْ أَنَّهُ وَاقِعٌ بِهِمْ خُذُواْ مَآ آتَيْنَاكُم بِقُوَّةٍ وَاذْكُرُواْ مَا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ {١٧١}

یادی ئەوە بکەرەوە کە چۆن کێوی طوورمان هەڵکەندو بەڕاسەریانەوە ڕامانگرت وەك چەترو ، وایان ئەزانی ئەکەوێ بەسەریاندا . پێمان وتن ئەوەی پێماندراون لە تەوراتدا بە هێزو عەزم وەریبگرن‌و پەیڕەوی بکەن‌و ، ئەوەی تیایەتی تێیفکرن بەڵکو لە کاری خراپ‌و ئەنجامی ناهەموار بپارێزرێن .

وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِن بَنِي آدَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَى أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُواْ بَلَى شَهِدْنَا أَن تَقُولُواْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَذَا غَافِلِينَ{١٧٢}

ئەی پێغەمبەر ! بیری ئەوە بکەرەوە کە خودای گەورە لەپێش لەدایك‌بوونی هەر ئینسانێ لەو کاتەدا کە تۆو بووە لە پشتی باوکیدا ئەو تۆوەی هوشیار کردووەتەوەو قسەی لەگەڵ کردووە :

ئایا من پەروەردگاری ئێوە نیم ؟ ئەوانیش وتوویانە : بەڵێ پەروەردگاری ئێمەی‌و کردوونی بە شاهید لەسەر خۆیان بۆ ئەم پەیمانە نەبادا لە ڕۆژی قیامەتدا بڵێن ئێمە ئاگامان لەم پەیمانە نەبووە . یا لە عالەمی ئەرواحدا قسەی لەگەڵ کردوون‌و پەیمانی ئیعتیراف بە خودایەتی خۆی لێ وەرگرتوون‌و کردوونی بە شاهید لەسەر خۆیان .

أَوْ تَقُولُواْ إِنَّمَا أَشْرَكَ آبَاؤُنَا مِن قَبْلُ وَكُنَّا ذُرِّيَّةً مِّن بَعْدِهِمْ أَفَتُهْلِكُنَا بِمَا فَعَلَ الْمُبْطِلُونَ {١٧٣}

یا بلێن : باوباپیرانمان هاوبەشیان بۆ خودا داناوەو کافر بوونو، ئێمەیش لەبەرئەوە کە منداڵو ورد بووینو دوای ئەوان هاتبووین ، چاومان لەوان کردو ئێمە تاوانبار نین . ئایا بەهۆی کاری بەدکارانەوە ئێمە لەناو ئەبەیتو تووشی سزامان ئەکەیت ؟.

وَكَذَلِكَ نُفَصِّلُ الآيَاتِ وَلَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ{١٧٤}

ئا بەم جۆرە ئایەتەکان تەفصیل ئەدەینو باسی ئەم هەموو شتانەیان بۆ ئەکەین بەڵکو بگەڕێنەوە سەر ڕێگای ڕاستو واز لە سەرپێچی بهێنن .

وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ الَّذِي آتَيْنَاهُ آيَاتِنَا فَانسَلَخَ مِنْهَا فَأَتْبَعَهُ الشَّيْطَانُ فَكَانَ مِنَ الْغَاوِينَ {١٧٥}

ئەی پێغەمبەر ! دەنگوباسو بەسەرهاتی ئەو زانا جوولەکەیە بۆ ئەم جوولەکانە بگێڕەوە کە چۆن تەوراتمان فێرکردو سوور ئەیزانی تۆ ڕەوانە ئەکرێیت ، چونکە لە تەوراتەکەدا هەبوو . لە پاشاندا بێئیمان بوو بە تەوراتو کافر بوو و ، شەیتان خستیە دوای خۆیو لەئەنجامدا چووە ناو زومرەی گومڕاهانەوەوماڵوێران بوو .

وَلَوْ شِئْنَا لَرَفَعْنَاهُ بِهَا وَلَكِنَّهُ أَخْلَدَ إِلَى الأَرْضِ وَاتَّبَعَ هَوَاهُ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ الْكَلْبِ إِن تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَث ذَّلِكَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا فَاقْصُصِ الْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ{١٧٦}

ئەگـەر بمانویسـتایە بـەهۆی ئـەو ئایەتانـەو بـەهۆی پەیڕەوی‌کردنیانەوە بەرزمان ئەکردەوەو پایەی گەورەمان پێ ئەدا ، بەڵام ئەو خۆی مەیلی لە مـاڵو سامانی دنیا بـوو و پشـتی لـە دیـن هەڵکرد . حاڵی ئەم زەلامە وەك حاڵی سەگە هەڵمەتی بۆ بەری زمان دەرئەکێشێو هەناسەبڕکێی پێ ئەکەوێ ، وازیشی لێ بێنی هـەر هەمان جۆرە . ئەمە حاڵی ئەوانەیە کە باوەڕ بە ئایەتەکانی ئێمە ناکەن . تۆ ئەی پێغەمبەری خودا بەسەرهاتی خەڵکیان بۆ بگێڕەوە بەڵکو بیربکەنەوەو ، بگەڕێنەوە سەر ڕێگای ڕاست . ئەڵێن مەبەست لەم شەخصە بەلعەمی کوڕی باعوورایە .

سَاءَ مَثَلاً الْقَوْمُ الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا وَأَنفُسَهُمْ كَانُواْ يَظْلِمُونَ{١٧٧}

زۆر ناشیرینە نموونـەی ئەوانـەی ئایەتـەکانی ئێمـە بـە درۆدەخەنەوەو ستەم لە خۆیان ئەکەن بە تاوان‌و گوناهباری .

مَن يَهْدِ اللّهُ فَهُوَ الْمُهْتَدِي وَمَن يُضْلِلْ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ{١٧٨}

هەرکەس خودا هیدایەتی بدا ئەوە شارەزایـە . هەرکەسیش خودا گومڕای بکات ئەوانە زەرەرمەندو ڕەنج‌بەخەسارن .

وَلَقَدْ ذَرَأْنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيرًا مِّنَ الْجِنِّ وَالإِنسِ لَهُمْ قُلُوبٌ لاَّ يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لاَّ يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ آذَانٌ لاَّ يَسْمَعُونَ بِهَا أُوْلَـئِكَ كَالأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ أُوْلَـئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ {١٧٩}

بەڕاستی ئێمە لە ئادەمزادو لە پەری گەلێ کەسی وامان دروست کردووە، لەوانەی ڕێگای گومڕاهی ئەگرن ، دڵیان هەیە بەڵام هیچی پێ حاڵی‌نابن ، چاویان هەیە بەڵام شتی پێ نابینن ، گوێیان هەیە بەڵام پێی نابیسن ، ئەوانە وەکو حەیوانی چوارپێ وەهان بەڵکو گومڕاترن . ئەم جۆرە کەسانە لە ئایین‌و ڕەوشتی پێغەمبەران بێئاگان .

وَلِلّهِ الأَسْمَاءُ الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا وَذَرُواْ الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَآئِهِ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ {١٨٠}

جوانترین ناوەکان هی خودان ، ئەو ناوانە لە خودا بنێن و ، بەو ناوانە لێی بپاڕێنەوە ؛ واز لەو ناوانە بێنن کە گومڕاکان بە بێدەلیل لە خودایان ئەنێن ؛ ئەوانە لە دواڕۆژدا تۆڵەی کردەوەی خۆیانیان لێ ئەکرێتەوە .

هەندێ لە ئەعرابەکان لەکاتی پاڕانەوەدا لەخودا ئەیانوت : (یا ابا المکارم) و (یا ابیض الوجه) . گاورەکانیش ئەیانوت (یا ابا المسیح) . بێگومان ئەم ناوانە ناشەرعی‌و ناڕەوان‌و نابێ لە خودا بنرێن .

وَمِمَّنْ خَلَقْنَا أُمَّةٌ يَهْدُونَ بِالْحَقِّ وَبِهِ يَعْدِلُونَ {١٨١}

لەوانەی دروستمان کردوون ئوممەتی‌وا هەن خەڵکی بە شێوەی ڕاستی شارەزا ئەکەن‌و حەقیان نیشان ئەدەن‌و ، بەڕاستی عەدالەت جێبەجێ ئەکەن لە حوکمەکانیاندا .

وَالَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا سَنَسْتَدْرِجُهُم مِّنْ حَيْثُ لاَ يَعْلَمُونَ{١٨٢}

ئەوانەیش کە بێ باوەڕن بە ئایەتەکانی ئێمەو ئەیانخەنەوە بە درۆوە پلەپلە بەرزیان ئەکەینەوەو ئەدەین بە دەمیانەوەو بەجۆرێ کە بە خۆیان نەزانن لەناویان ئەبەین‌و تۆڵەیان لێ ئەکەینەوە .

وَأُمْلِي لَهُمْ إِنَّ كَيْدِي مَتِينٌ {١٨٣}

مۆڵەتیان ئەدەین‌و ، خەڵك وا ئەزانن لە هەموو ئازارێ ڕزگار ئەبن ، کەچی بەرەو لەناوچوون ئەڕۆن . وردەکاری ئێمە بۆ فەوتاندنی کافرەکان‌و ستەمکارەکان گەلێ بەحیکمەت‌و دامەزراوە .

أَوَلَمْ يَتَفَكَّرُواْ مَا بِصَاحِبِهِم مِّن جِنَّةٍ إِنْ هُوَ إِلاَّ نَذِيرٌ مُّبِينٌ{١٨٤}

ئەوە بۆچی بیر ناکەنەوە لە وەزعی خۆیان‌و دنیاو ئەو پێغەمبەرەی ڕەوانەمان کردووە بۆ ئامۆژگاری‌کردنی ئادەمزادو گەیاندنی کەلامی خوا ؟ بۆ تەماشا ناکەن کە بە هیچ جۆرێ نیشانەی شێتی‌و بێهۆشی لەو زاتەدا نی‌یە، تەنها ئەوەیە کە ئینسانێکی ڕاستەو خەڵکی لە قەهرو غەزەبی خودا ئەترسێنێ ؟ .

أَوَلَمْ يَنظُرُواْ فِي مَلَكُوتِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا خَلَقَ اللّهُ مِن شَيْءٍ وَأَنْ عَسَى أَن يَكُونَ قَدِ اقْتَرَبَ أَجَلُهُمْ فَبِأَيِّ حَدِيثٍ بَعْدَهُ يُؤْمِنُونَ {١٨٥}

ئەوە بۆچی سەیری نیشانەکانی قودرەتی خودا ناکەن ؟ بۆ ورد نابنەوە لە موڵکی گەورەی ئاسمانەکان و ئەرزو لەو شتانەی‌تر کە خودا دروستی کردوون ؟ بۆ ئەوەندە بێئاگان؟ لەوانەیە ئەجەل‌و ئاکامیان نزیك بووبێتەوە . ئیتر پاش قورئان ئیمان بە چی دێنن؟.

مَن يُضْلِلِ اللّهُ فَلاَ هَادِيَ لَهُ وَيَذَرُهُـــمْ فِـــي طُغْيَانِـــهِمْ يَعْمَهُونَ{١٨٦}

هەرکەس خودا گومڕای بکات کەس نـاتوانێ بیخاتـە سـەر ڕێو خودا لە گومڕاهیدا ئەیانهێڵێتەوەو بە سەرگەردانی ئەسووڕێنەوە .

يَسْأَلُونَكَ عَنِ السَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَاهَا قُلْ إِنَّمَـــا عِلْمُـــهَا عِندَ رَبِّي لاَ يُجَلِّيهَا لِوَقْتِهَا إِلاَّ هُوَ ثَقُلَـــتْ فِـــي السَّـمَاوَاتِ وَالأَرْضِ لاَ تَأْتِيكُمْ إِلاَّ بَغْتَةً يَسْأَلُونَكَ كَأَنَّكَ حَفِيٌّ عَنْـــهَا قُـــلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ اللّهِ وَلَـــكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَعْلَمُونَ {١٨٧}

دەربارەی ڕۆژی قیامـەت پرسـیارت لیٚ ئەکـەنو ئەپرسـن کـەی دێتو جێگیر ئەبێ ؟ ئـەی موحەممەد ! پێیـان بڵـێ زانینـی کـات و سـاتی ڕۆژی قیامـەت لای خـودای پەروەردگارمە .کەس لـە سـاتو کـاتی خۆیـدا دەریناخـاتو بەرپـای ناکـات ئـەو نـەبێ .سـامی ڕۆژی قیامـەت زۆر گرانـە لەسـەر ئـەهلی ئاسمانـەکانو زەوی ، بۆیـە شارراوەتەوە . ڕۆژی قیامەت لەپڕو کتوپڕ نەبێ نایێ .لێـت ئەپرسـن دەربارەی کاتی ڕۆژی قیامەت وەك تۆ زۆر چاکی بزانیو ئاگات لیٚ بێ کـەی دێ ! تـۆ پێیـان بڵـێ : نەخـەیر ، خودا نـەبێ کـەس نـایزانێ تەنانەت مەلائیکەکانو پێغەمبەرانو ئەوانەی خۆشەویستی خـودانو لێیـەوە نزیکـن نـازانن کـەی دێ ؟ بـەڵام بەشـی زۆری خـەڵق نـازانن مەسئەلەی هاتنی قیامەت کەس نایزانێ خودا نەبێ .

قُل لاَّ أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعًا وَلاَ ضَرًّا إِلاَّ مَا شَاء اللّهُ وَلَـــوْ

كُنتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لاَسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِيَ السُّوءُ إِنْ أَنَاْ إِلاَّ نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ {١٨٨}

ئەی پێغەمبەر ! تۆ پێیان بڵێ: من خاوەنی هیچ سوودو زیانێ نیم بۆ خۆم : نە ئەتوانم قازانج بە خۆم بگەیێنمو نە ئەتوانم زیان لە خۆم دوور بخەمەوە ، واتە : نهێنییەکان نازانم . ئەگەر غەیبم بزانیایە خێرو قازانجی زۆرم بۆ خۆم کۆئەکردوەو هەرگیز تووشی زیان نەئەبووم ، من هیچ نیم ئەوە نەبێ کە موسوڵمانان لە گوناه و سزای گوناه ئەترسێنمو موژدەیان ئەدەمێ بە پاداشی خوداپەرستیو کردەوەی چاك ، واتە تەنها خاوەن ئیمان گوێ بۆ ئەم موژدەو هەڕەشەیە ئەگرنو ، ئەوان سوودی لێ وەرئەگرن .

هُوَ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَجَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا لِيَسْكُنَ إِلَيْهَا فَلَمَّا تَغَشَّاهَا حَمَلَتْ حَمْلاً خَفِيفًا فَمَرَّتْ بِهِ فَلَمَّا أَثْقَلَت دَّعَوَا اللّهَ رَبَّهُمَا لَئِنْ آتَيْتَنَا صَالِحاً لَّنَكُونَنَّ مِنَ الشَّاكِرِينَ {١٨٩}

خودا ئەو زاتە بەدەستەڵاتەیە کە ئێوەی بەرەی ئادەمزادی لە یەك نەفس دروست کرد کە ئادەمە . هەر لە ئادەمیش حەووای هاوسەری دروست کردووە تا لەگەڵیا بژیو پێکەوە ئولفەت بگرن . کە چووەلای سکی پڕ بوو بە شێوەیێکی سووكو ، لەگەڵ ئەوەشدا کە سکی هەبوو هەڵسوکەوتی عادەتی ئەکردو ئیشوکاری بەجێئەهێنا . کە سکەکەی قورس بوو و ، وەختی لەدایكبوونی هات هەردوکیان لە خودای خۆیان پاڕانەوەو عەرزیان کرد : ئەگەر

کورێکی باشمان پێ ببەخشی سوپاست ئەکەین‌و زۆر شوکرانەبژێر ئەبین.

فَلَمَّآ آتَاهُمَا صَالِحاً جَعَلاَ لَهُ شُرَكَاءَ فِيمَآ آتَاهُمَا فَتَعَالَى اللّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ{١٩٠}

کە خودا کورێکی چاکی پێدان‌و لەو کورە نەوەو بەرە کەوتەوەو زۆر بوون ، ئەولادەکانیان هاوبەشیان دائەنا بۆ خودای گەورە لەو ئەولادانەدا کە پێیان ئەدرا . خودا پاك‌و بێگەردەو لەوانە بەرزترە کە ئەوان دەیانکەنە هاوبەشی خودا .

أَيُشْرِكُونَ مَا لاَ يَخْلُقُ شَيْئاً وَهُمْ يُخْلَقُونَ{١٩١}

ئایا دەچێتە عەقڵەوە شتێ بکەنە هاوبەشی خودا کە ناتوانێ هیچ دروست بکات، بەڵکو ئەو شتانە خۆیان دەستکردن‌و خەڵکی دروستیان کردوون .

وَلاَ يَسْتَطِيعُونَ لَهُمْ نَصْرًا وَلاَ أَنفُسَهُمْ يَنصُرُونَ{١٩٢}

ئەو بت‌و شتانە کە کراونەتە هاوبەشی خودا نە ئەتوانن یارمەتی موشریکەکان بدەن‌و نە ئەتوانن تەنانەت یارمەتی خۆیان بدەن. ئیتر چۆن خوداییکن ؟!.

وَإِن تَدْعُوهُمْ إِلَى الْهُدَى لاَ يَتَّبِعُوكُمْ سَوَاءٌ عَلَيْكُمْ أَدَعَوْتُمُوهُمْ أَمْ أَنتُمْ صَامِتُونَ {١٩٣}

ئەی پێغەمبەری خودا! ئەی پەیڕەوەکانی پێغەمبەر! واز بێنن لەو کافرە موشریکانە، ئێوە ئەگەر بانگیان بکەن بۆ سەر ڕێی ڕاست بەگوێتان ناکەن‌و نایەن! وەك یەکە چ بانگیان بکەن‌و هەوڵیان

لــەگەڵ بدەن‌و چ بێدەنگ بن ، نایەنە سەر ڕێ .

إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللّهِ عِبَادٌ أَمْثَالُكُمْ فَـــادْعُوهُمْ فَلْيَسْتَجِيبُواْ لَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ {١٩٤}

ئەوانــەی غــەیری خــودا کــە ئێــوە ئەیانپەرستن‌و بــە خودایـــان ئەزانن، هەموو دروست‌کراوێکن وەك ئێوەو خودا دروســتی کــردوون. ئەگەر ڕاست ئەکەن ئەمانە شایانی پەرستنن‌و سوودو زیانیـــان هەیـە، دە بانگیان لێ بکەن با جوابتان بدەنەوەو بێن بـــە دەمتانــەوە، بـزانم جوابتان ئەدەنەوە؟!.

أَلَهُمْ أَرْجُلٌ يَمْشُونَ بِهَا أَمْ لَهُمْ أَيْدٍ يَبْطِشُـــونَ بِـــهَا أَمْ لَهُمْ أَعْيُنٌ يُبْصِرُونَ بِهَا أَمْ لَهُمْ آذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا قُلِ ادْعُواْ شُرَكَاءكُمْ ثُمَّ كِيدُونِ فَلاَ تُنظِرُونِ{١٩٥}

ئایا ئەوانەی ئێوە ئەیانپەرستن‌و کردووتانن بە هاوبەشی خودا، پێیان هەیە پێی بڕۆن بە ڕێدا؟ دەســتیان هەیـە هەڵمـەتی پێبـەرن؟ چاویان هەیە پێی ببینن؟ گوێیان هەیە پێی ببیسن؟!

ئەی پێغەمبەر! پێیان بڵێ: بانگ لەوانە بکەن کە کردووتانن بە هاوبەشی خوداو داوای یارمەتییان لێبکەن‌و، چـەندێ ئـەتوانن هـەوڵ بدەن‌و فێڵ بکەن بۆ ئـازاردانم‌و مۆڵـەتم مـەدەن بـزانم چـی ئـەتوانن بکەن؟!.

إِنَّ وَلِيِّـــيَ اللّهُ الَّـــذِي نَـــزَّلَ الْكِتَـــابَ وَهُـــوَ يَتَوَلَّـــى الصَّالِحِينَ{١٩٦}

بێگومـان یـارو یـاوەرو سەرپەرشـتیکاری مـن ئـــەو خودایەیـــە

قورئانی ناردووه. ئەو سەرپەرشتی بنیادەمی چاکەکەرو لەخۆاترس ئەکات.

وَالَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِ لاَ يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَكُمْ وَلآ أَنفُسَهُمْ يَنْصُرُونَ{١٩٧}

ئەو کەسانەو ئەو بتانە کە ئێوە ئەیانپەرستن، غەیری خودای پەروەردگار، هەرگیز ناتوانن یارمەتیتان بدەن،تەنانەت ناتوانن یارمەتیی خۆیشیان بدەن.

وَإِن تَدْعُوهُمْ إِلَى الْهُدَى لاَ يَسْمَعُواْ وَتَرَاهُمْ يَنظُرُونَ إِلَيْكَ وَهُمْ لاَ يُبْصِرُونَ {١٩٨}

ئەگەر ئەو کافرانە بانگ بکەن بۆ سەر ڕێی ڕاست نابیسنو بەگوێتان ناکەن. ئەیانبینی بە دیمەن بۆت ئەڕوانن، بەلآم لەڕاستیدا گومڕاهی کوێری کردوونو ناتبیننو ڕێگا ڕاستەکەشت نابینن!.

خُذِ الْعَفْوَ وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ الْجَاهِلِينَ{١٩٩}

کاری ئاسان لە خەڵك داوابکەو ئەمر بە چاکە بکەو لەوانە لادە کە نەفامنو بەگوێت ناکەنو تۆیش گوێیان مەدەرێ.

وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ الشَّيْطَانِ نَزْغٌ فَاسْتَعِذْ بِاللّهِ إِنَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ{٢٠٠}

ئەگەر لەلایەن شەیتانەوە خەیاڵێکی خراپو نابار هات بە دڵتا پەنا بە خودا بگرە لە بەدی ئەو خەیاڵەو بڵێ (أعوذ بالله من الشيطان الرجيم) خودا دوعات ئەبیسیو زانایە بە ئەحواڵت.

إِنَّ الَّذِينَ اتَّقَواْ إِذَا مَسَّهُمْ طَائِفٌ مِّنَ الشَّيْطَانِ تَذَكَّرُواْ

فَإِذَا هُم مُّبْصِرُونَ{٢٠١}

بێگومان ئەوانەی لە خودا ئەترسن و خۆیان لە گوناه دوور ئەخەنەوە ئەگەر سووسەیێ لە شەیتانەوە لێیان بداو غافڵیان بکا گورج بیر ئەکەنەوە لە گەورەیی و زانانایی خوداو ئەبینی گورج چاویان بینایەو دڵیان زانایەو ڕۆحیان ئاشنایە.

وَإِخْوَانُهُمْ يَمُدُّونَهُمْ فِي الْغَيِّ ثُمَّ لاَ يُقْصِرُونَ {٢٠٢}

بەڵام کافرە لەخودانەترسەکان براکانیان یارمەتییان ئەدەن بۆ گوناه و گومڕاهی و، ئەو گومڕاهییە لە بەرچاویاندا جوان ئەکەن و ئەیڕازێننەوەو، لەپاشاندایش کۆتایی ناکەن لە گومڕاکردنیان.

وَإِذَا لَمْ تَأْتِهِم بِآيَةٍ قَالُواْ لَوْلاَ اجْتَبَيْتَهَا قُلْ إِنَّمَا أَتَّبِعُ مَا يُوحَى إِلَيَّ مِن رَّبِّي هَـذَا بَصَآئِرُ مِن رَّبِّكُمْ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ{٢٠٣}

ئەگەر جارێ ئایەتێك یا شتێ کە ئەوان پێشنیادیان کردووە بۆیان نەهێنی ئەڵێن ئەوە بۆچی خۆت وەکو ئایەتەکانی‌تر هەڵتنەبەست، یا بۆ پێشنیادت نەکرد لە خودا کە بتداتێ؟! تۆ ئەی پێغەمبەر! پێیان بڵێ: من نە ئایەت هەڵئەبەستم و نە پێشنیادی ئەکەم لە خودای گەورە، ئەوانە کاری من نین. من تەنها پەیڕەوی ئەوە ئەکەم کە لای خودای گەورەوە بە وەحی بۆم دێت. ئەم قورئانە هەڵبەستراو نییە، بەڵکو هۆی ڕووناکی دڵە و ڕاستی لە ناڕاست پێ جیا ئەکرێتەوە. هۆی شارەزاییەو ڕەحمەت و میهرەبانییە لەلایەن خودای گەورەوە بۆ ئەوانەی باوەڕ بە خودا

ئەکەن و لێی ئەترسن و سەرپێچی ناکەن.

وَإِذَا قُرِئَ الْقُرْآنُ فَاسْتَمِعُواْ لَهُ وَأَنصِتُواْ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ{٢٠٤}

کە قورئان خوێنرا گوێی لێ ڕابگرن و بێدەنگ بن بەڵکو خودا ڕەحمتان پێ بکات. ئەمە لای ئیمامی شافیعی (ر.خ) بۆ نوێژە جەهرییەکانە وەکو نوێژەکانی بەیانی و مەغریب و عیشا کە ئیمام قورئان ئەخوێنێ و مەئموم گوێی لێ ئەگرێ و بێدەنگ ئەبێ. لە غەیری نوێژیشدا هەمدیسان سوننەتە ئنیسان گوێ ڕابگرێ مادام خەریکی کارێکی مەشرووع نەبێ.

وَاذْكُر رَّبَّكَ فِي نَفْسِكَ تَضَرُّعاً وَخِيفَةً وَدُونَ الْجَهْرِ مِنَ الْقَوْلِ بِالْغُدُوِّ وَالآصَالِ وَلاَ تَكُن مِّنَ الْغَافِلِينَ {٢٠٥}

ذیکری خودای خۆت بکە لە نەفسی خۆتدا بە زاری و کزی و داماوی و ترسەوە. ئەگەریش بە زوبان ذیکرت کرد با دەنگت لە ئاشکرایی کەمتر بێ، لە بەیانی و ئێوارەداو لە هەمووکاتدا ناوی خودا بهێنەو، لەوانە مەبە کە لە یادو ناوی خودا بێئاگان.

إِنَّ الَّذِينَ عِندَ رَبِّكَ لاَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِهِ وَيُسَبِّحُونَهُ وَلَهُ يَسْجُدُونَ {٢٠٦} .

بێگومان ئەوانەی نزیکی بارەگای خودان خۆیان بە گەورە ناگرن بەرامبەر بە خوداپەرستی و عیبادەتکردن و، تەسبیحی خودا ئەکەن و سوجدەی بۆ ئەبەن .

سوورەتی (الأنفال)

مەدینەیییەو (٧٥) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَحْمنْ الرَحِيم

يَسْأَلُونَكَ عَنِ الأَنفَالِ قُلِ الأَنفَالُ لِلّهِ وَالرَّسُولِ فَاتَّقُواْ اللّهَ وَأَصْلِحُواْ ذَاتَ بِيْنِكُمْ وَأَطِيعُواْ اللّهَ وَرَسُولَهُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ {١}

پرسیارت لێ ئەکەن دەربارەی تاڵانی کە کێ بەشی ئەکاتو، چۆن بەش ئەکرێت؟. تۆ پێیان بڵێ: حوکمی تاڵانی عائیدە بە خوداو پێغەمبەری خودا. پێغەمبەری خودا بە ئەمری خودا بەشی ئەکا لەبەینتاندا. لە خودابترسنو لەناو خۆتانا ناکۆك مەبنو ناوبەینو پێوەندیتان باش بکەنو بە گوێی خوداو پێغەمبەری خودا بکەن ئەگەر خاوەن ئیمانن.

إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ {٢}

خاوەن ئیمانی ڕاستەقینە ئەوانەن کە ناوی خودا ببرێ دڵیان ئەترسێو، ئەگەر ئایەتیان بەسەردا بخوێنرێتەوە باوەڕیان بە خوداو پێغەمبەر زیاتر ئەبێو لە هەموو کاروبارێکدا تەنها پشت بە خودای خۆیان ئەبەستنو داوای یارمەتی لەو ئەکەن.

الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلاَةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ {٣}

ئەو کەسانەن کە نوێژەکانیان بەجێئەهێننو، لەو ڕزقو

ڕۆزییەی پێمان داون لە ڕێی خودادا خەرج ئەکەن.

أُولَـئِكَ هُمُ الْمُؤْمِنُونَ حَقًّا لَّهُمْ دَرَجَاتٌ عِنـدَ رَبِّهِمْ وَمَغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ{٤}

ئا ئەوانەن موسولمانی ڕاستەقینەو، لای خودا پایەو پلەی باشیان هەیەو، لە تاوانیان ئەبووریّو سەربەرزییان پێ ئەبەخشێ.

كَمَا أَخْرَجَكَ رَبُّكَ مِن بَيْتِكَ بِـالْحَقِّ وَإِنَّ فَرِيقـاً مِّـنَ الْمُؤْمِنِينَ لَكَارِهُونَ {٥}

ئەم حالەی ئەوان کە هەندێ لە موسولمانەکان بەشکردنی تالانەکەیان بە دڵ نییە وەکو ئەوەیە کە چۆن خودا ئەمری پێکردیتو لە مالو حالی خۆت دەرچوویت بۆ غەزای بەدر، کەچی هەندێ لە موسولمانەکان ئەم دەرچوونەیان بە دڵ نەبوو! خودا خۆی ئەزانێ چی ئەکات؟.

يُجَادِلُونَكَ فِي الْحَقِّ بَعْدَمَا تَبَيَّنَ كَأَنَّمَا يُسَـاقُونَ إِلَـى الْمَوْتِ وَهُمْ يَنظُرُونَ{٦}

لە شتێکی ڕاستو بێگوماندا موجادەلەت لەگەڵ ئەکەن کە دەرچوونە بۆ جیهادو غەزا، پاش ئەوەی لە قسەی تۆوە بۆیان دەرکەوت کە سەرئەکەون. جەنگیان پێ ناخۆش بوو وەك بدرێنەبەر بۆ مەرگو بە چاوی خۆیان ئەسبابی مەرگەکە ببینن.

وَإِذْ يَعِدُكُمُ اللّهُ إِحْدَى الطَّائِفَتِيْنِ أَنَّهَا لَكُمْ وَتَـوَدُّونَ أَنَّ غَيْرَ ذَاتِ الشَّوْكَةِ تَكُونُ لَكُمْ وَيُرِيدُ اللّـهُ أَن يُحِـقَّ الحَـقَّ بِكَلِمَاتِهِ وَيَقْطَعَ دَابِرَ الْكَافِرِينَ{٧}

باسی منەت و نیعمەتی خودا بکەن لەسەرتان کە چۆن بەڵێنی پێ دان یەکێ لە دوو کۆمەڵەتان بکاتە نصیب، یا قافڵەی بارو ڕزق و ڕۆزی و شتومەکی بازرگانی موشریکەکانی مەککە، کە لە شامەوە گەڕایەوە، یا کۆمەڵی کافرانی قورەیش کە دێن بۆ جەنگ لەگەڵ موسوڵمانان بە نیازی لەناوبردنی ئاینی ئیسلام. ئێوە حەزتان ئەکرد ئاسانەکەتان ببوایە بە نصیب. خوداش ئەیویست ئاینی خۆی بەرز بکاتەوەو قسەی خۆی جێگیر بکات بە وەحی و بە یارمەتیدانی مەلائیکەو، کافرە بەدنیازەکان بنبڕ بکات و هێزو توانیان نەهێڵێ.

لِيُحِقَّ الْحَقَّ وَيُبْطِلَ الْبَاطِلَ وَلَوْ كَرِهَ الْمُجْرِمُونَ {٨}

خودا بۆیە ئیختیاری گرانەکەی کرد کە غەزای بەدر بوو تا ڕاستی جێگیر بکات کە ئاینی ئیسلامی پیرۆزەو، ناڕاستی کاول بکات، کە کوفرو بت پەرستی یە، ئەگەرچی کافرەکان لە ناخەوە پێیان ناخۆشە حەق سەرکەوێ و ناحەق لەناوبچێت.

إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَاسْتَجَابَ لَكُمْ أَنِّي مُمِدُّكُم بِأَلْفٍ مِّنَ الْمَلآئِكَةِ مُرْدِفِينَ{٩}

یادی ئەوەبکەن کە هاوارتان لە خودا ئەکردو داوای یارمەتیتان لێ ئەکرد ئەویش پاڕانەوەکەی قبووڵ کردن و هات بە دەنگتانەوەو وتی هەزار مەلائیکە ئەنێرم بۆ یارمەتیتان کە دوای موسوڵمانەکان بگرن و پێکەوە دژی کافران بجەنگن .

وَمَا جَعَلَهُ اللّهُ إِلاَّ بُشْرَى وَلِتَطْمَئِنَّ بِهِ قُلُوبُكُمْ وَمَا النَّصْرُ إِلاَّ مِنْ عِندِ اللّهِ إِنَّ اللّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ {١٠}

خودای کەورە ئەو فریشتانەی بۆ ئەوە ناردە خوار کـە بـبن بـە مۆژدە بۆ ئێوەو، تا دڵتــان پێـی دابمـەزرێو لـە جـەنگدا خۆگـر بـن. یارمـەتی هــەر لای خوداوەیــە. بــێ گومــان خــودا بەدەســتەڵاتەو کارەکانی پڕ حیکمەتن.

إِذْ يُغَشِّيكُمُ النُّعَاسَ أَمَنَةً مِّنْهُ وَيُنَزِّلُ عَلَيْكُم مِّنَ السَّمَاءِ مَاءً لِّيُطَهِّرَكُم بِهِ وَيُذْهِبَ عَنكُمْ رِجْزَ الشَّيْطَانِ وَلِيَرْبِطَ عَلَـى قُلُوبِكُمْ وَيُثَبِّتَ بِهِ الأَقْدَامَ {١١}

بیری ئەوە بکەنەوە کە چۆن خودا وەنەوزی پــێ دانو ئـەمینی دا بە دڵتان، هــەروەها لـە ئاسمانــەوە بارانی بـۆ باراندن تـا لـە بـێ دەستنوێژیو لـەشپیسی پاکتــان بکاتــەوە کـە بـە وەسوەســەی شـەیتان بەســەرتاندا هــاتو دڵیشــتان بـە ئومێـد بـە کـەرەمی خــودا دامــەزرێنێ. هـەروەها بـەهۆی ئـەو بارانــەوە زەوییــە لمینەکـە بتــەو بوویەوەو هاتوچۆتان باش بۆ ئەکراو پێتان قایم ئەبوو. یا مەبەست خۆگریو لە ڕووی دوژمندا وەستانە بە بێترس.

إِذْ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى الْمَلآئِكَةِ أَنِّي مَعَكُمْ فَثَبِّتُــواْ الَّذِيــنَ آمَنُواْ سَأُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُواْ الرَّعْبَ فَاضْرِبُواْ فَــوْقَ الأَعْنَاقِ وَاضْرِبُواْ مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ {١٢}

بیری ئەوە بکەنەوە کە خودا وەحیی کرد بۆ فریشتەکانو پێی وتن مـن لەگـەڵتانمو یارمـەتیتان ئـەدەم، ئێـوە دڵـی موسـوڵمانەکان دامەزرێنن. بەڕاستی من ترس ئەخەمـە دڵـی کافرەکانـەوە.دە لێیـان دەن لە پشتی ملەوەو لە هەموو وردە جمگەکانی دەستو پێیان.

ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ شَآقُّواْ اللّهَ وَرَسُولَهُ وَمَــن يُشَــاقِقِ اللّـهَ

وَرَسُولَهُ فَإِنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ {١٣}

ئەمە لەبەر ئەوەیە ئەو کافرانە دوژمنایەتی لەگەڵ خـوداو پێغەمبەردا ئەکەن و، هەرکەس دوژمنایەتی لەگەڵ خوداو پێغەمبەری خودادا بکات خودا تۆڵەی سەختی لێ ئەکاتەوە.

ذَلِكُمْ فَذُوقُوهُ وَأَنَّ لِلْكَافِرِينَ عَذَابَ النَّارِ {١٤}

ئا ئەوەتە دە بیچێژن! بێگومان کافرەکان بە ئاگر سزا ئەدرێن.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُواْ زَحْفاً فَلاَ تُوَلُّوهُمُ الأَدْبَارَ {١٥}

ئەی خاوەن ئیمانەکان! ئەگەر لەگەڵ کافراندا بەرەنگاری یەك بوون و، ئەوان ئەوەندە زۆر بوون دەتوت دنیایان پڕکردووەو دەخشێن بە ڕووی زەویداو هێرش دێنن، لێیان مەترسن و پشتیان تێ مەکەن و ڕووبەڕوویان بێترس بجەنگن.

وَمَن يُوَلِّهِمْ يَوْمَئِذٍ دُبُرَهُ إِلاَّ مُتَحَرِّفاً لِّقِتَالٍ أَوْ مُتَحَيِّزاً إِلَى فِئَةٍ فَقَدْ بَاءَ بِغَضَبٍ مِّنَ اللّهِ وَمَأْوَاهُ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ {١٦}

بێگومان هەرکەس لەو ڕۆژەدا پشتیان لێ هەڵکات و ڕابکات، بێجگە بۆ فێڵی جەنگ یا بۆ یارمەتیدانی کۆمەڵێکی تر لە موسوڵمانان، ئەوە تووشی ڕق و غەزەبی خودا ئەبێ و جێگای دواڕۆژی دۆزەخ ئەبێ. بێگومان دۆزەخ ناخۆشترین ئەنجامە.

فَلَمْ تَقْتُلُوهُمْ وَلَـكِنَّ اللّهَ قَتَلَهُمْ وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَـكِنَّ اللّهَ رَمَى وَلِيُبْلِيَ الْمُؤْمِنِينَ مِنْهُ بَلاء حَسَناً إِنَّ اللّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ{١٧}

ئێوه هێزی ئەوەتان نەبوو بیانکوژن و بەسەریاندا زاڵ ببن، ئێوه کەم و کەمچەك و ئەوان زۆرو پڕچەك بوون، بەڵام خودا یارمەتی دان و دڵی بەهێز کردن و بە فریشتە یارمەتی دان، خودا کافرەکانی بەزاندو کوشتنی و ئێوەی سەرخست. لە ڕاستیدا ئەو وردە بەردانە کە تۆ فڕێت دان بەرەو دەم و چاوی کافرەکان تۆ فڕێت نەدان، خودا بە دەستەڵاتی بێپایانی خۆی ئەو وردە بەردانەی کرد بە دەم و چاویانداو خەریکی کردن بە ئازاری چاویانەوەو، ئێوه دەستتان کرد بە کوشتن و دیل کردنیان. ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە پاداشێکی باش بە موسوڵمانەکان بدات و سەریان بخات. بێگومان خودا شنەوایەو، نزاو پاڕانەوەی موسوڵمانەکان ئەبیسێ و، زانایە بە دڵ و دەروونیان و ئاگاداری حاڵیانە.

ذَلِكُمْ وَأَنَّ اللّهَ مُوهِنُ كَيْدِ الْكَافِرِينَ {١٨}

خودا خواستی ئەوە بوو کە کافرەکان بشکێنێ و موسوڵمانەکان سەربخات. بە ڕاستی خودا حیلەو فێڵی کافران پووچ و بەتاڵ ئەکاتەوە.

إِن تَسْتَفْتِحُواْ فَقَدْ جَاءكُمُ الْفَتْحُ وَإِن تَنتَهُواْ فَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَإِن تَعُودُواْ نَعُدْ وَلَن تُغْنِيَ عَنكُمْ فِئَتُكُمْ شَيْئاً وَلَوْ كَثُرَتْ وَأَنَّ اللّهَ مَعَ الْمُؤْمِنِينَ {١٩}.

کافرەکانی مەککە کە هاتن بۆ جەنگ دژی حەزرەت (د.خ)

داوای فەتح و سەرکەوتنیان لە خودا ئەکرد. جا خودای گەورە بە گاڵتەو توانجەوە پێیان ئەفەرموێ : ئەگەر داوای فەتح و سەرکەوتنتان کرد ئەوا بۆتان هات بەڵام بۆ ئێوە نەبوو، بۆ دەستەی پێغەمبەر بوو. جا ئەگەر دەست بەردار بن و واز لە دوژمنایەتی‌و جەنگ بهێنن ئەوە بۆ خۆتان چاکترە. خۆ ئەگەر ئەگەڕێنەوە بۆ جەنگ ئەوا ئێمەیش ئەگەڕێینەوە. کۆمەڵەکەتان فریاتان ناکەوێ‌و کەم و زۆر سوودی نی‌یە بۆتان ئەگەرچی زۆریش بن. بێگومان خودا لەگەڵ دەستەی ئیماندارانەو یارمەتی ئەوان ئەدات.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَرَسُولَهُ وَلاَ تَوَلَّوْا عَنْهُ وَأَنتُمْ تَسْمَعُونَ{٢٠}

ئەی خاوەن ئیمانەکان بە گوێی خودا بکەن و بە گوێی پێغەمبەری خودا بکەن. پشتی لێ هەڵمەکەن و بێگوێیی مەکەن کە ئێوە قورئان و ئامۆژگاری ئەبیسن و ئەزانن ڕاستە.

وَلاَ تَكُونُواْ كَالَّذِينَ قَالُوا سَمِعْنَا وَهُمْ لاَ يَسْمَعُونَ {٢١}

ئێوە وەك ئەوانە مەبن کە ئەڵێن: گوێمان لێ بوو و بیستمان، وای دەرئەبڕن کە تاعەت گوزارن ، کەچی درۆ ئەکەن حەق نابیسن و گوێڕایەڵ نین‌و موناففقن.

إِنَّ شَرَّ الدَّوَابَّ عِندَ اللّهِ الصُّمُّ الْبُكْمُ الَّذِينَ لاَ يَعْقِلُونَ{٢٢}

بێگومان بەدترین و بێکەڵکترین گیانلەبەر لای خودا ئەوانەن کە کەڕو لاڵن و هیچ نافامن. مەبەست کافرو منافقەکانە.

وَلَوْ عَلِمَ اللّهُ فِيهِمْ خَيْرًا لَّأسْمَعَهُمْ وَلَوْ أَسْمَعَهُمْ لَتَوَلَّواْ وَّهُم مُّعْرِضُونَ{٢٣}

ئەگەر خودا بیزانیایە خێرو چاکەیان لەبارەدایە قورئانی ئەبردە گوێچکەیانەوە بەجۆرێ کە سوودی لێ وەربگرن. ئەگەریش بەم حاڵی سەرکەشییەوە قسەیان لەگەڵ بکات و هێزی بیستنیان بداتێ و ڕێی هیدایەتیان پیشان بدات هەر پشت هەڵئەکەن و ڕوو وەرئەچەرخێنن و، لە حەق لائەدەن.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اسْتَجِيبُواْ لِلّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُم لِمَا يُحْيِيكُمْ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ يَحُولُ بَيْنَ الْمَرْءِ وَقَلْبِهِ وَأَنَّهُ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ {٢٤}

ئەی خاوەن ئیمانەکان ! بەگوێی خوداو پێغەمبەری خودا بکەن کە بانگتان ئەکات بۆ کارێ کە هۆی بەختیاریی ئەبەدییە، وەکو باوەڕ بە خوداو بە پێغەمبەران و بە ڕۆژی پاداش، هەروەها لە خودا ترسان و لە گوناه دوور کەوتنەوە. خودا ئەوەندە لە بەندەیەوە نزیکە ئاگای لە هەموو نهێنییەکی دڵی هەیەو، ئەوەندە بە دەستەڵاتە ئەکەوێتە بەینی دڵو ئارەزوویەوە، کە بەندەی بیەوێ شتێ بکا پەشیمانی ئەکاتەوەو ئارەزووەکەی ئەگۆڕێو ناهێڵێ بیکات. بێگومان ئێوە حەشرتان لای خودا ئەبێو پاداشی هەموو چاکەیێکتان ئەداتەوەو تۆڵەی کردەوەی خراپتان لێ ئەکاتەوە.

وَاتَّقُواْ فِتْنَةً لاَّ تُصِيبَنَّ الَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنكُمْ خَآصَّةً وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ {٢٥}

خۆتـــان لـــەو ســـزاو بەدبەختییـــە بپـــارێزن کــــە تەنـــها
ستەمکارەکانتان ناگرێتـەوەو ئاسـارەکەی خـەڵکی‌تریش ئەگرێتـەوە
ئیتر لە دوارۆژدا هەرکەس لەسەر نییەتی خـۆی لێـی دەپرسـرێتەوە.
بـۆ نموونـە خـودا کـە غـەزەب لـە ستەمکاران بگـرێ قـاتیو قـڕی
بڵاوئەکاتەوە کە خەڵکی‌تریش ئەگرێتەوە، یا بییەوێ دێیەکی کافران
نوغرۆ بکات هەمووی کاول ئەبێو خەڵکی بێ‌تاوانیش تووش ئەبن، یا
خۆ بییەوێ تۆڵە لە باوکو دایکی خراپ بکاتەوەو تووشی مەینـەتیان
بکات هەتیوەکانیشیان تووشی زیان ئەبن. زۆر چاك بزانن کـە خـودا
سەختگیرە .

وَاذْكُرُواْ إِذْ أَنتُمْ قَلِيلٌ مُّسْتَضْعَفُونَ فِي الأَرْضِ تَخَـافُونَ أَن يَتَخَطَّفَكُمُ النَّاسُ فَآوَاكُمْ وَأَيَّدَكُم بِنَصْــرِهِ وَرَزَقَكُــم مِّــنَ الطَّيِّبَاتِ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ {٢٦}

باسی ئەوە بکەن کە ئێوە کەم بوونو بێ‌هێز بوون لە زەویداو، ئەترسان دوژمن بتانفڕێنـێو لـەناوتان بـەرێ ، لەگـەڵ ئـەوەش خـوا جێگەو ڕێگەی پێ دانو بە یارمەتی خۆی هـێزی پـێ دانو لـە شـتی پاكو پوختە ڕزق و ڕۆزی پێ دان بە هیوای ئەوەی سوپاسی بکەن.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَخُونُواْ اللّهَ وَالرَّسُولَ وَتَخُونُــواْ أَمَانَاتِكُمْ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ{٢٧}

ئەی خاوەن باوەڕەکان خیانەت لە پێغەمبەر مەکەن، خیانـەت لـەو شـتانەدا مەکـەن کـە وان بەلاتانـەوەو، ئـەزانن کـە خیانـەت و دەستپیسی شتێکی زۆر ناشیرینە.

وَاعْلَمُواْ أَنَّمَا أَمْوَالُكُمْ وَأَوْلاَدُكُمْ فِتْنَةٌ وَأَنَّ اللّهَ عِندَهُ أَجْرٌ عَظِيمٌ{٢٨}

زۆر چاك بزانن ماڵو دارایىو ئەولادو نەوەتان هۆی ئاژاوەو نەگبەتین بۆتانو ، خۆای گەورە ئەیەوێ تاقیتان بکاتەوە. بەڕاستی پاداشی گەورەو گران لای خودای گەورەیە .

يا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إَن تَتَّقُواْ اللّهَ يَجْعَل لَّكُمْ فُرْقَاناً وَيُكَفِّرْ عَنكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ وَاللّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ{٢٩}

ئەی خاوەن ئیمانەکان! ئەگەر لە خودا بترسن خودا نوورو هیدایەت ئەخاتە دڵتانەوە کە چاكو خراپی پێ جیا ئەکەنەوە. هەروەها تاوانەکانتان دائەپۆشێو لێتان خۆش ئەبێ. بەڕاستی خودا خاوەنی فەزڵو ڕەحمی گەورەیە.

وَإِذْ يَمْكُرُ بِكَ الَّذِينَ كَفَرُواْ لِيُثْبِتُوكَ أَوْ يَقْتُلُوكَ أَوْ يُخْرِجُوكَ وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ اللّهُ وَاللّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ {٣٠}

یادی ئەوە بکەرەوە کە چۆن کافرەکانی قورەیش دەستیان دایە فێڵو حیلە بۆئەوەی بریندارت بکەنو لە کەڵکی جموجووڵت بخەن یا حەپست بکەن، هەروەها بۆ ئەوە بتکوژن یا لە مەککە بە زەلیلی دەرتبکەن ، ئەوانە حیلەیان کرد بەڵام خودای بەدەستەڵات کاری وەهای کرد لە حیلەکەی ئەوان بەهێزتر بوو. خودا چاکترین کار ڕاپەڕێنەو لەوان دوژمن کوژترە.

وَإِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا قَالُواْ قَدْ سَمِعْنَا لَوْ نَشَاءُ لَقُلْنَا

مِثْلَ هَـذَا إِنْ هَـذَا إِلاَّ أَسَاطِيرُ الأوَّلِينَ {٣١}

كاتێ ئایەتەکانی ئێمەیان بەسەردا ئەخوێنرێنەوە ئەڵێن: ئەمەمان بیستووە، ئەگەر مەیلمان لێ بێ وێنەی ئەمە ئەڵێین. ئەم ئایەتانە حیکایەتی پێشوانن‌و شتێکی تازە نین !.

وَإِذْ قَالُواْ اللَّهُمَّ إِن كَانَ هَـذَا هُوَ الْحَقَّ مِنْ عِندِكَ فَأَمْطِرْ عَلَيْنَا حِجَارَةً مِّنَ السَّمَاءِ أَوِ ائْتِنَا بِعَذَابٍ أَلِيمٍ {٣٢}

یادی ئەوە بکە کە کافرەکان وتیان: خودایا ! ئەگەر ئەم قورئانە حەقە کەچی ئێمە باوەڕی پێ ناکەین، بەردەبارانمان بکە بە بەردی ئاسمان، یاخۆ سزایەکی سەختی‌ترمان بۆ بێنە کە نابار بێت.

وَمَا كَانَ اللّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنتَ فِيهِمْ وَمَا كَانَ اللّهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ يَسْتَغْفِرُونَ{٣٣}

تا تۆ لەناویاندا بی خوا سزایان نەداو، تا هەندێکیان داوای عەفوو لە گوناهخۆش‌بوون لە خودا بکەن خودا سزایان نادا.

وَمَا لَهُمْ أَلاَّ يُعَذِّبَهُمُ اللّهُ وَهُمْ يَصُدُّونَ عَنِ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَمَا كَانُواْ أَوْلِيَاءَهُ إِنْ أَوْلِيَآؤُهُ إِلاَّ الْمُتَّقُونَ وَلَـكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ{٣٤}

بۆچی خودا سزایان نەدا کە مەنعی خەڵك ئەکەن لە زیارەتی (مسجد الحرام) و تەواف‌کردن بە دەوریا. ئەوانە بۆ ئەوە ناشێن سەرپەرشتی کەعبە بکەن، سەرپەرشتیکەری کەعبەی پیرۆز ئەبێ لەوانە بێ لە خودا ئەترسن ، بەڵام زۆرتری خەڵك ئەمە نازانن.

وَمَا كَانَ صَلاَتُهُمْ عِندَ الْبَيْتِ إِلاَّ مُكَاءً وَتَصْدِيَةً فَذُوقُواْ الْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ {٣٥}

ئەو نوێژەی ئەوان لای کەعبەی پیرۆز ئەیانکرد تەنها بریتی بوو لە فیکەکێشان و چەپڵەلێدان و گاڵتەوگەپ. مادام ئەمە عادەتتان بوو دە بچێژن سزای ئەسیری و کوشتن لەسەر دەستی موسوڵمانان لە جەزای کوفرتاندا

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ لِيَصُدُّواْ عَن سَبِيلِ اللّهِ فَسَيُنفِقُونَهَا ثُمَّ تَكُونُ عَلَيْهِمْ حَسْرَةً ثُمَّ يُغْلَبُونَ وَالَّذِينَ كَفَرُواْ إِلَى جَهَنَّمَ يُحْشَرُونَ {٣٦}

بێگومان کافرەکان ماڵی خۆیان لە پێناوی ئەوەدا خەرج دەکرد کە مەنعی خەڵك بکەن لە ئایینی ئیسلام و ڕێگای ڕاست، لەمەوپاشیش هەر بۆ هەمان مەبەست خەرجی ئەکەن. پاشان ئەو ماڵ خەرجکردنە ئەبێتە خەم و خەفەت بۆیان، چونکە هیچ ئەنجامێکی نەبوو. لەپاش ئەوەش کە موسوڵمانەکان فەتحی مەککەی پیرۆز ئەکەن ئەوان ئەبەزرێن. ئەم ئایەتە ئیخبار بە غەیبەو لە موعجیزەکانی قورئانە. هەروەها ئەو کەسانە کە کوفریان پەسەند کردو کافر بوون بەرەو دۆزەخ ئەدرێنە بەر.

لِيَمِيزَ اللّهُ الْخَبِيثَ مِنَ الطَّيِّبِ وَيَجْعَلَ الْخَبِيثَ بَعْضَهُ عَلَىَ بَعْضٍ فَيَرْكُمَهُ جَمِيعاً فَيَجْعَلَهُ فِي جَهَنَّمَ أُوْلَـئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ {٣٧}

ئەوانە حەشر ئــەکرێن تــا خــودا پیس لــە پــاك، واتــە کــافر لــە موسوڵمان، جیا بکاتەوەوە پیسەکان بخاتە پــاڵ یــەك و لەســەر یــەك کەڵەکــەیان بکــات و هــەموویان بخاتـــە دۆزەخـــەوە، ئەوانـــە هـــەموو خەسارەتمەندو ماڵوێران بوون.

قُل لِلَّذِينَ كَفَرُواْ إِن يَنتَهُواْ يُغَفَرْ لَهُم مَّا قَدْ سَــلَفَ وَإِنْ يَعُودُواْ فَقَدْ مَضَتْ سُنَّةُ الأَوَّلِينِ {٣٨}

بڵێ بە کافرەکان: ئەگەر واز لە کوفر بهێنن و موسوڵمان بــبن و پەیڕەویی پێغەمبەر بکەن ئەوا خودا لە هەموو گوناهی لەوەپێشیان ئــەبووریٚ. خــۆ ئەگــەر بگەڕێنــەوە ســەر بــاری دوژمنایـــەتی کردنـــی پێغەمبەرو شەڕ لەگەڵ کردنی ئەوا بەسەرهاتی نەتـــەوە پێشووەکان جێگـیر بـووە کـە ئـازاری پێغەمبــەرانیان ئــەداو، خــودا بــە ڕەگو ڕیشەیاندا چووەخوار، ئێوەش هەمان دەردتان بەسەردێ.

وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لاَ تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ كُلُّهُ لِلّه فَإِنِ انتَهَوْاْ فَإِنَّ اللّهَ بِمَا يَعْمَلُونَ بَصِيرٌ {٣٩}

جەنگیان لەگەڵ بکەن تا ئاشووبی کوفرو شیرك نــەمێنیٚ و دیــن هەمووی دینی خودابەیەكزانین بێ. جا ئەگەر دەسبەردار بوون ئەوە خودا بینایەو ئەزانێ چی ئەکەن.

وَإِن تَوَلَّوْاْ فَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ مَوْلاَكُمْ نِعْمَ الْمَوْلَى وَنِعْـــمَ النَّصِيرُ{٤٠}

خۆ ئەگەر پشتیان هەڵکردو هەر لەسەر باری کوفر مانەوە ئەوا زۆر چاك بزانن کە خودا ، گەورەتانەو سەرپەرشتیتان دەکات. خــودا باشترین گەورەو باشترین یارمەتیدەرە.

وَاعْلَمُواْ أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَيْءٍ فَأَنَّ لِلّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ إِن كُنتُمْ آمَنتُمْ بِاللّهِ وَمَا أَنزَلْنَا عَلَى عَبْدِنَا يَوْمَ الْفُرْقَانِ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ وَاللّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ {٤١}

بزانن هەرچیتان بە تالآن دەسکەوت لە جەنگی کافراندا ئەوە ئەکرێت بە پێنج بەشەوە، پێنج یەکێکی بۆ خوداو پێغەمبەرو خزمانیو هەتیوانو گەدایانو ڕێبوارانی بێ خەرجییە، ئەگەر ئیمانتان هەیە بە خوداو بەو ئایەتو فریشتانە کە ناردوومانەتە خوارەوە بۆ سەر بەندەی خۆمان کە موحەممەدە لە ڕۆژی جیابوونەوەی حەقدا لە بەتاڵ لەو ڕوژەدا کە هەردوو کۆمەڵ سوپای موسوڵمان و سوپای کافران بە یەك گەیشتن لە حەڤدەی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا لە خاکی بەدردا، خودا بەسەر هەموو شتێکدا توانایە.

إِذْ أَنتُم بِالْعُدْوَةِ الدُّنْيَا وَهُم بِالْعُدْوَةِ الْقُصْوَى وَالرَّكْبُ أَسْفَلَ مِنكُمْ وَلَوْ تَوَاعَدتَّمْ لاَخْتَلَفْتُمْ فِي الْمِيعَادِ وَلَكِن لِّيَقْضِيَ اللّهُ أَمْرًا كَانَ مَفْعُولاً لِّيَهْلِكَ مَنْ هَلَكَ عَن بَيِّنَةٍ وَيَحْيَى مَنْ حَيَّ عَن بَيِّنَةٍ وَإِنَّ اللّهَ لَسَمِيعٌ عَلِيمٌ {٤٢}

کە ئێوەو کافرەکانی قورەیش لە گوێ چەمی شیوەکەدا بوون، ئێوە لە مەدینەوە نزیکتر بوونو ئەوان دوورتر، هەروەها قافڵەی قورەیش لەخوارتانەوە بوو. ئەگەر ئێوەو کافرەکان لەپێشدا بە وەعدو ڕێککەوتن کاتی جەنگتان دیاری بکردایە ، ئێوە بەهۆی

زۆریی ئەوان و پرچەکییانەوە، لەناو خۆتاندا ئەبوو بە خیلافتان. بەڵام خودا وای کرد کە بەرەنگاربوونەکەتان لەسەر وەعدو ڕێککەوتن نەبوو بەڵکو کوتوپڕ بوو، بۆیەش وەها کوتوپڕ بوو تا ئەوەی خودا ویستی لەسەر بوو بیکات، کە سەرکەوتنی ئێوەو یارمەتیدانتان و شکستی کافرەکان بوو. تا ئەوەی ئەمرێ دەلیلەکە ببینێو هیچ ماوەی بەهانە نەمێنێ. دیارە مەعرەکەی بەدرو سەرکەوتنی بەرەی ئیسلام دەلیلێکی ئاشکراو نومایان بوو. بێگومان خودا شنەواو زانایە.

إِذْ يُرِيكَهُمُ اللّهُ فِي مَنَامِكَ قَلِيلاً وَلَوْ أَرَاكَهُمْ كَثِيرًا لَّفَشِلْتُمْ وَلَتَنَازَعْتُمْ فِي الأَمْرِ وَلَـكِنَّ اللّهَ سَلَّمَ إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ{٤٣}

بیری ئەوە بکەرەوە کە خودای گەورە دوژمنەکانی لە خەودا بە کەم نیشان دای. ئەگەر بە زۆری نیشان بدایتایە سستئەبوونو دڵتان تێکئەچوو، لە کاری جەنگدا پشێوی ئەکەوتە ناوتانەوە، بەڵام خودا پاراستنی لەو پەریشانییە. بێگومان خودا ئاگای لە دڵو دەروونی خەڵکە.

وَإِذْ يُرِيكُمُوهُمْ إِذِ الْتَقَيْتُمْ فِي أَعْيُنِكُمْ قَلِيلاً وَيُقَلِّلُكُمْ فِي أَعْيُنِهِمْ لِيَقْضِيَ اللّهُ أَمْرًا كَانَ مَفْعُولاً وَإِلَى اللّهِ تُرْجَعُ الأُمُورُ {٤٤}

بیری ئەو پیرۆزییە بکەنەوەکە لە کاتێکدا سوپای هەردوولا بەرامبەری یەك ڕاوەستان و ئامادەی جەنگ بوون خودای گەورە بە

هێزو توانی خۆی سوپای کافرەکانی لە بەرچاوی ئێوەدا بە کەم پیشان‌داو، سوپای ئێوەیشی لە بەرچاوی ئەواندا بە کەم پێشان‌دا، تا هیچ لایێ لەو لاکەی‌تر نەترسێ‌و هێرش ببەن بۆ جەنگ، تا خوا خواستی خۆی جێبەجێ بکات کە سەرکەوتن‌و یارمەتی موسوڵمانان‌و کوشتن‌و دیل‌کردنی کافرەکانە. هەموو کارێ هەر بۆ لای خودا ئەگەڕێتەوەو کار هەر لای ئەوە.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا لَقِيتُمْ فِئَةً فَاثْبُتُواْ وَاذْكُرُواْ اللّهَ كَثِيرًا لَّعَلَّكُمْ تُفْلَحُونَ {٤٥}

ئەی خاوەن باوەڕەکان کە گەیشتن بە کۆمەڵێك لە کافران لە کاتی جەنگدا خۆتان بگرن و دامەزراو بن و، بە زوبان ناوی خودا بهێنن‌و بە دڵ یادی بکەن بە هیوای ئەوەی لە جەنگدا بە سەربەرزی‌و سەرکەوتوی ڕزگار بن.

وَأَطِيعُواْ اللّهَ وَرَسُولَهُ وَلاَ تَنَازَعُواْ فَتَفْشَلُواْ وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَاصْبِرُواْ إِنَّ اللّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ {٤٦}

بەگوێی فەرمانی خوداو پێغەمبەری خودا بکەن و لەناو خۆتاندا ئاشووب و ئاژاوە مەگێڕن‌و مەچن‌بەگژ یەکدا کە ئەو ناکۆکییە ببێتە هۆی سەرنەکەوتنتان‌و هێزتان نەمێنێ. خوتان بگرن. خودای گەورە لەگەڵ ئەوانەیە کە خۆیان ئەگرن.

وَلاَ تَكُونُواْ كَالَّذِينَ خَرَجُواْ مِن دِيَارِهِم بَطَرًا وَرِئَاءَ النَّاسِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللّهِ وَاللّهُ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ{٤٧}

ئێوه ئەی موسوڵمانەکان لەخوداترس‌و ڕاست‌و خۆگر بن، وەکو ئەو کافرانە مەبن بە لەخۆباییبوونەوە لە مەککە دەرچوون بۆ پاراستنی کاروانەکەی قورەیش کە لە شامەوە ئەگەڕایەوە، ئەوانە بە ڕیاو خۆنواندن ئەڕۆیشتن تا پێیان بڵێن ئازان‌و مەردی مەیدانن، هەروەها ڕێگەیان لە ئیسلام بوونی خەڵك ئەگرت. جا ئەوە بوو گەڕانەوەو لە پاشاندا خۆیان ئامادەی جەنگی بەدر کرد، کە سەرئەنجام کوژران‌و بریندار کران و بەدیل‌گیران‌و جەنگەکەیان دۆڕاند. خودا ئاگای لە بەرو دوای کردەوەیان هەیەو جەزای هەموو کردەوەییێکیان ئەداتەوە.

وَإِذْ زَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ أَعْمَالَهُمْ وَقَالَ لاَ غَالِبَ لَكُمُ الْيَوْمَ مِنَ النَّاسِ وَإِنِّي جَارٌ لَّكُمْ فَلَمَّا تَرَاءَتِ الْفِئَتَانِ نَكَصَ عَلَى عَقِبَيْهِ وَقَالَ إِنِّي بَرِيءٌ مِّنكُمْ إِنِّي أَرَى مَا لاَ تَرَوْنَ إِنِّيَ أَخَافُ اللّهَ وَاللّهُ شَدِيدُ الْعِقَابِ {٤٨}

یادی ئەوە بکەنەوە کە شەیتان لە کاتی بەرامبەربوونی موسوڵمانان‌و کافراندا کردەوەی کافرەکانی لە بەرچاویاندا جوان کردو پێی وتن هیچ بنیادەمێ بەسەر ئێوەدا زاڵ نابێ لەم ڕۆژەداو، من پەنام بۆ ئێوە، واتە: بتەکانیان. جا کاتێ هەردوو گورۆهەکە یەکتریان بینی‌و، ڕاستەوخۆ کەوتنە جەنگەوە شەیتان لێیان پاشگەز بوویەوەو پێی وتن بێگومان ئەوەی من ئەیبینم ئێوە نایبینن. بێگومان من لە خودا ئەترسم! بەڕاستی خودا زۆر سەختگیرە.

إِذْ يَقُولُ الْمُنَافِقُونَ وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ غَرَّ

هَـــؤُلاءِ دِينُهُمْ وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى اللّـــهِ فَـــإِنَّ اللّـــهَ عَزِيــزٌ حَكِيمٌ{٤٩}

يادی ئەوە بکەنەوە کە منافقەکان ئەیانوت: ئـەم موسـوڵمانانە دینەکەیان بایی کـردوون. ئـەو منافقانـە لـە دڵیـاندا نەخۆشـیو ڕقو کینە هەیە بۆیە قسەی وا بێجێ ئەکەن. موسوڵمانەکان پشـتیان بـە خـودا بەسـتووەو کەسـێکیش پشـت بـە خـودا ببەسـتێ ڕزگـارو بـەختیارە، چونکـە خـودای گـەورە خـاوەن عـیززەتو خـاوەن حیکمەتەو ئەتوانێ یارمەتی بەندەکانی خۆی بدات.

وَلَوْ تَرَى إِذْ يَتَوَفَّى الَّذِينَ كَفَرُواْ الْمَلآئِكَـــةُ يَضْرِبُـــونَ وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَارَهُمْ وَذُوقُواْ عَذَابَ الْحَرِيقِ {٥٠}

خۆزگـە چاوتـان لێـبوو چۆن مەلائیکـەکان کـە گیـانی کافرەکـان ئەکێشـن ، لە دەموچـاوو لە پشتیـان ئەدەنو پێیـانئەڵێن : ئەوە دەردتان بێ ، دە سزای ئاگر بچێژن.

ذَلِكَ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيكُمْ وَأَنَّ اللّهَ لَيْسَ بِظَلاَّمٍ لِّلْعَبِيدِ{٥١}

ئەمەش ئەنجامو جەزای ئـەو کـردەوە ناشـیرینانەیە کـە کـاتی خۆی کردتانن . خودا هەرگیز ستەم لە بەندەکانی خۆی ناکات.

كَدَأْبِ آلِ فِرْعَوْنَ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ كَفَرُواْ بِآيَاتِ اللّـــهِ فَأَخَذَهُمُ اللّهُ بِذُنُوبِهِمْ إِنَّ اللّهَ قَوِيٌّ شَدِيدُ الْعِقَابِ {٥٢}

ڕەوشتی ئەمانـە وەك ڕەوشـتی دەسـتەو بەسـتەی فیرعـەون و ئەوانەی پێش ئەوان بوو کە ئایەتەکانی خودایان بەدرۆ ئەخسـتەوەو باوەڕیان پێ نەئەکردن، کە خـودا غەزەبیلەهـەموویان گـرت بـەهۆی

گوناهەکانیانەوە. بەڕاستی خودا بەتوان‌و بەهێزەو زۆر سەختگیرە.

ذَلِكَ بِأَنَّ اللّهَ لَمْ يَكُ مُغَيِّرًا نِّعْمَةً أَنْعَمَهَا عَلَى قَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمْ وَأَنَّ اللّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ {٥٣}

ئەم سزادان‌و لەناوبردنانەیان لەبەرئەوەیە کە یاسای خودا وەهایە هەر نازو نیعمەتێ کە بیدا بە گورۆهێ لێیان تێك‌ناداو نایبڕێت تا ئەوان وایان لێ دێ حاڵێ خۆیان لە ئیمانەوەئەگۆڕن بۆ کوفرو لە شوکرانەبژێرییەوە بۆ کوفرانی نیعمەت و، لە تێکۆشانەوە بۆ تەمەڵی‌و تەوەزەلی. دیارە خودا قسەی ئەم کافرانە ئەبیسێ‌و زانایە بە ئەحواڵیان.

كَدَأْبِ آلِ فِرْعَوْنَ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ كَذَّبُواْ بآيَاتِ رَبِّهِمْ فَأَهْلَكْنَاهُم بِذُنُوبِهِمْ وَأَغْرَقْنَا آلَ فِرْعَونَ وَكُلٌّ كَانُواْ ظَالِمِينَ{٥٤}

ڕەوشتی ئەمانە وەك ڕەوشتی دەستەوبەستەی فیرعەون‌و ئەوانەی پیش ئەوان بوو کە ئایەتەکانی خودایان بەدرودەخستەوە، لەئەنجامدا بە هۆی گوناهو تاوانەکانیانەوە لەناومانبردن، هەروەها دەستەی فیرعەونیشمان لە نیلدا خنکاند. ئەمانە هەموویان ستەمکارو بەدکردار بوون.

إِنَّ شَرَّ الدَّوَابِّ عِندَ اللّهِ الَّذِينَ كَفَرُواْ فَهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ{٥٥}

بێگومان بەدترین گیانلەبەرێ بڕوا بەسەر زەویدا لای خودای گەورە ئەوانەن کە کافرن‌و باوەڕ بە ئایەتەکانی خودا ناکەن. ئەوانە

ئیتر ئیمان ناهێنن.

الَّذِينَ عَاهَدتَّ مِنْهُمْ ثُمَّ يَنقُضُونَ عَهْدَهُمْ فِي كُلِّ مَرَّةٍ وَهُمْ لاَ يَتَّقُونَ {٥٦}

ئەوانەی پەیمانت لەگەڵ بەستن کە دوژمنایەتیتان لەگەڵ نەکەن و خەڵکتان لێ ئاڵۆز نەکەن، کەچی لەپاشاندا هەمووجار پەیمانەکەیان هەڵئەوەشێننەوەو، لە خودا ناترسن و غەدرت لێ ئەکەن.

فَإِمَّا تَثْقَفَنَّهُمْ فِي الْحَرْبِ فَشَرِّدْ بِهِم مَّنْ خَلْفَهُمْ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ{٥٧}

کە لە جەنگدا بەرنگاریان بوویت و بەسەریاندا زاڵ بووی هیچ ماوەیان مەدەو پەرت و بڵاویان بکە، لەو کافرانە بدە کە دوایان کەوتوون با تەفروتوونا ببن بەڵکو بیر بکەنەوەو بکەونە سەر ڕێگای پاکی ئیسلام.

وَإِمَّا تَخَافَنَّ مِن قَوْمٍ خِيَانَةً فَانبِذْ إِلَيْهِمْ عَلَى سَوَاءٍ إِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبُّ الخَائِنِينَ{٥٨}

ئەگەر ترست بوو لە کۆمەڵێ کە پەیمانت لەگەڵ بەستوون، خیانەت بکەن و پەیمانەکە هەڵوەشێننەوە ، ئەوا لەمحاڵەدا بە ڕێگەیەکی ڕاستومیانە پەیمانەکەیان بدەرەوە بەسەرداو بڵێ: وا من لەو پەیمانەدەرچووم.

وَلاَ يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ سَبَقُواْ إِنَّهُمْ لاَ يُعْجِزُونَ{٥٩}

با ئەوانەی کافرن گومان وا نەبەن پێشکەوتوون و لە دەستی

خودا ڕزگار بوون! بێگومان ئەوان ناتوانن خودا عاجز بکەن‌و، خودا هەمیشە ئەتوانێ ئازاریان بداتو تۆڵەیان لێ بسێنێتەوە.

وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدْوَّ اللّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِن دُونِهِمْ لاَ تَعْلَمُونَهُمُ اللّهُ يَعْلَمُهُمْ وَمَا تُنفِقُواْ مِن شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لاَ تُظْلَمُونَ{٦٠}

ئەوی لە توانتاندا هەیە لە ئەسبابی هێزو سەرکەوتن ئامادەی بکەن بۆ جەنگی کافران، وەك شیرو تیرو زرێو تاس‌کڵاوو چەکی هەر ڕۆژێ بەپێی ئەو ڕۆژە، هەروەها ئەسپی بەستراوەی ئامادە بۆ سواری، تا دوژمنەکانی خواو خۆتانی پێ بترسێنن، دوژمنی تریش وەکو منافقان‌و دوژمنی دوور، کە ئێوە نایانناسن و خودا ئەیانناسێ. بێگومان هەرچی لە ڕێگای خوداو ئایینی ئیسلامدا صەرفی بکەن خودا لە ڕۆژی قیامەتدا پاداشیتان ئەداتەوەو، ئێوە هەرگیز ستەمتان لێ ناکرێت.

وَإِن جَنَحُواْ لِلسَّلْمِ فَاجْنَحْ لَهَا وَتَوَكَّلْ عَلَى اللّهِ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ{٦١}

ئەگەر دوژمنەکان مەیلی ڕێکەوتن‌و ئاشتییان کرد تۆیش مەیلی بکەو بچۆ بەدەمیانەوەو، پشت بە گەورەیی‌و دەستەڵاتی خودا ببەستەو لە فرو فێڵی دوژمن مەترسە، خودا شنەواو زانایە.

وَإِن يُرِيدُواْ أَن يَخْدَعُوكَ فَإِنَّ حَسْبَكَ اللّهُ هُوَ الَّذِيَ أَيَّدَكَ بِنَصْرِهِ وَبِالْمُؤْمِنِينَ {٦٢}

ئەگەر بیانەوێ بەم ڕێکەوتنانە بتخەڵەتێننو فێڵت لێ بکەن تۆ مەترسە، خوات بەسە بۆ یارمەتیدانو پاراستنت ، هەر ئەو بوو بەهێزی کردی بە یارمەتیدانی خۆیو بە یەکیەتیو دڵسۆزیی موسوڵمانان .

وَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ لَوْ أَنفَقْتَ مَا فِي الأَرْضِ جَمِيعاً مَّا أَلَّفَتْ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ وَلَكِنَّ اللّهَ أَلَّفَ بَيْنَهُمْ إِنَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ{٦٣}

خودا ئولفەتو دۆستایەتیو یەکیەتی خستە دڵیانەوە لەگەڵ ئەو هەمووە عەصەبیەتە کە لەناویاندا هەبوو. تۆ ئەگەر هەرچی لە زەویدایە لە ماڵو سامان لە ڕێگای ئولفەتی ئەواندا صەرفت بکردایە نەتئەتوانیو پێت نەئەکرا، بەڵام خودا دڵی خستنە یەكو دۆستایەتی لەناویاندا جێگیر کرد. خودا خاوەن دەستەڵاتەو کارەکانی پڕحیکمەتن.

يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ حَسْبُكَ اللّهُ وَمَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ{٦٤}

ئەی پێغەمبەری خودا بەسە بۆ تۆ یارمەتیی پەنهانی خوداو یارمەتیی ئەوانە کە پەیڕەوتن لە موسوڵمانەکان کە بەئاشکرا هاتوچۆ ئەکەنو یارمەتیت ئەدەن.

يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ حَرِّضِ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى الْقِتَالِ إِن يَكُن مِّنكُمْ عِشْرُونَ صَابِرُونَ يَغْلِبُواْ مِئَتَيْنِ وَإِن يَكُن مِّنكُم مِّئَةٌ يَغْلِبُواْ أَلْفاً مِّنَ الَّذِينَ كَفَرُواْ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لاَّ يَفْقَهُونَ {٦٥}

ئـەی پێغەمبـەری خـودا هـانی خـاوەن ئیمانـەکان بـدە لەسـەر جەنگ کردن لەگەڵ کافرەکاندا. ئەگەر لە ئێوە بیست کەســی خۆگـر بن زاڵ ئەبن بەسەر دووصەد کەسدا، وە ئەگــەر صەدکەسـی خۆگـر بن زاڵ ئەبن بەسەر هەزار لە کافرەکاندا، چونکـە ئەوانـە کۆمـەڵێکن نازانن لەسەر ڕێگای ڕاستو ئیمان دامـەزراو بـنو بەتـەمای پاداشـی خودای گەورە بن.

الآنَ خَفَّفَ اللّهُ عَنكُمْ وَعَلِمَ أَنَّ فِيكُمْ ضَعْفًا فَـإِن يَكُـن مِّنكُم مِّئَةٌ صَابِرَةٌ يَغْلِبُواْ مِئَتَيْنِ وَإِن يَكُن مِّنكُمْ أَلْفٌ يَغْلِبُـواْ أَلْفَيْنِ بِإِذْنِ اللّهِ وَاللّهُ مَعَ الصَّابِرِينَ{٦٦}

ئیستە کە بارتان گرانە خودا باری سووك کرد لەسەرتان. خودا ئەزانێ کـە بێهێزیتـان تێدایـەو دەرەقـەت نـاییێن ، جـا ئەگـەر ئێـوە صەدکەسی خۆگرتان ببێ بەسەر دووصەد کەسدا زاڵئەبنو ، ئەگـەر هەزار کەسـتان ببـێ بەسـەر دوو هـەزار کەسـدا زاڵ ئـەبن بـە ئـیزنی خودا. بێگومان خودا لەگەڵ خۆگراندایە.

مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُ أَسْرَى حَتَّى يُثْخِنَ فِي الأَرْضِ تُرِيدُونَ عَرَضَ الدُّنْيَا وَاللّهُ يُرِيـدُ الآخِـرَةَ وَاللّـهُ عَزِيـزٌ حَكِيمٌ{٦٧}

لەمەوپێش بۆ هیچ پێغەمبەرێ نەشیاوە دیلی هـەبێو بەرامبـەر بە ماڵ بەرەڵایان بکات تا زۆر نەکوژێ لە کافران، جا کـە هـێزیگرت ئەوسا دروسـتـە بـۆی فیدیـە وەریـگرێ. ئێـوە مـاڵو دارایـی دنیاتـان دەوێ بۆیە فیدیە وەرئـەگرن، خـودای گـەورەیش پاداشـی قیامـەتی

ئەویّ بۆ ئێوە. خودا غالّبە بەسەر کاری خۆیداو خاوەن حیکمەتە.

لَّوْلاَ كِتَابٌ مِّنَ اللّهِ سَبَقَ لَمَسَّكُمْ فِيمَا أَخَذْتُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ {٦٨}

ئەگەر نووسراوێکی (لوح المحفوظ) نەبوایە ، یا لە عیلمی خودادا بڕیار نەدرابوایە چاوپۆشی لەم فیدیە وەرگرتنەتان بکرێت، بەهۆی ئەم فیدیەوە کە وەرتان گرت لەلایەن خوداوە سزاییکی گەورەتان تووش ئەبوو.

فَكُلُواْ مِمَّا غَنِمْتُمْ حَلاَلاً طَيِّبًا وَاتَّقُواْ اللّهَ إِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ{٦٩}

دەی لەو ماڵە بخۆن بە تالّان دەستتان کەوتووە، کە حەلاڵەو پاکەو، لە خودا بترسن . بە ڕاستی خودا تاوانبەخشو میهرەبانە.

يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّمَن فِي أَيْدِيكُم مِّنَ الأَسْرَى إِن يَعْلَمِ اللّهُ فِي قُلُوبِكُمْ خَيْرًا يُؤْتِكُمْ خَيْرًا مِّمَّا أُخِذَ مِنكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ {٧٠}

ئەی پێغەمبەری خودا بەو دیلانە بڵێ کە لەبەردەستتاندان ئەگەر خودا بە ئیمان و ئیخلاص بزانێ لە دڵتانا ئەوە چاکتر لەوەتان ئەداتێ کە لێتان سەنراوەو گوناهتان ئەبەخشێ . خودا گوناهپۆشو میهرەبانە.

وَإِن يُرِيدُواْ خِيَانَتَكَ فَقَدْ خَانُواْ اللّهَ مِن قَبْلُ فَأَمْكَنَ مِنْهُمْ وَاللّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ{٧١}

ئەگەر بیانەوێ خیانەتت لێ بکەن و پەیمان هەڵبوەشێننەوە

بەلاتەوە سەیر نەبێ . ئەوان خیانەتیان لە خودا کرد، عەقلّی پێ دان و بە عەقلّ نەچوون بە ڕێگادا، جا خودا زالّ بوو بەسەریاندا. خودا زاناو خاوەن حیکمەتە.

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَاهَدُواْ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَالَّذِينَ آوَواْ وَّنَصَرُواْ أُوْلَـئِكَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ وَالَّذِينَ آمَنُواْ وَلَمْ يُهَاجِرُواْ مَا لَكُم مِّن وَلاَيَتِهِم مِّن شَيْءٍ حَتَّى يُهَاجِرُواْ وَإِنِ اسْتَنصَرُوكُمْ فِي الدِّينِ فَعَلَيْكُمُ النَّصْرُ إِلاَّ عَلَى قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُم مِّيثَاقٌ وَاللّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ {٧٢}

بێگومان ئەوانەی کۆچیان کرد لە ڕێگەی خوداداو بە مالّ و دارایی و گیان جیهادیان کرد لە پێناوی بەرز کردنەوەی ناوی خوداو ڕەواجی ئاییداو ، ئەوانەیش کە جێگای کۆچکردووەکانیان کردەوەو یارمەتییان دان کە کۆمەلّی ئەنصار بوون، لەناو خۆیاندا دۆستی یەکترین و میرات لە یەکتر ئەبەن . ئەوانەش ئیمانیان هێنا، بەلاّم کۆچیان نەکرد، ئێوەو ئەوان میرات لە یەکتر نابەن تا کۆچ نەکەن، کە کۆچیان کرد ئەوا میرات لە یەکتر ئەبەن. بەلاّم ئەگەر موحتاجی یارمەتی بوون و داوای یارمەتییان لێ کردن ئەوە واجبە لەسەرتان یارمەتییان بدەن دژی دوژمنەکانیان. خۆ ئەگەر ناکۆکییان لەگەلّ قەومێك بوو پەیمان لە بەینی ئێوەو ئەوانەدا بوو ئەوە حەقتان نییە دژی ئەوانە یارمەتییان بدەن. بێگومان خودا بینایەو ئاگای لە کردەوەتانە.

وَالَّذينَ كَفَرُواْ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ إِلاَّ تَفْعَلُوهُ تَكُن فِتْنَةٌ فِي الأَرْضِ وَفَسَادٌ كَبِيرٌ {٧٣}

ئەوانەش کە کافرن هەندێکیان دۆستو یارمەتیدەری هەندێکی تریانن، یا میرات لە یەکتر ئەبەن. ئەگەر ئەم دەستوورەی کە بۆم دیاری کردوون پەیڕەوی لێ نەکەنو لەگەڵ موسوڵمانەکاندا دۆستی نەکەنو لەگەڵ کافراندا پێوەندیتان هەبێ ئەوا فیتنەو ئاژاوەو خراپەکاریو پەرێشانی لەسەر زەوی پەیدا ئەبێو خراپەکارییەکی گەورە .

وَالَّذِينَ آمَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَاهَدُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَالَّذِينَ آوَواْ وَّنَصَرُواْ أُولَـئِكَ هُمُ الْمُؤْمِنُونَ حَقًّا لَّهُم مَّغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ{٧٤}

بێگومان ئەو کەسانەی ئیمانیان هێناو کۆچیان کردو لەپێناوی ئاینی ئیسلامدا جیهادیان کردو، ئەوانەش کە جێگەی کۆچکردووەکانیان کردەوەو یارمەتییان دان ، ئەوانەن موسوڵمانو خاوەن ئیمانی ڕاستەقینەو، ئەوانەن کە خودا لێیان خۆش ئەبێو ڕۆزیی باشیان پێ ئەدرێ .

وَالَّذِينَ آمَنُواْ مِن بَعْدُ وَهَاجَرُواْ وَجَاهَدُواْ مَعَكُمْ فَأُوْلَـئِكَ مِنكُمْ وَأُوْلُواْ الأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَى بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللّهِ إِنَّ اللّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ {٧٥}

ئەو کەسانەش کە دوایی ئیمانیان هێناو کۆچیان کردو لەگەڵتاندا جیهادیان کرد ئەوانەش لە ئێوەن . خزمەکان لەناو یەکا

موستەحەقترن بۆ میرات وەرگرتن لە یەکتر . ئەمە حوکمێکە لە قورئاندا جێگیر کراوە. خودا ئاگای لە هەموو شتەو هیچی لێ ون نابێ .

سوورەتی (التوبة)

مەدینەیی‌یە بێجگە دوو ئایەتی دواینی کە مەککەیین .

سوورەتەکە (١٢٩) ئایەتە

ئەم سوورەتە ناوی مەشهوورە بە (بەرائەت). سیڕڕی نەنووسینی (بسم الله الرحمن الرحيم) لە سەرەتایەوە ئەوەیە ئەم سوورەتە بۆ بەیانی ڕق و قینی خودایە لە کافران و موناسبی ڕەحمەت نی‌یە. لە حەزرەتی عوثمانەوە ئەگێڕنەوە (ڕ.خ) فەرموویەتی : نووسەری دوایی سوورەتی ئەنفال و سەرەتای سوورەتی بەرائەت بووم ، حەزرەت (د . خ) نەیفەرموو پێم کە (بسم الله الرحمن الرحيم) لە سەرەتایەوە بنووسم .

بَرَاءةٌ مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ إِلَى الَّذِينَ عَاهَدتُّم مِّنَ الْمُشْرِكِينَ{١}

ئەمە بەرائەتە لەلایەن خوداو پێغەمبەرییەوە لە عەهدو پەیمانی ئەو کافرانە کە پەیمانتان لەگەڵ بەستوون و پەیمان هەڵئەوەشێننەوە، واتە: ئیتر لەمەوپاش خوداو پێغەمبەری خودا گوێ نادەنە ئەو پەیمانە چونکە ئەوان پەیمانیان نەبردەسەرو هەڵیانوەشاندەوە .

فَسِيحُواْ فِي الأَرْضِ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَاعْلَمُواْ أَنَّكُمْ غَيْرُ

مُعْجِزِي اللّهِ وَأَنَّ اللّهَ مُخْزِي الْكَافِرِينَ {٢}

ئیتر ئێوه ئه‌ی موشـریكه‌كان بـه‌ره‌ڵا بـن بـه زه‌ویـداو بـۆ كـوێ ئه‌ڕۆن بڕۆن ، ئه‌م به‌ره‌ڵابوونه‌ش بۆ ماوه‌ی چوارمانگه ، كـه هـه‌ندێ لـه ئـه‌هلی ته‌فسـیر وتوویانـه شـه‌ووال‌و ذی‌القعـده‌و ذی‌الحجـه‌و موحه‌ڕڕه‌مه .هه‌ندێكیش وتوویانـه لـه بیسته‌می ذی‌الحجـه‌وه تـا ده ڕۆژی ربیع‌الثاني‌یه . زۆر باش بزانن ئێـوه ده‌ره‌قـه‌تی خـودا نایـه‌ن‌و ناتوانن خـودا بێده‌سته‌ڵات بكـه‌ن. بێگومـان خـودای به‌ده‌سته‌ڵات كافره‌كان ڕیسوا ئه‌كات .

وَأَذَانٌ مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ إِلَى النَّاسِ يَوْمَ الْحَجِّ الأَكْبَرِ أَنَّ اللّهَ بَرِيءٌ مِّنَ الْمُشْرِكِينَ وَرَسُولُهُ فَإِن تُبْتُمْ فَهُوَ خَيْرٌ لَّكُـمْ وَإِن تَوَلَّيْتُمْ فَاعْلَمُواْ أَنَّكُمْ غَيْرُ مُعْجِزِي اللّهِ وَبَشِّـرِ الَّذِيـنَ كَفَرُواْ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ{٣}

ئه‌مه بانگ‌و ڕاگه‌یاندنه له لایه‌نی خـوداو پێغه‌مبـه‌ره‌وه بـۆ لای ئاده‌مزاد له ڕۆژی حه‌جی گه‌وره‌دا كه جه‌ژنی قوربانه كه گه‌لێ ئـاداب‌ر یاسای گـه‌وره‌ی تێدایـه لـه ئـادابی حـه‌ج ، بـانگدان‌و ڕاگه‌یاندنـه له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه خـوداو پێغه‌مبـه‌ری خـودا دوورو بـه‌ری‌و پـاكن لـه پـه‌یمانی ئه‌و كافره موشریكانه. جا ئه‌گه‌ر ته‌وبه‌تان كـرد لـه كوفـرو موسـوڵمان بـوون ئـه‌وه زۆر چاكـتره بۆتـان ، خـۆ ئه‌گـه‌ر پشـتتان هه‌ڵكرد ئه‌وا بزانن ئێـوه خـودا بێده‌سه‌ڵات ناكـه‌ن‌و ، بزانـن خـودا توانایه . موژده بده به كافره‌كان به سزایێكی زۆر سه‌خت‌و گران.

إِلاَّ الَّذِينَ عَاهَدتُّم مِّنَ الْمُشْرِكِينَ ثُمَّ لَمْ يَنقُصُوكُمْ شَـيْئًا

وَلَمْ يُظَاهِرُواْ عَلَيْكُمْ أَحَدًا فَأَتِمُّواْ إِلَيْهِمْ عَهْدَهُمْ إِلَى مُدَّتِهِمْ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ {٤}

مەگەر ئەو کافرە موشریکانە کە پـەیمانتان لەگـەڵ بەسـتوونو لە ماوەی ئەو پەیمانەدا هیچ کەموکوورپییەکیان نەبووبێو پەیمانیان هەڵنەوەشـاندبێتەوەو ، کەسـیان لێ نەکوشـتبێو یارمــەتی کەسـیان نەدابێ لەسەر ئازاردانتــان ، ئەوانـە پـەیمانیان لەگـەڵ بەرنەسـەر تـا ماوەکـەی تـەواو ئـەبێ. خـودا ئەوانـەی خـۆش‌ئـەوێ کـە لــە خـــودا ئەترسنو بەپێی فەرمانەکانی ئەڕۆن بەڕێوە .

فَإِذَا انسَلَخَ الأَشْهُرُ الْحُرُمُ فَــاقْتُلُواْ الْمُشْــرِكِينَ حَيْــثُ وَجَدتُّمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَاحْصُرُوهُمْ وَاقْعُدُواْ لَهُمْ كُــلَّ مَرْصَــدٍ فَإِن تَابُواْ وَأَقَامُواْ الصَّلاَةَ وَآتَوُاْ الزَّكَاةَ فَخَلُّواْ سَــــبِيلَهُمْ إِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ {٥}

جا کاتێ ئەو چوار مانگە تەواو بوو کە ڕێگا درابوو بـە پـەیمان شکێنەکان بە ئازادی تیایا بگـەڕێن ، ئـەو موشـریکە پەیمانشـکێنانە بکوژن لە هەر شوێنێکدا زەفەرتان پێ بردن لە خاکی حـەرەم یا لـە شـوێنێ‌تر بیـانگرنو تـەنگیان پـێ هـەڵچنو گـەمارۆیان بـدەنو لــە هەموو ڕێگەیێکدا بۆیان دانیشنو مەهێڵن تەوافی کەعبـە بکـەن .جـا ئەگـەر تەوبـەیان کـردو گەڕانـەوە بـۆ لای خـوداو موسـوڵمان بـوونو نوێژیان کردو زەکـاتی مـاڵی خۆیانیـان دا بەوانـە کـە موسـتەحەققی زەکاتن، ئەوا ڕێگەیان بەرەڵا بکەن با بـە ئازادی وەکو خۆتان بژین بێگومـان خـودا تاوان‌بەخشو میهرەبانە .

وَإِنْ أَحَدٌ مِّنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّى يَسْمَعَ كَلاَمَ اللّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لاَّ يَعْلَمُونَ {٦}

ئەگەر یەکێ لە موشریکەکان داوای پەنای لێ کردی پەنای بدە تا فەرموودەی خودا ببیسێ . پاش ماوەی مانەوەی بیگەیێنە جێگای ئەمن و ئاسایشی خۆی.ئەم میهرەبانییە لەبەرئەوەیە کە ئەمانە کۆمەڵێکن نەزان و نەفامن .

كَيْفَ يَكُونُ لِلْمُشْرِكِينَ عَهْدٌ عِندَ اللّهِ وَعِندَ رَسُولِهِ إِلاَّ الَّذِينَ عَاهَدتُّمْ عِندَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ فَمَا اسْتَقَامُواْ لَكُمْ فَاسْتَقِيمُواْ لَهُمْ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ{٧}

موشریکەکان عەهدو پەیمانیان نابێ لەگەڵ خوداو لەگەڵ پێغەمبەری خوداداو نابیەنەسەر، ئەوانە نەبێ کە لای مەسجیدولحەرام پەیمانتان لەگەڵیاندا بەست. جا ئەمانەش چەندێ پەیمانەکەیان ڕاگرت ئێوەش ڕایگرن . بەڕاستی خودا ئەوانەی خۆش ئەوێ کە لە خوا ئەترسن و خۆیان لە گوناەو بێئەمریی خودا دوورئەخەنەوە.

كَيْفَ وَإِن يَظْهَرُوا عَلَيْكُمْ لاَ يَرْقُبُواْ فِيكُمْ إِلاًّ وَلاَ ذِمَّةً يُرْضُونَكُم بِأَفْوَاهِهِمْ وَتَأْبَى قُلُوبُهُمْ وَأَكْثَرُهُمْ فَاسِقُونَ {٨}

ئەمانە چۆن بە خاوەن پەیمان بزانین ؟ ئەمانە چۆن پەیمان ئەبەنە سەر ؟ والحال ئەگەر بەسەرتاندا زاڵ ببن نە ڕیعایەتی خزمایەتی ئەکەن و نە ڕازیتان ئەکەن . بەدەم ڕازیتان ئەکەن ، بەڵام بە دڵ ئێوەیان خۆش ناوێ . زۆرتریان لەڕێلادەرو پەیمان شکێنن .

اشْتَرَوْاْ بِآيَاتِ اللّهِ ثَمَنًا قَلِيلاً فَصَدُّواْ عَن سَبِيلِهِ إِنَّهُمْ سَاء مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ {٩}

ئەو کافرانە ئیحتیرامی ئایەتەکانی خودایان بە نرخێکی کەمو بە سامانی بێبەقای دنیا گۆڕییەوەو ، پشتیان لە حەق کردو ڕێگای ئیسلام بوونیان لە خەڵك گرت . ئەو کردەوەی ئەوان ئەیکەن کردارێکی ئێجگار بەدە .

لاَ يَرْقُبُونَ فِي مُؤْمِنٍ إِلاًّ وَلاَ ذِمَّةً وَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْمُعْتَدُونَ{١٠}

ئەوانە دەربارەی موسوڵمانەکان نە حەقی خزمایەتی ڕائەگرنو نە عەهدو پەیمان. ئەوانە لە حەق لایانداوەو فەرمانی خودایان جێبەجێ نەکردووە.

فَإِن تَابُواْ وَأَقَامُواْ الصَّلاَةَ وَآتَوُاْ الزَّكَاةَ فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ وَنُفَصِّلُ الآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ {١١}

بەلام ئەگەر تەوبەیان کردو نوێژیان جێبەجێ کردو زەکاتیان دا بە موستەحەققان ، ئەوا براتانن لە ئاییندا . ئا بەم جۆرە ئایەتەکان تەفصیل ئەدەین بۆ قەومێ کە زانا بنو تێبگەن .

وَإِن نَّكَثُواْ أَيْمَانَهُم مِّن بَعْدِ عَهْدِهِمْ وَطَعَنُواْ فِي دِينِكُمْ فَقَاتِلُواْ أَئِمَّةَ الْكُفْرِ إِنَّهُمْ لاَ أَيْمَانَ لَهُمْ لَعَلَّهُمْ يَنتَهُونَ{١٢}

جا ئەگەر پەیمانی خۆیانیان شکاند پاش بەستنیو بەئاشکرا ئایینەکەی ئێوەیان بەدرۆ ئەخستەوەو تەعنەیان لێ ئەداو قسەیان

پێ‌ئەوت ، ئیتر جەنگ بکەن لەگەڵ ئەوانەدا کە سەرکردەی کوفرو گومڕاهین . ئەوانە ئیمانیان نی‌یەو پەیمان ڕاناگرن .شەڕیان لەگەڵ بکەن‌و تەنگیان پێ‌هەڵچنن بەڵکو دەستبەرداری ئەم کردەوە ناڵەبارانە ببن‌و بێنە سەر ڕێی ڕاست .

أَلاَ تُقَاتِلُونَ قَوْماً نَّكَثُواْ أَيْمَانَهُمْ وَهَمُّواْ بِإِخْرَاجِ الرَّسُولِ وَهُم بَدَؤُوكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ أَتَخْشَوْنَهُمْ فَاللّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَوْهُ إِن كُنتُم مُّؤُمِنِينَ {١٣}

چۆن جەنگ ناکەن لەگەڵ کۆمەڵێك کە پەیمانیان شکاندو عەزمیان جەزم بوو لەسەر دەرکردنی پێغەمبەر لە شاری مەککە ، کە ئەوان لەپێشدا پەیمانیان تێك دا ؟ ئایا ئێوە لێیان ئەترسن ؟ خودا شایانی ئەوەیە لێی بترسن ئەگەر موسوڵمانن ، چونکە موسوڵمانی ڕاستەقینە ئەوەیە هەر لەخودا بترسێ .

قَاتِلُوهُمْ يُعَذِّبْهُمُ اللّهُ بِأَيْدِيكُمْ وَيُخْزِهِمْ وَيَنصُرْكُمْ عَلَيْهِمْ وَيَشْفِ صُدُورَ قَوْمٍ مُّؤْمِنِينَ {١٤}

جەنگیان لەگەڵدا بکەن . خودا بە دەستی ئێوە سزایان ئەداو ڕیسوایان ئەکات‌و ، یارمەتیتان ئەدا بەسەریانداو موسوڵمانەکان شادکام‌و دڵ خۆش ئەکات بە شکست‌و سزای ئەوان‌و سەرکەوتنی ئێوە .

وَيُذْهِبْ غَيْظَ قُلُوبِهِمْ وَيَتُوبُ اللّهُ عَلَى مَن يَشَاءُ وَاللّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ {١٥}

داخی دڵیان لەو کردەوە ناشیرینانە ئەڕێژێ کە کافرەکان

ئەیانکردن ، تەوبەیش قبوولْ ئەکات لە هەرکەس مەیلی لەسەر بێ .
خودا زانایەو کارەکانی پڕ لە حکیمەتن .

أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تُتْرَكُواْ وَلَمَّا يَعْلَمِ اللّهُ الَّذِينَ جَاهَدُواْ مِنكُمْ وَلَمْ يَتَّخِذُواْ مِن دُونِ اللّهِ وَلاَ رَسُولِهِ وَلاَ الْمُؤْمِنِينَ وَلِيجَةً وَاللّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ {١٦}

ئەم ئایەتە خیطابە لەگەلْ موسولْمانەکان لە کاتێکدا هەندێکیان جەنگ کردنیان پێ ناخۆش بوو . واتە : ئایا لاتان وایە وازتان لێ بهێنرێ کە هێشتا ئەوانەتان کە تێکۆشەرو موجاهیدی ڕاستەقینەن لە جیهانی ماددەدا دەرنەکەوتون ؟ هەروەها هێشتا دەرنەکەوتووە ئێوە بێجگە خوداو پێغەمبەری خوداو موسولْمانان، کەسێکی ترو دۆستێکی نهێنیتان نی‌یە قسەو نهێنییەکانی لا بدرکێنن؟ خودا لە هەموو کردەوەتان ئاگادارەو هیچی لێ ون نابێت .

مَا كَانَ لِلْمُشْرِكِينَ أَن يَعْمُرُواْ مَسَاجِدَ الله شَاهِدِينَ عَلَى أَنفُسِهِمْ بِالْكُفْرِ أُوْلَئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ وَفِي النَّارِ هُمْ خَالِدُونَ{١٧}

ڕەوا نی‌یە هاوبەش‌بۆخوادانەرانْ بێن مزگەوتەکان ئاوەدان بکەنەوە بە دروست کردن یا چوونەناو بۆ عیبادەت . ئەوانو مزگەوت چ پێوەندییەکیان بە یەکەوە نی‌یە، ئەوان خۆیان شایەتی لە نەفسی خۆیان ئەدەن کە کافرن . ئەوانە کردەوەی بەدیمەن چاکیان لای خودا بێ‌ئیعتیبارەو نرخی نی‌یە . ئەوانە هەتا هەتایە لە ئاگری دۆزەخدا ئەمێننەوە .

إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَاجِدَ اللّهِ مَنْ آمَنَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَأَقَامَ الصَّلاَةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَلَمْ يَخْشَ إِلاَّ اللّهَ فَعَسَى أُوْلَـئِكَ أَن يَكُونُواْ مِنَ الْمُهْتَدِينَ {١٨}

مزگەوتەكانی خودا ئەوانە ئاوەدانیان ئەكەنەوە كە باوەڕیان بە خوداو بە ڕۆژی دوایی هەیەو ، نوێژ ئەكەن‌و ماڵیان بە موستەحەققان ئەدەن‌و ، لە خودا نەبێ لە كەس ناترسن . ئەمانە هیوا وایە كە شارەزای ڕێگای ڕاست‌و لە ئەهلی هیدایەت بن .

أَجَعَلْتُمْ سِقَايَةَ الْحَاجِّ وَعِمَارَةَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ كَمَنْ آمَنَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَجَاهَدَ فِي سَبِيلِ اللّهِ لاَ يَسْتَوُونَ عِندَ اللّهِ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ{١٩}

ئایا ئێوە وا ئەزانن پایەی ئاو بەحاجی‌دان‌و ئاوەدان كردنەوەی (مسجدالحرام) وەكو پایەی ئەو كەسانەیە كە باوەڕیان بە خوداو بە ڕۆژی دوایی هەیەو لەپێناوی ڕەزامەندی خوداو پاراستنی ئایینی ئیسلامدا جیهادیان كردووە ؟ ئەم دوو جۆرە كەسانە هەرگیز لای خودای گەورە وەك یەك نین .خودا هەرگیز قەومی ستەمكاری كافر هیدایەت نادات .

الَّذِينَ آمَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَاهَدُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ أَعْظَمُ دَرَجَةً عِندَ اللّهِ وَأُوْلَئِكَ هُمُ الْفَائِزُونَ {٢٠}

ئەوانەی ئیمانیان هێناو كۆچیان كردو لەپێناوی ڕەزامەندی

خودادا به ماڵو بە گیان جیهادیان کرد ئەوانە پایەیان لای خودا گەورەترەو ئەوانەن سەرکەوتوونو بە میهرەبانی خودا گەیشتوون .

يُبَشِّرُهُمْ رَبُّهُم بِرَحْمَةٍ مِّنْهُ وَرِضْوَانٍ وَجَنَّاتٍ لَّهُمْ فِيهَا نَعِيمٌ مُّقِيمٌ {٢١}

خودای گەورە موژدەیان پێئەدا بە میهرەبانیو ڕەزامەندی خۆیو هەروەها موژدەی چەند بەهەشتێکیشیان بۆ ئەدا کە نیعمەتو خۆشی هەمیشەییان تێدایە بۆیان .

خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا إِنَّ اللّهَ عِندَهُ أَجْرٌ عَظِيمٌ {٢٢}

هەتا هەتایە لەو بەهەشتانەدا ئەمێننەوە . بێگومان خودا پاداشی گەورەی لایە .

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَتَّخِذُواْ آبَاءكُمْ وَإِخْوَانَكُمْ أَوْلِيَاء إَنِ اسْتَحَبُّواْ الْكُفْرَ عَلَى الإِيمَانِ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ {٢٣}

ئەی موسوڵمانینە ! باوکو باپیرو براکانتان بە دۆستو کەسی خۆتان ڕامەگرن ئەگەر ئەوان کوفریان پەسەند کرد بەسەر ئیماندا ، هەرکەس لە ئێوە ئەوانە بە دۆستو کەسی خۆی بزانێ ئەوانە ستەمکارنو وەك ئەوانن .

قُلْ إِن كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُواْ حَتَّى يَأْتِيَ اللّهُ بِأَمْرِهِ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ

الْفَاسِقِينَ {٢٤}

تۆ بڵێ بەوانە : ئەگەر باوك و باپیرتان و كوڕەكانتان و براكانتان و ژنەكانتان و عەشرەتەكەتان و ، دارایییەك كە دەستتان كەوتووەو، بازرگانییەك كە ترستان هەیە زەرەر بكاتو ، خانوو بەرەیەك كە پێی ڕازین باشترو خۆشەویستتر بن لاتان لە خوداو پێغەمبەری خوداو جیهاد لەپێناوی ڕەزامەندی خودادا ، ئەوا ڕاوەستن و چاوەڕوان بن تا خودای گەورە سزای خۆی ئەنێرێ بۆ سەرتان . بێگومان خودا هەرگیز هیدایەتی قەومی فاسق نادات

لَقَدْ نَصَرَكُمُ اللّهُ فِي مَوَاطِنَ كَثِيرَةٍ وَيَوْمَ حُنَيْنٍ إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ فَلَمْ تُغْنِ عَنكُمْ شَيْئًا وَضَاقَتْ عَلَيْكُمُ الأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ ثُمَّ وَلَّيْتُم مُّدْبِرِينَ {٢٥}

بەڕاستی خودا لە گەلێ شوێندا یارمەتی ئێوەی داو ، لەڕۆژی غەزای حونەیندا كە ژمارەتان زۆر بوو بەو زۆرییە لە خۆتان بایی بوون و دڵنیا بوون كە بەهۆی زۆریتانەوە سەرئەكەون و كەس دەرەقەتتان نایەو زەفەرتان پێ نابات ، زۆرییەكەتان هیچ فائیدەییەكی نەبوو بۆتان و فریاتان نەكەوت و ئەودنیا یان ویۆڕو بەربلاوەتان لێ تەنگ بووو پاشان پشتتان هەڵكردو هەڵاتن

ثُمَّ أَنَزلَ اللّهُ سَكِينَتَهُ عَلَى رَسُولِهِ وَعَلَى الْمُؤْمِنِينَ وَأَنزَلَ جُنُودًا لَّمْ تَرَوْهَا وَعذَّبَ الَّذِينَ كَفَرُواْ وَذَلِكَ جَزَاءُ الْكَافِرِينَ {٢٦}

جا خودای گەورە ئارامی نارد بۆ سەر دڵی پێغەمبەرو

موسوڵمانان‌و سوپایێکی نارد بۆ یارمەتیتان کە ئێوە نەتانئەبینین ، هەروەها سزای کافرەکانی داو شکاندنی . ئەمەیە پاداشی شایانی کافرەکان .

ثُمَّ يَتُوبُ اللّهُ مِن بَعْدِ ذَلِكَ عَلَى مَن يَشَاءُ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ{٢٧}

جا پاش ئەوە بۆ هەرکەس کە خودا مەیلی لیٚ بێ تەوبەی لیٚ قبووڵ ئەکات . خودا تاوانبەخش‌و میهرەبانە .

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِنَّمَا الْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ فَلاَ يَقْرَبُواْ الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ بَعْدَ عَامِهِمْ هَـذَا وَإِنْ خِفْتُمْ عَيْلَةً فَسَوْفَ يُغْنِيكُمُ اللّهُ مِن فَضْلِهِ إِن شَاء إِنَّ اللّهَ عَلِيمٌ حَكِيمٌ {٢٨}

ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە بە خوداو بە پێغەمبەری خودا ! بەڕاستی موشریکەکان پیسن، لەم ساڵیان بەدواوە ئیتر نابێ توخنی (مسجد الحرام) بکەون‌و زیارەتی بکەن . خۆ ئەگەر ئێوە ترسی ئەوەتان هەبوو کە ئەگەر ئەوانە نەیێن بۆ زیارەت هیچتان دەست نەکەوێت‌و فەقیر بکەون‌و خەرجیتان نەبێ ، ئەوا بێگومان خودا لەمەوپاش بە فەزڵی خۆی دەوڵەمەندتان ئەکات‌و بێنیاز ئەبن لە خەڵك ، ئەگەر خودا مەیلی لیٚ بێ . خودا زانایەو کارەکانی پڕحیکمەتن .

قَاتِلُواْ الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَلاَ بِالْيَوْمِ الآخِرِ وَلاَ يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللّهُ وَرَسُولُهُ وَلاَ يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُواْ الْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ

صَاغِرُونَ{٢٩}

جەنگ بکەن لەگەڵ ئەو کیتابییانەدا کە بە شێوەیێکی ڕاست‌و تەواو ئیمانیان بە خوداو بە ڕۆژی دوایی نی‌یەو پەیڕەوی ئایینی ئیسلام ناکەن ، جەنگیان لەگەڵ بکەن تا ناچار ئەبن جزیە (سەرانە) بدەن بە شێوەیێکی ملکەچانەو ، سەر شۆڕ کەن بۆ دەستەڵاتی ئیسلام .

وَقَالَتِ الْيَهُودُ عُزَيْرٌ ابْنُ اللّهِ وَقَالَتْ النَّصَارَى الْمَسِيحُ ابْنُ اللّهِ ذَلِكَ قَوْلُهُم بِأَفْوَاهِهِمْ يُضَاهِؤُونَ قَوْلَ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَبْلُ قَاتَلَهُمُ اللّهُ أَنَّى يُؤْفَكُونَ{٣٠}

جوولەکەکان وتیان عوزەیر کوڕی خودایە ، گاورەکانیش وتیان عیسای مەسیح کوڕی خودایە . قسەیێکە بە دەم ئەیکەن‌و مەعناکەی تێناگەن‌و نازانن خودا مەحاڵە کوڕی ببێ‌و لە کەس بووبێ. ئەم قسەیان وەك قسەی کافرەکانی لەمەوپێشە کە ئەیانوت مەلائیکەکان کچی خودان . خودا لەسەر ئەم بوختانە درۆیە بچێ بەگژیانداو لە ناویان بەرێت . ئەمانە چۆن لە حەق‌و ڕاستی هەڵئەگەڕێنەوەو پەیڕەوی ڕێگای ناڕاست ئەکەن ؟.

اتَّخَذُواْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللّهِ وَالْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَمَا أُمِرُواْ إِلاَّ لِيَعْبُدُواْ إِلَـهًا وَاحِدًا لاَّ إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ سُبْحَانَهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ {٣١}

ئەوانە زانا ئایینی‌یەکانیان‌و ڕەبەنەکانیان ئەپەرستن‌و لە حەرام‌و حەلاڵدا بە گوێی ئەوان ئەکەن‌و سوجدەیان بۆ ئەبەن‌و لە

ذاتی خودا لایان داوه ، هەروەها عیسای مەسیحی کوڕی مەریەم ئەپەرستن ، کەچی لە لایەن خوداوە ئەمریان پێنەکراوە بەوە نەبێ کە یەك خودا بپەرستن کە تاق و تەنیایەو کەس خودا نییە ئەو نەبێ، خودا پاکەو دوورە لەو شتانەو لەو کەسانە کە ئەوان کردوویانن بە هاوبەشی.

يُرِيدُونَ أَن يُطْفِئُواْ نُورَ اللّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَيَأْبَى اللّهُ إِلاَّ أَن يُتِمَّ نُورَهُ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ {٣٢}

ئەوانە ئەیانەوێ نووری خودا کە دینی ئیسلام و ڕیسالەتی پێغەمبەرە (د . خ) بە قسەی پڕوپووچی خۆیان بکوژێننەوە .خودا نووری ئایینی خۆی تەواو ئەکات و ئەیپارێزێ هەرچەند کافرەکان حەز نەکەن و پێیان ناخۆش بێ .

هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ {٣٣}

خودا ئەو خودایە کە پێغەمبەری خۆی ناردووە لەگەڵ چرای هیدایەت و ئایینی ئیسلامدا بۆئەوەی بەرزی بکاتەوە بەسەر هەموو دینێکدا ئەگەرچی موشریکەکان حەز نەکەن و پێیان ناخۆش بێ .

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِنَّ كَثِيرًا مِّنَ الأَحْبَارِ وَالرُّهْبَانِ لَيَأْكُلُونَ أَمْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللّهِ وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلاَ يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللّهِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ{٣٤}

ئەی موسوڵمانینە ! بەڕاستی گەلێ لە زانایانی ئایینی و

ڕەبەنانی ئەهلی کیتاب بە ناحەق ماڵی خەڵک ئەخۆن و ڕێگا لە خەڵک ئەگرن کە ئیسلام ببن و بکەونە سەر ڕێی ڕاست .ئەوانە ئاڵتوون و زیو کۆئەکەنەوەو لە ڕێگای خودادا صەرفی ناکەن ، واتە زەکاتی شەرعی لێ دەرناکەن ، ئەوانە موژدەیان بدەرێ بە سزای سەختی ڕۆژی دوایی .

يَومَ يُحمَى عَلَيهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ فَتُكوَى بِـهَا جِبَاهُـهُم وَجُنُوبُهُم وَظُهُورُهُم هَذَا مَا كَنَزتُم لِأَنفُسِكُم فَذُوقُواْ مَـاكُنتُم تَكنِزُونَ{٣٥}

ئەو سزا سەختە لە ڕۆژێکدا ئەبێ کە ئەو ئاڵتوون و زیوە لە ئاگری دۆزەخدا سوور ئەکرێنەوەو ، تەوێڵ و پشت و تەنشتی خاوەنەکانیانیان پێ داخ ئەکرێ و ، پێیان ئەوترێ ئەمە ئەو ئاڵتوون و زیوەیە لە دنیادا کۆتان ئەکردەوە بۆ خۆتان و حەقی شەرعیتان لێ دەرنەئەکردو زەکاتتان لێ نەئەدا ، ئەوە دەردتان بێ و سزای ئەوە بچێژن کە کۆتان ئەکردەوە .

إِنَّ عِدَّةَ الشُّهُورِ عِندَ اللَّهِ اثنَا عَشَرَ شَهرًا فِي كِتَـابِ اللَّهِ يَومَ خَلَقَ السَّمَوَاتِ وَالأَرضَ مِنهَا أَربَعَةٌ حُـرُمٌ ذَلِـكَ الدِّينُ القَيِّمُ فَلاَتَظلِمُواْ فِيهِنَّ أَنفُسَكُم وَقَاتِلُواْ المُشرِكِينَ كَافَّـةً كَمَا يُقَتِلُونَكُم كَافَّةً وَاعلَمُواْ أَنَّ اللَّهَ مَعَ المُتَّقِينَ {٣٦}

ژمارەی مانگەکانی ساڵ لای خودا دوانزە مانگە لەو ڕۆژەوە کە خودا زەوی و ئاسمانەکانی دروست کردووە ، ئەمە لە لەوحی مەحفوظ و لە عیلمی خودادا بڕیار دراوە . چوار مانگیان جەنگ کردن

تیایاندا حەرامە کە بریتین لە ذیالقعدەو ذیالحجەو موحەڕرەم بە یەکەوەو ڕەجەب بە تەنیا . ئەمە دینو ئاییني ڕاستە . لەو چوار مانگەدا بەتایبەتی ستەم لە خۆتان مەکەنو ئازاری یەکتر مەدەن . لەگەڵ موشریکەکان بەعوومی بجەنگن وەك ئەوان چۆن جەنگ لەگەڵ هەموتان ئەکەنو بزانن کە بەڕاستی خودا لەگەڵ ئەوانەیە لێی ئەترسنو خۆیان لە گوناه ئەپارێزن .

إِنَّمَا النَّسِيءُ زِيَادَةٌ فِي الْكُفْرِ يُضَلُّ بِهِ الَّذِينَ كَفَرُواْ يُحِلِّونَهُ عَامًا وَيُحَرِّمُونَهُ عَامًا لِّيُوَاطِؤُواْ عِدَّةَ مَا حَرَّمَ اللّهُ فَيُحِلُّواْ مَا حَرَّمَ اللّهُ زُيِّنَ لَهُمْ سُوءُ أَعْمَالِهِمْ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ {٣٧}

بێگومان دواخستنی حەرامی مانگێك لەو چوار مانگە بۆ جێگەی مانگێکیتر زیادە کوفرە ، چونکە ئەبێتە هۆی حەڵاڵ کردنی ئەوەی خودا حەرامی کردووەو حەرام کردنی ئەوەی خودا حەڵاڵی کردووە .

هەندێ لە کافرەکان ئەگەر لە یەکێ لەو چوار مانگە حەرامەدا بکەوتنایەتە جەنگەوە بەردەوام ئەبوون لەسەر جەنگەکەو ، لەباتی ئەو مانگە دوایی مانگێکیتریان حەرام ئەکرد .

بەئارەزووی خۆیان ساڵێ مانگێ حەرامیان حەڵاڵ ئەکردو ساڵێ بەحەرامی ئەیانهێشتەوە ، تەنها حیسابی ژمارەی چوار مانگیان ئەکرد بە بێ گوێدانە مانگە حەرامە تایبەتییەکان . بەم جۆرە ئەو مانگەی خودا حەرامی کردبوو حەڵاڵیان ئەکرد. ئەم کردەوە

ناشیرینانەی خۆیان لە بەرچاویان جوان بووبوون ، بە باشیان ئەزانین . خودا هەرگیز هیدایەتی قەومی کافر نادات.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ مَا لَكُمْ إِذَا قِيلَ لَكُمُ انفِرُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ اثَّاقَلْتُمْ إِلَى الأَرْضِ أَرَضِيتُم بِالْحَيَاةِ الدُّنْيَا مِنَ الآخِرَةِ فَمَا مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا فِي الآخِرَةِ إِلاَّ قَلِيلٌ {٣٨}

ئەی موسوڵمانینە! ئەوە چیتانەو ، چیتان لیّ قەوماوە کە پێتان بوترێ دەرچن بۆ غەزا خۆتان ئەدەن بە زەویداو تەمەڵی ئەکەن‌و لەشی خۆتان قورس‌ئەکەن تا نەڕۆن بۆ غەزاکە ؟ ئایا ڕازی ئەبن بە ژیانی دنیا لەباتی ژیانی نەبڕاوەی قیامەت ، کە لەزەت‌و خۆشی ژیانی دنیا بەنیسبەت خۆشی ژیانی قیامەت هیچ نی‌یەو زۆر کەمە؟.

إِلاَّ تَنفِرُواْ يُعَذِّبْكُمْ عَذَابًا أَلِيمًا وَيَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ وَلاَ تَضُرُّوهُ شَيْئًا وَاللّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ {٣٩}

ئەگەر ڕانەپەڕن‌و نەچن بۆ جەنگ خودا سزاییێکی زۆر سەختتان ئەدات‌و لەباتی ئێوە قەومێکی‌تر دێنێتە ڕووی کار . ئێوە ناتوانن هیچ جۆرە زیانێك لە خودا بدەن ، خودا توانایەو دەستی بەسەر هەموو شتێکدا ئەڕوات .

إِلاَّ تَنصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ اللّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ الَّذِينَ كَفَرُواْ ثَانِيَ اثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِي الْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِ لاَ تَحْزَنْ إِنَّ اللّهَ مَعَنَا فَأَنزَلَ اللّهُ سَكِينَتَهُ عَلَيْهِ وَأَيَّدَهُ بِجُنُودٍ لَّمْ تَرَوْهَا وَجَعَلَ كَلِمَةَ الَّذِينَ كَفَرُواْ السُّفْلَى وَكَلِمَةُ اللّهِ هِيَ الْعُلْيَا وَاللّهُ

عَزِيزٌ حَكِيمٌ {٤٠}

ئەگەر ئێوە یارمەتی پێغەمبەر نەدەن مەبەست نی‌یە ؛ چونکە بەڕاستی خودا فریای‌کەوت‌و یارمەتی دا لەو کاتە نالەبارەدا کە کافرەکان لە مەککە دەریان‌کرد ، کە تەنها خۆی‌و هاوڕێکەی بوون لە ئەشکەوتەکەداو ، بە هاوڕێکەی ئەوت خەم مەخۆ خودا لەگەڵماندایە .

جا خودا ئارامی‌و بێترسی نازڵ کردە سەر دڵی‌و ، بە سوپایێك یارمەتی‌دا کە ئێوە نەتانبینی . دەنگی کافرەکانی نزم کردەوەو دای بەلووتیاندا ، بێگومان قسەی خودا کە تەوحیدە بەرزترو بەڕێزترەو ئەو ئەبێ سەرکەوێ . خوا خاوەن دەستەڵاتەو کارەکانی پڕحیکمەتن .

انْفِرُواْ خِفَافًا وَثِقَالاً وَجَاهِدُواْ بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ {٤١}

دەرچن بۆ غەزا بە سووك‌و قورستانەوەو بە سوارەو پیادەتانەوەو ، بە ماڵو دارایی‌و گیانتان تێکۆشن لەپێناوی ڕەزامەندی خودادا . بێگومان ئەگەر زانا بن‌و بفامن ئەم غەزاو تێکۆشانە بۆ ئێوە چاکترەو پاداشی گەورەترە .

لَوْ كَانَ عَرَضًا قَرِيبًا وَسَفَرًا قَاصِدًا لاَّتَّبَعُوكَ وَلَكِن بَعُدَتْ عَلَيْهِمُ الشُّقَّةُ وَسَيَحْلِفُونَ بِاللّهِ لَوِ اسْتَطَعْنَا لَخَرَجْنَا مَعَكُمْ يُهْلِكُونَ أَنفُسَهُمْ وَاللّهُ يَعْلَمُ إِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ {٤٢}

ئەگەر ئەوەی تۆ ئەوانی بۆ بانگ ئەکەی دەستکەوتێکی نزیك بوایە یا سەفەرێکی مام‌ناوەندی بوایە دوات ئەکەوتن ، بەڵام مەسافەکە دوورەو ئەوان ماندو ئەبن . سوێند بە خودا ئەخۆن‌و

ئەڵێن ئەگەر بمانتوانییایە لەگەڵتان دەرئەچووین . ئەوانە بەم حاڵە خۆیان ئەفەوتێنن ، خوا ئەزانێ ئەوان درۆزنن .

عَفَا اللّهُ عَنكَ لِمَ أَذِنتَ لَهُمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكَ الَّذِينَ صَدَقُواْ وَتَعْلَمَ الْكَاذِبِينَ{٤٣}

خودا عەفوت کا بۆچی ئیزنت‌دان لە شوێنی خۆیاندا بمێننەوە؟ با بۆت دەرکەوتایە کێ لەوانە ڕاستگۆیەو بەدڵیەتیو کێ درۆزنە .

لاَ يَسْتَأْذِنُكَ الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ أَن يُجَاهِدُواْ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ وَاللّهُ عَلِيمٌ بِالْمُتَّقِينَ {٤٤}

ئەوانەی باوەڕیان بە خوداو بە ڕۆژی دوایی هەیە داوای ئیزنت لێ ناکەن بۆئەوەی بە ماڵو بە گیان لەپێناوی ڕەزامەندی خودادا جیهاد بکەن . ئەوانە ئامادەو لەسەرپێنو خۆیان دەستپێشخەری ئەکەن . خودا ئاگای لەوانەیە کە لێی ئەترسن .

إِنَّمَا يَسْتَأْذِنُكَ الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَارْتَابَتْ قُلُوبُهُمْ فَهُمْ فِي رَيْبِهِمْ يَتَرَدَّدُونَ {٤٥}

تەنها ئەوانە داوای ئیزنت لێ ئەکەن کە باوەڕیان بە خوداو بە ڕۆژی دوایی نیەو دوودڵن ، ئەوانە لەناو دوو دڵیی خۆیاندا ئەتلێنەوەو ئەمسەرەوسەر ئەکەنو لەسەر بارێك دانامەزرێن .

وَلَوْ أَرَادُواْ الْخُرُوجَ لأَعَدُّواْ لَهُ عُدَّةً وَلَـكِن كَرِهَ اللّهُ انبِعَاثَهُمْ فَثَبَّطَهُمْ وَقِيلَ اقْعُدُواْ مَعَ الْقَاعِدِينَ {٤٦}

ئەگەر ئەو ئیزن‌خوازانە بیانویستایە دەرچن بۆ جیهاد ئەسبابی

دەرچوونیـان ئامادە ئـەکردو خۆیـان کۆئـەکردەوە ، بـەڵام خـودا نەیویست هەسـتن‌و نیشـاط بنوێنـن ئـەنجامی بێئـیرادەیی‌و تەمـەڵی خۆیان ، بۆیە وەسـتاندنی‌و ڕاسـت‌نەبوونـەوە بـۆ جیـهادو ، لەلایـەن شەیتانەوە وەسوەسە خرایە دڵیان‌و ، پێیان وتـرا : ئێـوەش لەگـەڵ دانیشتووە تەمەڵەکاندا دانیشن .

لَوْ خَرَجُواْ فِيكُم مَّا زَادُوكُمْ إِلاَّ خَبَالاً ولأَوْضَعُواْ خِلاَلَكُمْ يَبْغُونَكُمُ الْفِتْنَةَ وَفِيكُمْ سَمَّاعُونَ لَهُمْ وَاللّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ{٤٧}

ئەگـەر لەگـەڵتان دەرچوونایـە هیچیـان زیـاد نەئـەکرد بۆتـان سستی نەبێ‌و ، بەپەلە دەستیان ئەکردە دووزوبـانی‌و ئاژاوەنانـەوەو ترساندنتان.ئێـوەش هـی واتـان هەیـە ئیرادەیـان بـێ‌هێزەو قسـەیان ئەبیستن‌و مەسئەلەکە بە زیان بەسەرتاندا ئەشکایەوە. خـودا ئاگـای لە ستەمکاران هەیە .

لَقَدِ ابْتَغَوُاْ الْفِتْنَةَ مِن قَبْلُ وَقَلَّبُواْ لَكَ الأُمُورَ حَتَّى جَاءَ الْحَقُّ وَظَهَرَ أَمْرُ اللّهِ وَهُمْ كَارِهُونَ {٤٨}

بەڕاسـتی ئـەو منافقانـە لەمـەوپێش ، لـە غـەزای ئوحـوددا ، حەزیان لە فیتنـەو ئـاژاوەو پەرێشـانی ئـەکرد لـەناو یـارانی تـۆداو ، چـەند قسـەیان هەڵـگێڕایەوەو چـەند پیلانیـان نایـەوە بـۆ ئـەوەی عـەزمتان بشـکێنن ، تـا یارمـەتی خـودا هـات‌و دینـی ئیسـلام بـەرز بوویەوە ئەگەرچی ئەوانیش لە کانگای دڵیانەوە پێیان ناخۆش بوو.

وَمِنْهُم مَّن يَقُولُ ائْذَن لِّي وَلاَ تَفْتِنِّي أَلاَ فِي الْفِتْنَةِ

سَقَطُواْ وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةٌ بِالْكَافِرِينَ{٤٩}

هەندێ لەوانە ئەڵێن ئیزنم بدە دانیشم لە ماڵداو تووشی فیتنەو موخالەفەم مەکە، واتە ئیزنم نەدەیتو بەگوێت نەکەم . بێگومان فیتنە ئەوەیە کە ئەوانی تێکەوتوون ، کە دوا ئەکەون لە جیهادو دووڕوویی ئەکەن. بەڕاستی دۆزەخ گەمارووی کافرەکان ئەداتو هەموویان کۆئەکاتەوە.

إِن تُصِبْكَ حَسَنَةٌ تَسُؤْهُمْ وَإِن تُصِبْكَ مُصِيبَةٌ يَقُولُواْ قَدْ أَخَذْنَا أَمْرَنَا مِن قَبْلُ وَيَتَوَلَّواْ وَّهُمْ فَرِحُونَ {٥٠}

ئەگەر چاکەیێك ، سەرکەوتنێ ، تاڵانییەکت دەسکەوێ لە کانگای دڵیانەوە پێیان ناخۆشەو بەخیلیت پێ ئەبەن . ئەگەر لە هەندێ غەزایشدا تووشی زیانو شکست بێی ئەوان ئەڵێن : ئێمە دەستی خۆمان وەشاند . باش بوو دواکەوتینو نەچووین بۆ جەنگ . بە شادەکامیو خۆشییەوە پشتتان لێ هەڵئەکەن .

قُل لَّن يُصِيبَنَا إِلاَّ مَا كَتَبَ اللّهُ لَنَا هُوَ مَوْلاَنَا وَعَلَى اللّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ {٥١}

تۆ ئەی پێغەمبەر بڵێ : ئێمە هیچمان تووش نابێ، لە سەرکەوتن یا شەهید بوون، ئەوە نەبێ خودا بۆی نووسیوین لە (لوح المحفوظ)دا ، ئیتر پێخۆشبوونو پێناخۆشبوونی ئێوە کارەکە ناگۆڕن. هەر خودا پشتیوانو سەردارمانەو پشتمان بەو بەستوە؛ بەڕاستی لەسەر خاوەن ئیمانەکان پێویستە تەنها پشت بە خودای دەستەڵاتدار ببەستن .

قُلْ هلْ تربَصُون بنا الاَ احْـــدى الْحُسْـنيينْ ونحْــنْ نَتربَصُ بكمْ أن يُصيبكمُ اللّهُ بعذَاب مّنْ عنْـــده أو بأيْدينـــا فتربّصُوا إنّا معكم مّتربّصُونْ {٥٢}

تۆ پێیان بڵێ : ئایا ئێوه چـاوەڕوانی ئـەوەن کـە ئێمـە بێجگـە دوو ئەنجامی زۆر چـاك تووشـی هیـچ ببیـن: یـا سـەرکەوتن بـە سـەر دوژمنـدا ، یـا مـردن لـە ڕێگـای خـوداداو شـەهید بـوون ؟ ئێمـەش چاوەڕوانین کە خـودای گـەورە تووشـی یـەکێ لـە دوو ئـەنجامی زۆر خراپتان بکات: یا خۆی سزاتان بدات، یـا ئێمـە بـە دەسـتی خۆمـان زەفـەرتان پـی بـەرین و بەسـەرتاندا زاڵ ببیـن . دە چـاوەڕوان بـن. ئێمەش لەگەڵتان چاوەڕوانین: تا بزانین ئەنجام چی ئەبێ؟.

قُلْ أنفقُواْ طَوْعًا أَوْ كرْهًا لّن يُتقبّلَ منكمْ إنّكمْ كُنتمْ قوْما فَاسقِين {٥٣}

پێیان بڵێ : ماڵ صەرف کـەن چ بـە ئـارەزووی خۆتـان و چ بـە زۆر، بە هەر جۆرێ صەرفی بکەن لێتان قبووڵ ناکرێ ؛ چونکە ئێوە قەومێکی فاسق بوون .

ومَا منَعهُمْ أن تُقبَلَ منهُمْ نفقاتُهمْ إلاَ أنَهُمْ كفرُواْ باللّـــه وبرَسُولهِ ولا يأْتون الصّلاَة إلاَ وهُمْ كسَالى ولا يُنفقُــون إلاَ وهُمْ كَارِهُون {٥٤}

هیچ شتێ ڕێگـای ئـەوەی لێ نـەگرتن کـە نەفەقـەیان لێ قبـووڵ بکرێ ئەوە نەبێ کە ئەوانە باوەڕیان بە خوداو بە پێغەمبـەری خـودا نییەو بە تەمەڵیو تەوەزەلیو لـەش قورسـی نـەبێ نـاچن بـۆ نوێـژو،

هەرچیش صەرف ئەکەن پێیان ناخۆشەو بەدڵ حەز لەو صەرفە ناکەن.

فَلاَ تُعْجِبْكَ أَمْوَالُهُمْ وَلاَ أَوْلاَدُهُمْ إِنَّمَا يُرِيدُ اللّهُ لِيُعَذِّبَهُم بِهَا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَتَزْهَقَ أَنفُسُهُمْ وَهُمْ كَافِرُونَ {٥٥}

ئیتر هەرگیز ماڵو دارایی‌و ئەولادی ئەوانە نەتخەنە تەعەجوبو بە باشیان نەزانی ؛ خودا ئەیەوێ لە دنیادا بەو شتانە بیانخاتە سزاو ماندووبوونەوە بە هۆی کۆکردنەوەی‌و پاراستنی‌و بەرچاوبرسییەتی‌و ترس لە فەوتانی‌و ، بە هۆی ڕابواردن‌و لەزەت وەرگرتنەوە لەو ماڵو سامانە خودایان لە بیربچێتەوەو بە کافری بمرن.

وَيَحْلِفُونَ بِاللّهِ إِنَّهُمْ لَمِنكُمْ وَمَا هُم مِّنكُمْ وَلَـكِنَّهُمْ قَوْمٌ يَفْرَقُونَ{٥٦}

سوێندتان بۆ ئەخۆن بەخودا کە ئەوان لە ئێوەن‌و موسوڵمانن. هەرگیز ئەوان لە ئێوە نین‌و حەزتان لێ ناکەن بەڵام ئەمانە کۆمەڵێکی ترسنۆکن‌و لێتان ئەترسن بۆیە ئەم قسانەتان بۆ ئەکەن.

لَوْ يَجِدُونَ مَلْجَأً أَوْ مَغَارَاتٍ أَوْ مُدَّخَلاً لَّوَلَّوْاْ إِلَيْهِ وَهُمْ يَجْمَحُونَ {٥٧}

ئەگەر پەنایێ یا چەند ئەشکەوتێ یا شوێنێکی وەك سەرداب‌و شوێنی خۆشاردنەوەیان دەسبکەوتایە هەموو ڕوویان تێ ئەکردو خۆیان ئەشاردەوەو سەرکەشییان ئەکرد . بەڵام چ بکەن چاریان نەماوەو بەدیمەن بەگوێتان ئەکەن .

وَمِنْهُم مَّن يَلْمِزُكَ فِي الصَّدَقَاتِ فَإِنْ أُعْطُواْ مِنْهَا رَضُواْ وَإِن لَّمْ يُعْطَوْاْ مِنهَا إِذَا هُمْ يَسْخَطُونَ {٥٨}

له منافقه‌كان هی وا هه‌یه ڕه‌خنه‌ت لیٚ ئه‌گریٚ ده‌رباره‌ی دابه‌ش كردنی صه‌ده‌قه، جا ئه‌گه‌ر به‌شیان درا ڕازی ئه‌بن و، ئه‌گه‌ر به‌شیان نه‌درا عاجز ئه‌بن‌و پێیان ناخۆشه.

وَلَوْ أَنَّهُمْ رَضُوْاْ مَا آتَاهُمُ اللّهُ وَرَسُولُهُ وَقَالُواْ حَسْبُنَا اللّهُ سَيُؤْتِينَا اللّهُ مِن فَضْلِهِ وَرَسُولُهُ إِنَّا إِلَى اللّهِ رَاغِبُونَ{٥٩}

ئه‌گه‌ر ئه‌وان ڕازی بوونایه به‌و به‌شه‌ی خوداو پێغه‌مبه‌ر پێی داون‌و ، بیانوتایه : ئێمه میهره‌بانی خودامان به‌سه‌و ئه‌و له فه‌زڵی خۆیمان ئه‌داتیٚ‌و پێغه‌مبه‌ریش به‌شمان ئه‌داو ئێمه حه‌ز له ڕه‌زامه‌ندیی خودا ئه‌كه‌ین، ئه‌وه به‌ش‌و باره‌یێكی باشیان له‌لایه‌ن خوداوه ده‌س‌ئه‌كه‌وت.

إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِّنَ اللّهِ وَاللّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ {٦٠}

زه‌كات ته‌نها بۆ ئه‌م هه‌شت صینفه‌یه. یه‌كه‌م: هه‌ژار كه هیچی نه‌بیٚ پێی بژی. دووه‌م: مسكین ئه‌وه‌ی كه‌مێكی هه‌یه‌و به‌شی ناكا. سێیه‌م: ئه‌و كه‌سانه‌ی زه‌كاته‌كه كۆئه‌كه‌نه‌وه . چواره‌م : ئه‌وانه‌ی ئیمانیان هێناوه به‌لاٚم نییه‌ته‌كه‌یان بیٚ هێزه‌و به ماڵی دنیا دڵیان ڕائه‌گیریٚ . پێنجه‌م : به‌نده‌یێ كه موحتاجی ماڵ بیٚ بۆ ئازادبوونی

لە بەندەیی . شەشەم : ئەوکەسەی کە لە ڕێگای ڕێکخستنی موسوڵمانان و کاری خەیردا قەرزار بووەو نەتوانێ بیداتەوە.حەوتەم ئەوانەی بەخۆڕایی و بەبێ مەعاش لە ڕێگای خودادا غەزا ئەکەن. هەشتەم: ئەو موسافیرانەی مەسرەفیان پێ نەمابێ و دەستیان لە ماڵی خۆیان بڕابێ. ئەمە لەلایەن خوداوە واجب کراوە. خودا زانایەو کارەکانی پڕ لە حیکمەتن.

وَمِنْهُمُ الَّذِينَ يُؤْذُونَ النَّبِيَّ وَيَقُولُونَ هُوَ أُذُنٌ قُلْ أُذُنُ خَيْرٍ لَّكُمْ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَيُؤْمِنُ لِلْمُؤْمِنِينَ وَرَحْمَةٌ لِّلَّذِينَ آمَنُواْ مِنكُمْ وَالَّذِينَ يُؤْذُونَ رَسُولَ اللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ {٦١}

لە منافقەکان هی وا هەن ئازاری دڵی پێغەمبەر ئەدەن و ئەڵێن ئەم ئینسانە هەر گوێچکەیە، واتە: هەمووشت ئەبیێ و هەرچی پێ بوترێ باوەڕی پێ ئەکا .. تۆ بڵێ : ڕاستە ، بەڵام قسەی خێر ئەبیسێ و قبووڵی ئەکا کە قازانجە بۆ ئێوە . ئیمانی بەخودا هەیە. هەروەها باوەڕ بە موسوڵمانان ئەکات چونکە ئەزانێ دڵسۆزن . پێغەمبەر ڕەحمەتە بۆ موسوڵمانەکانتان، بێ گومان ئەوانەی ئازاری دڵی پێغەمبەر ئەدەن سزایێکی پڕ ئێش و ئازار ئەدرێن.

يَحْلِفُونَ بِاللَّهِ لَكُمْ لِيُرْضُوكُمْ وَاللَّهُ وَرَسُولُهُ أَحَقُّ أَن يُرْضُوهُ إِن كَانُواْ مُؤْمِنِينَ {٦٢}

سوێندتان بە خودا بۆ ئەخۆن تا ڕازیتان بکەن و قەناعەت بکەن بە ڕاستی قسەیان . بێ گومان خوداو پێغەمبەری خودا شایانترن بۆ ئەوەی ڕازییان بکەن، ئەگەر بەڕاستی و بە دەم و بە دڵ خاوەن ئیمانن.

أَلَمْ يَعْلَمُواْ أَنَّهُ مَن يُحَادِدِ اللّهَ وَرَسُولَهُ فَأَنَّ لَهُ نَارَ جَهَنَّمَ خَالِدًا فِيهَا ذَلِكَ الْخِزْيُ الْعَظِيمُ {٦٣}

ئایا نەیانزانیوە ئەوی موعارەضەی فەرمانی خوداو پێغەمبەری خودا ئەکات ئاگری دۆزەخ بەشیەتی‌و هەتا هەتایە تیایا ئەمێنێتەوەو ئا ئەمەیە سەرشۆڕی‌و ڕیسوایی گەورە.

يَحْذَرُ الْمُنَافِقُونَ أَن تُنَزَّلَ عَلَيْهِمْ سُورَةٌ تُنَبِّئُهُمْ بِمَا فِي قُلُوبِهِم قُلِ اسْتَهْزِؤُواْ إِنَّ اللّهَ مُخْرِجٌ مَّا تَحْذَرُونَ {٦٤}

منافقەکان ئەترسن لەوەی سوورەتێ بێتە خوارەوە چی لە دڵیاندایە پێیان بڵێ‌و دەریبڕێ ، جا تۆ پێیان بڵێ ئێوە ئیستیهزای خۆتان بکەن خودا ئەوەی لێی ئەترسن دەری‌ئەخا بۆ خوتان‌و بۆ خەڵك.

وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ قُلْ أَبِاللّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنتُمْ تَسْتَهْزِؤُونَ {٦٥}

ئەگەر پرسیاریان لێ بکەی ئەوە چیتان ئەوت ؟ بۆ گاڵتەتان ئەکرد بە فەرمانی خوداو پێغەمبەری خودا ؟ ئەڵێن ئێمە گاڵتەمان نەئەکرد بە فەرمانی‌خودا ، لەناو خۆماندا گاڵتەوگەپی خۆمان ئەکرد. جا تۆ پێیان بڵێ ئایا ئێوە بەو هەمووە ناتەواوییەی خۆتانەوە گاڵتە بە خوداو ئایەتەکانی خوداو پێغەمبەری خودا ئەکەن؟ ئایا کاری وەها ڕەوایە؟

لاَ تَعْتَذِرُواْ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ إِن نَّعْفُ عَن طَآئِفَةٍ مِّنكُمْ نُعَذِّبْ طَآئِفَةً بِأَنَّهُمْ كَانُواْ مُجْرِمِينَ {٦٦}

عوذر مەهێننەوە، ئێوە پاش ئیمان هێنانتان کافر بوون. ئەگەر تاقمێ لە ئێوە عەفو بکەین کە تەوبەیان کردووەو ئیتر گاڵتە بە فەرمانی خواو پێغەمبەر ناکەن، تاقمێکیترتان سزا ئەدەین کە سوورن لەسەر مناققیو ئازاردانی موسوڵمانان؛ چونکە ئەوانە تاوانبارن.

الْمُنَافِقُونَ وَالْمُنَافِقَاتُ بَعْضُهُم مِّن بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمُنكَرِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمَعْرُوفِ وَيَقْبِضُونَ أَيْدِيَهُمْ نَسُواْ اللّهَ فَنَسِيَهُمْ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ هُمُ الْفَاسِقُونَ{٦٧}

پیاوانی مناقق و ژنانی مناقق لەناو خۆیاندا وەك یەکن لە منافقیو دووری لەئیمانەوەدا ، واتە هامڕازن و قسەیان یەکە، ئەمر بە خراپە ئەکەن و نەهی لە چاکە ئەکەن و دەستی خۆیان ئەنووقێنن و خێرات ناکەن و فەرمانی خودایان فەرامۆش کردوە . خودایش موبالاتی بەوان نەکردو گوێی نەدانێ . بەڕاستی منافقەکان فاسق و لەدین دەرچوون .

وَعَدَ اللہ الْمُنَافِقِينَ وَالْمُنَافِقَاتِ وَالْكُفَّارَ نَارَ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا هِيَ حَسْبُهُمْ وَلَعَنَهُمُ اللّهُ وَلَهُمْ عَذَابٌ مُّقِيمٌ{٦٨}

خودا بۆ پیاوان و ژنانی منافق و بۆ کافرەکانیتر ئاگری دۆزەخی بڕیارداوە کە تیایا ئەمێننەوە هەتا هەتایە . ئەو دۆزەخە بەسە بۆیان و کالا لەقەد بالایە ، خودا نەفرینی لێ کردوون و ، لە پاشەڕۆژدا سزایێکی هەمیشەیی سەختیان هەیە.

كَالَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ كَانُواْ أَشَدَّ مِنكُمْ قُوَّةً وَأَكْثَرَ أَمْوَالاً

وَأَوْلاَدًا فَاسْتَمْتَعُواْ بِخَلاَقِهِمْ فَاسْتَمْتَعْتُم بِخَلاَقِكُمْ كَمَا اسْتَمْتَعَ الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ بِخَلاَقِهِمْ وَخُضْتُمْ كَالَّذِي خَاضُواْ أُوْلَـئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ{٦٩}

ئێوەش وەك ئەو کافرانەن کە لەپێش ئێوەدا بوون، ئەوان لە ئێوە بەهێزتر بوونو ماڵو سامانو کوڕوکاڵیان زۆرتر بوو ، ئەوان بە بەشە لەزەتی دنیای خۆیان ڕایانبوارد ، ئێوەش بە بەشە لەزەتی دنیای خۆتان ڕاتانبوارد وەك چۆن ئەوان بە بەشی خۆیان لەزەتیان وەرگرت ، ئێوەش ڕۆچوون بە ئارەزووبازی دنیادا وەك چۆن ئەوان ڕۆچووبوون . ئەوانە کردەیان بێسوود بوو نە بۆ دنیا بەکەڵکیان هاتو نە بۆ قیامەت . ئەوانەن زەرەرمەندو ڕەنج بەخەسار.

أَلَمْ يَأْتِهِمْ نَبَأُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ قَوْمِ نُوحٍ وَعَادٍ وَثَمُودَ وَقَوْمِ إِبْرَاهِيمَ وِأَصْحَابِ مَدْيَنَ وَالْمُؤْتَفِكَاتِ أَتَتْهُمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ فَمَا كَانَ اللّهُ لِيَظْلِمَهُمْ وَلَـكِن كَانُواْ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ {٧٠}

ئایا دەنگوباسی ئەو ئوممەتانەیان پێ نەگەیشتووە کە لەپێش ئەماندا بوون وەك قەومی نووح کە بە تۆفان لەناوچوونو ، عاد کە بە باو، ثەموود کە بە بوومەلەرزە فەوتان، هەروەها قەومی ئیبراهیم کە نەمروودی گەورەیان بە مێشوولەو ، هاوڕێکانی بە دەردیتر لەناوبران، قەومی مەدیەن،جەماعەتی شوعەیب کەبە ئاگر سووتانو، قەومی لووط کە شوێنەکانیان سەروژێر بوو بەردباران کران ، ئەمانە

هەموو پێغەمبەرانیان بە موعجیزەوە بۆ نێرران و ئینکاریان ئەکردن و باوەڕیان پێ نەئـەکردن . بێگومـان خـودای گـەورە ستەمی لەمانـە نەکرد، ئەوان خۆیان ستەمیان لە خۆیان کرد.

وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَـــأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلاَةَ وَيُؤْتُـــونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللّهَ وَرَسُولَهُ أُوْلَـــئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللّـــهُ إِنَّ اللّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ {٧١}

خاوەن ئیمانەکان ژن و پیاویان هەندێکیان دۆستی هـەندێکیانن، یەکتریان خۆش ئەوێ . ئـەمر ئەکـەن بـە چاکـەو نـەهی ئەکـەن لـە خراپـەو ، نوێـژ ئەکـەن و زەکـات ئـەدەن و بـەگوێی فـەرمانی خـوداو پێغەمبەری خودا ئەکەن. ئەمانە خودای گەورە ڕەحمیان پێ ئـەکات. خوا غالبە بەسەر کاری خۆیداو کارەکانی پڕحیکمەتن.

وَعَدَ اللّهُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَمَسَاكِنَ طَيِّبَـــةً فِـــي جَنَّـــاتِ عَـــدْنٍ وَرِضْوَانٌ مِّنَ اللّهِ أَكْبَرُ ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ {٧٢}

خودا بەڵێنی داوە بـە خـاوەن ئیمانـەکان لـە پیـاوو لـە ژن بـە چەند بەهەشتێ کە جۆگا بـەناویاندا ئـەڕواو ، هـەتا هەتایـە تیایـاندا ئەمێننەوە ، هەروەها بە چەند ڕێگاو جێگاو خانووی جوان و پـاك لـە جەنناتی عەدندا ، لەگەڵ ڕەزامەندی خودای گەورە، کە گەورەترە لە هەموو پایەیێك ، ئەوە سەرکەوتن و سەرفرازی گەورەیە.

يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ جَاهِدِ الْكُفَّارَ وَالْمُنَافِقِينَ وَاغْلُـــظْ عَلَيْـــهِمْ

وَمَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ {٧٣}

ئـەی پێغەمبـەری خـودا دژی کـافران‌و منافقـان بجەنگــەو تێبکۆشـەو ، تونــدو تیــژ بــە لــەڕوویاندا ، ئەوانــە ســەرەنجامیان دۆزەخە، ئای کە سەرەنجامێکی بەدو ناشیرینە.

يَحْلِفُونَ بِاللّهِ مَا قَالُواْ وَلَقَدْ قَالُواْ كَلِمَةَ الْكُفْرِ وَكَفَرُواْ بَعْدَ إِسْلاَمِهِمْ وَهَمُّواْ بِمَا لَمْ يَنَالُواْ وَمَا نَقَمُواْ إِلاَّ أَنْ أَغْنَاهُمُ اللّهُ وَرَسُولُهُ مِن فَضْلِهِ فَإِن يَتُوبُواْ يَكُ خَيْرًا لَّهُمْ وَإِن يَتَوَلَّوْا يُعَذِّبْهُمُ اللّهُ عَذَابًا أَلِيمًا فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَمَا لَهُمْ فِي الأَرْضِ مِن وَلِيٍّ وَلاَ نَصِيرٍ {٧٤}

سوێند ئەخۆن بە خودا کـە ئـەو قسـە ناڕەوایانـەیان نـەوتوە . بەڕاستی کەلیمەی کوفریان بەدەما هاتو ، پاش ئەوەی بە زاهـیری ئیسلام بوون کافربوونەوە. نیازیان بوو شتێ بکەن کـە بۆیـان نـەکرا وەك کوشتنی پێغەمبەر یا دەرکردنی لە مەدینە. ئەوان ڕقیـان لـەوە هەستاوە کە خوداو پێغەمبەر موسوڵمانەکانی مەدینەیان دەوڵەمـەند کردو ، هاتنی پێغەمبەر بوو بە هۆی پیرۆزیو بەرەکەت بۆیـان . جا ئەو منافقانە ئەگەر تەوبەی ڕاستەقینە بکەن‌و لە بـەدکاری وازبـهێنن ئـەوە چاکـترە بۆیـان. خـۆ ئەگـەر پشـت هەڵکـەن‌و لەسـەر وەزعـی بەدیان بەردەوام بن ئەوا خودا سزایێکی توندو پڕئازاریان ئـەدات لـە دنیـاو لـە قیامـەتداو ، ئیـتر لـە دنیـادا یـەکێك نابـێ دۆسـتیان بـێ‌و، پشتگیرییان لێ بکاتو یارمەتییان بدات.

وَمِنْهُم مَّنْ عَاهَدَ اللّهَ لَئِنْ آتَانَا مِن فَضْلِهِ لَنَصَّدَّقَنَّ

وَلَنَكُونَنَّ مِنَ الصَّالِحِينَ {٧٥}

هی وایان هەیە پەیمانی بە خودا داوە کە ئەگەر خودا لە فەزڵی خۆی بەشیان بدات خێری لێ ئەکەن و لە پیاوچاکان ئەبن.

فَلَمَّا آتَاهُم مِّن فَضْلِهِ بَخِلُواْ بِهِ وَتَوَلَّواْ وَّهُم مُّعْرِضُونَ {٧٦}

کەچی کاتێ کە خودا لە فەزڵی خۆی بەشی دان ڕژدییان کردو هیچ صەدەقەیان نەکردو پشتیان هەڵکردو لە ڕێ لایان دا .

فَأَعْقَبَهُمْ نِفَاقًا فِي قُلُوبِهِمْ إِلَى يَوْمِ يَلْقَوْنَهُ بِمَا أَخْلَفُواْ اللّهَ مَا وَعَدُوهُ وَبِمَا كَانُواْ يَكْذِبُونَ {٧٧}

جا ئەو ڕژدیو زەکاتنەدانە بوو بەهۆی دامەزرانی منافقی لە دڵیاندا تا ڕۆژی قیامەت و پاداشی نیفاقەکەیان ئەدرێتەوە ؛ چونکە لەگەڵ خودا خیلاف وەعدەیان کردو درۆیان کرد.

أَلَمْ يَعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ يَعْلَمُ سِرَّهُمْ وَنَجْوَاهُمْ وَأَنَّ اللّهَ عَلاَّمُ الْغُيُوبِ {٧٨}

ئایا نەیانزانیوە خودا ئاگادارە لە کارە نهێنییەکانیان و لەو چپەی لەناو خۆیاندا ئەیکەن ؟ ئایا نەیانزانیوە خودا بە هەموو غەیبەکان ئەزانێ و هیچی لێ ون نابێ ؟

الَّذِينَ يَلْمِزُونَ الْمُطَّوِّعِينَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ فِي الصَّدَقَاتِ وَالَّذِينَ لاَ يَجِدُونَ إِلاَّ جُهْدَهُمْ فَيَسْخَرُونَ مِنْهُمْ سَخِرَ اللّهُ مِنْهُمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ {٧٩}

ئەو کافرو منافقانە کە پلار ئەگرنە ئەو موسوڵمانانەی زیادە

صەدەقە ئەکەن لە ڕێی خوداداو ، ئەڵێن بە ڕیاو بەرچاوێنی ئەیکەن، هەروەها عەیب ئەگرن لەو موسوڵمانە هەژارانــە کــە بێجگــە ڕەنجی شانو عارەقـــی ناوچاوانیان هیچیان دەست ناکەوێو توانجیـان تـێ ئـەگرن کـە لاتو بێسامانن ، ئەمانـە خـودای گـەورە گاڵتـەیان پـێ ئەکاتو سزایێکی زۆر سەختیان ئەدات.

اسْتَغْفِرْ لَهُمْ أَوْ لاَ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ إِن تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ سَبْعِينَ مَرَّةً فَلَن يَغْفِرَ اللّهُ لَهُمْ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَفَرُواْ بِاللّهِ وَرَسُولِهِ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ {٨٠}

تۆ داوای عەفویان بۆ بکەی یا نەیکـەی سـوودی نییـە، ئەگـەر حـەفتا جاریش داوای عـەفویان بـۆ بکـەی خـودا عـەفویان ناکـات : چونکە ئەوانە کافر بوونو باوەڕیان بە خـوداو بـە پێغەمبـەری خـودا نەکرد، خودا هیدایەتی کۆمەڵی فاسقان نادات.

فَرِحَ الْمُخَلَّفُونَ بِمَقْعَدِهِمْ خِلاَفَ رَسُولِ اللّهِ وَكَرِهُواْ أَن يُجَاهِدُواْ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَقَالُواْ لاَ تَنفِرُواْ فِي الْحَرِّ قُلْ نَارُ جَهَنَّمَ أَشَدُّ حَرًّا لَّوْ كَانُوا يَفْقَهُونَ {٨١}

ئەوانەی لە سەفەری جیهاد دواکەوتن دڵخۆش بوون بەوەی کـە دانیشتنو لە حەزرەت دواکەوتنو ، حەزیان نەئەکرد بە ماڵو سـامانو گیان لەپێناوی ڕەزامەندی خودای گـەورەو سەرخسـتنی ئیسلامدا جیهاد بکەنو ، ئەیانوت بە موسوڵمانەکان : بەم گەرمایە مـەچن بـۆ جیهاد پێتان تەحەممول ناکرێ . تۆ بڵێ : ئەگەر بفامنو هۆش بەکار بێنن ئاگری دۆزەخ گەرمترو بەتاوترە، کەسێ بەرگەی گـەرمای دنیا

نەگرێ چۆن بەرگەی گەرمای ڕۆژی جەزا ئەگرێ؟

فَلْيَضْحَكُواْ قَلِيلاً وَلْيَبْكُواْ كَثِيرًا جَزَاءً بِمَا كَانُواْ يَكْسِبُونَ{٨٢}

با لە دنیای بێبەقادا کەمێ پێبکەنن و لە ڕۆژی قیامەتدا زۆر بگرین لە پاداشی ئەو کردەوە خراپانەدا کە لە دنیادا ئەیانکردن .

فَإِن رَّجَعَكَ اللّهُ إِلَى طَآئِفَةٍ مِّنْهُمْ فَاسْتَأْذَنُوكَ لِلْخُرُوجِ فَقُل لَّن تَخْرُجُواْ مَعِيَ أَبَدًا وَلَن تُقَاتِلُواْ مَعِيَ عَدُوًّا إِنَّكُمْ رَضِيتُم بِالْقُعُودِ أَوَّلَ مَرَّةٍ فَاقْعُدُواْ مَعَ الْخَالِفِينَ {٨٣}

ئەگەر خودا گەڕاندیتیەوە بۆ مەدینەو کۆمەڵێ لە منافقە دواکەوتووەکانی لێ بوو، داوای ئیزنیان لێ کردی کە لە غەزایەکی تردا لەگەڵت دەرچن ، پێیان بڵێ نەخەیر هەرگیز لەگەڵ من دەرناچن‌و لەگەڵ من دژی هیچ دوژمنێ ناجەنگن ؛ ئێوە یەکەم جار ڕازی بوون بەوەی دانیشن‌و نەیێن بۆ جەنگ و غەزا ، دەی لەگەڵ دواکەوتووە بێدەستەڵاتەکان هەر لە ماڵەوە دانیشن.

وَلاَ تُصَلِّ عَلَى أَحَدٍ مِّنْهُم مَّاتَ أَبَدًا وَلاَ تَقُمْ عَلَىَ قَبْرِهِ إِنَّهُمْ كَفَرُواْ بِاللّهِ وَرَسُولِهِ وَمَاتُواْ وَهُمْ فَاسِقُونَ{٨٤}

کە یەکێ لەو منافقانە مرد هەرگیز نوێژ لەسەر جەنازەکەی نەکەی‌و لەسەر قەبری ڕانەوەستی بۆ دەفن‌و زیارەتی ، ئەوانە بەڕاستی کافر بوون‌و ئیمانیان بە خوداو بە پێغەمبەری خودا نەبوو و بە حاڵی فاسقی‌و لەدین دەرچوویی مردن.

وَلاَ تُعْجِبْكَ أَمْوَالُهُمْ وَأَوْلاَدُهُمْ إِنَّمَا يُرِيدُ اللّهُ أَن يُعَذِّبَهُم

بِهَا فِي الدُّنْيَا وَتَزْهَقَ أَنفُسُهُمْ وَهُمْ كَافِرُونَ {٨٥}

مالّو سامانو ئەولادی ئەو منافقانەت لا سەیر نەبیّو تەعەججوبی لیّ مەکە؛ مالّو دارایی‌و ئەولادیان ڕەحمەت نین ، خودا مەبەستی ئەوەیە لە دنیادا بە پەروەردەکردن‌و بەخیّوکردنیان ماندوویان بکات‌و سزایان بدات‌و بە حالّی کافرییەوە بمرن .

وَإِذَآ أُنزِلَتْ سُورَةٌ أَنْ آمِنُواْ بِاللّهِ وَجَاهِدُواْ مَعَ رَسُولِهِ اسْتَأْذَنَكَ أُوْلُواْ الطَّوْلِ مِنْهُمْ وَقَالُواْ ذَرْنَا نَكُن مَّعَ الْقَاعِدِينَ{٨٦}

کە سوورەتیّ نازلّ بکریّ پێیان بلّیّ ئیمان بە خودا بهێنن‌و لەگەلّ پێغەمبەردا جیهاد بکەن، دەستڕۆیشتووەکانیان داوای ئیزنت لیّ ئەکەن‌و ئەلّێن لێمانگەڕیّ با لەگەلّ دانیشتوان بین .

رَضُواْ بِأَن يَكُونُواْ مَعَ الْخَوَالِفِ وَطُبِعَ عَلَى قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لاَ يَفْقَهُونَ {٨٧}

ڕازین بەوە کە لەگەلّ بیّدەستەلاّت‌و جێماوەکان بمێننەوە ، دلّیان مۆر کراوەو تێناگەن کە جیهاد لەگەلّ پێغەمبەر چەند خێرو چەند بەختیاری تێدایەو دواکەوتن چەند خراپە .

لَـكِنِ الرَّسُولُ وَالَّذِينَ آمَنُواْ مَعَهُ جَاهَدُواْ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ وَأُوْلَـئِكَ لَهُمُ الْخَيْرَاتُ وَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ{٨٨}

بەلاّم پێغەمبەرو ئەوانەی موسولّمانن لەگەلّیا بە سەرو مالّ لەپێناوی خودادا جیهادیان کردو بۆ ئەوانە خێراتی دنیاو قیامەت‌و

ئەوانەن ڕزگار بوون لە سزای دۆزەخ.

أَعَدَّ اللّهُ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ {٨٩}

خودای گەورە چەند بەهەشتێکی بۆ ئەوانە ئامادە کردووە کە جۆگایان بەناودا ئەڕوات و هەتا هەتایە تیایاندا ئەمێننەوە. ئا ئەمەیە سەرکەوتن و سەرفرازی گەورە.

وَجَاء الْمُعَذِّرُونَ مِنَ الأَعْرَابِ لِيُؤْذَنَ لَهُمْ وَقَعَدَ الَّذِينَ كَذَبُواْ اللّهَ وَرَسُولَهُ سَيُصِيبُ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ{٩٠}

لە کاتی غەزای تەبووکدا عوزرهاوەرەکانی ئەعراب هاتن بۆ خزمەتی پێغەمبەر کە ئیزنیان بدا لە شوێنی خۆیاندا دانیشن و هاوبەشی نەکەن لە جیهاددا بە بەهانەی زۆری خێزان و گرانی ژیان و ترس لە دوژمنان . ئەوانەیش کە درۆیان لەگەڵ خوداو پێغەمبەری خودا کرد، دانیشتن و نەچوون بۆ جیهاد .ئەوانەی کافرن لەناو ئەمانەدا، لەمەوپاش سزایەکی پڕ ئێش و ئازاریان تووش ئەبێت .

لَّيْسَ عَلَى الضُّعَفَاء وَلاَ عَلَى الْمَرْضَى وَلاَ عَلَى الَّذِينَ لاَ يَجِدُونَ مَا يُنفِقُونَ حَرَجٌ إِذَا نَصَحُواْ لِلّهِ وَرَسُولِهِ مَا عَلَى الْمُحْسِنِينَ مِن سَبِيلٍ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ {٩١}

ئەوکەسانەی بێهێزو ناتوانان ، ئەوانەی نەخۆش و پەك کەوتەن ، ئەوانەی خەرجییان نی یەو بێدەستن ، تاوان و گلەییان لەسەر نی یە کە دوابکەون ، ئەگەر ڕاست و دڵسۆز بن بۆ خوداو بۆ

پێغەمبەری خودا ، مرۆی چاکەکەرو خاوێن گلەیی لێ ناکرێو خودا گوناەپۆشو میهرەبانە .

وَلاَ عَلَى الَّذِينَ إِذَا مَا أَتَوْكَ لِتَحْمِلَهُمْ قُلْتَ لاَ أَجِدُ مَا أَحْمِلُكُمْ عَلَيْهِ تَوَلَّواْ وَّأَعْيُنُهُمْ تَفِيضُ مِنَ الدَّمْعِ حَزَناً أَلاَّ يَجِدُواْ مَا يُنفِقُونَ{٩٢}

هەروەها ئەوانەیش گوناهبار نابنو هیچیان لەسەر نییە کە دێنە لات بۆئەوەی وڵاغی سوارییان بۆ پەیدا بکەیتو بێن بۆ جیهادو تۆیش ئەڵێیت وڵاغم نییە بتاندەمێو سوارتان کەم ، ئەوانیش ئەگەڕێنەوەو لە غەمو خەفەتدا چاویان پڕ ئەبێ لە فرمێسك ، چونکە ئارەزووخەو تفاقی جیهادیان دەست نەکەوت.

جوزئی یازدەهەم

إِنَّمَا السَّبِيلُ عَلَى الَّذِينَ يَسْتَأْذِنُونَكَ وَهُمْ أَغْنِيَاءُ رَضُواْ بِأَن يَكُونُواْ مَعَ الْخَوَالِفِ وَطَبَعَ اللّهُ عَلَى قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ{٩٣}

تاوانو عیتاب لەسەر ئەوانەیە کە داوای ئیزنت لێ ئەکەنو کەچی دەستڕۆیشتوو و دەوڵەمەندن ، ڕازین بەوەی لەگەڵ دواکەوتوانو پەککەوتوان بنو ، خودا دڵی مۆر کردوونو نازانن پیرۆزیو بەختیاریی دنیاو قیامەت لەچیدایە ؟ .

يَعْتَذِرُونَ إِلَيْكُمْ إِذَا رَجَعْتُمْ إِلَيْهِمْ قُل لاَّ تَعْتَذِرُواْ لَن نُّؤْمِنَ لَكُمْ قَدْ نَبَّأَنَا اللّهُ مِنْ أَخْبَارِكُمْ وَسَيَرَى اللّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُ

ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلَى عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ {٩٤}

ئەو دواکەوتووانە کە ئێوە گەڕانەوە بۆ لایان عوزرتان بۆ ئەهێننەوە عوزری بێ ئەساس . بڵێ پێیان : عوزرمان بۆ مەهێننەوە باوەڕتان پێ ناکەین ، خودا ئاگاداری کردووین کە چی لە دڵتاندایە . لەمەوپاش خوداو پێغەمبەری خودا کردەوەتان ئەبینن ، ئاخۆ لەسەر کوفرو گومڕاهی ئەمێننەوە یا پەشیمان ئەبنەوە ؟ ئەنجا دوای ئەم ژیانی دنیایە ئەبرێنەوە بۆ لای ئەو خودایەی ئاگای لە نهێنی و ئاشکرا هەیە، ئەو وەختە ئاگادارتان ئەکات کە لە دنیادا چیتان کردووە ؟

سَيَحْلِفُونَ بِاللّهِ لَكُمْ إِذَا انقَلَبْتُمْ إِلَيْهِمْ لِتُعْرِضُواْ عَنْهُمْ فَأَعْرِضُواْ عَنْهُمْ إِنَّهُمْ رِجْسٌ وَمَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ جَزَاءً بِمَا كَانُواْ يَكْسِبُونَ {٩٥}

کە ئێوە گەڕانەوە بۆ لایان سوێندتان بۆ ئەخۆن تا وازیان لێ بێنن‌و گلەییان لێ نەکەن . وازیان لێ بێنن ، ئەوانە بیرو باوەڕیان پیسەو فەرقی ڕاست‌و درۆیان لا نییە. جێگای پاشەڕۆژیان دۆزەخە لە پاداشی ئەو کردەوە ناشیرینانەدا کە ئەیانکردن .

يَحْلِفُونَ لَكُمْ لِتَرْضَوْاْ عَنْهُمْ فَإِن تَرْضَوْاْ عَنْهُمْ فَإِنَّ اللّهَ لاَ يَرْضَى عَنِ الْقَوْمِ الْفَاسِقِينَ{٩٦}

سوێندتان بۆ ئەخۆن بۆئەوەی لێیان ڕازی بن . ئەگەر ئێوە لێیان ڕازی بن بێگومان خودا هەرگیز لە کۆمەڵی لەدین لادەر ڕازی

نابێ .

الأَعْرَابُ أَشَدُّ كُفْرًا وَنِفَاقًا وَأَجْدَرُ أَلاَّ يَعْلَمُواْ حُدُودَ مَا أَنزَلَ اللّهُ عَلَى رَسُولِهِ وَاللّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ {٩٧}

بادیە نشینەکان لەنیشتەجێکانی شارو لادێ دلڕەقترن لە بابەتی کوفرو منافقییەوە ؛ چونکە دوورن لە ئاوەدانیو تێکەڵی زانایان ناکەنو کیتابو سوننەت نابیسن ، هەروەها لە خەڵکیتر نابەڵەدترن سەبارەت بە یاساو سنووری ئەو فەرمانانە کە خودا ناردوونی بۆ پێغەمبەری خۆی . خودا ئاگای لە حاڵی هەموو کەس هەیەو خاوەن حیکمەتە.

وَمِنَ الأَعْرَابِ مَن يَتَّخِذُ مَا يُنفِقُ مَغْرَمًا وَيَتَرَبَّصُ بِكُمُ الدَّوَائِرَ عَلَيْهِمْ دَآئِرَةُ السَّوْءِ وَاللّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ {٩٨}

لە بادیە نشینەکان هی وا هەیە ئەوەی کە خەرجیئەکا لە ڕێگای ئیسلامدا بە غەرامەتی ئەزانیو بە خەرجی ناڕەوای دائەنیو ، چاوەڕێی ئەوە ئەکا بەڵاو مەینەت بێتە سەرتان . یا خودا مەینەتی خراپ بەسەر ئەواندا بێ . خودا شنەواو زانایەو لە هەموو شت ئاگادارە

وَمِنَ الأَعْرَابِ مَن يُؤْمِنُ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَيَتَّخِذُ مَا يُنفِقُ قُرُبَاتٍ عِندَ اللّهِ وَصَلَوَاتِ الرَّسُولِ أَلا إِنَّهَا قُرْبَةٌ لَّهُمْ سَيُدْخِلُهُمُ اللّهُ فِي رَحْمَتِهِ إِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ {٩٩}

عەرەبە بادیەنشینەکان هی وایشیان هەیە ئیمانی بە خوداو بە ڕۆژی دوایی هەیەو ئەوەی خەرجی ئەکا بە خەیرو هۆی لە خودا

نزیك بوونەوەی ئەزانێو بە هۆی ئەوەی دائەنێ کە پێغەمبەر دوعـای خـێری بـۆ بکـات . ئـا ئـەو خەرجانـەی ئـەوان ئەیکـەن هـۆی نزیـك بوونەوەن لە خودا . خـودای گـەورە ئەوانـە ئەخاتـە نـاو ڕەحمـەتی خۆیەوە . خودا تاوان بەخش و میهرەبانە .

وَالسَّابِقُونَ الأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالأَنصَارِ وَالَّذِيـنَ اتَّبَعُوهُم بِإِحْسَانٍ رَّضِيَ اللّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُ وَأَعَدَّ لَـهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَلِـكَ الْفَـوْزُ الْعَظِيمُ {١٠٠}

ئەوانـەی کـە پێـش کـەوتن لـە ئیسـلامبـوونو خزمـەت کردنـی ئیسـلامدا لەوانـەی لـە مەککـەوە کۆچیـان کـرد بـۆ مەدینـەو ، لـە یارمەتیدەرانی ئەهلی مەدینەو ، ئەوانەیش بە شـوێنی ئـەواندا هـاتن بە کرداری چاك ، خودا لەوانە ڕازییەو کردەوەیـان قبـووڵ ئـەکات ، ئەوانیش ڕازین لە خوداو شوکرانەبژێرن بەرامبەر بـە نیعمـەتی دینو دنیا کە پێی داونو ، خودا چەند بەهەشتێکی بۆ ئامادە کردوون کـە جۆباریـان بـەناودا ئـەڕواتو ، هـەتا هەتایە تیایا ئەمێننـەوە . ئـا ئەوەیە سەرکەوتن و بەختیاریی گەورە .

وَمِمَّنْ حَوْلَكُم مِّنَ الأَعْرَابِ مُنَافِقُونَ وَمِنْ أَهْلِ الْمَدِينَـةِ مَرَدُواْ عَلَى النِّفَاقِ لاَ تَعْلَمُهُمْ نَحْنُ نَعْلَمُهُمْ سَنُعَذِّبُهُم مَّرَّتَيْـنِ ثُمَّ يُرَدُّونَ إِلَى عَذَابٍ عَظِيمٍ {١٠١}

لـەوانەی دەورو پشـتتان لـە بـادیەنشینەکان هـی وا هـەن منافقنو،لە ئەهلی مەدینەش هی وا هەن ڕاهاتوون لەسەر منافقی،تۆ

پێیان نـازانی ئێمـه پێیـان ئـەزانین‌و ئاگامـان لـه پەنامەکی‌یـەکانیان هەیە . ئێمـه هـەر لـه دنیـادا دوو جاریـان سـزا ئـەدەین ، ئابڕوویـان ئەبـەین‌و ئەشـیانکوژین ، یـا ئـازاری لەشـیان ئـەدەین‌و زەکاتیـان لیٚ ئەسێنین ، دواییش ئەگەڕینەوه بۆ لای خوداو له قیامـەتدا سـزاییٚکی گەوره ئەدرێن .

وَآخَرُونَ اعْتَرَفُواْ بِذُنُوبِهِمْ خَلَطُواْ عَمَلاً صَالِحًا وَآخَـرَ سَيِّئًا عَسَى اللّهُ أَن يَتُوبَ عَلَيْهِمْ إِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ{١٠٢}

کۆمەڵێکی‌تر هەن له دواکەوتووەکان کـه دانیـان نـا بـه تـاوانی خۆیـانداو وەك منافقـەکان عـوزری درۆیـان نەهێنایـەوه ، ئەمانـه کردەوەییٚکی باشیان کـرد کـه دانیـان بـه گونـاهی خۆیـاندا نـاو کردەوەییٚکـی خراپیشـیان کـرد کـه دواکـەوتن. ئەمانـه نزیکـه خـودا تەوبەیان لیٚ قبوولٚ بکات ، خودا تاوان بەخش‌و میهرەبانه .

خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِـهَا وَصَـلِّ عَلَيْهِمْ إِنَّ صَلاَتَكَ سَكَنٌ لَّهُمْ وَاللّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ {١٠٣}

زەکات وەربگره له ماڵی ئەمانه تا پاکیان بکاتەوه لـه گونـاهی زەکات نەدان‌و پاکیان بکاتەوه له خۆش‌ویستنی دنیا ، دوعای خێرو عەفویان بۆ بکه ، که مردن نوێژیان لەسـەر بکـه ، دوعـا کردنـی تـۆ مایەی ڕەحـەتی‌و دڵنیایی‌یه بۆ ئەوان . خودا شنەواو زانایه .

أَلَمْ يَعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ هُوَ يَقْبَلُ التَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِ وَيَـأْخُذُ الصَّدَقَاتِ وَأَنَّ اللّهَ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ {١٠٤}

ئایا نەیانزانیوه خودا تەوبه له بەندەکانی خۆی قبوولٚ ئەکات‌و

زەکاتیان لێ وەرئەگرێ بۆ داماوان ، خودا تەوبە وەرگرەو میهرەبانە.

وَقُلِ اعْمَلُواْ فَسَيَرَى اللّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُ وَالْمُؤْمِنُونَ وَسَتُرَدُّونَ إِلَى عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ{١٠٥}

پێیان بڵێ چی ئەکەن بیکەن ، خودا ئاگای لە کردەوەتانەو هیچی لێ ون نابێ ، هەروەها پێغەمبەرو موسوڵمانانیش بە کارتان ئەزانن چونکە خودا پێیان ئەڵێتو لێیان ناشارێتەوە ، دوای ئەوەش ئەگەڕێنەوە بۆ لای ئەو خودایە کە زانای نهێنیو ئاشکرایەو ئاگای لە هەمووشتە ، ئاگادارتان ئەکاتو پێتان ئەڵێت لە دنیادا چیتان کردووە .

وَآخَرُونَ مُرْجَوْنَ لأَمْرِ اللّهِ إِمَّا يُعَذِّبُهُمْ وَإِمَّا يَتُوبُ عَلَيْهِمْ وَاللّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ{١٠٦}

کۆمەڵێتر هەن لە دواکەوتووان ئەنجامی کردەوەیان دواخراوە بۆ فەرمانی خودا ، یا سزایان ئەدا ئەگەر بەردەوام بوون لەسەر منافقی ، یا ئەیانبەخشێ ئەگەر وازیان هێناو پەشیمان بوونەوە ، خودا زانایەوکارەکانی پڕحیکمەتن .

وَالَّذِينَ اتَّخَذُواْ مَسْجِدًا ضِرَارًا وَكُفْرًا وَتَفْرِيقًا بَيْنَ الْمُؤْمِنِينَ وَإِرْصَادًا لِّمَنْ حَارَبَ اللّهَ وَرَسُولَهُ مِن قَبْلُ وَلَيَحْلِفُنَّ إِنْ أَرَدْنَا إِلاَّ الْحُسْنَى وَاللّهُ يَشْهَدُ إِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ{١٠٧} .

هەندێ لە پیاوخراپەکان مزگەوتێکیان دروست کرد بۆ زیان‌دان

لە موسوڵمانانو بەهێز کردنی کوفرو ، بۆ جیاکردنەوەو کۆمەڵ کۆمەڵ کردنی موسوڵمانان، هەروەها بۆ ئەوە ئەبووعامیری ڕاهیب لە شامەوە بێتو بێتە ناوی ، کە هەر لە پێشەوە خەریکی دوژمنایەتی‌یەو جەنگی دژی خوداو پێغەمبەر کردوە . ئەم گرۆهە سوێند ئەخۆن بۆتان کە لە دروست کردنی ئەو مزگەوتەدا چاکە نەبێ هیچی‌تریان مەبەست نەبووە ، خودایش شاهیدی ئەدا کە ئەوانە درۆزننو مەبەستیان لە دروستکردنی مزگەوتەکە ئازاردانی ئیسلامە .

لاَ تَقُمْ فِيهِ أَبَدًا لَّمَسْجِدٌ أُسِّسَ عَلَى التَّقْوَى مِنْ أَوَّلِ يَوْمٍ أَحَقُّ أَن تَقُومَ فِيهِ فِيهِ رِجَالٌ يُحِبُّونَ أَن يَتَطَهَّرُواْ وَاللّهُ يُحِبُّ الْمُطَّهِّرِينَ{١٠٨}

هەرگیز لەو مزگەوتەدا ڕامەوەستە بۆ نوێژکردن . بەڕاستی مزگەوتێ لە یەکەم ڕۆژیەوە لەسەر لەخودا ترسان دروست کرابێو بناخەی دانرابێ وەك مزگەوتی قوبا یا مزگەوتەکەی خۆت ، ئەوە لایقترە بۆئەوەی تیا بوەستیو نوێژی تیا بکەی ، چونکە چەند پیاوێکی تێدایە حەز ئەکەن خۆیان لە خووڕەوشتی خراپ پاك بکەنەوەو خوداپەرستی بکەن . بێگومان خودا ئەوانەی خۆش ئەوێ کەخۆیان لە خوو کرداری خراپ پاك ئەکەنەوە.

أَفَمَنْ أَسَّسَ بُنْيَانَهُ عَلَى تَقْوَى مِنَ اللّهِ وَرِضْوَانٍ خَيْرٌ أَم مَّنْ أَسَّسَ بُنْيَانَهُ عَلَىَ شَفَا جُرُفٍ هَارٍ فَانْهَارَ بِهِ فِي نَارِ جَهَنَّمَ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ {١٠٩}

ئایا کەسێ بینای مزگەوتی لەسەر بناخەی بتەوی لەخوداترسان و ڕەزامەندی خودا دامەزراندبێ چاکترە ، یا کەسێ بینای مزگەوتی لەسەر قەراخی کەندێکی بێهێزی ڕووخاو دامەزراندبێ کە لەگەڵ خۆیدا بڕووخێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە ؟ چونکە لەسەر بناخەی دوژمنایەتی کردنی ئایینی ئیسلام دامەزراوە .خودا هەرگیز هیدایەتی قەومی ستەمکار نادات .

لاَ يَزَالُ بُنْيَانُهُمُ الَّذِي بَنَوْاْ رِيبَةً فِي قُلُوبِهِمْ إِلاَّ أَن تَقَطَّعَ قُلُوبُهُمْ وَاللّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ {١١٠}

ئەو بینایەی دروستیان کردوە بەدەوام هۆی دوودڵی و گومان و زیادبوونی منافقییانە مەگەر کاتێ کە دڵیان لەتوپەت بکرێ و هێزی هەستی تێدا نەمێنێ . خودا زانایەو کاری پڕ حیکمەتە لە ڕووخاندنی ئەو بینایەدا .

إِنَّ اللّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُم بِأَنَّ لَهُمُ الجَنَّةَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا فِي التَّوْرَاةِ وَالإِنجِيلِ وَالْقُرْآنِ وَمَنْ أَوْفَى بِعَهْدِهِ مِنَ اللّهِ فَاسْتَبْشِرُواْ بِبَيْعِكُمُ الَّذِي بَايَعْتُم بِهِ وَذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ{١١١}

خودا سەروماڵی لە موسوڵمانان کڕیوە بەرابەر ئەوەی بەهەشتیان پێ بدات ، ئەوانە لە ڕێگای ڕەزامەندی خودادا ئەجەنگن ، کافران ئەکوژن و خۆیان شەهید ئەبن .پەیمانێکە خودا بەستوویەتی لەگەڵیان ، لە تەورات و ئینجیل و قورئاندا باس کراوە .

کێ له خوا بەوەفاترە بە وەعدەو گفتی خۆی ؟ کەواتە ئێوە خۆش حاڵو شادمان بن بەو موعامەلەی لەگەڵ خودادا کردووتانە . سەرکەوتنی گەورە ئەوەیە .

التَّائِبُونَ الْعَابِدُونَ الْحَامِدُونَ السَّائِحُونَ الرَّاكِعُونَ السَّاجِدونَ الآمِرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَالنَّاهُونَ عَنِ الْمُنكَرِ وَالْحَافِظُونَ لِحُدُودِ اللّهِ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ{١١٢}

ئەو موسوڵمانانە کە ئەو پەیمانەیان لەگەڵ خودادا بەستووە ئەوانەن کە هەمیشە تەوبە ئەکەنو خەریکی خوداپەرستینو شوکرانەبژێری نیعمەتەکانی خودانو ، بەرۆژوو ئەبنو نوێژئەکەن و هەمیشە لە ڕکووعو سجوودانو ، ئەمر بە چاکە ئەکەن و نەهی لە خراپە ئەکەنو ، سنووری فەرمانەکانی خوداو ئەحکامی دین ڕائەگرنو لێی لا نادەن . موژدە بدە بە خاوەن ئیمانەکان کە پاداشیان گەورە ئەبێ بەهۆی ئەو کردەوە بەرزانەوە .

مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَالَّذِينَ آمَنُواْ أَن يَسْتَغْفِرُواْ لِلْمُشْرِكِينَ وَلَوْ كَانُواْ أُوْلِي قُرْبَى مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُمْ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ{١١٣}

ڕەوا نەبووەو نابێ بۆ پێغەمبەرو بۆ ئەوانەی خاوەن ئیمانن داوای عەفو بکەن لە خودا بۆ موشریکەکان ، با خزمیشیان بن ، پاش ئەوەی بۆیان دەرکەوت کە ئەوانە ئەهلی دۆزەخن و بە کافری مردوون .

وَمَا كَانَ اسْتِغْفَارُ إِبْرَاهِيمَ لأَبِيهِ إِلاَّ عَن مَّوْعِدَةٍ وَعَدَهَا

إِيَّاه فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُ أَنَّهُ عَدُوٌّ لِلّهِ تَبَرَّأَ مِنْهُ إِنَّ إِبْرَاهِيمَ لأَوَّاهٌ حَلِيمٌ{١١٤}

داوای عەفو کردنی ئیبراهیمیش لە خودا بۆ باوکی لەبەر ئەوە بوو کە بەڵێنی دابوویە داوای عەفوی بۆ بکات (لأستغفرن لك) ، جا کاتێ بۆی دەرکەوت کە باوکی دوژمنی خودایە ، ئیتر بە وەحی زانیبێتی یا باوکی بە کافری مردبێ لە بەرچاویا ، خۆی لێ بەری کردو حەقی نەبوو بە سەریەوەو داوای عەفوی بۆ نەکرد. بەڕاستی ئیبراهیم زۆر دڵنەرمو خاوەن حیلم بوو.

وَمَا كَانَ اللّهُ لِيُضِلَّ قَوْمًا بَعْدَ إِذْ هَدَاهُمْ حَتَّى يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَ إِنَّ اللّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ {١١٥}

خودا هیچ قەومێك بە گومڕاه دانانێو وەك گومڕاه موعامەلەیان لەگەڵ ناکات پاش ئەوەی کە هیدایەتی دان تا ئەو کارانەیان بۆ ڕوون نەکاتەوە کە پێویستە خۆیانی لێ بپارێزنو ڕێگەی عیبادەتیان پیشان نەداتو لە دواڕۆژیان نەترسێنێ . جا ئەگەر ئەو قەومە پاش ئەوانە هەر لەسەر ئینکار مانەوە ئەوە غەزەبیان لێ ئەگرێو گومڕایان ئەکات .

إِنَّ اللّهَ لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ يُحْيِي وَيُمِيتُ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ اللّهِ مِن وَلِيٍّ وَلاَ نَصِيرٍ {١١٦}

بێگومان خودا خاوەنی ئاسمانەکانو ئەرزەو مردوو زیندوو ئەکاتەوەو، زیندوو ئەمرێنێو ، بێجگە خودا کەس دۆستو یارمەتیدەر نییە بۆ ئێوە .

لَقَد تَّابَ اللهُ عَلَى النَّبِيِّ وَالْمُهَاجِرِينَ وَالأَنصَارِ الَّذِينَ اتَّبَعُوهُ فِي سَاعَةِ الْعُسْرَةِ مِن بَعْدِ مَا كَادَ يَزِيغُ قُلُوبُ فَرِيقٍ مِّنْهُمْ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ إِنَّهُ بِهِمْ رَؤُوفٌ رَّحِيمٌ {١١٧}

خودا تەوبەی قوبوولکرد لە پێغەمبەرو لە هاوڕێ کۆچکردووەکانیو لە هاوڕێ یارمەتیدەرەکانیو پایەی بەرز کردنەوەو ڕەحمەتی بەسەردا ڕژاندن، ئەوانەی کە پەیڕەویی پێغەمبەریان کردو لە سەعاتو کاتی تەنگانەییو ناخۆشیدا دوای کەوتنو پشتیان چۆڵ نەکرد ، دوای ئەوەی کە کۆمەڵێکیان خەریك بوو دڵیان تێكبچیو لە ڕێگەی ڕاست لابدەن ، تەوبەی لێ قبوول کردنو دڵی بەهێز کردن . خودا خاوەن ڕەحمەتو میهرەبانە لەگەڵیاندا .

وَعَلَى الثَّلاَثَةِ الَّذِينَ خُلِّفُواْ حَتَّى إِذَا ضَاقَتْ عَلَيْهِمُ الأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ وَضَاقَتْ عَلَيْهِمْ أَنفُسُهُمْ وَظَنُّواْ أَن لاَّ مَلْجَأَ مِنَ اللّهِ إِلاَّ إِلَيْهِ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ لِيَتُوبُواْ إِنَّ اللّهَ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ {١١٨}

هەروەها تەوبەی قبوولکرد لەو سێ کەسەی دواکەوتبوون لە غەزاو هێشتا حوکمیان نەبڕابوویەوە. کە دنیایان بەو هەمووە بەربلاوییەوە لە بەرچاو تەنگ بوو ، لە غەمو پەژارەو خەفەتی ئەنجامی خۆیاندا دڵیان تەنگ بوو و زانییان پەنایان لەدەستی خودا نییە خودای گەورە خۆی نەبێ ، ئەنجا خودا تەوفیقی دان کە تەوبە

بکەن‌و تەوبەیان کرد . خودا زۆر تەوبە قبوول ئەکات و زۆر میهرەبانە.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ وَكُونُواْ مَعَ الصَّادِقِينَ{١١٩}

ئەی ئەوانەی ئیمانتان هەیە لە خودا بترسن‌و نزیکی کارێ مەکەونەوە کە خودا پێی ڕازی نەبێ‌و ، لەگەڵ ڕاستگۆیان هەڵسن‌و دانیشن.

مَا كَانَ لأَهْلِ الْمَدِينَةِ وَمَنْ حَوْلَهُم مِّنَ الأَعْرَابِ أَن يَتَخَلَّفُواْ عَن رَّسُولِ اللّهِ وَلاَ يَرْغَبُواْ بِأَنفُسِهِمْ عَن نَّفْسِهِ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ لاَ يُصِيبُهُمْ ظَمَأٌ وَلاَ نَصَبٌ وَلاَ مَخْمَصَةٌ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَلاَ يَطَؤُونَ مَوْطِئًا يَغِيظُ الْكُفَّارَ وَلاَ يَنَالُونَ مِنْ عَدُوٍّ نَّيْلاً إِلاَّ كُتِبَ لَهُم بِهِ عَمَلٌ صَالِحٌ إِنَّ اللّهَ لاَ يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ{١٢٠}

ڕەوا نی‌یە بۆ ئەهلی مەدینەو عەرەبەکانی دەورو پشتیان لە پێغەمبەری خودا دوا بکەون‌و ، خۆیان لە شتێ بپارێزن کە پێغەمبەر خۆی لێ نەپارێزێ، چونکە بەرامبەر بە هەر تینوویەتی‌و ماندوویەتی‌و برسییەتییەك کە لە ڕێگای خودادا تووشیان ئەبێ‌و ، هەر هەنگاوێ کە ئەینێن‌و ئەبێتە هۆی ڕق‌هەستانی کافران‌و ، هەر زەفەرێ بە دوژمنی بەرن وەك لێ‌کوشتن‌و بەدیل گرتن‌و تالان‌کردن ، هەموو ئەمانەیان ، بە کردەوەی چاك بۆ ئەنووسرێ‌و پاداشی باشیان ئەدرێتەوە. بێ‌گومان خودا هەرگیز پاداشی چاکەکاران نافەوتێنێ.

وَلاَ يُنفِقُونَ نَفَقَةً صَغِيرَةً وَلاَ كَبِيرَةً وَلاَ يَقْطَعُونَ وَادِيًا إِلاَّ كُتِبَ لَهُمْ لِيَجْزِيَهُمُ اللّهُ أَحْسَنَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ {١٢١}

ئەوانە هەر خەرجییەك كە ئەیكەن لە ڕێگەی خودادا ، بچووك بێ یا گەورەو، هەر شیوێ كە بۆ جیهاد ئەیبڕن ، هەموویان بۆ ئەنووسرێو هیچی ناخرێتە پشت گوێ ، تا خودا باشترین پاداشیان بۆ بنووسێ .

وَمَا كَانَ الْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُواْ كَآفَّةً فَلَوْلاَ نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَآئِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُواْ فِي الدِّينِ وَلِيُنذِرُواْ قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُواْ إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ {١٢٢}

نابێ موسوڵمانان هەموویان دەرچن بۆ غەزا یا بۆ تەڵەبی عیلم. هەروەها نابێ هەموویان دانیشنو هیچ نەكەن ، بەمە هیچ كارێ سەقامگیر نابێ . كەواتە بۆچی لە هەموو كۆمەڵێكی گەورە ، وەك هۆزێ یا تیرەیێ ، جەماعەتێكیان ناچن بۆ فێربوونی زانیاری تا لە ڕێگای زانینی حوكمی ئاییندا ماندوو ببنو كە گەڕانەوە بۆ لای قەومەكانیان بییانترسێنن لە كردوەی خراپو بێدینی ، بەڵكو خۆیان بپارێزنو تووشیسزای دواڕۆژ نەبن .

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ قَاتِلُواْ الَّذِينَ يَلُونَكُم مِّنَ الْكُفَّارِ وَلْيَجِدُواْ فِيكُمْ غِلْظَةً وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ {١٢٣}

ئەی خاوەن ئیمانەكان ! لەدژی ئەو كافرانە بجەنگن كە لێتانەوە نزیكن . با توندو تیژیو خۆگریتان تیا ببینن . زۆر باش بزانن خوا لەگەڵ ئەوانەدایە لێی ئەترسنو خۆیان لە گوناه ئەپارێزن.

خودا یارمەتییان ئەداتو ئەیانپارێزێ .

وَإِذَا مَا أُنزِلَتْ سُورَةٌ فَمِنْهُم مَّن يَقُولُ أَيُّكُمْ زَادَتْهُ هَـذِهِ إِيمَانًا فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُواْ فَزَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَهُمْ يَسْتَبْشِرُونَ{١٢٤}

کاتێ کە سوورەتێ لە قورئان دێتە خوارەوە هەندێ لەو کافرانە بەگاڵتەو لاقرتیکردن بە یەکتر ئەڵێن کام لە ئێوە ئەم سوورەتە ئیمانی زیادکرد ؟ جا ئەوانەی کە خاوەن ئیمانن ئەو سوورەتە ئیمانیان زیاد ئەکات ، چونکە لە ئەساسدا ئیمانیان هەیەو دیارە ئیمان ئیمان ڕادەکێشێ، هەروەها خاوەن ئیمانەکان دڵخۆشو شادمان ئەبن بە هاتنی ئەو سوورەتانەو لەناو یەکدا موژدە بە یەکتر ئەدەن .

وَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ فَزَادَتْهُمْ رِجْسًا إِلَى رِجْسِهِمْ وَمَاتُواْ وَهُمْ كَافِرُونَ {١٢٥}

بەڵام ئەوانەی دڵیان نەخۆشو کرمێیە سوورەتەکە زیاتر نەخۆشو دڵکرمێیان ئەکاتو پیسیی کوفر دەکاتە سەرباری ئەو کوفرەی لە دڵیاندایە ، چونکە کوفر کوفر ڕادەکێشێو، بە کافری ئەمرن .

أَوَلاَ يَرَوْنَ أَنَّهُمْ يُفْتَنُونَ فِي كُلِّ عَامٍ مَّرَّةً أَوْ مَرَّتَيْنِ ثُمَّ لاَ يَتُوبُونَ وَلاَ هُمْ يَذَّكَّرُونَ {١٢٦}

ئەوە بۆ بیر ناکەوە لەوە کە ساڵی جارێ یا دووجار تووشی بەڵا ئەبن ، کەچی تەوبە ناکەنو بیرناکەنەوە لە ئەنجامو پاشەڕۆژی

خۆیان؟!.

وَإِذَا مَا أُنزِلَتْ سُورَةٌ نَّظَرَ بَعْضُهُمْ إِلَى بَعْضٍ هَلْ يَرَاكُم مِّنْ أَحَدٍ ثُمَّ انصَرَفُواْ صَرَفَ اللّهُ قُلُوبَهُم بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لاَّ يَفْقَهُون{١٢٧}

که سوورەتێ نازڵ ئەکرێ بۆ پێغەمبەر بە غەمزو لەمزو ئینکارو گاڵتە کردنەوە سەیری یەکتر دەکەنو ، لەناو خۆیاندا ئەڵێن ئەگەر هەڵسینو مەجلیسەکە بەجێبێڵین کەس ئەمانبینێ ؟ جا ئەگەر کەس نەبوو هەڵئەستنو ئەڕۆنو ، ئەگەر کەس هەبوو ناڕۆن ، دوایی ئەڕۆن . خودا دڵیان لە ئیمان وەرچەرخێنێ چونکە ئەمانە قەومێکن نافامنو بیرناکەنەوە .

لَقَدْ جَاءكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِالْمُؤْمِنِينَ رَؤُوفٌ رَّحِيمٌ {١٢٨}

بەڕاستی لە لایەن خوداوە پێغەمبەرێکتان بۆ هاتووە کە لە خۆتانەو هاونیشتمانو هاوزمانتانەو ، زۆری پێ ناخۆشە تووشی ناڕەحەتی ببن ، زۆر حەز ئەکات لە خێرو خۆشیتانو لەگەڵ موسوڵمانان بەبەزەییو میهرەبانە .

فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقُلْ حَسْبِيَ اللّهُ لا إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَهُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ {١٢٩}

جا خودا ئەفەرموێ بە پێغەمبەر (د . خ) : ئەگەر ئەو خەڵکە پشتیان لێ هەڵکردیو نەکەوتنە شوێن یاسای ئیسلام ، تۆ بڵێ

یارمەتیو پشتیوانیی خودا بەسە بۆ منو هیچ خودایە نییە بەڕاستی عیبادەتی بۆبکرێ ئەو نەبێ ، من تەنها پشت بەو ئەبەستم ، خوا پەروەردگاری عەرشی مەزنە .

پێڕەس

لاپەڕە	بابەت
٣	جوزئی یەکەم
٣	سوورەتی (ألفاتحة)
٥	سوورەتی (ألبقرة)
٦١	جوزئی دووهەم
١١٩	جوزئی سێهەم
١٤٢	سوورەتی (آل عمران)
١٧٨	جوزئی چوارەم
٢١٩	سوورەتی (ألنساء)
٢٣٢	جوزئی (پێنجەم)
٢٩١	جوزئی (شەشەم)
٣٠٤	سوورەتی (ألمائدة)
٣٤٣	جوزئی حەوتەم
٣٦٢	سوورەتی (ألأنعام)
٤٠٥	جوزئی هەشتەم
٤٢٩	سوورەتی (ألأعراف)
٤٥٨	جوزئی نۆهەم
٥٠٠	سوورەتی (ألأنفال)
٥١٣	جوزئی دەهەم
٥٢٦	سوورەتی (ألتوبة)
٥٦٠	جوزئی (یازدەهەم)

له كتێبخانەی نیشتمانیی بەغدادا

ژمارە ٤٦٤ی ساڵی ٢٠٠٠ی دراوەتێ

ئەم بەرگە لە نووسینگەی (البحر) دارێژراوەو لاپەڕەبەندی کراوەو ،

لە چاپخانەی (المشرق) لەچاپ دراوە

طبع بموجب موافقة وزارة الثقافة والاعلام رقم ٣١ في ٢٠٠٠/٨/١٧
رقم الايداع في دار الكتب والوثائق ببغداد ٤٦٤ لسنة ٢٠٠٠
التحضير الطباعي : مكتب البحر هاتف ٧١٨٨٦٥٦
طبع في مطبعة المشرق هاتف ٧١٨٢٥٠٠ـ٧١٧١٢٢٩